# بۆکان لە مێژوودا

«کۆمەڵەی ٤٨١ وتار»

(بەرگی دووهەم)

# بۆکان لە مێژوودا

## «کۆمەڵەی ٤٨١ وتار»

ئەنوەر سوڵتانی

بنکەی ڕۆشنگەری

**کتێب:** بۆکان لە مێژوودا (کۆمەڵەی ٤٨١ وتار) بەرگی دووهەم
**نووسەر:** ئەنوەر سوڵتانی
**دیزاین و ڕووبەرگ:** چیمەن ئیلخانیزادە
**بڵاوکەرەوە:** بنکەی ڕۆشنگەری، ئاڵمان
**نۆرەی چاپ:** یەکەم، ٢٠٢١
نیگارەکانی ڕووبەرگ لە کاشییەکانی ئیزیرتوو وەرگیراون

**مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

# بۆکان لە کتێبی شێعر و مێژووی ئەدەبی کوردیدا

## ئەلبوومی کەشکۆڵ

ئەلبوومـی کەشـکۆڵ نـاوی کتێبێکـی سـەرچاوەیی گرنگـە مامۆسـتای زەحمەتکێش محەممەدعەلی قەرەداغی بڵاوی کردۆتەوە. نێوەرۆکی کتێبەکە بریتییە لە ناسـاندنی ١٥٠ کەشـکۆڵی گـەورە و بچـووک یـا قولاغی کەشـکۆڵ، کە جگە لە یـەک‌دوو دانە، هەموویان شێعری شاعیرانی کوردیان گرتۆتەبەر.

مامۆسـتا محەممەدعەلی کە پێشـتر کاری لەسـەر دەسـنووس و کەشـکۆڵی نێو «دارالمخطوطـات»ی بەغدا ـ ناسـراو بە «دارالمخطوطات صدام» و گەلێک کەشـکۆڵی کۆنی دیکە کردووە، وا هەیە یەک لە سـاڵحترین کەسـان بێ بۆ ناسین و ناساندن و سـاغکردنەوە و شـیکردنەوەی کەشـکۆڵی کـوردی. لـەم کتێبـەدا کـە بەگوێـرەی ڕاگەیاندنـی لاپـەڕە ٣، بەرگـی یەکەمە و هیوادارم بەرگی دیکەشـی بە شـوێن‌دا بێ، مامۆسـتا یـەک‌دوو لاپـەڕەی تەرخانی ناسـاندنی هـەرکام لەو کەشـکۆڵانە کردووە، نـاوی پێکهێنـەر، نووسـەرەوە و ڕێکەوتـی نووسـینی هەرکامیانی لەگـەڵ ناوی ئەو شاعیرانە ڕاگەیاندووە کە شێعریان لە کەشکۆڵەکان‌دا تۆمار کراون.

بـۆ من کـە ئەوینداری ئـەم بەڵگەنامە بەنرخانـەی مێژووی ئەدەبـی گەلەکەمانم، ئـەم کتێبـە گەنجینەیەکە و بەوردی بە هەمـوو لاپەڕەکانی‌دا چوومەتەوە. دیارە زۆر شـت هەیە سـەبارەت بە کتێبەکە بنووسـرێ، بەڵام بەهۆی ئەم ڕاسـتییەوە کە ئەم زنجیرەوتـارە تەرخانـی بـۆکان کـراوە، مـن لێرەدا ئەو کەشـکۆڵانە دەناسـێنم کە لە پەیوەندیی بۆکان‌دان یا ناوی شـاعیرانی بۆکانییان تێدا هاتووە. هەندێکیش لە خەت لادەدەم و باسـی ئـەو دەسنووسـانەش دەکـەم کە لـە ناوچەی موکریان‌دا بەگشـتی

نووسـراون یا موکریان دەگرنەوە. سـەرنجڕاکێش دەوری شار و ناوچەی بانەیە لە پێکهێنان و نووسینی بەشێکی بەرچاو لەو کەشکۆڵانەدا.

ژمارەی کەشکۆڵەکان:

٢: کەشـکۆڵی موکـری، ئەحمـەدی شـێخ ئەحمەدی کـۆر لە «شـنۆزەنگ»ی لاجان نووسراوەتەوە؛

١١: کەشکۆڵی مەلا بابەکر ئەدەب، میرزا فەتاحی قازی؛

١٢: کەشکۆڵی بنەماڵەی بەردەڕەشیی بانەیی وەفایی، بەردەڕەشی بانەیی؛

١٣: کەشکۆڵی بەردەڕەشی بانەیی، بابەتی مێژوویی بانە، وەفایی؛

١٤: کەشـکۆڵی حەمەبـۆر، مەلیکولکـەلام، مەجـدی، ئـەدەب، میـرزا فەتاحی قازی، ئەحمەدی کۆر؛

١٥: کەشکۆڵی محەممەد باسی بڵباس؛

٣٢: کەشکۆڵی حاجی مەولوود ئیبراهیم سابڵاغی، چەند کەسی سەقزی؛

٣٣: کەشکۆڵی عەبدولقادر مێژوویی‌یە: پیرۆت‌ئاغای مامەش، قەرەنی‌ئاغا، بانە؛

٣٦: کەشکۆڵی مەعرووف لە سەقز نووسراوەتەوە؛

٣٨: کەشکۆڵی عەبدولفەتاح ئەحمەدی کۆر؛

٤٢: کەشکۆڵی سۆرانیی ئەحمەدی کۆر؛

٤٤: کەشکۆڵی عەبدوڕڕەحمان، ئەحمەدی کۆر؛

٤٥: کەشکۆڵی سێتا، ئەحمەدی کۆر، قادری سابڵاغی؛

٤٦: کەشکۆڵی محەممەدئەمینی خاکی بەننا، ئەحمەدی کۆر، ئۆشنەوی؛

٤٨: کەشکۆڵی مەلا ڕەسووڵی تۆربەیی، وەفایی؛

٥١: کەشکۆڵی محەممەدی کوڕی عەبدولقادر سیاگوێزی قزڵجی، بانەیی؛

٥٢: کەشکۆڵی سیاگوێزی (شێخ مەعرووف) بڵێی لە قزڵجییەکان بێ؟

٥٣: کەشکۆڵی بیلال هێرۆیی، وەفایی؛

٥٨: کەشکۆڵی قادری سەڵەسی، وەفایی، ئەحمەدی کۆر؛

٥٩: کەشکۆڵی ژمارە ٦ی هاشمی، ئەحمەدی کۆر؛

٦٣: کەشکۆڵی مەلا فەتاحی گاگردەڵی، وەفایی، سەلمانی ساوجی (؟)؛

٦٤: کەشکۆڵی گوڵزاری بەهار، ئەدەب؛

٦٥: کەشکۆڵی سیوچی، سەعید کوڕی عەبدوڵڵای موکری؛

٦٦: کەشکۆڵی شێخی حیسامەددین، محەممەدحەسەن کوڕی وەیسی عوسمانی؛

٦٧: کەشکۆڵی مەلا عەزیزی ڕێشاوی، ئەدەب، عەبدوڵڵابەگ، قازی فەتاح، قزڵجی، وەفایی؛

٧٠: کەشکۆڵی شێخ ڕەزا، بانەیی؛

٧١: کەشکۆڵی سەید محەممەد، وەفایی، ئەحمەدی کۆر؛

٧٣: کەشکۆڵی مەلا حەسەنی هیندی، قزڵجی؛

٧٥: مینای شکستە، بەرگی سێیەم، وەفایی، عیسامەددین (مەلا عصام‌الدین شفیعی)؟؛

٧٦: ئەوراقی پەرێشان، ئەحمەدی کۆر، وەفایی، ئەدەب، عەلی‌بەگی سالارسەعید؛

٨٠: کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای قزڵجی، مەلا مارفی کۆکە، ئەدەب؛

٨٣: کەشکۆڵی خالید پاشا، ئەحمەدی کۆر (؟)؛

٩١: کەشکۆڵی جەلی، وەفایی؛

٩٤: کەشکۆڵی محەممەدساڵحی نۆتشی، میرەدێیی؛

١٠٨: کەشکۆڵی نەقشی، بانەیی؛

١١٤: کەشکۆڵی کوردیی سۆرانیی ئەحمەدی کۆر، وەفایی، ئەدەب؛

١١٥: کەشکۆڵی خاکی، ئەحمەدی کۆر، وەفایی؛

١١٨: کەشکۆڵی تۆفیق وەهبی، وەفایی؛

١١٩: کەشکۆڵی سەعیدی بێورەیی، بێورەیی؛

١٢١: کەشکۆڵی تۆفیق، وەفایی؛

١٢٢: کەشکۆڵی نەناسراو، وەفایی؛

١٢٤: کەشکۆڵی ئازاد، میرزا فەتاحی سابلاغی؛

١٢٨: کەشکۆڵی محەممەدساڵح (تیلەکۆیی)؛

١٣٢: کەشکۆڵی موستەزاد (بانەیی)؛

١٣٣: کەشکۆڵی کاکەحەمەی شێخ (مەلا محەممەدی ئیبنولحاجی بانەیی)؛

١٥١: کەشکۆڵی بانەیی (مامۆستا مەلا محەممەدی بانەیی)؛

١٥٢: کەشکۆڵی حاجی، مەلا فەتاحی قازی بۆ سەدریئەعزەم و وەڵامی ئەو؛

١٥٤: کەشکۆڵی وەفایی، وەفایی.[١]

١. محەممەدعەلی قەرەداغی، «ئەلبوومی کەشکۆڵ»، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠٠٨، ٣٥٢ لاپەڕە، کوردی.

## بۆکان لە دەسنووسە کوردییەکانی بەرلیندا

شاری بەرلین لە ئاڵمانیا شوێنی پارێزرانی زیاترین دەسنووسی کوردییە لە دەرەوەی کوردستان کە ژمارەیان دەگاتە ١٠٤. زۆربەی ئەم دەسنووسانە هی ئوسکارمان بوون کە لە سەفەری خۆیدا بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان کڕیونی یا خود بە دیاری پێیانداوە و هێناونییەتەوە بۆ ئاڵمانیا.

دوکتۆر کەمال فوئاد لە ساڵی ١٩٧٠دا کەتەلۆگێکی لە دەسنووسەکان بە زمانی ئاڵمانی پێکهێنا و چاپی کرد. ئەم کەتەلۆگە زانیارییەکی باشی سەبارەت بەنێوەرۆک و بارودۆخی فیزیکیی دەسنووسەکان گرتۆتە خۆی، بەلام کورد کە خاوەنی سەرەکی دەسنووسەکانە لە هەلومەرجیان ئاگادار نییە و نازانێ ئەم دەسنووسانە چین و چۆنن و نێوەرۆکیان چییە؟

ڕێزدار ڕەحیم بەهرامزادە، کوردی دانیشتووی ئاڵمانیا، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩دا سەرجەمی ئەو کەتەلۆگەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەگەڵ بنکەی ژین لە سلێمانی پەیوەندیی بەستووە بۆ چاپ و بلاوکردنەوەی. کاک ڕەحیم ئاڵمانییەکی باش دەزانێ و کاری وەرگێڕانی جێگەی متمانەیە.

من بەختی ئەوەم هەبووە کە وەرگێڕاوی کوردیی کتێبەکە پێش چاپ بوونی ببینم و بۆ هەندێک لێکۆڵینەوەی خۆم سوودی لێوەربگرم. دیارە بەشێک لەو زانیارییانەی وا نووسەر ئاڕاستەی کردوون، کۆن و هی سالانێکن کە چاپەمەنی کوردی ئەو گەشەیەی نەبوو کە ئێستا هەیەتی؛ بۆ نموونە لە باسی زۆرێک لە شاعیراندا دەنووسێ هێشتا دیوانەکەیان چاپ نەبووە، دیارە ئەوە لەگەڵ زانیاریی ئەمڕۆی ئێمەدا یەک ناگرێتەوە و پێویستە نووسەر و وەرگێڕ بە یارمەتیی یەکتر هەوڵی دابین کردنی پەراوێزی تایبەت بە تەرجەمەکە بدەن و تێیاندا ئەو تەنگژەیە چارەسەر کەن، یاخود چاپێکی نوێ لە کتێبە ئاڵمانییەکە بکەوێتە بازاڕەوە و وەرگێڕ بەگوێرەی ئەو، چاو بە تەرجەمەکەدا بخشێنێتەوە.

بەشـی بۆکان لە دەسنووسـەکاندا زۆر نییە، بەڵام لە چەند شـوێنێکدا باس لە چەند شاعیرێک کراوە کە بۆکان و ناوچەکەی دەگرنەوە:

**یەکەم، ئەحمەدی کۆر**

دەسنووسی ژمارە ٥١ و ٦٦

نووسـەر لەژێـر نـاوی «شـاعیرانی ڕۆژاوا»دا لە چوار شـاعیر دەدوێ کە ژمارە چواریـان «ئەحمـەدی کـۆر»ە. XXXIII (بەشـی یەکەمـی کتێـب) هەروەها لە بەشـی دەسنووسـی ژمـارە ٥١، لاپـەڕەی ٧٢دا ئەم زانیارییانە سـەبارەت بە ئەحمەدی کۆر ڕاگەیەندراوە:

*III*. پـەڕی *8a 7b*: دوازدە چوارینـەی ئەحمـەدی کـۆر ( بڕواننە ژمارەی ٥ ٦٦)، نێوەرۆکی لیریکی موکری.

سەردێڕ:

زمانی کرماجی

سەرەتا:

دل سـوتی شـبهە مومـە     شـب و روژم حضرەتـی
عاشـق جـمال تومـە     کشـتمی خالـی رومەتـی

کۆتایی:

احمـد کـور وس خیـال کە     یـک بخـوازە یـک طـلاق دە
دوسـت ای دنیـا بطـال کە     پـی کونـاوی دو دولتـی

*IV*. پەڕی *9a 8a*: ١٢ چوارینەی هەمان شاعیری پێشوو. نێوەرۆکی لیریکی.

سەرەتا:

دل غـرق مـوج زوخـاوم     لـت لتـە جـرک و هنـاوم
تـاب عشـق تـو سـوتاوم     کفتمـە حالـی ایلتیـراب (اظطـراب)

کۆتایی:

**بزلف و روی تابان هات که کفر و دین یغما کرد**

**و نوشـــه و کل باغان بو لباغان شو چراخان بو**

**مکر داروی نســاغان بـــو برودا زلــف تاتا کرد**

هەروەها لە باسی سەبارەت بەو دەسنووسەدا:

66. Ms. or. oct. 1212. SB Marburg/Berlin

دەڵـێ لـە دوو بەشـی کـوردی و فارسـی پێکهاتـووە، ئینجـا لـە خاڵـی پێنجەمدا (لاپەڕە ١٠٥) بەو شێوەیە لە ئەحمەدی کۆر دەدوێ:

«ئەحمەدی کۆر، شاعیری موکری. بەپێی ئاگادارییەک ئەمین ئەفەندی بەدەستییەوە دەدا، دەبێ نزیکەی ساڵی ١٨٥٦ مردبێ.»

لـە پەڕاوێـزی هەمـان لاپـەڕەشدا ئـەم قسـانە لـە قەولـی ئەمیـن ئەفەندییـەوە دەگێڕێتەوە:

بەشی *II*، پەڕی *40b*: «تخمینا پنجاه سال می‌شود که در قریه مذکور (حمامیان) وفـات کـرده اسـت.» [گـۆڕی ئەحمـەدی کۆر لـە ئاوایی داشـبەندە. ئـەو دوو گوندە دراوسێی یەکن و کەوتوونەتە باکووری ڕۆژاوای بۆکان]. (٦٦)، لاپەڕە ٧٩ و ١٠٥ و (٧٩)، لاپەڕە ٣٥٠.

**دووهەم، میسباحوددیوانی ئەدەب**

لـە بەشـی یەکەمـی کتێبەکـە (دەقی ئاڵمانـی لاپـەڕەی XXXVII)دا باسـی چەند شاعیر کراوە کە ژمارەی ١٤یان «ئەدەب»ە و بەو شێوەیە ناسێنراوە:

«شـاعیری موکـری، سـاڵی ١٨٥٩ لەدایکبووە و سـاڵی ١٩١٦ لـە ئەرمەنیبڵاغی (گوندێک لە ٩٥ کیلۆمیتری باشووری ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمێ)، مردووە».

لە پەڕاوێزی هەمان لاپەڕەشدا سەبارەت بە دیوانی شێعرەکانی ئەدەب دەنووسێ:

«یەکـەم جـار لەلایـەن حوسـێن حوزنـی موکریانییـەوە (ڕەوانـدز ١٩٣٦)، جاری دووهەم، بەشـیر موشـیر (بەغدا ١٩٣٩) و سـێهەم جار لەلایەن گیوی موکریانییەوە (هەولێر ١٩٦٩) [چاپ کراوە]». بۆ ئاگاداری زۆرتر لەسـەر شـاعیر بڕوانە ل ٣، ٩١ ـ

٩٤، ٦٦٩، ٤٠٠ ـ ٤١٧.

لـە ناسـاندنی دەسنووسـی ژمـارە ٦٦دا (لاپـەڕەی ١٠٧ دەقـی ئاڵمانـی)، هەواڵی شێعرێکی دیکەی ئەحمەدی کۆرمان پێدەگا:

پەڕی *15a* ـ *16a* شێعری لیریکی ئەحمەدی کۆر.

سەردێڕ: احمد کور گفته است.

**دلـبرا دائـم دەنالم دم بدم شـامو سـحر**

**جاری ناپرسی لەحالم چاو عقاب خوش خبر**

١٨ فەرد.

لەگـەڵ ٣٥ دواییـن ڕسـتەی *III* لاپـەڕە ٢٥٤ ـ ٢٦١دا بـەراوردی بکـە. هەروەهـا بڕواننە ژمارە *III/51* و *IV*.

**سێهەم، مامۆستا هەژار**

د. کەمـال فوئـاد لـە پەڕاوێزێـک بۆ دەسنووسـی ژمارە ٤ی لاپەڕەی ٨، بەشـی دووهەم (دەقی ئاڵمانی)دا، سـەبارەت بە نوسـخەیەکی مـەم و زینی ئەحمەدی خانی (نوسخەی ژمارە ٥) دەنووسێ:

«عەبدوڕڕەحمانی هەژار کردوویە بە موکری (شێعر)، بەغدا ١٩٦٠.»

[ئێسـتا کە لە سـاڵی ٢٠٢٠ بەو بابەتەدا دەچمەوە، هێشـتا کتێبەکە چاپ نەکراوە. هۆکارەکەشـی موافەقـە نەکردنی دوکتۆر کەمال بوو بـۆ چاپ کردنی. هیوادارم ئەو بەربەستە نەمێنێ.]

دەقی ئاڵمانیی کتێبەکە:

Kurdische Handschriften
Verzeichnis der Orientalischen Handschriften in Deutschland
Kemal Fuad
Franz Steiner Verlag GMBH. Wiesbaden 1970/ ISBN: 978 3 515 01171 6

وەرگێڕاوی کوردی:

دەسنووسی کوردی

لیستەی دەسنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئاڵمان

کەمال فوئاد

دەزگای چاپەمەنی فرانتس شتاینەر ویسبادن ۱۹۷۰
ISBN: 978-3-515-01171-6

وەرگێڕانی ڕەحیم بەهرامزادە

## ئەنجومەنی ئەدیبان

بەرهەمـی بەنرخـی نەمـر ئەمیـن فەیزیبـەگ بەنـاوی «ئەنجومەنی ئەدیبـان» کە بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٢٠دا لە ئەستەمووڵ چاپ کرا، وا هەیە یەکەمین کەشکۆڵە شێعری چاپکراوی کوردی و هەروەها یەکەم هەنگاوی کورد بێ بۆ چاپی مێژووی ئەدەبی خۆی.

کتێبەکـە نموونـەی شـێعری دەیـان شـاعیری زاراوە سـەرەکییەکانی زمانـی نەتەوایەتیمـان، واتـە کرمانجیی خواروو و هەورامیی گرتۆتەبەر، لە سـالم و نالی و شـێخ ڕەزاوە تـا مەولـەوی و حەسـەن کەنـۆش و شـاعیرانی دیکـەی وەک ئاهی و کوردی و...

ئەنجومەنـی ئەدیبـان بەشـی بۆکانیشـی پێوەیـە، ئەویـش بـە پارچە شـێعرێکی ئەحمەدی کۆر ـ کە دووهەمین پارچەی ناو ئەو کۆمەڵە شێعرەیە:

**دڵبەرا، پەی ڕووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون ڕوباب**

**بەو دوو ئەبرۆی میسلی تاقت بەندی جەرگم بوو کەباب...**

ئەنجومەنی ئەدیبان بۆ جاری دووهەم لە ساڵی ١٩٨٣دا لەلایەن کۆڕی زانیاریی عێراق (دەستەی کورد)ەوە لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە و سەرەتا و پەراوێزی زۆری بۆ نووسراوە، کە بەداخەوە هەندێک جار هەڵەبارن.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، لاپەڕە ٢٣ ـ ٢٤ (ی چاپی کۆڕی زانیاری)ن کە تێیدا ئەم دێڕانە سەبارەت بە ئەحمەدی کۆر لە پەراوێزدا نووسراون:

٦. ئەحمەدی کۆر:

لە دێی «شێوەسماک» سەر بە سابڵاخ (مەهاباد) لەدایکبووە. بنەماڵەیان کورد و سـوننی مەزهـەب بـوون. ئەم کـوڕە نەخوێندەوار و چاوسـاغ بووە، پاشـان بەهۆی چاوئێشەوە کوێر بووە. بە منداڵی دەنگی خۆش و زیرەک بووە، خەریکی گۆرانیوتن بـووە، خـۆی هەڵبەسـتەکانی خـۆی پێکهێناوە. ئـەم زیرەکییە زگماکییـە کردوویە بە

«شـایەر». پـاش ژنخواسـتن کچێکـی جـوان بەناوی «لەیـلا» و دوو کـوڕی بووە بە ناوانـی «قـادر» و «محەممەد»، پـاش ماوەیێ لە گوندی «شیوەسـماک»ەوە بار ئەکاتە دێی «عەمبار». کوێخای دێ حەز لە «لەیلا»ی کچی دەکا و «ئەحمەد» نایداتێ و ئەیدا بـە «ڕەسـووڵ مووسـا»ناوێکی خزمی خـۆی. کوێخا زویـر ئەبێ و لێیـان دەکەوێتە بەهانە. قادری کوڕە گەورەی لە ترسی بەهانەی کوێخا هەڵدێ و ڕوو ئەکاتە شاری سلێمانی و لەوێ دەمێنێتەوە.

ئەحمـەدی کۆریـش بـەدوای کوڕەکەیا ڕوو ئەکاتە «سـلێمانی» و لەوێ ئەکەوێتە دوای شـێخێکی بەناوبانـگ [ڕەنگـە کاک ئەحمـەدی شـێخ یـا شـێخ عەبدولکەریمـی کەسـنەزانی یەکەم یا شـێخ حەسـەن قەرەچیوار بووبێ]، واز لە مقام و گۆرانیوتن دێنێ و ئەگەڕێتەوە بۆ سابڵاخ و لەوێ ئەکەوێتە هۆنینەوەی هەڵبەستی ئایینی و بەو جۆرە بە (شێخ ئەحمەدی کۆر) و (مەلا ئەحمەدی کۆر) ناوبانگ پەیدا ئەکات و پاش ماوەیەک هەر لە دێی «عەمبار» کۆچیدوایی ئەکات.

ئـەم پیـاوە ناوی باوک و باپیرانی نەزانراوە و مێژووی ژیانیشـی نادیارە، تەنیا لە هەڵبەستێکی خۆیدا وتوویە:

**گەر کەسـێ کا پرسـیارە بـا بـێ مەعلوم ئەو شـمارە**
**چو لە هیجرەت یەک هەزارە دوصـەد و شـەصت و بواج**

وشەی «بواج» بە ژمارەی ئەلفوبێی ئەبجەد ئەکات (١٢). دیارە ئەم پارچە هەڵبەستەی ساڵی ١٢٧٢ وتووە و دەبێ بڵێین لە صەدەی سێزدەیەمی کۆچییا ژیاوە و جا لەبەر هەڵبەستەکانی دەبێ ناوبنرێ «هەستیاری شەیدای پێغەمبەر.» دیوانێکی پڕ لە هەڵەی «ئەحمەدی کۆر» کە تێکەڵە لە فارسی ـ عەرەبی ـ کوردی (ساڵی ١٣۴۴ فارسی ـ ١٩۶۵ زایینـی) لـە مەهابـاد [خۆی ئەڵێ پاکسـتان] لەلایـەن (محەممەدئەمین میسـری)یەوە چاپ کراوە و پێشـەکییەکی پڕ لە ئەفسـانە و قسـەی پڕوپووچی بۆ نووسـراوە، نە هەڵبەستەکان دەخوێندرێنەوە و نە پێشەکییەکەی.»[1]

---

١. ئەمیـن فەیزیبـەگ، ئەنجومەنـی ئەدیبـان، لـە چاپکراوەکانـی کـۆڕی زانیاریـی عێـراق

# ئەنجومەنی ئەدیبان

بسم الله الرحمن الرحیم

**( صدق و سلامت )**

**علم یقین و حیات سرمد**
**خوف خدایەو حب محمد**

**امین فیضی**

**تۆژینەوەی لیژنەی وێژەو کەلەپووری کوردی**
ئەندامانی لیژنە :

**د. احسان فوآد ، محمد جمیل الروژبیانی ،**
**د. کامل حسن البصیر ، د. بدرخان السندی**
**جمال بابان ، شێخ حسین خانقاه**
**عبدالستار محمد محمود ، عبداللطیف عبدالمجید گلی**

٣٧

(دەستەی کورد)»، ١٩٨٣، بەغدا، ١٧٧ لاپەڕە، کوردی.

## مێژووی ئەدەبی کوردی، مامۆستا عەلائەددین سەجادی

کتێبی بەنرخی مێژووی ئەدەبی کوردی، نووسینی مامۆستای نەمر عەلائەددین سەجادی وەک یەکەمین هەنگاوی جیددی لەپێناو نووسینی مێژووی ئەدەبی گەلەکەمان ناسیاوی هەموومانە و پێویست بە ناساندن ناکا. دیارە کاتێ دەڵێم یەکەم هەنگاو، ئەوەشم لەبەرچاوە کە «نامەی ئەنجومەنی ئەدیبان»ی نەمر ئەمین فەیزیبەگ ٣٣ساڵ پێش کارەکەی سەجادی بڵاوبۆوە و من لە باسی پێشوودا دەقەکەیم خستە بەرباس.[١]

مێژووەکەی سەجادی هەنگاوێکی باش بوو بۆ دابڕان لە کاری تەزکەرەنووسینی کۆن و گەیشتن بە پلەی نوێتری مێژووی ئەدەبنووسین. بەو پێیە، چاوەڕوانیش دەکرێ کە نیشانەی هەردوو، واتە تەزکەرەی کۆن و مێژووی ئەدەبی نوێ بەسەر کارەکەوە بێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کاری سەجادی بنەمایەکی قایم بوو بۆ نووسرانی گەلێک مێژووی دیکەی ئەدەبی کوردی دیکە کە بەشوێن ئەودا هاتن، وەک کارەکانی ڕەفیق حیلمی و قەناتی کوردۆ و سدیق بۆرەکەیی، کە دواتر بە مێژووە بەنرخەکەی مامۆستای نەمر د. مارف خەزنەدار گەیشتە پلەیەکی بەرزتر، ئێستاش کە لە دوو زنجیرەکتێبی مامۆستا محەممەدعەلی قەرەداغیدا درێژەی هەیە. مێژووەکە ژیاننامە و نموونەی شێعری ٢٤ شاعیری کوردی تێدایە و جیا لەوان لە بەشی «باخچەی شاعیران»یشدا ئاماژە بە ناوی ٢١٢ شاعیری دیکە کراوە، بەڵام زۆر بەکورتی، کە هەندێکیان تەنیا ناوە و هەندێکی دیکە دێڕێک و دووانیشیان بۆ نووسراوە. ئەم وتارانە جێگەی باس و هەڵسەنگاندنی کارەکان نین و تەرخانی بۆکان کراون، هەر بۆیەش ڕاستەوخۆ دەچمە سەر باسی ئەو شاعیرانەی وا لە مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەددین سەجادیدا هاتوون و پەیوەندییەکیان بە بۆکانەوە هەیە:

١. میسباحوددیوانی ئەدەب: ئەوەی بۆکان بگرێتەوە لە بەشی سەرەکی کتێبەکەدا

---

١. ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی، ساڵی ١٩٢٠، ئەستەموول.

تەنیا «میسـباحوددیوانی ئەدەب»ە کە لاپەڕە ٤٠٠ تا ٤١٧ی بۆ تەرخان کراوە و جگـە لـە ڕێکەوتـی لەدایکبـوون و مـردن ( ١٨٥٩ ـ ١٩١٢)، ژیاننامەیەکیـش بۆ شاعیر ڕێکخراوە و چەند نموونە لە شێعرەکانی بڵاوکراونەتەوە. ئەو زانیارییە وردانەی وا سـەجادی سـەبارەت بە ژیانی شەخسی و بنەماڵەیی میسباح دەیدا ئێسـتاش هـەر تـازەن و بۆ خوێندنـەوە دەبـن وەک ئەویندارییەتی، نەخۆشـی، سەفەری بۆ مۆسکۆ، وەرشەو، تاران و تەورێز و زۆر شتی دیکە.

٢. بـەڵام بەشـی «باخچـەی شـاعیران»ی کتێبەکـە نـاوی زۆر شـاعیری ناوچەی بۆکانی تێدایە و من لە خوارەوە هەموو ئەو زانیارییانە دەنووسم کە سەجادی سـەبارەت بـەوان ڕایگەیانـدوون، ئامـاژە بـەو ژمارانـەش دەکـەم کـە ئـەو بـە تەرتیب ڕایگەیاندوون. سـەجادی هەندێک لەو شـاعیرانەی بە خەڵکی موکریان ناوبـردوون یـان گوتوویەتی خەڵکی دەوروبەری سـەقز بوون. من بۆ ئیحتیات هەر لێرەدا هێناومن:

٣. ئەحمەدی کوێری موکریانی، لە سەدەی هەژدەهەمی میلادیدا ژیاوە (٧٨)؛

٤. عەلی عاشـق، شـاعیرێکی کۆنی موکریان بووە، هێشتا بۆم ساغ نەبۆتەوە لە چ وەختێکا ژیاوە (٨١)؛

٥. حاجـی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا سـەعیدی تیکانتەپـەی موکری، هاودەورەی شێخ ڕەزا [تاڵەبانی] بووە (١١٦)؛

٦. مەلا مەحموودی باکی، لە دەوروبەری سەقز بووە: ١٨٣٥ ـ ١٨٩٩ (١٦٠)؛

٧. شێخبابای غەوسابادی، ڕەئیسی تەریقەی قادری، لە ١٩١٦ تورکەکان خنکاندیان (١٨٦)؛

٨. مەلا مارفی کۆکی، ١٨٧٣ ـ ١٩٤٦ (١٩٦)؛

٩. سـەید حوسـێن حوزنی موکریانی، ١٨٨٦ ـ ١٩٤٧ (٢٠١)،[مامۆستا هەژار دەڵێ بە ئەسڵ خەڵکی گوندی ئینچکەی نێوان بۆکان و سەقز بووە.][1]

---

١. سەجادی، عەلائەددین، مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو، ئەدەب، زانیاری، ناشر: نووسەر، بەغدا ١٩٥٢، ٦٣٢ لاپەڕە، کوردی.

## ڕشتەی مرواری، مامۆستا عەلائەددین سەجادی

ئەدەبی کوردی بە حوکمی بارودۆخی ژیانی گەلەکەمان، ئەدەبێکی مرچومۆڕە و جگە لە هەندێک دەرفەت، لەو ڕەقوتەقییەدا ماوەتەوە. تەنز بە نیشانەیەک لە پێشکەوتی کۆمەڵگا دەزانرێ، بەڵام بەداخەوە نووسەر و هونەرمەندانی کورد زۆری لێ چێ نین. ئەوەش سەرەڕای ئەوم ڕاستییەی کە هەموو ناوچەیەکی کوردەواری خەڵکانی خۆشڕاوێژ و دەمبەپێکەنین و «مەجلیسئاڕا»یان هەیە و هەرکام لە ڕادەیەکدا و بەشێوەیەک لە گێڕانەوەی بەگۆڵمەزی ڕووداوەکانی دەوربەریاندا شارەزا و هەندێک جاریش مامۆستان.

لە سالانی ئەم دوایییەدا یەکدوو کتێب و فیلم سەبارەت بە مامۆستا بەشیر موشیر بڵاوبۆتەوە کە جێگەی سەرنجن. دەرچوونی ڕۆژنامەیەک لە سلێمانی و یەکدووانێکیش لە باکووری وڵات و لە هەولێر، بەشی تایبەت بە تەنز لەسەر هەندێک ماڵپەڕی کوردی یان ڕۆژنامە و گۆڤار و هەندێک کاناڵی تەلەفیزیۆنی، هەروەها ڤیدیۆی کوردیی سەر یووتیووبیش نیشانەی ئەم ڕاستییەن کە بابەتەکە زیندووە و نەفەس دەکێشێ، بەڵام وەک هەندێک کۆمەڵگای دیکە گرنگایەتیی پێویستی پێنادرێ.

هەر چۆنێک بێ، هەشت بەرگ کتێبی بەنرخی ڕشتەی مرواری، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی مامۆستای نەمر عەلائەددین سەجادی لووتکەی هەموو ئەو کارانەیە کە لەم بوارەدا تا ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا کرابێتن. یەکەم بەرگی کتێبەکە ساڵی ١٩٥٣ و بەرگی هەشتەمیشی ساڵی ١٩٨٢ بڵاوبوونەوە و خوێنەری کورد پێشوازیی شایانی لێکردن. وا هەبوو ئەگەر کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزی وەک سەجادی نەبووایە کە نیشتمانپەروەری وخەمخۆریی گەلەکەی لەلایەک وقەڵەمی بەبڕشتی لەلایەکی دیکەوەو پێگە کۆمەڵایەتییەکەی وەک پێشنوێژی مزگەوتێک لە بەغدا یان کوردستان، کە کردبوویە ڕوخسارێکی خۆشەویستیی نێو کۆمەڵانی خەڵک، کەسێکی دیکە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ساڵی ١٩٥٣ی عێراق و کوردستاندا بۆی نەلوابا بەرهەمێکی وەک ڕشتەی مرواری بڵاوبکاتەوە و خەڵکیش پێشوازیی بەرچاوی

لێ بکەن.

ئێستا سەرجەمی هەشت بەرگەکە لە یەک بەرگی تاقانەدا بلاو بۆتەوە، ئەویش بە چاپێکی ڕێکوپێک و بێ‌هەڵە، کە لە باشووری کوردستان‌دا دەبێ بە کارێکی دەگمەن دابندرێ لەبەرەوەی چاپەمەنی بێ‌هەڵەی چاپ لە باشوور، بە قەولی شێخ ڕەزای نەمر، وەک «پلاوی خانەقا» کەس چاوی پێی ناکەوێ!

کتێبەکە پڕە لە گێڕانەوە و هەواڵ و باس‌وخواسی خەڵکی جۆراوجۆر لە سەرتاسەری کوردستان، بەتایبەت لە دەوروبەری سلێمانی، بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سنە و موکریانیش وا نییە ئاوڕیان لێ‌نەدرابێتەوە. ڕەخنەیەک کە لە کتێبەکە گیراوە ئەوەیە کە دەڵێن بەشێکی بابەتەکانی لە فارسی و عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، بەڵام بەناوی کورد و ناوچە کوردنشینەکانەوە بڵاوی کردوونەتەوە. بۆ نموونە خوێنەری کتێبەکە کە شارەزای زمانی فارسی بێ و تەمەنیشی ئیجازە بدا کتێبی «اسرار مگو»ی خوێندبێتەوە، لە خوێندنەوەی ڕشتەی مرواری‌دا زۆرجار تووشی بابەتی وا دەبێ کە پێشتر لەو کتێبە فارسییەدا خوێندوویەتییەوە.

سەجادی لە یەک لە بەرگەکانی کتێبەکەدا وەڵامی ئەم ڕەخنەیە دەداتەوە و دەڵێ هەر هەموو ئەمانە هی کورد و کۆمەڵگای کوردن، ئەوە فارس و عەرەبن کە لە ئێمەیان وەرگرتوون. نە سەلماندنی ئەو بۆچوونە هاسانە و نە ڕەد کردنەوەی. ئەو «اسرار مگو»ە دانەر و نووسەری ڕوون نییە کێیە و تەنانەت ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێ کە «مەهدی سوهەیلی» نووسیبێتی، لەکوێ بزانین ئەم بەشانەی لە کوردێکی دانیشتووی تاران نەبیستووە؟

لەوانە بگەڕێین، کتێبەکە گەلێک بابەتی سەبارەت بە بۆکان و گوندی عەمبار وەک بابەتی سەبارەت بە حاجی برایم‌ئاغای عەمباری تێدایە و جگە لە بۆکان، بەگشتی ناوچەی موکریان و بلباسایەتی و هەروەها چارداوەڕوو و کوردی ناوچەی هەوشار و دێبوکری و بەگزادەی سەقز و بەو شێوەیە برۆ، هەر لە شنۆوە تا لاجان، مەهاباد، خانەقای بورهان، بانە، سنە، کرماشان، سونقوڕ و بیجاڕی لە خۆی گرتووە. لێرەدا دەرەتانی ڕاگواستنی هەموو ئەو قسە خۆشانەی سەبارەت بە خەڵکی ئەو

شوێنانە نییە، هەر بۆیەش من تەنیا دەسنیشانی ئەو لاپەڕانە دەکەم کە بە شێوەیەک پەیوەندییان بە بۆکان و بەگشتی موکریان و هەروەها سنە و کرماشانەوە هەیە.

بەشێک لەو قسە خۆشانەی ناوچەی ئێمە مامۆستا هەژار بۆ نووسەری گێڕاونەتەوە کە لە شوێنی خۆیدا باسی کردوون، بەڵام هەندێکی دیکەش هەن کە وێدەچێ قسەی ئەو بووبێتن، بەڵام سەجادی ڕاینەگەیاندووە، بۆ نموونە باسی مەلای مزگەوتێک لە گوندی شەرەفکەند یان ڕووداوێک لە خانەقای بورهان. چەند دانەیەکیشیان گێڕانەوەی مامۆستا هێمنن.

ئەوە نموونەیەک لە قسەی خۆشی ناو ڕشتەی مرواری:

«مەلا مارفی کۆکی و مەلا حەمەمینی وەلاش لە دیوەخانی قەرەنیئاغای مامەش دانیشتبوون سەریان خستبووە بناگوێی یەک و لەبەرخۆیانەوە قسەیان دەکرد. قەرەنیئاغا گوتی: ها، مەلاینە ئەوە درۆودەلەسەی چی هەڵدەبەستن؟ مەلا مارف خێرایەک گوتی: قوربان ناوی جەنابت بە خێر و چاکە دێنین!» (بەرگی ٦، لاپەڕە ٦٤٦).

ئەوانەی خوارەوە ژمارەی لاپەڕەی پەیوەندیدار بە بۆکان و موکریان تا سنەن، بەپێی بەرگەکانی کتێبەکە. بەشی بەرچاویان بەناوی حاجی برایمئاغای عەمبارەوەن، بەڵام من لەبەر ڕەنگدانەوەی لە نێو کەسوکاریدا ڕایانناگوێزم، خوێنەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ سەردانی لاپەڕە دیاریکراوەکان بکا:

بەرگی یەکەم؛

لاپەڕەکانی ٩، ٤٥، ٥٩، ٩١، ١٠٩، ١١٠، ١١٤، ١١٦ و ١٢٠.

بەرگی دووهەم؛

لاپەڕەکانی ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٤٩، ١٥٠، ١٧٣، ١٨٣ و ١٨٤، ١٩٠، ٢٢١، ٢٣٠ و ٢٣٧.

بەرگی سێهەم؛

لاپەڕەکانی ٢٦٢، ٢٧٢، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣١ و ٣٣٩.

بەرگی چوارەم؛

لاپەڕەکانی ٣٦٠، ٣٧٢، ٣٨٢، ٤٠١، ٤٠٦، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٨، ٤٢٥، ٤٢٩، ٤٣٢، ٤٤٦ و ٤٥٩.

بەرگی پێنجەم؛

لاپەڕەکانی٤٧٣، ٤٨٧، ٤٩٠، ٤٩١، ٥٠٢، ٥٠٦، ٥١٢، ٥٢١، ٥٣٦، ٥٣٨، ٥٣٩، ٥٤٢ تا ٥٤٥، ٥٥٢، ٥٦٣ و ٥٦٨ تا ٥٧٠.

بەرگی شەشەم؛

لاپەڕەکانی ٦٠٠، ٦٠٣، ٦٠٩، ٦٢٦، ٦٢٩، ٦٣١، ٦٤٦، ٦٥٥، ٦٦٦، ٦٦٧، ٦٧٢ و ٦٧٩.

بەرگی حەوتەم؛

لاپەڕەکانی٦٩٣، ٦٩٩، ٧١٠، ٧٢٢، ٧٢٥ و ٧٤٠.

بەرگی هەشتەم؛

لاپەڕەکانی٧٨٥، ٧٨٦، ٨٢٧، ٨٣٥، ٨٣٨، ٨٤٧ و ٨٤٨.

**تێبینی**: ڕێزدار تاهیر عەلیار لە وتارێکی سەر ماڵپەڕی «ڕۆژهەڵات/ بۆکان»دا،[١] ڕەخنەی لە قەڵەمی هێرشکەری مامۆستا عەلائەددین سەجادی گرتووە. بۆنەی بابەتەکە ناساندنی کتێبی «ڕشتەی مرواری»یە لەلایەن منەوە (وتارەکەی سەرەوە). بۆچوونی کاک تاهیر سەبارەت بە مامۆستا سەجادی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە و من بە مافی ئەوی دەزانم هەڵوێستی لە بەرانبەر بگرێ، باوەکوو من وا بیر ناکەمەوە و ڕێزی زۆرم بۆی هەیە.

لە عەینی کاتدا کاک تاهیر هەڵەیەکی منیشی ڕاست کردۆتەوە، کە بۆ ئەو کارەی سپاسی زۆری دەکەم. من هیچ بەوەم نەدەزانی کە حاجی برایمئاغای عەمباری ئاماژە پێکراو لە ڕشتەی مرواریدا، لە عەباسییەکانە و جیاوازە لە برایمئاغای عەلیار کە درەنگتر بووە خاوەنی هەمان گوندی عەمباری لای بۆکان. ئەم دێڕانەش بۆیە دەنووسم بڵێم کاک تاهیر سەداسەد ڕاستە و من سەداسەد هەڵە. دەستی خۆش بێ.[٢]

١. خوێنەر دەتوانێ بابەتەکەی کاک تاهیر بەناوی «ڕووشاندنی ڕوخساری مرۆڤ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هیچی تێناچێ» لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان و فایلی تایبەت بەخۆی لە بەشی نووسەرانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکاندا بخوێنێتەوە.

٢. سەجادی، عەلائەددین، «ڕشتەی مرواری»، بەرگی ١ تا ٨ (بێ کەموکووڕی)، ناشر (؟)، شوێنی چاپ (؟)، زستانی ٢٠١٠، ٨٧٢ لاپەڕە، کوردی.

## مێژووی ئەدەبی کوردی، دوکتۆر مارف خەزنەدار

مێژووی ئەدەبی کوردی دوایین کاری جیددییە کە تا ئەمڕۆ لەسەر مێژووی ئەدەبی گەلی کورد کرابێ و لە ڕاستیشدا کارێکی مەزنە. کتێبەکە، مێژوویەکی بە تەفسیلی ئەدەب (بەگشتی شیعر)ی کوردییە لە سەرەتاوە تا نیوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم لە حەوت بەرگی پڕلاپەڕەدا.

پرسیاری سەرەکیی هەموو کەس لەم پەیوەندییەدا ئەوە دەبێ کە سەرەتای ئەدەبی کوردی لەکوێوەیە؟ نەمر دوکتۆر مارف، کە بە ماوەیەکی کەم دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کارە پڕبەرەکەتەی کۆچیدوایی کرد، لە بەرگی یەکەم، لاپەڕە ١٧٧دا مەسەلەکەی ئاوا کاڵکە کردووە:

«... لەبەروەی مەدەنییەتی ئیسلامی کاری لە ئەدەبی کوردی کردووە، ئێمە لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیروباوەڕە مێژووی ئەدەبی کوردی دەنووسینەوە و هەوڵ دەدەین لەم کارەدا هەندێ لە مێژووی هەزار ساڵەی پڕ لە شانازیی... ئەدەبی کوردی بخەینە ڕوو.» (ب ١، ل ١٨١).

واتە نووسەر مێژووی سەربەخۆی ئەدەبی کوردی لەژێر ڕووناکایی مەدەنییەتی ئیسلامی و لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا دەنووسێتەوە. دیارە ئەم بۆچوونە جێگەی پرسیارە. بۆ نموونە دەتوانین بپرسین ئەی سەدەکانی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە چی لێ‌دێ؟ تەنانەت مێژووی پێش هاتنی ئارییەکان چی؟ خۆ ئەم ناوچەیە پێش هاتنی ئارییەکانیش نیشتمانی خەڵک بووە و هەر ئەو مەلحەمانەی وەک گیلگامیش کە خۆی ئاماژەی پێکردوون لەو سەردەمانەدا خولقاون. بەگوێرەی بۆچوونی دوکتۆر مارف ئێمە تەنیا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئارییەکان و زمانی هیندوئورووپی و بڵێین زمانە ئێرانییەکان هەمان هیندوئەورووپین هاوڕێ لەگەڵ شتێکی تر، کە پێکهاتەی ئەم دووانەیە و دەبێتە زمانە ئێرانییەکان؛ زمانی کوردیش هەمان زمانە ئێرانییەکانە و شتێکی تر، کە پێکهاتەی ئەو

دووانەیە و دەکاتە زمانی کوردی. دیارە ئەوە بۆچوونێکی کۆنە کە ئورووپییەکان لە ماوەی ساڵانێک پێش ئێستادا هێناویانەتە ناوچەکە و تێیدا شارستانییەتی کۆنی چیاکانی زاگرۆس وەکماننایی و ئوورارتوو و گۆتی و لوولووبی و سوومێری دەخرێتە پشتگوێ.

کتێبی تازەی کاک سۆران حەمەڕەش بەرپەرچدانەوەیەکی زانستییانەی ئەو بۆچوونە چەوت و ناڕاستەی ئورووپاییەکانە کە شوێنی زۆری داناوەتە سەر پسپۆڕە خۆماڵییەکانیشمان.[١]

هەر چۆنێک بێ، دوکتۆر مارف سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی ناباتەوە یەک شوێنی تایبەت، بەڵکوو لای وایە ئەدەبی کوردی لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی و لە شوێنی جیاوازەوە سەری هەڵداوە، بەڵام ئەولەوییەت دەداتە زاراوەی گۆرانی و شێعرە ئایینییەکانی یارسانەکان و باباتاهیری هەمەدانی (٩٣٧ ـ ١٠١٠) بە یەکەم شاعیری کورد دادەنێ (١، ٢٠٥).

بەداخەوە ئەم زنجیرەوتارە شوێنی هەڵسەنگاندنی کتێبەکە بەگشتی نییە و تەنیا دەبێ باسی سەبارەت بە بۆکان بگرێتەوە. هەر بۆیەش لە زۆر قسە و بۆچوون و ڕاگواستن چاو دەپۆشم و دەچمە سەر باسی سەرەکی. ناوی بۆکان لە بەرگی چوارەمەوە (نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی) لە کتێبەکەدا دەردەکەوێ:

- بەرگی یەکەم (لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەمی زایینی): جگە لە زانیارییە گشتییەکان، بابەتێکی تایبەت بە بۆکانی تێدا نییە.
- بەرگی دووهەم (سەدەکانی چواردەم تا هەژدەم): بابەتێکی تایبەت بە بۆکانی تێدا نییە.
- بەرگی سێیەم (نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، ١٨٠١ ـ ١٨٥٠): ڕێنێسانسی ئەدەبی کوردی لە باشووری کوردستاندا. بابەتێکی تایبەت بە بۆکانی تێدا نییە.

---

١. بڕواننە: حەمەڕەش، سۆران، «کورد کێیە؟»، بڵاوکەرەوە: نووسەر، لەندەن ٢٠١٣.

- بەرگی چوارەم (نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، ١٨٥١ ١٩١٤): بڵاوبوونەوەی ڕێنێسانسی ئەدەبی کوردی لە هەموو ناوچەکان:

بەشی هەژدەم، عەبدوڵڵابەگی میسباح (ئەدەب)، ل ٤٨٣ ـ ٥٣٠

- بەرگی پێنجەم ( نێوان هەر دوو جەنگی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەم، ١٩١٤ ـ ١٩٤٥):

بەشی چوارەم، حەسەن (سەیفولقوزاتی قازی)، ل٣٥٧ ـ ٣٧٨؛

بەشی بیستەم، حوزنی موکریانی، ل ٤٦١ ـ ٤٧٤.

- بەرگی شەشەم ( ١٩٤٥ ـ ١٩٧٥ ئەلف):

بەشی سیویەکەم، حەقیقی (ل ٥٥٧ ـ ٥٦٧)؛

بەشی سیوسێیەم، ئاوات (کامیل ئیمامی)، (ل ٥٨١ ـ ٦٠٤).

- بەرگی حەوتەم (١٩٤٥ ـ ١٩٧٥ ب):

بەشی نۆزدەهەم، حەسەن قزڵجی (١٩١٤ ـ ١٩٨٤)، (ل ٢٦٩ ـ ٢٧٤)؛

بەشی بیستوهەشتەم، هەژار (١٩٢٠ ـ ١٩٩١)، (ل ٤٠٧ ـ ٤١٦)؛

بەشی سیونۆیەم، هێدی (١٩٢٧ ـ ٠٠٠)، (ل ٥٨١ ـ ٥٩٢).

## مێژووی وێژەی کوردی، مامۆستا سدیق بۆرەکەیی (صفیزادە)

گرنگایەتیی ئەم کتێبە لە مێژووی ئەدەبی بۆکاندا وا هەیە ئەوە بێ کە تێیدا بایەخی زۆر دراوە بە ئەدەب و شێعری یارسانی کە سنووری دەسەڵات و نفووزیان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە تا بنگوێی بۆکان، واتە ناوچەی تیکانتەپەی هەوشار و ساینقەڵا هاتووە. لە ڕاستیدا کاری بەنرخی مامۆستا بۆرەکەییش پاراستن و ڕاگواستنی شێعری شاعیرانی گۆرانییە لە باڵوولی ماهی (۲۱۹ی کۆچی/ ۸۴۰ی زایینی)یەوە تا شاعیرانی سەدەی بیستەم.

کتێبەکە وەک ئینسیکلۆپێدیایەکە بۆ شاعیرانی یارسان، بەڵام لەگەڵ ئەواندا نووسەر ئاوڕی لە شاعیرانی دیکەش داوەتەوە و هەر بۆیەش ناوی کتێبەکەی ناوە مێژووی وێژەی کوردی.

ئەو شاعیرانەی وا ناوچەی هەوشار دەگرنەوە بریتین لە:

بەرگی یەکەم:

١. سەی حەمەسادقی سەفاخانەیی خەڵکی گوندی سەفاخانەی هەوشار (۱۲۱۲ ـ ۱۲۸۰)، (ل ۴۹۹ ـ ۵۰۳)؛

٢. مەلا ئەحمەدی عارف (۱۲۰۶ ـ ۱۲۶۳) خەڵکی یەک لە گوندەکانی تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب) بووە، (ل ۵۰۳ ـ ۵۰۵)؛

٣. لە بەشی گوڵزاری هۆنەرانی کورد بەرگی یەکەمیشدا (ل ۵۵۳ تا ۵۶۰) ناو و ڕێکەوتەکانی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە هۆنەرانی کوردی نووسیون کە بەشێکیان ناوچەی ئێمەش دەگرنەوە. بەداخەوە حیسابی ساڵەکان هەندێک شێواون و نازاندرێ لەکوێ وەرگیراون و چۆن حیساب کراون. وێدەچێ نووسەر هەوڵی دابێ هەموو ساڵەکان بکا بە ساڵی کۆچیمانگی، دەنا ساڵانی ۱۳۵۷ و ۱۳۹۵ بۆ لەدایکبوون و کۆچیدوایی سوارەی ئێلخانیزادە چۆن دانڕاوە؟

ئەحمەدی کۆری موکریانی (۱۱۸۳ ـ ۱۲۷۸)؛ سوارەی ئێلخانیزادە (۱۳۵۷ ـ ۱۳۹۵)؛

سەی ئەحمەدی خانەقا (١٢٩٠ ـ ١٣٧٢)؛ سەی محەممەدی خانەگایی (١٢٤٦ ـ ١٣٢٨)؛ شـێخبابای غەوسـابادی (١٢٦٨ ـ ١٣٣٦)؛ عەبدوڵڵابەگی ئەدەب (١٢٨٢ ـ ١٣٣٢)؛ مەلا حەسەنی ئیبنولقزڵجی ( ١٢٦٣ ـ ١٣٢٨)؛ مەلا عیسامی شەفیعی (١٣٠٠ ـ ١٣٧٤)؛ مەلا مارفی کۆکەیی (١٢٥٦ ـ ١٣٦٦)؛ میرزا حەسەنی سەیفولقوزات (١٢٩٧ ـ ١٣٦٤)؛ میرزا محەممـەدی هەوشـاری (١٢٤٦ ـ ١٣٠٤)؛ بەشـیربەگی تورجانـی؛ خڕنـاڵ؛ عەلیبەگی تورجانی؛ قاسمی هەوشاری و چەند کەسی دیکە کە ناسناوی بۆرەکەییyan هەیە و دەبێ خەڵکی هەوشار بن. دیارە دەبێ ناوی نووسەری کتێبەکە، واتە خودی مامۆستا سدیقیش لەم لیستەیە زیاد بکرێ.

بەرگی دووهەم:

١. ئەحمەدی کۆری موکریانی (١١٩٣ ـ ١٢٧٨)، ل ٥٩ ـ ٦٩؛
٢. مەلا فەرەجی بۆرەکەیی (١٢٤٤ ـ ١٣٤٣)، ل ١٣٩ ـ ١٤٢؛
٣. میرزا محەممەدی هەوشاری (١٢٤٦ ـ ١٣٠٤)، ل ١٤٧ ـ ١٥٠؛
٤. بابەجانی بۆرەکەیی (١٢٥٦ ـ ١٣٣٧)، ل ١٦٦ ـ ١٧٢؛
٥. مەلا مارفی کۆکەیی (١٢٥٦ ـ ١٣٦٦)، ل ١٧٢ ـ ١٧٨؛
٦. عەبدوڵڵابەگی ئەدەب (١٢٨٢ ـ ١٣٣٢)، ل ٢٤٧ ـ ٢٥٤؛
٧. میرزا حەسەنی سەیفولقوزات (١٢٩٧ ـ ١٣٦٤)، ل ٢٨١ ـ ٢٩١؛
٨. فەقێ عەبدولی بۆرەکەیی (١٣٤٣ ـ ١٣٧١)، ل ٣٦٦ ـ ٣٧٠؛
٩. مەلا بۆرەکەیی (١٣٤٦ ـ ١٣٩٥)، ل ٣٧٠ ـ ٣٧٤؛
١٠. سوارەی ئێلخانیزادە (١٣٥٧ ـ ١٣٩٥)، ل ٣٨٠ ـ ٣٨٤.[١]

١. بۆرەکەیی، سدیق (صفیزادە)، «مێژووی وێژەی کوردی»، انتشارات ناجی، بانە، کردستان ١٣٧٠/ ١٩٩١، بەرگی یەکەم ٥٦٠ لاپەڕە، بەرگی دووهەم ٧٤١ لاپەڕە، کوردی.

## تەڵای دەستەوشار

شـێعر بێگومـان گرنگترین هونـەری کوردە و هاوڕێ لەگەڵ مۆسـیقا و هەڵپەڕکێ، سێکوچکەی هونەری نەریتیی کورد پێکدەهێنێ. ئەم بۆچوونە گشتییە سەبارەت بە ناوچەی بۆکانیش ڕاستە. ئاوڕدانەوە لە مێژووی هونەری بۆکان، دەبێ بە یەک لەو سـێیە و زۆر وا هەیە بە شـێعر دەسـت پێبکرێ کە کەرەسەی نووسراوی زیاتر لە دووانەکەی تری بۆ بەدەستەوەیە.

من لە چەند ئەڵقەی ئەم زنجیرەوتارەدا دەمەوێ ئاوڕێکی سـەرپێیی لە مێژووی شـێعری ناوچە و شـاری بـۆکان بدەمەوە. لێرەشدا، وەک پاشـماوەی کوردسـتان، کۆنتریـن جێپـێ لە شـاعیرانی یارسـان و هەروەهـا لەو کەسـانە هەڵدەگیرێ کە بە زاراوەی کەڵهـوڕی/ گۆرانـی شـێعریان گوتـووە و دانیشـتووی ناوچـەی هەوشـار بوون. هەوشـار لەباری جوغرافیاوە کەوتۆتە بەشـی تیکانتەپە (تکاب)، واتە سەقز و سـاینقەڵا و ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری جەغەتـوو و تیکان تەپەی بـۆکان، کە ئەمیان لە بەشی ڕۆژاوای ڕووبارەکەیە.

بۆکان پەیوەندیی فە رمیی بە هەوشارەوە نییە، بەڵام لە ڕابردووش و ئێستاشدا دیواری کۆنکرێت لە نێوان دوو ناوچەکە نەکێشراوە و بۆ نموونە، هاتوچۆ لە نێوان سـەفاخانە و تیکانتەپەی هەوشار و گوندەکانی دەوروبەری سەقز و بۆکان کارێکی ڕۆژانـە بـووە و هـەر هەیـە. بەو پێیـە نابـێ دابەشبوونـی جوغرافیایی ئوسـتان و شارسـتان لێکۆڵـەرەوەی مێـژووی هونـەری ناوچەکە لەو ڕاسـتییە زەقە چەواشـە بکەن کە زاراوەی قسـە کردنی هەر دوو بەری ڕووبارەکە، بەگشـتی هاوچەشـنە و ئەم یاسـایەی کە بەشـی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە دەگرێتەوە، بەسەر بەشی ڕۆژاواشدا زاڵـە. جـا ئەگـەر کاری توێژینـەوە لـە بەشـێکیان زیاتر لەویتـر کرابـێ، نابێتە هۆی لەنێوچوونی ئەم یەکییەتییە و لێکدابڕانی خەڵکەکە و هونەرەکەیان.

کاری مامۆسـتا محەممەدسـدیق بۆرەکەیـی (صەفـیزادە) لـە بـواری ناسـاندنی شـاعیران و ناودارانـی یارسـان بەگشـتی و بوێژانـی هەوشـار، لـەم پەیوەندییـەدا

خاوەنــی گرنگایەتیــی تایبەتــە. بۆرەکەیی لــە کتێبی «تەڵای دەستەوشــار یا مێژووی بوێژانی هەوشار»دا، کورتەی ژیانی ١٣ شاعیری ناوچەکەی بە نموونەی شێعریانەوە ناساندووە و کارەکەی بە ژیاننامەی شێخ شەهابەددینی سوورەبەردی (سهروردی) دەست پێکردووە.

من ناتوانم بۆ پێداچوونەوە و ناساندنی شاعیرانی ناوچەی بۆکان لەو شاعیرانە و بەگشتی لە نفووز و دەسەڵاتی شێعری هەوشار، وەک بەشێک لە شێعری «گۆرانی/هەورامی» چاو بپۆشــم. سەرەهەودای شــێعری ناوچەکەش بەگشتی دەگاتەوە سەر شــێعری زاراوەی گۆرانــی و ســەرەڕای زاڵ بوونــی ئێســتای کرمانجــی خواروو لە ناوچەی بۆکان، شوێنەوار و پاشماوەی زاراوەی گۆرانی لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و بەشــی ڕۆژاوای چۆمــی جەغەتــوو، بەڕوونــی هەســتی پێدەکرێ. هەڵــە دەبێ ئەگەر کەســێک بیــەوێ لە مێــژووی هونەری ناوچەکــە بکۆڵێتەوە و لەو ڕاســتییە گرنگەی ســەرەوە غافڵ بێ، گەرچی بەڵگەی ئەوتۆشــم بۆی بە دەســتەوە نییە، بەڵام لام وایە شــێعری ناوچــەی موکریــان بــە بۆکانەوە لە ســەردەمێکی تایبەتدا، شــوێنی زۆری شێعری ناوچەی هەورامان و گۆرانی لەسەر بووە و تەنانەت سەمەرە دەبێ ئەگەر خەڵکی شارەکەش خۆیان بەو زاراوەیە ئاخافتنیان نەکردبێ.

١٣ شــاعیری نێو کتێبەکەی بۆرەکەیی، جگە لە ســوورەبەردی (ســهروردی) کە لە ســەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە، هەموو، هی ســەدەی ١٣ ـ ١٤ی کۆچین (واتە هــی ٢٠٠ ســاڵی ڕابــردوو). کۆنترینیــان (مــەلا ئەحمەدی عــارف) لــە ١٢٠٦ [١٧٩١ ـ ٢] لەدایکبــووە و دواتریــان (حەیــدەر بــەرازی) لــە ١٣٦٨ [١٩٤٨ ـ ٩]دا کۆچیدوایی کردووە.

شــێعری شــاعیرەکان لــە بــاری نێوەرۆکــەوە عیرفانــی و غەرامیــن و لەلایەنــی شێوەزارەوە «گۆرانی» تەواون، کە تەئسیری شاعیرانی هەورامان، وەک بێسارانییان لەسەرە یاخود هاوشێوەی ئەوانن. بۆ نموونە:

**چراخــم! کــەرەم، چراخــم! کــەرەم      قیبلــەم! کەرەمــدار بکەر پێــم کەرەم**
**شــەوی مــن و تــۆ وەک پەروانــە و شــەم      نەجــای پێــوارێ بیاوایــن وەهەم...**

(نەجەفخانی بایندور)

**چراخـم! کـەرەم، چراخـم! کـەرەم ئەگـەر کەرەمـدار بکـەر داش کەرەم**
**شـەوی مـن و تـۆ بیـاوای وەهـەم من چون پەروانە، تۆ بە وێنەی شەم...**

(بیسارانی)[١]

١. سـدیق بۆرەکەیـی (صفـیزادە)، «تـەڵای دەستەوشـار یـا مێـژووی بوێژانـی هەوشـار»، بڵاوکەرەوە: نووسەر (؟)، ١٣٦٩/ ١٩٩٠، تاران، ٨٤ لاپەڕە (کوردی).

## چەند مێژووی دیکەی ئەدەبی کوردی

لە سێ بەشی ڕابردوودا باسی سێ مێژووی ئەدەبم کرد بۆ ناسینی ئەدیبان و شاعیرانی کوردی ناوچەی بۆکان، بەڵام جیا لەو سێ سەرچاوە سەرەکییە، هەندێک مێژووی دیکەش هەن کە تێیاندا باسی کەسایەتییە ئەدەبییەکانی بۆکان کراوە.

١. تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، نووسینی پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ؛

من تیەنیا بەرگی دووهەمی ئەم کتێبە بەنرخەم هەیە، بەرگی یەکەمم بەداخەوە نەبینیوە و ناشزانم بەرگی سێهەمی هەیە یان نا.

بەرگی دووهەم تەرخانی «شێعربێژ و هەڵبەستبێژێن سۆرانی» کراوە و شاعیرانی وەک نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی تا گۆران و بێکەس و هەژاری گرتۆتەبەر. ژیاننامە و نموونەی شێعری هەرکامیان هاوڕێ لەگەڵ نموونەیەک یان دووانی شێعرەکانیان بە ئەلفوبێی لاتینی دراون بەدەستەوە. هیچ شاعیرێکی بۆکانی لە کتێبەکەدا ناوی نەهاتووە تەنیا مامۆستا هەژار نەبێ کە بە شێوەیەک ژیانی پەیوەندی بە بۆکانەوە هەیە و لەم زنجیرەوتارەی منیشدا هەمیشە خراوەتە بەر باس، ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە بەشێکی زۆر لە ژیانی سەردەمی لاوییەتی و ئەندامییەتیی کۆمەڵەی «ژ. ک» و هەڵسووڕاویی سەردەمی کۆماری کوردستانی مامۆستا لە بۆکان و گوندی شەرەفکەندی نزیک بۆکان بووە و لای خەڵکی بۆکان ڕێزی تایبەتی هەیە.

لە کتێبەکەدا ژیاننامەیەک بۆ مامۆستا هەژار نووسراوە کە تەنیا ساڵی لەدایکبوونی ئەوی تێدا نووسراوە (١٩٢٠)،لەبەر ئەو هۆیەی کە لە کاتی چاپ بوونی کتێبەکە (١٩٨٥) تا پێنج ساڵ دوای ئەویش مامۆستا هەژار هەر مابوو. ١۴ پارچە شێعری مامۆستاش کراونەتە کرمانجیی ژووروو و بە پیتی لاتینی نووسراونەتەوە: هەر کوردم، ستڕانا پێشمەرگان، قەل و بلبل و...

ئەوەش تایبەتمەندیی بەرگی دووهەمی کتێبەکە، کە بە کوردیی کرمانجی و پیتی لاتینی نووسراوە:

Prof. Qanate Kurdo, «Tarixa Edebyeta Kurdi» 2,

Weshanen Roja Nu
Soholm 1985
ISBN 91 7672 011 x.

٢. «شعر و ئەدەبیاتی کوردی» نووسینی مامۆستا ڕەفیق حیلمی؛
بەرگی یەکەم و دووهەمی کتێبەکە بۆ جاری دووهەم ساڵی ١٩٨٨ لە یەک بەرگدا بڵاوکراونەتەوە کە ژیان و بەرهەمی ٢١ شاعیری کوردی لەخۆی گرتووە، بەڵام هیچکامیان ناوچەی بۆکان ناگرنەوە.

٣. «شێعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیرانی» نووسینی دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ؛

٤. بەشی یەکەمی کتێبەکە تەرخانی فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی و بەختیار زێوەر کراوە، کە هیچکامیان ناوچەی بۆکان ناگرنەوە. بەشی دیکەی کتێبەکەشم چاو پێنەکەوتووە و نازانم ئایا هەیە یان نا.

## دیوانی سەیفولقوزات

نەمر مەلا ئەبولحەسەنی سەیفولقوزات لەو شاعیرانەیە کە پەیوەندیی گەلێ نزیکی لەگەڵ بۆکان و دەوروبەری هەبووە. لە گوندی عەمباری نزیک بۆکان لەلای مەلا شەفیع، هەروەها لای مەلا حەسەنی قزڵجی و مەلا ساڵحی سەدرابادی و مەلای سلێمانکەندی دەرسی خوێندووە، موریدی شێخی بورهان بووە و هاتوچۆی خانەقای بورهانی کردووە. لە گوندەکەی خۆی، واتە گوێگجەلی لەسەر چۆمی مەجیدخان باخ و باخاتی جوانی ناوەتەوە و دۆستایەتییەکی قووڵ و کەموێنەی لەگەڵ عەزیزئاغای عەباسی (ئاغای کولتەپەی قورمیش) هەبووە و بەشێک لە باشترین شێعرەکانی بۆ ئەو یا بۆ عەلیبەگی حەیدری (سالارسەعید) داناون.

بەشێک لە شێعرە کوردییەکانی لەلایەن مامۆستای نەمر ئەحمەدی قازییەوە چاپ کراون. لەوان و لە پاشماوەی شێعرە چاپ نەکراوەکانیدا کە من بەختی ئەوەم هەبووە چاوم بە دەسنووسە کوردی و فارسییەکانی بکەوێ، سەیف باسی گوند و باغ و ڕووبار و کەسایەتی گوندەکانی دەوروبەری بۆکان و ژیانی خەڵک لەو ناوچەیە دەکا.

شێعری سیف‌القضاة سەرچاوەیەکی بەکەڵکن بۆ مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی بۆکان و دەروبەرەکەی.

بۆ خوێندنەوەی بەشێک لە شێعرەکوردییەکان، بڕواننە:

- دیوانی سیف‌القضات، گردەکۆیی قازی ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناشر (؟)، تاران ١٣٦١/ ١٩٨٢، ٨٢ لاپەڕە.
- حەسەن سەیفی قازی و ئەنوەر سوڵتانی، وتاری «سیف‌القضات و جنبش سید محمد خیابانی باستناد ٣ قطعه شعر فارسی سیف‌القضات»، ڕۆژنامەی «پیام کردستان» چاپی مەهاباد، ژمارە ٣١ مانگی تیر (جوولای) ١٣٨٥/ ٢٠٠٦، لاپەڕە ٩.

بڕیارە چەند بابەتی هاوچەشنیش لە ژمارەکانی دواتری ڕۆژنامەکەدا لەمەڕ

سەیف چاپ بکرێ.

**ڕوونکردنـــەوە:** دوو ژمـارە دواتـری ڕۆژنامەکـە دوو وتـاری دیکـەی ئـەم دوو نووسەرەی سەبارەت بە سەیف بڵاوکردەوە.

ئەوانەی وا لە سەرەوە گوتران لە سەرەتای نەمر ئەحمەدی قازی بۆ چاپی دیوان وەرگیراون.

## کاروانی خەیاڵ

مامۆستای هونەروەر خالید حیسامی (هێدی) سەرەڕای مرخی بەرزی شاعیری و ئەو ڕاستییەی کە تاکە بەجێماوی شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستانە، لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی‌دا گرنگایەتیی شایانی خۆی پێنەدراوە. دیارە ئەم زنجیرەوتارە تەنیا ئەرکی ناساندنی لەسەر شانە و چاوەڕوانی هەڵسەنگاندن و شی‌کردنەوەی زۆری نابێ لێ‌بکرێ. (بەداخەوە مامۆستا ماوەیەک دوای ئەم وتارە لە ساڵی ٢٠١٦دا لە هەولێر کۆچی‌دوایی کرد. یادی بەخێر بێ!)

چاپی یەکەمی «کاروانی خەیاڵ» لە ساڵی ١٣٦٤/ ١٩٨٥ لەلایەن «ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتشاراتی سەلاحەددین ئەییووبی»یەوە چاپ کراوە و چاپی دووهەمی، کە ئێستا لە بەردەستی من‌دایە، لە هەولێر و لە ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوبۆتەوە. چۆنییەتیی چاپەکانیش لە بیرەوەرییەکانی مامۆستادا ڕوون‌کراونەتەوە.

شاعیر سەرەتایەکی دوورودرێژی بۆ کتێبەکە نووسیوە، کە دوورە لە خەیاڵ و پڕە لە فەکت: خۆی و برایەکی ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک» بوون، پێشەوا سوێندی داوە، لە تەمەنی شازدە ساڵی‌دا یەکەم شێعری گوتووە، لە بەهاری ساڵی ١٣٤٣/ ١٩٦٤]دا چۆتە باشووری کوردستان و بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، هەر لەوێ ناسناوی شاعیریی خۆی لە «شێواو»ەوە کردۆتە «هێدی»، لە بەغدا چاوی بە ئەحمەد تۆفیق کەوتووە کە ئەو دەم «پەنای بۆ حکوومەتی بەغدا بردبوو»، سەفەری ئورووپای کردووە، دوای هەرەسی ٧٥ گەڕاوەتەوە ئێران و لە نەغەدە و پاشان لە کەرەج گیرساوەتەوە.

لە سەرەتاکەدا چەند جارێک باسی بۆکان و کەسایەتیی بۆکانی کراوە. ئەوەش ژمارەی لاپەڕەکانی: ١٩، ٢٣، ٣٩، ٥٢، ٦٧، ٦٩، ٩٧.

بەڵام شێعرەکان: هێدی بە شێعری پاراو و رازاوە و بە کاکڵەوە ناسراوە:

**«هێدی بەڵێنی دا شێعر یان نەڵێ یان ئەگەر گوتی،**
**شـــیرن بڵێ، ناسک بڵێ، گەرم بڵێ، شێعر بڵێ»**

شێعرەکانی ناو «کاروانی خەیاڵ» عەرووزین، بەڵام وێدەچی شاعیر نەک هەر لە نێوەرۆک، بەڵکوو لە کێشی هەندێک لە شێعرەکانیش‌دا نوێخوازی کردبێ:

**قـــەت وەک ئەورۆ وشـــە لە من یاغـــی نەبوون**
**هێند بەپەلـــە بەجێم‌دێڵـــن، تێکهەڵدەنگوون...**

تـۆ بڵێـی هێدیش وەک «سـیمین بێهبەهانی» شـاعیری فارس بەحـری تازەی بۆ شـێعری کلاسـیک دانەڕشـتبێ؟ ئەگەر ئەم کارەی کردبێ و بیکا، ناوی بۆ هەمیشـە وەک شاعیرێکی نوێکەرەوەی شێعری عەرووزیی کوردی لە مێژوودا دەمێنێ.

لە شێعرەکان‌دا ئەوەی بەشی بۆکان بێ، جگە لە شاعیر خۆی، هەندێک ناوی گوندن وەک قالوێ گەورکان، قوڵقوڵە و شـێخالێ. پاشـماوەی شـێعرەکان یا لە باشـووری کوردستان و بۆ ڕووداو و کەسایەتییەکانی نێو شۆڕشی کورد گوتراون یا لە مەهاباد و دەوروبەری.

ئەوەش چەند فەردێک لە شێعری «دیوانە»ی هێدی:

**... شەرتی ناڵەی دەردەداری و دوورەیاری، نەی نییە**
**مـــن دڵم پێ شـــک دێ بۆ ناڵە لە ســـەد جێوە کونە**
**زۆر نیشـــانەی وای هەیـــە نابینـــدرێ دێوانەیـــی**
**بۆچی تۆ پێت وایە شـــێتی هـــەر وەکێوی کەوتنە؟**
**خۆڵەمێشـــێ تـــا دەبینـــم دێ بـــەدەم زریانـــەوە،**
**بیری لانەی خۆم دەکەم من لەو هەوار چۆڵ کردنە**
**من کە فرمێسکم لە سەد دەرد و بەڵای دی گرتەوە،**
**بۆیـــە بوو بیرێژمـــە بەر پێی ئەو گوڵە خوێن‌شـــیرنە**
**تاپەچەڕووی‌دەگرێ،دنیای‌ڕوون‌لەمن‌تاریک‌دەبێ**
**«هێدی» هەر چەندی بڵێی، بێزارە لەو مانگ‌گرتنە[1]**

---

١. خالیـدی حیسـامی (هێـدی)، «کاروانـی خەیاڵ، بەشـێک لە هەڵبەسـتەکانی هێـدی»، چاپی دووهەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٧، ٤١١ لاپەڕە، کوردی.

## دیوانی ئاوات

نەمر سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) کەسایەتییەکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردە و ژیان و چالاکییە سیاسی و هونەرییەکانی بە موکریان و بۆکانەوە گرێدراون:

١. یەک لە کەسانی چالاکی سەردەمی کۆمەڵەی «ژ. ک» و کۆماری کوردستان بووە؛

٢. بۆ هەڵدرانی ئاڵای کۆماری کوردستان لە بۆکان و گوندی گەردیگلان شێعری گوتووە و لە ڕێوڕەسمەکەدا خوێندراونەتەوە؛

٣. ماڵەکەی لە گەردیگلان پێگە و پەناگەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و بۆ ماوەیەکیش ئەندامی فەخریی کومیتەی ناوەندیی حیزب بووە؛

٤. کەسایەتییەکی هێدی و هێمن و لەبەردڵان و خۆشەویستی هەمووان بووە؛

٥. لە بنەماڵەی شێخانی زەمبیل بووە، بەڵام شێخایەتیی نەکردووە و لەسەر گوند و زەوی‌وزاری ملکی خۆی بە ئەرک و کارەوە خەریک بووە؛

٦. دوو ساڵ بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە لە زیندانی ڕژیمی شادا بووە.

ناسناوی سەید کامیل لە شێعری کوردیدا «ئاوات» و لە شێعری فارسیدا «ئیمامی» بووە. لە ساڵی ١٢٨٢/ ١٩٠٣ لە گوندی زەمبیلی بۆکان لەدایکبووە و لە ساڵی ١٣٦٨/ ١٩٨٧دا کۆچی‌دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مەرقەدانی زەنبیل نێژراوە.

«دیوانی ئاوات» کۆمەڵەی شێعرەکانییەتی کە ساڵی ١٣٦٥/ ١٩٨٦دا بڵاوکراوەتەوە و بەشی زۆری بەرهەمەکانی گرتۆتەبەر، گەرچی هەندێک شێعری سەردەمی کۆماری تێدا نابیندرێن. بۆکان لە هەموو شوێنێکی کتێبەکەدا خۆ دەردەخا. لایکەم حەوت پارچە شێعری بۆ نەمر سەید محەممەدی نوورانی (برای خۆی، ناسراو بە سەیدی

زەمبیل) گوتووە (لاپەڕە ٥٦، ٥٩، ١١٤، ١١٦، ١١٩، ١٩٧)، چواری بۆ نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت (مامی خۆی) گوتوون؛ (لاپەڕە ١١٠، ١١١، ١١٦، ١١٨)؛ دووی بۆ سەید عومەری برازای (لاپەڕە ١٠، ١٠٣)؛ یەک بۆ سەید ئەنوەری برازای (لاپەڕە ٣٧)؛ دوو پارچەی بۆ حاجی ڕەحمان‌ئاغای موهتەدی (لاپەڕە ٢١٦، ٢٢٨ی فارسی)؛ دوو پارچەی بۆ عەلی‌شای برازای (لاپەڕە ١١٣، ١١٨) و یەک پارچەشی بۆ مامۆستا خالیدی حیسامی (لاپەڕە ٢٢٣) و محەممەدخانی بوداقی (لاپەڕە ٢٣٧ی فارسی) گوتوون.

جگە لەو پەیوەندییە شەخسی و دۆستانەیە، لایکەم یەک پارچە شێعری لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕووداوە سیاسییەکانی بۆکان‌دا گوتراوە (دوو شەهید کە ڕووداوی شەهادەتی کەمالی حەمیدی و محەممەدی بەهرامییە لە خۆپێشاندانی ساڵی ١٣٥٧ی دژ بە شادا، لاپەڕە ١٤٠). هەروەها ئەم شێعرانەش کە لەم لاپەڕانەدا جێیان بۆتەوە پەیوەندییان بە بۆکانەوە هەیە: ٢٤، ٢٨، ٣٤، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٤٠، ٦٢، ٧٢، ٧٣، ٢٠٨.

بابەتی شێعری ئاوات غەرامی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، عیرفانی و سیاسین. زیاد لە دە پارچە شێعری سیاسی لە کتێبەکەدان (لاپەڕەی ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٨، ١٧٩، ١٣٩، ١٤٠، ٢٠٥). لەم شێعرانەش‌دا سەبارەت بە خۆی دواوە: لاپەڕە ١٨٥، ١٨٩ و ١٩٣.

کارتێکەریی هەندێک شێعری فارسی وەک کارەکانی لاهووتی، پەروین ئیعتیسامی، حافز و سەعدی بەسەر شێعرەکانییەوە دیارن.

وا هەیە شێعری «خاسەکەو» ناسراوترین بەرهەمی جەنابی سەید کامیل بێ:

**خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە**
**خاڵی ڕەش و سووری**
**بەجووت ڕشتووە**
**ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە**

**بۆچی دزە، جەردەیە، کێی کوشتووە؟**
**بۆچی کەویــش حەققی ژیانی نییە؟**
**حەققی کەژ و کێــوی جوانی نییە؟**
**بۆچی ئەویش بۆتە بــرا کوردەکان؟**
**نابێ بکێشــێ نەفەســێکی ژیان؟...**
**خاوەنی ئەو کێو و کــەژە هەر کەوە**
**نەزم و نیزامی کەژ و کێو هەر بەوە...**
**خاوەنی ئەو خاسەکەوەش هەر دەڵێ:**
**ڕاوچی دەبێ لــەم کەژ و کێوە هەڵێ**

بەختەوەرانە دواتر دیوانێکی تازەتری شێعرەکانی ئاوات لەلایەن سەید جەعفەری کـوڕی خۆیەوە و بەهاوکاریی شـاعیر و ئەدیبی بۆکانـی کاک ئەحمەدی مەولانی و کاک سەلاحەددینی ئاشتی چاپ بووە کە زۆر شێعری وای گرتۆتەبەر کە لە چاپەکەی پێشوودا بەرچاو نەدەکەوتن. باسی ئەو دیوانە شێعرە دواتر دەکەم.

ئەگەر ڕێگەم هەبێ، منیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ، هەر هەفتەی یەک لە شێعرەکانی ئاواتم شــەرح کرد و لەســەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان خستمە بەرچاوی خوێنەر. ئێســتاش کە بەختەوەرانە هەموو شــێعری نێو دیوانەکەم شــرۆڤە کردووە، خەریکی ئامادە کردنیم بۆ ئەوەی وەک کتێبێکی ١٣٠٠ لاپەڕەیی بڵاوی بکەمەوە.[١]

١. ســەید کامیلی ئیمامی زەنبیلی، «دیوانی ئاوات»، لەســەر نووســین و ئامادەکردنی ســەید نەجمەددینی ئەنیســی، ناشر: ســەید نەجمەددینی ئەنیسی، چاپی یەکەم، ١٣٦٥/ ١٩٨٦، تاران، ٢٣٩ لاپەڕە، کوردی + فارسی.

## دیوانی حەقیقی

مامۆستای نەمر عەباسی حەقیقی یەک لە شاعیرانی ناوداری قوتابخانەی موکریان و بوێژی ژێر ئاڵای کۆماری کوردستانە. حەقیقی لە گوندی مەرجاناوای مەهاباد لەدایکبووە، بەڵام خوێندنی نێو حوجرەی مزگەوت و ئینجا ژیان و کار و فەرمانی ئیداری لە بۆکان و دەوروبەری بووە و هەر لەوێش کۆچی‌دوایی کردووە و نێژراوە. چەند کۆمەڵە شێعرێکی مامۆستا لە سەردەمی ژیانی خۆی‌دا بڵاوبوونەتەوە و یەک لەوان ئەم کتێبەیە کە بەناوی «دیوانی حەقیقی» لە ورمێ، لەلایەن ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبییەوە بڵاوکراوەتەوە.

سەرەتای ١٥ لاپەڕەی کتێبەکە، گەلێک بیرەوەریی گوندی کۆکە، عەلیابات، ئیسکی بەغدا، قوڵقوڵە، جەمیان، بۆکان، دوخانیاتی بۆکان، قەڵای سەردار، حەمامی تازە و کەسایەتیی وەک حاجی بایزاغا، حاجی بابەشێخ، سەیفولقوزات و شەهید حەسەنی قزڵجیی تێدایە. گەلێک لە شێعرەکانی کتێبەکەش بۆ شاعیران و کەسایەتیی دیکەی بۆکان گوتراون و لەوانە، ئیبراهیم ئەفخەمی (ل ٩٦)؛ حاجی سمایل‌ئاغا ئێلخانی‌زادە؛ حاجی ڕەحمان‌ئاغای موهتەدی؛ مامەقالەی دەبباغی (ل ١٠٢)؛ قالەقەندە (ل ١٠٥)؛ سەید کامیلی ئیمامی (ل ١٧١، ١٧٣، ٢٦٢ و ٢٦٥)؛ سوارەی ئێلخانی‌زادە (ل ١٩١)؛ حاجی ئەبوبکرئاغای موهتەدی (ل ١٩٣)؛ هەروەها شێعرێکە بە یەک‌دوو دێڕی تورکی و فارسییەوە کە بە بۆنەی عەمەلیاتی چاوی خۆی و چوونی شەهید حەسەنی قزڵجی بۆ سەردانی لە نەخۆشخانە گوتوویەتی. وێدەچێ دوکتۆری عەمەلیاتەکە تورک بووبێ:

**«ئەڵڵاهە شوکر ئیلە کی عەمەلدەن قوتوڵموسن»**
**دوکتۆر گوتی، حەقیقی! «دێی گوێرم نە ئیستەسەن؟»**
**«ڕوون بێ» گوتم «گلێنەم و بیبینم و بڵێم»**
**«سەرچاوی من، قزڵجی! بەخێربێی مەلا حەسەن!»**

دووپارچە شێعریشی بە بۆکان‌دا هەڵگوتووە:

ـ بووکی شارانە شاری بۆکانێ... (ل ١٤٩)؛

ـ اگر خواهی کە بینی چهرە و سیمای بوکان را... (ل ٢٤٥ فارسی).[١]

١. عباس حقیقی، «دیوان حقیقی»، مرکز نشـر و فرهنگ ادبیات کردی، انتشـارات صلاح‌الدین ایوبی، چاپ دوم، ورمێ، ساڵی ١٣٦٧/ ١٩٨٨، ٢٧٧ لاپەڕە، کوردی و فارسی.

## کۆڵکەزێڕینەی حەقیقی

کتێبەکـە کۆمەڵەی شـێعری مامۆسـتایە و دوو ناوی بۆ دانـدراوە: «کۆڵکە زێڕینە»ی کوردی و «ڕنگین کمان»ی فارسی، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە بەشی یەکەمی کتێبەکە شـێعری کـوردی (لاپـەڕە ١ تـا ١١١) و بەشـی دووهەمی فارسـین. بەشـی فارسـی بەدوای کوردییەکەدا هاتووە و ژمارەی لاپەڕەکانی لە یەکەوە دەست پێدەکات تا ٥١.

ئـەم کتێبـە، حـەوت سـاڵ دوای «دیوانـی حەقیقـی» (بەشـی پێشـوو)، لەلایـەن ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبیەوە لە ورمێ بڵاوکراوەتەوە.

زۆربەی زۆری لاپەڕە کوردییەکان چەشنە پەیوەندییەکیان بە بۆکانەوە هەیە یا لە بۆکان گوتراون یا ڕوویان لە کەسایەتییەکی ناوچەی بۆکانە:

لاپەڕە ٣٣ مامۆستا هەژار؛ ٣٥ خاڵەمین؛ ٤١ سەید عەبدولقادری سەیادەت کوڕی حاجی بابەشـێخ؛ ٤٣ و ٥٤ سـەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)؛ ٤٦ سـەید ئەنوری هاشـمی زەمبیـل؛ ٤٧ بیرەوەرییەکانـی خۆی لە ژیان لە ناوچەکەدا؛ ٥٠ گوندی مەحمووداوا و گڕکە دێمیە ناودارەکانی؛ ٥٥، ٥٧، ٥٩، ٦٠ و ٨٠ ناسـر، جەماڵ، کەژاڵ و سـەعادەتی منداڵانی خۆی؛ ٧٥ کۆکە؛ ٨١ سـەید جەمیلی هاشـمی زەمبیل و ١٠١ سـەیفولقوزاتی قازی. شـێعری لاپەڕە ٧٥ تەخمیسـی حەقیقییە لەسـەر شـێعرێکی خاڵەمین، کە تێیدا خاڵەمین دەڵێ: «کۆکە! ئەی جێگە لەدایکبوونم...» حەقیقیش بەو شێوەیە باسی کۆکە دەکا: «کۆکـە! ئـەی ماکی شـێعر دانانم...» و ناوی زۆر گونـدی دەوروبەری کۆکەش دەبا.

بەشـە فارسـییەکەش شـێعرێکی تێدایە کە لاسـایی «کتک و مشـک»ی عوبەیدی زاکانی کردۆتەوە و بەو شێعرە دەست پێدەکا: «بشنو از پیر شهر بوکانا...» (ل ١٨)؛ هەروەها لە شـێعرێکی دیکەدا بە بۆکان و خەڵکەکەیدا هەڵگوتووە و داوای ئەوەی کردووە لە «بەخش»ەوە ببێ بە «شارستان»:

«شـهر بـوکان، ای مهیـن کان هنـر!...» (ل ٢٢). لاپـەڕە ٢٩ و ٣١یـش نامەیەکـی شێعری مامۆستا «عەبدوڕڕەحمان ناسری»یە بۆ حەقیقی و وەڵامی ئەو بۆ ئەم.[١]

١. عەباس حەقیقی، «کۆڵکەزێڕینە، رنگین کمان»، ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی، ورمێ، چاپی یەکەم، ١٣٧٤/ ١٩٩٥، ١٠١ + ٥١ لاپەڕە، کوردی و فارسی.

## کتێبی شێعر و پەخشانی سوارە

سەبارەت بە سوارەی بلیمەت کەمتر نووسراوە و ئەوانەش وا گوتراون، زۆریکیان بینراو و زانراو و سواو و دووپاتکراوەی بابەتی سەرچاوەکانی دیکەن.

ئەگەر کەسانێک لە ژیانی دوابێتن ئەم چەند خاڵەیان لە بیر نەچووە: لە تورجان لەدایکبووە، لە بۆکان چۆتە قوتابخانە، تووشی نەخۆشی هاتووە، لە زانکۆی ماف دەرسی خوێندووە، لە ڕادیۆی کوردی تاران بەرنامەی بڵاوکردۆتەوە، پاشانیش بە نەخۆشیی دوای ڕووداوێکی ترۆمبیل لە نەخۆشخانەیەکی تاران کۆچیدوایی کردووە و لە گوندی «حەمامیان»ی بۆکان نێژراوە.

ئەگەریش باسی شوێنەوارە ئەدەبییەکانیان کرابێ، ئەوا «خەوەبەردینە» و «شار» دێڕبەدێڕ واتا کراونەتەوە یا ئاماژەیەک بە بەرنامەی تاپۆ و بوومەلێڵ کراوە و ئیتر هیچ. کەمتر وا هەیە لە گەوهەری کارەکانی سوارە دوابێتن و بلیمەتیی ئەویان لە بۆچوونە پسپۆڕانەکانیدا دەرخستبێ. من بۆ نموونە، تەنیا دەسنیشانی یەکدوو خاڵ دەکەم کە لە شیکردنەوەکانی شارەزایاندا باسیان نەکراوە و بازیان بەسەردا دراوە یا ئەگەر ئاماژەیان پێکرابێ کەس نەچۆتە قووڵاییانەوە:

١. لە کاتێکدا «شێوەی ئاسایی» ئەمڕۆ ئەوەیە شێعری کوردی بەسەر سێ ڕەوت یا قۆناغی بڕگەیی یا هیجایی، کلاسیک یا عەرووزی و نوێدا دابەش بکرێ، بۆچی و لەسەر کام بنەمای عەینی و کام خەسڵەتی هونەری سوارە توانیویەتی مێژووی شێعری کوردی بکا بە چوار (نەک سێ) شێواز و شێوازی بەیتی لە سێیەکەی سەرەوە زیاد بکا؟[1] کەس لەوەی نەکۆڵێتەوە بزانین جیاوازیی نێوان شێعری بڕگەیی و بەیتی چییە و سوارە بۆچی ئەو دووەی لە یەک جیاکردوونەتەوە؟ قۆناغی بەیت بۆ لە قۆناغی فۆلکلۆری جیاوازە و تایبەتمەندییەکانی هەرکامیان چییە؟ چۆنە کەسی دیکە لەسەر ئەو پێودانە نەڕۆیشتووە و شێعری کوردیی وا وەسف نەکردووە و قۆناغی ئەوتۆی

---

١. «وەزنی عەرووزی و وەزنی بەیتی»، تاپۆ و بوومەلێڵ، نشر پانیذ، تاران، ١٣٧٩/ ٢٠٠٠، لاپەڕە ٢٤٣، کوردی.

پێنەبڕیوە؟ ئایا سوارە، کە شاسوارێکی ئەدەبی فارسی بوو، چەندەی لە شێعر و ئەدەبی کوردی دەزانی و چەندەی سەرچاوەی ئەدەبی کوردی لە بەردەستدا بوو بۆ ئەوەی بگاتە بڕیار و ئەنجامێکی وەها گرنگ؟

٢. بەکورتی، سوارە ئەو دابەشکردنەی لەسەر بنەمای کام زانست و شارەزایی دانا؟ ئایا ئێمە دەتوانین بۆچوونەکەی بە هەند وەربگرین؟ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکە بە ئەرێ بدەینەوە، بۆچی دوای چل و چەند ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو کاتەی وا سوارە بابەتەکەی لە بەرنامەی «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی ڕادیۆی کوردیی تاراندا ڕاگەیاند، کەس شوێنی قسەی ئەوی نەگرت و بۆی لە مل نەدا و لە پەسندیدا هیچی نەنووسی؟ ئەگەریش وەڵام نەرێنی بێ، بۆچی کەس بۆچوونەکەی ئەوی نەخستە بەر نەشتەری ڕەخنە و هۆکاری دانەدواوەی هەڵسەنگاندنەکەی ئەوی ڕانەگەیاند؟

٣. مێژووی هەموو نەتەوەیەک دەچێتەوە سەر بنەمایەکی میتۆلۆژیک (ئوستوورەیی) تایبەت بەو گەلە. نەتەوە بەبێ ئوستوورە نابێ. ئەوەی ڕاستی بێ، سوارە خەریکی ئەفراندنی میتۆلۆژی کوردی بوو یا ئەگەر لەسەر ئەو بڕوایە بین کە سوارە میتۆلۆژی کوردیی نەئەفراندووە بەڵکوو «کەشف»ی کردوون وەک ئەو هەوڵانەی وا لە ڕێگای تێکەڵ کردنی بەیتی «سەیدەوان» و «لەشکری» لەگەڵ ئەفسانە، پرسیار ئەوە دەبێ بۆچی کەس دانی بە کارەکەیدا نەنا و شوێنی ڕێبازی ئەوی نەگرت، لە ئەنجامدا هەوڵی ئەویش بێئاکام و لە توێی کتێبێکدا قەتیس مایەوە و نەچووە نێو کۆمەڵانی خەڵک و نێو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە.

٤. ئێمە هەموومان ڕۆڵەی سەردەمی خۆمانین. سوارە، لە سەردەمێکدا دەژیا کە پەتای ڕیالیسمی سوسیالیستی ستالین بە تانوپۆی هونەری چەپی ئێراندا گەڕابوو. ئەویش وەک هەزارانی دیکە، بەتەواوەتی لەژێر کارتێکەریی ڕیالیسمی سوسیالیستیدایە و هەموو شوێنەوارێکی هونەری و ئەدەبی بەو گەز و ڕبەیە دەپێوێ ئەوانی تریش سووک و هاسان دەداتە دواوە. ئەوە فەزای فکریی ساڵانی ٦٠ی زایینیی ڕووناکبیرانی چەپی ئێرانە بە کوردیشەوە. ئێستا، چەند

دەیە دوای ئەو ساڵانە، دەزانین ئەو یەکلابینی و دوگمە لە هونەردا جێی نابێتەوە و زەینی هونەرمەند لە ئازادیی بێسنووردا نەبێ گوڵ ناکا. هەڵوێستی سوارە لەم بوارەدا پێویستی بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتن هەیە، بەڵام گەلۆ ئەو کارە کراوە؟ بە دڵنیایی، نا!

من ئەم سێ نموونەیەم هێنایەوە کە بڵێم سوارە بیرمەندێکە کۆمەڵگای کورد و مێژووەکەی لەلایەک، سیاسەت و بەختەوەریی دواڕۆژی لەلایەکی دیکەوە دەناسی و توانای ئەوەی هەبوو سەرەهەودای هەردووکیان پێکەوە ببەستێتەوە و لە دیرۆکەوە بۆ سیاسەت و لەوێوە بۆ بەختەوەریی میللەتەکەی بچێ. گەلێک گەوهەری شاراوە، بەتایبەت لە نووسینەکانیدایە و دۆزینەوە و شیکردنەوەیان ئەرکێکی گرنگی نەوەی هاوتەمەنی ئەو، بەتایبەت ناسیاوان و دۆستانی نزیکییەتی. دووپات کردنەوەی قسەی گوتراو هیچ ئاوێکی پێ گەرم نابێ!

**

کتێبی کاک محەممەدی بەهرەوەر یەک لە دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانە بۆ ناسینی سوارە کە من چاوم پێیان کەوتبێ، ئەو خاڵانەش وا لە سەرەوە باسم کردن، لە گرنگایەتیی کاری ئەو کەم ناکەنەوە. کتێبەکە، کۆمەڵەی هەندێک وتار و وتووێژە لەگەڵ چەند کەسایەتی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کاک سەلاحوددینی موهتەدی، وەک نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئەدەبی و هاوسوحبەتی سوارە، بەهۆی خزمایەتی و دۆستایەتییەوە، سوارەی لە نزیکەوە ناسیوە، ژیانی بنەماڵەیی و هونەری ئەوی ڕۆژانە بینیوە، بە دانیشتن و قسەوباس و تەنانەت بە نامە، لەگەڵیدا پێوەندی هەبووە، پێش بڵاوبوونەوەی شێعر و نووسینەکانی، لێی کۆڵیونەتەوە و ڕەخنەی لێگرتوون. کەسێکی وا دەبێ باشترین کەس بێ لە سوارە بدوێ، هەرواشە. نزیک بە ١٠٠ لاپەڕە لە ٤٠٦ لاپەڕەی کتێبەکە تەرخانی وتووێژی جیاوازی مێدیای کوردی لەگەڵ ئەو کراوە.

خوێنی شێعری «خەوبەردینە» بە تانوپۆی کتێبەکەدا گەڕاوە و زۆربەی نووسەرانی وتارەکان ئاوڕێکیان لەو شێعرە داوەتەوە. جگە لە کاک سەلاح، وتارێکی

نەمر مارف‌ئاغایی کە سەرەتا لە گۆڤاری سرووەی ورمێدا چاپ بووە و ناوی «لێکدانەوەی خەوەبەردینەیە»، ڕەخنەی مامۆستا ئەحمەدی قازی بەناوی «هێندێک تێبینی لەسەر لێکدانەوەی خەوەبەردینە»ی بەشوێن‌دا هاتووە و ئینجا «وەڵامی ڕەخنە»ی کاک مارف لە درێژەی کارەکەدایە.

جیا لە خەوەبەردینە، بەشێک لە لاپەڕەکانی کتێبەکە بۆ لێکۆڵینەوەی شێعری «شار»ی سوارە تایبەت کراوە و سەلاحەددینی ئاشتی، مارف‌ئاغایی و باوکی تارا ئاوڕیان لە «شار»ی سوارە داوەتەوە. جگە لەوان، ئەحمەد شەریفی، عومەر ئێلخانی (برای شاعیر)، هێدی، جەلال مەلەکشا، عەزیز کەیخوسرەوی، فاتح شێخولئیسلامی، عومەری سوڵتانی (وەفا) و... هەرکام یەک یا دوو بابەتیان سەبارەت بە ژیان و ئاسەوارەکانی سوارە نووسیوە یا وەڵامی پرسیاری سەبارەت بەویان لە وتووێژدا داوەتەوە. کۆکەرەوە و ئامادەکاری کتێبەکەش بە دوو وتار بەشداریی ئەم هەرەوەزەی کردووە.

کتێبەکە دەرەتانێکی باشە بۆ ناسینی سوارەی شاعیر و پەخشان‌نووس لە ڕوانگەی نووسەرانی جیاجیا بە بۆچوونی جیاوازەوە. هەروەها کتێبەکە بۆ مێژووی ئەدەبی بۆکان گەلێک بەنرخە و نەک هەر کاک سوارە خۆی بەڵکوو کاک سەلاحوددینی موهتەدی و کاک عومەری ئێلخانی (برای کاک سوار) و کاک عەبدولخالقی یەعقووبیش خەڵکی شارەکەن.

بەداخەوە پەتای چاپەمەنی کوردی، واتە هەڵەی چاپ یەخەی ئەم کتێبەشی قورس و قایم گرتووە و کەمتر لاپەڕەیەک دەبینی کە ئەو هەڵە چاپییانە بڕستی لێ‌نەبڕیبێ. بنکە چاپەمەنییە کوردییەکانی باشووری کوردستان ڕوون نییە بۆچی ئاوڕێک لە کارەکە نادەنەوە و بە دەسنیشان کردنی هەڵەبڕێکی وردبین بەرگری لەو پەتا پیسە ناکەن.[1]

١. محەممەد بەهرەوەر، «شێعر و پەخشانی سوارە، لێکدانەوە و شی‌کردنەوەی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانی‌زادە»، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەممەد بەهرەوەر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١١، ٤٠٦ لاپەڕە، کوردی.

## تاپۆ و بوومەلێڵ[١]

دەوری سوارەی ئێلخانی‌زادە لە مێژووی ئەدەبی کوردی‌دا تەنیا بەوە ناوەستێ کە یەکەم یاخود یەک لە یەکەمین کەسەکان بووبێ شێعری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوێ کردبێتەوە. سوارە لە بواری «پەخشانی ئەدەبی» و «پەخشانەشێعر» نووسین‌دا لە یەکەمینەکان بووە، نەک لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە هەموو کوردستان. لەوە زیاتر، سوارە ڕەخنەگری ئەدەبی، توێژەر و نووسەری «مێژووی ئەدەبی کوردی»ش بووە. هەموو ئەوانە لە بەرنامە ڕادیۆیی‌یەکانی‌دا دەردەکەوێ و دەزانرێ لە چ ڕادەیەکی بەرز بەو بوارانەدا تێپەڕ بووە و بە چ شارەزایی و لێزانییەکەوە چۆتە گۆڕەپانی هەڵسەنگاندن و تەفسیر کردن و ناساندنی مێژووی ئەدەبی کوردی لە نالی و بێخودەوە بگرە تا گۆران و دوای ئەویش.

بەختەوەرانە ئێستا بەشێک لەو وتارە بەپێزانەی وا «کاک سوار» لە ڕادیۆی کوردیی تارانەوە دەیخوێندنەوە لە بەرگێک کتێبدا بڵاوبوونەتەوە بەناوی «تاپۆ و بوومەلێڵ»، کە سەرجەمی ٦٠ وتاری گرتۆتەبەر. لە بیرمان نەچێ سوارە ئەم وتارانەی لە بارودۆخێک‌دا دەنووسی کە نەک هەر خۆی لەژێر چاوەدێریی بەردەوامی ساواک‌دا بوو، بەڵکوو بەرنامەکان بۆ شوێنێک دەنووسران و لە شوێنێک دەخوێندرانەوە کە ڕژیمی شا، چاوەدێریی ورد و چەند لایەنەی بەسەردا دەکرد. من خۆم کە بەختی ئەوەم هەبوو دۆستێکی بچووکی سوارە و نەک دۆست، شاگردی نەزانی بەردەمی ئەو مامۆستایە بم، ڕۆژێک لە ماڵەکەی لە تاران دانیشتبووم دوو وتاری بەڕواڵەت هاوچەشن و بەنێوەرۆک جیاوازی بۆ خوێندمەوە، کە یەکیانی بۆ ڕادیۆ نووسیبوو و بەشێک بوو لە «تاپۆ و بوومەلێڵ»ەکەی، ئەویتریانی بۆ دڵی خۆی و بە دڵی خۆی نووسیبوو، کە دەیگوت ئەگەر ئازادی هەبوایە، ئەوەیانم دەنووسی؛ کوجا بەر کوجا!

---

١. سوارە ئێلخانی‌زادە، «تاپۆ و بوومەلێڵ»، پێداچوونەوەی سەلاحەددینی عەرەبی [ئاشتی]، سەرەتا نووسینی عومەر ئێلخانی، بنکەی بڵاوکردنەوەی پانیذ، تاران، ١٣٧٩/ ٢٠٠٠، ٣٩٣ لاپەڕە، کوردی.

هەر چۆنێک بێ، تەنانەت ئەمڕۆ، ٤٥ ساڵێک دوای بەرنامەکانی «تاپۆ و بوومەلێڵ»، بەداخەوە نە ئەو «مێژووی ئەدەب»ەی کە لەم سالانەدا لە باشووری کوردستان بڵاوکرایەوە و نە بەشی زۆری ئەو وتارە و کتێبانەی وا سەبارەت بە ئەدەبی کوردی و بەتایبەت شێعری کوردی دەنووسرێن، هیچکامیان ناتوانن شان لە شانی «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی سوارە بدەن، بەتایبەت لە وردبوونەوە و شۆڕبوونەوە بە ناخی ڕۆحی شاعیرەکاندا، مخابن!

ئەم وتارە بۆ ناساندنی «بۆکان»ە لە کتێبی «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی سوارەی ئێلخانیزادەدا.

تانوپۆی «تاپۆ و بوومەلێڵ» چنراوی بۆکانە: نووسەرەکەی بۆکانییە، لە تورجان لەدایکبووە (١٣١٦/ ١٩٣٧) لە قەرەگوێز و بۆکان دەرسی خوێندووە و لە دێی حەمامیان نێژراوە (١٣٥٤/ ١٩٧٥)؛ بنەماڵەکەی ئاغا و خاوەن موڵکی بۆکان و دەوروبەری بوون و هەر لەوێش ژیاون.

جگە لەوانە، سوارە لە فەزای کۆمەڵایەتی ـ هونەریی بۆکاندا گۆش کراوە و نووسینەکانی ئاویان لەو سەرچاوەیە هەڵمژیوە، زمانی دوان و قسەکردن و نووسینی بۆکانییە، باوەکوو بە دابی سەردەم هەوڵی داوە بە زمانێکی پێوەری کوردی بنووسێ کە زیاد لە هەموو شوێنێک مۆرکی ناوچەی سلێمانی لەسەر دراوە، بەڵام سوارە ئەم کارەشی بە شارەزایی کردووە ـ وەک هەنگاوێک بۆ یەککاسە کردن و ڕەچاوکردنی پێوەر بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و دروست بوونی زمانی فەرمی ـ کە بەختەوەرانە ئەمڕۆ گەلێک لە سەردەمی ژیانی کاک سوار چۆتە پێشەوەتر و ئەگەر دووبەرەکی و خۆخۆشەویستی لێبگەڕێ بەرەو ئاقارێکی پێشکەوتووتر دەئاژوێ.

«تاپۆ و بوومەلێڵ» جگە لەوانە، ڕاستەوخۆش چۆتە سۆراغی بۆکان و ناوچەکەی و کەسایەتییە بۆکانییەکانیش لە کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە:

ـ وەڵامی کاک حەسەنی سوهرابی (سەبا)، قوتابیی دەبیرستانێکی بۆکان، لاپەڕە ٣٥؛

- وەڵامی ڕەخنەگرتنەکانی کاک ڕەحیم بەهرامزادە لە بۆکانەوە، لاپەڕە ۳۶۵؛
- چیرۆکی «ئاسۆ ڕوونە»، کە دەبێ بە تەسویرکێشانی شاری بۆکان و حەوزەگەورە و خوڕێنک بێ، لاپەڕە ۱۶۵؛
- «نووری، شاعیری خەم»، کە ناساندنێکی شاعیری ناوداری بۆکان کاک محەممەد نووری (عەتری گلۆڵانی)یە، لاپەڕە ۳۲۱؛
- «محەممەد سەددیقی مەحموودی بەشوێن مامۆستا گۆرانەوە»، هەڵسەنگاندنی شێعرێکی مەحمموودی، کە لەدایکبووی گوندی پاشبڵاغی سەر بە بۆکانە. لاپەڕە ۲۱۵؛

بەرنامەی «تاپۆ و بوومەلێڵ» بەگوێرەی نووسینی سوارە خۆی (لاپەڕە ۲۳۵) لانیکەم ۵ ساڵ بەردەوام بووە.

مخابن ئەم شوێنە بۆ لێدوان سەبارەت بە ڕوانگەی سوارە سەبارەت بە ژیان، مەرگ، خەبات، بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هونەر، پەخشان، شێعر و هتد گونجاو نییە. سوارە، شۆڕەسواری هەموو ئەو گۆڕەپانانە بوو. یادی بە خێر بێ![1]

۱. بەختەوەرانە ساڵی ۲۰۱۴، سەرجەم بەرهەمەکانی سوارە بە شێعر و پەخشانەوە بەناوی شەنگەسوار لەلایەن دەزگای غەزەلنووسەوە لە سلێمانی بڵاوکرایەوە، ئەم بەرهەمە کاک عومەری ئێلخانی برای سوارە کۆی کردۆتەوە و کاک سەلاحەددینی ئاشتی ئامادەی کردووە و پێیداچۆتەوە. (۶۴۴ لاپەڕەی کوردی ـ فارسی).
ساڵی ۲۰۲۰ کتێبی شەنگەسوار (ئامادەکردنی سەلاحەددین ئاشتی) لەلایەن چاپەمەنیی کوردستانەوە چاپکراوەتەوە و بە سەرچاوەیەکی تەواو بڕواپێکراو دادەنردێ، هەم بە باری ڕێکخستن و ڕێکوپێکی و نێوەرۆکەوە و هەم بە باری ڕێنووسیدا. (٦٤٦ لاپەڕەی کوردی ـ فارسی).

## سوارەی ئێلخانیزادە و هەندێک لایەنی کەمتر باس‌کراوی ژیان و کارەکانی

لەسەر خواستی دۆستێکی خۆشەویست، ئەم وتارەم ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٠ نووسی و ناردم بۆ برادەرێکی بەڕێز کە ئەو دەیناسی، بەڵام من نەمدەناسی، بۆ ئەوەی بەشێک بێ لەو لێکۆڵینەوەی وا سەبارەت بە نەمر سوارەی ئێلخانیزادە دەیکرد. چەند ڕۆژ پێش ئێستا وتارەکەم بە چاپکراوی لە یەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ چاپی سلێمانیدا بینی وا بزانم هی هەمان ساڵی ٢٠١٣ بوو. هەندێک شوێنی وتارەکە لە چاپکردندا قرتا بوون کە دڵنیام هەڵەی تایپ و دیزاین نەبێ شتێکی تر نەبوو. لە هەندێک شوێنی تریشدا چەند هەڵەی بچووک ڕووی دابوو کە بەلای منەوە و بۆ نێوەرۆکی وتارەکە گرنگ بوون. بۆ نموونە، نووسیبووم ئێمە لە بۆکان کاک سوارەمان بە «کاک سوار» بانگ دەکرد و منیش لە ساڵانی ژیانی تاراندا هەر کاتێک چاومان بە یەکتر بکەوتایە هەر بە کاک سوارم بانگ دەکرد، بەڵام لە چاپی ڕۆژنامەکەدا ئەوانەش ببوون بە کاک سوارە و ڕستەکان واتایان نەمابوو. هەر بۆیەش بە سپاسی زۆر لە دۆستی خۆشەویستم و ئەو برادەرە نەناسراوە جێگەی ڕێزە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لێرەدا جارێکی دیکە وتارەکە بڵاو دەکەمەوە. یەکدوو خاڵ لە وتارەکەدا هەن کە هیوادارم بکەونە بەر سەرنجی لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی.

دوای بڵاوبوونەوەی وتاری پسپۆڕانەی کاک سەلاحوددینی موهتەدی لەسەر ژیان و بەرهەمی شێعریی کاک سوارە لە گۆڤاری «مامۆستای کورد» لە هەشتاکاندا، بزووتنەوەیەک بۆ ناسین و ناساندنی سوارە دەستی پێکرد و لێرەولەوێ چەند وتارێک نووسران و بڵاوبوونەوە و دوایین کاری بەرچاوی بوارەکەش کتێبی کاک محەممەدی بەهرەوەر بوو کە ساڵی ٢٠١١ بڵاوببۆوە و چەند وتاری باشی گرتبووە بەر.[1]

---

١. محەممەد بەهرەوەر، «شێعر و پەخشانی سوارە، لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانیزادە»، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەممەد بەهرەوەر، بڵاوکراوەی

شایانی باسە، چ لە وتارەکانی نێو کتێبی بەهرەوەر و چ لەو سەرەتایانەدا کە بۆ چاپی کتێبەکانی سوارە نووسراون (بۆ نموونە: «تاپۆ و بوومەلێڵ» و «خەوەبەردینە») هەندێک بابەت هەن کە دووپات و دووپات دەبنەوە و ئێمە چەند بابەت بە قەڵەمی چەند کەس دەخوێنینەوە کە پێشتر بە هەندێک جیاوازییەوە لە زمان کەسانی دیکەوە بیستوومانن. بۆ نموونە شیکردنەوەی دوو پارچە شێعری «خەوەبەردینە» و «شار» کە ئیتر خەریکە دەبێتە بنێشتەخۆشکە و کەمتر وا هەیە دیاردەیەکی نوێ و هەڵسەنگاندنێکی پێشتر نەگوتراویان تێدا بێ. ئەوەش لە کاتێکدایە ٣٧ ساڵ دوای کۆچی بێوادەی سوارە لە ١٩٧٦،[١] هێشتا گەلێک لایەنی ژیان و ئاسەوارەکانی باسیان نەکراوە یان بە سووکە ئاماژەیەک بازیان بەسەردا دراوە.

با لەپێشدا دۆخی خۆم لەم ڕووەوە ڕوون بکەمەوە. من لە چەند دەرفەتی جیاوازدا کاک سوارم ناسیوە:

- یەکەم، کاتێک کە دوای نەخۆشییەکی دوو ساڵە و کەوتن لە جێگادا گەڕایەوە سەر خوێندنەکەی و لەگەڵ ئێمەی لە خۆی کەمتەمەنتردا بوو بە هاوپۆلی قوتابخانەی ناوەندیی شاری بۆکان لە قەڵای سەردار؛
- دووهەم، ئەو دەمەی کە بۆ درێژەی خوێندن چوو بۆ تەورێز و تاران، بەڵام لە پشووی نەورۆز و هاویندا دەهاتەوە بۆکان و سەردانی دووکانی کتێبفرۆشیی کاکم ـ عومەری سوڵتانی (وەفا) ـ ی دەکرد؛
- سێهەم، ئەو ساڵانەی وا لە تاران خوێندکاری زانکۆی حقووق بوو و منیش لە کوردستان دوورخرابوومەوە و لە تاران خوێندکاری زانکۆی ئەدەب بووم، وەک مامۆستاش لە قوتابخانەکانی «شەهریڕەی» وانەم دەگوتەوە، جاروبارەش سەردانی ماڵی کاک سوارم دەکرد.

با هەر لێرەدا و پێش هەموو شتێک یەک مەسەلە ڕوون بێتەوە: لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە شانازیی ناسین و دۆستایەتیی کاک سوارم هەبووە، هەمیشە

---

ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١١، ٤٠٦ لاپەڕە، کوردی.

١. سوارە ٣٧ ساڵ ژیا و ئێستاش ٣٧ ساڵ بەسەر کۆچیدواییدا تێپەڕ دەبێ. چ هەڵکەوتێک!

وەک قوتابییەک لە بەردەم مامۆستاکەم دانیشتووم و شتی لێ فێر بووم و لە ڕاستیدا وانەی ئەدەب و سیاسەتم لەلای خوێندووە. بەکورتی نامەوێ ئێستا کە ئەو بەجێیهێشتووین خۆم بکەم بە برابەش و دۆست و ڕاوێژکاری؛ لە ڕاستیدا ئەو بە کیلۆمیتر و مایل لە پێش منەوە بوو و جگە لەوەی بە شێوەیەکی یەکلایەنە کتێبی پێدابێتم، باسی سیاسی و هونەریی بۆ کردبێتم و شێعر و بابەتی نووسراوی خۆی بۆ خوێندبێتمەوە، من نووسراوێک و شێعرێکم نەبووە لە ڕووم هەڵبێ بۆ ئەوی بخوێنمەوە. با خوێنەر ئاگاداری ئەم خاڵە بێ و ئەگەر لە درێژەدا قەڵەمم هەڵخلیسکا و بەپێچەوانەی ئەوە شتێکم نووسی، بزانێ ڕاستم نەگوتووە. ئەوەش بڵێم ئێمە لە بۆکان سوارەمان بە «کاک سوار» بانگ دەکرد و من لە تارانیش هەر بەو شێوەیەم بانگ کردووە، پێم خۆشە لێرەشدا لەسەر ئەو ڕێچکەیە بڕۆم و دۆست و مامۆستاکەم بە کاک سوار ناوبەرم.

دوای ئەم سەرەتایە دەچمە سەرباسی ئەو لایەنە گرنگانەی کار و ژیانی کاک سوار کە لە سەرچاوەکاندا باسیان نەکراوە یان بە سووک و سانایی ئاماژەیەکیان پێکراوە و ڕۆیشتوون:

بڕ: سەرەوەتر، لاپەڕە ٥٤٠.

## ئەفراندنی میتۆلۆژی بۆ گەلی کورد

سوارە بە بڕوای من ئەو ڕاستییانەی زانیوە کاتێ لە بەیتی «سەیدەوان»دا باسی عەلیبەگی داسنی (واتە ئیزەدی)، باوکی سێ کوڕەکە دەکا و بەو پێیە دەبێ هەرسێ کوڕەکەش هەر ئیزەدی بووبێتن. ئەو بە دەستەقەسەد چۆتە سۆراغی ئەو بەیتە و بەیتی «لەشکری» کە ئەمیان لە دژایەتیکردنی «بڵحەڕۆمییان»دا خوڵقاوە و بزوێنەری هەستی نەتەوایەتی کوردە دژ بە یەکێ لە داگیرکەرانی خاکەکەی.

ئەم هەڵوێستانە شایانی ناسین و ناساندنن، بەڵام کاری ئەوتۆیان لەسەر کراوە؟ نا!

## ڕیالیزمی سوسیالیستی

مرۆڤ ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی. سوارە لە سەردەمێکدا دەژیا کە پەتای ڕیالیزمی سوسیالیستی بە تەفسیری ستالینییەوە، تان‌وپۆی هونەری ڕووناکبیرانی چەپی ئێرانی تەنیبوو. سوارەش وەک زۆرێکی دیکە، بەتەواوەتی لەژێر کارتێکەریی ریالیزمی سوسیالیستی‌دا بوو و هەموو شوێنەوارێکی هونەری و ئەدەبغی بەو گەز و ڕبەیە دەپێوا و شێواز و ئوسلووبەکانی دیکەی سووک و هاسان دەدایە دواوە. ئەئە فەزای فکریی سالانی ٦٠ی زایینی ڕووناکبیرانی چەپی ئێران بوو بە کوردیشەوە.

ئێستا، چەند دەیە دوای ئەو ساڵانە، دەزانین ئەو دوگم و یەک‌لابینییە چۆن بوو بە مێردەزمەی ئەدەب و هونەری سۆڤیەت و گەلانی شوێنکەوتووی سیاسەتی ئەوان. یەک‌لابینی لە هونەردا جێی نابێتەوە و زەینی هونەرمەند لە ئازادیی بێ‌سنووردا نەبێ گوڵ ناکا. هەڵوێستی سوارە لەم بوارەدا پێویستی بە شی‌کردنەوە و ڕەخنەلێ‌گرتن هەیە، بەڵام ئایا ئەم کارە کراوە؟ بە دڵنیایی، نا! سەیرێکی کتێبی تاپۆ و بوومەلێل ئەو ڕاستییەمان بەباشی بۆ دەردەخا.

من ئەم سێ نموونەیەم هێنایەوە بۆ ئەوەی بڵێم سوارە بیرمەندێکی کۆمەڵگای کورد بوو کە سیاسەتی جیهانیی دەناسی و توانای ئەوەی هەبوو سەرەهەودای هەردووکیان پێکەوە ببەستێتەوە و لە ئەدەبەوە بۆ مێژوو و لەوێوە بۆ سیاسەت، لە سیاسەتیشەوە بۆ بەختەوەری میللەتەکەی بچێ. گەلێک گەوهەری شاراوە بەتایبەت لە نووسینەکانی سوارەدایە و دۆزینەوە و شی‌کردنەوە و سەیقەل‌دانیان ئەرکێکی گرنگی ئەوەی هاوتەمەنی شاعیر، بەتایبەت ناسیاوان و دۆستانی نزیکییەتی. دووپات‌کردنەوەی قسەی گوتراو هیچ ئاوێکی پێ گەرم نابێ!

## ژیانی بنەماڵەیی

بابەتێک سەبارەت بە کاک سوار کە گەلێک کەم باسی کراوە، ژیانی شەخسی و بنەماڵەیی‌یەتی. هاوسەری کاک سوار ژنێکی وەفادار، دلسۆز و دڵگەورە بوو کە لەگەڵ هەموو قیل‌وقاج و سووڕ و چەرخێکی ژیانی مێردەکەی‌دا هەڵیکرد و پێی

وەفـادار مایـەوە. هاوسـەرەکەی تورکـی ئازەربایجانی بوو و هەر لـە منداڵییەوە لە بۆکان گەورە ببوو و کوردی قسەکردنەکەی لە کوردێک چاکتر بوو.

زەماوەندی کوڕە ئاغای سـەرەکهۆزێکی عەشـیرەتی دەسڕۆیشتووی دێبوکری لە ئەندامانی ڕەعیەت و خەڵکی ئاسایی شار، ئەویش عەجەم، لەو سەردەمەدا کارێک بوو کە پێشـتر نەکرابوو و سـوارەی ڕچەشکێنی بێزار لە پەیوەندە دەرەبەگایەتی و عەشـیرەتییەکان، بـۆ یەکـەم جار لـە مێژووی عەشـیرەتەکەیاندا کردی. هاوسـەرە بەئەمەگەکـەی لەگـەڵ میوانداریـی زۆری خـزم و کەسوکار و دۆسـت و برادەر و ناسـیاوی هاوسـەرەکەیدا هەڵیکرد و بەوپەڕی وەفا و ڕێـز و چاوەدێری کردنەوە تاسەر لەگەڵی مایەوە و «بابەک»ی کوڕیانی گەورە کرد.

ئەوە ڕاستییەکی شاراوە نییە کە کاک سوار لە ماوەی هاوسەرایەتی هاوژینەکەیدا لە تاران هاوڕێیەکی کچی دیکەشـی هەبوو کە زۆری خۆش دەویسـت و شێعری بۆ دەگوت و بەدەوریدا دەهات (گرنگ نییە مارەی کردبێ یان نا)، بەڵام هاوسەرەکەی لەگەڵ ئەم نامولایمە و گەلێک نامولایمی دیکەی وەک دەستەنگی و کەمداهاتی و لە عەینی کاتدا دڵاوایی و دەستبڵاویی کاک سوار هەڵیکرد.

دیارە من نە ئەو هاتوچۆ زۆرە و نە ئەو پەیوەندییە نزیکەم لەگەڵ کاک سـوار هەبوو هەواڵی تەواوم لە ژیانی بنەماڵەی هەبێ، بەڵام لەو هاتوچۆ کەمەدا کە بوومە، هاوسەرەکەیم وەک مرۆڤێکی خەمخۆری کاک سوار ناسی. «بابەک»ی تاقانەی کاک سواریش یادی بەخێر بێ، لەو ساڵانەدا کۆرپەیەک بوو و من جگە لەوەی چاوم پێی کەوتبێ هیچم سەبارەت بەو لە بیر نییە.

ئەوە ئەرکی کاک سەلاح و خەڵکانی دیکەی بنەماڵەکەیانە لەسەر ئەم لایەنانەی ژیانی کاک سوار، بەتایبەت کارتێکەریی هاوڕێ کچەکەی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیر بکۆڵنەوە و بنووسن. ژیانی «بابەک»یش هەڵگری ئەوە هەیە کە بابەتی لەسەر بنووسرێ و ئیجازە نەدرێ لەژێر ناوی ناوداریی باوکیدا فەرامۆش بکرێ و لە دواڕۆژدا کەس بە هەواڵی نەزانێ. هیوادارم تابۆی عەشیرەیی لەوە زیاتر بەرگر نەبێ لەو پێداویستییە گرنگانەی سەرەوە کە یەکی وەک من بەتەواوەتی هەستی پێدەکا.

ژیانـی کەسـایەتیی گـەورەی مێـژووی هەمـوو میللەتێـک ئەوەنـدە «بوعـد»ی زۆری هەیـە کـە لێکۆڵینەوەیان هاسـان نییـە و دەتوانرێ لەسـەر هەرکامیان کتێبی

سـەربەخۆ بنووسـرێ. هیوادارم ئەوانەی وا لەسەر کاک سوار لێکۆڵینەوە دەکەن و بابـەت دەنووسـن تەنیـا پەنـا نەبەنـە بـەر بیـرەوەری گێڕانـەوەی بێئەنجـام یـان دووپاتکردنەوەی قسەی وێژراو و سواو و شێعری شار و خەوەبەردینە و تەواو! ژیان و ئاسەوارەکانی کاک سوار زۆری بە بەرەوەیە و کاری زۆری دەوێ.

سوارە بە حیسابی ساڵ، ئەم جیهانەی گەلێک زوو بەجێهێشت و تەنیا ٣٧ ساڵ ژیـا، بەڵام بە حیسـابی کارتێکەریی لەسـەر ئەدەب و مێـژووی گەلەکەی، ڕێگایەکی دووری بڕی، بە شـێوەیەک کە بۆ زۆر کەس ئەسـتەمە بە تۆزی ڕێگەشی بگەن یان لە باسی شێعر و پەخشانی کوردیدا بیکەن بە ژێر لچەوە. ئەو بەکردەوە پیشانیدا «چۆن بژی» بۆ مرۆڤ لە «چەندە بژی» گرنگترە.

یادی بەخێر بێ!

لەندەن، ٢٠١٣/٥/١٠

## شوێنەواری نادیاری سوارە

لە ژمارە ١ی گۆڤاری پەیڤ چاپی لەندەن (مارسی ١٩٨٦)دا، وتارێکی سێ لاپەڕەیی بەناوی «سوارە و شێعری ڕەسەنی کوردی»یەوە بڵاوبۆتەوە کە نووسەرەکەی بە «أ.ش» ڕاگەیەندراوە. ئەوەندەی بزانم، «أ.ش» کورتکراوەی ناوی ڕێزدار ئەحمەدی شەریفییە.

نووسەر لە وتارەکەدا ئاماژەی بە ١٢ بابەتی نووسراوی کاک سوار کردووە و گوتوویەتی: «ئەوانە لەلای من هەن و ئەمن توانیومە کۆیان بکەمەوە:

- ژمارە ١ بریتییە لە ١٠ پارچە شێعر، بەڵام نەگوتراوە کام شێعر؛
- ژمارە ٢ تا ١٠ واتە نۆیان، کورتەچیرۆکن (بڕواننە لاپەڕەکانی پەیوەست)؛
- ژمارە ١١ بریتییە لە «هێندێک بەرنامەی تاپۆ و بوومە لێڵ» کە نەگوتراوە چەند بەرنامە و کامیان؛
- ژمارە ١٢ش «هێندێ شێعر و وتاری فارسین کە سەبارەت بە کورد و دۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان نووسراون.»

لە کۆتایی وتارەکەشدا نووسراوە: «ڕەنگە بەگشتی شوێنەواری سوارە کە لەلای منن، ١٠٠٠ لاپەڕەیەک ببن.»

ئێستا ساڵی ٢٠١٤یە و ٢۶ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی وتارەکەدا تێدەپەڕێ. من ئاگادار نیم لەو ماوەیەدا کاک ئەحمەدی بەڕێز کامیەک لەو بەرهەمانە و چەند لاپەڕە لەو هەزار لاپەڕەیەی بڵاوکردۆتەوە یا خود کامیانی داوەتە خەڵکانی دیکە بڵاوی بکەنەوە. من خۆم هیچ کتێب یان نامیلکەیەکی سەربەخۆی نووسەرم لەو بابەتەدا نەبینیوە گەرچی وا هەیە بووبێ و من چاوم پێی نەکەوتبێ؛ بە دەسپاکییەکیش کە لە کاک ئەحمەددا سۆراغم هەیە هەست دەکەم دەبێ بەشێکیان لێرەولەوێ بڵاوبووبێتنەوە. ئەگەر نا، دەبێ هەموو لایەکمان تکا لە کاک ئەحمەد بکەین ڕێی بڵاوبوونەوەیان خۆش بکا و خەڵکی تامەزرۆی نووسینەکانی کاک سوار و مێژووی

ئەدەبی گەلەکەمانیان لێ بەش نەکا.

سوارەی ئێلخانیزادە گەنجینەیەکی نەتەوایەتیی گەلی کورد بوو و بەرهەمەکانی هی هەموو گەلەکەمانە، هەر بۆیەش لە کەسایەتییەکی بەرپرسی وەک کاک ئەحمەدی شەریفی چاوەڕوان دەکرێ هەرچییەکی لە بەردەستدایە، بە پاراستنی مافی کۆپیڕایتسسی خۆی، بیانگەیەنێتە دەست خوێنەر، بەتایبەت کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکە بە شێوەیەکە هەردەم مەترسیی ئەوە هەیە مەلایەکی لابەلا یان پاسدار و بەسیجییەکی ئیمامی زەمان، لەجیاتی خودی ئیمام، لە ماڵی خەڵکدا زهوور بفەرموون و بەناوی چەپی و سەلەفی و هەر ناوێکی دیکەوە، چییان پێ خۆش بێ چەپاوی بکەن و بیخەنە چاڵی جەمکەرانەوە. جا کاک ئەحمەد گیان تا ئەوە ڕووی نەداوە، هیممەتێک!

لێرەدا کۆپیی لاپەڕەکانی پەیڤ بۆ ئاگاداریی خوێنەر دەخەمە بەرچاو.

٢٠١٤/١١/٢٢

**دوو ڕوونکردنەوە:**

ئەم وتارە کورتەی من پێشتر لە چاپەمەنییەکی کوردیی چاپی لەندەندا بڵاوبۆتەوە، کە بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نییە و زۆر وا هەیە چاپەمەنییەکی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی بووبێ لە لەندەن. هیوادارم ئارشیڤی نووسراوەکانی کاک ئەحمەد پارێزرابێ و کەسوکاری بەڕێزی مامۆستا لە دەرفەتێکی گونجاودا بیخەنە بەرچاو.

بۆ ئاگاداریی خوێنەر، کاک سوارە لە گوندی «تورجان»ی نێوان سەقز و بۆکان لەدایکبووە نەک شاری سەقز کە لە بابەتەکەی کاک ئەحمەد شەریفیدا هاتووە؛ ساڵی لەدایکبوونیشی دەگوترێ ١٣١٦یە. یادی مامۆستایان سوارە و ئەحمەدی شەریفی بەخێر بێ!

# سوارە و شیعری ڕەسەنی کوردی

أ.ش

سوارە کوڕی ئەحمەد ئاغای ئێلخانی لە ساڵی ١٣٢٠ ی هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سەقز و بۆکان و تاران تەواو کردووە. پاشان چۆتە زانکۆی حقوقی زانستگەی تاران و لەبەرەوەی خوێندنیشدا لەبەشی کوردی رادیۆدا کاری دەکرد.

شاعیری پڕهەست و جوانەمەرگ سوارە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٤ دا بەنەخۆشی زەردوویی لە تاران کۆچی دوایی کردو جەنازەکەیان هێنایەوە شاری بۆکان و لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیاندا لە گوندی حەمامیان لە (٣) کیلۆمەتری بۆکان نێژرا.

سوارەی جوانەمەرگ کاتێ لە بەشی کوردی رادیۆی ئێران کاری دەکرد بەرنامەیەکی ئەدەبی بەناوی تاپۆو بوومەلێڵ دەنووسی کە پڕ گوێگرترین بەرنامەی کوردی رادیۆ بوو.

سوارە لە ژیانی کورتیدا جەزرەبە و ناڕەحەتی زۆری کێشا. ماوەیەک لەسەر کوردایەتی زیندانی کرا. ماوەیەکی زۆر بەخۆی و تەواوی بنەماڵەیانەوە دوور خرانەوە بۆ ناوچەی سیمنان.

سوارە شەل بوو، هەمیشە گۆچانێکی بەدەستەوە بوو، لەماوەی تەمەنی کورتیدا دۆستی زۆر کەم هەبوو، دۆستان و ئاشنایان و خزم و کەس و کاری خۆیان لێی دەپاراست و بەکابرایەکی خەتەرناکی سیاسییان دادەنا، بەڵام ئێستا پاش مەرگی و نەمانی زۆر کەس شانازیی پێوە دەکەن و بەدۆست و خزم و هاوڕێی خۆیانی دەزانن.

سوارە دوو ژنی هەبوو، لە ژنە کوردەکەی کوڕێکی لەپاش بەجێ ماوە بەناوی بابەک بەڵام لە ژنە عەجەمەکەی منداڵی نییە.

پێم وایە تەنیا کەسێک کە بەڕاستی دەشەوگوردی سوارە دەهات بەڕێز مامۆستا ڕۆژبەیانی بوو کە زۆر دڵسۆزانە وەدوای کاروباری دەکەوت و کاتێ لە بیمارستان بوو ئەم پیاوە ( ڕۆژبەیانـــی ) ڕۆژ نەبوو سەری لێ نەداو تەنانەت بۆ ڕەفع کردنی نیازمەندی ماڵەکەیان ئەچێتە ماڵیان . بالێرەدا دیاردە بو کەسێکی تریش بکەم کـە زۆر بەکاروباری سوارەیەوە ماندوو بوو ئەویش مەزهەری خـالـەقی یە ، ئەوکات مەزهەری خالەقی سەرپەرشتی بەشی کوردی رادیۆی ئێران بوو بە گیانێکی برایانەوە بەدەردو هاواری سوارەیەوە دەهات و تەنانەت جارێکی کە سوارە لە باری ئابورییەوە پێویستی بە پول و پــــارە هەبوو کاکە مەزهەر بە هاوکاری مامۆستا ڕۆژبەیانی بەســـەددەردی سەری (٢٠) هەزار تمەنیان پول بۆ لە ئیدارەی وەرگرت .

سوارە لە ماوەی کورتی ژیانیدا بەرهەم گەلێکی زۆری لـــــە بەخشان و داستان و چیرۆک و شیعرو وتار لەخۆی بەجێ هـێـشت . لێرەدا ئەمن دیاردە بۆ ئەو شوێنەوارانەی سوارە دەکەم کە لە لای من هەن و ئــەمـــــــن توانیومن کۆیان بکەمەوە .

١) دەپارچە لە شیعرەکانی

٢) داستانی چەکوش وەشێنی ڕۆڵە کوژراو ، کە بەسەرهاتی کـــاوەی قارەمانی کوردەو سوارە بەشێوەیەکی نــویـــێ ئــەدەبـــی رازاندویەتەوە .

٣) لاس و خەزاڵ : بەرهەمێکی نوێیە لە داستان و بەیتی لاس و خـەزاڵ کە سوارە بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێکی کوردانە نووسیوویەتەوە .

٤) زوڵاڵ ترین پێکەنین : داستانێکی ئەدەبی زۆر بەرزە کە دەتوانم بڵێم بەسەرهاتی خودی سوارەیە .

٥) ئافرەت : وەرگێڕانی بەشی ئەوەڵی داستانی هەزار و یەکە شەوە .

٦) حەسکۆ: داستانێکی کۆمەڵایەتی ئەوینداریە .

٧) خاڵەی ریبوار : شانۆیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی رامیاریە . لـــــە نهێنیدا باسی جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران لـــــە ساڵەکانی ٧-١٣٤٦ دەکات و بەسەرهاتی شەهید موهەندیس سمایلی شەریف زادە (فەقی عەزیز)ـە .

٨) پێناویکە لەتاریکی دا : داستانێکی ئەویندارییە کە پــێــم وایــە

لە فارسییەوە کردویەتە کوردی .

٩) سەیدەوان : روکارێکی نوێی ئەدەبییە سەبارەت بە بەیتی کوردی سەیدەوانی کە سوارە زور جوان رازاندویەتەوە .

١٠) بیاوەتی : کورتە بەسەرهاتێکی هەمزە ئاغای مەنگورە کە بە شێوەی شانۆ بۆ رادیۆی نووسیوە .

١١) هێندێ لە نووسراوەکانی بەناوی تاپۆو بومەلێڵ لەلای منن .

١٢) هێندی لە شیعرو ووتاری فارسی کە سەبارەت بە کوردو دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان نووسراون .

رەنگە بە گشتی شوێنەواری سوارە کە لەلای منن (١٠٠٠) یەکهەزار لاپەڕەیەک ببن .

## چەپکێک لە گوڵ

کاکم عومەری سوڵتانی (وەفا)، پێش مەرگی بێوادەی، سەرجەمی شێعرە کوردییەکانی خۆی کۆکردبوونەوە و بە خەتێکی خۆش نووسیبوونییەوە. هێرشی کوڕی بوو بە سەبەبی خێر و ئەرکی تایپی هەموویانی لە ڕێگەی ڕێزدار حەمەدەمینی شاسەنەمەوە گرتە ئەستۆ، ئینجا من بە هەموویدا چوومەوە و ١١ پارچە شێعری نێو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی ساڵانی ١٣٣٩ ـ ١٣٤٠ی تارانیشم لێ زیاد کرد.

وا ئێستا بە یارمەتیی چەند دۆست و برادەری خۆشەویست، کتێبەکە لە باشووری کوردستان بڵاوکراوەتەوە و گەلێک ڕازاوە و جوانیشە. کتێبەکە، کەموزۆر هەموو بەرهەمە شێعرەکانی کاکم بە کوردی دەگرێتەبەر و لە شێعری عەرووزییەوە تا نوێ و سپی، هەمووی تێدا کۆ کراونەتەوە. هەروەها چەند وتاری ئەو کەسانەی تێدایە کە دوابەدوای کۆچیدوایی شاعیر، باسیان کردووە و هەڵسەنگاندنیان لەسەر نووسیوە. دەقی کتێبەکە جێگەی متمانەی تەواوە و هەر ئەو شتانەن وا خۆی نووسیبوونی و هەر ئەو هەست و خەیاڵە ناسکەی تێدان کە تایبەتمەندی خۆی و شێعرەکانین.

پەیوەندیی کتێبەکە بە بۆکانەوە پێویست بە باسکردن ناکا، شاعیر خۆی بۆکانییە و زۆربەی هەرە زۆری شێعرەکانیش لە بۆکان گوتراون، هەندێکیان پێشکەش بە کەسایەتیی بۆکانی کراون و چەند پارچەیەک لە شێعر و پەخشانە شێعرەکانیش باسی بۆکانیان تێداکراوە، لە هەمووان گرنگتر پەخشانەشێعری «بیری ڕابردوو»ە کە خۆی وەک قامووسێک دەچێ بۆ مێژووی سەدەی بیستەمی شاری بۆکان و دەوروبەری.

سەبارەت بە شێعرە فارسییەکانی وەفا، باسم لە چاپی دووهەمی کتێبی «سرود پرستو» کرد، کە بە ناتەواوی لێدەرهاوێژراوی لە تاران بڵاوکرایەوە، بەڵام بەختەوەرانە «چەپکێک لە گوڵ» لە باشووری کوردستان و لەژێر چەتری ئەو ئازادییەدا بڵاوکرایەوە

کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاپەمەنیی دابینکردووە و هیوادارم هەمیشەیی و لەوە زیاتریش بێ.[١]

١. عومەر سوڵتانی (وەفا)، «چەپکێک لە گوڵ»، سەرجەمی شێعرە کوردییەکانی عومەر سوڵتانی (وەفا)، ناشر (؟)، ٢٠٠٩، ٤٧٩ لاپەڕە، کوردی.

**«سرود پرستو»ی وەفا**

چاپی دووهەمی کتێبی «سرود پرستو» ـ یەکەم کۆمەڵە شێعری نوی فارسی کاکم ـ عومەری سوڵتانی (وەفا)، نەورۆزی ئەمساڵ (٢٠٠٧ ز) لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی «سوها»وە لە تاران بڵاوکراوەتەوە. «سروودی پەرەستوو» یەکەم کۆمەڵە شێعری نوێی شاعیرێکی کوردیش بوو کە بە زمانی فارسی لە ساڵی ١٣٤٢/ ١٩٦٣ لەلایەن «انتشارات صفی علیشاه»ەوە لە تاران بڵاوکرایەوە و وا ڕێکەوت کە چاپی دووهەمی ئەم کتێبە، ساڵ و نیوێک دوای کۆچیدوایی شاعیر بڵاوببێتەوە.

«سرود پرستو»ی چاپی دووهەم، بە دوو پێشەکییەوە چاپ بووە، کە یەکەمیان مامۆستا محەممەدعەلی سوڵتانی، توێژەری ناسراوی کورد نووسیویەتی و دووهەمیشیان من نووسیومە.

پەیوەندیی کتێبەکە بەو زنجیرەوتارەوە، یەکەم شاعیر خۆیەتی کە بۆکانییە و دووهەم زۆرێک لە شێعرەکان لە بۆکان گوتراون و سێهەمیش ئەوەی هێندێک لە شێعرەکان پێشکەش بە کەسانێک کراون کە ئەوانیش بۆکانین. بۆ توێژینەوە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شێعری نوێ ـ وەک چەمک، «سرود پرستو» دەبێ سەرنجی تایبەتی بدرێتێ. وەفا پێش هەموو شاعیرێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شێعری نوێی گوتووە، بەڵام بە فارسی و کەموزۆر هاوکات لەگەڵ سێکۆچکەی شێعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵات (سوارە، حەسەنیانی، چاوە)، شێعری نویی کوردیشی گوتووە.

بەداخەوە ئەم چاپە ڕێکوپێک نییە و وەزارەتی ئیرشاد دەستی بردۆتە نێو زۆرێک لە شێعرەکانەوە و لە هەندێک شوێندا هەر ئەوەندەی ناوی خۆشەویستی و ژن و ماچێکی شاعیر هاتبێتە گۆڕێ، پەڕاندوویانە و لە گرێژەنەیان بردووە.

بەناچار و بۆ پاککردنەوەی جێپەنجەی سانسۆری بێجێ، لێرە لە دووروڵاتی، بە یارمەتیی دوو کەس لە برادەرانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان، دەقی شێعرەکانم

ئامـادە کـرد و کتێبەکەم گەڕاندەوە سـەر ڕێچکەی چاپی یەکەم کە شـاعیر خۆی لە سـاڵی ١٣٤٢دا بە هاوبەشـی لەگەڵ شـاعیری گەورەی ئێرانی سـەعید سـوڵتانپوور لە چاپخانەی «صفی‌علی‌شـاه» چاپی کردبوو. ئەم دەقە لەسـەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بـۆکان دانـرا و لـە بەشـی «شـاعیر، نووسـەر، وەرگێـڕ، ڕۆژنامـەوان»ی ماڵپەڕەکە پارێزراوە.

ئینجا لە ساڵی ١٣٩٥/ ٢٠١٦دا، بە ئەرک و زەحمەتی برادەرێکی بەڕێزی بەرپرسی «نشـر روشـنگری»، چاپی سێهەمی کتێبەکەمان لەسـەر کاغەز و بە دیزاینێکی جوان بڵاوکـردەوە. ئـەم چاپـە هیـچ کەموکووڕییەکی نییە و هیـوادارم بتوانیـن بە هەمان شێوە لە نێوخۆی وڵاتیش بڵاوی بکەینەوە.[1]

---

١. عمر سلطانی (وفا) پدر شعر نو فارسی در کردستان، «سرود پرستو»، چاپ دوم بەاهتمام انور سلطانی، نشر سها، تهران ١٣٨٥/ ٢٠٠٦، ٨٨ صفحه، فارسی.
ـ عمر سلطانی (وفا)، «سرود پرستو»، چاپ سوم، نشر روشنگری، آلمان ١٣٩٥/ ٢٠١٧، ١٣٩ صفحه، فارسی.

## شێعر و بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا

نووسەر و شاعیر و سیاسەتزانی کورد مەلەوانێکی باشن لە گۆمی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت و دەرەتان! ئەوەش سروشتی ژیانی کورد لەژێر چنگوڕی چوار گورگی دڕندەدا فێری کردوون. وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کە هەمیشە لەسەر داپڵۆسینی کورد و چەوساندنەوەی هاودەنگن، هەندێک جار بەهۆی کێشەی سیاسیی نێو خۆیانەوە دەکەونە ناکۆکییەوە و دەیانەوێ گوشار بخەنە سەر یەکتر، ئیتر دەسبەجێ بیر لە کوردی سەر سنوورەکان دەکەنەوە و هەوڵی یاری کردن بە «کارتی کورد» دژ بە لایەنەکەی بەرانبەریان دەدەن، هەوڵێک کە بەداخەوە گەلێک جار تێیدا سەرکەوتوو دەبن و خوێنی لاوی کورد لە ڕێگەی ئەو دۆستییە درۆیینەی داگیرکەرانی خاکەکەماندا، بە فیڕۆ دەڕوا، شەڕی نەخوازراومان ئاوقا دەبێ و ئابووریمان نشوست دەهێنێ، بەڵام لەلای ئەولاوەش کورد هەندێک جار کەڵک لە دەرفەتەکە وەردەگرێ و بەشێک لە داوخوازییە سیاسی و نەتەوەیی‌یەکانی خۆی دژ بە داگیرکەری ئەودیوی سنوور! بەئاشکرا دەهێنێتە گۆڕێ.

لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١ تا ١٩٧٥) حکوومەتی پەهلەوی ڕادیۆی کوردیی کرماشان و ڕۆژنامەی کوردستانی خستە ڕێ. هەردوک ئەوانە بۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئێران و دژ بە نەیارەکەی، واتە حکوومەتی بەغدا دامەزران و لەژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ساواکدا بەڕێوە دەبران. سەرەڕای ئەوەش دەورێکی بەرچاویان لە پێشکەوتی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینی و گەلێک خەڵکانی دڵسۆز و خزمەتگوزاری گەلەکەمان لە دەوریان کۆبوونەوە و «دوور لە چاوی چەتە»، ژیلەمۆی خەباتی نەتەوایەتییان گەشاوە ڕاگرت. نموونەی ئەم چەشنە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتان لە مێژووی هەموو پارچەکانی کوردستاندا زۆرن.

لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەی ئەم دواییەی ئێران و عێراقیشدا هەندێک جار دەرەتانی ئەوە هاتە پێشێ کە شاعیرانی کورد (هەژار، هێمن، حەقیقی، ئاوات و...)

بەناوی هێرش کردنە سەر سەددام حسێنی کوردکوژەوە شێعری نیشتمانی بڵێن و لە میدیای مەلاکانی ئێراندا بڵاوی بکەنەوە. لە دیوی ئەودیو، واتە لە باشووری کوردستانیش هەمان بارودۆخی سیاسی زاڵ بوو و ڕووناکبیرانی کوردی باشوور بەناوی هێرش کردنە سەر «خومەینی» جەللادەوە دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بابەتی نیشتمانییان دەقۆستەوە و زۆر شێعر و چیرۆک و وتاری بەنێوەرۆکیان بڵاو دەکردەوە.

کتێبی جێگەی باس، خوڵقاوی ئەو بارودۆخەیە کە باسم کرد. مەحموود زامداری نووسەر و لێکۆڵەر و نیشتمانپەرست کۆمەڵێکی باش لە شێعر و پەخشانی شاعیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گردوکۆ کردووە و بە سەرەتایەکی دەوڵەمەندەوە بڵاوی کردۆتەوە، ئەویش لە جەنگەی شەڕی عێراق و ئێران و ڕاست دوای ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە، واتە لە ساڵی ١٩٨٩دا.

شێعرەکان گەلێک پسپۆڕانە هەڵبژێردراون و نووسەر بۆ کۆکردنەوەیان گەلێک سەرچاوەی وەک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و ئۆرگانی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی خاکەکەمانی پشکنیوە و ناوی سەرچاوە و ژمارە و ڕێکەوتی دەرچوون و دەقی شێعرەکانی لە توێی ٢١٥ لاپەڕە کتێبدا بڵاوکردۆتەوە.

بەگوێرەی سەرنجی من، کتێبەکە دەوروبەری ١٠٤ پارچە شێعر و ٢ پەخشانی ٤٨ شاعیر و نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا کۆکراوەتەوە؛ ناوی ژمارەیەک لە شاعیرەکانیش ڕانەگەیەندراوە و تەنیا سەرچاوە، واتە ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەی بڵاوکەرەوەیان نووسراوە ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە سەرچاوەکان لە بنەڕەتدا ناوی شاعیرەکەیان ڕانەگەیاندووە.

نێوەرۆکی بابەتەکان هەموو، نیشتمانی و کوردپەروەرانەن و شاعیر و نووسەرەکانیش هەموویان هاوچەرخی سەدەی بیستەمن هەر لە مەلا مارفی کۆکەیی و سەیفولقوزاتەوە تا مەلا ئاوارە و سولەیمانی موعینی و ڕێبوار و...

شاعیر و نووسەرەکان زۆرێکیان ناسراون: سەیف، زەبیحی، مەلا مارفی کۆکەیی، حەقیقی، هەژار، هێمن، عەتری گڵۆڵانی [محەممەدی نووری]، زرنگ [سەید

کامیل ئیمامی (ئاوات)]، شێواو [خالید حیسامی]، ئیبراهیم ئەفخەمی، سولەیمان موعینی، مەلا ئاوارە، شێرزەی سەقزی [نافیع مەزهەر]، محەممەد مەجدی (م. م. هۆشەنگ) و (م. م. عیشقی)، [ئەم دوو ناسناوەش وا هەیە هەر هی محەممەدی مەجدی بن]،[1] فانی،[2] زاری، ع. خوسرەوی [دەبێ عەلی خوسرەوی بێ] و ڕێبوار [موسلیح شیخولئیسلامی؟].

هەندێکیشیان نەناسراو یان کەمتر ناسراون: حەسەن مودەڕریسی، خێرویژ، غەرقی سەقزی، مەنهودی، جەوهەری، دەهشەت، حەمەمینبەگی ڕەنگەڕێژانی، حەریف، شێخ جەمیلی زیائەددینی، حەیرانی سنە، حامید ناسرزەمانی، ج. م، ئاوارەی سابڵاخی، ئەمینی موکریانی، جێماو مەریوانی و مەلا محەممەدحەسەنی سەقزی (ڕەمزی).

دیارە، بەگوێرەی نێوەرۆکی ئەم زنجیرەوتارە کە لە پێوەندی بۆکاندایە، دەبێ لێرەدا گوڵچنینی ئەو بابەتانە بکەم کە یا شاعیرەکانیان بۆکانی بن یان بابەتێک لە گۆڤارێکی وەک هەڵاڵەی چاپی بۆکاندا بڵاوبووبێتنەوە یان شاعیر و نووسەرەکانیان لە سەردەمی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەدا لە بۆکان ژیابێتن بۆ نموونە مامۆستا هەژار و کاک حەسەن مودەڕریسی کە ئەوی دووهەمیان لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری هەڵاڵە و حکوومەتی کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦) سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەی بۆکان بووە.

بۆ زانیاریی خوێنەر، لیستەیەکم پێکهێناوە لە ناوی شاعیرەکان و میسراعی یەکەمی ئەو شێعرانەی وا گوتوویانە یان ناوی ئەو بابەتەی وا نووسیویانە:

- شاعیر (؟)، گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣: «خۆم پیرم و دڵ تازە خەریکی گڕوگاڵە»،

---

١. بۆ ناسینەوەی ناسناوی ئەندامانی کۆمەڵەی «ژ. ک» کەڵکم لە وتاری کاک سولەیمان چیرە (هێرش) وەرگرتووە: «ناساندنی نێوی ڕاستەقینەی نووسەر و ئەندامانی کۆمەڵەی «ژ. ک» لە گۆڤاری نیشتماندا»، ماڵپەڕی گزینگ، مانگی دیسامبری ٢٠٠٥.

٢. فانی لە ئاغاواتی میراودەلیی ناوچەی پشدەری باشوور بووە، بەڵام ناڕاستەوخۆ لە پێوەندیی کۆمەڵەی «ژ. ک»یشدا بووە، هەر بۆیەش ناوی لێرەدا هاتووە. بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە.

لاپەڕە ٣٢؛

- حەسەن مودەرریسی: «ئەی هومێدی ئازادی (پەخشان)»، لاپەڕە ٣٥؛
- حەقیقی: «قەدیان وەکوو بلووره، برۆیان وەکوو هیلال»، لاپەڕە ٣٦، [ئەم هۆنراوەیە بە دوو بەش چاپ کراوە و بەشی یەکەمی کەوتۆتە ژمارە ٢ی هەڵاڵە، ل ٢٩ ـ ٣٠، بەڵام بەداخەوە نووسەر فەرامۆشی کردووە و ناوی «تازە بۆوە ساڵ»ە و ئاوا دەسپێدەکا: دیسان شنەی نەسیمی بەهارە و کزەی شەماڵ...]
- گۆڤاری هاواری کورد، هەژار: هەی لایەلایە ڕۆڵە لای‌لایە، لاپەڕە ٤٠؛
- گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣: بخوێنە بولبولی خوێنگەرم و دڵسۆز (کورد و ئازەری)، لاپەڕە ٤٤؛
- گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣: «هەی داد هەی بێداد، هەی ڕۆ ڕۆڵە ڕۆ! (شینی ژنەکوردێک)»، لاپەڕە ٤٩؛
- عەتری گلۆلانی: «باری ئەستۆی دوژمنە وا هێسی کردووە گەردنم، لاپەڕە ٦٣؛
- خێروێژ[١]: «شوکر بە کوردان ئازادی دریا»، لاپەڕە ٦٥؛
- عەتری گلۆلانی، «خەراجاتی دوو زولفی تۆ ئەری ماچینە یا چینە؟»، لاپەڕە ٧٠؛
- شێواو [خالید حیسامی]: «کوانێ دوژمنانی خوێنخۆر با بێنە سەیری بەزمم»، لاپەڕە ٧٢؛
- زرنگ [سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)]: «دوێ‌شەو دڵ ڕاپەڕاندم پێی گوتم هەستە، بەلان»، لاپەڕە ٧٥؛
- عەتری گلۆلانی: «بەرت چەند خۆشە سەربەستی! ببی پیرۆز، چ دارێکی!»، لاپەڕە ٧٧؛
- کەریمی بۆکانی [ئیبراهیم ئەفخەمی][٢]: «سەرم سوڕما لە ئاکاری برێک لەم

---

١. میرزا عەلی سەمیمی خەڵکی سنە و نووسەری حەمەحوسێنخانی سەردار.

٢. نەمزانی ئەم ناوی «کەریمی بۆکانی»یە لەکوێوە هاتووە و گەلۆ هەر لە سەرچاوەکەدا وا نووسراوە یان چی؟ بە دڵنیایی ناسناوی شێعریی ئەفخەمی هەر «ئەفخەمی» بوو و هیچی تر.

عەسر و ڕۆژگارە»، لاپەڕە ١٣٧؛

- بۆکانی [ئیبراهیم ئەفخەمی]: «هەرچی دەیبینی تەقەللوب، فێڵی تێدایە و درۆ»، لاپەڕە ١٣٨؛
- بۆکانی [ئیبراهیم ئەفخەمی]: «ڕیش بۆزی پڕ لە کولکە، کەوا ڕیشی خۆی دەجوێ»، لاپەڕە ١٤٠؛
- بۆکانی [ئیبراهیم ئەفخەمی]: «وەتەن حوببی ئەتۆ دینم، سپاسی تۆم لەسەر لێوە»، لاپەڕە ١٤١؛
- بۆکانی [ئیبراهیم ئەفخەمی]: «لە عیلم و فەنن و ئیختیراع بەشت نییە لەسەر زەوی»، لاپەڕە ١٤٢؛
- بۆکانی [ئیبراهیم ئەفخەمی]: «نەورۆزە گوڵ و سەوزە لە هەرلاوە هەڵستان»، لاپەڕە ١٤٣.

لە لاپەڕە ١٠٧ ـ ١١٤ی کتێبەکەدا دوو پارچە شێعر یا باشتر بڵێم دوو بەشی یەک پارچە شێعر لە ڕۆژنامەی «کوهستان» چاپی تاران، ژمارە ٧٦ و ٧٩ (١٣٢٥/ ١٩٤٥) ڕاگوێزراوە کە باسی نەبوونی ئازادیی هەڵبژاردن لە ئێران دەکا. ناوی شاعیری شێعرەکە بە «ج. م» ڕاگەیەندراوە و بەداخەوە نازانم کێیە، بەڵام بە زاراوەکەیدا هەست دەکەم خەڵکی لای سەقز و بۆکان و وا هەیە یەک لە فەیزوڵڵابەگییەکان بێ یان «خێرویژ»ی شاعیری سنەیی کە ماوەیەک لای فەیزوڵڵابەگییەکان میرزایی دەکرد؟ شاعیر، هەر کەسێکە نەسیحەتی «دوکتۆر ئەردەڵان»ی خاوەنی ڕۆژنامەی «کوهستان» دەکا کە بەتەما نەبێ خۆی کاندیدی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران بکا لەبەروەی لە ئێراندا ئازادی نییە و حەتمەن دەسەڵات «حەمەدئاغای عەباسی»، خاوەنملکی گوندی سەرا وەک نوێنەری شاری سەقز لە سندووق دەهێنێتە دەرێ و هەوڵی کەسانی وەک ئەو پووچەڵ دەکاتەوە.

شێعرەکە هەندێک ناوونیتکەی بۆ حەمەدئاغا تێدایە کە دیارە من لێرەدا نایاننووسم، هەروەها ناوبراو بە «برایمئاغای عەمبار» شوبهێنراوە، کە ئەو بەشەش ناهێنمەوە، بەڵام بەکورتی دەڵێ گوایە «برایمئاغای عەمبار» بە حاجی لەقلەقی گوتووە

لـە مـەزرا و ملّکی مـن بار بکە و برۆ، تۆ حاجی نی ئەگەر حاجی، بۆچی سـیواک و ئاوی زمزمت پێ نییە!

ئـەوە هەڵبژاردەیەکـی هـەر دوو بەشـی شـێعرەکەی «ج. م.»ە، کـە سـەرجەم ٦٥ فەردە:

سـەبا، بێـژە بـە دوکتـۆر ئەردەڵانـی     بە ئەو هاوکاری خاس و یاری گیانی...
درۆیـە بەحسـی ئازادیـی عەقایـد     تەزاهور بەو قسـە حەشـوە و زەواید...
گەرەکتـە گـەر ڕەقیبی خۆت بناسـی     بـە نـاو عەباسـییە، شـوغڵی سیاسـی
هومایوونبەختـە، بـێ ئـاڕا وەکیلـە     ئەگەرچی زۆر... پڕ یەک تەویلە...
لـە خوێشـانی برایمئاغایـی عەمبـار     کە لـەو مەرحوومـەوە زۆر ماوە ئاسـار
کتێبـێ لەو قسـە و نەقـڵ و حیکایەت     بەجێـماوە، نەبێتـە زەمـم و غەیبەت...
ئـەر ئـازاد بێعەقیـدە و ڕای و ئەفکار     وجوودی وا یەقین نایەتـە ڕووی کار...
یەقیـن عەنقایـە ئـازادی، کـە نـاوی     ئەبیسـین و هەمـوو کەوتووینـە داوی
وجـوودی غەیبییـە، دایـم نیهانـە     زهـووری ئـەو لەگـەڵ ئاخرزەمانە!...
یەقین عەباسـی بـۆ ئـەو دەردە وتمان     ئەگەر سـەربار نەبێ، نابێتـە دەرمان...
بەڵـی عەباسـی خـۆی ئەربابـی دێیە     لـە کشـت و زەرعـەدا عەقڵـی بەجێیە
لە مـەزرا ماهیرە بۆ زەبتی مەحسـوول     لە کرماج چاک دەسـێنێ توتن و پووڵ
ڕەعییـەت زۆر لەبـەر دەسـیا زەلیلـە     لـە لایـان ئەمـری وەحیـی جوبڕەئیلە
لە حـەق گەر لانـەدەم ئـەو بێخەتایە     لە سـەریا هیـچ نەبـوو ئـەو ئیددیعایە
کەسـێ ئەو فکرەیـەی هێنایـە نێوبەین     لەمـەولاوە دەبێ بەحسـێ لە ئـەو کەین

شـێعرەکە لێرەدا تەواو دەبێ و بەداخەوە شـاعیر «بەحسـێ لە ئەو کەسـە» ناکا کـە بـە قسـەی خۆی دەبـێ فکر و ئیددیعـای نوێنەرایەتـی کردنی مەجلیس لەلایەن حەمەدئاغای عەباسـییەوە ئەو هێنابێتیە گۆڕێ. ئەوە کێیە؟ شـا؟ ئەفسـەرێکی سپای ئێـران؟ کەسـێکی خۆجێیـی و خەڵکی ناوچە؟ لـە شـێعرەکەدا ڕوون نییـە، بەڵام لە نامەکەیدا بۆ «کوهسـتان»، کە وا لە بەشـی دووهەمی هۆنراوەکەیدا نووسـیویەتی،

دەڵێ: لە بەشی سێهەمدا بەڕاشکاوی هەموو شتێک بۆ خەڵک و ئازادیخوازان ڕوون دەکەمەوە! چ بووە و چ ڕووی داوە و بۆ بەشی سێهەم چاپ نەکراوە، ناڕوونە.[١]

١. مەحمـوود زامـدار، «شـێعر و بەرهەڵسـتی و ڕاچەنین لە کوردسـتانی ئێـراندا»، دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، کتێبی زنجیرە ٢٤٤، مطبعة جاحظ، بغداد ١٩٨٩، ٢١٥ لاپەڕە، کوردی.

## نەمریی لە ئەدەبدا

نەمر «ئۆرخانی غالب» دە ساڵێک پێش مردنە دڵ تەزێنەکەی، کۆمەڵەیەک لە وتارە ئەدەبییەکانی خۆی لە شێوازی کتێبێکدا بڵاوکردەوە. وتارەکان بریتین لە ژیاننامە و هەڵسەنگاندنی توانای شێعریی ١٥ شاعیری کلاسیکی کورد، کە لە نالییەوە دەست پێدەکا و بە حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و مەلای گەورەی کۆیەدا دەگاتە زێوەر و خانی و شێخ لەتیفی حەفید و «هەژار کوردستانی». ئەوەش لە ڕاستیدا نووسینی کورتە مێژوویەکی ئەدەبی کوردییە لە نێوان ساڵانی ١٨١٦ و ١٩٩٧.

کتێبەکە لە یادی بۆکانیش خاڵی نییە و ١٠ لاپەڕەی ١٢٧ تا ١٣٧ی تەرخانی مامۆستا عەباسی حەقیقی کراوە هاوڕێ لەگەڵ ئاماژەیەکی کورت بە مامۆستایان سەیفولقوزاتی قازی و سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) لە پەراوێزی وتارەکەدا. لە وتاری ناوبراودا ژیاننامەیەکی پوخت، بەڵام بە کاکڵ بۆ حەقیقی نووسراوە و ئینجا شێعری شاعیر ناسێنراوە:

«لە باری زمانەوە، شێعرەکانی سادە و پەتی و ڕەوانن... پڕن لە بۆن و بەرامەی وشەی ناسک و چەلەنگ و شیرین و گرشەدار و هەست بزوێن و ڕازی شادی.»

نووسەر خۆی وتارەکەی بە «هەوڵدانێکی سەرەتایی» ناو دەبا و لە ڕاستیشدا هەر شتێکی وەهایە، بەڵام بۆ توێژەرانی دواڕۆژی شێعری حەقیقی سەرچاوەیەکە و نابێ چاوی لێبپۆشرێ.

ئۆرخان غالب نەمر ئەگەر بمایە، دەیتوانی سەرچاوەی گەلێک خێروبێر بووایە بۆ ئەدەب و مێژووی وڵاتەکەمان.[1]

١. ئۆرخانی غالب، نەمریی لە ئەدەبدا ـ ئاوێنەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر»، ناشر (؟)، سوید ١٩٩٨، ٢٢٣ لاپەڕە، کوردی (ISBN: 91–973354–6-0).

## سەیفولقوزاتی قازی

سـەیفی نەمر مامی پێشـەوا قازی محەممەد و دانەری بناغەی قوتابخانەی ناسـراو بە «شـێعری موکریان»ە، قوتابخانەیەک کە لە سـەردەمی مەشرووتەی ئێران (١٩٠٦) دامـەزرا و قوتابییانـی وەک هـەژار، هێمـن، هێـدی، ئـاوات، خاڵەمیـن، حەقیقـی و محەممەدی نووری لە ڕۆژهەڵات و قانیع و موفتی پێنجوێنیی لە باشوور پەروەردە کرد

ماوەیـەک دوای نووسـرانی وتارەکـە، دیوانێکـی نـوێ لـە شـێعرە کوردییەکانی سەیف لەلایەن بنکەی ژینی سلێمانییەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. ئامادەکاری دیوانەکە، ڕێزدار حەسەنی قازی، کوڕەزای سەیف و نووسەری ئەم دێڕانەن بە دووقۆڵی.

کتێبەکە چەند پارچە شێعری سەیفی تێدا تۆمار کراوە کە لە دیوانەکەی پێشوودا نەبـوو، هەروەهـا ١٩ بابەتـی نووسـراو سـەبارەت بـە ژیـان و شـێعری سـەیف و ژمارەیەکی بەرچاو وێنە و بەڵگەنامەی پێشتر نەبینراوی تێدایە.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە لە کتێبەکەدا زۆرن:

- ئەو شـێعرانەی وا بۆ نەمر عەزیزئاغای عەباسـی گوتراون وێڕای ژیاننامەیەکی کورتی عەزیزئاغا؛
- شـێعری گۆرانیـی «سـەوزەی هەمزەبـەگ» کـە دەگوتـرێ سـەیف لـە گونـدی سـلێمانکەندی گوتبێتی هاوڕێ لەگەڵ نۆتی گۆرانییەکە کە هونەرمەند «حەسەن دەرزی» نووسیویەتەوە؛
- یەکەم هاوسەری سەیف، زبێدەخانم، کچی ئاغا شێربەگی فەیزوڵڵابەگی بووە؛
- سـەیف خاوەنـی چەنـد مڵـک و گونـد بووە لەسـەر چۆمـی جەختەتـوو و نێوان میاندواو و بۆکان؛ لەگەڵ میسـباحوددیوان (ئەدەب) و براکەی، واتە عەلیبەگی حەیـدەریدا شـەریکە مڵک بووە و شـێعری بۆ گوتوون و لـە عەینی کاتدا بۆ مەسەلەی نوێنەرایەتیی پەرلەمانی ئێران لەگەڵ عەلیبەگدا کێبەرکێی هەبووە؛

ـ ئەمانە و گەلێک بابەتی دیکەی پەیوەندیدار بە بۆکان.[١]

١. «ئـازادی، سـەربەخۆیی، میـری و گەورەیـی، داوا بکـەن بـە زار و زمـان و ددان و لێـو، ژیـان و شـێعرە کوردییەکانـی سـەیفولقوزاتی قـازی ١٨٧٦ ـ ١٩٤٥»، ئامادەکردنی ئەنوەری سوڵتانی و حەسەنی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٤٢٣ لاپەڕە، کوردی.

## مامۆستا هەژار (بۆ کوردستان)

مامۆستای نەمر هەژار لە مەهاباد لەدایکبووە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆری تەمەنی لە بۆکان و هەروەها گوندی «شەرەفکەند»ی ڕۆژاوای بۆکان ژیاوە و وەک نوێنەری شاری بۆکان لە کۆبوونەوەی سالانی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە مەهاباد بەشداری کردووە و لە ڕۆژی هەڵکردنی ئالای کۆمار لەسەر قەڵای بۆکان شێعری خوێندۆتەوە:

**«لاوەکان! نامووسی نۆ ملیۆنە ئەم ئاڵایەمان**
**هەر کەسێ خۆشی نەوێ، ڕەببی وەبەر خەنجەر کەوێ!»**

شێعر و بیرەوەرییەکانی مامۆستا لە زۆر شوێندا بۆکان دەگرنەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا دەسنیشانی شێعری پێوەندیدار بە بۆکانی ئەو کەڵەشاعیرە دەکەم.

١. هەژار لە ساڵی ١٩٤٦دا بۆ بەڕێوەبردنی چاپخانەکەی بۆکان یارمەتیی مامۆستای نەمر حەسەنی قزڵجیی داوە و پێکەوە، مەنزوومە شێعرێکی ئەویان بەناوی «سلسلەی مەشایەخی نەقشبەندی» هەر لەو چاپخانەیە چاپ کردووە. قزڵجی بەرپرسی چاپخانەکە بوو لە بۆکان و گۆڤاری هەڵاڵە و دیوانی قانعیش هەر لەوێ چاپ کرا، مامۆستا هەژار لە سالانی دواتردا هەوڵی چاپ کردنەوەی ئەم شێعرەی نەدا و ئەوەندەی من بزانم چاپی بۆکانی شێعرەکە یەکەمین و دوایین چاپییەتی.

٢. بەرەو موکریان: بەشی کۆتایی سەفەری خەیاڵیی هەژار بۆ موکریان، بەشی بۆکانە و لەوێدا باس لە شارەکە، قەڵا، حەوزەگەورە و هەندێ کەسایەتیی بۆکان وەک سەردارەکان، مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک)، مەلا عەبدوڵڵای حەسار، قازی کاکەحەمەی قزڵجی، کاک سەعدی موهتەدی (شێرەچووبینە)، ئەحمەدئاغای ئێلخانیزادە (پیرە شاهۆی قەرەگوێز)، حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی (برای ڕاست)، کاک سەلاح موهتەدی (مچەگردەڵ) و کاک محەممەد ئێلخانیزادە (کاوە)، نەمر سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) و گوندی تاراوا، شێخلەر و وشتەپەی بۆکانی کردووە، بەڵام بەگشتی خەڵکی بۆکانی داوەتە

بەر تەوس و پلار:

**«پیاو نەمان و ئەوەی مان خوێڕی بوون...»**

یا:

**«کوردەناموسی فرۆشرا بە چڵە...»**

(بۆ کوردستان، ل ۱۴۳ ـ ۱۴۶)

۳. لە چاپی سێهەمی کتێبی بۆکوردستاندا هەندێ بابەتی کۆنی سەردەمی ژیان لە بۆکان لە چاپەکەی پێشوو زیاد کراون کە بەشێکیان پێوەندییان بە بۆکانەوە هەیە:

ـ نامەیەکی شێعری بۆ ڕۆژنامەی «کوهستان» چاپی تاران، کە تەئریخی ۱۳۲۳ (۱۹۴۴) و ناوی بۆکانی بەسەرەوەیە. (ل ۲۷۲ ـ ۲۷۳)؛

**نامەی کوهستان! ئەو ئەستێرەیەی تۆ**
**ورشەی پرشنگت دای لە هەردوبۆ**

ـ کاوێژی لەمێژینەیەک: شێعرەکە تەنزێکە باسی هاتنی مانگی ڕەمەزان دەکا و پێشکەش بە ئەحمەدئاغای ئێلخانیزادە باوکی کاک سوارەی نەمر کراوە و تەئریخی ڕەمەزانی ۱۳۲۲ (۱۹۴۳)و ناوی بۆکانی بەسەرەوەیە. لە سەرەتاکەشیدا ناوی «قۆچبەگ»ی فەیزوڵلابەگیی بردووە (ل ۲۷۷ و ۲۷۸)

**شابان بۆ سەفەر گرتی تەدارەک**
**لێم وەژوور کەوت مانگی مەبارەک**

دوای ئەم شێعرەی باسی کرا، شێعرێکی دیکەش لە چاپی دووهەمی بۆ کوردستاندا هەیە کە عینوانەکەی ئاوایە: «ڕەمەزاننامەی ۱۳۲۳ بۆکان» و بەو مەقتەعە دەستپێدەکا:

**خێلەکەی شەعبان هەر کۆچی لێنا**
**مانگی مەبارەک تەشریفی هێنا**

ئەم شێعرەش هەر تەنزە و پێشکەش بە ئەحمەدئاغا کراوە.[1]

۱. هەژار، «بۆکوردستان»، چاپی سێهەم، چاپی جەواهیری، تاران، بەفرانباری ۱۳۵۸ (۱۹۷۰).

## جارێکی دیکەش مامۆستا هەژار و بۆکان

ئـەم بابەتـەم ماوەیـەک لەمەوپێش لە وێبلاگـی «ڕوانگە»ی ڕێزدار حەسـەنی قازیدا خوێندەوە.[1]

بابەتەکـە لـە پێوەندیی ئەو بۆچوونەدا نووسـراوە کە کەس یا کەسـانێک و یەک لەوان نەمر مامۆسـتا شێخ عیززەددینی حوسـێنی گوتبێتیان نەمر مامۆستا هەژاری موکریانـی ئەندامـی کۆمەڵـەی «ژ. ک» بـووە و دوای هەڵوەشـانەوەی کۆمەڵـە و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەبۆتە ئەندامی حیزبەکە و لەسەر ڕێبازی «ژ. ک» ماوەتەوە.

بەڵگەهێنانـەوەی کاک حەسـەن بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەو بۆچوونـە هەڵەیـە، سەرنجڕاکێشە و پێم خۆش بوو لێرەدا بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی «بۆکان لە مێژوودا» دەقی وتارەکە بهێنمەوە.

**هەژاری موکریانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆنگرەی یەکەمی ئەم حیزبەدا، یەک لە نوێنەرانی بۆکان بووە.**

حەسەنی قازی

لـەم دواییانـەدا برای بەڕێز کاوە ئەمین چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مامۆسـتا شـێخ عیززەددینـی حوسـێنی کـردووە کـە لـە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢٨ لە ماڵپـەڕی ڕۆژنامەی ڕووداودا بڵاوبۆتـەوە. لـە وەڵامـی پرسـیارێکی کاوە ئەمیـندا کـە دەپرسـێ: ئەی کەس نارەزایی نیشـان نەدا لە هەڵوەشـاندنەوەی کۆمەڵەی «ژ. ک»؟ مامۆستا شـێخ عیززەددیـن وەڵام دەداتـەوە: «بەڵێ هەبـوو، هەندێکیان هەر نەبوونە ئەندامی حیزبی دێموکـرات، یەکێک لەوانە مامۆسـتا هەژارە کـە نەبووە ئەندامی حیزبی دێموکرات و دەیگوت دوای کۆمەڵەی «ژ. ک» دڵم بڕوایی [بەرایی] نادا بچمە نێو هیچ حیزبێکەوە.»

ئەگەرچی مەسەلەی ئەندامەتیی هەژار لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێشتر

1. http://ruwange. blogspot. com/2010/08/blog post_06. html.

لـە سـەری نووسـراوە و سـاخکراوەتەوە، بۆ وێنـە بڕواننە: «سـولەیمانی چیڕە، ئایا شاعیری میللی کوردستان حیزبی نەبووە؟ ماڵپەڕی گزینگ ٢٠٠٥/٢/٢١» هەروەها ئەو لێ زیاد کردنەی کە من بۆ گزینگم نارد، بەڵام وا دیارە مامۆسـتا شـێخ عیززەددین ئەو نووسـینەی چاو پێنەکەوتووە و بە پاڵپشـتی قسەی مامۆستا هەژار لە «چێشتی مجێور»دا ئاوای وەڵامی ئەمین داوەتەوە.

بەپێـی ئاگادارییـەک کـە لە گـۆواری کوردسـتان، بڵاوکـەرەوەی بیـری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، ژمـارەی ١، ١٥ی سـەرماوەزی ١٣٢٤[ی هەتـاوی]/ ٦ی دیسـامبری ١٩٤٥، سـەبارەت بـە کۆنگرەی یەکەمـی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان بڵاوکراوەتەوە دەردەکەوێ لەو کۆنگرەیەدا «ئاغای عەبدوڕڕەحمانی شـەرەفکەندی» وەک یـەک لـە نوێنەرانـی بـۆکان بەشـدار بووە، هەر لـەو کۆنگرەیەدا دوو شـێعری خوێندۆتەوە کە سـەردێڕی یەکەم شـێعریان «دێموکراتمان دەوێ»یە. وێنەیەکی ئەم کۆنگرەیـەش هەیـە کـە تێیدا هەژار لە نێو بەشـدارانی کۆنگـرەدا دەبینین. ئەوەی کە سـاڵانی دواتـر و بەپێی سیاسـەتی ڕۆژ «هـەژار» یان خەڵکی دیکـە چییان گوتبێ و نووسیبێ، لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە لە سەردەمی بوونی کۆمەڵەی «ژ. ک»، بە حیزبی دێموکراتدا هەموو هەڵسـووڕاوە سـەرەکییەکانی کۆمەڵە لە چالاکییەکانی حیزبیدا بەشـدار بـوون. ئەگـەر هـەژار ئەندامی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان نەبووە ئەی چۆن لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو حیزبەدا نوێنەرایەتیی شوێنێکی کردووە کە دەورێکی گرینگی هەبووە لە کاروباری حیزب و حکوومەتی میللیی کوردستاندا. ئەگەر ئەندامی حیزبـی دێموکـرات نەبووە چۆن ئـاوا بەگەرمی لە کۆنگرەدا شـێعری «دێموکراتمان دەوێ»ی خوێندۆتەوە. تەنانەت خاڵەمینی بەرزنجیش لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بووە و پەسنی پێکهاتنی کۆنگرەی داوە. تەنیا شتێکی نووسراوی کە تا ئێستا لە بەردەستدا بـێ و بـە زمانێکی تونـدی ڕەخنەگرانە بە دژی پێشـەوا قازی محەممەد نووسـرابێ دەستە شێعرێکی خاڵەمینەکە ئەویش بە خوێندنەوەی وردی جوان دەردەکەوێ هیچ پێوەندیـی بـە سـەردەمی گۆڕانی «ژ. ک» بە دێموکراتەوە نییـە و بە ئەگەری زۆر لە دوای هەڵوەشان و ڕووخانی کۆماری کوردستان نووسراوە. ئێستا لە خوارەوە ئەو

ئاگادارییـەی سـەبارەت بە کۆنگـرەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان بڵاوکراوەتەوە دەخوێننەوە. نووسراوەکە هێنراوەتە سەر ڕێنووسی ئەم ڕۆژگارە:

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

لـە دوای ئـەوە لـە هەوەڵـی مانگـی خەزەڵـوەر (ئابـان)ی ١٣٢٤ حیزبـی دێموکراتـی کوردستان لە مەهاباد داندرا و بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە، لە ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢دا هـەوەڵ کۆنگـرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سـەران و نوێنەرانی کـوردان بە تەرتیبی ژێروو:

١. ماکۆ و ئارارات: ئاغای عومەرخانی جەلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای شێخ کەی، ئاغای حەسەن دەلابی، ئاغای عەبدوڵلائاغای ملان، ئاغای فەخری؛
٢. سـۆما، برادۆسـت، دەشـت، مەرگـەوەڕ: ئاغـای عومەرخانـی شـەریفی، ئاغای تاهیرخانی سـمکۆ، ئاغـای عەباسخانی فەنەک، ئاغـای قۆیتاسئاغای مەمەدی، ئاغای حاجی وەتمان، ئاغای شـێرۆ، ئاغای عەبدی، ئاغای حەسـەن تیلۆ، ئاغای تەمەرخـان، ئاغـای مـراد، ئاغای نوورکۆ، ئاغـای زوبەید، ئاغای عـەزۆ، ئاغای حەسەنێ هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵلا ئەفەندی؛
٣. شـنۆ: ئاغـای مووسـاخانی زەرزا، ئاغـای قەرەنیئاغـای زەرزا، ئاغـای میـرزا سەعید، ئاغای قازی محەممەد، ئاغای کاک هەمزە؛
٤. سـندووس: ئاغـای ئەحمـەدی کاخـدر، ئاغـای قاسـمئاغای پیرۆتـی، ئاغـای محەممەدەمینئاغای پیرۆتی؛
٥. لاهیجـان: ئاغـای عەبدوڵلائاغـای قـادری، ئاغـای کاک مامەنـدی قـادری، ئاغای کاک حوسـێنی محەممەدی، ئاغای پیرۆتئاغای ئەمیرعەشـایری، ئاغای محەممەدەمینئاغای پیرۆتی!! [ئەمینعەشایری]؛
٦. پیران: ئاغای محەممەدئەمینئاغا، ئاغای قەرەنیئاغا؛
٧.میاندواو: ئاغای حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی؛
٨. بۆکان: ئاغای عەبدوڕڕەحمانی شەڕەفکەندی، ئاغای ڕەشیدی عەلیزادە؛

٩. مەنگوڕ: ئاغای ئیبراهیمئاغای ئەدهەم، ئاغای مام حەسەن، ئاغای کاک سولەیمان، ئاغـای کاک هەمـزە، ئاغای مینەئاغا و باقی برایانی کورد تەشـکیلدا و لەلایەن سـەران و ڕەوشـەنفکرانی حیزبـەوە نوتقـی زۆر چـاک داییر بـە دێموکراتی و یێکەتی ئیراد کرا. لەم کۆنگرەدا هەموو لکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان تەسـویب کـرا و نوێنـەری تایبەتییـان بـۆ دانـدرا. هەریـەک لـە جێـی خۆیـان دامـەزران و دەسـتیان بـە کار کـرد و هەژار هۆنـەری جوانی کوردسـتان ئەم شێعرانەی خوارەوەی کە باسی دێموکراسی دەکا خوێندەوە.

**دێموکراتمان دەوێ**

**حـەوت سـاڵی ئاگـری شـەڕی دونیایە داییسـا**
**دیزەی شـەڕی تیـا دەکوڵی گۆشـتی پیر و جوان**
**میلیۆنهـا جـەوان تـەڕ و تـازە نەونەمـام**
**میلیۆنهـا بـە عیلـم و هونـەر، نابیغـەی زەمان**
**ئێسـکیان کرا بە خواردەمەنی کـرم و موور و مار**
**سـەریان کـرا بـە گـۆ لـە مەیـدان فڕێـدران**
**سـەد هـەزار شـار و دێهـات تێکـدران بـە بۆم**
**پیسـتر لـە وەزعـی مەملەکەتـی کوردی بـارزان**
**بۆچـی هەڵاییسـا؟ لەبـەر ئاسایشـی بەشـەر**
**ڕیشەی فەسـاد و زوڵمێ ببەتلێ لە ڕووی جەهان**
**میللەت پچووک و گەورە حەقی خۆی وەدەس کەوێ**
**مەئموور و شا لە خۆی بێ چ جایی خەتت و زمان**
**کوردیش ئەخۆ بەشەر بوو کەچی هەر دەیانکوژن**
**وردە و ئەسـیرە دێ لـە عێـراق و لـە کوردسـان**
**وا دیـارە هـی ئەوانە لەبـەر نەفعی شەخسـییە!!**
**کێ ڕاسـتە قەولی سـابیتە بێجگە لە ڕووسەکان؟**

**ئەو لەشـکری کـە فەتح و زەفـەر یـاوەری وییە**

بەیداغی سـووری، داس و ستارە و چەکوچ نیشان
ئـەو لەشـکرەی بـە ئەمـری سـتالینی پێشـەوا
بەیداغـی فەتح و مـەردی لەسـەر بێرلەنێ چەقان
ئەو لەشـکرەی کە مسـتی گرێ کـردووە و دەڵێ
زاڵـم لەکوێیـە؟ تێکیشـکێنم دەم و ددان
وا ئـەو بـەزەی بـە حاڵـی مـەدا هاتووە کـە بۆ
کورد بێ کەسـن لە گیتـی و بێ جێـن و بێ نەوان
بۆچـی دەبێ لە ڕیزی بەشـەر کـوردی چارەڕەش
نانـی نەبـێ، زمانـی نەبـێ، تـام نـەکا ژیـان
پێویسـتە قەومی کوردی وەکوو سـاییری بەشـەر
بەهـرەی ببێ لـە حەقـی ژیـان، بێتە نێـو ئەمان
ئێمـەش ئـەوا لـە سـایەی ئـەو لوتفـی قیمەتی
دەسمان لە دەستی یەک دەگرین زۆر بە ڕووح و گیان
حیزبێکی سـاز دەکەیـن و دێموکراتمـان دەوێ
فـارس چلۆنە، کـورد دەیهەوێ بـێ وەکوو ئەوان
مەئموور لە خۆم بێ هەرچی کوتی چاکە تێی دەگەم
خوێندن زمانی خۆم بێ، گەلێک زووی دەکەم ڕەوان
گەر حاسـڵم لە خۆمی خەرج کـەم، چ زوو دەبێ
دانێـم مەتـەب لە شـاری و مەکتەب لـە دێیەکان
ئـەو قەومـە پاکی فێـری سـەواد و علیـم دەبێ
بێگانـە چی دی پێم نەڵێ کورد وەحشـییە و نەزان
ئـەی گەورەکانی کـوردی مبارەک بـێ کۆمەڵوو
تۆفیقـوو بـێ لەلایەنـی خەللاقـی بێ مـەکان
یـاڕەب بـژی بە فەتـح و زەفـەر لەشـکری قزڵ
هـەر چەرخ و خول بە مەیلی سـتالین بـدا زەمان

وە هەروا جەلەساتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیدامەی پەیدا کرد. لە یەکێ لە جەلەسەکان دیسان هەژار ئەم شێعرانەی خوێندەوە:

ئاوات و تێبینی ع. هەژار

ئاخ چەندە خۆشە لە ڕێی نیشتمان　　وەسواڵێ کەوی وەک عێلی بارزان
چەند خۆشە لە ڕێی نامووس و شەرەف　　ناز و نیعمەتت بڕوا بە تەلەف
ئاخ چەندە خۆشە لەسەر ئازادی　　تووشی خەم ببی لە دەس دەی شادی
ئاخ چەندە خۆشە لە ڕێی وەتەندا　　برات ببینی پێ لە پێوەندا
ئاخ چەندە خۆشە لە ڕیی ویجداندا　　خوێنت بڕێژن لە ڕووی مەیداندا
ئەمما بەو شەرتە لە دوای ڕۆژی ڕەش　　شاهیدی مەقسوود بگری لە باوەش
دوژمنت تۆڵەی لێ‌بکرێتەوە　　ئەو داری لێی دای لێی بدرێتەوە
لە جێ دەریانکەی بە ماڵ و منداڵ　　لە خاکی غوربەت دەس بکەن بە سواڵ
ناز و نیعمەتیان دەربێنی لە دەس　　نەهێڵی بۆ ئاخ هەڵکێشن نەفەس
خەمیان بدەیتێ لە وەختی جەمدا　　شەو بنوون لەژێر لێفەی ئەلەمدا
لاقیان بماسێ بە پێوەندی تۆ　　بەسەر وانیش بێ چۆن‌وچەندی تۆ
خوێنیان بڕێژن لەسەر هەرد و بۆ　　دایکیان قوڕبەسەر دەسکەن وە ڕۆڕۆ
ئاری ئینتیقام لەسەر ڕووی دنێ　　نیعمەت و خۆشی هیچی ناگەنێ
هەر پیاوێ حیسسی تۆڵەی لە دوژمن　　لە دڵدا نەبێ کەمترە لە ژن
کوردە گیان بیرێ بکەوە لە خۆت　　پێی‌ناوێ ئەمن شەرحی بدەم بۆت
بەسە با بەس بێ دیلی و ژێردەستی　　بەسە بێ‌بەش بوون لە ژین و هەستی
حەیفە بۆ کوردی نەجیب و ئەسیل　　لە دەس بێگانان وا ئەسیر و دیل
گیانە تا دوژمن سەری ئیشغاڵە　　نەردەکەت باشە و دوو شەشت خاڵە
باوی بێتەوە وەک تووی هەرزن　　بڵاومان دەکا لە سووچ و قوژبن
وەک ڕۆژانی زوو ژن و منداڵت　　لەگەڵ ئەسیری دەگرین بۆ حاڵت
کوردەنامووسی بێنەوە بیرت　　هەستە بۆ تۆڵەت بە خامە و شیرت

یان ڕزگار دەکەی خۆت و وەتەنت یاخۆ لە نامووس دەبڕی کەفەنت
مردن بەشەرەف خۆشتر ژیانە حیز و سڵامەت نیازی ژنانە
مەرد بن، ماندوو بن، لە ڕێی ڕزگاری با بیتەکێنین تۆزی هەژاری

وە برای بەڕێز و خۆشەویست خاڵەمین لە جەلەسەی ٢٤/٨/٢٤ ئەم شێعرانەی ژێرووی خوێندەوە:

ڕەبی پیرۆز بێ لێتان حیزب لە نوێ چنا تۆویەکی و بەو زووانە دەڕوێ
هەناری شین و ساوای باغی ساوا بگا سوورسوور و شیرین بێ و بگوێ
بە گوێی‌دا وا سریواندم فریشتە گوڵی هیوایی کوردستان دەپشکوێ
شەفای دەردی دڵە حیزبی دێموکرات دەوایە بۆ برینی جەرگی توێ‌توێ
بڵێ بەو دەستە دیکتاتۆری زگ‌زل زگی دەدڕم لە جێی خۆی هەر ببزوێ
بەمن پێویستە گەرداش و برایەک لە ئازەربایجانی و کوردی بدوێ
نەوەک ماڵ خۆشەویستی خینگەئەستوور وەکوو ماڵات هەر بخوا و بنوێ
برا بن، پیاوی چا بن، دوژمنی خۆو بە هەمووان ڕێی‌کەون تا ئەسپوو دەسوێ
پتەو بێ با قسەو وەک تۆپی گوللە نەوەک تۆپی ڕێزین بقوپێت و بپوێ
ئیتر بۆچ وا لە کاری خۆت شلی و شەل بزانە ڕۆژگارت گەییە سەر سوێ
هەتا هەڵکەوتووە بۆت ئەو هەلی خۆش دەلینگی لێ‌بدە و قامک مەنێ گوێ
لەبۆ قازانجی کوردان نایپسێنم ئەگەر سەد ساڵی دەستی بەستم بە موێ
ئەگەر خوێندبێتتەوە باوەڕ دەکەی پێم قەسیدەی بانەمەڕ یا خدرە گڕوێ
کە دەستی برا لە هەر کارێکی ببڕێ بزانە لاقی خۆت دەبڕی بە تەشوێ
دۆعایێکی دەکەم ئامین بڵێن لێک سبەینێ ڕوو بە قیبلە نوێژوو نەچوێ
ڕەبی هەر کەس لە کوردان ماڵی تێکدا شەویلکەی ڕەق بێ، چاوی زەق بێ، نەجوێ
تکای خاڵم لە هێمن هەر ئەوەندە نەپێوێ نیوە شێعرانم بە دەزوێ

## وتاری هەژار موکریانی

ئەوە عینوانی وتارێکە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/بۆکان، کە لە چەند بەش دا بڵاو بۆتەوە و «ئاسۆ» نووسیویەتی، بابەتەکەشی شێعری «بەرەو موکریان»ی هەژاری نەمرە.

لەم ساڵانەی دوایی‌دا شێعری هەژار لەلایەن هەندێک تاقم و لایەنەوە بە دەستەقەسد کەم نرخ پیشان دراوە و ئەوە لەو زوڵمانەیە کە کورد لە مێژووی خۆی دەکا، ئاشکرایە سیاسەت و لایەنی سیاسی لەپشت ئەم بۆچوونە بەراوەژووەن.

ئاسۆ لە وتارەکەی‌دا دەیهەوێ ئەم کارە بەراوەژووە ڕاست بکاتەوە و بایەخی پێویست بە هەژار و شێعرەکەی بدا و هەر بۆیەش یەک لە ناسراوترین شێعرەکانی مامۆستای بۆ نموونەی بۆچوونی خۆی هەڵگرتووە.

سەرەتای وتارەکە هەندێک دوورودرێژە و ڕاستەوخۆ نەچۆتە نێو باسەکەوە، بەڵام درەنگتر کاتێ دەچێتە باسی شێعری هەژار و بەرەو موکریانەوە، باش لە مەسەلەکە دەکۆڵێتەوە. شایانی باسە وتارەکە هەڵەی چاپیی گەلێک زۆرن و وا دەردەکەوێ کە ئەو پەتا پیسەیە دەست لە یەخەی چاپەمەنی کوردی ناکاتەوە!

وتارەکە لە ماڵپەڕی «سیروان» وەرگیراوە و بە دوو هۆ پەیوەندیی بە بۆکانەوە هەیە: یەکەم مامۆستا هەژار، وەک لە بەشەکانی پێشتری ئەم زنجیرەوتارەدا گوتراوە، بۆ ماوەیەک لە سەردەمی لاوییەتی و پێش هەڵاتنی لە دەست حکوومەتی شا و گیرسانەوەی لە باشووری وڵات، لە بۆکان ژیاوە و وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکانەوە بەشداریی یەکەم کۆنگرەی حیزبەکەی لە مەهاباد کردووە. دووهەم، نووسەری وتارەکە کاک ئاسۆ خۆی بۆکانییە.

## مامۆستا خالید حیسامی (هێدی) و ئاوێنەشکاو

پاش مەرگی نەمر محەممەد نووری (عەتری گڵۆڵانی)، وێدەچێ تاکە شاعیری بەجێماوی سەردەمی کۆماری کوردستان ڕێزدار مامۆستا خالیدی حیسامی (هێدی) بێ. لام وایە ئێمە هەموو لایەکمان لە ناسین و ناساندن و شیکردنەوەی شێعری هێدیدا تووشی کەمکاری و کەمتەرخەمی هاتووین. وا هەیە یەک لە هۆکارەکان گۆشەگیری و کەمتر خۆدەرخستنی شاعیر بێ، بەڵام ئەوە تەنیا بەشێکی کەمی کێشەکەیە و ئێمە دەبێ بەخۆماندا بچینەوە و بزانین ئەم دڵۆیە بۆچی و لەکوێوە سەری هەڵداوە و شاعیری هەستیار و خەیاڵ ناسکی وەک هێدی کە نزیکەی هەموو تەمەنی لە خزمەت گەلەکەیدا بووە و بە قەڵەم و قەدەم ئەرکی کوردانەی خۆی بەرانبەر بە نیشتمان بەرێوەبردووە، بۆ لە باسوخواس و هەواڵی ڕۆژانەی هونەریی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانماندا نییە، کە دەبووایە ببێ. گەلۆ حیزبایەتی و دووبەرەکی هۆکاری مەسەلەکەن؟ ئەی نووسەر و هونەرمەندانی سەربەخۆی ناحیزبی لەکوێن و بۆ لەم باسەدا بێدەنگن؟ بڵێی ئەوە بێ ئەنجامی خزمەت و پاکی و ڕاستی لەپێناو کوردستاندا؟

**ما بارگە دادیم، این رفت ستم بر ما**
**بر قصر ستمکاران تا خود چە رسد خذلان**

**خاقانی**

بۆنەی ئەم باسە، دەرچوونی چاپی دووهەمی «ئاوێنەشکاو یان بیرەوەریی هێدی»یە، کە دەزگای ئاراس لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٨دا بڵاوی کردۆتەوە. بیرەوەرییەکان، لە بەشداربوونی هێدی لە کۆمەڵەی «ژ. ک»ەوە دەست پێدەکەن و بە حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٩٤۶) و شۆڕشی ئەیلوول هەتا هەرەسی ١٩٧٥ و سەرهەڵدانەوەی ژیلەمۆی شۆڕش درێژە پەیدا دەکەن، کە هەرکام لەو بەشانە جێگەی وردبوونەوەی تایبەتن، بەڵام ئەم زنجیرەوتارەی ئێمە تەرخانی شتێکی تایبەت کراوە، ئەویش بۆکان و

مێژووەکەیەتی.

هێدی خەڵکی گوندی شێخاڵییە لە نێوان بۆکان و مەهاباد و خۆی بە خەڵکی مەهاباد دەزانێ. گوندی شێخاڵی گەرچی سەر بە بۆکانە، بەڵام خەتی لە قۆرغان و قەڵاجوغە و یالاوا دەگەڕێتەوە کە سەر بە مەهابادن. هەر چۆنێک بێ، گرنگ ئەوەیە هێدی ڕۆڵەی کوردستانە و لەپێناوی‌دا، خۆی گوتەنی، نیوەی تەمەنی لە پێشمەرگایەتی و نێو مەقەڕدا تێپەڕیوە (لاپەڕە ٣٢٠).

باسی بۆکان و بنەماڵەی حیسامی کە زۆربەی ئەندامەکانی ئێستا لە بۆکان دەژین، لە زۆر بابەتی کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە:

لە لاپەڕە ١٠دا نووسراوە: «ئەمڕۆ ١٩٩٦/٦/٢٥ دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد... من ٦٩ ساڵ پێش نووسینی ئەم بیرەوەرییانەم لە ناوچەی موکریانی سەر بە مەهابادی کوردستانی ئێران لە گوندێک بەناوی شێخاڵی کە کەوتۆتە نێوان هەردووک شاری مەهاباد و بۆکان چاوم کردۆتەوە». بەو پێیە ساڵی لەدایکبوونی شاعیر دەبێ ١٩٢٧ی زایینی [١٣٠٦ی هەتاوی] بێ، بەڵام لەو لاپەڕەیەدا، گۆڕینی ڕێکەوتەکان بۆ ساڵی هەتاوی هەڵەیەکی تێکەوتووە و لەجیاتی ١٣٧٥/٤/٥ نووسراوە ١٣٥٧، کە هەڵەیە.

ئەم لاپەڕانەی دیکەی وا باسی بۆکانیان تێداکراوە، بریتین لە:

١٦، ١٧، ٢٠، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٦ ٥٩، ٦٥، ٧٦، ١٠٩، ١٢٠، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٤٩، ١٧٣، ١٨١ و ٢٥٧.

هێدی هەروەها لە کتێبەکەدا باسی هەندێک لایەنی تاریکی مێژووی هاوچەرخی کوردی کردووە، کە جێگەی سەرنجن و لەوانە، کەسایەتیی نەمر بارزانی، بێسەروشوێن بوونی سدیقی ئەنجیری، کۆچی‌دوایی ئەحمەد تۆفیق، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کاک مەسعوود و کاک نێچیروان بارزانی و بەشداربوونی لە کۆڕ و کۆمەڵ و سیمینار و کۆنگرە، هەروەها چۆنییەتیی چاپکردنی کتێبەکانی لە ئێران و لە کوردستان. گەرچی چاوەڕوان دەکرا گەلێک بابەتی شاراوەی مێژووی ئەو ساڵانە بۆ خەباتگێرانی دوارۆژی کوردستان ئاشکرا بکا.

کتێبەکـە وەک زۆربــەی زۆری ئــەو بیرەوەرییانــەی وا لــە ســاڵانی ڕابـردوودا نووسـراون لـە تـەوس و پـلار بۆ سـەر خەڵکانـی تر و لەوانە بۆ سـەر مەسـعوود محەممـەد (کـە بە «کوڕی مـەلای کۆیە» ناوی بردووە)، خاڵی نییە و سەرنجڕاکێشـە کـە لـە هیچ شـوێنێکدا نـاوی هـەژاری موکریانی نەهێنـاوە کە پێکەوە لە شۆڕشـی ئەیلـوولدا بەشـدار بوون و دوای هەرەسـی شـۆڕش پێکەوە چوونەتـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەرەج، گەرچی وا هەیە هەندێک گلەیی و ڕەخنە ڕوویان لەوبێ.

لـە لاپـەڕە ۸۶ تـا ۹۵دا دەقی شـێعرێکی «خێروێژ» و وەڵامی هێـدی بۆ ئەو بڵاو کراوەتەوە. من پێشـتر گوتبووم کە «خێروێژ» ناسـناوی شـێعریی نەمر میرزا عەلی سـەمیمییە کە خەڵکی سـنە و نووسـەری دیوەخانی حەمەحوسـێنخانی سـەرداری بـۆکان بـووە و دواتـر چۆتە گوندی قەڵەنـدەری بۆکان و هەر لەوێـش کۆچیدوایی کـردووە. مامۆسـتا وا هەیـە ئـەم زانیارییانەی لە بەردەسـتدا نەبووبـێ، لەبەرەوەی هیچ ئاماژەیەکی بە کەسـایەتیی ئەو سـەربازە ونەی ئەدەب و سیاسەتی گەلەکەمان نەکردووە.[۱]

---

۱. خالیدئاغـای حیسـامی (هێـدی)، «ئاوێنەشـکاو یـان بیرەوەریـی هێـدی»، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووهەم، ۲۰۰۸، ۳۶۰ لاپەڕە، کوردی.

## چێشتی مجێوری عەلیخانی بەگزادە

«چێشتی مجێور» بە دیاردەیەکی تێکەڵوپێکەڵ دەگوترێ و ناوی بیرەوەرییەکانی ماملۆستا هەژاری موکریانیشە، بەڵام بە ٦ساڵێک پێش بڵاوبوونەوەی بیرەوەرییەکانی ماملۆستا، کەسایەتییەکی سیاسی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان ـ نەمر عەلیخانی بەگزادەی بابامیری (شێواو) ـ ئەو ناوەی بۆ کۆمەڵێک لە شێعرەکانی خۆی هەڵبژاردووە.

عەلیخان (١٣٠٨ ـ ١٣٧١/ ١٩٢٩ ـ ١٩٩٢ ) لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی ـ ڕۆژهەڵاتی بۆکان و باکووری سەقز ـ لەدایکبووە و لە گوندی تیکانتەپەی هەمان ناوچە کوچیدوایی کردووە. عەلیخان و برا شۆڕشگێڕەکەی (عومەرخان)، کەوتنە بەر هێرشی سەراسەریی کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٣٨ی ڕژیمی پەهلەوی لە کوردستان و بۆ ماوەی چەند ساڵ لە تاران زیندانی کران.

عەلیخان، کە مرخی شاعیری و هەستی نیشتمانپەروەریی ئامێتەی یەک کردبوون، لە کۆمەڵە شێعری «چێشتی مجێور»دا، کورتە مێژوویەکی ڕووداوە سیاسییەکانی موکریان و بۆکانی بە شێعر هۆندۆتەوە و تێیدا بۆ نموونە، ناوی دەیان کەس لە گیراوە سیاسییەکانی ئەو ساڵانە و هاوبەندییەکانی خۆی، وەک نەمران: عەزیزی یۆسفی، غەنی بلووریان، جەلیلی گادانی و هیتری تۆمار کردوون.

لەنێو ئەو خەڵکانەدا، چەند ناوی پەیوەندیدار بە بۆکانیش هەن، وەک: عومەرخانی برای، نەمر حسێنی فاتحی، میرزا حەمەساڵحی کەریمی، میرزا حەمەڕەسووڵی ئیسماعیلزادە و عەبدوڵڵا سامبەگی، کە گازندەی لەو دوو کەسەی دوایی هەیە. هەروەها ناوی زیندانەوان و قازی و ئەفسەرانی مەئمووری زیندان و سەرۆکی دادگای بۆ مێژوو تۆمار کردوون و نەفرەتی لیکردوون.

جگە لەم شێعرە، عەلیخان گەلێک پەیام و نامەی دۆستانەی بە شێعر بۆ دۆست و دەوروبەری خۆی نووسیون (اخوانیات)، کە هەموو ئەو کەسانە و ئەم ڕووداوانە

بەشێکن لە مێژووی شاری بۆکان و دەوروبەری.

لە شێعرێکی گاڵتەئامێز بەناوی «ئاش‌بەتاڵ»دا شاعیر هێرش دەکاتە سەر تاقمێکی چەکداناوی هەڵاتوو لە شۆڕش، کە ئاشکرایە دەبی فیدائییانی خەڵق (ئەکسەرییەت) بن و بەو حیسابە منیش دەگرێتەوە! لە شێعرەکەدا هەستێکی خاوێنی کوردانە دەردەکەوێ بەرانبەر بە ئاکاری چەوتی ڕێکخراوەکەی ئێمە و چەکدانانمان بە فیتی حیزبی توودەی ئێران (لێرەدا بە باوەپیارە ناوی بردووە):

| | |
|---|---|
| لە خیابان مانتان ئەگرت | بە مستان بەر تانگتان ئەگرت |
| یەک ئازادی، دوو مەسکەن | سێ نان، چوارخانتان ئەگرت |
| بۆ تۆرت کرد، بۆ تۆریای؟ | پێم بڵێ لەسەر چی تۆریای! |
| باوە پیارەی کۆنەکار | ئاش بەتاڵی خستنە زار |
| پاڵتان دایە پاڵی مار | ئاخری بوون بە یاری غار |
| بۆ تۆرت کرد، بۆ تۆریای؟ | پێم بڵێ لەسەر چی تۆریای! |

کتێبەکە سەرچاوەیەکی باشە بۆ مێژووی سیاسیی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم لە بۆکان و موکریان.

بەداخەوە ئەو کەسانەی وا کتێبەکەیان بڵاوکردۆتەوە ئەوەندەیان خۆ ماندوو نەکردووە هەڵەکانی بگرن و لە ئەنجامدا کەمتر فەرد و دێرێک هەن کە هەڵەی چاپیان تێنەکەوتبێ و ئەوەش کەمتەرخەمییەکی گەورەیە. هیوادارم لە چاپەکانی دواتردا ئەو کەموکوورییە نەمێنێ.[1]

---

١. عەلی‌خانی بەگزادە بابامیری ناسراو بە «شێواو»، «چێشتی مجێور»، ناشر: حەسەنی بابامیری (کوڕی شاعیر)، ساڵ (؟)، شوێن (؟)، [ڕێکەوتی ١٣٧٨/ ١٩٩٩]ی بەسەرەوەیە]، ١١٥ لاپەڕە، کوردی، سەرەتانووسینی محەممەدسەعید نەجاری (ئاسۆ).

## محەممەدسەدیق مەحموودی

نەمر مەلا محەممەدسەدیقی مەحموودی، مامۆستای ئایینی و مامۆستای قوتابخانەکانی کوردستان، شاعیر بووە و شێعرە فارسی و کوردییەکانی لە گۆڤارە فارسییەکانی تاران و هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تاران (١٣٣٨ ـ ١٣٤٣)دا بڵاوبوونەتەوە (ل ١٤٤). کاک سوارەی ئێلخانیزادە لە یەک لە بەرنامەکانی تاپۆ و بوومەلێڵی سەر ڕادیۆ کوردی تاراندا وتارێکی لەسەر شێعرەکانی نووسیوە و کەوتۆتە هەڵسەنگاندنیان.

مەحموودی سەر بە سەردەمێکە کە بیری نوێگەریی شێعر تازە بە ناوچەی موکریان و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەڕابوو و کەسانی وەک ئەو و کاکم (وەفا) لە نێوان شێعری کۆن و نوێدا قەتیس مابوون و شێعرەکانیان شەقڵی هەر دوو شێوازیان پێوە دیار بوو. ئەوە لە «سوارە»دا وا نەبوو و ئەگەر شێعری نوێی دەگوت هەموو تایبەتمەندییەکی نوێگەریی سەردەمی خۆی بەسەر بەرهەمەکەیەوە دیار بوو. لە شێعری مەحموودیدا ئەگەر تەرجیعی عەرووزی عەرەب تێکشکاوە، هێشتا مۆرکی دیاردەیەکی دیکەی عەرووزی عەرەب، واتە سەروا و تەنانەت کێشیش بەسەر شێعرەکەوە ماوەتەوە باوەکوو کێشەکە ئەو نەزمە ستانداردە کۆنەی نەپاراستبێ. هەروەها شوێنی شێعری بڕگەییش لە کارەکانیدا هەڵدەگیرێ. شاعیر لە سەرەتای کتێبەکە، بەشی «من کێم» لاپەڕە ١٤١دا دەنووسێ:

«لە ٢٥ی مانگی ڕێبەندانی ١٣١٦ی هەتاوی لە «پاشبڵاغ» کە دێیەکە لە نزیک بۆکان، بەڵام لەسەر ناوچەی مەهابادە، لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لەدایکبووم. بابم نێوی مەلا برایم کوڕی مەلاساڵحی سەرا، لە بنەماڵەی زانستپەروەری مەلایانی شەمۆڵەی ناوچەی سەردەشت بوو... لە سابڵاغ ئیجازە[ی مەلایەتی]م وەرگرت و لە گوندەکانی «جەمۆغە»ی بۆکان و «تاڵەجەڕی»ی سەقز دەستم کرد بە دانەوەی دەرس... ناچار دەستم [لە مەلایەتی] هەڵگرت و بووم بە مامۆستای قوتابخانە

دەوڵەتییەکان.»

بەم پێیە پەیوەندیی مەحموودی لەگەڵ بۆکان دەردەکەوێ و باسی کتێبەکەشی لەم زنجیرەوتارەدا جێگەی دەبێتەوە. شێعرەکان ساکار و بێگرێوگۆڵ و نیشاندەری ئەوەن شاعیر بیرێکی ساکار و دوور لە ئاڵۆزیی ژیانی ئەمڕۆی هەبووە. لە سەرەتای چیرۆکەشێعری «مشکی نەترس»دا کە لە فارسییەوە وەریگێڕاوە، دەنووسێ: «بیر کەرەوە بیر، کە بیرکردنەوەیەک چاترە بۆت لە هەزار ساڵ عیبادەت کردن.» ئەمە، تەنانەت ئەگەر وتەی خۆشی نەبێ و لە قسەی زانا و بلیمەتێکی بێگانەشی وەرگرتبێ، کارێکی بوێرانە و ڕووناکبیرانەیە، ئەویش بۆ مەلا و کەسایەتییەکی ئایینی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیشدا پەروەردە کرابێ.

کتێبەکە چەند شێعری فارسی و چیرۆک و پەخشانی نووسەر و بۆچوونی چەند شاعیر و نووسەری کوردی سەبارەت بە کارەکانی ئەوی گرتۆتەبەر. وا هەیە لە باری بەڵگەنامەیی‌یەوە چەند لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە گەلێک گرنگ بن. لەو بەشەدا نموونەی دەسخەت و نامەی چەند مەلا و کەسایەتی ناوداری ناوچەی موکریان تۆمار کراوە: مامۆستایان هێمن، سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)، مەلا خالید دەربەندی، مەلا هادی ئەفخەمزادە، مەلا عەلی ڕەببانی، مەلا عەبدوڵڵا مودەڕریسی، مەلا محەممەد وەلزی، حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی و مەلا برایم مەحموودی. بەڵگەنامەی دیکەی نێو کتێبەکە چەند نموونە خەتی شاعیرن کە لەوپەڕی جوانیدا نووسراون و نموونەیەک لە خەتی «ئازاد»یش خراوەتە دوالاپەڕەوە، کە وێدەچێ هەمان ئازاد مەحموودی، کوڕی شاعیر و ئامادەکەری کتێبەکە بێ؛ بێچووە مراوی مەلیی گەلێک باش زانیوە![1]

١. محەممەدسەدیق مەحموودی، «وەنەوشە سەرجەمی بەرهەمەکانی محەممەدسەدیق مەحموودی، شێعر و پەخشان ١٣٣٧ تا ١٣٥٨ دەگەڵ لێکدانەوە و بیروڕای شاعیران و نووسەران»، ئامادە کردنی ئازاد مەحموودی، چاپی ئیحسان، تاران ١٣٨٨/ ٢٠٠٩]، (ISBN: 978-964-356-684-5).

# مۆسیقا

مۆسـیقا شـێوەیەکی دەوڵەمەنـدی هونەر لـە بۆکانە، بـەڵام بەداخەوە ئـاوڕی پێویسـتی لێنەدراوەتـەوە، نە لە مۆسـیقا و ئامێرەکانی، نە لە هەوادانەر و هونەرمەندە گەورەکانی، هەر لە بەیتبێژەوە تا گۆرانیبێژ و ڕاپـەر. تـا ئەمـڕۆش کـە بەرەو سـەد سـاڵەی لەدایکبوونی حەسـەن زیـرەک دەچیـن، هێشـتا ژیاننامەیەکـی هەمەلایەنـەی پشتئەسـتوور بـە بەڵگـە بۆ ئـەو هونەرمەنـدە ئەفسـانەییەی کـورد نەنووسـراوە، وەک بـۆ مامۆسـتایانی وەک قالەمـەڕە، سـەید محەممـەدی سـەفایی، عەلی کەردار و عوسمانەسـووریش نەنووسـراوە. ئـەم کتێبە وا هەیە کەلەبەرێکی بچووکی لەو ناتەواوییە گەورانە پڕ کردبێتەوە و لایەنێکی لە هونەر و ژیانی بەشێک لە هونەرمەندە کوردەکان ڕوونکردبێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانرێ وەک سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە مۆسیقای کوردی سەیری بکرێ.

## مێژووی مۆسیقای کوردی

نووسـینی مێژووی مۆسـیقای میللەتێک و هەڵسەنگاندنی پێشکەوت و گۆڕانکاری و تایبەتمەندییەکانـی لە سـەردەمی جیاجیـای مێژووییدا، ئەرکێکی گـەورە و گرانە و پێویسـتی بە کاری هاوبەشـی پسـپۆڕان هەیە. ئێمە بەداخەوە شـارەزایەکی ئەوتۆی مۆسـیقامان نییـە کـە لە بواری پەرەسـەندنی مێژوویـی بابەتەکـەدا کاری کردبێ و بەتەمابین بەو زووانە شارەزایەکی وامان تێدا هەڵکەوێ.

هـەر چۆنێـک بـێ، ڕێـزدار محەممـەد حەمەباقی بەشـێک لەم ئەرکە پێویسـتەی گرتۆتـە ئەسـتۆ و نـەک تایبەتمەندیـی مۆسـیقایی، بەڵکـوو لایەنـی دیرۆکیی ڕەوتی مۆسـیقای کوردیی لە کتێبێکدا خسـتۆتە بەر باس. کتێبەکە بەشـی زۆری تەرخانی سـەردەمی کۆنـی پێش ئیسـلام کـراوە و پەیوەندیی مۆسـیقای کـوردی و گاتاکانی زەردەشت و مۆسیقای سەردەمەکانی دواتر، بەتایبەت ساسانییەکان (٢٢٤ تا ٦٥٢ی زایینی)ی وەک پێشینە بۆ مۆسیقای کوردی هەڵسەنگاندووە.

پەنجـا لاپـەڕەی دوایی کتێبەکە تەرخانی مۆسـیقای دوای ئیسـلامی کوردسـتان کراوە و نووسەر لەوێوە تا سەردەمێکی نوێتریش هاتووە.

مۆسـیقای ئەهلی حەق و ئێزدی بەشـێکی بەرچاوی لێکۆڵینەوەکەیان بۆ تەرخان کراوە و چەند نۆتەیەکی مۆسـیقای لوڕسـتان و لەکستان و هەورامانیش لە کۆتایی کتێبەکەدا چاپ کراون.

باسـی بۆکان لە هیچ شـوێنێکی لێکۆڵینەوەکەدا نەهاتووە و تەنیا لە لاپەڕە ١٦٥ تا ١٦٧دا هەندێک بابەت لە سـەفەرنامەی «ئۆژن ئۆبین» باڵوێزی فەرەنسـە لە ئێران

(سـاڵانی ١٩٠٧ تا ١٩٠٩) ڕاگوێزراوە کە ناوبراو چۆتە شـاری مەهاباد و لە هەندێک تایبەتمەندیـی مۆسـیقای مەهابـاد دواوە؛ ئـەم تایبەتمەندییانـە زۆروکـەم بۆکانیـش دەگرنەوە.

هیوادارم کاری کاک محەممەد حەمەباقی درێژەی هەبێ و لە بەرگەکانی دواتری کتێبەکـەدا سـەردەمێکی تازەتر و نزیـک لە ژیانی ئێمە بکەوێتە بـەر باس و لەوێدا باسـی مۆسـیقار و گۆرانیبێژانی سـەردەمی سـەردارەکانی بۆکان و دوای ئەوانیش بکرێ.[١]

١. محەممـەد حەمەباقـی، «مێژووی مۆسـیقای کـوردی»، چاپی دووهـەم، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ٢٤٦ لاپەڕە، کوردی.

## مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆژاوای ئێرانەوە

دەستەیەک خەڵکانی مۆسیقاناس لەلایەن هەندێ ڕێکخراوی ئەمریکی و ئاڵمانییەوە لەساڵی ١٩٦٢ (١٣٤١ ـ ٢ی هەتاوی)دا سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە و بەگوێرەی دەرەتانی ئەو ساڵانە، هەندێ مۆسیقا و گۆرانییان لە شار و گوندی جیاجیای ناوچەکە تۆمار کردووە کە لە کۆلێکسیۆنی یەک لە ئەندامانی سەرەکی گرووپەکە بەناوی «دیەتر کریستێنسن»دا پارێزراون.

بەشێک لە تۆمارکراوەکان بە ناوی «مۆسیقای فۆلکلۆریی کوردی لە ڕۆژاوای ئێرانەوە» زانستگەی ئیندیانای ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٥دا لەسەر قەوان (سەفحە) یەک بڵاوی کردۆتەوە، کە ئێستا نوسخەکەی لە زۆر شوێن، بۆ نموونە لە کتێبخانەی بریتانیا (بەشی مۆسیقا) و کتێبخانەی «سواس»ی لەندەن پارێزراوە.

قەوانەکە، سەرجەم ١٠ پارچە مۆسیقا و گۆرانیی گرتۆتەبەر، کە لەم شوێنانەی خوارەوە تۆمار کراون: چوار بەشیان لە مەهاباد (عەسکەر تارزەن، محەممەدی ماملێ و حاجی حەمەڕەش)؛ سێیان لە گوندی حاجیابادی سەر چۆمی مەجیدخان (شێرعەلی، ئەشرەف بێکەسی خەڵکی گوندی «ئاڵبلاغ»ی بۆکان و کەریم بایز)؛ یەکیان لە گوندی سارووقامیشی سەر چۆمی مەجیدخان (حەمەدەمین برژەی کەڵوڕی هەوشار)؛ یەکیان لە گوندی یەکشەوەی بۆکان (سەید و حەسەن) و سێیان لە گوندی باوەلێی شاری سونقوڕی کولیایی تۆمار کراون (بەتوول زیایی، زێوەرخانم زیایی و حەسەن). جگە لە کاری هونەرمەندانەی نەمر مامڵێ، بەیت و حەیران و قەتار و گۆرانی حاجی حەمەڕەشی ٧٠ ساڵە هەروەها گۆرانیی ڕۆینەی «چی بوو چیت لێ‌کردم» کە سەید و حەسەن بە دووقۆڵی لە گوندی یەکشەوە گوتوویانە لەوپەڕی ڕازاوەییدان.

نامیلکەیەکی ١١ لاپەڕەیی لەگەڵ قەوانەکەدایە، کە زانیارییەکی زۆری لەسەر مۆسیقای کوردی بەگشتی و تایبەتمەندیی ئەو گۆرانییانەی وا لە قەوانەکەدان

گرتۆتەبەر. بابەتەکە بە ئینگلیزی نووسراوە و شێعری گۆرانییە کوردییەکانیش هەر بە ئینگلیزی تەرجەمە کراون.

جێگەی خۆی دەبێ کە نەک هەر قەوانە بڵاوکراوەکە جارێکی تر تۆمار و بڵاوبکرێتەوە، بەڵکوو هەوڵ بدرێ هەموو تۆمارکراوەکانی کریستێن‌سن لە تۆمارگەی خۆی وەربگیرێ و بڵاوبکرێتەوە و دیارە دەقە ئینگلیزییەکەش وەربگێڕدرێتە سەر کوردی. قەتاری «سەید» لە گوندی یەکشەوەی بۆکان گوایە هەشت بەش بووە، کە سێ بەشی بڵاوکراوەتەوە:

**ئەی لە دڵەکەی خۆم ئەوەنەی هەنارێ**
**سەد وەستای تیایە هەریەک لە کارێ**
**سەد کووچەی تیایە هەریەک لە شارێ**
**ئاهی ئەو دڵەی من، بەردت لێبارێ...**

من دەقی قەتاری سەیدم لە پەراوێزی وتارێکدا بەناوی قەتاری کوردی کرماشان نووسینی مێجەرسۆن لە ژمارە ٥٤ی گۆڤاری مەڵبەند چاپی لەندندا بڵاوکردۆتەوە.

ئەوەش تایبەتمەندی قەوان (سەفحە)کە:

Kurdish Folk Music from Western Iran, Recorded by Dieter and Nerthus Christensen, Notes by Dieter Christensen, Edited by Frank Gillis, Kurdish texts translated by Ali Quazi and Dieter Christensen, Master tapes prepared in the Recording Laboratory of the Archives of Traditional Music by Judy Mcculloh.

Ethnic Folkways Library, FE4103, Indiana University Archives Traditional Music Ethnomusicological series.

George List, Series editor.

## حەسەن زیرەک، ڕوانینێک لە دەروونەوە

چاپی دووهەمی چریکەی کوردستان بیوگرافیی هونەرمەندی مەزنی کورد حەسەن زیرەک لە تاران کەوتۆتە بازاڕەوە. زیرەک لە چریکەی کوردستاندا بەسەرهاتی ژیانی خۆی لە منداڵییەوە تا ساڵی ١٩٥٨، واتە ١٤ ساڵ پێش مردنە ناوەختەکەی، بە شێعر هۆنیوەتەوە.

شێعرەکان لە ساڵی ١٩٦٤دا هۆنراونەتەوە و بەهیممەتی خاتوو مێدیا زەندی، هاوسەری زیرەک، هاتوونەتە سەر کاغەز، ئینجا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٦دا لە تاران چاپ کراون، دواتر جارێکیش لە باشووری کوردستان چاپ کراونەتەوە و وا ئێستا چاپێکی تازەتریان لە تاران بڵاو دەبێتەوە.

چریکەی کوردستان چیرۆکی پڕ کارەساتی لاوێکی گوندییە کە مردنی باوک و هەژاری و نەداری و کێشەی نێو خێزان لە زێد و ماڵی هەڵدەکەنێ و بازرەی وڵاتانی دەکا. کوڕەلاوی ئێمە بە شوێن پاروویەک نان و داڵدەیەکدا، سەقز و مەراغە و تەورێز و تاران دەتەقێنێ، کرێکاری، چاوساغی، قاچاخچییەتی و شاگردشۆفیری دەکا؛ سەر لە ئابادان و بەسرە و کەرکووک و پێنجوێن دەردەهێنێ، بە هیممەتی مام جەلال تاڵەبانی دەچێتە ڕادیۆ کوردیی بەغدا، ئەوجا دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئێران؛ لەپێشدا لە تاران دەمێنێتەوە و لەوێوە دەچێتە کرماشان و پاشان مەهاباد و شنۆ و بانە، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٢دا بە هەژاری و کەساسی لە بۆکان سەر دەنێتەوە و دواهەواری ئەو کاروانە پڕ نەهامەتەی لە داوێنی چیای «ناڵەشکێنە»ی بۆکان دەخات:

**«دەچمە سەر ناڵەشکێنێ، بەرانبەر بە بۆکانێ...»**

ئەوەی حەسەن زیرەکی لاوی لەو هەموو لاوە گوندییانە جیا دەکردەوە، کە ژیانی بێسامانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەوانیشی لە زێد و نیشتمانیان دوور دەخستەوە و ئاوارەی شارانی دەکردن، «بەهرە»یەکی لەبنەهاتووی هونەری و سەرێکی سەوداسەری سنوورنەناس بوو کە شێوازی ژیانی ئاسایی ژیانی وەرنەدەگرت و لەگەڵ

کۆمەڵگای کۆنسێرڤاتیڤی سەردەمدا دژ دەوەستا، ئینجا دژوەستان و ناتەبایی لەگەڵ کۆمەڵگای چەوسێنەر و بێبەزەیی، هێدیهێدی چووە خوێنییەوە و بوو بە بەشێک لە کەسایەتییەکەی. سیستەمی کۆنی سوننەتیش دیاردەی وا دژ و ململانیکەر وەرناگرێ و بە تاوانی ئەو بوێری و ئازایەتییە، پشتی تێدەکا. زیرەک، کە پێشتر سروشت و چارەنووس پشتیان تێکردبوو و هەر لە منداڵیدا باوکیان لە دەست سەندبوو، ئیتر بەیەکجاری تاکوتەریک دەکەوێتەوە و پردی پشتسەری یەکیەک دەڕووخێن. باوک نەماوە، دایک بەجێیهێشتووە، برا لە ماڵ دەریکردووە، کۆمەڵگای بێبەزەیی شاریش دڵی بەبێ کەسی و تەنیاییەکەی نەسووتاوە، خاوەن ئیش قرتی کردووە، یاسا و دەوڵەت پشتیان نەگرتووە و مزگەوت و خانەقاش لەسەری بەجواب نەهاتوون.

پێکهاتەی ئەوم ڕەنج و تەنیایی و هەژارییە لەگەڵ هەستی جوانپەرست و مرخی هونەریی زیرەکدا کەسایەتییەکی «زەوینی» تێدا دروست دەکەن کە هیچ سەرزەوینێک بەخۆوەی ناگرێ و هیچ هاودەمێک تاسەر لەگەڵیدا نامێنێ. دڵی تاسەباری ئەویش لە کانیاوی هیچ شوێنێک پاراو نابێ و هیچ پەیوەندییەک تاسەی ناشکێنێ. حەسەن زیرەک پشت لەو نیزامە نامرۆڤانەیە دەکا کە منداڵییەکەی لە دەست سەندووە، بە لاوییەتی پیری کردووە و لە پیریشدا هیوای بۆ نەهێشتووە. ئیتر لەلای ئەو، ناسیاو و بیانی، دۆست و دوژمن، چاک و خراپ سنووریان دەشێوێ و لە چاوی ئەودا تەیفی ڕەنگەکان لە ڕەنگی سپیدا پوختە دەبنەوە. ئیتر جیاوازییەک لە نێوان «مەلیک فەیسەڵی ثانی»[١] و «وەلیعەهدی ئێران»[٢] و «ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوان»[٣] و «ڕەشیدی

---

١. لە گۆرانییەکی سەر ڕادیۆ بەغدایدا دەڵێ: «ئەوە ئیزدیواجی کرد مەلیک فەیسەڵی ثانی.»

٢. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، هەمان گۆرانی دەگۆڕێت و ئەمجار بەبۆنەی لەدایکبوونی کوڕی شاوە دەڵێ: «ئەوە هاتە دنیاوە کوڕشازادەی ئێرانی».

٣. ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوان گزیری ئاغاکانی بۆکان بوو و زیرەک لەبەر هۆیەکی بۆ من نادیار، لە چەند گۆرانیدا باسی دەکا.

حەسـەنزادە»[١] و «سـەیدی زەمبیل»دا[٢] نابینێ و هەموو بە یەک چاو سـەیر دەکا و دەیانهێنێتـە نێـو گۆرانیەکانییـەوە. ڕەشـەبایەک لـە مێشـکی هونـەروەری زیرەکدا هەڵدەکا کە هەموو شت ڕادەماڵێ و لەگەڵ خۆیدا دەیبا. ئەو تۆفانە سامناکە ئیجازە نـادا پەیوەنـدە کۆمەڵایەتییەکانـی حەسـەن زیرەک «شـێواز» بە خۆیانـەوە بگرن، نە شـێوازی سیاسـی و نە تەنانەت کۆمەڵایەتی. لە ئەنجامدا هونەرمەند لەگەڵ هەموو کـەس و هەمـوو دیاردەیـەک ناتەبا دەکـەوێ و چوارچێـوەی هیـچ بیروبۆچوونێک وەرناگرێ.

چ بەختەوەرن ئەو هونەرمەندانەی وا دەتوانن «لایەن» بگرن. چ بەختەوەرن ئەو و هونەرمەندانـەی وا مێشـکیان دەتوانـێ چوارچێـوە وەربگـرێ. چ بەختـەوەرن ئـەو هونەرمەندانەی وا خۆیان لە بۆسـەی حیزبێک، سیاسـەتێک و دەوڵەتێکدا حەشـار دەدەن! ئەگەر حەسەن زیرەک بیتوانیایە ببێتە لایەنگری شۆڕشی ٥٨ی عێراق؛ ئەگەر بیتوانیایـە ببێتە پێشـمەرگەی شۆڕشـی ئەیلوول؛ ئەگەر لە لایەنگـری کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەردەوام بووایە و تەنانەت ئەگەر لە هەڕاجەبازاڕی ئەو دەمی ئێراندا ببوایەتە سـاواکییەک، لایکەم هێزێک، دەسـەڵاتێک دەبوو پشـتی بگرێ و بانگەشـەی بۆ بکا. هیچ نەبێ کەسـێک پەیدا دەبوو لە کەساسـی و نەداریی سـەرەمەرگدا پـارەی دەرمـان و دوکتۆری بۆ بـدا و چاوە خانوویەکـی بۆ بەکرێ بگـرێ، بـەڵام حەسـەن زیـرەک تەنیـا ژیـا و وەک «قوو»یەکـی چەلەنگ، لـە قوژبنی تەنیاییدا مرد.

هەستی وەک پەڕەی گوڵ و بیری بەرزەفڕی حەسەن زیرەک، ئەو دەرەتانەیان بۆ نەدەخوڵقاند تەسلیمی ساتوسەودای سیاسی و شێوازی ژیانی ئاسایی سەردەم بێ. نـە بنەماڵە و عەشـیرەتێکی قورس و قایمی هەبـوو لایەنی بگرن، نە داموودەزگایەکی نەتەوایەتیی کورد هەبوو پاڵپشـتی بێ، نە سیسـتەمە داگیرکەرەکانی کوردسـتانیش

١. سـاواکییەکی خەڵکی بۆکان بوو، دەگوترێ لە هێنانەوەی زیرەک لە عێراقەوە بۆ ئێراندا دەستی هەبووە.

٢. حاجـی سـەید عەبدولکەریمـی نوورانـی، بـرای حاجـی بابەشـێخی سـەیادەت و شـێخی تەریقەتی نەقشی لە گوندی زەمبیلی نێوان بۆکان و سەقز.

یارمەتیی ئەویان دەدا قارەمانێکی نەتەوەیی، یاخود کەسایەتییەکی بەشان‌وشکۆ بۆ کورد دروست بکەن.

حەسەن زیرەک هیچکام لەو دەرفەتانەی بۆ نەڕەخسا و لە هیچ لایەکیان بەهەند وەرنەگیرا، بەڵام لە ژوور هەموو ئەو شتانەوە، مەرجێکی مەزنتری بردەوە، مەرجێک کە بەدرێژایی سەدە و ساڵ تەنیا هەڵبژاردەیەکی کۆمەڵگای مرۆڤ دەتوانن بیبەنەوە. حەسەن زیرەک لە دڵی خەڵکدا جێگەی بۆخۆی کردبۆوە، جێگەیەک کە لە ڕابردوودا تەنیا پێغەمبەران دەیانتوانی بۆخۆیانی مسۆگەر بکەن و لە جیهانی ئەمڕۆدا هونەرمەندانی ئەفسانەییش دەتوانن. ئەوەی حەسەن زیرەک و هونەرەکەی کردیان، هیچ دەسەڵاتیک، هیچ حکوومەتێک و هیچ هێزێکی نێو کۆمەڵگای ئەو دەمی کوردستان نەیدەتوانی بیکا: حەسەن زیرەک چووبووە ئەندەروونی دڵی حەسرەتمەندی گەلی کوردەوە! ئەوە کارێکی زێدە مەزن بوو.

ناوی حەسەن زیرەک سنووری زاراوە و ئایین و جوغرافیای بەزاند و بووە میوانی هۆبە و هۆدە و کاخ و کۆخی خەڵک، کرمانج و سۆران و گۆران لە بۆتانەوە تا لوڕستان دەرگای دڵی تاسەباری خۆیان بۆ خستە سەرپشت و ئیتر گۆرانیبێژە بۆکانییە ئاوارەکە، بوو بە دەنگی زوڵاڵی گەلی کورد و ڕەمزی کورد بوون. حەسەن زیرەک بووە بەشێک لە مێژوو و ناسنامەی کورد؛ هەندێک لە گەلانی دراوسێ، تەنانەت کوردیان بە حەسەن زیرەکەوە دەناسی. ئیتر ناوی کورد و حەسەن زیرەک ئاوێتەی یەک بوون و حەسەن زیرەک بوو بە دەنگی کورد. لەوە بەدواوە ئەو چریکەیەی وا لە ڕادیۆ و قەوان و شریتەوە بڵاو دەبۆوە دەنگی تاکێک نەبوو، دەنگی کۆمەڵ بوو، دەنگی حەسەن زیرەک نەبوو، دەنگی گەلی کورد بوو.

کۆمەڵانی کورد، بێجگە لە ڕووناکبیرە بەرزەدەماخەکانی، گەلێک زوو حەسەن زیرەکیان بە هەند وەرگرت، بەڵام بۆ هونەرمەند خوی، مەسەلەکە شێوازێکی جیاوازی هەبوو. ئەو، هیچ کەس و هیچ شتێکی بە هەند وەرنەدەگرت! هیچ هێز و دەسەڵاتێک، هیچ کەسایەتی و ئەنیستیتۆتێکی ئایینی ـ سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و بەگشتی هیچ «بایەخ»ێک لای ئەو نرخیان نەبوو. لە ساڵانی کۆتایی ژیانی‌دا، حەسەن

زیرەک بە هەموو واتایەکی وشـە، «نیهیلیسـت» و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی نموونەی هەڵوێستی «ئانتی سوشیال»ی کەسێک بوو، کە «بایەخ»ە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ گرنگ نییە و لەژێر بارودۆخێکی نائاسـایی ژیاندا، کە هەر ئەو کۆمەڵگایە بۆی ناوەتەوە، لە هەر شتێک کە «بایەخ»ی پێ بگوترێ بێزارە.

بێزاری لە یاسـا کۆمەڵایەتییەکان کێشـابوویە سـەر بێزار بوون لە خەڵک و لە ئەنجامـی ئـەو بارودۆخـەدا، شـار و گونـدی بەجێهێشـت و لە دەشـتێکی دوور لە ئاوایـی شـاری بانـە، هەواری خسـت. کەپر و سـاباتێکی دروسـتکرد و ئەو مرۆڤە تۆبەکارەی وا لەسەر دەستی «سەیدی زەمبیل» تۆبەی کردبوو، نەک هەر گەڕایەوە سـەر عارەقخواردنەوەکـەی، بەڵکـوو لـە نێـو هەمـوو ئیشـێکی گونجـاوی دیکـەدا «مەیخانەچییەتـی» هەڵبـژارد. ئەوەش نیشـانەیەکی دیکەی بێـزاری لە کۆمەڵ بوو کە هەوڵی دەدا نەک خۆی، بەڵکوو خەڵکانی دیکەش لە «هۆشیاری» و «ئاگاداری» دوور بخاتـەوە و نەهێڵـێ بە دەردی ئەو بچن: «دەردی وشـیاری و سـەبووری» حەسـەن زیرەکی کوشتبوو.

مـن لەگـەڵ دوو بـرادەری خۆم، سـەردانی سـاباتەکەیمان لە دەرەوەی شـاری بانـە کـرد. ئـەو شـەوەش وەکـوو شـەوانی دیکـە «ڕەججالـە»ی هەرچیوپەرچـی لـە «مەیخانە»کـەی ئامـادە بـوون، کەسـانێک کە لە هەمـوو دیاردەیەکی ئـەو جیهانە نزیک بوون بێجگە لە هونەر! چوار ژاندرمی عەجەم لەسـەر میزێک دانیشـتبوون و گوشـاریان خسـتبووە سـەری بۆ ئـەوەی لەگەڵیـان دابنیشـێ و گۆرانییـان بۆ بڵێ. حەسـەن زیـرەک کـە ئامادە نەبـوو دەنگی لـە گوێچکـەی هونەرنەناسـی ژاندرمەدا بخنکێنـێ، هاتـە لای ئێمـە، وەکـوو منداڵێکـی مەعسـووم بـە مەلوولـی دانیشـت. هەرگیـز ئـەو ڕسـتە کورت و پڕواتایەم لـە بیر ناچێ کە لە زمانی حەسـەن زیرەکم بیسـت: «ئەوجـار بـۆ کـوێ هەڵێـم؟» ـ ئـەوە کۆتایـی ڕێـگای ڕێبوارێـک بـوو کـە نیزامـی کۆمەڵایەتـی لەگەڵـیدا کەوتبووە شـەڕێکی نابەرانبەرەوە، شـەڕێک کە تێیدا سـەرکەوتن مەحاڵ بوو؛ قومارێک کە بردنەوەی بۆ نەبوو. حەسـەن زیرەک ئەو «ام المعـارک»ەی دواییشـی دۆڕاند، ئەوجا بە کەساسـی و هەژاری هاتـەوە بۆکان و لە

ژوورێکـی ساردوسـڕ و ڕەقوتەقدا چاوەڕوانی شـێرپەنجەی تەقدیـر مایەوە بێ و دوا گورزی خۆی لێبوەشێنێ. ئەو چاوەڕوانییە تا پووشپەڕی ساڵی١٣٥١ (١٩٧٢)ی زیاتر نەخایاند.

ڕۆژی پێنجەمـی ئـەو مانگـە، حەسـەن زیـرەک لـە تەمەنـی ٥٠ سـاڵیدا وەک «قوو»یەکـی تەنیـا لـە قوژبنـی نەخۆشـخانە بچووکەکـەی بـۆکان سـەری نایـەوە. ئەویـش وەک میللەتەکـەی، لـە شـاخ و کێـو زیاتـر هیـچ دۆسـتێکی نەبـوو و هـەر بۆیـەش پەنـای بـردە بـەر شـاخی ناڵەشـکێنەی بـۆکان و لـەوێدا ئارامـی گـرت، ئارامییـەک کـە ژیـان پێـی نەبەخشـیبوو، مـردن خەلاتـی کـرد. حەسـەن زیـرەک تەنانـەت نەیویسـت لـە مردنیشدا قەبـری لـە قەبـری خەڵـک نزیـک بـێ و بـە تاکیتەنیـا لەسـەر لووتکـەی گردێکـی داوێنـی ناڵەشـکێنە دوا هـەواری خسـت و ئێسـتەش ئـاڵای نـاوی نـەک هەر لـە بەرزیـی ناڵەشـکێنە، بەڵکوو لەسـەر لووتکەی هەمـوو چیایەکـی خاکـی کورد دەشـەکێتەوە. سەرشـۆڕی بۆ ئەو بەنـاو کوردانەی وا ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ حەسـەن زیرەکیـان لـە ڕادیـۆ کوردیی کرماشـان و تـاران تارانـد و گەلـی کوردیـان لە هونـەری ئەو بێبەش کـرد. ئەو کەسـانە ئەگەر ئەمڕۆ داگیرکەرانی خاکی کورد سـەد میداڵیاش بە سـینگیانەوە هەڵواسـن، پێش بە سەرشۆڕییەکانیان ناگرێ.

وەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا، بۆنەی نووسرانی ئەم بابەتە، دەرچوونی چاپی نوێی ژیاننامەی مەنزوومی حەسەن زیرەکە. ئەوەی خوارەوە، ڕوانینێکە بەو کتێبەدا، کە ئوتۆبیۆگرافیی هونەرمەندە ئەفسانەیی‌یەکەی گەلی کوردە.

**چریکەی کوردستان**

کتێبەکە، لەم بەشانە پێکهاتووە:

- سەرەتای نەمر محەممەدسەدیق موفتیزادە؛
- دەقی ئوتۆبیۆگرافیی هونەرمەند بە شێعری خۆی؛
- بیرەوەرییەکانی خاتوو مێدیا زەندی، هاوسەری هونەرمەند؛
- یادداشـتێکی کورتـی خاتـوو مەهناز (سـاکار) زیرەک، کچـی هونەرمەند بە

فارسی؛

ـ پارچە شێعرێکی کاک فارووق بۆرەکەیی؛

ـ تەرجەمەی فارسیی بابەتەکانی بەشی ٢ ـ ٣ و ٥.

ئەوەی خوارەوە هەندێک زانیاری و بۆچوونە سەبارەت بە بەشەکانی کتێبەکە:

بەشی ١. سەرەتای موفتیزادە بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی کورتی کەسایەتیی حەسەن زیرەک و هونەرەکەی کە بەو شێعرانەی نەمر محەممەدسەدیق موفتیزادە کۆتایی پێدێ:

**زیرەک! زۆرت کرد خزمەتی هونەر**
**ژینت لەپێناو هونەر بردە سەر**
**باوەکوو لە ژین نەحەسایەوە**
**پەژارەت زۆر دی، زۆر چەوسایەوە**
**ڕۆژگارت ساتێ بەبێ خەم نەبوو،**
**بەڵام لە هونەر هیچت کەم نەبوو!**

بەشی ٢. ژیاننامەی هونەرمەندە بە شێعری خۆی:

ئوتۆبیۆگرافی حەسەن زیرەک، بەشی سەرەکی و گرنگی کتێبەکە پێکدەهێنێ. لێرەدا حەسەن زیرەک بە شێعری بڕگەیی و ساکار باسی سەربهوردەی ژیانی خۆی دەکا. گەلێک لایەنی ژیانی هونەرمەند، بەتایبەت سەردەمی منداڵی و پەیوەندیی نێو بنەماڵەیی، لە شێعرەکانی زیرەکدا ڕوون دەبنەوە. ئینجا دەمانباتە سەردەمی لاوی و گەڕانی شارەوشار و ئیش‌وکاری هەمەچەشنەی خۆی، تا ئەوەی بە یارمەتیی مام جەلال تاڵەبانی سەر لە ڕادیۆ کوردیی بەغدا دەردەهێنێ و لەوێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و لە تاران نیشتەجێ دەبێ.

ئەوە هەڵبژاردەیەکی شێعرەکانە بۆ ناسیاوبوونی خوێنەر لەگەڵ ژیانی حەسەن زیرەک و بەرهەمە شێعرییەکەی:

**خەڵکی بۆکانم، کوردی خوێن‌پاکم        برام حوسێنە و خات ئامین داکم**

ناوم حەسەنە، باوکم عەبدوڵڵا
هەشتنۆ ساڵە بووم، بووم بە عەمەلە...
تاربووم، هەڵاتم ڕووم کردە سەقز
لە دوازدە ساڵە بووم بە قاوەچی...
لە چواردە ساڵە ڕۆیم نێوبەنێو...
لە شازدە ساڵە چەند دەرکەم تەقاند
لە مەراغەدا بووم بە تووتنچی
ڕۆیشتمە تەورێز بووم بە قاچاخچی...
لە تەورێز بوومە شاگرد قەنادچی...
هاتمەوە بووم بە شاگردی شۆفێر...
ئەوجا خۆم کوتا بەرەو خووزستان
شەو پەڕیمەوە بەدزی بۆ بەسرە...
هاتمە لای برا لە «قەرەمووسالیان»
هاتمەوە سەقز بەرزی باوەخان...
ماشێن دەڕۆیی، خەلاس بوو دەندە
ئەولاکەم شیو بوو، بندەستم جادە
بۆ من وا نەبوو تا ئەو ماشێنە...
خەتام تیانەبوو بە کەلامولڵا
دوای بانگی عەسر گەیشتمە تەورێز...
سرویسم دەکرد لە «قوم» بۆ تاران...
نۆ مانگم کێشا زیندان بە خەتا...
پێتاوم پێچا بۆ شاری پێنجوێن...
بووم بە موسافیر چووم بەرەو کەرکووک...

خوشکم سارایە، کاک مینە کاکم
تا یازدە ساڵە ئاوا کارم کرد
بوومە چاوساغی مەلایێ حافز...
لە سێزدە ساڵە پەیام کردبوو نێو
ڕۆژێک لەم دێیە و ڕۆژێک لەو شارە...
چەندە کارم کرد، چەند سەرم شکاند!...
لە مەراغەدا بووم بە تووتنچی
هەتا بیست ساڵە کەس نەیوت تۆ چی؟
ئەوەندەم کارکرد ببووم شەل و گێڕ
ڕووم کردە تاران بۆ ئیش و بۆ کار...
چوومە ئەهواز و مەسجید سولەیمان...
یەکسەر هاتمەوە «چۆمی مەجیدخان»
جا حەقی خۆم سەند هاتم بۆ بۆکان
بووم بە شاگردی حاجی بێئیمان...
چاوم نەیدەدی ڕاستی یا کەندە...
چونکە پەشۆکام، کەوتم بەلادا...
ڕیشەی زیندەگی «مچە» بڕاوە...
دەستمدا کێوی، بەرەو موکریان...
زەحمەت یا ڕەحمەت، گەیشتمە تاران...
هاتمەوە تەورێز، چوومە مەهاباد...
بیست و حەو ساڵم ئاوا هاتە بان...
یا لە پێنجوێن یا بۆ سلێمانی...
بەغدا پاک گەڕام شاریع، چاخانە

**بـووم بــە شــاگردی موســافیرخانە... لە «ئوتێل شــیمال» کە جێــی کوردانە...**
**موســافیرێکمان کە «مام جەلال» بوو... پێــی گوتــم بــرا، بتبــەم بــۆ ڕادوێ...**
**جــوان ناســاندمی بــە «عــادل عیرفان» کــە بەندێکــم گوت بــە دڵــی پڕگریان،**
**لە خــواوە جەرگیان بۆم بــوو بە بریان... مەخلەس، دامەزرام لە بەشــی کوردی...**
**ئــەوا بەو جــۆرە چــەن ســاڵ غوربەتی چەندە بێکەســی و چەنــد بێتاقەتی...**
**هەرچەنــد غەریب بووم، ببــووم هەڵوەدا ئەمما دۆســتم خۆش! نێوم کــرد پەیدا...**
**مەخلــەس، ٥٨ ماڵــم بەجێهێشــت هیچم نەهێنــا بە عەزمی خوێی چێشــت**
**مــاڵ و زیندەگیــم لە خــۆم کــرد وێران زۆر بــە فەخــرەوە هاتمــەوە ئێــران!**

ئــەوە کورتــەی ژیانــی پــڕ لــە چەوســانەوە و ئــازاری مرۆڤێکــە کــە هەمــوو دیاردەیەکــی کۆمەڵایەتــی، لە ئەندامانی بنەماڵەوە تا خاوەن ئیشــی کورد و تورک و فــارس و عــەرەب دژی وەســتاون و چەوســاندوویانەتەوە. ئــەم چەوســانەوەیە و ئەم هەلومەرجە نالەبارەی ژیان ئۆقرەی لێسەندووە و هەر ڕۆژەی لە شوێنێک و لــە شــاریک و وڵاتێکــە، ژیانــی ئاســوودە ســوارە و ئــەو پیــادە، خۆشــیی ژیــان ئاواتێکــی دوورەدەســتە کــە ئەوەنــدەی بــۆ لای دەڕوا لێــی دوورتــر دەکەوێتــەوە.

ژیاننامەکە تا کاتی بەجێهێشتنی عێراق و گەڕانەوەی ئێرانی گرتۆتەبەر. لەوێدا باس لەوە دەکا کە بە فەخرەوە گەڕابێتەوە ئێران، بەڵام دواتر لە شریتێکدا کە ئێستا لەســەر یووتیووبیــش هەیە، باســی هاتنی مامۆســتایان عەلیمــەردان و تایەر تۆفیق بۆ کرماشــان و میوانداریی خۆی دەکا لە ژیانی ئێرانی خۆی ســەد هێندە ناڕازییە و لــە بەراوردکاریــی هەڵسوکەوتی کوردی ئێران و عێراقدا، ئاوات بە دۆســتایەتی و میهرەبانییەکانی باشــووری کوردســتان دەخوازێ، واتە ئەملای تات و ئەولای تات، لــەو بەینــەدا هیچی بۆ نامێنــێ جگە لەوەی بڵێ «هاتوومەتە ئەو دەشــت و بیابانە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد نەبینم!».[1]

ســەبارەت بە لایەنی شــێعریی ژیاننامەی حەســەن زیرەک دەبێ بڵێم شــێعرەکان

١. هەمان شریت

لەسەر کێشی برگەیی هۆنراونەتەوە و ژمارەی برگەکانیان «٥+٥»ە. لە هەموو فەردەکاندا «سەروا» گیراوەتە بەرچاو و هەندێکیان «ڕەدیف»یشیان هەیە.

نێوەرۆکی شێعرەکان ئەوەندەی ساکارن ئەوەندەش ڕاست و بێ درۆن و ڕاستەقینەی بەسەرهاتەکانی هونەرمەندیان خستۆتە بەرچاو. حەسەن زیرەک هەموو باس و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی جگە لە کێشەی وەرگەڕانی لۆری و کوژرانی لاوێک بەناوی مستەفا لە دەوروبەری سەقز، بەکورتی بڕیوەتەوە. خوێنەر هەست دەکا مەسەلەی کوژرانی ئەو کوڕەلاوە بۆ حەسەن زیرەک گەلێک گرنگ و جێگەی خەفەت بووبێ و هەر بۆیەش بە دووردرێژی باسی مەسەلەکەی کردووە بۆ ئەوەی بە ڕوونکردنەوەی دەوری خۆی و بێتاوانییەکەی لە کێشەکەدا، باری سەر شانی سووک بکا:«... خەتام تیا نەبوو بە کەلامولّلا...»

بەشی ٣. بیرەوەرییەکانی میدیاخانمی زەندی:

ئەم بەشە ئامێتەیەکە لە هەستی ناسک و خاوێنی ژنانە و هەندێک هەڵەی بۆچوون. میدیاخانم وەکوو هاوسەری حەسەن زیرەک، وا هەیە باشترین کەس بێ بتوانێ سەبارەت بە لایەنی شەخسی و کەسایەتیی حەسەن زیرەک و ژیانی ڕۆژانەی، هەواڵمان بداتێ، کە ئەم کارەش دەکا و گەلێک لایەنی ژیانی زیرەکمان لە سەردەمی ڕادیۆ کوردیی تاران و دوای ئەو تا سەرەمەرگی بۆ دەردەخا. ئێمە بۆ ئەم زانیارییە بەنرخانە قەرزداری میدیاخانمین. بەڵام ئەو، بە ڕەسمی ئێستای ئێران کە هەموو کەموکورتییەک دەخەنە ئەستۆی ڕژیمی پێشوو، چۆتە سەر باسی ڕژیمی پێشوو و تەنانەت مەسەلەی شووکردنی خۆشی بە حەسەن زیرەک، بە تاوانی ساواک داناوە. دیارە کەس قسەی لەسەر جینایەت و خەیانەتەکانی ساواک نییە، بەڵام تێکەڵاو کردنی هەندێک بابەت تووشی هەڵەمان دەکا و لە کێشەی سەرەکی لامان دەدا. بە بڕوای من تاوانبار کردنی خەڵک و سووکایەتی پێکردنیان نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەوپایەی حەسەن زیرەک. دەزگای ئەو دەمی ڕادیۆ کوردیی تاران لەژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ساواکدا بوو و بەشێک لەو کوردانەی وا بەڕێوەبەرایەتیی ڕادیۆکەیان دەکرد هاوکاری نزیکی ساواک بوون و ئەوە

هەموومان دەیزانین.

میدیاخانم هەروەها هێرشی کردۆتە سەر کاک عوسمان شارباژێڕی و کەریم خۆشناو کە «چریکەی کوردستان»یان لە باشووری کوردستان چاپ کردۆتەوە. میدیاخانم گەلێک ڕاستە کاتێک باسی ژیانی بێسامانی منداڵەکانی حەسەن زیرەک دەکا و دەڵێ لە خانووی کرێدا دەژین. کورد ئەگەر کەیان و دەوڵەتێکی خۆی هەبووایە و خەمی کەلەپووری گەلەکە بخورایە، ئێستا دەبوو بنەماڵەی حەسەن زیرەک لە ڕێز و ئیحتیرام و لە تێروتەسەلیدا داوێنیان لە عەرش بسوایە، بەڵام ئەگەر وا نییە داخوا تاوانی عوسمان شارباژێڕیی هەژارە؟ کتێبەکە بۆ ئەو یا کەریم خۆشناو چ سوودێکی ماددیی هانیوە؟ پێی دەوڵەمەند بوون وماڵیان کڕیوە؟ دڵنیام نا!

ئەوە تەنگژەی گەورەی جیهانی سێهەمە کە مافی «کۆپی ڕایتسس» وەک مافێک بۆ دانەرو نووسەر و هونەرمەند نەناسراوە و هەر کەس ویستی شریت یا سی. دی یا کتێبی کەسێکی دیکە چاپ و بڵاو دەکاتەوە بێئەوەی مۆڵەتی لە خاوەنەکەی وەرگرتبێ و یاساش پشتی خاوەن مافەکە ناگرێ، بەڵام ئایا لەو سەدان هەزار شریتەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک کە لە ماڵی هەمووماندا هەیە، مافێک بە بنەماڵەی حەسەن زیرەک دەگا؟ ئەی بۆ هێرش ناکرێتە سەر شریتفرۆش و ئەوانەی وا کۆپیی شریت و سی. دی دەکەن و تەنیا کۆپی کردنی کتێبەکە مەحکووم دەکرێ؟ ئەم بۆچوونەی من تەنیا بۆچوونێکە و مافی میدیاخانم بۆ ڕەخنەگرتنەکانی نافەوتێنێ.

بەشی ۴. یادداشتە کورتەکەی ساکارخانم:

ئەم دێڕانە گەلێک بەسۆز و هەستبزوێنن، هەستی خاوێنی منداڵێک کە باوکی خۆی لە سەروحەدی منداڵیدا لە دەست داوە و ئێستا ئەوەی لە باوکی بۆی مابێتەوە، بیرەوەریی پڕ تەمومژی ساڵانی زووە کە تێکەڵاون لەگەڵ بانگەوازی هونەری و ڕێز لێ گیرانی زۆر لەلایەن کۆمەڵانی خەڵک و ساردوسڕیی کەسوکاری باوکی.

ساکارخانم لەم یادداشتەدا داستانی سەفەری خۆی دەگێڕێتەوە لە تارانەوە بۆ بۆکان و سەر مەزاری باوکی، کە کلیلی دەرگای ئەو قەفەزە ئاسنەی وا ئەو دەم لەسەر مەزارەکە دانرابوو، لە ماڵی مامییەتی و تەنانەت ناتوانێ وەریبگرێ بۆ

ئەوەی دەستی بگاتە کێلی ساردوسڕی سەر مەزاری بابی. بێگومان ئەم سێ پەڕە نووسینەی ساکارخانم دڵی هەموو خوێنەرێک دەهەژێنێ.

بەشی ٥. سەبارەت بە شێعری کاک فارووق بۆرەکەیی و تەرجەمەی شێعرەکانی حەسـەن زیرەک بە فارسـی دەبێ بڵێم بەداخەوە شوێنی هەڵە و پەڵەیان پێوە دیارە. شێعرەکان وەکوو نێوئاخنێکی بێ پەیوەند خۆ دەنوێنن و تەرجەمەکانیش ناتەواون. بریـا لەجیاتـی ئەمانە کاک فارووق هەوڵی دەوڵەمەندکردنـی چاپی تازەی کتێبەکەی بدایـە بەوەی چاوپێکەوتن و وتووێژی لەگەڵ هەندێک ناسـیاو و دۆسـت و خزمی حەسـەن زیرەک بکردایە و بۆچوونی ئەوانی بخسـتایەتە کتێبەکەوە. گەلێک پرسـی وەک مامۆسـتاکانی حەسـەن زیـرەک لە بواری مۆسـیقا و شـێعردا هـەن کە دەکرا وەڵامیـان بـۆ بدۆزرێتـەوە یـان بە یارمەتیـی خەڵکانی مۆسـیقار، لایەنـی مەقامی و کەیفییەتـی مۆسـیقایی کارەکانـی زیرەکـی هەڵسـەنگاندایە؛ بـەڵام بەگشـتی، ئەرکـی کاک فارووق بۆ نوێکردنەوەی چاپی کتێبەکەی حەسـەن زیرەک جێگەی سـپاس و پێزانینە.

ئەم وتارە لە ژمارە ١٢ی ڕۆژنامەی «پەیام»ی چاپی لەندەن (دیسامبری ١٩٩٨)دا بە بۆنەی دەرچوونی چاپی تازەی «چریکەی کوردسـتان» ـ ئوتۆبیۆگرافیی حەسـەن زیـرەک بڵاوکراوەتـەوە، ئینجـا سـاڵی ٢٠١١ بە هەندێک دەسـکارییەوە لـە ماڵپەڕی بۆکان/ ڕۆژهەڵاتدا کەوتۆتە بەر چاوی خوێنەر و بەهۆی پەیوەندیی مەسەلەکە بە بۆکانەوە، لێرەدا جارێکی دیکە بڵاو دەبێتەوە.[١]

---

١. حەسەن زیرەک، «چریکەی کوردستان»، چاپی دووهەم، پێداچوونەوەی فارووق بۆرەکەیی (صفیزادە)، سازمان انتشارات «بۆرەکەیی»، تاران ١٩٩٧، ١٤٧ لاپەڕە، کوردی.

## حەسەن زیرەک (گەوهەرێ)

پـڕۆژەی ئـەم زنجیرەوتـارە، کـە بـە ئامانجـی دۆزینەوە و ناسـاندنی سـەرچاوەی توێژینـەوە لـە مێـژووی شـاری بـۆکان و دەوروبـەری بەڕێـوە دەچـێ، تەنیـا ئـەو سـەرچاوانە ناگرێتەوە کە باسـی بۆکان و ناوچەکەیان بەگشـتی تێداکراوە، بەڵکوو کەسایەتییەکانی ناوچەکەش دەگرێتە بەر.

هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک بێگومان ئەگەر ناسراوترین کەسایەتیی بۆکان نەبـێ یـەک لەو کەسـانەیە وا ناوی لەگەڵ بۆکان و نـاوی بۆکان لەگەڵ ئەو بوونەتە دووانـە و پێکـەوە دێـن. من بەتەمام ئەو سـەرچاوانەش وا باسـی ژیـان و هونەری حەسـەن زیرەکیان کردووە بخەمە نێو پڕۆژەکەوە. بۆ ئەم کارە لە کتێبی ناسـراوی «گەوهەرێ»وە دەسـت پێدەکەم کە مامۆسـتا عوسـمان شـارباژێری نووسیویەتی و ئامـادەی کـردووە، ئینجا بەرەبەرە لە بەشـەکانی دیکەی ئـەم زنجیرەوتارەدا بابەتی دیکەی لەمەڕ حەسەن زیرەکیش دەناسێنم.

«گەوهـەرێ»ی عوسـمان شـارباژێری بەگشـتی بریتییـە لـە کـۆی هۆنـراوەی گۆرانییەکانی حەسـەن زیرەک، بەڵام ٩٠ لاپەڕەی یەکەمی لە هەندێ وتار و شـریت وەرگرتـووە کـە حەسـەن زیـرەک خـۆی و ئەندامانـی بنەماڵەکـەی و خەڵکانـی تـر سـەبارەت بە هونەرمەندەکەیان نووسـیوە. شـارباژێری دەکـرا کتێبەکەی بە گەلێک بابەتی دیکەش دەوڵەمەند بکا، بەڵام هەر ئەوەندەش کە کردوویە یارمەتییەکی باشە بۆ ناسینی زیرەک و سەرچاوەیەکە بۆ دەقی گۆرانییەکانی.[١]

١. عوسمان شارباژێری، «گەوهەرێ»، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨١، ٣٦٨ لاپەڕە، کوردی.

## ناڵەشکێنە، سەرجەمی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک

ناڵەشکێنە ناوی کتێبێکە کاک قادر نەسیری‌نیا نووسیویەتی و لە سنە چاپ بووە. کتێبەکە بریتییە لە سەرەتایەکی ١١ لاپەڕەیی، ٣٨٨ لاپەڕە شێعری گۆرانییەکان، ٥٠ نۆتەی گۆرانییەکان و ژمارەیەک وێنەی پەیوەندیدار بە حەسەن زیرەک و بەو پێیە، سەرچاوەیەکی گەلێک باشە بۆ کاری لێکۆڵینەوەی دوارۆژ لەسەر ئەم گۆرانیبێژە مەزنەی گەلەکەمان.

بەداخەوە هەموو یا زۆربەی ئەو کتێبانەی وا سەبارەت بە گۆرانیبێژە کوردەکان نووسراون و بۆ نموونە «گەوهەرێ»ی کاک عوسمان شارباژێری (سەبارەت بە حەسەن زیرەک)، «بازی بێریان»ی کاک محەممەد حەسەن ئەحمەد (سەبارەت بە محەممەدی ماملێ)، «عەلی‌مەردان...»ی کاک عەبدولقادر عەلی‌مەردان و تەنانەت «سەید عەلی‌ئەسغەری کوردستانی» کاک محەممەد حەمەباقی ـ کە سەروگەردنێک لە پێش ئەوانی دیکەوەیە، بایەخیان بە بابەتی لاوەکی، واتە غەیرە مۆسیقایی کاری ئەو هونەرمەندە مەزنانە داوە و یارمەتییان لە کەسانی شارەزای مۆسیقا وەرنەگرتووە کە بتوانن بەشێکی کتێبەکان تایبەت بەو لایەنە سەرەکییە بکەن. لە ئەنجامدا هەموویان لە باری هەڵسەنگاندنی هونەری و تەکنیکی، واتە مۆسیقایی‌یەوە لە کورتی دەدەن و بەرهەمهێنەرانیان لەجیاتی مۆسیقا، نرخ بۆ شێعری گۆرانییەکان یا بابەتی لاوەکیی تر دادەنێن. ئەم ڕەوتە وەها بۆتە گشتی و بایەخ نەدان بە مۆسیقا بە شێوەیەک ئاسایی بۆتەوە کە کتێبی «کاروانی هونەری ماملێ»ی کاک سمایلی ماملێ و تەنانەت «مێژووی مۆسیقای کوردی»ی کاک محەممەد حەمەباقیش دەراوێکی ئەوتۆ لە ڕەوت و تایبەتمەندیی مۆسیقای کوردی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسیقای هاوچەرخی ئێرانی، ئازەربایجانی، عەرەبی و تورکی ڕوون ناکەنەوە. هیوادارم ئەو کەموکورتییە هەرە گرنگە لە داهاتوودا بە هیمەتی «شارەزایان و پسپۆڕان»ی مۆسیقا قەرەبوو بکرێتەوە.

بەداخەوە ئەو دوو سـەرەتایەی کە بۆ کتێبەکە نووسـراون بابەتێکی بەرچاویان تێدا نییە جگە لە دەقی دوو نامەی حەسەن زیرەک بۆ ڕادیۆ بەغدا لە ساڵی ١٩٦٣دا کـە ناڕەزایـی دەربڕینـە بەرانبـەر بـە بڵاوبوونـەوەی گۆرانییەکـی خـۆی بەنـاوی «ئەسمەر یارم جوانە» بەناوی ئەحمەد شابازەوە، بەڵام کاری هەرە گرنگ و جێگەی دەسخۆشـیی نووسـەر و بڵاوکەرەوەی کتێبەکە، ئەوەیە کە ٥٠ نۆتەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکیان لە کۆتایی کتێبەکەدا چاپ کردووە.

سـەبارەت بـە دەقی سـەرەکیی کتێبەکـە، واتە شـێعری گۆرانییـەکان، دەبێ بڵێم زەحمەتـی زۆری لەگـەڵ کێشـراوە و گۆرانییـەکان دابەشکـراون بەسـەر ٤ بەشـی سەرەکیدا:

- گۆرانییەکانی سەر ڕادیۆ بەغدا؛
- گۆرانییەکانی ڕادیۆ تاران؛
- گۆرانییەکانی سەردەمی ڕادیۆ کرماشان؛
- گۆرانـی مەجلیسـی، واتـە ئەوانـەی لـە کۆبوونـەوەی دۆسـتانە و لـە ماڵ و قاوەخانە و شوێنی گشتیتردا، گوتراون.

جگـە لە حەسـەن زیـرەک خۆی، کە بۆکانییـە و بەو پێیە سـەرجەمی کتێبەکە لە پەیوەندیی ئەم زنجیرەوتارەدا دەبێ، لە گەلێک گۆرانیدا باس لە بۆکان و دەوروبەری (بەگـزادەی هەوشـار، ئەحمـەداوا، سـلێمانکەندی، کارخانـەی قەنـدی میانـدواو) و هەروەها کەسایەتیی بۆکانی (ئامین، تووران، ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوان، کە ئەو دەم گزیری ئاغاکانی بۆکان بوو و هەروەها کەسانی وەک سەیدی زەمبیل، سەید کامیل، عەلیشا و...) کراوە:

به کوێریی چاوی کابرا، ماڵی وا لە بۆکانە (ل ١٧)؛

یاری خۆم لە سابڵاغە، لێوئاڵم لە بۆکانی (ل ٣٠)؛

لێرە مەمنێژن خاکەکەی سوورە، بمبەنە بۆکان نێوم مەنشوورە (ل ٣٢)؛

بۆچی لە من ناپرسی؟ کورتێ! خەڵکی بۆکانم (ل ٣٣)؛

تووبا خاڵشین لە بانە، لێوئاڵم لە بۆکانێ (ل ٤١)؛

ئەو دڵەم بۆی سەرگەردانە، ئامینم لە بۆکانە (ل ٥٢)؛

لە چۆمی مەجیدخانە، لێوئاڵم لە بۆکانە (ل ٦٠)؛

بە مەشموولیان نووسیوم، لە دەفتەری بۆکانێ، ئەرێ دەمگرن بە نیزام، کەس مەسکەنم نازانێ (ل ٧٩)؛

جەددی سەید کامیل هاوار،ماڵیان وا لە قاقڵاوا (ل ٧٩)؛

قەمتەرە لەگەڵ بورهان/ کولیجە و ملکی دەرمان/ میراوا لەگەڵ بۆکان/ حەسار دەگەڵ قازڵیان/ هەرمێلە مولکی خانان/ هەموو بەقوربانی بێ/ لەگەڵ کاولی سامرەندان (ل ٨٣).

تەنانەت هەندێک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە دامەزرانی حەمامی نمرە لە بۆکان (کە لام وایە هی ساڵانی نێوان ١٣٣٥تا ١٣٣٧ بێ)، لەبەرچاوی ئەم هونەرمەندە بازرەبووە، ون نەبوون و لە ڕادیۆ بەغدا خستوونییەتە توێی چەند گۆرانییەوە و یەک لەوانە گۆرانی «ئای بەلەنگەر بەلەنگەر»ە:

**دەردت لە ماڵم چاوجوان، ئەو دڵەم بۆت بوو سەرگەردان**
**هی من بێ، بۆت دەفرۆشم حەمامی نمرەی بۆکان**
**هێشتا دروست نەکراوە لە ئەمریکا و لە ئەلمان**
**دار و پەردووی ئاسنە پاکی بۆی هات لە ئەلمان**
**عەمەلەی یەکی‌یەکی ئیعاد [؟] ئەهات لە تاران...**
**تاق‌تاق و خانەخانە لە بۆ جێگای جلەکان**
**فەوارەی لە عەرزییە ئاوی دەچێتە ئاسمان**
**حەوزەکەی ڕەنگاوڕەنگە تێیدایە ماسی ئەلوان**
**تەختی بەردی مەڕمەڕە تێیدا دەنوێنێ ئینسان**
**کردوویە بە حەمامچی کوڕەکەی ڕۆستەم پاڵەوان**

[ڕەشیدی باوکی محەممەد و عەلی پەهلەوانی] (ل ١٦).

ئەمانە تەنیا شێعری گۆرانییەکانی ڕادیۆی بەغدا بوون. لە هەموو بەشەکانی

دیکـەش‌دا بـۆکان حـزووری هەمیشـەیی هەیـە، کـە نموونەیەکیـان گۆرانـی «مریەم بۆکانی»یە.

هاوڕێ لەگەڵ بۆکان، سەقز و بانە و شنۆ، بەتایبەت سابڵاغیش لە شێعرەکان‌دا شوێنی تایبەتیان هەیە.

بەداخـەوە هەڵـەی نووسـین و چـاپ لە کتێبەکـەدا کەم نین، بـۆ نموونە گۆرانیی «لە پێش‌دا»، پێنج جار وەک «لەپێدا» نووسراوە (ل ٧٠)؛ جرسە بە جلسە نووسراوە و سـامڕەند بە سـازەند و چەندەها هەڵەی تر، کە هیوایە لە چاپی دووهەمی کتێبەکەدا بە یارمەتیی کەسـانێکی خەڵکی ناوچەی بۆکان و شـارەزای زمانی حەسەن زیرەک، هەڵەبڕی بکرێن.

هەر لێرەدا بڵێم کە چەند سـاڵێک پێش ئێسـتا، کاک برایمی فەڕشـی و «گرووپی شانۆی کۆچەر» هاوڕێ لەگەڵ چەند کەس لە دڵسۆزانی فەرهەنگی کوردی لە ئاڵمان شـێعری زۆرێـک لـە گۆرانییەکانـی حەسـەن زیرەکیان نووسـییەوە، بەڵام تا ئێسـتا بڵاویـان نەکردوونەتـەوە. ئـەم کارە هەرەوەزییە دەبێ گەلێک جێگەی بڕوا بێ و من هیوادارم کاک برایم کە تۆمارەکانی لەلایە، بتوانێ بڵاویان بکاتەوە.

هەواڵـی خۆش ئەوەیـە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان بەتەمایـە پڕۆژەیەک بەناوی «سەدەی زیرەک» بەڕێوەبەرێ کە لە پاییزی ساڵی ٢٠٢١ (سەد ساڵەی لەدایک‌بوونی زیـرەک)دا کۆتایـی پـێ دێ کە تێیـدا، بە هاوکاریـی خەڵکانی شـارەزا، لێکۆڵینەوە و فیلم و بەرنامەی مۆسیقای تایبەت بە زیرەک پێشکەش بکرێ.[١]

١. قادر نەسیری‌نیا، «ناڵەشکێنە، سەرجەمی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک»، پێداچوونەوە و ڕێک‌وپێـک کردنـی حەسـەن گـۆران، نۆت‌نووسـینی وەحیـد موعتەسـەمی، چاپـی دووهەم: دەزگای ڕۆشنبیریی گۆران، سنە، ٢٠٠٧، ٣٩٩ لاپەڕە، کوردی.

## حەسەن زیرەک لە ڕوانگەی هونەرمەند و مۆسیقار و نووسەرانی کوردەوە

**لەدایکبوون: ١١/٨/ ١٣٠٠ (١٩٢١/١١/٢٩) بۆکان**

**کۆچیدوایی: ١٩٧٢/٦/٢٦ (١٣٥١/٤/٥) بۆکان**

کۆکردنەوەی سەرچاوە سەبارەت بە ژیانی حەسەن زیرەک کارێکی ئەستەم نییە. خۆی و کەس‌وکار و دۆست و هاوکار و هاوقەتاری سەبارەت بە ٥١ ساڵ ژیانی پڕ خێروبێری بۆ هونەری مۆسیقای کوردی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، گەلێکیان قسە کردووە و نووسیوە و لە گەلێک سەرچاوەدا لە ئاوارەیی و دەربەدەری و کوێرەوەرییەکانی ژیانی دواون، بەڵام هەر کەس بەنی خۆی ڕستووە و ئەوەی پێی خۆش بووە گوتوویەتی، بۆ نموونە نووسیویانە سەرجەم ٣٦ ژنی هێناوە لە کاتێکدا تەنیا ناوی دوو کەسیان لێرەولەوێ ڕاگەیەندراوە!

ئەم لایەنە گرنگەی کە هیچ کاری لەسەر نەکراوە یا بە ئاماژە کردنێکی ساکار بڕاوەتەوە، لایەنە هونەرییەکەیەتی. کەیفییەتی دەنگی، دەزگا و مەقاماتێک کە تێیان‌دا گۆرانی گوتووە، چەشنایەتیی گۆرانییەکان، ڕەسەنایەتیی کارەکانی، شوێن‌هەڵگرتن و شوێن دانانی لەسەر هونەرمەندانی تر و بەگشتی لایەنی مۆسیقایی کارەکانی قسەیان لێ‌نەکراوە.

من هەوڵم داوە لێرەولەوێ بۆچوونی پسپۆڕانی مۆسیقا و شارەزایان لەمەڕ کارەکانی حەسەن زیرەک کۆ بکەمەوە. بەداخەوە جگە لە بابەتی وردە و بەربڵاو هیچم نەبینیوە. تاقە کاری جیددی ئەگەر کرابێ وا هەیە ئەو یادکردنەوەیە بێ کە لە ساڵی ١٩٩٦دا بە هیممەتی شانۆی کۆچەر و کاک برایم فەرشی سەبارەت بە ژیان و ئاسەوارەکانی حەسەن زیرەک لە کۆڵنی ئاڵمانیا بەڕێوەچوو. بەشێک لە وتارەکان لە کتێبی «حەسەن زیرەک هونەرمەندی نەتەوەیەکی بندەست»، نووسینی کاک برایمدا هاتوون. لەوێدا کۆمەڵێک بابەت لەسەر لایەنەکانی هونەری زیرەک

ئاڕاستە کراون.[1]

بەداخەوە سەبارەت بە ژیانی حەسەن زیرەک هەندێک شتی ناڕاست و ناڕەوا دەگوترێ کە ئەو هەڵەوپەڵە و چەواشەکارییانە بۆ خەڵکانی خوێندەوار و دەست بەقەڵەم گەلێک نابەجێ دەنوێنێ. بڕواننە ئەو یادداشت (کامنت)ەی وا کاک برایم فەرشی لە کۆتایی وتارەکەی دوکتۆر گوڵمراد موراد‌ی‌دا نووسیویەتی. بەگوێرەی کاک ئیبراهیم، حەسەن زیرەک ۷ ژنی هێناوە نەک ۳۶، لە بانە قاوەخانەی هەبووە نەک لە بۆکان، ڕێکەوتی ڕاگەیەندراو بۆ کۆچی‌دوایی کردنی هەڵەیە و ۱۹۷۲/۶/۲۶ ڕاستە، مەسەلەی دەرکرانی لە ڕادیۆش وا نەبووە!

1.http://www. bokan. de/laperekan/nuseran/Braym/Zirek. pdf.

**«لە دڵمایە»ی مامۆستا ڕەشید فەیزنژاد**

هونەرمەندی دڵسـۆزی گەل و نیشـتمان مامۆسـتا ڕەشید فەیزنژاد خەڵکی سەقز و لـە فەیزوڵڵابەگییەکانی بەشـی سـەقزە. هۆکاری باس کردنی لـەم زنجیرەوتارەش‌دا ئەوەیـە کاک ڕەشـید وەک ئەندامێکـی بنەماڵەی گەورەی فەیزوڵڵابەگییەکان، ڕاسـتە لـە ئارەبوغڵـووی سـەقز لەدایکبـووە و لـە سـەقز خوێندوویەتی، خۆشـی خۆی بە سـەقزی دەزانـێ و منیـش هـەروای دەبینـم، بـەڵام لەبـەروەی ئەندامێکـی تایفـەی فەیزوڵڵابەگییەکانە و دیوارێک لە نێوان فەیزوڵڵابەگیی سەقز و بۆکان‌دا نەکشاوە، لە ئەنجام‌دا ناکرێ لەم بەشەدا چاو لە کەسایەتییەکی وەک ئەو بپۆشرێ، بەتایبەت کە بنەما و سەرچاوەی مۆسیقای کاک ڕەشید بەگشتی هی ناوچەیەکی هاوبەشی نێوان سـەقز و بۆکانە و شـەقڵی هەر دوو لای بە سـەرەوەیە. لەوەش زیاتر، کاک ڕەشـید لـە مـاوەی تەمەنـی‌دا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بـۆکان و هونەرمەندانی بۆکانی و خەڵکـی بۆکان هەبووە و شـوێنی لەسـەر کارەکانیـان داناوە، لەوانـە هونەرمەندان: برایم فەتاحی، حەسەن دەرزی، تاهیر خەلیلی و زۆرێکی تریش.

کتێبی «لە دڵمایە»، کۆمەڵەی نۆتە و شێعری ٥٥ گۆرانیی کوردییە کە هەموویان دانـراوی مامۆسـتا ڕەشـیدن یاخود لـە فۆلکلۆری کـوردی وەرگیراون و مامۆسـتا ڕێکیخستوون، هەندێک جاریش خۆی شێعری لەسەر داناون، بۆ نموونە گۆرانی کۆنی وەک «قولکی بەرگەردن» (کاولێ بادینان) کە پێشـتر برایانی زێزێ ناسـاندوویانە و «تەیری گەرمێن» کە حەسەن زیرەک و محەممەدی ماملێ گوتوویانە، تا «وا هاتنەوە پێشمەرگە» کە شێعر و ئاوازی خۆیەتی.

گرنگایەتیی سەرەکیی کتێبەکە، وا هەیە تۆمارکردنی نۆتەی میلۆدی و گۆرانییە کوردییـەکان بـێ و ئـەوە بـۆ مێـژووی مۆسـیقای کوردی خـاوەن بایەخـی تایبەتە، لەبـەروەی زۆربەی ئەو کتێبانەی وا سـەبارەت بـە هونەرمەندانی گۆرانیبێژی کورد نووسـراون، تەنیـا هەڵبەسـتی گۆرانـی و مەقامەکانیانی تێدا تۆمار کـراوە و لایەنی

مۆسیقاییەکەیان پشتگوێ خراوە!

کتێبەکە ڕێزدار عەلی عابیدی ئامادەی کردووە کە خۆی هونەرمەندە و کتێبێکی بەناوی «بەتەنیا جێمەهێڵن» سەبارەت بە کارە هونەرییەکانی خۆی نووسیوە. هونەرمەندان عەزیز شارۆخ، ڕەسووڵ میرزاپوور، محەممەد ناهید و ڕەحیم لوقمانی سەرەتایان بۆ کتێبەکە نووسیوە. کاک ڕەحیم سەبارەت بە مامۆستا ڕەشید دەنووسێ: «کاک ڕەشیدی فەیزنژاد هونەرمەندێکی گەلدۆست و دروست و تا بڵێی پەنجەکوردی و دەنگخۆشە» (لاپەڕە ۱۷). کاک عەزیزیش دەنووسێ: «لە ماوەی تەمەنمدا کەم کەسم دیوە وەک کاک ڕەشید ئاوازە کوردییەکان بە ڕووحێکی تەواو ڕەسەن دەربهێنێ» (لاپەڕە ۲۰). کاک ڕەسووڵ دەڵێ: «کاک ڕەشید لەو هونەرمەندە چالاکانەیە کە بە قەدەر دەیان کەس خزمەتی مۆسیقای کوردی کردووە... گەلێ گۆرانیبێژی پێگەیاند» (لاپەڕە ۲۱). کاک محەممەدیش دەنووسێ: «شێوەیەکی تایبەت بەخۆی لە کەمانژەنیدا هەیە و ئەم شێوازە تەواو ڕەسەن و کوردانەیە» (لاپەڕە ۲۲).

من کەسێک نیم شارەزای مۆسیقا بم و جگە لە ڕێزی تایبەتم بۆ مامۆستا ڕەشید و ئەوەی کە ڕاستەوخۆش ئاگاداری کار و خزمەتەکانی بە مۆسیقای نەتەوایەتیمان هەم، بۆچوونی ئەو بەڕێزانە و زۆرێکی تر لە شارەزایانی مۆسیقا کە بە درێژایی ساڵیان بەرگوێم کەوتووە، وەک مۆرێکی ڕەسەنایەتی بەسەر کارە هونەرییەکانییەوە دەزانم و هیوای سەرکەوتوویی زیاتر و تەمەنێکی دوورودرێژی بۆ دەخوازم.

خۆ ئەگەر مافێکیشم هەبێ، دەمەوێ لە پەیوەندیی شێعری گۆرانییەکاندا بڵێم بریا مامۆستا ڕەشید و هونەرمەندانی دیکەی گەلەکەمان کە خۆیان بە دانانی ئاوازی نوێ یا ڕێکخستنەوەی ئاوازە کۆنەکانەوە خەریک دەکەن، بایەخێکی زیاتریان بە شێعر و کەلامی گۆرانییەکانیش بدایە و لەجیاتی دووپات کردنەوەی دەیان جاری شێعرە فۆلکلۆرییە سواوەکان، بەرهەمی خۆیان بدایەتە دەست شاعیرانێک کە شێعر بۆ گۆرانی دەنووسن (بە فارسی، ترانەسرا) و بە یارمەتیی ئەوان ڕۆحی سەردەمیان بکردایەتە بەر لەشی ساردەوەبووی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی. ئێمە

تا کەی دەمانەوێ تاقە فەردێکی فۆلکلۆریی لەگەڵ دەیان و سەدان گۆرانی بڵێینەوە لە کاتێکدا خۆمان بە نوێکردنەوەی ئاوازەکەیەوە ماندوو کردووە؟ بواری شێعری گۆرانـی لەنێـو گەلانی دیکەدا بوارێکی گرنگ و بەبرەو و ئاوێنەی ژیانی سـەردەمە، بـەڵام بەداخـەوە فۆلکلـۆر نەیهێشـتووە و نایەڵـێ ئەو بەژنـە لەنێو کـورددا باڵا بکا. سـەیرێکی شـێعری گۆرانییە کوردییەکانی مامۆستا شـەهرام نازری ئەوە بەڕوونی دەردەخـا. ئەو کە لە مۆسـیقای فارسـی‌دا ڕچەشـکێن و نوێخوازە و بـۆ یەکەم جار شـێعری مەولـەوی و شـانامەی فیردەوسـیی هێناوەتـە نێـو مۆسـیقای سـوننەتیی ئێرانـەوە، کاتـێ دەگاتـە مۆسـیقای کـوردی تەنانەت لەگـەڵ ئۆرکێسـترای گەورەی لۆریس چەکنەواریانیش هەر ئەم شـێعرە سـواوە هەزار جار بیستراوە فۆلکلۆرییانە دەڵێتەوە، کە هەمووان لەبەریانە و هەنگاوێک مۆسیقاکەمان بەرەوپێش نابا.[١]

---

١. عەلی عەبدی، «لە دڵمایە ژیان و ئاوازەکانی ڕەشـید فەیزنژاد»، لە چاپەمەنییەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی سلێمانی، چاپی دووهەم، سلێمانی ٢٠٠٦، ١٣٢ لاپەڕە، کوردی.

## مامۆستا قادر عەبدوڵڵازادە (قالەمەڕە)

ئێستا کە ئەو بەشە دەنووسم حەوتوویەکە هونەرمەندی دەروەستی گەلەکەمان مامۆستا قادر عەبدوڵڵازادە (قالەمەڕە) لە شاری بۆکان کۆچیدوایی کردووە و بە هاوکاریی هونەرمەند حەسەنی دەرزی و کاک عەتا موفتی و من، خەریکین کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لە هونەر و کەسایەتییەکەی لە لەندەن ساز بکەین و بڕیارە مامۆستا ڕەشید فەیزنژاد و چەند هونەرمەندی دیکەش تێیدا بەشدار بن.

قالەمەڕە، هاوڕێ لەگەڵ حەسەن زیرەک، دوو ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی هونەری بۆکان و کوردستانن و مێژوونووسانی دوارۆژ دەبێ بایەخی زۆر بە خۆیان و دەوریان لە پەروەردە و زیندووڕاگرتنی هونەری کوردستان بدەن.

لام وایە قالەمەڕە دەبێ لە چەند گۆشەنیگاوە سەیر بکرێ:

لایەنی هونەری و شمشاڵژەنییەکەی و بەگشتی شمشاڵ خۆی و ئەو هەوایانەی کە قالەمەڕە بە شمشاڵ ژەندوونی. ئەو کارە تەنیا بە کەسانێک دەکرێ کە شارەزای مۆسیقا و بەتایبەت شمشاڵن. هیوادارم مامۆستایانی وەک ئەنوەر قەرەداغی، ع. ج. سگرمە، دڵشاد سەعید، کامکارەکان، ئیقباڵ حاجبی و عەباس کەمەندی ئەرکی هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆ بەڕێوەبەرن. تەنیا بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی شمشاڵە کە دەکرێ قالەمەڕە و هونەرەکەی و ڕادەی توانای بناسرێ.

لایەنێکی گرنگی دیکە لە هونەری قالەمەڕەدا، چەشنایەتی (Version)ی هەواکانییەتی، واتە دەبێ شارەزایانی مۆسیقا و شمشاڵ سەرنجی ئەوە بدەن، بۆ نموونە ئەگەر قالەمەڕە هەوای «خاڵەی ڕێبوار»ی لێداوە ئەو هەوایە هی کام ناوچە بووە؟ هی فەیزوڵڵابەگیی لای بۆکان، هی موکریان یا هی کوێ؟ بە هەمان شێوە بەیتەکان و بۆ نموونە ئەو «لەشکری»یەی ئەو بە شمشاڵ لێیدەدا لەگەڵ «لەشکری»ی ناوچەیەکی وەک هەولێر جیاوازی چییە؟ تایبەتمەندییەکانی کامەن؟ لەم ڕێگەیەوە دەردەکەوێ کە قالەمەڕەی هونەرمەند چەندە «سوار»ی هونەرەکەی بووە و گەلۆ توانیویەتی ڕیوایەت و

ڤێرژێنـی جیاجیـای هەوایەکـی تایبـەت بە شمشـاڵ بژەنـێ یا تەنیا یـەک ڤێرژێنی لە هـەر هەوایـەک ژەنـدووە و ئەگەر وا بێ، ئـەوە کام ڤێرژێن بـووە و هی کام ناوچە بووە؟ یان کارتێکەریی کام ناوچەی لەسـەر بووە؟ هەر لەم ڕێگەیەشـەوە دەتوانرێ ڕادەی بەربڵاو یا بەربەستکراویی پەیوەندییەکانی قالەمەڕە لەگەڵ گەلەکەی ڕوون بکرێتەوە.

لایەنـی کۆمەڵایەتـی: پێگـەی چینایەتـی (وەک ڕەشـاییەکی نێـو ئاواییەکـی کوردسـتان)، شـار و دێ کردن، لەسـەر شـەقام شمشـاڵ لێدان (ئەو کارەی کە بە وتـەی کاک عومەری حەمیدی، هاوچەشـنە لەگەڵ «باسـکرز»، واتـە ئەو هونەرمەندە گەڕاڵانـەی وا لەسـەر جادەکانـی ئورووپـا بـە گۆرانی و مۆسـیقا خەڵـک بەدەوری خۆیانەوە خەریک دەکەن (buskers). بەو تەعبیرە، نە بۆ قالەمەڕە سووکایەتی بووە لەسـەر شـەقامەکانی بۆکان شمشـاڵ بژەنـێ و خەڵک پووڵ و پـارەی بدەنێ، نە بۆ خەڵکەکـە شـەرمەزارییە کـە بۆچی ژیانـی هونەرمەندێکی ئەوتۆیـان دابین نەکرد و مەجبوور بوو لەسەر جادە و شەقام مۆسیقا بۆ خەڵک بژەنێ. ئەوە پەیوەندیی قووڵی نێوان قالەمەڕە و خەڵکەکەی دەگەیەنێ کە نەیدەویست ببێتە بورجی عاجنشین و لە خەڵک داببڕێ، واتە وەک هەندێک گۆرانیبێژمان ئۆفیس و سـکرتێری هەبێ. بۆ ئەو، پەیوەند لەگەڵ خەڵکە ئاسـاییەکە گرنگ بوو و ئەوەش تەنیا لە ڕێگەیەکی وەهاوە گونجاو دەبوو.

لایەنـی نەتەوەیـی و بەرپرسـایەتیی سیاسـی: قالەمەڕە تا مۆخی ئێسـقان کورد بوو، لە هەرکوێ شمشـاڵی لێبدایە، بەبۆنە و بێبۆنە، هەوای «ئەی ڕەقیبی» لێدەدا، جـا کەسـەکان پێیـان خـۆش بووایە یـا نا بۆ ئەو گرنـگ نەبوو. لەلایەکـی ترەوە من خـۆم لـە نزیکەوە لێم بیسـتووە و لە هاتوچـۆی ماڵی ئێمەدا لە بـۆکان گوتوویەتی «من دێموکراتم». ئەرکی حیزبی دێموکراتە (هەر باڵ و لایەنێکی)، کە ئەم پەیوەندییە ڕوون بکەنـەوە بـۆ ئەوەی بزاندرێ گەلۆ لـە ڕادەی لایەنگریدا بووە یا ئەندامییەتی یـا بەرپرسـایەتی. ڕوونبوونـەوەی چۆنییەتیی پەیوەندییەکە و ڕێکەوتی سـەرەتای پەیوەندییەکان بۆ نووسینی ژیاننامەی قالەمەڕە گەلێک گرنگن.

لایەنێکی تری کاری لێکۆڵینەوە لە ژیانی قالەمەڕە: ناسین و ناساندنی مامۆستا و قوتابییەکانییەتی. بەو کارە دەتوانرێ شوێنی کاریگەریی خەڵک و ناوچەی تایبەت لە خولقاندنـی هونەرمەندەکەدا، هەڵبگیـرێ و بزاندرێ ئایا لە ماوەی ژیانیدا قوتابی یا قوتابییانێکی پەروەردە کردووە و هونەرەکەی لە کێدا درێژە پەیدا دەکا؟

چەشنایەتی وجنسی شمشاڵەکەی:ژمارەی کۆنی شمشاڵ ومەودای نێوان کونەکان و دەیان خاڵی بچووکی دیکە، بەڵام گرنگی لەم چەشنە هەن کە دەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنـەی ژیانـی مامۆسـتا قالەمـەڕە سـەرنجیان بدرێتـێ. دوای کۆچی‌دوایـی هونەرمەند چی بەسەر شمشاڵەکانی هات و لەکوێ دەپارێزرێن؟ ئایا مۆزەخانەیەکی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆی نازانێ بیانکڕێ و لای خۆی بیانپارێزێ؟

بـە هیـوای ئـەو ڕۆژەی کـە ژیاننامەیەکـی چڕوپـڕ بـۆ قالەمـەڕە و مێژوویەکی ڕێکوپێک بۆ شمشاڵ و هونەری شمشاڵژەنی کوردستان دەنووسرێ.

## کۆمەڵەی ٤٤ وتار سەبارەت بە هونەرمەندی مەزنی کورد قالەمەڕە

**نووسینی ڕەحمان نەقشی**

ئەوە کتێبێکی تازەی ئەلێکترۆنییە کە نووسەری زەحمەتکێش کاک ڕەحمان نەقشی لە کۆی ۴۴ وتاری خەڵکانی جیاواز سەبارەت بە ژیان و هونەری هونەرمەندی دەروەست و پایەبەرزی کورد (قالەمەڕە) پێکیهێناوە و ئەم عینوانەی لەسەر کتێبەکە داناوە: «یادێک لە هونەرمەندی ناوداری شمشاڵژەن مامۆستا قالەمەڕە (١٩٢٥ ـ ٢٠٠٩)».

ئێمە پێشتریش کاری هاوچەشنمان لە کاک ڕەحمان بینیوە و وێدەچێ ئەم بەرهەمە نوێترینیان بێ.

من هەرچییەک سەبارەت بەنێوەرۆکی وتارەکان بنووسم دووپات کردنەوەیەکی ناپێویست دەبێ. بۆ دیتنی کتێبەکەی کاک ڕەحمان نەقشی، بڕواننە هەر دوو ماڵپەڕی «گیاڕەنگ» و «ڕۆژهەڵات/ بۆکان». ماندوونەبینی لە نووسەر دەکەم و هیوای درێژەی کارە باشەکانی بۆ دەخوازم.[1]

1.http://bokan.de/laperekan/Honer/Qalemere1.pdf.

## ئیبراهیم فەتاحی

مۆسیقا بەشێکی گرنگ لە هونەری ناوچەی بۆکان پێکدەهێنێ و لە ڕاستیدا بۆکان زیاتر بەناوی «حەسەن زیرەک» و «قالەمەڕە»وە دەناسرێ تا هەر دیاردەیەکی دیکەی سروشتی و مرۆڤایەتی. گەرچی زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە بۆکانی پێش سەدەی هەژدەهەم بەدەستەوە نییە، بەڵام هەر لە سەرەتای مێژووی ناسراوی بۆکان، واتە سەردەمی سەردارەکانەوە تا ئێستا، هونەرمەندی مۆسیقا و گۆرانیبێژان مۆرکی خۆیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی شار و ناوچەکە داوە و بە دەیان هونەرمەندی ناودار لە بۆکان هەڵکەوتوون.

من تکام لە برای هونەرمەندم کاک حەسەنی دەرزی کردووە لیستە و کورتە ژیاننامەیەکی هونەرمەندانی گۆرانیبێژ و مۆسیقاری بۆکان و ناوچەکە بۆ ئەم زنجیرەوتارە ئامادە بکا و هیوادارم چەرمەسەریی ژیان و ئەرک و کاری هونەری ئیجازەی پێ بدەن ئەو تکایەی من بگەیەنێتە ئەنجام و هەموو لایەکمان لە بەرهەمی لێکۆڵینەوەکەی سوود وەربگرین.

بەڵام پێش ئەوەی ئاکامی کارەکەی کاک حەسەنم بگاتە دەست، لە ماڵپەڕی بۆکان/ ڕۆژهەڵاتدا چاوم بە ژیاننامەیەکی هونەرمەندی نەمر ئیبراهیمی فەتاحی کەوت، کە کاک مەنووچێهری جیهانی بە بۆنەی یەکەمین ساڵی کۆچی دوایی هونەرمەندەوە نووسیبووی و ئەوان لە سەرچاوەی PNA وەریانگرتبوو.

بۆ یادی ئەم هونەرمەندە مەزنە، کە بە ئەسڵ خەڵکی گوندی بوغدەکەندییە، بەڵام لە شوێنی دیکە ژیاوە و بەو هۆیەشەوە لەو ساڵانەدا کە من لەوێ مامۆستای قوتابخانەکەی بووم (١٩٦٥ ـ ٦٦)، بەختی ئەوەم نەبووە چاوم پێی بکەوێ. هەر چۆنێک بێ بۆ ڕێز گرتن لە یادی ئەو، لێرەدا نووسراوەکەی کاک مەنووچێهر ڕادەگوێزم کە گەلێک بەرێوجێ و هەمەلایەنە نووسراوە و هیوادارم کاک مەنووچێهر و لاوەکانی دیکەی کورد ئەرکێکی هاوچەشن بۆ ناساندنی هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی دیکەی

بـۆکان بەڕێـوە ببـەن و لـە ئەنجـامدا ئێمـەش وەک گەلانی زینـدووی جیهـان ببینە خاوەنی بیۆگرافیی هونەرمەندە مۆسیقارەکانمان.

ئـەوەش دەقـی نووسـراوەکەی کاک مەنووچێهـری جیهانـی سـەبارەت بـە هونەرمەندی نەمر ئیبراهیم فەتاحی:

ئەمڕۆ ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٤ یەک ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد ئیبراهیم فەتاحی‌دا تێپەڕ دەبێ، ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە وەکوو یاد و بیرەوەری و ڕێزگرتنێکـە لـەو هونەرمەنـدە کـە سـاڵانێکی تەمەنـی خـۆی بـۆ زیندووکردنەوەی گۆرانیی ڕەسەن و فۆلکلۆری کوردستان تەرخان کرد.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئیبراهیم فەتاحی لە ڕۆژی ٢٣ی سێپتامبری ساڵی ١٩٣٢ ڕێکەوتی (١ی ڕەزبەری ١٣١١) لە گوندی بوغدەکەندی سەر بە شاری بۆکان هاتە دنیا، بەڵام زۆر زوو دایک و باوکی بەرەو گوندی تورجان کۆچیان کرد. تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵی و سـەردەمی گەنجێتیی لە گوندی تورجان بەسـەر برد، ئەم گوندە کە لە باشـووری ڕۆژاوای شـاری بۆکان هەڵکەوتووە، خاوەن سروشـتێکی زۆر جوان و ڕەنگیـن و ناوچەیەکـی کوێسـتانی و شـاخاوییە. هەر چوار وەرزی سـاڵ بە جوانی تێیـدا دەردەکـەوێ و ئەمانـە لـە شـێوە و گرتنی هەسـت و زەوقی هونەریـی ئەودا دەورێکـی بەرچاویـان هەبوو. لە تەمەنی ٢١ سـاڵی‌دا ژیانی هاوسـەری پێکهێنا و بە بیسـتنی گۆرانییەکانی هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد حەسـەن زیرەک، کە ئەو کاتە لـە ڕادیـۆ کوردیـی تاران و کرماشـان بـەردەوام بڵاودەبوونەوە، خولیـای هونەری چڕینی گۆرانی کەوتە دەروونی.

ئیبراهیـم فەتاحـی لـە نێوان سـاڵانی ١٩٦٣ ـ ١٩٦٤، واتـە (١٣٤٢-١٣٤٣) لە گوندی تورجـان لەگـەڵ هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژی کـورد حەسـەن زیـرەک بەرنامەیەکـی هاوبەشـی پێکهاتـوو لـە مەقـام و گۆرانیـی کـوردی پێشـکەش کـرد. سـاڵی ١٩٦٦/ ١٣٤٥ بـۆ یەکەمیـن جـار لە ڕادیۆ سـنە دەنگی بڵاوکرایەوە و چەنـد گۆرانییەکی لەم ڕادیۆیـە لـە شـاری سـنە تۆمـار کرد کـە ئـەو کات بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ پەخش دەکرا. لە بەهاری سـاڵی ١٩٧١/ ١٣٥٠، چۆتە ئیزگەی کوردی لە شـاری مەهاباد بۆ

تۆمارکردنــی مەقــام و گۆرانیــی کوردی. لــە ڕادیۆ مەهاباد بۆخــۆی ئامێری دایرەی لێدا و هونەرمەندی نەمر تۆفیق عەزیزی، ناســراو بە تۆفیقی تارژەن بە ئامێری تار هــاوکاری کــرد بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی. لــەوێ کۆمەڵێک بەرهەمی هونەری لە مەقام و گۆرانی تۆمارکرد کە لە گرینگترین و دیارترین گۆرانییەکانی بوون، لەوانە: «تۆز دەکا، تۆز دەکا»، «بەرقەڵا مەرۆ»، «مریەمێ چەندە جوانی» و «هەی نایەنایە» کە هەموویان بەرهەمی خۆی بوون و ئێستاکەش وەک ئەرشیف هەر ماون و زۆربەی هونەرمەندان ئێستاکە ئەم بەرهەمانە دەڵێنەوە.

دوای بڵاوبوونــەوەی ئــەم گۆرانییانــە لــە ڕادیــۆ مەهابــاد ئیبراهیــم فەتاحــی لــە سەرانسەری کوردستان ناسرا، بەتایبەت گۆرانی «تۆز دەکا، تۆز دەکا» لە ناساندن و ناوبانــگ دەرکردنــی‌دا ڕۆڵێکــی بەرچاوی هەبــوو. ئەم گۆرانییانە لە ماوەی ســاڵانی ڕابردوودا چەندین جار لە ڕادیۆ کوردیی بەغدا و ڕادیۆکانی مەهاباد، بناو، کرماشان و قەسری شیرین بڵاوکرانەوە. فەتاحی کەسێکی زۆر شارەزا بوو لە بواری گوتنی مەقام، گۆرانی، بەستە و حەیران و بەردەوام هەوڵی داوە بە شێوازێکی چاک لەم بوارەدا کار بکا و ئەرشــیڤێکی چاکی لێ بەرهەم بهێنێ. بۆیەش لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی ئەو کات، لەوانە ڕادیۆ کوردیی سنە و کرماشان دەستی بە هاوکاری کرد.

هــەر ســاڵی ١٩٧١ لــە ڕادیــۆ کوردیــی مەهابــاد لەگــەڵ ئۆرکێســترای مووزیکــی ئــەم ڕادیۆیــە بــە سەرپەرشــتی و هاوکاریــی هونەرمەنــدی مووزیــکژەن ڕەشــید فەیزنــژاد بــە ئامێــری تار و ویۆلۆن و حوســێن ڕەهبەر بە ئامێــری تونبەک چەندین گۆرانــی و مەقامــی جوانی دیکەی لــە بەرهەمە تایبەتەکانی خۆی لە شــاری مەهاباد تۆمارکــرد کــە بریتــی بــوون لــە: «ئــەرێ یــار»، «لە گــوڵان و لــە گــوڵان»، «بانەت بۆ گــەڕام» و «لەبەرچاومــە پێکەنینەکــەت». ســاڵی ١٣٥٤ ـ ١٣٥٥/ ١٩٧٥ لــە میوانخانــەی «ئێــران نــەو» لە شارســتانی بۆکان لەگــەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناســر ڕەزازی و هونەرمەنــد تۆفیــق عەزیزی بە ئامێــری تار، گۆرانیی «ماســتفرۆش»یان تۆمار کرد کــە بەرهەمێکــی تــازە بوو. ســاڵی ١٣٥٦/ ١٩٧٧ ئــەو کات کە هونەرمەنــدی ناوداری کوردســتان و ئێــران مەزهــەر خالقــی بەڕێوەبــەری گشــتیی ڕادیــۆ و تەلەفیزیۆنــی

کرماشـان بـوو، چەنـد گۆرانییەکـی بـە هاوکاریـی هونەرمەندانـی مووزیکژەنـی شـاری بـۆکان پێشـکەش کـرد. لـەو بەرنامەیـەدا کە بە شـێوەی دەنـگ و ڕەنگ بۆ ڕادیـۆ و تەلەفیزیۆنـی کرماشـان تۆمـار کـرا، شمشـاڵژەنی توانـا و بێهاوتـا و هونەرمەنـدی کوردسـتان قـادر عەبدوڵـڵازادە ناسـراو بـە «قالەمـەڕە» بە شمشـاڵە سـێحراوییەکەی و «قالـە بەلەنجـە» بـە ئامێری نایـە هاوکاریی ئـەم هونەرمەندەیان کـرد. ئیبراهیـم فەتاحـی هـەر لەو سـاڵەدا هەمان بەرنامـەی لە ڕادیۆ سـنە دووبارە پێشکەش کردەوە.

هونەرمەند ئیبراهیم فەتاحی جگە لە کاری تۆمار کردنی گۆرانی لە ڕادیۆ و ئێزگە کوردییـەکان لـە مەجلیس و کۆڕ و دانیشـتنی دیوەخان و مـاڵان و لە کۆبوونەوەی تایبەتـی هونەرمەنـدان بەرهەمگەلێکـی یەکجار زۆری تۆمار کـردووە، لەوانە لەگەڵ هونەرمەنـدان: حەسـەن زیـرەک، محەممـەد ماملـێ، ناسـر ڕەزازی، عەلـی خەندان، عەبدوڵڵا هووشمەند (عەبە دەرژێ)، ڕەسووڵ نادری، تۆفیق ڕەزایی، سەید ئیبراهیم ئیسـماعیلزادە (سـەقزی)، ئیبراهیم قادری، میدیا حوسـێن، سـەفین عەبدوڕڕەززاق کۆیی، ئامێرژەنی کلارینێ، تۆفیق فەرجە، حوسێن بەهمەنی و چەندانی دیکە.

هونەرمەند لە ساڵی ١٩٨٣/ ١٣٦٢ لە شارستانی بۆکان نیشتەجێ بوو، لە ساڵانی ڕابـردوودا بەردەوام لەگەڵ هونەرمەندانی مووزیکژەنی کورد بەرنامەی پێشـکەش کردووە و کاری هونەریی ئەنجام داوە و چەندین بەرهەمیان پێکەوە تۆمار کردووە، لەوانـە: تۆفیـق عەزیـزی، ئامێرژەنـی تـار (زیاتر لە ١٦ سـاڵ)، قالەمـەڕە، ئامێرژەنی شمشـاڵ، عەبدولکەریـم گوێگجەلـی، ئامێرژەنـی نایـە، عوسمانەسـوور، ئامێرژەنـی نایە، قالە بەلەنجە، ئامێرژەنی نایە، قودرەت ئاغایی، ئامێرژەنی نایە، عاشـق سـەیاد، ئامێرژەنـی تـار، کـە ئـازەری بـوو، عەبەچکۆل، ئامێرژەنـی زەرب، عەزیـز نەجەفی، ئامێرژەنـی نایە، سـەید قادر بەرزنجی، ئامێرژەنـی زەرب، حەمیدی، ئامێرژەنی نایە، حوسـێن والیدی، ئامێرژەنی نایە، ئیسـماعیل عەلیسـوور، ئامێرژەنی زەرب، یۆنس قەرەداغی، ئامێرژەنی باغڵەمە، ئەسلان ڕەسمی، ئامێرژەنی ویۆلۆن، ئیسلام ڕەسمی، ئامێرژەنی زەرب و یاوەر ڕەسـمی، ئامێرژەنی نایە، ئەم سـێ برایە خەڵکی شـاری

سائینقەلا و زیاتر لە ١٢ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم فەتاحی هاوکارییان کرد.

ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ هونەرمەند میدیا حسێن لە شاری سلێمانی ٦ گۆرانی پێشکەش بە جەماوەرەکەی کرد کە بریتی بوون لە: «چنووری و چنووری»، «سینە مەڕمەڕ»، «دەنگ دێ»، «ئەی گەڕیان»، «هەڵاڵە بۆچی» و «نەرمە نەرمە». لە سەرەتای ئەو بەرهەمەدا ئاماژە بەوە کراوە کە: «بولبولێکی سەرەڕۆی سەودای هونەری میللیی کوردی لە باغەکانی داوێن شاخەکانی موکریانەوە بەرەو بناری گۆیژە و ئەزمەڕ کەوتە ڕێ و لە ماڵی هونەرمەندێکی تر گیرساوەتەوە. بولبولی خۆشئاوازی دەنگسازی میوان هونەرمەند کاک ئیبراهیم فەتاحی لە شاری سلێمانی هونەرمەند میدیا حسێنی بەسەر کردەوە. تیپی مووزیکی «هاوناز»ی شاری سلێمانی بە هاوکاریی هونەرمەندانی ئامێرژەنی بۆکان و مەهاباد لەم بەرهەمەدا کە بریتی بوون لە: ڕەسووڵ کەڵەوان، ئامێرژەنی نایە، کەریم تاهۆزادە، ئامێرژەنی زەرب، عوسمان بۆکانی، ئامێرژەنی زەرب و بە دەنگی هونەرمەندان ئیبراهیم فەتاحی و میدیا حسێن، شەش گۆرانیی جوانیان پێشکەش کرد. کاری تۆمار کردنی دەنگ لەلایەن تۆمارگەی ئاشتی لە سلێمانی ئەنجام درا. ئەم ئەلبومە بە گۆرانیی «چنووری و چنووری» و بە دەنگی هونەرمەند ئیبراهیم فەتاحی دەست پێدەکا. دەنگی ئەم دوو هونەرمەندە بە هەماهەنگییەکی سەیر و بە جوانترین شێوە تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتری بوون و تام و هەستێکی خۆش و شاد بە گوێگر دەدا. ئەم گۆرانییانە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ لە ڕۆژانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بۆ زیاتر هەست بە شادی کردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی لۆکالێی هەرێمی کوردستان بڵاودەکرانەوە.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ هونەرمەند ئیبراهیم فەتاحی لەسەر بانگهێشتنی فەرمیی کەناڵی ئاسمانیی «KURD SAT» لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژی شاری مەهاباد ئیبراهیم قادری بەرنامەیەکی هاوبەشیان پێشکەش کرد کە ئەوە دوایین بەرنامەی تەلەفیزیۆنیی هونەرمەند ئیبراهیم فەتاحی بوو. هەر ساڵی ٢٠٠٥ بە هاوکاریی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات گۆرانی «تۆز دەکا، تۆز

دەکا» لـە گوندێـک لـە نێـو دیمەنـی سروشـتی کوردسـتان کلیپـی بۆ سـاز دەکرێ. ئـەم گۆرانییـە یەکێکـە لە بەرهەمـە جوانەکانـی هونەرمەند و زۆر بیسـتراوە، بەڵام کلیپەکـەی لەلایەنـی سـیناریۆ بـە شـێوازێکی جـوان ئامـادە نەکـراوە و نەیتوانیـوە لـە ئاسـتی گۆرانییەکـەدا سـەرکەتوو بـێ. سـیناریۆ و تیمـی چیرۆکـی ئـەم کلیپە و لایەنی تەکنیکیی زۆر سـادە و سـاکار و تیکرارییە، بەڵام وێنەکانی ئیبراهیم فەتاحی زۆر جوان و هونەرین، بەتایبەت لە دەسـتپێکی یەکەم وێنەی فەتاحی و هەروەها لە سێکانسی کۆتایی کلیپەکەدا. هەڵبەت دەکرێ ئەم ڕاشانەی کە لە هونەرمەند ئیبراهیم فەتاحی گیراوە دووبارە بە شێوازێکی تەکنیکی و دیدێکی هونەرییەوە و بە وردەکاری و سرنجی زیاترەوە کاری لەسەر بکرێ و جوانتر مۆنتاژ بکرێتەوە. بەگشتی مووزیک و گۆرانـی و دەنـگ بەهێزترە لە دیمەنەکان و خودی کلیپەکـە. ئەکتەرەکان و گرووپی هەڵپەڕکـێ بەجوانـی کاری خۆیـان ئەنجـام داوە، بـەڵام لەگەڵ گۆرانییەکـە یەکتری ناگرێتەوە، دەقی سـیناریۆی کلیپەکە نەیتوانیوە لە نێوەرۆک و مەبەستی گۆرانییەکە بگا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەستی سەرجەم ئەو هونەرمەندانە خۆش بێ، خۆزگە سـیناریۆیەکی جوانتری بۆ بنووسـرایە و ئامادە کرابایە، چونکە دوای ئەم هەمووە سـاڵە کارێکـی هونەریـی ئـاوا وەکـوو کلیـپ بۆ ئـەم هونەرمەنـدە ئەنجـام دراوە و دەبووایە زیاتر گرینگی و بایەخی پێبدرێ.

ئیبراهیم فەتاحی لە ماوەی ساڵانی چالاکی و خزمەتی هونەریی خۆیدا بە بواری مەقـام و گۆرانیبێـژی، کۆمەڵێـک بەرهەمـی جـوان و پڕبایـەخ و گرینگی پێشـکەش بـە هونـەری مەقـام و گۆرانـی و مووزیکـی ڕەسـەنی کوردسـتان کـرد. زۆربـەی گۆرانییەکانـی ئـەم هونەرمەنـدە لەلایـەن گۆرانیبێژانی دیکەوە دووپـات کراونەتەوە کـە ئـەوە خـۆی کاریگەریی هونـەری ئیبراهیم فەتاحـی لەسـەر هونەرمەندانی دیکە دەردەخا. دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بەسەر پێشکەش کردنی گۆرانییەکانیدا، ئـەم بەرهەمانە ئێسـتاش هـەر لە بیر و زەینی خەڵکی کوردسـتاندا ماونەتەوە و لە بیـر ناچنـەوە. بۆ وێنە گۆرانییەکانی: «تۆز دەکا، تۆز دەکا»، «مریەمێ چەندە جوانی»، «چنووری و چنووری» و «سینە مەڕمەڕ» پاش سەدان جار بیستن و گوێگرتن لێیان، هێشـتا هـەر تـازەن و مۆرکی هونـەری بێخـەوش و ڕەسـەنی کوردەوارییان پێوە

دیارە. ئیبراهیم فەتاحی یەکێکە لە گۆرانیبێژە دیارەکانی کوردستان لە سەردەمی خۆیدا بە شێوەیەکی گونجاو لە مووزیکی کوردیدا و بە شێوازێکی جیا لە هونەرمەندانی سەردەمی خۆی چووە نێو دنیای گۆرانی گوتن و خەریکی کار کردن لە بواری هونەری گۆرانیی ڕەسەن و فۆلکلۆر بوو. ئەو تەنیا بە ستایلی فۆلکلۆر کاری نەکردووە، بەڵکوو هەردەم ئارەزووی کردووە بە شێوازێکی جیاواز کار بۆ بەرهەمەکانی بکا، ئەوەش لە زۆربەی گۆرانی و ئاوازەکانی ڕادیۆ مەهاباد و کرماشان ڕەنگدانەوەی هەبووە.

هونەرمەند فەتاحی تەواوی بەیت و مەقامە کوردییەکان، لەوانە: سوارۆ، ئازیزە، پاییزە، حەیران، مەقامی ئەڵڵاوەیسی و جۆرەکانی دیکەی زۆر بەباشی و کاملی دەزانی و بە سەرکەوتوویییەوە پێشکەشی دەکرد. هەروەها شارەزایییەکی تەواوی لە بەکارهێنان و ناسینی ٧ دەزگاکان و ٥ مایەی سەرەکی مووزیکی سوننەتیی ئێرانیدا هەبوو. ئیبراهیم فەتاحی شارەزایییەکی چاکی لە ژەنینی ئامێری «دایرە»دا هەبووە، بەو هۆیەشەوە توانیویەتی زۆربەی ئاوازی گۆرانییەکانی بۆ خۆی دابنێ. گۆرانییەکانی ئیبراهیم فەتاحی خاوەنی گوێگرێکی زۆرە، خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چینی گەنج و لاوی ئەو سەردەمە و ئێستا گۆرانییەکانی زۆر لەلایان پەسەندە، ئەو لەلای خۆیەوە زۆربەی گۆرانییەکانی ئاوێتەی جوانییەکانی «عیشق»، «دڵداری»، «سروشتی کوردستان»، «سکاڵا»، «خۆشەویستیی خاک» و «وەفاداری» کردبوو، کە لە دیارترین گۆرانییەکانیدا ئەمانە دەردەکەوێ.

لە گۆرانییەکانیدا وشەی کوردیی ڕەسەن و پاک بەرگوێ دەکەوێ و بۆخۆی قسەی فۆلکلۆر و شێعر و هۆنراوەی گۆرانی لە بەرهەمەکانیدا ئاوێتەی یەکدی کردووە و بەجوانی و پوختی پێشکەشی کردوون. مووزیک و هونەر لەگەڵ ڕۆح و گیانی تێکەڵاو و ئاوێتە ببوو، تا دوایین ساتیش لە چڕینی گۆرانی و کاری هونەری و مووزیک بەردەوام بوو.

ئەو لە کاری دووبارە چڕینی گۆرانییە فۆلکلۆرە کوردییەکاندا، بەتایبەت هی ناوچەی موکریان زۆر بلیمەت و توانا بوو، گەلێک گۆرانیی فۆلکلۆری لە مردن ڕزگار کرد و بۆ هونەری مووزیکی ڕەسەنی کوردی زیندووی کردنەوە. لە

ماوەی ساڵانی چالاکی و خزمەتی هونەری خۆیدا بە بواری مەقام و گۆرانیبێژی، کۆمەڵێک بەرهەمی جوان و پڕبایەخی پێشکەش بە دونیای هونەری گۆرانی و مووزیکی ڕەسەنی کوردەواری کرد کە ژمارەیان زیاتر لە ۲۰۰ بەرهەمی تۆمار کراوە و لە بەرهەمە گرینگ و تایبەتەکانی ئەو هونەرمەندە دێنە ئەژماردن. ئیبراهیم فەتاحی لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا بە کەسێکی ڕووخۆش و نەجیب ناسراوە، هەمیشە جلوبەرگی کوردی دەپۆشی و زۆر شۆخ بوو. خاوەن کەسایەتییەکی لەسەرخۆ و مرۆڤدۆست بوو. کەسێک بووە زەمانێک زۆر بە هەژاری و نەداری ژیانی بردۆتە سەر و لە کوورەخانەی خشتبڕی کاری کردووە، بەڵام هەردەم بە سادەیی ڕووانیوییەتە ژیان.

ئیبراهیم فەتاحی هەمیشە دوو بەیت شێعری کاک سوارەی ئێلخانیزادەی دەخوێندەوە کە ئەگەر کەسێک ئەو هونەرمەندەی لە نزیکەوە بدیبایە نێوەرۆک و مانای ئەم شێعرانەی لە کەسایەتیی ئەودا زیاتر بۆ دەردەکەوت:

**ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن**
**نەک پەنا بۆ قەلی ڕووڕەش بردن**
**لای هەڵۆی بەرزەفڕی، بەرزە مژی**
**چۆن بژی شەرتە، نەوەک چەندە بژی**

هونەرمەندی میللی ئیبراهیم فەتاحی دوای ۴۰ ساڵ کار و خزمەتی هونەری بە بواری گۆرانیی ڕەسەنی کوردی لە تەمەنی ۷۴ ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆی لە کۆڵانی سەروی ۱۳ لە گەڕەکی ساحیلیی شارستانی بۆکان ماڵاوایی لە ژیان و هونەر و دنیا کرد.

سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ۱۴ی دێسامبری ۲۰۰۶، ڕێکەوتی ۲۳ی سەرماوەزی ۱۳۸۶، هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد ئیبراهیم فەتاحی بەهۆی وەستانی دڵ لە شاری بۆکان کۆچیدوایی کرد. تەرمی هونەرمەند بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و گەنجان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هونەردۆستی ئەم شارە لە گۆرستانی گشتیی شاری بۆکان بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.

# وێنەکێش، پەیکەرساز

## خاتووزین هونەرمەندی هەڵکەوتووی گوندی بۆگەبەسی

ماڵپەڕی «ئارتاکوردۆ»[1] و «ناوەندی هەواڵنێریی سەقز»[2] هەواڵێکی سەرنجڕاکێشیان سەبارەت بە هونەرمەندێکی مەزنی بواری پەیکەرتاشی بڵاوکردەوە، بەڵام هەواڵەکان کاتێ بڵاوبوونەوە کە ئەم هونەرمەندە بەڕێزە کۆچی‌دوایی کردبوو.



هەواڵی هەردوو ماڵپەڕەکە باس لە «خاتووزین» دەکەن و هیچ تایبەتمەندییەکی زیاتری ناسنامەیی خۆی یا بنەماڵەکەی نادەنە خوێنەر. ئەوە کارێکی ناتەواوە، بێ و هونەرمەندێک بەو هەمووە ئاسەوارە گرنگەوە تەنیا بەناوی «خاتووزین»ەوە بناسێنی و هیچی دیکەی لەسەر ڕانەگەیەنی. هەر چۆنێک بێ، ئەم هونەرمەندە و نموونەی کارەکانی، منیان گێڕایەوە دووسێ هەزارساڵێک پێش ئێستا، کاتێ کە سارگۆنی دووهەم، پادشای ئاشوور لە ساڵی ۷۱۴ی پێش‌زایین‌دا لەشکری کێشایە سەر خاکی ماننا و ئوورارتوو و ۲۲ دەوڵەت ـ شاری ناوچەکەی تێکشکاند و لە شنۆوە تا ناوچەی ئێستای بۆکان و «بیت‌بەگە» ڕۆیشت، لەوێوە بەرەو ڕۆژهەڵات و لای ساین‌قەڵا (ئەوکان) داکشا و دوای داگیرکردنی «ئیزیرتوو» کە ئیتر لەو

1.http://www. artakurdo. com/Kurdish/Exposition. aspx?Exp=6364d3f0f495b6ab9dcf8d3b5c6e0b01

2. http://saghez. org/index. php?besh=dreje&id=2007.

سـەردەمانەدا ببـووە پێتەختـی ماننـاکان (و زۆر وا هەیـە «قەڵایچـی»ی ئێسـتا بـێ) گەڕایەوە دواوە و چۆوە نێو خاکی ئاشوور. ئەو «بیتبەگە»یە لەگەڵ جێگای ئەمڕۆی گوندی بۆگەبەسی‌دا یەک دەگرێتەوە. لەم پەیوەندییەدا دوو خاڵ پێویست بە گوتنە:

سـارگۆنی ئاشـووری وەک «ڕوسـا»ی ئوورارتوو، کە لەشـکری کێشابووە سەر ناوچەکە، ژمارەیەک سەنعەتکار و هونەرمەندی مانناییی لەگەڵ خۆی‌دا برد بۆ نەینەوا و ئـەوە خـۆی ڕابەرێکـە بۆ هەندێک شـێوازی وێکچـوو لە هونەری سـەکایی مادی و ئاشووری کۆن‌دا.

سـەیرێکی سـاکاری کارەکانـی هونەرمەنـد خاتووزیـن، هاوشـێوەیی کارەکانی، بەتایبـەت ئافراندنـی ڕوخسـاری مـرۆڤ و ئـاژەڵ، نزیکایەتیـی شـێوازی کارەکانی لەگەڵ هونەری سـەکایی و ئاشوورییەکان دەردەخا. ئەم هاوشێوەیی بوونە، گەرای بۆچوونێک لە مێشکی منی ناشارەزا و ناپسپۆڕدا دەچێنێ:

سـوننەت و نەریتی هونەری گۆزە و نەخشـاندنی ڕوخسـاری مرۆڤ و حەیوان لەسـەریان، دەبێ لە کۆنی‌کۆنەوە لە گوندی بۆگەبەسـی‌دا مابێ و دەستاودەسـت و پشتاوپشـت گەیشـتبێتە نـەوەی ئەم سـەردەمە و خاتووزینـی هونەرمەند میراتگری ئـەم هونـەرە مێژوویی‌یـە بووبـێ، ئێمەش هیچکاممـان تا ئەو دەمەی ئـەو مابوو بە مەسەلەکەمان نەزانی و نەچووینە بنج و بناوانی کارەکانییەوە!

ئێسـتاش درەنـگ نەبـووە و دەبـێ کارەکانـی خاتووزیـن لەلایـەن پسـپۆڕانی هونەرەوە دیراسـە بکرێن و ئەوە ئەرکی زانکۆکانی هونەرە لە کوردسـتان کە بەپیر پێداویستییەکی واوە بچن. هەروەها، جێگەی خۆیەتی ئاسەوارەکانی ئەم هونەرمەندە تایبەتمەندە ببرێنە موزەی کوردسـتان لە سـنە و سلێمانی و بەباشی بپارێزرێن تا ئەو ڕۆژەی کە شـارەزایان سـەریان لێ‌هەڵدێننەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسـەر دەکەن. هەروەهـا پێویسـتە بزانـدرێ لـە گونـدی بۆگەبەسـی و گوندەکانـی دەوروبـەری چ خەڵکانێکی دیکەش، بەتایبەت ژنان بەو هونەرەوە خەریکن و بەگشـتی لێکۆڵینەوەی مەیدانییان لەسەر بکرێ.[1]

یادی خاتووزینی هونەرمەند پیرۆز بێ!

---

١. وێنەکە: ماڵپەڕی ئارتاکورد.

## مامۆستا عوسمان ڕەحمانزادە

مامۆستا عوسمان لەدایکبووی گوندی حەمامیان و دانیشتووی گوندی «ناچیت»ە کە هەردووکیان چەند کیلۆمیترێکی کەم لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای بۆکان دوورن. بە پیشە بەننایە، بەڵام لە کاتی بێکاریدا هەیکەل (موجەسسەمە) لە دارچنار دروست دەکا و ناوبانگی مامۆستاش هەر بە بۆنەی ئەو بەرهەمە دارینانەیەتی. نێوەرۆک و بابەتی کارە دارینەکانی مامۆستا بەگشتی، ژیانی کۆمەڵگای کورد، بەتایبەت ژیانی گوندەکانە هەر لە سروشتی کوردستانەوە تا شایی و شینی مرۆڤی کورد، دۆستایەتیی مرۆڤ و ئاژەڵ، کشتوکاڵی گوند، مەشکەژەندن، گۆرەویبازی، بووکەبارانە و بەگشتی زۆر لایەنی ژیانی کوردەواری، بەتایبەت لە گوندەکان. بەگوێرەی فیلمەکە، مامۆستا سەرجەم زیاد لە ١۴۴٠ هەیکەلی دارینی بە تەشوێ و مشاری ئاسایی دروستکردووە و هەمووی لە کارتۆندا لە ماڵی خۆی ڕاگرتوون.

هەر بەگوێرەی زانیارییەکانی نێو فیلمەکە، یەکەم پیشانگەی کارەکانی مامۆستا عوسمان ساڵی ١٣٧٦/ ١٩٩٧ لە بۆکان بووە و بە شوێنیدا تا ساڵی ١٣٧٨/ ١٩٩٩) لە مەهاباد، سنە، مەریوان، پیرانشار، بانە، ورمێ، قەزوێن، شاهین شەهری ئیسفەهان، بورجی میلاد و فەرهەنگسەرای ئیشراقی تاران، کرمان و شیراز، هەروەها لە شاری سلێمانی پیشانگەی کارەکانی داندراوە.

مامۆستا عوسمان دەڵێ باوکی دارتاش بووە و بە دروستکردنی هەیکەلی قوڕین و دارین دەستی بەکار کردووە. لە وتووێژێکدا کە بۆ ئامادەکرانی فیلمەکە لەگەڵی کراوە، مامۆستا وەک مرۆڤێکی بەرپرس و تێگەیشتوو خۆ دەنوێنێ و دەڵێ: «هەست بە غەریبی و نامۆیی دەکەم... هەموو ئەو شتانەی وا مایەی دڵخۆشی و شادیم بوون، بزر بوون و لەنێوچوون... بیر لە هەڵەبجە دەکەمەوە.»

سێ. دییەکە لە چەند بەش پێکهاتووە. یەکەمیان ژیاننامە و نموونەی کارەکانی مامۆستایە بە دەنگ و بە ڕەنگ و بە زمانی فارسی کە سەرجەم ٢٠ خولەک

دەخایەنێ و نێوەرۆکەکەی پێشتر ئاماژەی پێکرا.

بەشــی دووهەم نزیکەی نیو سەعاتە و تەرخانی پیشاندانی کارەکانی هونەرمەند کراوە.

بەشی سێهەم کە لە دەقیقەی ٥٠وە دەست پێدەکا بریتییە لە هەواڵێکی «شبکه یک»ی تەلەفیزیۆنی ئێران بە فارســی ســەبارەت بە پیشــانگای مامۆســتا لە بورجی میلادی تــاران کــە وتووێژێکی کورتی لەگەڵ ئەویش گرتۆتەبەر. لەوێدا هونەرمەند باســی ســاڵانی منداڵیــی خۆی و هەندێک لایەنــی کارەکانی وەک بووکەبارانە و ســەردەمی «ئەربــاب و ڕەعیەتــی» دەکا و دەڵێ ئــەو دەمانــە دانیشــتووانی گونــدەکان دەبووایــە «بێگارچییەتــی»، واتــە کاری بێحەقدەســتیان بۆ ئاغا بکردایە و ئــەم توانیویەتی ئەو ڕاستییە مێژووییەیە بە دروستکردنی هەیکەلی کرێکارانی چەوساوە پیشان بدا.

وێژەری بەرنامەی کاناڵی یەک بۆ ناساندنی مامۆستا دەڵێ: «بەتەنیایی موزەیەکی خەڵکناسینی وەرێخستووە کە دەبووایە وەزارەتخانەیەک بیکردایە و لەوێدا ژیانی بە ئاشــتی و هێمنیی مرۆڤ و ئاژەڵ و هەروەها بەشــێک لە ژیانی گوندیی «قەومی کــورد»! تەســویر کــراوە و کارێکی بەجێ دەبــێ ئەگەر مووزەیەکی خەڵکناســین لە کارەکانی ئەو هونەرمەندە لە وڵاتەکەی خۆیدا دابمەزرێ.»

بەشــی کۆتایــی فیلمەکــە، هەواڵی کەناڵی ئاســمانیی کوردســاتە لە ســلێمانییەوە. بەگوێــرەی هەواڵــی ڕاگەیەنــدراوی ئــەم فیلمــە، پیشــانگایەک بۆ کارەکانی مامۆســتا عوســمان لــە هۆڵــی پانۆڕامای «ئەمنەســوورەکە»ی شــاری ســلێمانی پێکهاتووە، کە وێدەچێ خەڵکێکی زۆر چووبێتنە چاوپێکەوتنی. ئەم فیلمە گەلێک خۆمانە و دوور لە دەمارگیریی ئێرانییەکان ئامادە کراوە و تێیدا مامۆستا وتووێژێک لەگەڵ هەواڵنێری تەلەفیزیۆنەکە دەکا و دەڵێ: «جنسی موجەسسەمەکانم هەمووی لە دارچنارە... پێش من کەس لە بنەماڵەکەماندا ئەم کارەی نەکردووە، لە هیچ شــوێنێکیش ئەم شــتانەم نەدیوە، وەستایەکیشــم نەبووە... هەر لە منداڵییەوە هەر شــتێکم بەدەســتەوە بووبێ ویســتوومە حاڵەتی پێ بدەم، هەرگیز کەڵکم لە کەرەســەی کارەبایی وەرنەگرتووە... خەڵک تانەیان لێداوم و گوتوویانە بەچییەوە خۆت خەریک دەکەی!؟»

لە «سی. دی»یەکەدا مامۆستا عوسمان ڕەحمانزادە بە «پەدەر ڕیبیتۆ» ناسێندراوە کـە ئاماژەیەکـە بـە کاراکتەرێکـی فیلمـی پینۆکیـۆ. دڵنیـا نیـم ناسـناوێکی وا بۆ ئەم هونەرمەنـدە خۆکـردە کـوردە جیـددی و لە شـوێنی خـۆیدا بێ، گەرچـی دەتوانێ بـۆ بـازاڕ دۆزینـەوەی کارەکانی و ناسـاندنی مامۆسـتا بە نەوەی تـازە و خەڵکانی کەمتەمەن کەڵکیشی هەبێ.

پێم خۆش بوو چەند نموونە لە کارەکانی مامۆستا لێرەدا بهێنم، بەڵام بەداخەوە لایەنـە تکنیکییەکـەی، واتە ڕاگوێزران لە «سـی. دی»یەکەوە بۆ سـەر ئەم وتارەم بۆ جێبەجێ نەبوو و ناچار لێرەدا سـەرنجی خوێنەر بەرەو سـێ وێنەی پشـت بەرگی سی. دییەکە ڕادەکێشم کە نموونەی کارەکانی مامۆستای تێدا چاپ کراوە و بریتین لە:

ماڵێکی ئاسـایی لە گوندێکی کوردسـتان بە کەرەسەی نێو ماڵەکەوە. لەوێدا ژنی ماڵ خەریکی تەشیڕستنە، پیاوەکە وێدەچێ خەریکی نوێژکردن بێ، کچەکەیان چایی بۆ میوان دەهێنێ و میوانەکانیش بریتین لەوانەی وا لەلای کورسییەکە دانیشتوون و «گۆرەویبازی» دەکەن؛

شایی و هەڵپەڕکێیەکی کوردی بە دەهۆڵ و زوڕنا؛

ژنێکی ماڵ کە بە دەستاڕ خەریکی هاڕینی دانەوێڵەیە.

بـە هیـوای ئـەوەی گەلـی کـورد ڕێـز لـە کارەکانـی مامۆسـتا عوسـمان بگـرن، بەرهەمەکانی بکڕن، با مامۆستا بتوانێ لە داهاتوودا کەڵک لە کەرەسەی باشتر وەک دارگوێـز وەربگـرێ و کەیفییەتـی کارەکانی هەوراز بەرێ تاکـوو ڕێگای چوونە نێو پیشانگا نێونەتەوەییەکانی بۆ بکرێتەوە.[١]

---

١. سی. دی: «نمایشگاه آثار چوبی استاد عثمان رحمانزاده»، کارگردان محمدرضا میناپور، پژوهش و متننویسی منوچهر جهانی، گوینده آرام مستوفی، تهیەکننده پناه نجفزاده، تهیه شده در حوزه هنری استان آذربایجان غربی، سال (؟)، مدت زمان ٢٠ دقیقه.

## کاریکاتۆر لە بۆکان

نەبوون یان لاوازبوونی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا خاڵێکی بەرچاوە. ئەدەبی ئێمە بەگشتی ئەدەبێکی مرچومۆڕە و لێوبەبزە و ڕووخۆش نییە، کاتێکیش کە لەو دۆخە دێتە دەرەوە ڕاست و ڕەوان دەبێ بە هەجویەنووسین، کە ئەویش لە عەینی گاڵتەجاڕی و دەمەلاسکەی کەسان، هێرشکەر و ڕێزشکێنی خەڵکە، واتە ١٨٠ دەرەجە بەلای ئەولادا دەکەوێ.

تەنز دیاردەیەکی مامناوەندییە، نە مرچومۆڕە و نە کەسایەتیی کەسێک دەشکێنێ، تەنیا کارێک کە دەیکا گەورەکردنەوە یان بچووک کردنەوەی لایەنەکانی کەسایەتیی تاک یان کۆمەڵگایە. کەسی تەنناز لە خۆی و بنەماڵەکەیەوە دەست پێدەکا و دەگاتە خەڵکی شار و وڵاتەکەی، ئینجا سیاسەت و ئایین و داب‌ونەریت. لە هەموو ئەمانەدا بە شوێن لاوازی و ناتەواوییەکاندا دەگەڕێ بۆ ئەوەی زەڕڕەبینی خۆی بخاتە سەریان، گەورەیان بکاتەوە و بیانخاتە بەردەم خەڵکێک کە وا هەیە ئەو چاوە تیژ و دووربینەی ئەویان نەبووبێ یان کاتی پێڕاگەیشتن بە مەسەلەکەیان کەم بووبێ. تەنز لە بارودۆخی کۆمەڵگایەکی ئازاددا گەشە دەکا، بەبێ ئازادیی تەنز واتای نامێنێ. تۆ ئەگەر نەتوانی و نەوێری لاوازییەکانی بەرپرسانی وڵاتەکەت لە قاو بدەی، چۆن تەنز دەنووسی؟ ئەگەر گاڵتە بە نەریتی پەڕپووت و داڕزیوی کۆمەڵگاکە نەکەی، چ تەنزێک دەنووسی؟ ئەگەر خورافەی نێو باوەڕ و بۆچوونی خەڵک ئاشکرا نەکەی و بۆ نموونە نەتوانی بڵێی فلانە ئاخوندی ئێرانی پووچی فەرموو کاتێ کە دەڵێ هەتاو گەڕاوەتە دواوە بۆ ئەوەی ئیمامی عەلی بتوانێ نوێژی عەسری خۆی بکا، چ تەنزێک بوونی دەبێ؟

هەر بۆیەشە تەنز بەهەڵکەوت نەبێ لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین مێژوویەکی دووورودرێژی نییە و هەر بە هەموو گەلانی عەرەب و کورد و تورک و ئێرانی تاقە مەلای مەزبوورەمان هەیە و بە هەموو زمانەکان بۆ یەکتری دەگێڕینەوە!

تەنز تەنیا بە نووسین یان بە کەلام نییە و دەتوانێ بە وێنە و ئەنیمەیشن و فیلمیش بێ، کە هەیە. کاریکاتۆر تەنزە بە زمانی وێنە و پەیڤکاتۆر یان کەلیماتۆریش کاریکاتۆرە بە وشە.

برایانی قورەیشی (سەید یاسین و سەید محەممەدئەمین) دیاردەیەکی دەگمەنن لە هونەری بۆکان و موکریاندا. بۆکان مێژووی کاری کاریکاتۆری نەبووە و ئەگەر کەسانێک بەو هونەرەوە خەریک بووبێتن بۆ ڕای گشتی نەناسراون. بناغەداڕێژەریش نەبن، دوو کۆڵەکەی سەرەکیی بینایەی ئەم هونەرە گرنگە لە بۆکان ئەم دوو برایەن و هیوایە کەسانێکی زیاتریان بە شوێندا بێ. هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی ئەم هونەرە و نەک هەر ئەمە، بەڵکوو لە مێژووی تەنز و ڕەخنەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە بۆکان و موکریان بەبێ چوونە سۆراغی کاری ئەم دوو هونەرمەندە ناتەواو دەبێ.

کاری هونەریی قورەیشییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە گۆڤاری «سروە»ی چاپی ورمێ و هەروەها لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێندێک چاپەمەنی فارسی ئێرانیشدا بڵاوبوونەتەوە و پیشانگای هونەرەکەیان لە شارەکانی کوردستان، ئێران و چەند وڵاتی دەرەوەدا بەڕێوەچووە. کۆمەڵێک لە کاریکاتۆرەکانیشیان لەلایەن «ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی»یەوە بڵاوکراوەتەوە.

بۆ من جێگای سەرنجە کە ئەم هونەرمەندە بەرپرسانە لەگەڵ زەمان و سەردەمدا چوونەتە پێشەوە و چ لە بواری کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و چ لەلایەنە پیشەیییەکەی خۆیانەوە بیرێکی تیژی کراوەیان هەیە. کێشانەوەی کاریکاتۆری کۆنسێپچواڵ (چەمکی) و خۆ خەریک کردن بە ئازار و ئافەتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، وەک ئیعتیاد بە مادەی سڕکەرەوە، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە دەزانن چ دەکەن و دەڵێن چی و چ دەکێشنەوە.

## هونەرمەندی شێوەکار مستەفا شێرزاد

هەر باسێک لە مێژووی هونەری شێوەکاری لە بۆکان و موکریان بکرێ دەسبەجێ سەرنج بەرەو ناوچەی فەیزوڵلابەگی و شێرزاد و ناهیدەکان ڕادەکێشرێ و بیر دەچێتە سلێمانکەندی و ئەحمەداوا. مامۆستا مستەفا شێرزاد پەروەردەی ئەم خەڵکە و ئەم ناوچە هونەرپەروەرەیە.

مامۆستا هونەرمەندەکانی شێرزاد بریتی بوون لە: فەیزوڵلاخان، عەبدوڵلاخانی ناهید، ڕەحیمخانی شێرزاد و پروفسۆر ئەعلەمی کورد. بەگوێرەی زانیاریی سەر ویکیپیدیا کاک مستەفا ساڵی ١٣٢٠/ ١٩٤١ لە مەهاباد هاتۆتە جیهان و لە تەورێز دەرسی خوێندووە، سەردانی زۆر وڵاتی ئوروووپای کردووە بۆ ئەوەی چاوی بە شوێنەواری هونەرمەندانی شێوەکاری گەورەی جیهان بکەوێ ئینجا بەدەستی پڕ گەڕاوەتەوە سەر زێد و نیشتمانی خۆی، تا ئێستاش زیاد لە ٥٠٠ بەرهەمی هونەریی خوڵقاندووە و وانەی پیشەیی بە چەند کەس لە هونەرمەندانی ناسراوی ئەمڕۆی کورد گوتۆتەوە.

لە سایتی «ئارتاکوردۆ»دا[1] چەند نموونە لە کارە هونەرییەکانی مامۆستا و چەند وێنەیەکیش لە خۆی و قوتابییەکانی بەرچاو دەکەون. وێنەکان ئاوێنەی باڵانوێنی سروشتی کوردستان و بۆکانن و وێدەچێ هونەرمەندی خوڵقێنەریان ئەوینێکی لەبننەهاتووی بەو سروشتە و بەو خەڵکە هەبێ.

کەسێک کە هونەرمەند لە ڕێگەی شوێنەوارە هونەرییەکانییەوە بناسێ، بە دیتنی سوارە و ئەسپ و کەو و ڕووبار و چیای بەرز و ماڵی نزمی خەڵکەکە و دەهۆڵ و زوڕنا و دەستی شایی گرتن و جلوبەرگی سەرچۆپی، دەتوانێ بەدڵنیاییەوە بڵێ مستەفا شێرزاد دەنگ و ڕەنگی سروشتی کوردستان و وتەبێژی خەڵک و خاکەکەیەتی.

---

1.http://artakurdo. com.

### هونەرمەند ڕێبین حەیدەری

ڕێبین هونەرمەندێکی شێوەکار و پەیکەرسازێکی لێهاتووی بۆکانییە. من لەمێژە چاوەڕوانی دیتنەوەی سەرچاوەیەکم باسی ژیانی ئەوی تێداکرابێ بۆ ئەوەی بیکەمە نێوئاخنی وتارێک و لەم زنجیرەوتارەدا جێی بکەمەوە. لە ڕاستیدا ئەم زنجیرەیە زۆر ناتەواو دەبێ ئەگەر ئاماژەیەکی کورت و سەرپێییش بێ بەو هونەرمەندە ناودارە و کارەکانی نەکرێ.

بەداخەوە شارەزایی من لە بواری هونەردا زۆر کەمە و زانیاریم سەبارەت بە ڕێبین لەویش کەمتر! بەو پێیە لێرەدا تەنیا واجبێکی کەفایی بەجێدەهێنم و دەشزانم ئەم چەند دێڕە شایانی هونەری ئەوی نییە. هۆکاری نووسینەکەم وتووێژێکە کاک ڕێبین لەگەڵ ماڵپەڕی «پەیامی بۆکان»ی کردووە و تەرجەمەی عەرەبی وتووێژەکە هاوڕێ لەگەڵ ناساندنێکی هونەرمەند و هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکانی لەم ڕۆژانەدا لە ماڵپەڕێکی عەرەبی بەناوی «ثقافة والادب»دا بڵاوکراوەتەوە. ئەسڵی وتووێژەکە کاک حامید قودرەتی بە فارسی بەڕێوەی بردووە و بابەتە عەرەبییەکەش لەلایەن کاک جەلال زەنگابادییەوە ئامادە کراوە. بەداخەوە من نەمتوانی دەقی فارسی یا وەرگێڕاوی کوردیی وتووێژەکە لە شوێنێکدا بدۆزمەوە و لێرەدا بیانهێنمەوە.

بابەتی عەرەبی بەردەستی من هاوڕێیە لەگەڵ وێنەی چەند کاری هونەریی ڕێبین و نیشاندەری توانای هونەریی هونەرمەندێکە کە هونەری کوردیی دەوڵەمەند کردووە و شاری بۆکان شانازی بە بوونی ڕۆڵەیەکی وەک ئەو دەکا. جگە لە نموونەی کارە هونەرییەکان، تەرجەمەی وتارێکی ڕێبین و وتارێکی دیکە بە زمانی ئیسپانیۆڵی سەبارەت بە ڕێبین لەنێو وتارە عەرەبییەکەدا دانراون.

ناوی ئەسڵیی ڕێبین، بەگوێرەی وتووێژەکە، «ئەرسەلان»ە و لە ساڵی ١٩٦٩ لە بۆکان هاتۆتە جیهان، تا ساڵی ١٩٩٢ لە بۆکان و پاشان بۆ ماوەیەک لە سوید ژیاوە، ماوەیەکیش لە ئەمریکا دەرسی هونەری خوێندووە، ئینجا دوای ١٥ ساڵ

دوورەوڵاتی، گەڕاوەتەوە سەر زێد و نیشتمانەکەی و ئێستا لە بۆکان دەژی و بە کاری هونەرییەوە خەریکە.

ئەوەش دەقی وتارە عەرەبییەکەی کاک جەلال زەنگابادی لەمەڕ هونەرمەند ڕێبین حەیدەری، کە وەرگێڕاوی وتووێژەکەی کاک حامید قودرەتیشی گرتۆتەبەر.[1]

ڕێزدار ڕەحمانی سۆفی وتارێکی بەنێوەرۆکی بۆ ناردم کە لە پەیوەندیی کارەکانی هونەرمەند ڕێبین حەیدەری‌دایە و خۆی لە سویدییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی. بەوپەڕی سپاسەوە بۆ کاک ڕەحمانی بەڕێز، وا دەقی سەرجەمی وتارەکە لێرەدا دەخەمە بەرچاوی خوێنەر:

## پەیکەر سازی بۆکانی

**نووسەر: کامیلۆ گارسیا**

**وەرگێڕ: ڕەحمان سۆفی**

وتارێکم بە زمانی سویدی سەبارەت بە کاری هونەرمەندی پەیکەرساز، ڕێبین حەیدەری خوێندەوە. ئەوەی ڕاستی بێ دوو شێوە هەستم بۆ دروست بوو. یەکەم بیرەوەریم گەڕاوە بۆ زێدەکەم. بەوە زۆر شاد بووم کە زێدی خۆشەویستم ڕۆڵەی هونەرمەندی زۆری لێ‌هەڵکەوتۆتەوە. دووەم هەستم ئەوە بوو کە نێوەرۆکی ئەم نووسراوە سویدییە بکوردێنم و بینێرمە خزمەت خوێنەرانی کوردزمان. فەرموون ئەوەش دەقی ئەو نووسراوە سویدییە بە کوردی:

پەیکەرە دەسکردەکانی هونەرمەندی کوردی ئێرانی «ڕێبین حەیدەری» ئاسۆی ئەمڕۆی بەشێکی هونەر دەخاتە بەرچاوی بینەرانی. هەڵبەتە ئەوە بەشێکی سەرەکییە لە کاراکتەری ئەم هونەرمەندە، کە بەو شێوەیە سێنتێزی فۆرمی (یانی ئاوێتە کردن و وەسەر یەکخستنەوە) لە نێوان هەندێک بناخەی کاری فەرهەنگی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دیاری دەکا و گرێی دەدا بە هونەری مۆدێرنی پەیکەرسازیی ئەمڕۆی ڕۆژاوایی‌یەوە و نموونەی کاری هونەرمەندانی بەناوبانگی

1.http://www.iraqiwriter.com/iraqiwriter/Iraqi_Writers_folder/site_writers/Jalal_Zangabady/Jalal_zangabady_art_89. htm.

وەک «موور» و «گیاکۆمیتی»مان وەبیردێننەوە. ئەم شێوە پەیکەرسازییە کە وێنەگەلی سروشتی مرۆڤ تێکدەشکێنێ، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا کە بیرۆکەی گرینگی بنەڕەتیی ئەم شتانە چۆن داڕێژراون. یان وێنەی فیزیکیی لەش و کۆئەندامی مرۆڤ وا نیشان دەدا، کە چۆن بە ئاهەنگیکێ نەرم دەجوولێنەوە و خۆویکدێننەوە، چۆن وەک فەنەر دەڕەوێنەوە و دەچنەوە سەر شوێنی خۆیان. یان چۆن هەموو بازنەکانی دەچنەوە نێو وێنەی زگماکی خۆیان. کاتێک مرۆڤ بەوردی سەرنج بداتە پەیکەرە داهێنراوەکانی ڕێبین، دەبینێ کە پەیکەری مرۆڤ دەکەونە بازنەی ناوەندی داهێنان و شوێنێک بۆ ڕۆح و گیانی هەنووکەی خودی مرۆڤ دیاری دەکەن. وێنەنوێنی داهێنانی ئەم پەیکەرانە وێنەی سروشتی خودی خۆیەتی. ئایا ئەم کارە بۆ ئەوەیە کە هونەرمەند دەیەوێ بە ئێمە بڵێ گیانی ئینسان جێگایەکی تایبەتی داگیر دەکا یان لە کەشدا قورسایی نییە؟ یان گیانلەبەر قورسایییە و لەگەڵ بونیاتی پێکهاتەی کۆئەندام و گیان لە یەک قاوخدا جێگیر بووە. ئەگەر وابێ، دەتوانین زۆر بە دڵنیایییەوە پەیکەرە بێگیانەکانی ئەم هونەرمەندە لە نێودڵی پۆستمۆدێرندا دیاری بکەین. هونەری دێرینی جوانیناسی کە بەقەستەوە گەرەکییە دیوی دەرەوەی شت بگەیەنێتە پلەی چۆنییەتی و گیانی دیاردە بخاتە مەترسییەوە و بیگەیەنێتە مۆمیاییکراوی و بوونی هەتاهەتایی یان هەر مەبەست کات و جێگا دیاریکردنی داهێنانی هونەرییە و بەس؟

من وای بۆ دەچم کە پەیکەرە دەسکردەکانی ئەم هونەرمەندە دەیهەوێ شتێکی دیکە نیشانی ئێمە بدا. شتێکی نامۆ کە بۆ گیان و ڕۆحی مرۆڤی بە کۆمەڵایەتیکراوی وڵاتانی ڕۆژاوایی نەناسراوە یان گەرەکییە بێژێ بە شێوەیەکی زانستیی قووڵ، گرێدانێک لە نێوان سروشت و مرۆڤدا هەیە کە قەت ناپسێتەوە یان ئەندامی سروشتیی مرۆڤ جێگایەکی ئاوارتەی داگیرکردووە و تایبەتمەندییەکی شاردراوەی نەهان کردووە. ئەگەر بەوردی بڕوانینە کارەکانی ڕێبین بەڕوونی دەبینین کە ئەم هونەرمەندە زۆر وەستایانە جوانییەکی لە چاو نزیک بە داهێنراوەکانی دەبەخشێ کە لە سروشتدا نییە. دەمەوێ بڵێم ئەم هونەرمەندە ئەندامی سروشتی تێکدەدا و دووبارە سازیان دەکاتەوە. بەو شێوە تێکدان و سازدانەوەیە، شتێک دەئافرێنێ وەک

ڕۆحـی مـرۆڤ قاڵی دابێ؛ بە واتەیەکی دیکە ئـەم پەیکەرانە لە «پارادایم»ێکی دیکەی هونـەری‌دا ڕۆح‌وەبەرهێنـان دەنوێنـێ. ڕەنگـە هەر بـەو هۆیەوە بێ کە سـەری ئەم پەیکەرانە دیمەنێکی بێ‌وێنە دەنوێنین یان دەیهەوێ بڵێ کە ئەم سەر و کەللانە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ ناکەنە سەر ڕۆحی پەیکەرەکان.

هەڵبـەت ئـەم وێنەپەیکەرانـە جیا لە ڕۆحیش نیـن، بەڵکـوو داهێنراوەیەکی نوێن. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنجی ئەم پەیکەرانە بدەین، دەبینین کە بزووتنەوەی سەری پەیکەرەکان بە لایەکدا لەسەر ئەندامانی لەش تەشەخوسیان پێدراوە. جووڵانەوەکانیش نموونەیەکـن لـەوەی گیان گرێدراوە بە سروشـتی کۆئەندامانی لەشـی مرۆڤەوە، کە لـە وێنـەی پەیکـەرەکان‌دا خۆی دەنوێنێ یـان ئەو جوانی پێ‌بەخشـینەیە کە پەیکەرە دەسکردەکان لەگەڵ گیانی مرۆڤ و جوانیی بیرۆکەی و داهێنانی مرۆڤ گرێ دەدا. ئەوە شێوەی سەرەتایی مرۆڤ خۆیەتی لەگەڵ بیرکردنەوە و ئاگا لە گیانی خۆ بوون. ئەگەر ورد بڕوانین کە سەر دەچەمێتەوە بۆ لای ئەندامانی لەش و قاوخی سروشتی ئەندامانی مرۆڤ، ئەوەش تێڕامانێکی نوێیە لە خودی سروشت و شێوەی سەروەری سـەر نیشـان ئەدا یان هەر گەرەکییە بەو شـێوەیە پێناسەی کەسایەتیی خۆییمان بۆ بخاتە ڕوو.

ڕەوشتی بیرکردنەوەی هونەرمەند بۆتە هەوێنی داهێنانی کارەکەی و کاریگەریی تایبەتیی خۆی هەیە. لە وێنەی پەیکەرە دەسکردە کانی ڕێبین‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤ بە دوای خودی خۆی‌دا دەگەڕێ و گەرەکییە خۆی بناسێ. دەیهەوێ پەیوەندیی گیانی ونۆرمەسروشتییەکەی‌خۆی‌بۆخۆی‌بگرێتەوە.ئەم‌شێوەتێڕامان وبیرکردنەوەو داهێنانـەش وێنـەی باڵانوێنی دنیای هونەرمەندی ڕووناکبیـری ڕۆژهەڵاتی دەنوێنێ. لەم وێنە کارە و وێنە ڕەنگدانەوەیەدا پەیکەرە دەسکردەکانی ڕێبین بە ئێمەی نیشان دەدا کە دەیهەوێ نهێنیی خۆی بنوێنێ. سـەر و ئەسـتۆ بادانەوە بۆ سەر ئەندامگەلی پەیکەرەکان نیشـانەی ئەوەیە کە ڕۆح دەیەوێ بگەڕێتەوە سـەر خۆی و پەیوەندیی نێـوان لـەش و گیانە؛ ئەوەش وێنـەی دووبارە ئافراندنە. خـودی خۆیەتی دەرکی بە وێنەی دەروون و کەسـایەتیی مرۆڤ بەگشـتی و بوونی خۆی بەتایبەتی کردووە و لـەم ڕێگایـەوە نیشـانی دەدا. بـە دڵنیایی‌یـەوە ئەوە شـێوەی بیر و هـزر دابەزاندنی هونەری هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتییە بۆ بناغە داڕشتنی وەکردەوەگێڕانی بیری مرۆڤ.

ئـەم ڕاگوێزانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ناخـی سروشـتی بیـر و ئەندێشـەی ڕۆژهەڵاتی و دەروونیکردن و نیشاندانی سۆز و هەستی ئەو هونەرمەندە.

ڕێبیـن زانایانـە توانای داهێنانی خۆی بە شـێوەیەکی پیرۆز لـە نێوان پەیوەندیی مرۆڤ و سروشـتدا لە پەیکەرەکاندا بە بینەر نیشـان دەدا. بینەر بەسانایی هەست بـەوە دەکا، کە هونەرمەند بەسـەر شـێوەکاری ڕۆژهەڵاتی خۆیدا زاڵە. شـارەزایی لەسـەر هونەری ڕۆژاواییش هەیە، هەر بۆیەش توانیویەتی بەشـێک لە شـێوەکاری پەیکەرسـازی ڕۆژاوایـی ئاوێتـەی کارەکانـی خـۆی بکا و لە جێگای خـۆیدا کەڵکی هونـەری و داهێنانـی لێوەرگرتـووە. ڕەنگـە هونەرمەند بە دوای ئـەوەدا بگەڕێ کە دەیهەوێ لە داهێنانەکەیدا ئەوەی کە لە دەستی چووە دووبارە بە دەستی بهێنێتەوە!

# چاپەمەنی دەورەیی

لـەم بەشـەدا سـەیری هەندێـک گۆڤـار و ڕۆژنامـە کـراوە و بابەتـی سـەبارەت بـە بۆکانیـان تێـدا دەسنیشـانکراون. بەشـێکی بەرچاو لە چاپەمەنییە دەورەیی‌یەکان کوردی و ئەوانی تر فارسین.

**بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا**

کتێبی گەلێک بەنرخی کاک جووتیار تۆفیق بەناوی «بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا» زانیارییەکی زۆری لەسەر ۱۰۳ ڕۆژنامە و گۆڤار و «بڵاوکراوە»ی دەورەیی کوردی و فارسی ئاراستە کردووە کە لە ساڵانی نێوان ۱۹۰۸ ـ ۱۹۸۸ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا خود شوێنەکانی دیکەی ئێران بڵاوکراونەتەوە یاخود ئەو چاپەمەنییە دەورەیییانەی وا کوردانی ڕۆژهەڵات دەوریان لە بڵاوکردنەوەیدا بینیوە. لە بەشی پاشکۆی کتێبەکەشدا زانیاری لەسەر ژیانی ئەو کەسانە پێشکەش کراوە کە خۆیان کورد و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. ئەوەی لە خوارەوەدا دێ لیستەی ناوی چاپەمەنی دەورەییەکە کەسانی خەڵکی بۆکان دەوریان لە بڵاوکردنەوەیدا بینیوە یان وتار و شێعریان تێدا بڵاوکردۆتەوە:

۷. ڕۆژنامەی «کورد»، ورمێ، ۱۹۲۲، مەلا محەممەد تورجانی سەرنووسەری بووە؛

۲۲. نامەی هەفتانەی «کوهستان»، تاران، ۱۹۴۵، هەژار، قزڵجی و... شێعریان تێیدا هەیە؛

۲۳. گۆڤاری «هەڵاڵە»، بۆکان، ۱۹۴۶، حەسەن قزڵجی سەرنووسەری بووە؛

۲۵. «گڕوگاڵی منداڵانی کورد»، مەهاباد، ۱۹۴۶، محەممەد عەتری گلۆڵانی نووسراوەی تێدا بڵاوکردۆتەوە؛

۲۹. ڕۆژنامەی «کوردستان»، باکۆ، ۱۹۴۷ تا ۱۹۶۱، ۱۳۳۷ ژمارەی لێدەرچووە،

دوکتۆر عەلی گەلاوێژ یەک لەو سێ کەسە بووە کە دەری کردووە.

٣٢. بڵاوکراوەی «ڕێگا»، سیتەک (سلێمانی)، ١٩٤٨، حەسەنی قزڵجی یەک لەو سێ کەسە بووە کە بڵاویان کردۆتەوە؛

٣٣. ڕۆژنامەی «کوە نور»، تاران، ١٩٤٩، سلێمان ئەنەوشیروانی لە فەیزوڵلابەگییەکانی سەقز و بۆکان دەری کردووە (فارسی)؛

٤٨. ڕۆژنامەی «کوردستان»، تاران، ١٩٥٩ تا ١٩٦٣، کەسانی خەڵکی بۆکان وەک سوارە ئێلخانیزادە، سەلاح موهتەدی، عومەر سوڵتانی و ئیبراهیم ئەفخەمی بابەتیان تێدا نووسیوە؛

٥٢. ڕۆژنامەی «کوردستان»، پراگ، ١٩٦٥ ـ ١٩٧٠، حەسەن قزڵجی و محەممەد موهتەدی لەو ٤ کەسە بوون کە ڕۆژنامەکەیان بڵاوکردۆتەوە؛

٦٦. بڵاوکراوەی «ڕاستی»، تاران، ١٩٧٨ ـ ٧٩، حەسەنی قزڵجی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی بووە؛

٧٠. ڕۆژنامەی «مەردم»، تاران، ١٩٧٩ ـ ١٩٨٠، بەشی کوردی ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبی توودەی ئێران، حەسەن قزڵجی هاوبەشیی بەڕێوەچوونی ڕۆژنامەکەی کردووە؛

٧٥. گۆڤاری «گرشەی کوردستان، تاران، ١٣٥٩ ـ ١٣٦٠، محەممەدساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) دەری کردووە؛

٩٧. گۆڤاری «سروە»، ورمێ، ١٩٨٥ تا ئێستا، لە ژمارەکانیدا گەلێک کەسانی خەڵکی بۆکان و دەوروبەر بابەتیان نووسیوە و یارمەتی بڵاوبوونەوەیان داوە؛

١٠٠. گۆڤاری «ئاوێنە»، تاران، ١٩٩٠ ـ ١٩٩٨، تێیدا خەڵکی بۆکان بۆ نموونە مەلا محەممەدساڵح ئیبراهیمی، ئەحمەد تەها، ناهید ئەشرەفی (ناوێکی خوزراو بۆ«ئەنوەر سوڵتانی) بابەتیان تێدا نووسیوە.

جگە لەوانە، گەلێک بڵاوکراوەی حیزبە سیاسییەکان وەک کوردستان، شۆڕش، خەبەرنامە، تیشک، ڕێگای گەل و تێکۆشان، وا هەیە بابەتی خەڵکانی دانیشتووی بۆکانیان تێدابێ. هەروەها لە بەشی ژیاننامەدا، بابەتی بەرچاو سەبارەت بە چەند

کەســی خەڵکی بۆکان وەک ســەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) و مامۆستا خالید حیسامی (هێدی) و... نووسراوە.[١]

١. جووتیـار تۆفیـق، بیبلیۆگرافیـای ڕۆژنامەگەریـی کـوردی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دەرەوەیدا (١٩٠٨ ـ ١٩٨٨)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ١٨٢ لاپەڕە، کوردی.

## ڕۆژنامەوانیی کوردی

کتێبی ڕۆژنامەوانیی کوردیی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان (١٩٤٣ ـ ١٩٤٧) نووسینی د. هیمدادی حوسێن لەم دوایی‌یانەدا لە هەولێر بڵاوبۆتەوە. بنەمای کتێبەکە، نامەی دوکتۆرای نووسەرە لە زانکۆی سلێمانی کە پاشان بۆتە کتێبێکی پڕلاپەڕە و بەنێوەرۆک.

١٠٢٣ لاپەڕەی کتێبەکە، هەڵسەنگاندن و ناساندنی نێوەرۆکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆمارە و پاشماوەکەی هەتا دوا لاپەڕە (١٠٢٣) لەچاپدانەوەی سەرلەنوێی ژمارەکانی ٨ گۆڤار و چاپەمەنیی هەمان سەردەمە، واتە نیشتمان، ئاوات، هاواری کورد، گۆڤاری کوردستان، هاواری نیشتمان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵانی کورد و دیاریی کۆمەڵەی «ژ. ک» بۆ لاوەکانی کورد.

من لە چەند ئاڵقەی دواتری هەر ئەم زنجیرەوتارە چەند گۆڤارێکیان لە پەیوەندیی بۆکاندا دەخەمە بەر باس، بەڵام لێرەدا تەنیا لەو سەرەتایە دەدوێم کە د. هیمداد نووسیویەتی. بۆکان لەو لاپەڕانەدا ڕەنگێکی باشی داوەتەوە، چ وەک شار و چ وەک کەسایەتییەکانی. هەر لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژارەوە تا ناوی وەزیرانی کابینەی پێشەوا، تەسلیم بوونی پێشەوا بە سەرتیپ هومایوونی لە حەمامیان، لە سێدارەدانی ڕێبەران و گەورەپیاوان و چاپخانە و گۆڤار و هەروەها کەسایەتیی سیاسی، هونەری و ئەدەبی و مامۆستایانی وەک مەلا محەممەدی تورجانی‌زادە، حەسەنی قزڵجی، هێدی، حەقیقی و هەژار ـ کە ئەو دەم لە بۆکان دەژیا و سەید کامیلی ئیمامی و چەند کەسی دیکەش.

باسی بۆکان و ناوچەی دەوروبەری و کەسایەتیی سەر بە ناوچەکە لەم لاپەڕانەی خوارەوەدا ڕەنگیان داوەتەوە:

١٩، ٢٨، ٣٤، ٤١، ٤٣، ٤٧، ٤٨، ٥١، ٥٤، ٩٤ تا ١٠٣، ١٣٧، ١٤٩، ١٦٥، ١٧١، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٨ تا ١٨٨، ١٩٣ تا ١٩٥، ٢٠٤ تا ٢٠٦، ٢٢٠، ٢٢٢، ٢٢٤، ٢٢٧، ٢٣٠.[١]

---

١. د. هیمدادی حوسێن، «ڕۆژنامەوانیی کوردیی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣ ـ ١٩٤٧»، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٠٢٣ لاپەڕە، کوردی.

## گۆڤاری نیشتمان

کۆپیی ژمارە ١ تا ٤ی گۆڤاری بەنرخی «نیشتمان» ئۆرگانی کۆمەڵەی «ژ. ک»م لە ڕێگەی برای بەڕێزم مامۆستا حەسەنی قازییەوە پێگەیشتووە.

نرخی گۆڤارەکە لە گەلێک لایەنەوە زۆرە و بۆ توێژینەوە لە مێژووی «ژ.ک» و ڕێباز و سیاسەتەکانی گرنگترین سەرچاوەیە. من لێرەدا بەگوێرەی بابەت، ناچمە باسی گشتی و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی گۆڤارەکە و تەنیا دەسنیشانی ئەو بابەتانە دەکەم کە بۆکان و خەڵکی بۆکان و ناوچەکەی دەگرێتەوە.

ژمارە ١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢، جوولای ١٩٤٣؛

هیچ بابەتێکی پەیوەندیدار بە بۆکانی تێدا نییە. وتارێکی «م. فەڕڕوخ» لە لاپەڕە ٢٤ تا ٢٦دا چاپ کراوە کە نازاندرێ چ کەسێکە. تۆ بڵێی سمایلخانی فەڕڕوخی نەبێ؟

ژمارە ٢، خەزەڵوەری ١٣٢٢/ ١٩٤٣:

- «لە ناو کۆمەڵەدا چ باسە؟» لە شاری ک، برای ڕاست ئەندامی ٦٧ سەرۆکی ئیدارەی مەحەللیی ئەم شارەیە، ٤ دیناری عێراقی (٥٠٠ ریال)ی بۆ کۆمەگی چاپخانەی ناردبوو، وەرمانگرتووە.»

یەکەم: شاری آ/ ک بۆکانە؛

دووهەم: «برای ڕاست» بەگوێرەی هەندێک کەس، نەمر حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی (ئێلخانیزادە)یە، بەڵام لێرەدا دەگوترێ سەرۆکی ئیدارەی مەحەللیی [کۆمەڵە]. ئێمە دەزانین نەمر قازی کاکەحەمەی قزڵجی ساڵێک دواتر، سەرۆک یا سەدری کومیتەی حیزبی دێموکرات لە بۆکان بووە. پرسیار ئەوەیە: ئایا سەرۆکی کۆمەڵە جیاواز بووە لە سەرۆکی حیزب؟ ئەگەر وا نەبێ، ئەوا «برای ڕاست» قازی کاکەحەمەیە نەک حاجی ڕەحمانئاغا. ئەم باسە جێگای لێکۆڵینەوەیە و من نامەوێ ئاڵۆزیی تێدا دروست بکەم.

ژمارە ۳ و ۴، سەرماوەز و ڕێبەندانی ۱۳۲۲/ ۱۹۴۴:

ـ «کوردی دەبێ چۆن بنووسرێ؟»، آ/ ک، برای ڕاست ۶۷؛

ـ «مەڕامی کۆمەڵەکەم دینگە»، آ/ک، ت/ع. هەژار۲۰ [مامۆستا هەژار ئەو دەم نیشتەجێی بۆکان بوو].

دەسیاوی بۆ چاپ [یارمەتی دارایی]: ا ـ ع. هەژار، ۱۰۰ ریال.[۱]

۱. گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی «ژ. ک»، سەرنووسەر: ع. بێژەن [عەبدوڕڕحمان زەبیحی].

## جارێکی دیکەش گۆڤاری نیشتمان

لــە ســەرەوەتر، باســی بۆکان لە چوار ژمــارەی یەکەمی گۆڤاری نیشــتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی «ژ. ک»م کرد. بەختەوەرانە، ئێستا سەرجەمی ژمارەکانی نیشتمان (١ ـ ٩) لەلایــەن ڕێزدار عەلی کەریمییەوە لە سلێمانی لە بەرگێکدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. من لێرەدا ناگەڕێمەوە ســەر ژمارەکانی ١ ـ ٤ و تەنیا بابەتی ســەبارەت بە بۆکان لە ژمارە٥ ـ ٩دا دەناسێنم. پێویستە بگوترێ کە ژمارە ٣ ـ ٤ی نیشتمان پێکەوە لە یەک بەرگدا بڵاوبۆتەوە و بە هەمان شــێوەش ژمارە ٧ ـ ٨ بوونەتە یەک بەرگ، واتە لە ڕاستیدا گۆڤارەکە تەنیا ٦ ژمارەی هەیە و دەگوترێ ژمارەیەکی دیکەشی دواتر لێ بڵاوکرابێتەوە کە تا ئێستا نوسخەی دەست نەکەوتووە.

بەگوێرەی سەرەتای کاک عەلی، یەکەم ژمارەی نیشتمان لە ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٢ (جــوولای ١٩٤٣)دا لــە چاپخانەی خەلیفەگەریــی ئەرمەنییان لە تەورێز بڵاوبۆتەوە و ژمــارە ٧ (واتــە ٧ ـ ٨ ـ ٩)ی لــە خاکەلێــوە جۆزەردانــی ١٣٢٣دا بڵاوبۆتەوە (١٩٤٤)، ئەوانەی خوارەوە بریتین لەو بابەتانەی وا لە ٣ ژمارەی ٥ ـ ٩دا بۆکان و بۆکانییان دەگرنەوە.

ژمارە ٥:

- وتــاری «لەنێــو کۆمەڵەدا»، نووســینی ســیامەک، ئەندامی ژمارە، ٥٧ دانیشــتووی شــاری آ/ک. ئێمە ئێســتا دەزانین کە سیامەک، ڕێزدار مامەقالەی دەبباغی بووە کە ئەو دەم لە بۆکان ژیاوە و شاری «آ/ک»ش بۆکانە؛
- «جووجەڵەی نیشتمان»، آ/ک هەژار ٢٠، شێعرێکی مامۆستا هەژارە کە ئەو دەم لە بۆکان دەژیا.

ژمارە ٦:

- «تکا لە کوردە ناودارەکانی ئێســتا»، نووســینی آ/ک پشــتیوان ١٠٤٢. پشــتیوان، سمایلئاغای ئێلخانیزادە کوڕی مەحموودئاغایە؛

ـ «دڵی دایک»، شـێعری «ئیرەج میرزا»یە، هەژار ٢٠ لە شـاری آ/ک وەریگێڕاوەتە سەر کوردی؛

ـ «خەوی غەفڵەت بەسـە هەسـتن لە خەویٚ»، شـێعری ع. هونەر[مامۆسـتا عەباس حەقیقی]؛

ـ «دەسیاوی بۆ چاپ» [یارمەتی دارایی] ٧ ـ ق چووبینە [قاسمئاغای ئێلخانیزادە]؛ ٢٠٠ ریال. ٨ برای ڕاست [حاجی ڕەحمانئاغای ئێلخانیزادە]، ٤٠٠ ریال.

ژمارە ٧ ـ ٩:

ـ «لەنێو کۆمەڵەدا» [هەواڵی پێکهاتنی کۆبوونەوەی ناسراو بە «پەیمانی ٣ سنوور»؛ نوێنەرانـی «کۆمەڵـە» لـە کۆبوونەوەکـەدا ٣ کـەس بـوون، یـەک لـەوان هەژار، ئەندامی ژمارە ٢٠]؛

ـ «خەوی غەفڵەت بەسە...»، پاشماوەی هۆنراوەی ع. هونەر[مامۆستا حەقیقی]؛

**پیرەمێـردی خەرەفـی زسـتانیٚ هاتـە ئاخـر نەفەسـی گیاندانـیٚ**

[ ئـەم شـێعرە بـە «پاشـماوە»ی شـێعری ژمـارە ٦ دانـدراوە] واتـە:

**خەوی غەفڵەت بەسـە هەستن لە خەویٚ گـەر ژیانێکـی بـە ئـازاد و دەویٚ**

لە ژمارە ٦دا نووسـراوە: «بە ئازادوو دەویٚ»؛ بەڵام لەم ژمارەیەدا نووسـراوە: «بە ئازادیو دەویٚ».

ـ دەمەتەقەی دوو باز پێکەوە: ع. هەژار.

[لـە ژمارەکانـی پێشـووش‌دا چەنـد دەمەتەقە چاپ کـراون (بایز و باپیـر)، بەڵام ناوی هۆنەرەکەیان نەنووسـراوە. دەکریٚ ئەم شـێعرانە هی مامۆسـتا هەژار یا بەو شێوەیەی کە کاک عەلی کەریمی لە سەرەتای کتێبەکەدا نووسیویەتی، هی مامۆستا زەبیحی (ع. بیژەن) بن.

کاک عەلی کەریمی کە ئەو ژمارانەی نیشتمانی چاپ کردۆتەوە لە سەرەتایەکی ٣٤ لاپەڕەییدا ژیاننامەی هەندێک لە نووسەرانی بابەتەکانی نیشتمانی بەکورتی نووسیوە و لەگەڵ وێنەی هەر کامیاندا چاپی کردوون، لەنێو ئەوانیش‌دا بۆکانی کەم نین:

ـ عەبدوڕڕەحمانی شەرەفکەندی هەژار ـ ٢٠ [لەبەروەی ئەو دەم لە بۆکان ژیاوە]؛

- عەبدوڕڕەحمان‌ئاغـای ئێلخانـی‌زادە، بـرای ڕاسـت ٦٧ [و «مـرۆ»]. ئـەم بەشـە کاک سـەلاحی موهتەدی کوڕی نەمر حاجی ڕەحمان‌ئاغا نووسـیویەتی و تێیدا یەک‌دوو خاڵی ڕاگەیاندووە کە پێویستە لێرەدا بیاننووسمەوە:
- حاجی ڕەحمان‌ئاغا لە ساڵی ١٩٠٤ لە ناوچەی بۆکان لەدایک‌بووە؛
- لە سـنەوە مامۆسـتای هێناوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی [دەبێ نیازی کاک سەلاح، نەمر میرزا ئەسەدوڵڵای غوەڵامعەلی بێ]؛
- مستەفاپاشـای یامولکی لەسـەر بانگهێشـتنی باوکی حاجی ڕەحمان‌ئاغا [حاجی بایزئاغا] و لەسـەر ڕێگای چوونی بۆ لای سـمایل‌ئاغای سـمکۆ، چەند ڕۆژێک میوانی ماڵی حاجی بایزئاغا بووە [لە بۆکان یا شێخلەر؟]؛
- نەمر سەیفولقوزاتی قازی مامۆستای حاجی ڕەحمان‌ئاغا بووە؛
- ماڵیان سەرەتا لە گوندی شێخلەر بووە لە پەنا بۆکان؛
- بابەتـی «مۆسـکۆ، واشـینگتۆن، لەنـدەن» کـە بەگوێـرەی قسـەی کاک سـەلاح، «ستراتیژ و سیاسەتی خاریجیی کۆمەڵەیە» ئەو نووسیویەتی؛
- سـاڵی ١٩٦٧ بـە نەخۆشـیی شـێرپەنجە کۆچی‌دوایـی کـردووە و لـە حەمامیان نێژراوە؛
- حاجی سـمایل‌ئاغای مەحموودئاغای ئێلخانی‌زادە، پشـتیوان ١٠٤٢، ساڵی ١٢٨٨/ ١٩٠٩ لەدایک‌بووە؛ بۆتە وەزیری ڕێگاوبانی کۆمار. [زانیاریی نووسـەر سەبارەت بە حاجی سمایل‌ئاغا، لە کاک عومەری کوڕی حاجی سمایل‌ئاغا وەرگیراوە]؛
- مـەلا مەعرووفـی کۆکەیی، کـە دیارە مەهابادییە و لەوێش ژیـاوە، بەڵام بەهۆی ئـەوەوە کـە لـە گوندی کۆکەی بـۆکان مەلا و مامۆسـتا بووە، لێـرەدا ئاماژەی پێدەکرێ. مەلا مارف لە ١٢٥٤/١٠/٢ [١٨٧٥] لە گوندی حاجی‌خۆش لەدایک‌بووە و لە ١٣٢٤/٦/٦ [١٩٤٥] لە مەهاباد کۆچی‌دوایی کردووە؛
- خاڵەمیـن، حاجـی سـەید حەمەدەمینی بەرزنجی، خەڵکی سـندووس بووە، بەڵام باوکـی، واتـە «حاجـی شـێخ مسـتەفای کۆکە» خەڵکـی کۆکەی بۆکان بـووە. لە ١٢٨٤/ ١٩٠٥ لەدایک‌بـووە و لـە ٢٣ی خاکەلێـوەی ١٣٧١/ ١٩٩٢ کۆچی‌دوایـی

کردووە؛

ـ عەباســی حەقیقی، ع. هونەر، ١٩٠٢ لە گوندی «مەرجانئاوا»ی ناوچەی مەهاباد هاتۆتە دنیا و لە ١٩٤٢ەوە هەتا کۆچیدوایی کردنی (١٩٩٨) لە بۆکان ژیاوە.

کاک عەلــی کەریمی کــە بە بڵاوکردنەوەی ژمارەکانی نیشــتمان کارێکی بەنرخی کردووە، لە لاپەڕە ٣٦ی کتێبەکەدا سوودی لە وتارێکی ماڵپەڕی گزینگ وەرگرتووە و «محەممەدســەعید حافیدی»ی بە خەڵکی کرماشــان ناوبردووە کە هەڵەیە و حافیدی کوڕی مەلا عەبدوڕڕەحیمی قزڵجی و خەڵکی بۆکان بووە. لە هەمان لاپەڕەدا باســی ق. چۆبینە کراوە کە نووسەر گوتوویەتی نازانێ کێیە. بە بۆچوونی من ئەو کەسە دەبێ قاســمئاغای ئێلخانیزادە بێ. مامۆســتا هەژار لە شێعری «بەرەو کوردستان»دا کاتێ دەگاتە بۆکان دەڵێ:

**«شــێرەچۆبینە بڕشــتی مــاوە یــان کــەل و کول بــووە، کۆڵــی داوە؟»**

کاک عەلی وێنەی حاجی ڕەحمانئاغا، حاجی سمایلئاغا، خاڵەمین، مەلا مارف و حەقیقی لەو بەشەدا هێناوە و لە کۆتایی کتێبەکەشدا وێنەی تاکەکەسیی خاڵەمین و حاجــی ڕەحمانئاغــای هــاوڕێ لەگــەڵ دوو وێنــەی گشــتی چاپ کــردووە. یەک لەو دوو وێنەیە سمایلخانی فەڕڕوخی و قاسمئاغای ئێلخانیزادەی تێدایە (لاپەڕە ٣٥٦)، ئەویتریان لە سەفەری حەجی حاجی ڕەحمانئاغا و حاجی سمایلئاغادا لە سلێمانی گیراوە و وێنەی هەردووکیانی لەگەڵ وێنەی حاجی سەید حوسێنی قوڕەیشی تێدایە کە دیارە ئەویش لەگەڵیان هاوسەفەری حەج بووە.[١]

---

١. نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی «ژ. ک»، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٣٦٠ لاپەڕە، کوردی.

## ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٤٦)

لە بەشەکانی ئەم دواییەی «بۆکان لە مێژوودا» باسی هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤارم کرد کە تێیاندا سەبارەت بە بۆکان بابەتیان بڵاوکردۆتەوە یا خود بۆکانی دەوریان لە دەرچوونیاندا بینیوە.

وا ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»،[1] چاپی ساڵانی ١٣٢٤ ـ ٢٥ (١٩٤٦)ی کۆماری کوردستان لەلایەن بنکەی ژین و ئاراسەوە چاپی دووبارە و لە بەرگێکدا بڵاوکراوەتەوە.

بە هۆی گرنگایەتیی کارەکەوە، دوای کڕنۆش بردن بۆ سەرنووسەر و بەڕێوەبەر و نووسەران و پشتیوانەکانی ڕۆژنامەکە و دوای دەسخۆشیکردن لە هەموو ئەو کەسانەی دەوریان لە بڵاوبوونەوەی دووبارەی ڕۆژنامەکەدا بینیوە، بەتایبەت کاک ڕەفیق ساڵح و کاک سدیق ساڵح، هەوڵ دەدەم بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکان لە هەموو ژمارەکاندا دەسنیشان بکەم و ڕایانبگەیەنم. شایانی باسە کە ئەم بەرگە، ٨٢ ژمارە لە سەرجەمی ١١٢ ژمارەی دەرچووی ڕۆژنامەکەی گرتۆتەبەر. بەهیوای ئەوەی ژمارەکانی دیکەشی لە داهاتوودا بدۆزرێنەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەم ژمارەیەوە تا دوایین ژمارەی نێو ئەم بەرگە (٩٣)، بابەتی سەبارەت بە بۆکان یا خود لەلایەن بۆکانییانەوە ئامادەکراوی تێدایە و کەمتر ژمارەیەک هەیە بابەتی ئەوتۆی تێدانەبێ. زۆر لە بابەتە سیاسییەکان و چالاکییە

---

١. ناوی ڕۆژنامەکە لە ژمارە ١ ـ ٩ «کوردوستان»، نووسراوە و پاشان بۆتە «کوردستان». ڕۆژنامەی «کوردستان»، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، چاپی چاپخانەی کوردستان، شەقامی وەفایی، مەهاباد.
ژمارە ١: پێنجشەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠ = ١٩٤٦ /١/١١؛ ژمارە ٩٣: ١٣٢٥/٧/١١ = ١٩٤٦/١٠/٣] ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٤ ـ ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦) ئامادە کردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین (سلێمانی) و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (هەولێر)، ساڵی ٢٠٠٧، ٣٥٥ لاپەڕەی قەبارە A2 (بەداخەوە ئەو بەرهەمە نایابەش وەک زۆربەی چاپەمەنییەکانی باشووری کوردستان، ژمارەی ISBNHی بۆ دەسنیشان نەکراوە).

فەرمییــەكان هــی ئاغاواتــی بۆكان و دەوروبــەری بووە، لە كاتێكدا خەڵكی ئاســایی تەنیا شێعر و وتاری ئەدەبییان تێدا نووسیوە. وێدەچێ سەرەپەتی هەموو كارەكانی ئەو سەردەمە لە ناوچەی بۆكان بەدەست ئاغاواتەوە بووبێ، هەر ئەوانەی كە چەند ســەعات دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵــی هەرەس‌هێنانی بزووتنەوەكە، كەوتنە ڕاونانی پێشــمەرگە و بارزانــی و هەروەهــا تاڵانوبــڕۆی ئیــدارات و بنكــەی پێشــمەرگە و ســەربازخانەی بۆكان! (بڕواننە یادداشــتی ئەفســەرە ئێرانییەكانی نیشتەجێی گوندی ســەرا لە كاتی پاشەكشــێیان بەرەو بۆكان و مەهاباد و شــنۆ، لە باس و بابەتەكانی پێشووتردا.)

لیســتەی نــاوی بابەتــی ســەبارەت بە بۆكان لــە ڕۆژنامەی كوردســتان لە یەكەم ژمارەیەوە تا دوایین ژمارەی ئەم بەرگە بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

١. ڕاپۆرتی هەڵكرانی ئاڵای موقەددەسی كوردستان لە شاری بۆكان (ژمارە ١)؛

٢. شــێعری هــەژار و هێمــن و حەقیقــی ســەبارەت بــە هەڵكرانــی ئــاڵا لــە بـۆكان (ژمارە ١و٢)؛

٣. ژیاننامەی مەلا عەلی قزڵجی، نووسینی سەید محەممەد حەمیدی سەرنووسەر (ژمارە ٣)؛

٤. پیرۆزبایــی دەرچوونــی ڕۆژنامــەی كوردســتان لەلایــەن كەریــم، ئەحمــەد و عومــەری عەباســی، محەممەدئەمیــن ئێلخانــی‌زادە، ئەبووبەكــر، ئیســماعیل و ســەلیم ئێلخانــی‌زادە، ئەمجــەد عوســمانی، محەممەدئەمیــن دادخــوا و ح. مودەرریسی[حەســەن] ســەرۆكی ئیــدارەی فەرهەنگــی بۆكان (ژمــارە ٤، ٥، ٧، ٨ و ١١)؛

٥. هەواڵی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تیفووس لە بۆكان (ژمارە ٥)؛

٦. ڕاگەیاندنی موژدەی دەرچوونی گۆڤاری هەڵاڵە لە بۆكان «بەم زووانە» (ژمارە ٦)؛

٧. ســەلیمئاغای ئێلخانی‌زادە ئەوەڵین كەســە لیباســی ســەربازی [كوردســتان]ی لەبەر كردووە (هەواڵ)، (ژمارە ٧)؛

٨. یارمەتیی دارایی بۆ چاپخانەی کوردسـتان، (لیسـتەی ناو)، ئاغاواتی بۆکانیش له ناویان‌دان (ژماره ٩)؛

٩. «له قزقەڵاڕا»، شێعری خاڵەمین (ژماره ٩)؛

١٠. هەواڵی جێژنی دانانی ڕەئیس جمهووری کوردسـتان له گوندی گوێگجەلی و سەراو، ڕەحیم سەیفی قازی (ژماره ٩)؛

١١. هەواڵی یارمەتیی دارایی قاسم ئێلخانی‌زاده بۆ قوتابخانەی گەلاوێژ له مەهاباد (ژماره ١١)؛

١٢. هەواڵی چالاکیی سیاسـی م. ص. موقتەدیری [محەممەدسـاڵح] لەسەر چۆمی مەجیدخان (ژماره ١١)؛

١٣. خیتابەی ئەحمەدئاغای ئێلخانی‌زاده (ژماره ١٢)؛

١٤. قازانجی مێژوو، ئەمجەد عوسمانی (ژماره ١٣)؛

١٥. هەواڵی هەوەڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان، سیلسیلەی مەشایەخی نەقشبەندی هەژار (ژماره ١۴)؛

١۶. به موناسەبەتی هەدیەی قورئان به پێشەوا (وتار)، سەید عەبدولقادر سەیادەت (ژماره ١۵)؛

١٧. وتار: عەبدوڕڕەحمان ئێلخانی‌زاده (ژماره ١۵)؛

١٨. وتار: پشتیوان، ئیسماعیل ئێلخانی‌زاده (ژماره ١۶)؛

١٩. هەواڵ: چەقاندنی ئاڵای کوردسـتان له یەکشـەوه ئیسـماعیل‌خانی فەڕڕوخی (ژماره ١۶)؛

٢٠. ژیاننامەی مەلا حەسەن ئیبن عوسمانی، ئەمجەد عوسمانی (ژماره ١۶)

٢١. جەژنی سـەربەخۆیی له گەردیگلان، سـەید سـەلام نەبەوی، سـەید عەبدوڵڵا (ژماره ١۶)؛

٢٢. هـەزار سـەلام له تۆ ئـەی ڕۆژنامەی کوردسـتان، عەبدالکەریـم بەهرامبەگی بۆکان (ژماره ١٩)؛

a٢٢. حوکمـی قەزاوەتی بـۆکان بۆ «قازی محەممەدی قزڵجی» [قازی کاکەحەمە]،

(ژمارە ٢١)؛

٢٣. جێژنی سەربەستیی کوردستان لە یەکشەوە (هەواڵ)، (ژمارە ٢۴)؛

٢۴. شێعر: ئەمجەد عوسمانی (ژمارە ٢٨)؛

٢٥. خیتابە: کاکە ڕەحمان ئێلخانیزادە (ژمارە ٢٨)؛

٢۶. ئەستێرەی سەربەرزی سەربەستی، ڕۆژنامەی کوردستان، شێخاڵی، محەممەد عەتری گڵۆڵانی (ژمارە ٣٣)؛

٢٧. وتار: دنیای ئەوڕۆ، محەممەد عەتری گڵۆڵانی (ژمارە ٣۴)؛

٢٨. شێعر: ئوەیس عوسمانی (ژمارە ٣٨)؛

٢٩. تەسویبی قانوونی موجازات [بۆ سپای کوردستان]، ئیبراهیم سەلاح (ژمارە ۴١، ۴٢، ۴٣)؛

٣٠. ژمارەی دووی «هەڵاڵە» [لە بۆکان] دەرهات (ژمارە ۴٨)؛

a٣٠. هەڵاوەسینی تابلۆی دەرسخانەی «کوڕانی پێشەوای کوردستان» لە بۆکان (ژمارە ۴٨)؛

٣١. ویفاق و نیفاق، م. ص. قزڵجی [محەممەدسادق] (ژمارە ۴٩)؛

٣٢. با لەوە زیاتر بە تاریکی دانەنیشین (وتار)، سەعید ئەدهەمی فەیزوڵڵابەگی (ژمارە ٥١)؛

٣٣. حەوتسەد ساڵە کورد بۆ سەربەخۆیی گیانبازی دەکا، ح. قزڵجی [حەسەن]، (وتار) (ژمارە ٥٥)؛

٣۴. ئاڵای کوردستان لە گەردیگلان هەڵکرا (وتار و شێعر)؛ سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) (ژمارە ٥٥)؛

٣٥. کورد هەر بۆخۆی داوای حەقی خۆی دەکا، ح. قزڵجی [حەسەن]، (وتار)، (ژمارە ۶٠)؛

٣۶. نهضت آذربایجان (وەرگێڕاوی وتارێک لە ڕۆژنامەی «ڕەهبەر»ی حیزبی توودەی ئێران)، ح. قزڵجی [حەسەن] (ژمارە ۶۶)؛

٣٧. میللەتی موباریزی کورد، (وەرگێڕاوی وتارێک لە گۆڤاری ئازەربایجان)، ح

قزڵجی [حەسەن] (ژمارە ٦٨)؛

٣٨. شاعیری میللی «هەژار» (وتار)، ح. قزڵجی [حەسەن]. لە ژمارە ٣ی «هەڵاڵە» وەرگیراوە + «مصاحبە»ی نوێنەری ڕۆژنامەی ڕەهبەر لەگەڵ پێشەوا (تەرجەمە) (ژمارە ٦٩)؛

٣٩. فیلمی عاسمان لە سینەمای کوردستان (ئەدەبی)، ح. قزڵجی [حەسەن] (ژمارە ٧١)؛

٤٠. استعمال حربە دروغ بر علیە کرد و کردستان (وتارێکی فارسی) ح. قزڵجی [حەسەن] (ژمارە ٧٣)؛

٤١. من و گوڵە سوێسنێک (وتار)، محەممەد عەتری گڵۆڵانی (ژمارە ٧٣)؛

٤٢. هەواڵ: تەوبیخ و جەریمەکردنی «محەممەد زەکەوی» حیسابدار و تەحویلداری ئیدارەی دارایی بۆکان (ژمارە ٨٥)؛

٤٣. ڕاگەیاندن و سپاسنامەی دوکتۆر محەممەدڕەسووڵ کوردپوور کۆمیساریای شارەوانیی مەهاباد (ژمارە ٨٧)؛

٤٤. هەواڵی پێکهاتنی کومیتەیەک بۆ دروستکردنی «مزگەوتی کوردان» لە میاندواو، بە بەشداری قازی کاکەحەمەی قزڵجی و حاجیساڵحی حەریری (ژمارە ٩٢).

«سپاس بۆ کاک موحسین قزڵجی بۆ دەسنیشانکردنی ژمارە a٢٢ و a٣٠».

وەک گوترا، زۆربەی چالاکییەکان هی ئاغاوات و ئەو کەسانە بوون کە بە دەوروبەری ئەوانەوە بوون، بەڵام هەندێ کەسی وەک مامۆستایان حەسەن قزڵجی، نووری و هەژاریش، کە ئەو دەم لە بۆکان دەژیا و وەک نوێنەری شاری بۆکان لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا بەشداری دەکرد، گەلێک چالاکانە لە کاروباری سیاسی و کولتووریدا هەنگاوی گرنگیان هەڵێناوەتەوە. شاعیری میللی هەژار، هەروەها ئیمامی (ئاوات) و شێواو (مامۆستا خالید حیسامی)، بەتایبەت مامۆستا هەژار شێعر و وتاری زۆریان لە ژمارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیوە، کە ئەگەر دەسنیشان بکرایەن، ئەم وتارە گەلێک زیاتر دەبوو.

ناوی خەڵکی ئاسایی و دانیشتووانی شار و گوندەکان لە ڕۆژنامەکەدا کەمتر ڕەنگی داوەتەوە و تەنیا ناوی ئەو کەسانە نووسراوە کە یارمەتیی دارایییان ئاڕاستەی ڕۆژنامەکە کردووە، بەڵام لەنێو ڕاگەیاندنی فەرمیی ئیداراتی دەوڵەتیی کوردستاندا، جاروبارە بابەتی سەرنجڕاکێش دەردەکەوێ، بۆ نموونە هەواڵی پڕۆژەی دامەزرانی قوتابخانەی کوردی ـ عیبری لە مەهاباد (ژمارە ٧٥) یا خود ڕاگەیاندنی ئیدارەی سەبتی ئەسنادی مەهاباد سەبارەت بە داواکاریی هەندێک لە دانیشتووانی شاری مەهاباد و بۆکان بۆ سەبت کردنی خانووبەرەکەیان، کە ناوی خەڵکی زۆری تێدایە (ژمارە ٣٦) و لە ناویاندا هەندێک کەسی بۆکانی دەبیندرێن بە جوولەکە و موسوڵمان و ئەرمەنییەوە؛ ئەوەش ناوەکان:

یۆسف بنیامین صافوونی (بۆکانی)، مووسا و ئیسماعیل و عیمران و یۆسف کۆهینی (بۆکانی)، سەید عەبدوڵڵا کازمی (بۆکانی)، نازدار فەتحی (بۆکانی)، سدیق و ئیسماعیل و کەریمی ئەسکەندەری، محەممەد ڕەشید براخاس (بۆکانی)، جەنابی حاجی بابەشێخ سەیادەت (مەهاباد)، ساڵح نەسیری (بۆکانی)، سەید سادق ڕەحمانی، ڕەشید جەباری (بۆکانی)، سمایلئاغا جاوی (بۆکانی)، ئەستێر یەعقووبیان، محەممەدئەمین مەلامەحموودی (بۆکانی)، سەعید سەیدی (بۆکانی)، عەبدوڵڵا و محەممەدساڵح و مستەفا میقرازی (بۆکانی)، ڕەحیم ئەمینی (بۆکانی)، حەسەن تەبریزچی (بۆکانی)، حەمەعەزیز مەلیکزادە (بۆکانی)، محەممەدڕەحیم عوسمانزادە (بۆکانی)، ڕەشید نەعلبەندیئەقدەم (بۆکانی)، ساڵح حەمەکوردی (بۆکانی)، عەلی کازمیان، مەحموود و ئەحمەد ئیفتیخاری، حەسەن بوداقی (گوندی قزڵجە و شاگێلدی).

لە کۆتاییيەکەشیدا نووسراوە:

«ئاگاداری نەوبەتی ئەوەڵ، ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٥، سەرۆکی ئیدارەی سەبتی مەهاباد، هاشم مووسازادە.»

## گۆڤاری کوردستان

لـە مـاوەی حوکمی کۆماری کوردسـتان (١٩٤٦)دا جگە لە «ڕۆژنامەی کوردسـتان»، کـە حەوتـووی سـێ جار لـە مەهابـاد دەردەچـوو، چاپەمەنییەکی دەورەیـی تر هەر بەنـاوی «کوردسـتان» دەردەچـوو، کـە مانگانە بوو و ئێمە ئێسـتا بەنـاوی «گۆڤاری کوردسـتان»ەوە دەیناسـین. مـن زانیارییەکـی زۆرم لەسـەر ئـەو گۆڤـارە نییـە و ئەوەندەی بزانم سـەرجەم ٩ ژمارەی لێدەرچووە و بڕیارە بنکەی ژین لە سـلێمانی سەرجەم ژمارەکانی سەرلەنوێ چاپ بکاتەوە. لەم دواییەدا ڕێزدار حەسەنی قازی کۆپیـی چـوار ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەی بـە ئیمەیل بۆ ناردووم کە گەلێک بابەتی سەرنجڕاکێشیان تێدایە. دەگوترێ کە سەرنووسەری گۆڤارەکە، نەمر عەبدوڕڕەحمان زەبیحی (بێژەن) بووە.

لـەو چـوار ژمارەیـەی بەردەسـتی مـندا گەلێـک بابەت هـەن کـە پەیوەندیی بە بۆکانـەوە پەیـدا دەکـەن، مـن لێـرەدا لیسـتەیەک لـەو بابەتانـە پێکدەهێنـم (بـەڵام ڕێنووسەکەی ناگۆڕم).

کوردستان: بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی، سیاسییە هەر پازدە ڕۆژ جارێک[١] بڵاودەکرێتەوە.

ژمارە ١؛ ساڵی یەکەم، ١٥ سەرماوەز ١٣٢٤، ٦ دسامبر ١٩٤٥:

ـ لاپەڕە ١١، «حیزبی دێموکراتی کوردستان:

لـەدوای ئـەوە لـە هەوەڵی مانگی خەزەڵـوەر (آبـان)ی ١٣٢٤ حیزبی دێموکراتی کوردسـتان لـە مەهابـاد دانـدرا و بەیاننامـەی خـۆی بڵاوکـردەوە لـە ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢دا هـەوەڵ کۆنگـرەی خـۆی کـە تێکـەڵ بوو لـە سـەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرەوە تەشـکیل دا: ٨ بۆکان: آغای عبدالرحمن شـرفکندی، آغـای رشـید علـیزادە... لـەم کۆنگـرەدا هەمـوو لکەکانـی حیزبـی دێموکراتـی

١. لە ژمارە ٣ ـ ٤دا نووسراوە هەر مانگی جارێک بڵاو دەکرێتەوە.

کوردستان تصویب کرا و نوێنەری تایبەتیان بۆ داندرا و هەریەک لە جێی خۆیان دامەزران و دەستیان بەکار کرد و هەژار هۆنەری جوانی کوردستان ئەم شێعرانەی خوارەوەی کە باسی دێموکرات دەکا خوێندەوە...»

ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، ٣٠ سەماوەز ١٣٢۴، ٢١ دسامبر ١٩۴۵:[١]

- ل ۶: شیوەنم بۆ وەتەنە، شێعری خالید حیسامی (شێواو)؛
- ل ٧: جێژنەی نصب کردنی تابلۆی کلوپی حیزبی دێموکراتی کوردستان لکی بۆکان ڕۆژی چوارشەمۆ ٢٨ ـ ٩ ـ ٢۴ [١٩۴۵/١٢/١٩]؛
- ل ٩: ئەی دایکی نیشتمان، بە قەڵەمی ع. خ [عەلی خوسرەوی؟]؛
- ل ١۴: فرمیسکی هەتیو، شێعری هەژار؛
- لاپەڕەی کۆتایی: هەڵکرانی ئاڵای موقەددەسی کوردستان لە... [بۆم نەخوێندرایەوە]؛

ژمارە ٣، ساڵی یەکەم، مانگی خاکەلێوە، مارس ١٩۴۶؛

- ل ١٣ تا ٢۶ شێعری سیف القضات؛
- ل ٣١ تا ٣٢ یا وطن یا مردنم، شێعری محمد گلۆلانی ـ عطری؛
- ل ٣۴ تا ٣۵ سۆزەی دەروون، شێعری محمد گلۆلانی ـ عطری، «خەراجاتی دوو زولفی تۆ ئەرێ ماچینە یا چینە؟...»؛
- ل ٣۵ وەرگەڕاوە لە دوو شعری عەرەبییەوە بە کوردی: ئەمجەد عوسمانی:

**«کە نووکی رم لە مەیدانا لە سینەم چەسپ و جێگیر بوو**
**کە قەترەی خوێنی من دەتکا لە شمشیر، یادی تۆم بیر بوو**
**وەکوو بەرقی ددانی پێکەنینت شوعلەیەک لێی دام**
**تەواو پێم خۆش بوو ماچی کەم، کە ڕوانیم بەرقی شمشیر بوو»**

- ل ٣۶ دیاری خێرویژ [شێعری میرزا عەلی سەمیمی (خێرویژ)]؛

---

١. لاپەڕەکانی سەرەتا و کۆتایی ژمارە ٢ ناخوێندرێنەوە.

**«شــوکر بــە کــوردان ئــازادی دریــا ئــاڵای ســەربەرزی بەخێــر هەڵکریا...»**

ئەم شـێعرانە، برایەکی جنووبی کە بە ئاوری نیشتمانپەرسـتی دڵی کوڵیوە و بە خوێناوی چاو نووسیویەتی.

ژمارە ۴، ساڵی یەکەم، مانگی بانەمەڕ، مە ١٩٤٦:

- ل ١ شـاعری میلی بەناوبانگ حضرت ابولحسـن سـیف قازی (بە هۆی ٧٢مین ساڵی لەدایکبوونی): سید محمد حمیدی؛
- ل ١٨ و ١٩ بۆ جێژنی سیدان ٢٤/١١/٩ ـ شێواو [خالید حیسامی]؛

**«کــوا دوژمنانــی خوێنخــۆر؟ بــا بێنــە ســەیری بەزمــم**
**کوێرایــی چــاوی وانە شــادی و ســوبات و عەزمــم...»**

- ل ٢٠ جووتیاری بەمشـوور، شـێعری هەژار، لە جێژنی ١٨ سـاڵەی هوردووی سوور لە مەهاباد خوێندراوەتەوە:

**«بیست و هەشت ســاڵێ لەمەوبەر لێنین**
**کە بــە ســەد قــەدرەوە نێوی دێنیــن...»**

- ل ٢١ تیشکی سەربەستی وەدەرخست، شێعری محەممەد گڵۆلانی ـ عطری؛

**«تاکــو کەنگــێ مــن بناڵم بەو هەناســەی ســەردەوە؟**
**تاکــو کەنگــێ لێوبەبــاری بــەو دڵــەی پــڕدەردەوە؟»**

- ل ٢٢ دەکا پیرۆزی سەربەستی، محەممەد عطری گڵۆلانی

**«بەرت چەند خۆشە سەربەستی! ببی پیرۆز، چ دارێکی!»**

دەزانـم هەمـوو ژمارەکانـی گۆڤارەکـە دواتـر لـە سـلێمانی چاپکرانـەوە، بەڵام بەداخەوە من چاوم پێیان نەکەوتووە. تەنیا کتێبی «ڕۆژنامەوانیی کوردیی سـەدەمی کۆماری دێموکراتی کوردسـتان»ی دوکتۆر هیمدادی حوسـێنم بینیوە کە کۆپیی ئەو چوار ژمارەیەی سـەرەوە چاپکراوەتەوە و بەبێ ژمارە ٥ گەیشـتۆتە ژمارەی «٦ و

٧ پێکەوە» و ئیتر ژمارە ٨ ـ ٩شی نەگرتۆتەبەر.[١]

ژمارە ٦ ـ ٧ ساڵی یەکەم، پووشپەڕ و گەلاوێژی ١٣٢٥ [جوولای و ئۆگوستی ١٩٤٦]:

لاپەڕە ١١ شێعرێکی ئایینی م. ص. قزڵجی [قازی کاکەحەمە]:

**«یا رسول الله یاس خیر البشر! تکاکارەکەی مەیدانی مەحشەر!»**

لاپەڕە ٢٥ شێعرێکی خێروێژ:

**«بیستوومە لە فەزل و کەرەم و لوتفی خوداوە**

**ئیعلانی سەڵاحەت لە هەموو لایی دراوە»**

بە شوێنیدا سێ پارچە شێعری دیکە هاتوون کە ناوی شاعیری یەکەمیان نەنووسراوە، بەڵام لەبەروەی بە شوێنی شێعرەکەی خێروێژدا هاتووە دەبێ هی ئەو بێ. شێعری دووهەم و سێهەمیش لەسەریان نووسراوە «دیسان»، کە دەبێ هەر هی ئەو بن.

١. د. هیمداد حوسێن، «ڕۆژنامەوانیی کوردیی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣ تا ١٩٤٧»، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨، ١٠٢٣ لاپەڕە، کوردی.

## سێ گۆڤاری سەردەمی کۆماری کوردستان

**١. گۆڤاری ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتیی ئاوات**

تاقە یەک ژمارەی لە ٢٢ ئوکتۆبری ١٩٤٥دا لێدەرچووە، نەمر محەممەدی شاپەسندی لە مەهاباد دەریکردووە (بڕواننە بەشەکانی پێشتر).

گۆڤارەکە هیچ بابەتێکی پەیوەندیدار بە بۆکانی تێدا نییە.

**٢. گۆڤاری هاواری کورد**

وەک درێژەی گۆڤاری نیشتمان سەیر دەکرێ، تاقە یەک ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، کە ڕێکەوتی ڕەزبەری ١٣٢٤ (سپتامبر و ئوکتۆبری ١٩٤٥)ی بەسەرەوەیە.

لە لاپەڕەی ٧ ـ ٨دا وتارێک بەناوی «مەلا مەعرووف کۆکی» نووسراوە، کە ئەو شاعیرە ناودارە مەهابادییە بە حیسابی ڕەچەڵەک، دەگەڕێتەوە سەر گوندی کۆکە و شاری بۆکان. لە لاپەڕە ١٦ ـ ١٧ شدا شێعرێکی مامۆستا هەژار چاپ کراوە. سەرنووسەری گۆڤارەکە ڕوون نییە کێ بووە، بەڵام نەمر سەید محەممەدی حەمیدی دەستی لە دەرکردنیدا هەبووە.

**٣. گۆڤاری هاواری نیشتمان (بڵاوکەرەوەی بیری یەکییەتیی جەوانانی دێموکرات)**

سەرنووسەری گۆڤارەکە، نەمر «سدیق ئەنجیریئازەر» بووە. تاقە یەک ژمارەی لێدەرچووە کە ڕێکەوتی یەکی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (٢١ی مارسی ١٩٤٦)ی بەسەرەوەیە. لە لاپەڕەی ٣٢ تا ٣٥دا وتارێکی بەناوی «بێبەش کران لە حقووقی مەدەنی» تێدایە «سەعیدی هومایوون» نووسیویەتی کە دەبێ نەمر «سەعیدی هومایوون» خوشکەزای پێشەوا بێ.

هەر سێ گۆڤارەکان، لە کتێبی «ڕۆژنامەوانیی کوردیی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣ ـ ١٩٤٧» نووسینی د. هیمدادی حوسێندا چاپ کراونەتەوە: گۆڤاری ئاوات: لاپەڕە ٤١٧ تا ٤٣٩؛ هاواری کورد: لاپەڕە ٤٤١ تا ٤٧٤؛ هاواری نیشتمان: لاپەڕە ٦٦٧ تا ٧١١.[١]

١. د. هیمدادی حوسێن، «ڕۆژنامەوانیی کوردیی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان

## گۆڤاری هەڵاڵە

گۆڤـاری «هەڵاڵە» یەکەم چاپەمەنییەکـی دەورەیی‌یە لە بۆکان چاپ و بڵاوکرابێتەوە. گۆڤارەکە لە ســەردەمی کۆماری کوردســتان (١٩٤٦) لە چاپخانەیەک چاپ کراوە کە نەمر حەســەنی قزڵجی بەڕێوەی بردووە. شـوێنی چاپخانەکە، سـەر حەوزەگەورەی بۆکان و ڕووبەرووی «خوڕێنک» بووە، کە دواتر کرایە کارگەی قەندی نەمر حاجی قاسـمی کەریمی. نەمر هەژاری موکریانی یاریدەدەری قزڵجی بووە لە ئامادەکردنی هەڵاڵـەدا. یەکـەم ژمـارەی لـە ڕەشـەمەی ١٣٢٤ (١٩٤٦) و سـێهەم ژمـارەی، واتـە دواژمـارەی لـە بانەمـەڕی ١٣٢٥ (هەمـان ١٩٤٦)دا بڵاوکراوەتـەوە. کاک موحسـین قزڵجی لە کتێبی «سەرجەمی بەرهەمی حەسەنی قزڵجی»دا، دەقی هەر سێ ژمارەکەی بڵاوکردۆتەوە.

زۆرێک لە هەواڵ و بابەتەکان لە پەیوەندیی بۆکان‌دان و نووسەری بابەتەکانیش زۆریـان هـەر بۆکانیـن. لـە ژمـارەی یەکەمـی هەڵاڵـەدا، هەواڵـی هەڵکرانـی ئـاڵای کوردستان لەسەر قەڵای سەرداری بۆکان ڕاگەیەندراوە. ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵا، هەینی ١٣٢٤/١٠/٧ [١٩٤٥/١٢/٢٨]ه. هەر لەو شوێنەدا دوو پارچە شێعر بڵاوبوونەتەوە، کە نەمران سـەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) و عەباسـی حەقیقی لە ڕێوڕەسـمی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە بۆکان‌دا خوێندوویانەتەوە و من لێرەدا دەیانهێنمەوە. لە کۆتایی شـێعری یەکەم‌دا ناسـناوی «زرنگ» هاتووە کە بریتیە لە ناوی نهێنیی جەنابی سـەید کامیل لە کۆمەڵەی «ژ. ک»دا:

شێعری ئاغای سەید کامیل

لــە هەموو کــوردی وڵات بــێ پیرۆز | خاســە بۆ وانــە لەگەڵ مەن دڵســۆز
بــۆ ئەوانــەی کــە بــە پێشــواز هاتن | فیرقەیــی پیادە و چەند ســواری قۆز
هەر بژیــن میللەتی کــوردی بە ئەبەد | هــەر بە شــان هەڵگرن ئــاڵای فیرۆز
دوژمنی کوردی هەڵات بۆی دەرچوو | ڕێویــە و کلکی ئەوا گــرت لە گەڵۆز

١٩٤٣ ـ ١٩٤٧»، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٠٢٣ لاپەڕە، کوردی.

**بەسە ژێردەستی و حیزی، تا کەی    ئێمە نۆکەر بین، ئەوان لێدەن پۆز؟**
**نەتەوی خۆ لە هەموو جێ دەرکەن!    تەقڵەکوت حەملە بەرن، بیکەنە تۆز!**
**هەر بە شاباڵی هومای ئاڵای خۆ    لەشکری دوژمنی خۆ کەن ئاڵۆز**
**تانگ و ماشێن و زرێی لێبگرن    با لەکۆڵ بێتەوە سواری کەرەبۆز**
**وا «زرنگ» بانگوو دەکا: ئاڵاتان    لە هەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز!**

شێعری ئاغای حەقیقی

**هاتەدەر ڕۆژ لە بورجی مینارەنگ    لاچوو تاریکی، تێپەڕی شەوەزەنگ**
**گوڵی شادی لە باغی ئازادی    هاتەدەر زۆر بە ناز و عیشوە و ڕەنگ**
**بولبولی نیشتمانی کوردستان    دەچریکێنێ بۆی بە سەد ئاهەنگ**
**کوڕەکانی دە ڕەقس و شادیدان    جێژنەیانە کچانی شۆخ و شەنگ**
**دەنگی مووزیک و پێی پیادەنیزام    زلزەلەی خستە خەیمەیی ئەوڕەنگ**
**ڕۆژی فەتح و زەفەر هەڵات ئەوجار    حەمدی لیللا تەواو بوو ڕۆژی تەنگ**
**دەستی چابوکسواری خوشبەختی    دایکوتا داری بەیرەقی سێ ڕەنگ**
**دارێکی دا بە ڕوحی دوژمندا    بەردی نا سەر، سەریشی نا بن سەنگ**
**هاتفێ یا فریشتەی ئیقباڵ    ئەو قسەم پێدەڵێ بە قاو و دەنگ:**
**بڵێ بەو کوردەکانی غیرەتمەند    شێری مەیدان، پڵنگی ڕۆژی جەنگ،**
**لاوەکانوو لە ڕێی وەتەنداری    بە فیدا کەن، مەیەننە سەر خۆ نەنگ!**
**حافزی نیشتمان و ئاڵا بن    مەپرینگێنەوە لە تۆپ و تفەنگ**

## دیسان گۆڤاری هەڵاڵە

پێشــتر باســی گۆڤــاری هەڵاڵــەم کــردوە و ناســاندوومە. ئێســتا لەبــەر ڕووناکایــی کتێبەکەی د. هیمدادی حوسێن، جارێکی تر بەوردی بە ژمارەکانی گۆڤاری هەڵاڵەدا دەچمــەوە. جگــە لەوەی گۆڤارەکە خــۆی لە بۆکان دەرچووە و سەرنووســەرەکەی، شــەهید حەســەنی قزڵجــی، بۆکانییــە، ئەم بابەتانەی نێویشــی هەرکام بە شــێوەیەک بۆکان دەگرنەوە:

ژمارە ١، ڕەشەمەی ١٣٢٤/ ١٩٤٦:

- هەڵاڵە نووسینی ع. هەژار؛
- دوو دەنگ ئێستاش گوێی سووک دەزرینگێننەوە، نووسینی «ح. قزڵجی» [دەبی حەسەنی قزڵجی بێ]؛
- بە شەرعی ئیسلام کوردستان هی خۆمانە، نووسینی م. ص قزڵجی [محەممەدسادق (قازی کاکەحەمەی قزڵجی)]؛
- شێعری هەژار لە ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد: «نیشتمانی خۆشەویست شەوگاری ڕەش نەیما ئەسەر...»؛
- پیرۆز بێ جێژنی بیست و هەشتەمی هێزی سوور، ح. قزڵجی؛
- هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردســتان لە شــاری بۆکان، شــێعری ئاغای ســەید کامیل، شێعری ئاغای حەقیقی، شێعری قانع؛
- چاکە، لە فارسییەوە وەرگێڕدراوە، ح، قزڵجی؛
- کرانەوەی پۆلی شەوانەی خوێندن، حەسەن مودەرریسی سەرۆکی فەرهەنگی بۆکان؛
- ئــەو ئاغایانــەی خــوارەوە یارمەتییــان بــە هەڵاڵــە کــردووە: حەمەدەمینئاغای ئێلخانــیزادە ٢٠٠ تمــەن، ســەید عەزیــز ســەیادەت (کــوڕی جەنابــی حاجــی بابەشێخ)١٠٠ تمەن، برایمئاغا ئێلخانیزادە ١٠٠ تمەن، سەلیمئاغا ئێلخانیزادە ١٠٠ تمەن و ســەید عەلی هاشــمی ([عەلیشــا] کوڕی جەنابی سەیدی زەنبیل)

٥٠ تمەن؛

- نێونیشـانی هەڵاڵە: بۆکان - کومیتەی مەحەللی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان، لکی بۆکان؛

- مودیری ئیدارە: حەسەن قزڵجی

ژمارە ٢، خاکەلێوەی ١٣٢٥/ ١٩٤٦:

- سەفەری دەریا، ح. قزڵجی؛

- هەڵاڵە و بەهار، شێعری ئیمامی [سەید کامیل (ئاوات)]؛

- خەوێکی خۆش، ئەبووبەکر ئێلخانیزادە؛

- گەزی چی و جاوی چی؟ هەژار (پەخشانی سیاسی)؛

- خێوی گوڵ و وەنەوشە، هەژار (شێعر)؛

- گوڵاڵەسوورە (پەخشان)، ح. قزڵجی؛

- ئەلف‌وبێ کلیلی دەرکی بەهەشـتە، حەسـەن مودەرریسـی سەرۆکی فەرهەنگی بۆکان؛

- تازە بوو ساڵ (شێعر)، حەقیقی؛

ژمارە ٣، بانەمەڕی ١٣٢٥/ ١٩٤٦:

- کوردستانی ئەمڕۆ، پەیمانی کورد و ئازەربایجان، ح. قزڵجی؛

- بۆ خۆشەویستم، (پەخشانی ئەدەبی)، ح. قزڵجی؛

- تازە بۆوە ساڵ (پاشماوەی شێعری ژمارەی پێشوو)، حەقیقی؛

- شاعیری میللی و بەناوبانگی کورد، هەژار، ح. قزڵجی؛

- کورد و ئازەربایجان (شێعر)، هەژار؛

- هەی لێفەشڕە (شێعر)، هەژار؛

- جێژنی نەسبی تابلۆی مەدرەسەی بۆکان؛

بۆ دەقی چاپکراوی دووبارەی هەر سێ ژمارەی گۆڤارەکە، بڕواننە:

د. هیمـدادی حوسـێن، «ڕۆژنامەوانیـی کوردیی سـەردەمی کۆمـاری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣ - ١٩٤٧»، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٠٢٣ لاپەڕە، کوردی.

## گڕوگاڵی منداڵانی کورد

گـروگاڵ یەکـەم گۆڤـاری تایبـەت بـە منداڵانـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، کـە لـە سـەردەمی کۆماری کوردسـتان‌دا (١٩٤٦) لە مەهاباد و بە سەرپەرشـتیی نەمر مەلا قادر مودەڕریسی بڵاوکراوەتەوە. سەرجەم سێ ژمارەی لێ‌دەرچووە.

بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکان و دانیشتووانی بۆکان تێیدا بەو شێوەیەیە:

ژمارە ١، بانەمەڕی ١٣٢٥/ ١٩٤٦:

- قەڵەم (شێعر)، هەژار، شاعیری میللی.

ژمارە ٢، جۆزەردانی ١٣٢٥/ ١٩٤٦:

- «ئـازاد، حەبسـی»، ئاسـاری تاگـوور شـاعیر و فەیلەسـووفی هینـد، ئیقتباسـی محەممەد عەتری گلۆلانی [مامۆستا محەممەدی نووری]؛

- کوڕە شوانی ڕەشید، م. ص. قزڵجی [قازی کاکەحەمەی بۆکان].

ژمارە ٣، پووشپەڕی ١٣٢٥/ ١٩٤٦؛ هیچ بابەتێکی لە پەیوەندی بۆکان‌دا تێدا نییە.

گۆڤارەکە هەنگاوێکی گەلێک سەرەتاییە بۆ بەرهەمی پەیوەندیدار بە منداڵانەوە، گەرچـی فـەزای گشـتیی نێـو گۆڤـار و بابەتەکانـی، فەزای گەورەسـاڵانە. هەر سـێ ژمـارەی گڕوگاڵـی منـداڵان لە کتێبـی «ڕۆژنامەوانی کوردی» نووسـینی د. هیمدادی حوسێن‌دا چاپ کراونەتەوە. لاپەڕە ٨١٥ تا ٨٩٨.[1]

---

١. د. هیمدادی حوسـێن، «ڕۆژنامەوانیی کوردی سـەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣ ـ ١٩٤٧»، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٠٢٣ لاپەڕە، کوردی.

## ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی تاران

لە نێوان ساڵانی ١٣٣٨ ـ ١٣٤٣ (١٩٥٩ ـ ١٩٦٤)دا ڕۆژنامەیەک بەناوی «کوردستان» لە تاران دەردەچوو، کە چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ڕژیمی شا و دەزگای ساواکی بە سەرەوە بوو، بەڵام بەشێکی زۆر لە کارگێڕانی ڕۆژنامەکە خەڵکانی خەمخۆر و دڵسۆزی کورد بوون. گەلێک نووسراوە و شاعیری کورد و یەک لەوان مامۆستا هێمن، کاک سوارە و کاک فاتح شێخولئیسلامی بابەتیان بۆ ڕۆژنامەکە دەنارد و زۆر کەس، یەک لەوان من، کوردیی‌نووسین لەو ڕۆژنامەیەوە فێر بوون.

لە ژمارەی جیاجیای «کوردستان»دا بابەتی وا هەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆکان دەگرنەوە. بۆ نموونە، کاک ئیبراهیم ئەفخەمی وتارێکی بەناوی «مەلا مارفی کۆکەیی بۆکانی» لە ژمارە ١٨٢ و ١٩٨دا بڵاوکردۆتەوە. «ئازاد» کە دوور نییە کاک سەلاحی موهتەدی بێ لە ژمارە ١٩٧، ئیبراهیم ئەفخەمی لە ژمارە ١٦٤، ١٦٨، ١٧٢، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢ و ١٨٧ دا، عومەر سوڵتانی (وەفا) لە ژمارە ١٧٤، ١٧٥، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٩٣ و ١٩٥ی ڕۆژنامەکەدا شێعریان بڵاوکردۆتەوە؛ ژمارە ١٨٤ و ١٩٥ دوو پارچە شێعری «مەلا سەعیدی حافیدی»یان تێدایە کە لە کرماشانەوە بۆی ناردوون. حافیدی لە ڕاستیدا مەلا سەعیدی قزڵجی برازای قازی کاکەحەمەی بۆکانە؛ ژمارە ٢٠٩ شێعرێکی میسباحوددیوانی ئەدەبی تێدا چاپ کراوە.

بەداخەوە، من دەستم بە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ڕاناگا و تەنیا ١١٢ نوسخەیم لە بەردەستدایە کە هی ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ن. بە پێداچوونەوەی هەموو ژمارەکان گەلێک بابەتی دیکە لەمەڕ بۆکان دەدۆزرێنەوە. هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە (١ تا ٢٠٩) لە ساڵی ٢٠١٢ و لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر، لەلایەن بنکەی ژینەوە لە سلێمانی بە هەمان قەبارە و ئەندازەی خۆی لە چوار بەرگیدا چاپی دووبارە کراونەتەوە:

ڕۆژنامەی کوردستان، خاوەن ئیمتیاز: عبدالحمید بدیع‌الزمانی، سەرنووسەر:

محمدصدیق مفتی‌زاده، شوێنی ئیداره: تاران، خیابان چراغ برق، چاپخانه اختر شمال.[١]

١. ڕۆژنامەی کوردستان تاران، چاپی دووهەم، پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و ئەکادیمیای کوردی، ئامادەکردنی بنکەی ژین لە سلێمانی، ساڵی ٢٠١٢ بەرگی ١ ـ ۴.

## چاپەمەنیی دەورەیی بە فارسی

### ڕۆژنامەی کوهستان[١]

ئەم ڕۆژنامە دووهەفتانە بووە و بە زمانی فارسی لە تاران دەرچووە. سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان بووە، کە لە ساڵانی برەوسەندنی هەستی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیجازەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی وەرگرت.

لە ڕاستیدا باڵی کەمتر شەڕخوازی نێو حکوومەتی ئێران، بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاریی کردنی ناسیۆنالیستە کوردەکان لە مەهاباد و موکریان و بەرهەڵست دانان لە بەرانبەر بانگەشەی سەربەخۆییخوازی لە ناوچەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، ئیجازەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیەی دابوو و ڕۆژنامەکە وەک هێزێکی سێهەم لە نێوان کۆماری کوردستان و دەوڵەتی ئێران دەوری دەبینی.

«کوهستان» دژایەتیی سپای ئێران و کوشتوبڕی کوردستانی دەکرد و ڕەخنەی لە دامودەزگا سپاییەکان و گەورە ئەفسەرانی ئێرانی دەگرت. هەر بەوەش ببووە جێگەی پەسندی زۆر کەس تەنانەت لە موکریان. لاپەڕەکانی «کوهستان» دارماڵی گازندە و ڕاگەیاندن دژ بە کردەوەی سپا و مەئموورانی حکوومەت لە کوردستانە هەر بۆیەش گەلێک لە خەڵکانی ناوداری کورد بابەت و شێعر و نامەیان بۆ ناردووە. بەشێک لە شێعر و بابەتەکان بە کوردینووسراون.

بەداخەوە ئێستا من تەنیا کۆپیی ٤٧ ژمارەی ساڵی یەکەمی «کوهستان»م لە بەردەستدایە کە لە نێوان ١٣٢٣/١٢/٧ و ١٣٢٤/١٢/١٦دا بڵاوبوونەتەوە. ئەم ژمارانە گەلێک بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکانیان تێدا دەبیندرێ؛ لەوانە، بابەتی زمانەوانی و مشتومڕی حەسەنی قزڵجییە، هەروەها شێعرێکی عەباسی حەقیقی،

١. ڕۆژنامەی «کوهستان»، چاپی تاران، ژمارە ٣٠، ساڵی یەکەم، دووشەممە ٢٣ی میهری ١٣٢٤/ ١٩٤٥/١٠/١٥.

نامـەی پیرۆزبایـی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لەلایەن سـەعیدی هومایوون، تەرجەمەی کـوردی هـەژار لـە شـێعرێکی پەرویـن ئیعتیسـامی و نامەیەکـی حەمەدەمینئاغـای ئێلخانیزادە. شێعرەکەی مامۆستا هەژار لە کتێبی بۆ کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، بەڵام نامەکـەی ئێلخانیزادە خاوەنی گرنگایەتیی سیاسـییە و بـەو بۆنەوەیە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

ـ نامەی حەمەدەمینئاغا ئێلخانیزادە

بەدرۆخستنەوە

[ڕۆژنامـەی] اطلاعـات، نوسـخە بـۆ [ڕۆژنامەی] «کوهسـتان»، نوسـخە بۆ [ڕۆژنامەی] قیام ایران.

هەواڵێـک کـە لەژێـر سـەردێری «چـوون بـۆ باکـۆ»دا چـاپ کرا و وشـەی «ئێلخانیزادە»ی تێدا نووسـرا، بووە مایەی سەرسـوڕیی زۆر، لەبەروەی هیچ عەقڵێکی سـالم و مەنتیقێکی ڕاسـت کردەوەی ئەوتۆ بۆ بنەماڵەی ئێمە بەو پێشـینە دوورودرێژەی وەتەنپەرەسـتییەوە ئیجـازە نادا. من بەتوندی ئـەو مەسـەلەیە بـەدرۆ دەخەمـەوە و داوای چـاپ کردنـی ئـەم تێلگرافە و ساغکردنەوەی ئەو هەڵەیە دەکەم.

٢٤/٧/١٨ [١٣] [١٩٤٥/١٠/٩]

محەممەدئەمین ئێلخانیزادە

ڕوونکردنەوە: نەمر حەمەدەمینئاغای ئێلخانیزادە، کوڕی مەحموودئاغا و برای عەبدوڵڵائاغای ئێلخانیزادە لە ئاغاواتی بۆکان بوو. ناوبراو لە عەینی ئەوەدا کە برایەکی، واتە سمایلئاغای ئێلخانیزادە وەزیری ڕێگاوبانی کابینەی پێشەوا قازی محەممەد و ئامۆزاکـەی، واتـە حاجـی ڕەحمانئاغـای ئێلخانـیزادە (پاشـان موهتـەدی) وەزیری ڕاوێژکاری پێشەوا بوون، خۆی هەڵوێستێکی دژ بە کۆماری کوردستانی هەبوو.

## ڕۆژنامەی کوهستان (چاپی تازە ١/٢)

(بەشی یەکەم،[١] لە ژمارە ١ەوە تا ٤٧)

بەختەوەرانـە لە سـاڵی ٢٠١٠ هەموو ٨٤ ژمارەی ئـەو ڕۆژنامەیە لە بەرگێکدا چاپ کرانـەوە، منیـش دەرەتانـی ئەوەم پەیدا کرد کە پێیاندا بچمەوە و بابەتی سـەبارەت بە بۆکانیان تێدا دەسنیشان بکەم. دەسخۆشیی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی وا گۆڤارەکەیان چاپ کردەوە.

ڕۆژنامـەی «کوهسـتان» بـە سەرنووسـەریی دوکتـۆر ئیسـماعیل ئـەردەڵان لـە تاران دەردەچوو و لە بنەڕەتدا موافقەی دەوڵەتی لەسـەر بوو بە ئامانجی ئەوەی بەرەیـەک لـە بەرانبەر بەرەی کۆماریخواز لە مەهابـاد و موکریان بکەنەوە و زەینی ئەوخەڵکانە بەرەو خۆیان ڕابکێشن کە پێیان لەسەر ئێرانی بوون دادەگرت و لەگەڵ سـەربەخۆیی و حکوومەتـی نەتەوایەتـی کـورددا هاودەنـگ نەبـوون. سـەروتاری ژمارەی یەکەم و ڕاگەیاندنی بەرپرسـانی ڕۆژنامەکە لە لاپەڕە ٨ی هەمان ژمارەدا، ئەو هێڵە فکرییە بەباشـی دەردەخا. دیارە ئەوە خواسـتی دەوڵەت بوو، دەنا دوکتۆر ئەردەڵان خۆی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو و تەنانەت دەگوترێ لە قۆناغی پێشتردا ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک»یش بووبێ. ڕۆژنامەکە لە شەوەزەنگی ئەو ساڵانەی دوای حوکمـی ڕەزاشـادا سـەرەتا وەک چرایەک خۆی نواند کە پەپوولـەی کوردی ئازادە لە هەموو بەشـەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانی بەدەورەوە کۆببوونەوە و لە ئاوێنەی ڕۆژنامەکەدا وەدیهاتنی ئازادی و سەربەستی گەلی کوردیان دەدیت.

بـەڵام بـە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردسـتان لە مەهابـاد، ئیتر زۆربەی کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لـە «کوهسـتان» تەریک کەوتنەوە و وەک لە بابـەت و هەواڵەکانی دەردەکەوێ، ئیتر ڕۆژنامەکە بەگشتی بە ڕووداوەکانی خۆی گوتەنی «جنوب کردستان» (سەقز و سنە

---

١. باسی ڕۆژنامەی «کوهستان» پیشتر لە بەشی ١٧٠ی ئەم زنجیرەوتارەشدا کراوە.

تا کرماشان و ئیلام)ەوە خەریک بوو تا «شمال کردستان» (کە بە حیسابی ئەوان لە بۆکان بەرەو باکوور بێ تا ماکۆ).

ڕۆژنامــەی «کوهســتان» لە بــاری تاکەکەســییەوە بۆمن شــوێنێکی تایبەتی هەیە. یەکــەم جارێــک کــە بانــگ کرامە ســاواک، بەهــۆی خوێندنــەوەی چەند نوســخە لەو ڕۆژنامەیە بوو، کە لە هاوینی ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣)دا لە نەمر مەلا هادی ئەفخەمزادەم بە ئەمانەت وەرگرتبوو و جاشــە کوردێک ڕاپۆرتی مەســەلەکەی بە ســاواکی سەقز ڕاگەیاندبوو.

هــەر چۆنێــک بــێ، لێــرەدا هەمــوو ئــەو بابەتانــە دەخەمــە بەرچاو کە ســەبارەت بــە بــۆکان یا لەلایــەن خەڵکی بۆکانەوە بــۆ ڕۆژنامەکە نێــردراون و لەوێدا چاپ و بڵاوکراونەتــەوە گەرچــی وا هەیــە هەندێــک بابەتیشــم بەرچاو نەکەوتبــێ. یەک خاڵ هەیە بیڵێم: لەو ساڵانەدا هەواڵنێر واتە «خبرنگار»ی ڕۆژنامەکە لە شاری سەقز، نەمر «محمدامین هوشــمند»ی پــووررزام بووە. کاکەحەمەدەمین لەلایــەن دایکەوە بۆکانییە، واتــە کــوڕی پــووره هاجەرمە، کە کچی حاجی برایمی محەممەدیان بوو و لە ســەقز مێــردی بــە میرزا حەمەڕەســووڵی هووشــمەند کردبــوو. کاکەحەمەدەمیــن لە عەینی کاتدا نووســەر و چیرۆکنــووس و وتارنووســی «کوهســتان» بــوو و گەلێک بابەتی ئەو، چ بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە و چ لەژێر ناوی «م. بیهوش»ەوە لە وێدا چاپ کراون. من لەو لیستەیەدا کە لە خوارەوە دەیبینن، بابەتەکانی ئەویشم هێناوە.

لەبەر دووورودرێژیی ســەرجەم بابەتەکە، دەیکەم بە دوو بەشــەوە. ئەوەی لێرەدا دەکەوێتــە بــەر چــاوی خوێنــەر، بەشــی یەکەمیەتــی کــە بابەتەکانــی ســاڵی یەکەمی ڕۆژنامەکە (١ تا ٤٧)ی گرتۆتەبەر. بەشــی دووهەم، ســەبارەت بە ژمارەکانی ســاڵی دووهەمی ڕۆژنامەکە دەبێ واتە لە ژمارە ٤٨ تا ٨٤.

یەکــەم ژمــارەی «کوهســتان» لــە ١٣٢٣/١٢/٧ (١٩٤٥/٢/٢٦) و ژمــارە ٤٧ی لــە ١٣٢٤/١١/٢٩ (١٩٤٦/٢/١٨) دەرچووە.

ئاماژەکانــی مــن لــە خوارەوە بــە ژمارەی لاپــەڕەی ئەم چاپە تازەیــە و ژمارەی زنجیرەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەشــم لە کۆتایی ڕســتەکاندا خســتۆتە نێو کەوانەوە

بـۆ نموونـە، ٩٢ (١٢)، واتـە لاپەڕە ٩٢ی چاپی تازە کـە بیچمی کتێبی هەیە و ١٢یش ژمارەی زنجیرەی دەرچوونی ئەسڵی ڕۆژنامەکەیە:

| ژمارەی لاپەڕە | بابەت | ژمارەی ڕۆژنامە |
|---|---|---|
| ٥، ١٢، ٢٦، ٣٨ و ٤٨ | هێرش کردنی خەڵک بۆ سەر شارەبانی مەهاباد و پەیوەندیدرانی مەسەلەکە بە عەزیزخانی یاسیکەند (کرمانج)ەوە؛ | ١ - ٧ |
| ٤١ | وتاری «سیاسەت» نووسینی احمد ترجانیزادە | ٦ |
| ٨٧ | تێلگرافی پیرۆزبایی محمدامین ایلخانیزادە بە بۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەوە | ١١ |
| ٩٢ | شـێعری «دڵـی دایـک»ی ئیرەجمیـرزا کـە هـەژار کردوویەتـە کوردی و سـدیق حەیدەری، هەواڵنێـری ڕۆژنامەکە لە مەهاباد، بۆ «کوهستان»ی ناردووە. | ١٢ |
| ٩٥، ١٠٣، ١١٠، ١١١، ١١٦، ١١٩، ١٢٧، ١٤٣ | نامـەی پیرۆزبایـی ئـەم کەسـانە بـە بۆنـەی دەرچوونـی ڕۆژنامەکـەوە: بایزیـد ایلخانـیزادە، ابوبکر ایلخانیزادە، حسـن قزلجی، عزیز عباسـی، عمر عباسـی، سـعید همایون (از بوکان)، ملا احمد وحیدی، اسماعیل فرخی، ٨ نفر از خانوادە قهرمانی و دهبوکری و عبدالله نیرومند | ١٣ تا ١٨ |
| ١٤٥ | وتاری «عبدالرحمن شـرفکندی» سەبارەت بە «ادبیات کردی»، لە بۆکانەوە | ١٩ |
| ١٥١ | نامەی حسن قزلجی، بوکان | ١٩ |
| ١٥٩ | نامەی پیرۆزبایی سـعید همایون و محمد شـکرچی لە بۆکانەوە بە بۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە | ٢٠ |
| ١٦٢ | سـێ هـەواڵ لـە بۆکانـەوە: هەرزانیـی گەنم لـە بـۆکان و گران بوونی لە تەورێز | ٢١ |
| ١٦٣ | وتـاری حسـن قزلجی لە بۆکانەوە: «در اطـراف مقالە «تاریخچە نگارش بزبان کردی» | ٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١۶۴ | نامەی سێ ژن له بۆکانەوه داکۆکی کردن له ڕۆژنامەکه و هێرش کردنه سەر نەیارەکانی (شرافت غفوری، نصرت کریمی و حبیبه رسولی)[1] | ٢١ |
| ١۶٥ | شێعری کوردی هەژار «در مدح نامه کوهستان» | ٢١ |
| ١٧٠ | هەواڵی درەنگ گەیشتنی ئەم ژمارەیەی «کوهستان» له بۆکان و... | ٢٢ |
| ١٧٣ | شێعرێکی وەفایی، اسمعیل فرخی بۆی ناردووه | ٢٢ |
| ١٨٣ | نامەی پیرۆزبایی علی حسنیانی (قازڵیان) به بۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامەکه | ٢٣ |
| ٢٠٢ | تێلگرافی «جناب سید زنبیل» له پەسندی سەرهەنگ صارمی فەرماندەی تیپی سەقز | ٢۶ |
| ٢٠٥ | شێعرێکی عەلیبەگی حەیدەری (سالارسەعید) | ٢۶ |
| ٢١۴ | «اشکی بر مزار ناکامی» وتارێکی محمدامین هوشمند سەبارەت به قەبری بابا طاهر همدانی | ٢٧ |
| ٢١۴ و ٢١٩ | چەند پەندی پێشینییانی کوردی ابوبکر ایلخانیزاده ناردوونی | ٢٧ و ٢١٨ |
| ٢٢٠ | ح. ق. له بۆکانەوه (دەبێ حەسەن قزڵجی بێ) شێعرێکی تاهیربەگی جافی بۆ ناردووه | ٢٨ |
| ٢٢٣ | محمد توفیق[2] له بۆکانەوه نامەی نووسی و باسی کەسێکی کردووه که دەبێ مەئمووری حکوومەت بووبێ | ٢٨ |
| ٢٢٥، ٢٣٥، ٢٣٩، ٢۴٢، ٢٥٠، ٢٥۶ | هەوڵ و باسوخواس و بەدرۆخستنەوەی سەفەری دووهەمی ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ لەلایەن محمد قازی، عەلی عەلیار، قاسم ئێلخانیزاده، محمدامین ایلخانیزاده و چەند کەسی دیکەوه. | ٢٩-٣٢ |
| ٢٣٠ | محمدامین هوشمند شێعری مصباح (ادب)ی بۆ ناردووه | ٢٩ |
| ٢٣۴ | وتارێکی محمدامین هوشمند | ٣٠ |


١. ئەو خانمانه کێن؟ تۆ بڵێی خوێنەرانی بەڕێز نەتوانن زانیارییەکمان بدەنێ؟
٢. محەممەد تۆفیق کێیه؟ نازانم!

| | | |
|---|---|---|
| ۲۳۹ | هەواڵ سەبارەت بە وتاردانی سەرتیپ هومایوونی لە سەقز، «هوشمەند» بۆی ناردوون | ۳۰ |
| ۲۶۱ | شێعری [عەباس] «حەقیقی» مستەفا نەژادی لە مەهابادەوە بۆی ناردوون | ۳۳ |
| ۲۶۷ | ح. ق. لە بۆکانەوە [دەبێ حەسەن قزڵجی بێ] شێعرێکی مەحوی بۆ ناردوون | ۳۴ |
| ۳۰۲ | وتاری هوشمەند بۆ ناساندنی سەقز | ۳۸ |
| ۳۰۶ | تسلیم پادگانهای آذربایجان به دمکراتها | ۳۹ |
| ۳۰۸ | موشکیلەی تووتن لە مەهاباد | ۳۹ |
| ۳۰۹ | پەندی پێشینییان، هوشمەند لە سەقزەوە بۆی ناردوون | ۳۹ |
| ۳۱۴ | سقوط پادگان رضائیه | ۴۰ |
| ۳۳۵ و ۴۲۳ و ۵۱۱ | سکاڵای عەلیئاغای جەوانمەردی لە دەست مەئموورانی دەوڵەت و ئازاد بوونی | ۴۲ و ۵۳ |
| ۳۴۱ | وەرگێڕاوی کوردیی هەژار لە شێعرێکی پروین اعتصامی کە خۆی بۆی ناردوون | ۴۳ |
| ۳۶۴ | هەواڵ: شێخ عەبدوڕڕەحیم شەمسەددینی و برایمئاغا، ڕەشیدئاغا، حوسێنئاغا و سلێمان عەلیار ئەندامییەتیی حیزبی دێموکراتیان وەرگرتووە | ۴۶ |
| ۳۶۶ | نوێنەری ڕۆژنامەکە لە سولدوز، بۆکان و شنۆ، «سدیق حەیدەری»یە لە مەهاباد | ۴۶ |
| ۳۷۳ | شێعرێکی سالار [عەلیبەگی حەیدەری]، لە گۆڤاری گەلاوێژ وەرگیراوە | ۴۷ |

## ڕۆژنامەی کوهستان (چاپی تازە ۲/۲)[1]

(بەشی دووهەم، ساڵی دووهەم، لە ژمارە ۴۸ تا ۸۴)

ئـەوە بەشـی دووهـەم و کۆتایـی کارەکـەی منـە لەسـەر ڕۆژنامەی «کوهسـتان» و بابەتەکانـی سـەبارەت بە بۆکان و سـەقز و بەگشـتی ناوچەکە لە سـاڵی دووهەمی دەرچوونی‌دا، کە دوایین ساڵیشە و بەشوێنی‌دا هەر بەگشتی وەستێنرا.

لـە سـاڵی دووهەمی دەرچوونـی ڕۆژنامەکەدا، خەڵکانێکی کەمتـر لە موکریانەوە هاوکاریـی ڕۆژنامەکەیـان کـردووە و بابەتـەکان زیاتـر ناوچـەی سـەقز و سـنە و باشـوورتر دەگرنە بەر، بەڵام هەواڵی سیاسـیی «کوردستان شمالی»، واتە موکریان، لە هەموو ژمارەکان‌دا بەرچاو دەکەون. وا هەیە هۆکاری مەسەلەکە ئەم ڕاستییە بێ کە لەو ماوەیەدا ئیتر چاپەمەنییەکی زۆری کوردی لە مەهاباد و هەروەها لە بۆکان دەردەچـوون و خەڵکەکـە چاویان لە ڕۆژنامەیەکی چاپی تاران نەبوو کە بە فارسـی دەنووسرا و هێڵی سیاسیشی هاوتەریبی کۆمار و سەربەخۆیی کوردستان نەبوو. لە ڕاستی‌دا نییەتی سەرنووسەری «کوهستان» هەرچییەک بووبێ، ئامانجی حکوومەتی ئێران بۆ ئیجازە دان بە دەرچوونی، بەرپەرچدانەوەی کاری کۆمار و ڕێبەرەکانی و حیزبی دێموکرات بوو. گەرچی سەرنووسـەر و نووسەرانی بابەتەکان هەندێک جار ئەو سنوورەیان تێپەڕ دەکرد، بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە نەگۆڕ مایەوە و هەر بۆیەش دەبینیـن دوای ماوەیـەک، کۆماریخـوازان و سـەربەخۆییخوازانی کورد لە ناوچەی موکریـان لێـی دوور کەوتنـەوە و دەوروبـەری ڕۆژنامەکـە ئەو کەسـانە گرتیان کە خەڵکی ناوچەکانی بن دەسـتی ئێران، واتە سـەقز و سـنە بوون و داوخوازییەکانیان زیاتـر لـە چوارچێـوەی گۆڕانـی سـەرۆکی ئیدارەیـەک و لابردنـی زوڵـم و زۆری ئەفسەر و ئەمیرێکی ئەرتەش بەولاوەتر نەدەچوو.

---

۱. نامە هفتگی «کوهستان»، شمارە ۸۴ ۱ (۱۷ اسفند ۱۳۲۳ ـ ۱۲ اسفند ۱۳۲۵، بەکوشش صدیق صالح و رفیق صالح، مقدمە د. عبدالله مردوخ، مؤسسـە ژین، سـلیمانی ۲۰۱۰، ۶۷۴ صفحە قطع بزرگ.

ژمـارە ٤٨ی «کوهسـتان» لـە ١٢/١٦ ١٣٢٤ (١٣٤٧/٣/٧) و ژمـارە ٤٧ی لـە ١٣٢٥/١١٢/١٢ (١٩٤٧/٣/٣) دەرچووە.

لـەم بەشـەش‌دا پێویسـتە بگوتـرێ کـە ئاماژەکانـی من وەک بەشـی پێشـوو، بە ژمارەی لاپەڕەی ئەم چاپە تازەیەیە و ژمارەی زنجیرەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەشم لە کۆتایی ڕستەکان‌دا خستۆتە ناو کەوانەوە بۆ نموونە، ٣٧٩ (٤٨) واتە لاپەڕە ٣٧٩ی چاپـی تـازە کە بیچمی کتێبی هەیـە و ٤٨یش ژمارەی زنجیرەی دەرچوونی ئەسـڵی ڕۆژنامەکەیە:

| ژمارەی لاپەڕە | بابەت | ژمارەی ڕۆژنامە |
|---|---|---|
| ٣٧٩ | هەواڵێک سەبارەت بە بەخشینی ٥٠ هەزار ڕیال لەلایەن شاوە بۆ کاری خێرخوازی لە سەقز، هوشمەند ناردوویەتی | ٤٨ |
| ٤٠٠ | وتاری «اولین پایه اصلاحات در کردسـتان» م. بیهوش [محمد امین هوشمند] ناردوویەتی | ٥٠ |
| ٤٠٣ | هەواڵێک سـەبارەت بە «سـهم ارباب و رعیت» وەک سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی کە لە ناوچەی ئێمەش‌دا ڕەنگی دابۆوە و لە درێژەی خۆی‌دا لە ساڵی ١٣٣٢ بەگشتی تەقییەوە | ٥١ |
| ٤١٩ | اعلامیه دولت قوام راجع به آذربایجان | ٥٣ |
| ٤٢٥ | جنگ در کردستان، حمله قوای دولتی به مهاباد از سردشت و سقز | ٥٤ |
| ٤٢٨ | قرارداد میان آذربایجان و کردستان شمالی | ٥٤ |
| ٤٣٢ | قطعنامه حیزب ڕزگاری کرد | ٥٤ |
| ٤٤٠ | چـوار تێلگـراف لەلایەن خەڵکـی مەهاباد و کومیتـەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ قەوام | ٥٥ |
| ٤٧٤ | موافقتنامه دولت و آذربایجان | ٦٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٨٩ | تێلگرافی «بیش از ٩٠ نفر از روشنفکران کردستان (شهرستان سسندج)» بۆ ئەوەی وەک «برایانی شمالیی خۆیان» لە گۆڕانکارییە دێموکراتیکەکانی ئەم دواییە کەڵک وەربگرن [واتە ئەو ناوچەیەش هەمان ئەو مافانەی پێ بدرێ کە بەگوێرەی پەیمانی نێوان دەوڵەت و حکوومەتی ئازەربایجان، بە کوردەکان درابوو][1] | ٦٣ |
| ٥٠٠ و ٥٠٧ و | گنجینە گرانبهای ادبیات کرد، نووسینی محەممەد قازی، | ٦٢ ـ ٦٤ |
| ٥٢٣ | شێعری شاعیران و بەیتی بەیتبێژان و شیکردنەوەی بەیتی لاس و خەزاڵ | |
| ٥١٢ | لیستەی ناوی ٩ ئیزگەی ڕادیۆ بە زمانی کوردی و ژمارەی شەپۆلەکانیان: ڕادیۆ بەیرووت، «شرق الاردن»، مۆسکۆ، ئێرەڤان، باکۆ، پاریس، لەندەن، بەغدا و تەورێز | ٦٤ |
| ٥٢٤ | کەوتنەخوارەوەی تەیارە و شەهید بوونی «ئەفسەری دێموکرات نانەوازادە» لە نێوان سەقز و بانە | ٦٦ |
| ٥٢٦ | نامەی خوێنەرێک کە پرسیاری کردووە بۆچی هەموو کوژراوەکانی شەڕی قاراوا کورد بوون؟[2] | ٦٦ |
| | دوای ژمارە ٦٦ بۆ ماوەیەک ڕۆژنامەکە وەستێنراوە | |
| ٥٣٣ ـ ٦٢٩ | کتێبی «اسرار بارزان» | ٦٧ ـ ٧٩ |

١. ئەم هەواڵە گەلێک گرنگە و نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵک لە ناوچە دابڕاوەکانی وەک سنە و سەقز و هەورامان و ئەوانی تر، چاوی هیوایان بڕیبووەتە سەرکەوت و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و لێرەدا داوا لە حکوومەتی ناوەندی دەکەن هەمان ئەو مافانەیان پێ بدرێ کە بە کوردی ناوچەی موکریان و ئازەربایجان دراون و یەکیان خوێندنە بە زمانی زگماک. بەداخەوە ڕۆژنامەکە، ناوی خاوەن ئیمزاکانی ڕانەگەیاندووە.
٢. ئەم مەسەلەیەش گەلێک گرنگە و من لە شوێنی دیکەدا نەمخوێندۆتەوە. خوێنەرێک نامەی بۆ «کوهستان» نووسیوە و پرسیاری کردووە بۆچی ئەو سەربازانەی وا لە شەڕی مەشهووری «قاراوا»دا کوژران، هەمووی کورد بوون؟ لە دەقی نامەکە، وا دەردەکەوێ کە ئەفسەرانی ئەرتەشی شا، تەنیا سەربازی کوردیان ناردۆتە شەڕی کورد، «از هر طرف که کشته شود، سود اسلام است!»

| | | |
|---|---|---|
| ٥٣٤ | ژمارەیـەک لە خوێندکارانی کوردی زانسـتگەی تاران «اتحادیه دانشجویان کرد» یان پێکهێناوە | ٦٧ |
| ٥٣٩ | تێلگرافی پێشەوا بۆ قوام السلطنه سەبارەت بە هێرشی تانگ و تۆپی ئێران بۆ سەر بنکەکانی دێموکرات | ٦٨ |
| ٥٥٢ | تووتنی بۆکان لە سەقز | ٦٩ |
| ٥٥٢ | سـر دوراهـی، وتارێکـی هوشـمند سـەبارەت بـە هەڵبژاردنـی پەرلەمان لە سەقز | ٦٩ |
| ٥٦٣ | ئەمـڕۆ (١٣٢٥/٩/٤) بەرنامـەی کـوردی ڕادیـۆ تـاران دەسـت پێدەکا | ٧١ |
| ٥٦٦ | حرکت قوای ایران بطرف آذربایجان ـ اعلامیه دولت | ٧١ |
| ٥٧١ و ٥٧٣ | تێلگرافی سەرەکوەزیران بۆ «آقای قاضی محمد» سەبارەت بە هەڵبژاردنی مەجلیس | ٧٢ |
| ٥٧٥ | شێعری «لێفەشڕە» کە هەژار لە مەهابادەوە ناردوویەتی | ٧٢ |
| ٥٧٨ | بەرنامـەی کـوردی ڕادیـۆ تـاران هێشـتا دەسـتی پێنەکردبوو وەستێنرا | ٧٣ |
| ٥٨٣ | هەواڵی هوشـمند لە سـەقزەوە: کاندیدەکانی مەجلیس: دوکتۆر ئەردەڵان، محمد عباسی و رئوف ضیائی | ٧٣ |
| ٦٤٧ | کرانـەوەی «دانیشسـرای موقەددەماتیـی کـوڕان» لـە سـنە (١٣٢٥/١١/٣) | ٨١ |

| | | |
|---|---|---|
| ۶۴۸ | بانگهێشتنی عەشایر و ئێلات و مەشایخی کورد بۆ تاران لەلایەن دەوڵەتەوە: ۲۱ کەس لە مەهابادەوە و لەوانە: محمودآقا ایلخانی، حاجی بایزید آقا ایلخانی، عبدالله ایلخانی‌زاده، بایزید عباسی، علی عباسی، اسمعیل عباسی (دهبوکری)؛ بایزید عزیزی، کاکالله حسنی، پیروت محمدی و رسول محمدی (گورک)؛ ملا خلیل (گۆڕۆمەر؟)، شیخ عبدالرحیم شمس‌الدینی، قاضی مکری، سید رئوف قاضی مکری و رحمت شافعی (از مشایخ و تجار)؛ ۹ کەس لە «طوایف سقز»، ۳ کەس لە بانە؛ ۴ کەس لە تیلەکۆ؛ ۳ کەس لە کۆماسی؛ ۶ کەس لە هەورامان و مەریوان و ۳ کەس لە گەڵواخی | ۸۱ |
| ۶۵۸ | نامەی مستەفا بلووری و ۴۱۸ کەس لە عولەما و ئەعیان و خاوەن‌مڵکان و بازرگانانی مەهاباد بۆ پشتگیریی کاندید بوونی «آقای رحمت شافعی» بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس | ۸۲ |

# کتێب: کوردی، فارسی، زمانەکانی دیکە

کتێب لەم بەشەدا بریتین لە هەندێک کتێبی سەرچاوەی زانیاریی گشتی و کتێبی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی، کە نووسەرانیان کورد و غەیرەکوردن، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بە بۆکانەوە پەیدا کردووە.

## کتێبی کوردی

### بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی

لـە بەشـەکانی دیکـەدا باسـی کتێبێکی سـەرچاوە کـراوە کە توێـژەری زەحمەتکێش ماملۆسـتا مسـتەفا نەریمان ئامادەی کردبوو. لێرەدا لە کتێبێکی دیکەی کاک مسـتەفا دەدوێـم کـە تێیدا زانیاری سـەبارەت بە کتێبی شـاز و نایابـی وا دراوە نەک نەوەی تازە، بەڵکوو ئێمەمانانیش نەمانبیستوون و وا هەیە دەگمەن نوسخەیان لێ‌مابێتەوە. بەو بۆنەیەوە کاری نووسەر جێگەی ڕێزی زۆرە.

کتێبەکە بە پێشەکییەک دەست پێدەکا کە تێیدا پێشینەی ئەم چەشنە بیبلیۆگرافییانە لـە کتێبخانـەی کـوردی‌دا بـاس کـراوە و ئـەوە ئەمانەتدارییەکـی زۆری نووسـەر دەگەیەنێ. هەروەها لە لاپەڕە ٢٤١ ـ ٢٤٢دا لیستەیەکی لە کتێبی بیبلیۆگرافیی کوردی ناساندووە، کە کەم‌وزۆر هەر ئەم ناوانەی سەرەتاکە دەگرنەوە.

لـە لاپـەڕە ٣١٧ بەدواوەش پێرسـتی ناوی نووسـەران و وەرگێڕانی کتێبەکانە و یارمەتیدەری دۆزینەوەی کتێبەکان بەگوێرەی ناوی دانەر و وەرگێڕە.

بەژنی سەرەکیی کتێبەکەش بەگوێرەی بابەت بەسەر کتێبی فەلسەفی، ئایینی، ئەدەبی، مێژوویی و...دا دابەش‌کراوە، هەرکام لە کتێبەکان بەپێی ژمارە لەوانی تر جیاکراونەتەوە و چەند زانیارییەکی وەک ناوی نووسـەر و وەرگێڕ، سـاڵ و شـوێنی چاپ و ژمارەی لاپەڕەکانی ڕاگەیەندراوە.

من وا هەیە نەتوانم یەک بە یەک و لاپەڕە بە لاپەڕە هەموو ئەو بابەتانەی وا بۆکان دەگرنەوە دەسنیشان بکەم، بەڵام چەند دانەیەکیان بۆ نموونەی کارەکە دەهێنمەوە و

نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان دەتوانن وردتر لە من پێیدا بچنەوە. وەک دەبیندرێ، بۆ نموونە، لە ناویاندا سەبارەت بە حەسەن زیرەک ناوی چەند سەرچاوە براوە کە وا هەیە هەموو کەس لێیان ئاگادار نەبێ:

١. ژمارە ١١٩، دایە باوە کێ خراوە؟ وەرگێڕانی هەژار، ١٩٨٠، تاران، ١٣٢ لاپەڕە (ل ٣٣)، هەروەها «کۆشکی بلوورین»، ١٩٨٠، بەغدا چاپی حوادث، ٨٣ لاپەڕە (ل ١٢٦)؛

٢. ژمارە ٦٠١، ئاشتیخوازی لادێ، زەبیحی و قزڵجی، ١٩٥٩، بەغدا، ٣٨ لاپەڕە (ل ٨٩)

ژمارە ٢٨١، حەسەن قزڵجی (١٩١٣ ١٩٨٤)، (ل ٣٣٤)؛

ژمارە ١٢١٣، حەسەن قزڵجی، پێکەنینی گەدا، ١٩٧٢، بنکەی پێشەوا، ١٤٩ لاپەڕە (ل ١٤٥)؛

ژمارە ٨٠٩، دیوانی ئەحمەدی کۆر، ١٩٦٣، پاکستان، ٤٨ لاپەڕە، لە بڵاوکراوەکانی سەیدیان (ل ١٠٦)؛

٣. ژمارە ٨١٣، دیوانی ئەدەب (عەبدوڵڵابەگی موکریانی)، ١٩٣٦، ڕەواندز، زاری کرمانجی، ٥٢ لاپەڕە، چاپی ٢، ١٩٦٦، هەولێر، چاپی کوردستان، ١٢٠ لاپەڕە، لەسەر ئەرکی گیوی موکریانی (ل ١٠٧)، هەروەها ژمارە ٤٩٣ و ٨٦٥؛

٤. ژمارە ٨١٦، دیوانی ئەفخەمی، ١٩٧١، مەهاباد، ١٩٢ لاپەڕە، لە بڵاوکراوەکانی سەیدیان (ل ١٠٧)؛

٥. ژمارە ٨٣٧، دیوانی سۆران (حەسەن سەلاح)، ١٩٦٦، تەورێز. چاپی قامیش (؟)، ١٥٠ لاپەڕە (ل ١١٠)؛

٦. ژمارە٨٦٤، دیوانی مەلا مارف کۆکەیی، ١٩٦١، پاکستان، ٢٠٨ لاپەڕە لەسەر ئەرکی محەممەدئەمین میسری (سەیدیان)، (ل ١١٣)؛

٧. ژمارە ٨٦٥، دیوانی مصباح‌الدیوان، ١٩٣٩، بەغدا، ١٣٠ لاپەڕە، لەسەر ئەرکی بەشیر موشیر (ل ١١٣)؛

٨. حەسەن زیرەک (١٩٢٦ ـ ١٩٧٢)؛

٩. ژمـاره ١٧٩١، بەسـەرهات و ژیانـی حەسـەن زیـرەک، هیـوا عومـەر ئەحمەد، ١٩٧٦، ڕاپەڕین، ٤٨ لاپەڕە، (ل ٢٠٦)؛

١٠. ژماره ١٧٩٤، ترووسـکاییەک لە ژیانی حەسـەن زیرەک، ئەنوەر محەممەد، ١٩٧٧، سلێمانی، چاپی کامەرانی، ٤٨ لاپەڕە (ل ٢٠٦)؛

١١. ژمـاره ٢٠٧٦، چریکـەی هونەر، حەسـەن زیـرەک، ١٩٦٦، تـاران، ڕەنگین، ٥٠ لاپەڕە (ل ٢٣٣)؛

١٢. ژماره ٢٠٧٩، حەسەن زیرەک، شێرزاد عەبدوڕڕەحمان، ١٩٧٩، لەسەر ئەرکی کتێبخانەی خۆماڵی لە هەولێر، سلێمانی، چاپی ڕاپەڕین، ٥٠ لاپەڕە (ل ٢٣٣)؛

١٣. ژمـاره ٢٠٨٠، حەسـەن زیـرەک و هەندێک لە بەسـەرهاتەکانی، میرزا کەریم خۆشـناو، ١٩٨٤، بە یارمەتی ئەمینداریەتیی گشـتی، بەغدا، حوسام، ١٢٦ لاپەڕە (ل ٢٣٤)؛

١٤. ژمـاره ٢٠٨١، حەسـەن زیرەکـی بلیمـەت، شـێرزاد عەبدوڕڕەحمـان، ١٩٧٨، بەغدا، حوادث، ٣٢ لاپەڕە (ل ٢٣٤).[١]

١. مصطفى نەریمان،» بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی (١٧٨٧ ـ ١٩٨٦)«، کۆماری عێـراق، وەزارەتی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٩٨، ٤٠٨ لاپەڕە، کوردی.

## دوو کتێبی سەرچاوە

کاک ڕەزا شەجیعی لە بواری تۆمار و ئیندێکسی سەرچاوەکانی زانیاری لە کوردستان‌دا خزمەتێکی گەورەی کردووە کە بریتییە لە ئیندێکس کردن و ناساندنی کتێب و وتاری چاپکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێستا کە بەهۆی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستانەوە دەرەتانی چاپ و بڵاوکردنەوەیەکی باشتر خوڵقاوە، ئاگاداری لە هەموو کتێب یا وتارێکی چاپکراو ئەستەم بووە و وا هەیە نەک هەر وتار، تەنانەت کتێبیش لە شوێنێکی کوردستان یا دەرەوەی وڵات چاپ بێ و خوازیار و خوێنەر لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بە هەواڵی نەزانن.

شەجیعی لە کتێبی یەکەم‌دا، کتێبە کوردییە چاپکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگوێرەی بابەت: فەلسەفە، ئایین، ئەدەب، مێژوو... دەناسێنێ و تایبەتمەندییەکانی کتێبەکان (ناو، نووسەر، وەرگێڕ، بنکەی بڵاوکەرەوە و...) ڕادەگەیێنێ، کە تەنیا ئەو کتێبانە دەگرێتەوە وا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەگشتی چاپ کراون.

کتێبی دووهەم، لە تایبەتمەندیی ئەو «وتار»ە کوردییانە دواوە کە لە دوو گۆڤاری سروە و ئاوێنە (چاپی ورمێ و تاران)دا بڵاوکراونەتەوە و ساڵانی ١ تا ١٧ی سروە و ١ - ١٠ی ئاوێنەی گرتۆتەبەر.

هۆی باس کردنی کتێبەکان لێرەدا ئەوەیە هەندێک لە کتێب و وتارەکان نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی بۆکانی نووسیویانن و لەوانە، حەقیقی، نووری، ئاسۆ، سوڵتانی و...

هیوایە کاک ڕەزا ئەم خزمەتە بەنرخەی درێژە پێ بدا و هەوڵی ناساندنی کتێبی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەروەها وتاری گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەش بدا.[١]

---

١. ڕەزا شجیعی، «کتێبخانەی ڕۆژهەڵات، کتێبناسیی کتێبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠۶، ٩٥ لاپەڕە، کوردی.

ڕەزا شجیعی، «وتارنامە، ئیندێکسی هەردوو گۆڤاری سروە و ئاوێنە»، بنکەی ژین،

## فەرهەنگی کتێب و چاپەمەنی دەورەیی کوردستان

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گەلێک بەکەڵکە و بۆ کاری توێژینەوە لە مێژووی فەرهەنگی کوردی، سوودێکی زۆربە لێکۆڵەری ئەو بوارە دەبەخشێ و ڕێگای بۆ کورت دەکاتەوە. پێشتریش هەندێک کتێبی هاوچەشن بڵاوبوونەتەوە وەک بیبلۆگرافیای دووسەد ساڵ کتێبی کوردی، نووسینی کاک مستەفا نەریمان و چەندێکی دیکە، کە دواتر لە پەیوەندی بۆکاندا دەیانپشکنم و لەم زنجیرەوتارانەدا دەیانناسێنم.

کتێبی کاک شەهاب خزری، وەک لە عینوانەکەی دەردەکەوێ، تەنیا ئەرکی ناساندنی کتێبی نەگرتۆتەبەر، بەڵکوو بڵاڤۆکی دەورەیی و فیلمنامە و گەلێک بابەتی دیکەشی تێدا ناسێنراوە و یەک لەوانە دەسنووسە، کە لە عینوانی کتێبەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە و وێدەچێ ئەوانیش بە «کتێب» دانرابن. ڕاستە دەسنووسیش بیچمی کتێبی هەیە، بەڵام وەک عورفێکی جیهانی، دەسنووس جیا لە کتێب دادەنرێ و ئەم دابە لە ئورووپا و ناوچەی ئێمە لەنێو عەرەب و فارس و تورکیشدا ڕەچاو دەکرێ، کە لە هەموویاندا ناوی «دەسنووس» شتێکی تایبەتە و جیاوازە لە کتێب؛ دووهەمیان بە بەرهەمی چاپکراو و یەکەمیان بە بابەتێکی بەدەست یا بە ماشێنی تایپ نووسراو دەگوترێ کە هێشتا چاپ نەکرابێ.

کێشەی کتێبەکە هەر بەوە تەواو نابێ و بەداخەوە ناتەواویی زیاتر و گەورەتری هەن:

١. زانیارییەکانی نێو کتێبەکە بەگشتی بە فارسی، بەڵام هەندێک جاریش بە کوردی نووسراون و خوێنەر نازانێ گەلۆ بۆ کورد نووسراوە یا بۆ فارسی کوردینەزان!

٢. کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و فیلمنامە و دەسنووس هەموو تێکەڵ یەک کراون و

---

سلێمانی، ٢٠٠٦، ٢٧٥ لاپەڕە، کوردی.

فەسڵی سەربەخۆیان بۆ تەرخان نەکراوە؛

٣. ساڵ و شوێنی چاپ، ناوی بنکەی بڵاوکەرەوە، ناوی وەرگێڕ و زانیاریی سەرەکی و پێویستی لەو چەشنە بە خوێنەر نەدراوە؛

٤. بۆ دەسنووسەکان دەبووایە شوێنی ڕاگیران و پارێزرانیان دەسنیشان بکرایە و بگوترایە بۆ نموونە «ترجمە قرآن کریم بە کردی، مترجم کامران عالی بدرخان» لەکوێیە و ئەگەر کاک شەهاب بە شوێنی نازانێ، پێمان بڵێ زانیارییەکەی لەکوێ وەرگرتووە (ل ١٣٥)؛

٥. هەندێک ناوی کتێبی بێگانە بە کوردی نووسراون کە خوێنەر ئەستەم بتوانێ بیانخوێنێتەوە. بۆ نموونە، کاتێ من لە لاپەڕە ١٣١دا ئەم عینوانەم خوێندەوە: «تراولز این کردستان» یا لە لاپەڕە ٢١٥دا ئەم عینوانەم بینی: «رد ترو کردستان، نووسەر آرچیبالد هملتون، لندن ١٩٣٧» نەمزانی چییە و تەنیا بە وردبوونەوە و لە ڕێگەی وشەی «ئارچیباڵد»ەوە زانیم کە هەردووکیان ناوی ئینگلیزی بۆ دوو کتێبن و واتای «سەفەری نێو کوردستان» و «ڕێگایەک بە کوردستاندا» دەدەن، دووهەمیان کتێبی «ئارچیباڵد ڕووزڤێڵت»ی ئەمریکاییەیە و بنکەی «هامیلتۆن» لە لەندەن چاپی کردووە. جا کاک شەهاب ناوی نووسەر و ناشری دووهەمیانی تێکەلاو کردووە، هەروەها ساڵەکەشی بە هەڵە نووسیوە و لەجیاتی ١٩٣٧ دەبووایە ١٩٧٣ دابنێ، لەبەروەی کتێبەکە سەبارەت بە کۆماری کوردستان نووسراوە و کۆماریش ١١ ساڵ دوای ١٩٣٧ دامەزراوە و لە هەمان ساڵیشدا هەرەسی هێناوە.٦. هەندێک کتێب یا دەسنووس هەن کە نازاندرێ پەیوەندییان بە کوردەوە چییە؟ بۆ نموونە، لە لاپەڕە ١٨٤دا نووسراوە: «در سایە قرآن، نووسەر سید قطب، مترجم احمد آرام، علیاکبر علمی، تهران. ١٣٣٤ شمسی». یەکەم، پەیوەندیی ئەم کتێبە بە کوردەوە چییە و دووهەم، ئەو «علیاکبر علمی»یە کە ناوی پێکەوە لەگەڵ ئەحمەدی ئارام وەرگێڕی کتێبەکەدا هاتووە، وەرگێڕ نییە و ناوی ناشری کتێبەکەیە.

٧. هەر چۆنێک بێ، کتێبەکە سەرچاوەیەکە بۆ دۆزینەوەی ناوی کەسانی کورد و

بەرهەمەکانیان. سەبارەت بە بۆکانیش لە کتێبەکەدا هەندێک بابەت نووسراوە:

ئـا. «پەیـژە» مجلـەای اسـت بنیانگـذار آن یونـس رضائی متولد ١٣٥٤ شمسـی در روسـتای گوگجلـو بـود. ایـن مجله صرفا بـه ادبیـات و تئوری‌های ادبی می‌پرداخت (ل ١٠٩)؛

ب. «سرود پرستو»، سروده عمر سلطانی (وفا) (ل ٢٤٩)؛

پ. «سـەرەمەڕ»، کتابـی اسـت بـه تقلیـد سـگ و مهتـاب، تألیـف عبدالرحمـان شـرفکندی (هەژار) چاپ سـوریه، ١٩٥٧ میلادی (ل ٢٥٩). ئەوە لە ڕاسـتی‌دا چیرۆکە شێعرێکە بەناوی «بەیتی سەرەمەڕ» کە بەگوێرەی ڕاگەیاندنی سەر نامیلکەکـە، لـە شـام (واتە سـووریا) چاپ کـراوە، بەڵام من نەمزانی سـگ و مهتـاب چییـە؟ تـۆ بڵێـی ئەو سـەرچاوە عەرەبییـە نەبێ کە مامۆسـتا هەژار چیرۆکەکەی لێ‌وەرگرتووە؟

ت. «لاس و خـەزاڵ، نووسـەر سـوارە ایلخانـی‌زادە، داسـتان» (ل ٣٦٢)، دیـارە دەزانیـن لاس و خـەزاڵ بەیتێکـی کۆنـە و نووسـەر یـا وێژەری دیـار نییە، کاک سـوارەش بابەتێکی بۆ ناسـاندنی بەیتەکە نووسـیوە، چیرۆکێکی نوێی لەسـەر ئەساسی ئەو نووسـیوە و ڕۆحی بەبەردا کردووە؛ کەوابوو، سوارە نووسـەری ئەسـڵیی بەیتـی لاس و خـەزاڵ نییە. ئەگەر نیاز ئـەوە بووایە کە ئـەو وتـارە تایبەتـە یـا ئەو چیرۆکەی کاک سـوارە لەسـەر بنەمـای بەیتەکە نووسیویەتی بناسێنرێ، دەبووایە بەڕوونی ئاماژە بە ئەسڵ و فەرع بکرایە و هەردووکیان بە جیا ڕابگەیەنرایەن.

بەم شـێوەیە، بابەت سـەبارەت بە نووسـەرانی بۆکانی لە کتێبەکەدا زۆرن، بەڵام وەک ئامـاژەی پێکـرا هەڵەوپەڵەیەکی زۆر کەوتۆتە کاری ناسـاندنیانەوە و ئەنجامی کارەکە بۆتە ئەوەی نەتوانرێ باوەڕی تەواو بە هەواڵەکانی بکرێ. نەبوونی تەرتیبی مەوزووعـی یـا لانی‌کـەم ئەلف‌وبێیـی، گرفتێکی دیکەیـە بۆ خوێنەر کـە نازانێ چۆن بەدوای ناو یا بابەتێکی تایبەت‌دا بگەڕێ.

هیوایە نووسەری بەڕێز، کە دیارە زەحمەتێکی زۆری بە ئامادەکاریی کتێبەکەوە

کێشاوە، بەوردی بە کارەکەی‌دا بچێتەوە و لە چاپی دوایی‌دا شێوازێکی ئەمڕۆیی پێ ببەخشێ، هەروەها زمانی ڕاگەیاندنی زانیارییەکان یەکلایی بکاتەوە و بە کوردی یا فارسی بیاننووسێ؛ گونجاو نییە لە یەک بەرگ کتێب‌دا دێڕیک بە یەک زمان بنووسرێ و دێڕی دوایی بە زمانێکی تر.[1]

١. شــهاب خضــری، «فرهنگ کتب و نشــریات کردســتان، کتاب‌هــا، هفته‌نامه‌هــا، روزنامه‌ها، فصلنامه‌ها، ســفرنامه‌ها، ســیاحتنامه‌ها، فیمنامه‌ها و سالنامه‌های مربوط به کرد و کردستان از سال ١٧٧٧ میلادی تا ٢٠ مارس ١٩٩٢ (٣٠ اسفند ١٣٨٧ هجری شمسی)» انتشارات علمی کالج، سال (؟)، شوێن (؟)، ٤٣٦ لاپەڕە، زمان: کوردی و فارسی.

**«قاموس‌الاعلام»ی شەمسەددینی سامی**

شەمسەددینی سامی یەکەم «قاموس‌الاعلام»، واتە کتێبی ناودارانی بە زمانی تورکیی عوسمانی نووسیوە و بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٨٨٩دا لە ئەستەمووڵ بڵاوکراوەتەوە. مامۆستای هێژا محەممەدئەمین بۆزئەرسەلان بە کتێبەکەدا چۆتەوە و ئەم ناوانەی وا پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە بووبێ، گوڵبژێری کردوون و لە ساڵی ٢٠٠١دا بە زمانی تورکی هەر لە ئەستەمووڵ بڵاوی کردۆتەوە و پەراوێز و ڕوونکردنەوەشی بۆ هەندێکیان نووسیوە. ئینجا ڕێزدار ئەحمەد تاقانە کتێبەکەی بۆزئەرسەلانی کردۆتە کوردی و لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە هەولێر بڵاوی کردۆتەوە.

من بەشوێن دۆزینەوەی هەندێک ناودا سەیری کتێبەکەم دەکرد کە بۆ نووسینی بابەتێکی دیکە پێویستیم پێیان بوو و بە باشم زانی لێرەش‌دا باسێکی بکەم. دیارە بۆکان بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەبووە و نابێ ناویشی لەوێ‌دا هاتبێ، بەڵام لە دەوروبەری بۆکان ناوی هەندێک کەس و شوێن براوە کە بۆ باس کردن دەبێ:

لە ماددەی «ئورمییە (ورمێ)»دا (ل ٥٨) دەنووسێ: «لە دۆخی ئێستای‌دا بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردن» و لە باسی گۆلی ورمێ‌دا دەڵێ: «دانیشتووانی ئەو شوێنانەی لای خۆراوای گۆلەکە، کوردن».

هەروەها هەندێ زانیاریی سەرەتایی لەمەڕ شاری شنۆ و سەقز و ئەردەڵان (ل ٥٩، ٦١، ٢٠٩)ی تێدایە، کە هەندێکیان زیاد کراون و وەرگێڕ نووسیونی. هەروەها لە لاپەڕەی ٢١١دا لە شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی (ل ٥٨٥ ٥٤٩ ک) دواوە و نووسیویەتی لە سوهرەوەرد هاتۆتە جیهان [سوورەبەردی هەوشار] و سەلاحەددینی ئەییووبی حوکمی کوژرانی داوە و «لەسەر داوای خۆی، بێبژیو کراوە و لەبرسان مردووە.»

کتێبەکە بۆ چەسپاندنی کوردی بوونی هەندێک شوێن بۆ نموونە لە ئازەربایجان

بەڵگەیەکـی باشــە، لەبــەروەی تورک نووســیویەتی و دەســتی کورد لــە پێکهێنانیدا نەبووە.[١]

١. محەممەدئەمین بۆزئەرســەلان، «کورد و کوردســتان لە یەکەم ئینســیکلۆپیدیای تورکی لە مێـژوودا»، ئەحمــەد تاقانە کردوویەتی بە کـوردی، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ٤١٦ لاپەڕە، کوردی.

## کتێبی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد

مامۆستا محەممەدعەلی قەرەداغی بێهەستوخوست و بێدیعایە خەریکە مێژووی ئەدەبی کوردی دەنووسێتەوە، مێژوویەکی دەوڵەمەند. مێژووی قەرەداغی جیاوازە لەو کتێبانەی تا ئێستا لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراون و بەگشتی، مێژووی شێعرن. مێژووی ئاسایی ئەدەبی کوردی ژیان و ئاسەواری هەندێک شاعیری ناسراو یا کەمتر ناسراو بە خوێنەر دەناسێنێ و هیچی تر، بەڵام مێژووی قەرەداغی، نووسەر، مێژوونووس، زانا، ئەدیب، زمانزان، خۆشنووس، مەلا و شاعیری کورد هەموویان دەگرێتەوە و لە ڕاستیدا ئەوە مێژووی ئەدەبی ڕاستەقینەی کوردە. من ئامارێکم بەدەستەوە نییە، بەڵام لە دوو زنجیرە کتێبی مامۆستا قەرەداغیدا کە بریتین لە «کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی» (کە تا بەرگی هەشتەمیم بینیوە) و «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەسنووسەکانیانەوە» (کە دەزانم بەرگی نۆهەمی بڵاوبۆتەوە)، سەدان، ئەگەر نەڵێم هەزاران هونەرمەندی ونی نەناسراوی کورد و سەدان قوتابخانە و حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان ناسێنراون و ناویان زیندوو ڕاگیراوە. ئەوە ئەرکێکی مەزنە کە وا هەیە سەرجەمی دامودەزگایەکیش نەتوانێ بە هاسانی بیکا، بەڵام قەرەداغی بە تاقیتەنیا بەڕێوەی بردووە و ئێستاش لە سەری بەردەوامە.

یەک لە باشترین سەرچاوەکان بۆ شوێنهەڵگرتنی مێژووی فکر و ناسینی خاوەنبیرانی ڕابردووی ناوچەی بۆکان، ئەم زنجیرە کتێبەن وا مامۆستا قەرەداغی بڵاوی کردوونەتەوە.

قەرەداغی کە بەرپرسی دەسنووسە کوردییەکانی «دارالمخطوطات»ی بەغدا بەناوی سەددام حسێن بووە، کورتەیەک لە نێورۆکی سەدان دەسنووسی کوردی یا خود عەرەبی و فارسی بڵاوکردۆتەوە کە نووسەرەکانیان کورد بوون.

لە هەمان زنجیرە کتێبدا، نووسەر ناوی سەدان مزگەوت و حوجرەی فەقێ،

واتــە قوتابخانــە ئایینییەکانــی کوردســتانی ڕاگەیاندووە کە هەندێکیان ئێســتاش هەر ماون، بەڵام زۆربەیان، بەتایبەت لە باکووری کوردستان فەوتاون.

جگە لەو دەسنووســانەی کە قەرەداغی وتاری تایبەتی لەسەر نووسیون، هەندێ دەسنووســی دیکــەش هــەن کە بە شــێوەی لیســتە نــاوی بردوون و نووســەرەکانی ناساندوون.

لە هەر سێ بابەتەکەی سەرەوەدا، ناوچەی بۆکانیش شوێنی خۆی هەیە و ئەگەر کەســێک بە لاپەڕەکانی ئەو پێنج بەرگە بەنرخەدا بگەڕێ دەیان جار تووشــی ناوی بــۆکان و گوندەکانــی دەوروبــەری وەک تورجــان، حەمامیــان، بورهــان و... دەبێ و ســەری ســوڕ دەمێنێ، ئەگــەر ئەو مەدرەســە ئایینییانەی ناوچەکە لــە ڕەوتی ژیانی خۆیــاندا بووبــان بــە قوتابخانە و زانســتگەی ئەمڕۆیی، وەک لــە وڵاتانی ئورووپادا وەها بووە، چ دەورێکیان لە بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا و پەرەســەندنی زانســت لە ناوچەکەدا دەبینی؟

**بابەتی سەبارەت بە بۆکان:**

**بەرگی یەکەم:**

١. ژمارە ٩، لاپەڕە ١٣٥، کەشــکۆڵی قادری سەڵەســی، شــێعری ئەحمەدی کۆری تێدا تۆمار کراوە؛

٢. ژمــارە ١٤، لاپــەڕە ١٥٦، کەشــکۆڵی محەممەدئەمیــن خاکی، شــێعری ئەحمەدی کــۆری تێــدا تۆمــار کــراوە (هەروەها «خاکــی» تەنانەت ئەگەر هــی دەوروبەری سلێمانیش بن، بۆی هەیە هەمان «خاکی»یەکانی بۆکان بن)؛

٣. ژمارە ١٩، لاپەڕە ١٧٦، تەرکیبی کوردی هی هەمان محەممەدئەمینی خاکییە؛

٤. ژمــارە ٣٢، لاپــەڕە ٢٢٢، کەشــکۆڵی ســۆرانی، شــێعری ئەحمــەدی کــۆری تێدا تۆمار کراوە. (لەم کەشــکۆڵە و ئەوی پێشــتریشدا شێعری فکری هەیە. پێموایە فکری لە پەیوەندی بۆکان یا سنەدایە، بەڵام دڵنیا نیم)؛

٥. ژمــارە ٥٣، لاپــەڕە ٢٩٨، کەشــکۆڵی عەبدولقــادر، دەسنووســێکی گرنگــە لــە

پەیوەندیی مامەشـانـدایە و کۆمەڵەی هەندێک نامەیە و باسی گەلێک ڕووداو و پەیوەندییەکانی ناوچەی موکریانی کردووە، بۆ مێژووی بۆکانیش ناڕاستەوخۆ بەکەڵکە. ئەم فەردە جوانەشی تێدایە:

**ئەمین! زانیوتە لەیلا دێتە لامان؟**

**بە موژگان چاکە ڕێگاکەی بماڵم**

٦. ژمارە ٦٩، لاپەڕە ٣٦٣، فەتاوای زانایانی کورد لە بەشـی دووهەم و چوارەمی ئـەم وتارەی مامۆسـتا قەرەداغیدا ناوی قزڵجـی هاتووە، کە دەبێ لە بنەماڵەی ناسراوی قزڵجییەکانی بۆکان بێت.

**بەرگی دووهەم:**

١. لاپەڕە ٢٥، ژمارە ٧، ٥٩٦١ (د. ص)، خەیاڵی، لەبەرخاتری مەلا مستەفای کۆیی لە گوندی تورجان نووسراوەتەوە؛

٢. لاپـەڕە ٢٥، ژمـارە ٩، ١٧٦٨٨ (د. ص)، شـەرحی شـەواهید بـە فارسـی، محەممەدسـاڵحی باشـماقی لە مەدرەسـەی تورجان لە خزمەتی مامۆسـتا مەلا محەممەدحەسەندا ١٣٠٢ نووسیویەتەوە؛

٣. لاپەڕە ٢٥، ژمارە ١٠، ٢٠٧٣٧ (د. ص)، حاشیەیەک لە مەنتیقدا، عەبدولغەفووری کوڕی ئەحمەد ساڵی ١٣٠٦ لە گوندی تورجان نووسیویەتەوە؛

٤. لاپـەڕە ٢٥، ژمـارە ١١، ٢١٢٦١ (د. ص)، تەرجەمـەی چەنـد بابێکـی مینهـاج بـە فارسـی، محەممەدحەسـەنی کوڕی مەلا عەلی تەرجەمەی کردووە. نەسروڵڵای تورجانی ساڵی ١٣١٦ لە گوندی تورجان نووسیویەتەوە؛

٥. لاپەڕە ٣٩، ژمارە ١٢، ١٩٧٨٩ (د. ص)، المطالع السعیده الفریده، حسین الخواهرزاد ناسـراو بـە زینوێنـی، گوندێک لە سەردەشـت، لای مامۆسـتا مـەلا محەممەدی کوڕی مەلا عەلی قزڵجی لە گوندی تورجان ساڵی ١٣٠٠ نووسیویەتەوە؛

٦. لاپـەڕە ٣٩، ژمـارە ١١٤، ١١٣٠٦ (د. ص)، دەسـخەتێک کـە کۆمەڵێـک دانـراوی تێدایە:

فەرائیزی قزڵجی؛ تەجویدی قزڵجی؛

٧. لاپەڕە ٤٢، ژمارە ٣١، ١٨١٨٢ (د. ص)، حاشیە میر ابوالفتح علی الرسالە الحنفیە فی الاداب، حسین الخواهرزاد لە گوندی «سەدراباد ساڵی ١٣١١ لە خزمەتی مەلا ساڵحی نەستانی‌دا نووسیویەتەوە، ڕەسووڵی ئەحمەدی ڕەسووڵ شیرازەی پساندووە و لە هاوەڵەکانی دابڕیوە؛

٨. لاپەڕە ٤٥، ژمارە ٢٢، ١٧٤٠٣ (د. ص)، کۆمەڵە دانراوێکی نۆدێیی و خەڵکی دی، ڕەسووڵی شێخ ئاودەڵی لە گوندی شەرەفکەند لە خزمەت شێخ یۆسفی شێخ شەمسەددین‌دا ساڵی ١٢٩٩ نووسیویەتەوە؛

٩. لاپەڕە ٥٠، ژمارە ٣٣، ١٥٧٧٦ (د. ص)، حاشیەی زێباریی بەسەر عیصامەددینەوە، محەممەد کوڕی سولەیمانی کوڕی عەلی کوڕی محەممەدی کوڕی ڕەسووڵ لە گوندی «عیساکەند» لە ناحیەی ئەختاچی لە مەدرەسەی مەولانا خضر نووسیویەتەوە، بێ مێژوو، بەڵام کۆنە؛

١٠. لاپەڕە ٥٤، ژمارە ٢٧، ١٩٢٠٤ (د. ص)، مینهاج، محەممەدئەمینی نستانیی کوڕی ڕەسووڵ، ساڵی ١٢٩٤ لە گوندی قازڵیان نووسیویەتەوە.

جگە لەوانە، مامۆستا دەسنیشانی هەندێک دەسنووسیشی کردوون کە لە موکریان نووسراون و ناوی شارەکەیان دیاری نەکراوە.

**بەرگی سێهەم:**

١. لاپەڕە ١٢، ژمارە ٣، ٣٩٠٨٧ (د. ص) کۆمەڵێک دانـدراوە وەک قطرالعارض، سلم الوصول فی علم الوصول، محەممەدسەعیدی مەریوانی، ساڵی ١٣١٢ لە تورجان نووسیویەتەوە؛

٢. لاپەڕە ١٤، ژمارە ١، ٢٠٣٨٣ (د. ص)، کۆمەڵێک دانداروە لە تەجوید و ئەدەبدا، ساڵی ١٣٤٨ لە گوندی زەنبیل و دواتریش لە ساوجبلاغ بە دەستی سەید محەممەد نووسراوە؛

٣. لاپەڕە ٢١، ژمارە ٢، ٤٢٢٠٣ (د. ص)، شەرحی قەسیدەی بوردییە، سەعدی کوڕی محەممەدی کوڕی بەهلوولی موکری نووسیویەتییەوە؛

٤. لاپەڕە ٢٨، ژمارە ١٤٨، مافدانەوەیەک: شێعری خۆش و گاڵتەی مەلا ڕەحمانی

مەریوانی موعەننەک:

... وقاقائنا من بزم و رزم معنک

و تقتقه والقۆڕیات بلا کفر

(پەڕاوێز: مـن بەندەی موعەننەکم/ دەر قەریەی حاجی‌لەکم/ موحتاج بە گۆشـتی لەکلەکم! (حاجی‌لەکی لای میاندواو)؛

٥. لاپەڕە ٤٠، ژمارە ١٥٠، «الملتقط»ی مەلا عوسـمانی دارقوتە:١٠ نامیلکەیە، یەک لەوانە، ژمارە ٦، نامیلکەی ئادابی مامۆستا مەلا عەلی قزڵجییە (یەک لاپەڕە)؛

٦. لاپـەڕە ٨٨، ژمـارە ١٥٩، بنەماڵـەی بەردەڕەشـیی بانەیـی، گەلێک یادداشـتی مێژوویی تێدایە و یەک لەوان باسی تاعوونی ساڵی ١٣١٠ دەکا لە شارۆچکەی سابڵاغ؛

٧. لاپەڕە ١١١، ژمارە ١٦٤، ئاماژەیەک بە کەشـکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای قزڵجی (کە نازانم لە قزڵجییەکانی بۆکانە یان نا؟) و مامۆسـتا دەنووسـێ دەسنووسەکە لە کتێبخانەکەی خۆمدایە؛

٨. لاپەڕە ١٣٩، ژمارە ١٦٨، ناوی دەسنووسی نامیلکەیەکی مامۆستا قزڵجی دێنێ سەبارەت بە مەسدەر و سیغەکانی کە لە «دارالمخطوطات»ی بەغدایە؛

٩. لاپـەڕە ٢٥٤، ژمـارە ١٩١، باسـی دەسنووسـێک کـە زۆر ڕووداوی مێژوویـی ناوچەکەی تۆمار کردووە و یەک لەوانە شەڕی محەممەدخانە لەگەڵ گەورک و بانە و...؛

١٠. لاپـەڕە ٢٦٦، ژمـارە ١٩٥، داندراوەکانـی قزڵجی. مامۆسـتا مـەلا عەلی کوڕی مەلا محەممەدی کوڕی مەلا مەحموودی قزڵجی (١٢٢٥ ـ ١٢٩٥) نووسەر ناوی ١٢ کتێب و نامیلکەی قزڵجی نووسـیوە و لە باسـی باووباپیرانی قزڵجی‌دا دەڵێ خۆی ناوی خوی بەو چەشنە هێناوە: عەلی کوڕی محەممەد کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیم. (لام وایە مامۆستا ناوی دوو مەلا عەلی قزڵجی لێ تێکەڵ بووبێ).

**بەرگی چوارەم:**

پێشتر ئاماژەم بە ٤ دەسنووس کرد کە مامۆستا قەرەداغی گوتوویەتی لە گوندی

بۆکان نووسراونەتەوە، بەڵام تایبەتمەندییەکانیانم ڕانەگەیاند. ئەوە چوار کتێبەکانی:

١. لاپەڕە ١٣، ژمارە ١٩، ٣٥٨١٢ (د. ص)، شەرحی تەفتازانی بەسەر تەفسیری زەنجانییەوە (سەعدەددینی)، ڕەسووڵی کوڕی محەممەد ساڵی ١٢٨٤ لە مەدرەسەی بۆکان نووسیویەتەوە. هەندێک لە حاشیەکانیشی لە سابڵاغ و ڕەواندز نووسراونەتەوە؛

٢. لاپەڕە ١٣، ژمارە ٢٠، ١٦٨٣٢٢ (د. ص)، شەرحی سەعدوڵڵا، لملا احمد الگڕوێ، سەعدەددین ساڵی ١٢٩٣ لە شارۆچکەی بۆکان نووسیویەتەوە؛

٣. لاپەڕە ١٤، ژمارە ٢١، ١٣٩١٨ (د. ص)، مەنزوومەی فەرائیزی قزڵجی، ناسری کوڕی مەلا شێخی سوورچی ساڵی ١٣٠٩ لە گوندی بۆکان نووسیویەتەوە؛

٤. لاپەڕە ١٤، ژمارە ٢٢، ١٥٧٥٦ (د. ص)، ترغیب المشتاق فی احکام الطلاق، دانراوی شێخ عبدولموعطیی سەملاویی، ڕەسووڵی کوڕی ئەحمەدی ناسراو بە مەنگوڕ، ساڵی ١٣١٣ لە گوندی بۆکان لە خزمەتی شیخولئیسلامدا لەبەر خاتری ئەحمەدی کوڕی نووسیویەتەوە؛

٥. لاپەڕە ١٥، ژمارە ٣٤، ٢٠٧٥٢ (د. ص)، مەنزوومەی فەرائیزی قزڵجی، عەبدولسەمیعی چنارەیی ساڵی ١٣١٤ لە گوندی بیارە نووسیویەتەوە؛

٦. لاپەڕە ١٨، ژمارە ٤، ١/١٩٧٨٩ (د. ص)، هەندێ شێعری فارسی قزڵجی، مەلا محەممەدی کوڕی قزڵجی محەممەدی ئیبنولحاجی بانەیی لە گوندی تورجان نووسیویەتەوە؛

هەروەها لە وتارەکەی خۆمدا باسی ٣ کتێبم کردبوو کە لە حەمامیان نووسراونەتەوە. ئەوەش تایبەتمەندییان:

٧. لاپەڕە ٢١، ژمارە ٤، ١/١٦٢٠٩ (د. ص)، الصمدیە، لە گوندی حەمامیان لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەلی تالشیدا ساڵی ١٢٨١ نووسراوەتەوە؛

٨. لاپەڕە ٢١، ژمارە ٦، ١/٣٠٤٩ (د. ص)، حاشیە بەسەر سەید شەریفەوە، لە گوندی حەمامیان نووسراوەتەوە. لەو ساڵەدا چاوەقووله لە سابڵاغ و دەوروبەری داکەوتووە وچەندپیاوی ناوداری ناوچەکەپێی مردوون لەوانە: مەلاعەبدولحەکیم و

شێخ عەبدوڕڕەحیم. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ دەسخەتەکە لە ساڵی ١٢٨٩دا بە دەستی «عبدالقادر الاسکیبغدادی» نووسراوەتەوە.

٩. لاپەڕە ٢١، ژمارە ٨، ١٥٥٤۴ (د. ص)، تفصیل الجرجانی، محەممەد، ساڵی ١٣٠۴ لە گوندی حەمامیان لەژێر سێبەری چناردا نووسیویەتەوە؛

١٠. لاپەڕە ٢٥، ژمارە ۴، ١/۶٩٥٧ (د. ص)، حاشیەی عبدالحکیم و اسماءالله، جەلالەددین کوڕی عەبدوڕڕەحمان ساڵی ١٢٧٢ لە ڕەواندز نووسیویەتەوە و دوایی لە گوندی تورجان لەسەر نوسخەی مەولانا عەلی قزڵجی موقابەلەی کردووە.

١١. لاپەڕە ٣٣، ژمارە ١٠، ١/٢٠٧٣٨ (د. ص)، قول احمد، محەممەد لە ساڵی ١٣٠٩ لە گوندی عەرەب ئۆغڵووی خواروو لە خزمەتی مامۆستا مەلا ساڵحی پێنجوێنی نووسیویەتەوە؛

١١. لاپەڕە ٣۶، ژمارە ١٣، ٢/٢٠٧٣٨ (د. ص)، قەرەباغی، ساڵی ١٣١٠ لە گوندی قەهراباد کە گوندێکە لە ناوچەی موکری، محەممەد کوڕی مەلا ظاهیر نووسیویەتەوە.

من لێرەدا چەند نموونەیەکی کەم لەو بابەتانە دێنمەوە کە پێوەندیان بە شاری بۆکان و دەوروبەرییەوە هەیە و سەرنجدانی هەموو لاپەڕەکان بۆ ئەویندارانی مێژووی زانست و بیر لە ناوچەی بۆکان دەهێڵمەوە:

١. بەرگی ٢، لاپەڕە ١٩ «سەعدەددینی»، ڕەسووڵی کوڕی محەممەدی ئەرمەنیبڵاغی لە ساڵی ١٢٨۶ لە مەدرەسەی بۆکان نووسویەتییەوە؛

٢. بەرگی ٢، لاپەڕە ٢٠ تەسریفی مەلا عەلی، محەممەدی کوڕی مەلا عەبدولفەتاحی مودەرریس لە مەدرەسەی بۆکان نووسیویەتەوە؛

٣. بەرگی ٢، لاپەڕە ٢٠ شەرحی موغنیی میلانی، یەعقووبی کوڕی ئەحمەد، ساڵی ١١١۴ لە گوندی بورهان لە فەرمانڕەوایی محەممەدعەلی سوڵتاندا نووسیویەتەوە؛

۴. بەرگی ٢، لاپەڕە ٣٩ تەجویدی قزڵجی و فەرائیزی قزڵجی؛

٥. بەرگی ٢، لاپەڕە ٧٤، پارچە شێعرێکی ئایینی خەلیفە مەلا عەبدوڕڕەحمانی کەلبەڕەزاخانی؛

٦. بەرگی ٤، لاپەڕە ٦ کۆچیدوایی مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، پێنجی موحەڕەمی ١٢٩٦ کۆچی؛

٧. بەرگی ٤، لاپەڕە ١٣ و ١٤ چوار کتێب کە لە «گوندی بۆکان» نووسراونەتەوە؛

٨. بەرگی ٤، لاپەڕە ٢١ سێ کتێب کە لە حەمامیان نووسراونەتەوە؛

٩. بەرگی ٤، لاپەڕە ٣٦ یەک کتێب لە گوندی قاراوای موکریان؛

١٠. بەرگی ٥، لاپەڕە ٩ یەک کتێب لە گوندی حەمامیان.

لە کتێبی قەرەداغیدا ناو و شێعری ئەحمەدی کۆر، نەسروڵڵا تورجانی، عومەرخانی موکری، قازی مەحموودی موکری کوڕی محەممەد، هەروەها ناوی هەندێ گوندی وەک بوغدەکەندی و تورجان هاتووە. بەگشتی کتێبەکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مێژووی فەرهەنگیی بۆکان و ناوچەی موکریان و پاشماوەی بەشەکانی کوردستان.

ڕوونکردنەوە: هێشتا من چاوم بە بەرگی شەشەمی ئەو زنجیرە کتێبەی مامۆستا نەکەوتووە، بەڵام لەم دواییانەدا بەرگی ٧ ـ ٨ یم کەوتەدەست و بەناچار دەبێ بۆ ئەم کاتە، چاو لە بەرگی شەشەمی بپۆشم و بچمە سۆراغی بەرگەکانی دواتری. لێرەدا لەو بابەتانە دەدوێم وا لە بەرگی ٧ ـ ٨ی کتێبەکەدان و شار و ناوچەی بۆکان دەگرنەوە.

با لەپێشدا دەسنیشانی خاڵێک بکەم کە لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە و دیتنی دەیان و سەدان دەسنووسی دیکەی کوردیدا پێی گەیشتووم: بەداخەوە مەلا و فەقێ و خوێندەوار و زانای ئەو سەردەمانەمان کەمتر وا بووە کەسایەتییەکی سەربەخۆیان هەبێ و شوێنەوارێکی زانستیی گرنگی ئەوتۆ لەپاش خۆیان بەجێبهێڵن کە ئەمڕۆ بکرێ لە گۆڕەپانی جیهانیدا بیخەینە ڕوو و بڵێین ئێمەش لە مێژووی فکری مرۆڤایەتیدا دەورێکمان بووە و لە پێشخستنی بیری فەلسەفی یا زانستیدا ئەو هەنگاوانەمان هەڵێناوەتەوە. بەگشتی، سەدا نەوەدی ئەم کتێب و نامیلکانەی وا باسیان دەکرێ حاشیە یا حاشیەی حاشیە یا تەفسیری کتێبی بیرمەندانی بێگانەن.

«حاشـیەی مـەلا عەلـی» کـە ئەوهەمـوو نـاوەی دەرکـردووە، لـە ڕاسـتی‌دا هەندێک پەڕاوێزە کە لەسەر کتێبی «زمخشری» نووسراوە جا بزانە حاشیە لەسەر حاشیەی مەلا عەلی دەبێ چی بێ! ئەوانی دیکەش بەو چەشنە.

ئەوە داخ و کۆسـپێکی گەورەیە، بەڵام من کە ڕاسـتییەکە بەچاو دەیبینم، نابێ لە دەربڕینـی بسـڵەمێمەوە. دەبێ بپرسـم: چۆنـە ئێمە زانا و بلیمەتـی گەورەمان بووە، بـەڵام زۆربەیـان پاشـماوەخۆری بێگانـان بـوون؟ گەلـۆ باوەڕبەخۆیی لـە نێومان‌دا کـەم بـووە؟ یـا هـەر بەگشـتی ڕادەی خوێندەواریمـان ئەوەندە بەرز نەبـووە؟ ئەوە پرسـیارێکی گرنگـە و نە لێـرەدا وەڵام دەدرێتـەوە و نە من پاڵەوانی ئـەم مەیدانەم، بەڵام لام وایە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان دەبێ و هیوادارم لاوەکانمان لە دواڕۆژ بەشوێن وەڵامدانەوەی‌دا بگەڕێن.

دوای ئـەم سـەرەتایە، بـا بچمە سـەر باسـی ئەسـڵی، واتـە پشـکنینی بەرگی ٧ ـ ٨ی کتێبی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەسنووسـەکانیانەوە» دانراوی مامۆستا محەممەدعەلی قەرەداغی بۆ ئەو بابەتانەی وا بۆکان یا کەسایەتییە بۆکانییەکان دەگرنەوە.

**بەرگی حەوتەم**[1]

بەشی حوجرە و مەدرەسەکان:

١. [حاشـیەی]قزڵجـی بەسـەر تەسـریفی مـەلا عەلییـەوە. مسـتەفای کـوڕی مەلا ڕەسووڵی تەلانی ساڵی ١٣٤٧ لە گوندی بانەگلان نووسیویەتەوە. (ل ١٢)؛

٢. حاشـیەی مـەلا عەلـی قزڵجـی بەسـەر تەسـریفەوە. محەممەدئەمینـی وەڵـزی لەبەرخاتری مامۆستا ئیسماعیل ساڵی ١٣٣٤ لە گوندی پاراستان نووسیویەتەوە (١٣)؛

٣. حدایـق الدقایـق فـی شـرح رسـالة علامـة الحقایـق فی نحـو الانمـوزج لجارالله زمخشـری. شـەرحەکە ناسـراوە بە شـەرحی سـعدالدین، سـەعدوڵلای گەورە،

---

١. محەممەدعەلـی قەرەداغـی، «بووژاندنـەوەی مێـژووی زانایانـی کـورد لـە ڕێگـەی دەسخەتەکانیانەوە»، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، بەرگی حەوتەم ٢٠٠٧، ٣٧٨ لاپەڕە، بەرگی هەشتەم ٢٠٠٨، ٣٩٨ لاپەڕە، کوردی.

سولەیمانی جوانڕۆیی ساڵی ١٢٦٤ لە گوندی تورجان لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی‌دا نووسیویەتەوە (١٤)؛

٤. النهجة المرضیة فی شرح الفیه؛ سولەیمانی جوانڕۆیی لە گوندی تورجان نووسیویەتەوە (١٤)؛

٥. نامیلکەی ئیستیعارە یان «بیان البیان»ی مامۆستا مەلا ئەبووبەکری میرڕۆستەمیی عەبدولفەتتاحی دۆڵەموویی ساڵی ١٣٣٧ لە گوندی زەنبیل نووسیویەتەوە (١٧)؛

٦. منظومة «کفایة المعانی» بەیتووشی، ساڵی ١٣٠٥ لە گوندی شەرەفکەند لە ناوچەی موکریی نووسراوەتەوە (٢١)؛

٧. شەرحی «اسماء الاربعین»، واتە چل ناو لە ناوەکانی خودا، لە گوتەی شێخ شەهابەددینی سوهرەوەردی. عەبدولقادر لە حوجرەی گەلاڵە لە مەدرەسەی مامۆستا مەلا محەممەدی ڕەئیسی بۆکانی ساڵی ١٣٤٨ نووسیویەتەوە (٢٧)؛

٨. تەجویدی قورئان بە فارسی، دانراوی مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی. ڕەسووڵی کوڕی ڕۆستەمی کوڕی ئیسماعیلی بانەیی ساڵی ١٢٩٧ لە گوندی نێزەڕۆ نووسیویەتەوە (٣٠)؛

٩. جیا لەوانە، چەند دەسنووسی پەیوەندیدار بە شاری سابڵاغ و شنۆ و بانە و بەگشتی ناوچەی موکریانیش لە کتێبەکەدا دەبیندرێن.

**بەرگی هەشتەم**

بەشی حوجرە و مەدرەسەکان:

١. حاشیەی قزڵجی، ڕەسووڵی کوڕی خدری کوڕی محەممەد، ساڵی ١٣٢٨ لە مەدرەسەی مەلا محەممەد (ئەسوەد) لە گوندی سێدالان نووسیویەتەوە؛

٢. حاشیەی زێباری، ئەحمەدی کوڕی عەبدوڕڕەحیمی دەرەهەردیی ساڵی ١٢٢٨ لە گوندی بۆکان نووسیویەتەوە [واتە، بۆکان لە ساڵی ١٨١٣ی زایینی‌دا گوندێک بووە.]؛

٣. حاشیەی میر ئەبولفەتح، ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحیمی دەرەهەردی لە گوندی بۆکان نووسیویەتەوە؛

٤. حاشیەی قزڵجی بەسەر تەصریفی مەلا عەلییەوە. لوطفوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای

ئەنصاری تالشــی دۆڵاوی ســاڵی ١٣٢٦ لە گوندی ســوننەتەی ســەر بە سەقزی کوردستان نووسیویەتەوە.

چەند دانراوێکی قزڵجی:

١. حاشیەی قزڵجی بەسەر تەصریفی مەلا عەلییەوە، محمد اسعد بن ملامحمدامین الهوائی فی سـنة سـیصد چهل از جامع مولانا و أولاناشـیخ محمد سلمه الله فی الدارین. حاشیەی قزڵجی بەسەر تەصریفی مەلا عەلی (تتمیمالزنجانی)یەوە.؛

٢. حاشـیەی قزڵجی بەســەر الفوائد الضیائیەوە المساماة المشهورة بالجامی؛ علی ید اضعف الطلاب امین یومنی فی مدرسة شمو... بیلی، ساڵی ١٣٢٣؛

٣. دانراوێکـی مامۆسـتا مـەلا محەممـەد تورجانـی قزڵجـی لـە زانسـتی فەلەک و هەیئەتدا. سودە الحقیر احمد ئاکۆیی من رسالة مکتوبة بخط المؤلف فی خمس مضـی مـن الشــهر جمادی الاول ١٣٥١. ١٦ لاپەڕەیە و لـە کتێبخانە بچکۆلەکەی خۆمدایـە [کتێبخانـەی قەرەداغی]. [ئەم مەلا محەممەدە کوڕی مەلا حوسـێن و ئامـۆزای قزڵجییـەکان بـوو. لە شۆڕشـی سـمکۆدا سەرنووسـەری ڕۆژنامەی «کورد» بوو کە لە ورمێ دەردەچوو.]

لـە کۆتایـیدا دەبـێ بڵێم کە پشـکنینی وردتری کتێبەکان وا هەیـە بابەتی زیاتری سەبارەت بە بۆکانیان لێدەربکەوێ. هەرکاتیش بەرگەکانی دیکەی ئەم کتێبە نایابەم دەسـت بکـەوێ بە هەمان شـێوە بابەتی سـەبارەت بـە بۆکانیان تێدا دەدۆزمەوە و ڕایاندەگەیەنم.

نووسـەرانی مێـژووی موکریانیـش، بەتایبـەت مەهابـاد دەتوانـن گەلێـک بابەتی بەکەڵکی سەبارەت بە ناوچەکە لەم کتێبەدا بدۆزنەوە.[١]

---

١. محەممەدعەلـی قەرەداغـی، «بووژاندنـەوەی مێـژووی زانایانـی کـورد لـە ڕێگـەی دەسـخەتەکانیانەوە»، بەرگـی یەکـەم: بەغـدا ١٩٩٨، بەرگـی دووهـەم: بەغـدا ١٩٩٩، بەرگی سێهەم: بەغدا ٢٠٠٠، بەرگی چوارەم: بەغدا ٢٠٠٢، بەرگی پێنجەم: بەغدا ٢٠٠٣، کوردی.

## کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی

ئـەم کتێبـە نووسـراوەی مامۆسـتا محەممەدسـاڵح ئیبراهیمییـە کـە بەبـێ نـەزم و ڕێکوپێکی، دەیان بابەتی جیاوازی تێدا کۆکراوەتەوە.

هۆی هێنانی ناوی کتێبەکە لێرەدا ئەوەیە نووسەر هەندێ زانیاریی لەسەر گوندی گاگەشـی مەنگوڕان و چەند گوندێکی دەوروبەری بۆکان نووسـیوە کە ئەم گوندانە بابەتـی بـۆکان دەگرنەوە. گەرچی لێرەشدا ئەم کارە بە ڕێکوپێکی نەکراوە و دوای شـنۆ و گاگەش نووسـەر گەیشتۆتە سەر گوندی سێوەدین و سەدراباد، ئینجا بازی داوەتە سەر سەردەشت و گەڕاوەتەوە مەنگوڕایەتی و پاشان بۆکان.

ئەوانەی بابەتی ئێمە بگرنەوە بریتین لە:

سـێوەدین (لاپـەڕەی ١٤٢)، سـەدراباد (١٤٣)، تەرەغـە (١٤٦) و ئیسـاکەند (١٤٦). زانیارییـەکان لـە چەنـد دێـڕ تێناپـەڕن کـە هەڵکەوتـی جوغرافیایی و حەشـیمەت و ئیشوکاری ئابووریی خەڵکی گوندەکان دەگرنەوە.[١]

---

١. محەممەدسـاڵح ئیبراهیمی (شـەپۆل)، «کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی»، بەرگی سێهەم، چاپی دووهەم، نشر مستوفی، تاران، ٢٠٠١، ١٧٩ لاپەڕە، کوردی.

## کوردستانی موکری، حوزنی موکریانی

کتێبی کوردستانی موکری، نووسینی نەمر حوسێن حوزنی موکریانی لەو کتێبانەیە چاوەڕوان دەکرێ زانیاری زۆری لەسەر بۆکان تێدابێ، بەڵام بەداخەوە وانییە.

لە «بەندی یەکەمین»، واتە لاپەڕە ١ تا ٥٠ی کتێبەکەدا باس لە چەند عەشیرە دەکرێ وەک دێبوکری و حەسەنخاڵی و تەنانەت کۆگوندی «یەختەچی»ی ناوچەی بۆکانیش بە عەشیرەتێک داندراوە (ل ٤٥).

لە باسی دێبوکرییەکاندا، حوزنی لە مارفئاغا و حاجی ئەحمەدئاغای ئێلخانی باوکی عەلیئاغا و مەحموودئاغا و حاجی بایزئاغا دەدوێ (ل ٤٦) و لە لاپەڕە ٥٠شدا باسی دەشتی ناچیت یا وشتەپەی دەوروپشتی بۆکان دەکا.

لە بەشی کۆتایی کتێبەکەشدا، وێنەیەکی مەجیدخانی میرموکریی میاندواو و وێنەیەکی سەردار عەلیخانی بۆکان داندراوە.

پاشماوەی کتێبەکە، واتە لە بەندی دووەمینەوە (ل ٥١) تا کۆتایی (لاپەڕە ٤٦٦)، مێژوویەکی گشتیی کوردستانە، کە زۆرجار ناوچەی موکریان دەگرێتەوە، بەڵام هەندێ جار دەبێتە مێژووی گشتی بۆ هەموو کوردستان و پێوەندیی زۆری بە موکریانەوە نامێنێ. بۆکان لەوە زیاتری وەبەرنەکەوتووە.[١]

١. حوسێن حوزنی موکریانی، «کوردستانی موکریان یا ئاتروپاتین (آذربایجان) لە سەرەتای تەئریخیەوە هەتا سەیفەددین موکری ساڵانی ٨٧١/ ١٤٦٦»، چاپی یەکەم، ڕەواندز مطبعەی زاری کرمانجی ١٩٣٨، کوردی.

## هەڵکەوتی دیرێکی لە کوردستان

ئەمر حوسێن حوزنی موکریانی پێشڕەوی مێژوونووسینی کوردستانە و دەبێ بە یەکێک لە مێژوونووسانی کوردستان دوای شەرەفخانی بدلیسی دابندرێ.

کتێبی جێگەی باسی ئێستا کۆمەڵەی هەندێک وتارەهەواڵن سەبارەت بە کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و شۆڕشی بارزانییەکان، هاتنیان بۆ ئێران، گەڕانەوەی بەشێک بۆ عێراق و پەڕینەوەی قارەمانانەی بەشێکی تریان بۆ دیوی سۆڤیەت.

هەواڵەکانی بەشی ١ و ٢ی کتێبەکە بەگشتی سەرچاوەی بیانین، وەک ڕۆیترز یا ڕادیۆی بی. بی. سی و گۆڤارە عەرەبییەکان کە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیان بە شێوەی ڕۆژانە باس کردووە. بەشی سێهەم بەگشتی هەڵسەنگاندنەکانی خۆیەتی لەمەڕ شۆڕشی بارزان، بەڵام میحوەری گشتیی باسەکان شۆڕشی بارزانە.

ئەوەی لە کتێبەکەدا بۆکان بگرێتەوە کەمنین، هەواڵی ئەو ڕووداوانەی والە موکریان و لە مەهاباد ڕابردوون و ئاشکرایە بۆکانیش دەگرنەوە، بەڵام هەواڵی تایبەت بە بۆکان و ئاغا و سەرۆکهۆزی بۆکانی، هەروەها ئیعدام و لێدانی ڕێبەران و ئازادیخوازانی کوردیش لە چەند لاپەڕەدا ڕەنگیان داوەتەوە:

- لاپەڕە ٤١: «ناوی ئەو ئاغاواتە کوردەی وا دوابەدوای هەرەسی کۆمار بانگ کرانە تاران و بۆ ئەو یارمەتییەی کە ئاڕاستەی حکوومەت و سپای ئێرانیان کردبوو، میوانداری کران و چاویان بە شا کەوت، لە ناویاندا مەحمووودئاغای ئێلخانی، عەبدوڵڵائاغای ئێلخانیزادە، سمایلئاغای عەباسی (سەرا)، هەروەها ئاغاواتی گەورک و شێخئاغایی دەبیندرێن.» [سەمەرە ئەوەیە مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی، دژبەری ڕەزاشا لەنێو ئەو کەسانەدا دەبیندرێ کە چۆتە دیداری شا!] (کوردستانی ژمارە ٨١).
- لاپەڕە ٤٣: «عەشیرەتی قادری [؟] کە هەواخوا (لایەنگر)ی کوردستانی ئازاد بوو، ڕوئەساکانی گیران و دران بە مەحکەمەی عەسکەریی حکوومەتی تاران،

لە شـاری بـۆکان محاکمە کران. کوردەکانی فەیزوڵڵابەگـی لاگیری حکوومەتی جەمهووریی کوردستانی ئازاد بوون و درانە مەحکەمەی عورفی عەسکەری و مەحکووم کران.»

- لاپـەڕە ٤٣: «... چەنـد ئاواییەکـی کـوردەکان تـاڵان کران. فەرمانـدەی تاران لە سنووری سەقز وای بڵاوکردەوە کە چەند کەسێکی کوردی مەحکووم لە سەقز و جێگایانی دیکە بە درداکران و خنکاندیانن.» [ئاماژە بە ١١ شۆڕشـگێڕی کوردە کە لە سەقز لە داری بێداد دران].
- لاپەڕە ٤٧: «ڕەئیسـەکانی کوردی مەهاباد و سـەقز و بانە و مەریوان [و دیارە بۆکانیـش]، کـە هاتبوونـە تـاران، بـە ڕێـز و حورمەتـەوە نەوازشـت کـران و خاوەندشکۆ شاهەنشا بە دەستی خۆی خەڵاتی پێدان و نەوازشتی کردن... ئەو سەرانی ئێلات و عەشایری کوردان بە ئێمەڕا هاودەردی و هاوزەحمەتیان کرد لە کاتی ئاشووبپەرستەکانی ماجەراجۆیانی...»
- لاپەڕە ٥٦: جەنگ لە کوردسـتانی ئێراندا هێشـتا هەیە... حکوومەتی تاران ئەوە بـوو بـە چەند هەفتەیێ زۆر بەگەرمی لەگەڵ کوردەکانی بارزانی لە نێوان سـێ شاری میاندواو و مەهاباد و ورمێدا، شەڕیانە.

د. کوردستان موکریانی، پێشەکیەکی زۆر کەم و ناتەواوی بۆ کتێبەکە نووسیوە.[١]

---

١. حوسـێن حوزنی موکریانی، «هەڵکەوتی دێریکی لە کوردسـتاندا»، پێشەکی د. کوردستان موکریانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ٩٦ لاپەڕە، کوردی.

**افتتاح ناصری**

ئێرانی و ئازەربایجانییەکان سەبارەت بە شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ی شێخ عوبەیدیللای نەهری گەلێکیان کتێب و یادداشت و بیرەوەری نووسیوە. یەک لەوانە کتێب یاخود نامیلکەیەکە بەناوی «افتتاح ناصری» کە بەناوی ناسرەددین‌شای قاجارەوە کراوە و عەلی‌ئەکبەری سەرهەنگ نووسیویەتی.

یادداشتەکانی سەرهەنگ گەلێک لایەنگرانە و دژی شێخ، هەروەها دژی کورد نووسراون و زۆرێک لە ڕووداوەکانی ورمێ، شنۆ، مەهاباد، میاندواو و بناوی لە ڕوانگەی خۆیەوە تۆمار کردوون، بەڵام لە نێو هەواڵ و بۆچوونەکانی‌دا ڕاستەقینەی جینایەتەکانی سپای ئێران دەردەکەوێ، بۆ نموونە، لە باسی شەڕی سپای ئێرانییەکان لەگەڵ «فەیزوڵڵابەگ»ی لایەنگری شێخدا دەنووسێ:

«ئەو ئافرەت و منداڵانەی لە گوندەکان‌دا مابوونەوە، بە ئاگر سووتان» (ل ١١٧).

لە ماوەی ڕاپەڕینەکەدا هۆزی فەیزوڵڵابەگی لەگەڵ سپای شێخ کەوتوون و شەڕی لەشکری ئێرانیان کردووە و بەو بۆنەیەوە دوای هەرەس‌هێنانی شۆڕشەکە، لەشکری عەجەم بە میاندواودا بەرەو تیکانتەپەی هەوشار و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان هاتوون و لە گوندی قوڕەبەراز و جامەردەوە سپای فەیزوڵڵابەگییان بەرەو بۆکان (کە دەڵێ گوندی سەیفەددین‌خان کوڕی سەردار[عەزیزخان]ە ڕێی‌ناوە و بەرەو گوندی مەڵڵالەر و قەڵا(ی ڕەسووڵەسیت) ڕۆیشتوون، لەوێ خان باباخانی کوڕی مەجیدخانیان لەگەڵ پازدە کەسی تر کوشتووە. مەجیدخان لەلایەن شێخ عوبەیدیللاوە کرابووە فەرمانڕەوای سابڵاغ. کەس‌وکاری کوژراوان بەرەو گوندی حەمامیانی بۆکان ڕۆیشتوون و سپای عەجەم کەوتوونەتە شوێنیان، هەتا لەوێش دەریان‌دەکەن. نووسەر دەڵێ سەربازانی سپاکە تورک بوون و بەشێکیان میاندواوی بوون کە هەر ئەوان بوون بەهۆی کوژرانی خان‌باباخان. هەروەها دەڵێ سەیفەددین‌خان لەگەڵ ئاغاپاشای برای قادرئاغا هاتن

بۆ سەربازگەی دەوڵەتی (واتە لای ئەوانیان گرت).

کاک محەممەد حەمەباقی کتێبی «افتتاحی ناصری»ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە لاپەڕە ٧٣ تا ١٤٤ی «ئەکادیمی» گۆواری کۆڕی زانیاریی کوردستان، ژمارە ٤دا چاپی کردووە.[١]

١. افتتاح ناصری، ئەکادیمی، گۆواری کۆڕی زانیاریی کوردستان، هەولێر، ژمارە ٤، ساڵی ٢٠٠٦، لاپەڕەی ٧٣ تا ١٤٤، کوردی.

## مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

«چەنـد لاپەڕەیـەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان» کۆمەڵەی ١٧ وتاری سـەربەخۆیە کە زۆربەیان پێشـتر لە چاپەمەنییە دەورەییەکانی باشـووری کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە.

بابەتی کتێبەکە مێژوولکەی چەند ڕاپەڕین و خەباتی گەلی کورد، هەروەها چەند ڕێکخـراوە یـا حیزبی سیاسـی و چەنـد چاپەمەنییەکی دەورەیی کوردی یا فارسـین کـە لـە پەیوەندیی گەلی کـورددان. دوو خاڵ لەمەڕ کتێبەکە سەرنجڕاکێشـن، یەکیان ئەرێنی و ئەویتر نەرێنی:

خاڵی ئەرێنی کتێبەکە ئەوەیە نووسەر چۆتە سۆراغی هەندێک بابەتی باسنەکراو یـا کەمتـر باسکـراو و بـەوە توانیویەتـی ڕووناکی بخاتە سـەر ئەو لایەنـە لێڵانەی مێـژووی کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتان؛ بـۆ نموونـە باسـی ڕۆژنامـەی «نامـەی کوردسـتان» یـا «حیزبی ئازادیی کوردسـتان» و «کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردسـتان»ی کـردوون کـە زانیاریی لەسـەریان کەمە و ئـەوەش هەنگاوێکی گەلێـک بەنرخە، واتە دووپاتکردنـەوە و جوونـەوەی بابەتی ڕاگەیەندراوی پێشـوو نییە و من خۆم زۆر شتی لێ فێربووم.

بەڵام خاڵی نەرێنیی کتێبەکە ئەوەیە بەداخەوە مۆرکی کەم دیققەتی پێوە دیارە و گەلێک هەڵەی تێدا کراوە کە بە پێداچوونەوەیەکی ساکاری کەس یا کەسانی پسپۆڕ دەکـرا بەرگرییـان لێبکرێ لەوانە، ناوی کەسـایەتییەکانە، وەک «فەرامیرزا» لەجیاتی فەرهادمیـرزا (ل ٤٩)، «تەتەبایـی» لەجیاتی تەباتەبایـی (٥٤)، «ئیرەج مەتبووعی» (؟) و «حەرەمی حەزرەتی» (؟) (٦٦)؛ «ئەسـعەدئاغای دێبوکری» لەجیاتی عەلیئاغای ئەمیر ئەسـعەد (٧٥)؛ «میـرزا مەنگـوڕی» لەجیاتـی «میرزا محەممەدئەمیـن مەنگوڕی» (٨٦)؛ «عەشـیرەتی شاسەیوان فارسـن»، کە ئاشکرایە هەڵەیە، فارس نین و کوردی سوننە بوون و ڕاگوێزراونەتە ئەو ناوچەیە، لەوێ بوونەتە تورکی شیعە! (٩٨) یا ئەوەی کە

«ملکالشعرای بهار» شاعیری ئێرانی بە «شاپەرست» ناو بردووە لە کاتێکدا «بەهار» دژبەری جیددیی سیاسەتەکانی ڕەزاشا بوو و لە سەردەمی ئەودا زیندانی کرا (هەمان لاپەڕە)؛ «سیفالقچاه» لەجیاتی سەیفولقوزات (١٠١)؛ «تورکەکان... دەیانەوێ خۆ لە خراپەکاری تورکەکان ڕزگار بکەن» کە دووهەمیان دەبێ «کوردەکان» بێ (١١٩)؛ «ڕەحمەتئاغا» لەجیاتی ڕەحمانئاغا (٢٣٣) و دەیان هەڵەی هاوچەشنی تر، بۆ نموونە ناوبردنی «سمایلئاغای سمکۆ» بە سمایلخان و «عەلیبەگی شێرزاد» بە عەلیخان و هێنانی هەندێک ناوی وەک «حاجی خوسرەوی» کە ڕوونی نەکردۆتەوە کێیە یا لە لیستەکردنی ناوی ئەو شوێنانەدا کە شیعەی کوردی تێدا نیشتەجێن، ناوی شوێنێکی گرنگی وەک «بیجاڕی گەڕووس»ی نەهێناوە، بەڵام لە شیعەی «دەشتەتاڵی بانە« دواوە (١٥)... ئیتر باسی شێوازی ناساندنی سەرچاوەکان نەکەین کە بە پێوانەی نووسینەکانی ئەمڕۆ نەک هەر لە ئورووپا، بەڵکوو لە ئێرانیش، ناتەواویی زۆر جیددیان تێدایە.

بەڵام سەبارەت بە بۆکان بابەت لە کتێبەکەدا کەم نین، گەرچی هەڵەوپەڵە داوێنی ئەوانیشی گرتووە:

١. «خێڵی موکری... لە تەمووزی ١٩١٨دا لە نزیک سەقز پەیوەندییان بە کۆنسوولی ئینگلیز لە کرماشانەوە کرد...» (ل ٤٧)؛

٢. «عەشیرەتی مەنگوڕ لە ناوچەکانی سابڵاغ، خانە، سەردەشت و بۆکان نیشتەجێن» (٦٩)، کە لەمەڕ بۆکانەوە هەڵەیە؛

٣. «دوای ئەو ڕووداوانە، ئەنجومەنی بەرزی ئێران [دەوڵەت یا پەرلەمان؟]، بەپەلە داوای «عەلیبەگ» نوێنەری حکوومەتیان لە شاری سابڵاغ کرد... هەر دوای گەڕانەوەی عەلیبەگ لە تاران کەوتە پەیوەندیکردن بە ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردانەی کە سەر بە حکوومەت بوون و دژایەتییان لەگەڵ مەنگوڕدا هەبوو وەک قەرەنیئاغای مامەش و ئەسعەد ئاغای دێبوکری...» (٧٥). ئەم عەلیبەگەی باسی دەکا، عەلیبەگی حەیدەری، واتە عەلیبەگی حاجیاڵیکەندە.

٤. پەڕاوێزی لاپەڕە ١٠١ لە وتاری سەبارەت بە خێڵی جەلالی باس لە پێکهاتنی

«ڕێکخراوەیەکی بچووک» لە شاری مەهاباد دەکا کە «لە ساڵی ١٩٢٧ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خۆیبوون پێکهات... ٢٠ هەزار کەس ئەندامی بوون و گرنگترینیان عومەرخانی شکاک، سەیفولقوزات، حاجی بابەشێخ، عەلیئاغای دێبوکری و کوێخا ڕەحیمی شێخی بورهان بوون» (١٠١). هەواڵەکە بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عێراقییە. نووسەر لە درێژەیدا هەروەها گوتوویەتی «کەریم حیسامیش لە کتێبی قافڵەی شەهیدانی کوردستانی ئێراندا ناوی ڕێکخراوەکەی هێناوە و قازی محەممەد، شێخ ئەحمەدی سریلاوا، کاکەحەمەی بۆکان و مەلا سادقی قزڵجی و مەلا ئەحمەدی فەوزی بە ئەندام ناوبردوون» (هەمان لاپەڕە). دیارە لێرەشدا هەڵە ڕوویداوە و قازی کاکەحەمەی قزڵجی بە دوو کەسی جیاواز ناوبراوە؛ ناوی تەواوی قازی کاکەحەمە بریتی بوو لە «قازی محەممەدسادقی قزڵجی بۆکانی». عەلیئاغای دێبوکریش هەمان عەلیئاغای عەلیار (ئەمیر ئەسعەد)ە و کوێخا ڕەحیم نییە و شێخ ڕەحیمی کوڕی شێخی بورهانە.

٥. لە وتاری لەمەڕ «حیزبی ئازادیی کوردستان»دا نووسەر دوکتۆر عەزیز زەندی (عەزیز ئاڵمانی) بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە ناساندووە و گوتوویەتی ناوبراو لە گوندی قالویٚ زەندان لەدایکبووە و پاشان چۆتە مەهاباد. دیارە لە ناوچەی گەورکی نێوان بۆکان و مەهاباد و سەقز و سەردەشتدا ٣ گوند بەناوی «قالویٚ» هەن کە یەکیان قالویٚ زەندانە[1] باش دەبوو ئەگەر کورتە زانیارییەکی لەو چەشنە سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی سەرۆکی حیزبەکە درابایە خوێنەر (لاپەڕە ١٤١).

٦. لە لاپەڕە ٢١٠دا گێڕانەوەیەک هەیە لە کەریم حیسامی سەبارەت بە هەڵسووڕانە سیاسییەکانی دوای هەرەسی کۆماری کوردستان کە تێیدا باسی بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندننامەیەکی دەسخەت لەلایەن «مەلا ئەمجەد»ەوە کراوە.

١. من لە ساڵی ١٣٤٢دا بۆ کاری چاوەدێریی «هەڵبژاردن!»ی پەرلەمان، لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگی بۆکانەوە نێردرامە ئەویٚ.

دیارە ئەو کەسە، نەمر مەلا ئەمجەدی قەڵای ڕەسووڵەسیت (عوسمانی)یە لەسەر چۆمی مەجیدخانی نێوان میاندواو و بۆکان، کە گەلێکیش خەتخۆش و ئەندامی هەڵسووڕاوی کۆمەڵەی «ژ. ک» و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و دەکرا لە پەراوێزدا ناساندنێکی کورتی ئەوتۆ کرابایە.

٧. لە لاپەڕە ٢١٠وە هەتا ٢٢٩ باسی ڕۆژنامەی «ڕێگا»یە ئەو ڕۆژنامەیەی وا تاقە یەک ژمارەی لێدەرچوو و ڕێزدار «مامەغەنی بلووریان» لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە. لەوێدا ناو لە نەمر «حەسەنی قزڵجی» و «عەلیبەگی شێرزاد» براوە. کێشەی ڕێکەوتی دەرچوونی ڕۆژنامەی ڕێگا دوای بڵاوبوونەوەی بیرەوەرییەکانی نەمر «محەممەدی شاپەسندی» ئاڵوز ببۆوە و باش وابوو نووسەر لە پەراوێزیشدا بووایە ئاماژەیەکی بە بۆچوونی ئەویش بکردایە.

٨. لاپەڕە ٢٣٠ تا ٢٤٨ وتارێکی سەبارەت بە «کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان» گرتۆتەبەر، کە ڕێزدار سەلاحوددینی موهتەدی، نەمر محەممەدی ئێلخانیزادە و چەند کەسی تر لە ساڵی ١٩٦٣دا بنیاتیان نا و ساڵێک زیاتر تەمەنی نەبوو. باسی حیزب یا کۆمەڵەکە و چۆنییەتیی دامەزران و ئامانجی پێکهاتنی بەکورتی و سووکە ئاماژەیەکیش بە ژیانی کاک سەلاح کراوە و گوتراوە نووسەر چەند جار چاوی بە کاک سەلاح کەوتووە، بەڵام نووسیویەتی «هیچ کات بە درێژی لێم نەبیستووە جەنابی دەربارەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و هۆکاری دەرچوونەدەری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆمەڵە شتێکی ئەوتۆی باس کردبێ». جا بۆچی لەو چەند دانیشتنەدا پرسیاری لێنەکردووە، ڕوون نییە.[1]

١. دکتۆر یاسین سەردەشتی، «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، بەرگی یەکەم، ناشر (؟)، سلێمانی ٢٠٠٧، ٢٩٢ لاپەڕە، کوردی.

## کورد و عەجەم

کتێبی «کورد و عەجەم» نووسینی کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین بەناوی خوازراوەی «سالّح محەممەدئەمین»ەوە، ڕوانینێکی خێرا، بەڵام بەنێوەرۆکی مێژوویی کوردە لە پەیوەندیی ئێرانییەکاندا لە سەدەی شازدەهەمی زایینی و دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوییانەوە تا ٢٠ ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەم، واتە ڕاپەڕین و تێکشکانی سمکۆ لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا. کتێبەکە کەمتر چۆتە باسی بۆکانەوە، بەڵام لە زۆر ڕووداوەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی لە موکریان و ناوچەی مەهاباد دواوە کە زۆربەیان بۆکانیش دەگرنەوە، بۆ نموونە:

- باسی داگیرکرانی قەڵای گاودۆڵی کوردان لە ناوچەی هەوشار و موکریقڕان بەدەست شاعەباسی سەفەوی (وەرگێڕاو لە عالەمئارای عەباسی)، لاپەڕە ٩٣ ـ ٩٦.
- بلّباس لە عێلی ڕۆژەکییە، کە لە سەردەمێکدا لە چوارگۆشەی ورمێ ـ سەقز ـ شارەزوور ـ ڕەواندزدا هێزێکی گەورە بوون (وەرگێڕاو لە الغزاوی)، لاپەڕە ١٠٣.
- مەڵبەندی موکریان لەلایەن هێزی شێخ عەبدولقادر (کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)یەوە ئازاد کرا، هێزەکانی شێخ بریتی بوون لە پیاوگەلی هۆزە کوردەکانی شەمزینان، ... گەورک، موکری، دێبوکری... لاپەڕە ١٧٠.
- کوژرانی حەمەحوسێنخانی سەرداری موکری بەدەست سپای تورک لە مەراغە، لاپەڕە ٢٨٣.
- دوای کوژرانی مارشیمۆن بەدەست سمکۆ، چەکدارەکانی ئاغا پەترۆس کەوتنە تەقەلّلای کردنەوەی ڕێگەیەک بۆ لای بیجاڕ و سایینقەڵا، کە لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیزدا یەک بگرنەوە، لاپەڕە ٣١٣ [ئەم باسی پاشەکشەی ئاسۆرییە مەزلوومەکان لە ورمێوە بەرەو خانەقین و تێپەڕبوونیان بە ناوچەی بۆکان یا نزیک ئەودا، جێگەی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەو دەمی بۆکان بزاندرێ.]
- مەسەلەی تاڵانکرانی ماڵی حاجی ئێلخانی لەلایەن هێزی سمکۆوە لە وتووێژە

گرنگەکانی مستەفاپاشا یامولکی لەگەڵ سمکۆ لە سلێمانی. بەگوێرەی قسەی سمکۆ، حاجی ئێلخانی نەک هەر خۆی دژایەتیی سمکۆی کردووە و چۆتە پاڵ دەوڵەت، بەڵکوو عەشیرەتەکانی دیکەشی هان داوە ئەم کارە بکەن، لاپەڕە ٣٥٢ ـ ٣٥٣.

ـ لە لاپەڕە ٣٦١ ـ ٣٦٢دا هەواڵێک لە زمان «محەممەد تەمەددون»ەوە سەبارەت بە ڕۆژنامەی کورد [یا «ڕۆژی کورد» یا بە قەولێک «ڕۆژی کورد، شەوی عەجەم»]، ژمارە ٢ ڕاگەیەندراوە [محمد تمدن، «اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه»، تهران، چاپ اسلامیه، ١٣٥٠].

هەواڵەکە سەبارەت بە شەڕی هۆزەکانی ناوچەی موکریانە لەگەڵ «سوارەی خالۆ قوربانی هەرسینی» کە دوای هەرەسی بزووتنەوەی جەنگەڵ لە گیلان، بایدایەوە لای ڕژیمی پەهلەوی و نێردرایە موکریان بۆ شەڕ لەگەڵ سمکۆ، کە پێش ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سپای سمکۆ هەر لەلایەن هۆزەکانی ناوچەی موکریانەوە سپاکەی تێکشکێندرا و خۆشی کوژرا.

لە شەڕی دژ بە خالۆ قورباندا ئەمیر ئەسعەد، واتە عەلیاغای عەلیار و «سوارئاغای سەرداری موکری» (واتە عەلیخانی سەرداری بۆکان و سوارەی بۆکانی) بەشدار بوون. ئەم ڕاپۆرتە گەلێک بەڕوونی باسی چۆنییەتیی شەڕەکە و شوێنی شەڕ لە «زاوابووک» و «داشامەجید»ی کردووە و دەڵێ دوای شکاندنی سپای خالۆ، سوارەی ئەمیر ئەسعەد «یەک عەرادە مەترەلیۆزیان دەسکەوتبوو». خالۆ قوربان سوارەی ئەحمەدی گوڵاویئاغای مەنگوڕ یا ئەحمەدخانی هەرکی کوشتیان، لاپەڕە ٣٦٢.

کتێبەکە، وەرگەڕاوەتە سەر زمانی فارسیش، بەڵام بەداخەوە تەرجەمەیەکی باشی نییە و سەدان هەڵەی تێکەوتووە. ئەو بابەتانەی لە سەرەوە باسیان کرا، لە تەرجەمە فارسییەکەدا کەوتوونەتە ئەم لاپەڕانەوە: ١٠٤، ١١٢، ١٧٥، ١٧٨، ٣٠١، ٣٣٥، ٣٧٩ و ٣٨٧.[1]

١. ساڵح محمدامین، «کورد و عەجەم: مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران»، ناشر (؟)، شوێن (؟)، ١٩٩٢، کوردی، ٣٩٨ لاپەڕە، کوردی.

## سێبەری ئازادی

کتێبی «سـێبەری ئازادی، هەوراز و نشـێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی «ژ. ک»» نووسـینی کاک «کەمـال عەبدوڵلاهـی»م خوێنـدەوە. خۆشـحاڵم کـە ڕۆڵەکانـی گەلی کورد ئێسـتا پێگەیشـتوون و ئەو ئەرک و کارانەی وا ٥٠ سـاڵێک پێش ئێسـتا بێگانە دەیانکرد و ئێمە چاو لەدەستی ئەوان بووین، ئێستا لاوەکانمان دەیکەن.

کتێبەکـە هەڵسـەنگاندنی ڕۆژنامـە و گۆڤار و ڕاگەیاندن و کتێـب و بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە کۆمەڵەی «ژ. ک»ەوە و لە ڕێگای ئەوانەوە، ڕووناکی دەکەوێتە سەر مێـژووی پـڕ تەمومـژی کۆمەڵـەی «ژ. ک» و چۆنییەتیی هەڵوەشـانەوە و توانەوەی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥دا.

نووسـەر فەسـڵێکی تایبـەت بە سـەرهەڵدانی کۆمەڵـەی نەنووسـیوە گەرچی لە بەشـە جیاجیاکانـی کتێبەکـەدا ئامـاژەی پێکردووە، ئـەوەش وا دەگەیەنـێ کە نیازی سەرەکی لە پێکهێنانی کتێبەکە، تەنیا لێکۆڵینەوەی مەسەلەی هەڵوەشانەوە بووبێ و هـەر بۆیـەش جەختی لەسـەر دواژمارەی گۆڤاری نیشـتمان و تاکـە ژمارەی ئاوات کردووە.

لـە کتێبەکـەدا گەلێـک جار نـاوی بـۆکان و ڕووداوەکانی بۆکان و کەسـایەتییە بۆکانییـەکان هاتـووە بەتایبـەت لـە لاپـەڕە ٢٣١ تـا ٢٥٣ (بەشـی ٥)دا نـاوی ئـەم کەسایەتییانە و ناوی نهێنییان ڕاگەیەندراوە:

١٢. حاجی ڕەحمانئاغای ئێلخانیزادە (برای ڕاست)؛

١٣. عەبدوڕڕەحمانی شەرەفکەندی (ع. هەژار)، (ئەو دەم لە بۆکان ژیاوە)؛

١٦. عەبدولقادری دەبباغی (سیامەک)، (ئەو دەم لە بۆکان ژیاوە)؛

٢٥. حەسەنی قزڵجی (ح. خەمناک) و (ح. قزڵجی)؛

٢٦. محەممەدسادق قزڵجی (م. ص. قزڵجی)؛

٢٨. محەممەد نووری (گڵۆڵانی)، (عەتری)؛

٣٤. عەباسی حەقیقی (ع. هونەر)؛

٣٩. سەعیدی هومایوون (ئاگری)؛

٤٠. مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک)؛

٥٩. سمایلی فەڕوخی (ئا. ف. پڕشینگ)؛

٦٧. مەلا مارفی کۆکەیی (بوێژێکی بەناوبانگ)، (بە ڕەچەڵەک کۆکەیی)؛

٧٢. خالید حیسامی (خ. شێواو).

لە دەستەی لاوانی کۆمەڵەی «ژ. ک»یش:

١٨. میرزا ئیبراهیمی ئەفخەمی (ڕووناک).

لە لاپەڕە ٢٤٧دا ناوی «ق. چۆبینە» بە کاک قاسمی وەتەمیشی یا قادری حەمیدی دراوە، کە هەڵەیە و ناسناوی ئەحمەدئاغای ئێلخانیزادەیە. هەروەها «پشتیوان» نەزانراوە ناسناوی کێیە و ئێمە دەزانین هی سمایلئاغای ئێلخانیزادەیە. «ئارێز»یش وا هەیە ناوی نهێنیی «میرزا عەلی سەمیمی» (خێروێژ) نووسەری سەردار حەمەحوسێنخانی بۆکان و خەڵکی سنە بێ، کە دواتر لە گوندی «قەڵەندەر»ی فەیزوڵڵابەگی کۆچیدوایی کرد.

هەروەها لە لاپەڕە ٢٤٨دا «ئا. ک. مرۆ ٦٧» نەزانراوە ناوی نهێنی کێ بووە، کە ئەویش دەبوو بزانرایە یەکەم ناوی نهێنیی حاجی ڕەحمانئاغای ئێلخانیزادە بووە و پاشان گۆڕیویە و کردوویە بە «برای ڕاست»: ئەوەش بەڵگە:

لە «مرۆ» ئاخۆ «برای ڕاست» ماون؟ (هەژار، بەرەو موکریان).

بەکورتی کتێبەکە بایەخێکی گرنگی بەڵگەیی هەیە و ئەوانەی خوارەوە ژمارەی لاپەڕەیەکن کە باسی بۆکان یا کەسایەتیی بۆکانیان تێدا کراوە:

٢٦، ٤٠، ٤٣، ٥٢، ١١٩، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٥، ١٤٦، ١٦٠، ١٧٥ ١٧٦، ١٨٠، ٢١٥، ٢٣٢، ٢٤٩، ٢٥١ ٢٥٣، ٢٥٥، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٩٤، ٣٩٥، ٤٠٨، ٤٢٢، ٤٣٠، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤٤، ٤٤٨، ٤٥٢ و ٤٥٨.[١]

---

١. کەمال عەبدوڵڵاهی، «سێبەری ئازادی، هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی «ژ. ک» ١٣٢١ ـ ١٣٢٤»، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٤٧٤ لاپەڕە، کوردی.

## چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئـەوە نـاوی کتێبێکـە ڕێزدار ئەیـووب ئەیـووبزادە نووسـیویەتی و بەرگی یەکەمی بەناوی «کۆمەڵە و دۆزی ناسیۆنالی کورد» لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاوکردۆتەوە.

بابەتـی کتێبەکـە هەڵسـەنگاندنی هەڵوێسـتی چەپـی ئێران بەگشـتی و «کۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کورد» بەرانبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردە لە ئێران. کتێبەکە گەلێک بەنێوەرۆک و پشتئەستوور بە بەڵگەی وا کە زۆربەیان لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی کۆمەڵە وەرگیراون.

نووسـینی مێـژووی سیاسـیی کوردسـتان و بەتایبـەت ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بەبـێ ئەم چەشـنە شـیکردنەوە و ڕەخنە گرتنانە گونجاو نابـێ و حەقیقەتیش بەبێ حزووری ئەو بۆچوونانە دەرناکەوێ.

کتێبەکـە هەڵوێسـت و سیاسـەت و بەرنامـەی کۆمەڵـەی لە سـەرەتاوە تا دوای کۆنگرەی سـێهەم و زاڵ بوونی سـەهەندییەکان بەسەر سیاسـەتی گشتی کۆمەڵەدا، خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکاری.

مـن لێـرەدا بەبـێ هەڵوێسـت گرتـن، ئـەم بەشـانەی کتێبەکـە دەخەمـەڕوو کـە پەیوەندییان بە بۆکان و خەڵکی بۆکانەوە هەیە:

- لاپـەڕە ٢١: هەڵسـووڕێنەرانی «تەشـکیلات» [سـەرەتاکانی دامەزرانـی کۆمەڵە]: ٤. عەبدوڵڵا موهتەدی؛
- لاپەڕە ٢٣: دەسـتەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە: ٣. عەبدوڵڵا موهتەدی، ٨. حوسـێن مورادبەگی ناسراو بە حەمەسوور، ٩. عومەر ئێلخانیزادە؛
- لاپـەڕە ١٤٣ تـا ١٤٥: ڕووداوی کوژرانـی ئەندامانـی «پەیـکار» لـە بنکەکەیان (بە دەستی حیزبی دێموکرات) لە بۆکان، یەک لەوان تاهیر ئیبراهیمیان؛
- لاپـەڕە ١٥٢: وتووێـژ و نێوبژیکەریـی عومەرئاغـا، کاک سـەعد و محەممەدی موهتەدی لە نێوان کۆمەڵە و سپای ڕزگاری؛

ـ لاپەڕە ١٦٨: بەڕێوەچوونی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە لە خانەقای زەمبیل؛

ـ لاپـەڕە ٣٢٠: ئامـاژە بـە کوشـتنی مامۆسـتا مـەلا کەریمی شـاریکەندی لەلایەن کۆمەڵەوە؛

ـ هەروەها لەم لاپەڕانەدا باسـی کەسـایەتیی بۆکانی کراون: ١٣، ١٧٤، ٢٠٨، ٣٠٨ تا ٣١٠، ٣١٨، ٣٢٠، ٣٣٢، ٣٣٩، ٣٥٠، ٣٥١ و ٣٦٠.[١]

---

١. ئەیـووب ئەیـووبزادە، «چـەپ لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، کۆمەڵە و دۆزی ناسـیۆنالی کورد»، بەرگی یەکەم، ناشر: دانەر، ٢٠٠٢، ٣٩٨ لاپەڕە، کوردی.

## کتێبێکی ئەلیکترۆنیی جووتیار حاجی تۆفیق

لـە ماڵپـەڕی «گاگەش»دا دەقی کتێبێکـی ئەلیکترۆنیی ڕێزدار جووتیـار حاجی تۆفیق بڵاوبۆتەوە کە کۆمەڵەی چەند وتاری سـەربەخۆیە سـەبارەت بە چەند کەسـایەتیی ئەدەبـی کـوردی (حەسـەن قزڵجـی، محەممـەد میهـری و سـوارەی ئێلخانـیزادە)، هەروەها پێداچوونەوە و هەڵسـەنگاندنی چەند کتێبێکی کوردییە (گەرمیان، مێژووی هەورامان و ڕۆژنامەنووسـیی کوردیی سـەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان). جیا لەوانە وتارێکی سەربەخۆیە سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان کە بەوپەڕی وردی و سـەرنجەوە نووسـراوە و من تا ئێسـتا بابەتی وا هەمەلایەنـە و لـە عەینی کاتدا بێهەڵەم سـەبارەت بە ڕۆژنامەنووسـیی کوردی لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەخوێندۆتەوە.

من نووسەری بەڕێزی وتارەکە ناناسم و دووری نازانم نووسەرێکی بەئەزموونی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بێ کە ناوێکی خوازراوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، بەڵام هەر کەس هەیە دەبێ ئارەزووی ئەوە بخوازین قەڵەمەکەی هەروا بەبڕشت بێ و کەلێن و قوژبنی مێژووی کوردمان هەر بەو وردییەوە کە لێرەدا دەینینین بۆ بپشکنێ.

لایکەم چوار وتاری یەکەم، دووهەم، شەشەم و حەوتەم لە کۆمەڵی وتارەکانی نێـو ئـەم کتێبـە، بـۆکان و کەسـایەتییە بۆکانییەکان دەگرنـەوە. ئەوە نووسـینەکانی نووسەرن:

یەکەم: ناوی کتێبەکە بەو جۆرەیە «ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دێموکراتـی کوردسـتان ١٩٤٢ ـ ١٩٤٧». شـتێکی ئاشـکرایە کـە مـاوەی حوکمڕانیـی کۆمـاری کوردسـتان، کەمتـر لە سـاڵێک بووە. ئەگـەر ڕۆژی سێشـەممە ڕێکەوتی ١٩٤٦/١/٢٢ بـە ڕۆژی دامەزراندنـی و ڕۆژی سێشـەممە ڕێکەوتـی ١٩٤٦/١٢/١٧ بـە ڕۆژی کۆتاییهاتنـی دابنێیـن، ئـەوا دەتوانیـن بڵێیـن کـە کۆمـاری کوردسـتان تەمەنـی نزیکـەی ١١ مانـگ بووە، بەڵام هـەروەک لە ناوی کتێبەکـەوە دەردەکەوێ،

سنووری مێژوویی ئەم لێکۆڵینەوەیە (ساڵی ١٩٤٢ هەتاکوو ساڵی ١٩٤٧)ە. لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین هەر لە خودی ناوی کتێبەکەدا، ناکۆکییەک هەیە! چونکە سنوورە مێژووییەکەی «ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان» دەکاتە ماوەی نێوان (١٩٤٦/١/٢٢ هەتاکوو ١٩٤٦/١٢/١٧) نەک (١٩٤٢ ـ ١٩٤٧). هەرچەند نووسەر لە سەرەتای کتێبەکە، لە لاپەڕە ١٢دا بەکورتی باسی ئەوەی کردووە کە لێکۆڵینەوەکەی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی «ژ. ک.»ەوە دەستپێدەکا هەتاکوو ڕۆژی لە سێدارەدرانی قازییەکان لە ١٩٤٧/٣/٣١، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیە ناتوانێ ئەو ڕاستییە وەلابنێ کە ناوی کتێبەکە ناکۆکیی تێدایە! بۆ نموونە ئەگەر ناوەکەی بەو جۆرە بووایە: «ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢ ـ ١٩٤٦/١٢/١٧ و لە پێشەکییەکەیدا ئەوەی ڕوونبکردایەتەوە لەبەروەی کۆمەڵەی «ژ. ک.» و کۆماری کوردستان پەیوەندییەکی تەواویان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین، وا پێویست بووە کە لە سەرەتادا باس لە گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەکانی دیکەی کۆمەڵەی «ژ. ک.» بکرێ؛ ئەوسا کەس سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی لەم جۆرەی نەدەبوو. تەنانەت ئەگەر ناوەکەی بەو جۆرەش بووایە: «ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٣ ـ ١٩٤٦» تا ڕادەیەک دروستتر بوو لەوەی کە لەسەر ئەو کتێبە نووسراوە! چونکە هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی «ژ. ک.» پێش ساڵی ١٩٤٣ دەرنەکراوە و هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆماری کوردستانیش پێی نەناوەتە ساڵی ١٩٤٧! کتێبەکەش (یان لێکۆڵینەوەکە) تایبەتە بە «ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان»ە نەک «ڕووداوە مێژووییەکانی» ئەو سەردەمە.

دووهەم: باشتر بوو نووسەری ئەم کتێبە «وەکوو سەرچاوە» ڕاستەوخۆ سوودی لە کتێبی ویلیام ئیگڵتۆن بە ناوی: The Kurdish Republic of 1946 هەروەها «The Kurdish Republic of Mahabad»ی ئارچیباڵد ڕووزڤێلت، وەربگرتایە کە لە دەیان لاپەڕەدا زانیاریی لێوەرگرتوون، بەڵام نەک لە تێکستە ئینگلیزییەکانیانەوە، بەڵکوو لەو وەرگێڕانە پڕ لە هەڵە و کەموکووڕییانەوە کە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا مرۆڤ

هەرگیز ناتوانێ پشتیان پێ ببەستێ.

باوەڕیش ناکەم پەیدا کردنیان لە نێوخۆی وڵات کارێکی هێندە ئەستەم بووبێ! وەکوو من بزانم کتێبەکەی ویلیام ئیگڵتۆن لە کتێبخانەی هەندێک کەس و لە کتێبخانەکانی زانکۆکانی کوردستان پەیدا دەبێ. بۆ نموونە ساڵانی١٩٨٧ ـ ١٩٩٠ چەندین جار لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی وەرمگرتووە و تەنانەت جارێکیان سەرجەم کتێبەکەم کۆپی کرد، کە تا ئێستاش ئەو کۆپییەم ماوە. یاخود دەیتوانی سوود لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا وەربگرێ، کە زۆر لە وەرگێڕانە کوردی و فارسییەکەی سەید محەممەدی سەمەدی باشترە. وتارە درێژەکەی «ئارچیباڵد ڕووزڤێلت»یش ئەگەرچی یەکەم جار ساڵی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر وەک نامیلکە و لە چەند گۆڤاری ئینگلیزیدا سەرلەنوێ چاپکراوەتەوە.

لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەسنیشانکردنی سەرچاوەی ئەم وێنە و دۆکۆمێنتانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا سوودیان لێوەرگیراوە خاڵێکی گرنگە و دەبێ بە ئەمانەتەوە ڕەچاو بکرێ. لەم کتێبەدا ئاماژە بۆ سەرچاوەی هیچکام لە وێنەکان نەکراوە. هەروەها لە ل (٥٢)دا کۆپیی بەیاننامەیەکی کۆمەڵەی «ژ. ک.» بەرچاو دەکەوێ، بەبێ ئەوەی ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی کردبێ! وەکوو من بزانم کۆپیی ئەم بەیاننامەیەی لە کتێبی «نگاهی به تاریخ مهاباد»، نووسینی سەید محەممەدی سەمەدی، وەرگرتووە. لە (ل٢٣)شدا کۆپیی وێنەیەکی سەردەمی کۆمەڵەی «ژ. ک.» بەرچاو دەکەوێ کە ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی ئەویش نەکردووە! دڵنیام کە ئەو وێنەیەی لە (ل ٦٥٩)ی کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕڕەحمان زەبیحی»، نووسینی عەلی کەریمی، وەرگرتووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕاستییەک بخەمە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وێنەیە و چەند وێنەی زۆر بەنرخی دیکە، کە زۆربەیان هی دەورانی چالاکیی کۆمەڵەی «ژ. ک.»ن، محەممەدی شاپەسندی پاش ساڵەها ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری پاراستبوونی و نەیهێشتبوو بفەوتێن، ساڵی ١٩٩٨ بە ئەمانەتەوە داین بە من کە بە سکانەر وێنەیان لێ بگرمەوە و گەورەشیان بکەم.

پاشــان لــە دەزگای «خــاک» لــە هــەر وێنەیەکیان چەنــد دانەیەکمان لــێ کۆپی کرد و وێنە ئۆریگناڵەکان و هەندێک لە کۆپییە گەورەکراوەکانم بۆ محەممەدی شاپەسندی گەڕانــدەوە. دواتــر بــە ئاگاداریی خۆی کۆپیــی (چەند) دانەیەکیانم بــۆ عەلی کەریمی نــارد، کــە ئەو دەم نیازی چاپکردنی کتێبەکەی هەبوو. کەریمی پاشــان وێنەکانی لە پاشــکۆی کتێبەکەی دانابوو، بەڵام بەهەر هۆیەک بوو ناوی محەممەدی شاپەسندیی وەک «خاوەنــی وێنــەکان» لــە بیرکرابوو! ئــەم وێنانە لە کتێبی «ژیان و بەســەرهاتی عەبدوڕڕەحمان زەبیحی»دا لە ل٦٥٧، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠ و ٦٧٦دا دانراون.

نــرخ و بەهــای لێکۆڵینــەوەی لــەم جــۆرە بــەوە زیــاد دەکا کــە بــەر لەهەرچی بە شــێوەیەکی ورد و زنجیرەیــی ئامــاژە بــۆ (پێشــینەی مێژوویی) ئەو باســە بکرێ کە نووسەرەکە مەبەستێتی لێی بکۆڵێتەوە. لەم کتێبەش‌دا باشتر و زانستییانەتر بوو کە لــە ســەرەتادا، ئەگەرچی بەکورتیــش بووایە، لە دووتوێی چەنــد لاپەڕەیەکدا ئاماژە بــۆ پێشــینەی ڕۆژنامەنووســیی کــوردی لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان (بەرلە کۆماری کوردستان) بکرایە. هەرچەند لە هەندێک جێ‌دا ئاماژەی لەو جۆرە بەرچاو دەکەون، بەڵام لە هیچ کامیان‌دا زانیاریی ورد و پێویست نەنووسراون و باسەکان بە شێوەی زنجیــرەی مێژوویــی نین. بۆ نموونە لە ل (١٦٩)دا بە پشت‌بەســتن بە چەند وتارێکی ئەحمــەدی شــەریفی کە لــە هەفتەنامــەی «ئابیدەر»دا بــڵاوی کردۆتەوە، نــاوی چەند گۆڤــار و ڕۆژنامەی نووســیوە کە هەندێکیان نــە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندییان بە کوردەوە نییە و ئەحمەدی شــەریفی لەخۆڕایی لە نێو ڕۆژنامەنووســیی کوردی‌دا جێــی بــۆ کردوونەتــەوە! [لەم ڕووەوە نامەم بۆ چەند کەســی شــارەزا نــاردووە. لە وەڵامی نامەکانم‌دا زانیاریی بەسوود و باس‌نەکراویان بۆ نووسیوم، بەڵام بۆ ئەوەی لێرەدا باســەکە لەوە زیاتر درێژە نەکێشــێ، هەڵیاندەگرم بۆ کات و شــوێنی خۆیان]. هەروەهــا لــە ل (٦٧)دا نووســیویەتی: «زۆربــەی ســەرچاوەکان، ڕۆژنامەنووســی و چاپخانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات‌دا، لە ڕووی مێژوویی‌یەوە، دەدەنە پاڵ ئەو هەوڵە جوامێرانەیەی نەوەی بەدرخانیەکان و بەتایبەتی عەبدوڕڕەززاق بەدرخان لە شاری خۆی، کە لە ساڵی ١٩١٣دا هەوڵی‌داوە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ئێران‌دا بەناوی

کوردستان بڵاوبکاتەوە...».

لێرەوە دەردەکەوێ کە نووسەری ئەم کتێبە ئاگای لەوە نییە کە لە ساڵی ١٩١٠دا میسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی «کوردستان میشنێری» بە زمانی ئینگلیزیی دەرکردووە و بەشی هەرە زۆری وتارەکانی تایبەت بوون بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گەلێک ژمارەیدا وێنەی مەهاباد و خەڵکی مەهاباد بڵاوکراونەتەوە. ئەگەرچی ئەم گۆڤارە بە ئینگلیزی بووە و لە ئەمەریکا چاپکراوە، بەڵام چونکە هەموو بابەتەکانی پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهابادەوە هەیە و بەشی زۆری وتار و وێنەکانی لە مەهابادەوە نێردراون، ناکرێ لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاماژەی بۆ نەکرێ. لە هەندێک سەرچاوەشدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە چەند میسیۆنێرێکی ئەڵمانی لە مانگی ئاوریلی ١٩١٤دا لە ورمێ گۆڤارێکیان بەناوی «کوردستان»وە دەرکردووە. جێی سەرنجە لە ل (٦٧) و (٦٨)دا چەند دێڕێکی دەربارەی ڕۆژنامەی «کورد» نووسیوە کە لە ورمێ لەلایەن «مەلا محەممەدی قزڵجی»یەوە، لە سەردەمی بزووتنەوەکەی سمایلخانی شوکاکدا دەرکراوە، بەڵام بەداخەوە نەینووسیوە ئەو ڕۆژنامەیە لە (چ ساڵ و مانگ و ڕۆژێک)دا دەرکراوە.

## کتێبی فارسی

### زانستنامەی فارسی

ئـەم کتێبـە دوکتـۆر «غلامحسـین مصاحـب» بە فارسـی نووسـیویە و لە قامووسـە کۆنەکانی ئێرانە. لە بەرگی یەکەمی‌دا کورتە باسێک لەمەڕ بۆکان ئاڕاستە کراوە:

«بۆکان (Bukan)، بەخش، شارستانی مەهاباد [چاپی کتێبەکە هی پێش ساڵی ١٣۶٨/ ١٩٨٩یە کە تێیدا بۆکان بوو بە شارستان]، کەوتۆتە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و ١٣٨ (؟) گونـدی هەیـە [نووسـەر لـە ژمـارەی گونـدەکان دڵنیا نەبووە و دێهسـتانی تورجانیشـی خستۆتە سەر حیسابی بۆکان]. ئەم دێهستانانەی گرتۆتەبەر: ئەختاچی بۆکان، بێهی، تورجان. چۆمی تەتەهوو (سیمینەرود) لە باشوورییەوە بەرەو باکوور دەڕوا و هاوتەریبـە لەگـەڵ جـادەی بـۆکان بۆ میانـدواو. ناوەندەکەی نـاوی بۆکانە. (لە ساڵی ١٣٣۵/ ١٩۵۶دا، ۵٣۵٧ کەس دانیشتووی شارەکە بوون). کەوتۆتە ۵۶ کیلۆمتریی باشووری مەهاباد کە ئەویش تەواو ڕاست نییە و بۆکان کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد. ئاوی شارەکە لە چۆمی تەتەهوو و حەوزی ناوبەدەرەوەی بۆکان وەرگیڕاوە. بەرهەمـی [کشـتوکاڵیی] توتـن و چەوەنـدەرە. [ئاشـکرایە ئـەو زانیارییانـە کۆن و بۆ ئەمڕۆ کەمتر جێگەی بڕوان].»[1]

١. دائرةالمعـارف فارسـی، بەسرپرسـتی غلامحسـین مصاحـب، جلـد اول (ا س)، مؤسسـە انتشارات فرانکلین. تهران، ١٣۴۵/ ١٩۶۶، مادە بوکان.

## زانستنامەی گەورەی ئیسلامی

لەنێو قامووس و ئینسیکلۆپێدیا فارسییەکاندا ئەم کتێبە بایەخی زیاتری داوە بە زانیاریی سەبارەت بە بۆکان و نزیکەی دوو لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە:

«ناوی شارەکە لە وشەی بووک وەرگیراوە بەواتای «وەوی»؛ کێوی تەرەغە ٢٦٧٠ میتر بەرزە، سەرجەمی شارستانەکە (بە دێهاتەوە) ٢٤٥١ کیلۆمیتری چوارگۆش بەرینە، لووتکەی کێوەکانی تر بریتین لە: کەڵتەگە، تولکە، چرش، بەردەزەرد و ناڵەشکێنە. هۆزی دێبوکری، مەنگوڕ[؟] و فەیزوڵلابەگی لێدەژین [دەبووایە گەورک لەجیاتی مەنگوڕ بگوترایە].

کانی «خاکی نەسووتێن»ی لێیە، گەنمی باشی لێ بەرهەم دێ، لەساڵی ١٣١٦/ ١٩٣٧دا خرایە سەر شاری مەهاباد و لە ساڵی ١٣٦٨/ ١٩٨٩دا لێی جیا بۆوە و بوو بە شارستان. مێژووی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی زایینی [کە ئەوەش ڕاست نییە و لای‌کەم بە دوو هەزار ساڵ پێش ئەویش شوێنی ژیانی مرۆڤ بووە، نموونەکەی قەڵایچی و ئیزیرتوو].

کتێبەکە دواتر دەڵێ: «کەونارایی قەڵایچی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا و بەرپەرچی چوار دێڕ سەرەوەتری خۆی دەداتەوە. نووسراوەی گوندی قەڵایچی بە خەت و زمانی ئارامیی کۆنە. وا هەیە بۆکانیش لە دەوروبەری ئەو ساڵەی وا ئاورگەی شیز [لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە] کەوتە دەست عەرەبە موسوڵمانەکان، هەر هەمان ئەو سەردەمە فەتح کرابێ کە ئەویش ساڵی ٢٢ی کۆچی/٦٤٣ی زایینییە، وا هەیە ناوچەکە لە سەدەی ٩ی کۆچییەوە جێژیانی خەڵک بووبێ.

ئینسیکلۆپیدیاکە باسی «زیاد لە ٨٠٠ پارچە ئاوایی سەردار سەیفەددین‌خان» دەکا، کە ئەویش بەئاشکرا هەڵەیە. بەداخەوە بابەتی ئەم چەشنە کتێبە سەرچاوەیی‌یانە تاکەکەس دەینووسێ و گەلێک جاریش بەبێ پرسی زانیاران و شارەزایان.[١]

١. دائرةالمعارف بزرگ اسلامی، جلد سیزدهم، زیر نظر کاظم بجنوردی، ناشر: مرکز دائرةالمعارف بزرگ اسلامی، تهران ١٣٨٣/٢٠٠٤، مادەی بوکان.

## زانستنامەی جیهانی ئیسلام

ئەم کتێبە ژمارەی دانیشتووانی شاری بۆکانی بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٣٧٥/ ١٩٩٦]بە ١٢٠هەزار و ٢٠ کەس و دانیشتووانی شار و گوندەکانی دەوروبەری بە ١٧٥هەزار و ٥٤١ کەس نووسیوە و گوتوویەتی: «کە دوو بەخش پێکهاتووە: ١) بەخشی سیمینە بە دێهستانی بێهی و دێبوکرییەوە (لە ناوەندەکەی گوندی جامەردە)، ئەختاچی لە ڕۆژهەڵات (کە ناوەندەکەی گوندی داشبەندە) و ئەختاچی محاڵی (کە ناوەندەکەی گوندی قەرەمووسالییان)ە. ٢) بەخشی مەرکەزی کە دێهستانی عێلی گەورک، یەڵتەمر و ئەختاچی دەگرنەوە.»

هەندێک زانیاریی نێو کتێبەکە سەبارەت بە بۆکان، کۆن و هەڵەن، وەک ئەوەی گوتوویەتی لە بۆکان لۆکە بەرهەم دێ یا خود باسی قاڵیچنینی بۆکانی نەکردووە. ئاماژە بە شوێنەواری لەمێژینی سماقان و قەڵایچی لە شوێنی خۆیدایە و گوتوویەتی بەندی بۆکان کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ناوی «شەهید کازمی» لەسەر داندراوە کەوتۆتە بەشی ساینقەڵاوە و عاید بە بۆکان نییە. لەو زانیارییە کۆنانەی وا لە کتێبەکەدایە، باسی حەوزەگەورەیە کە دەڵێ خەڵک لە کاتی بێکاریدا دەچنە سەری ـ ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەیان ساڵە سەری حەوزەگەورە گیراوە و ئیتر حەوزەگەورەی جاران نەماوە! هەروەها گوتوویەتی مزگەوتی حەمامیان لە ساڵی ١٣٢٨[مانگی]دا بنیاتنراوە، چەند هەزار کەس بۆ کڕینی مەڕومالات و پاتاڵ لە شارەکانی دیکەوە وەک تاران، ئابادان، هەمەدان و مەراغە، دێن بۆ بازاڕی حەیوان لە بۆکان کە ئەو بە شەممەبازاڕی نێو دەبا.[١]

١. دانشنامه جهان اسلام، زیر نظر غلامعلی حدادعادل، جلد چهارم، بنیاد دایرةالمعارف اسلامی، تهران ١٣٧٧/ ١٩٩٨، ماده بوکان.

## شەرەفنامەی بدلیسی

هەمــوو باســێک ســەبارەت بــە مێــژووی کــورد ناتــەواو دەبــێ ئەگــەر تێیــدا ئاماژە بەنێوەرۆکــی ناودارتریــن مێــژووی کــوردان، واتــە شــەرەفنامەی بدلیســی نەکــرێ. شەرەفنامە یا مێژووی کوردان بەداخەوە ناوێکی لە بۆکان نەهێناوە، بەڵام بەشێکی چەنــد لاپەڕەیــی بۆ«فەرمانڕەوایانــی موکــری» تەرخــان کــردووە کــە ئاشــکرایە لــە بۆکان و ناوچەی دەوروبەریشــی حوکماتیان کردووە و ئەوەش لە ســاڵانی سەدەی شــازدەهەمی زایینی و ســەردەمی حوکمی ســەفەوییەکان لە ئێران بووە. بابەتەکەی شــەرەف‌خانی نەمر بە ســەیفەددینی موکری دەست پێدەکا و دەگاتە شێخ حەیدەری کوڕی میرەبەگ.

ئەم بەشــە، لە چاپی شــەرەفنامەی فارسی (قاهیرە و تاران)دا لاپەڕە ٣٧٢ ـ ٣٨٢؛ لــە تەرجمــەی کرمانجــی خــوارووی مامۆســتا هــەژاردا لاپــەڕە ٥٣٠ ـ ٥٤٥ و بەپێــی وەرگێڕانی کاک ســەلاحەددینی ئاشــتی، دەکەوێتە لاپەڕە ٤٦٠ ـ ٤٦٨ و لە تەرجمەی کرمانجــی ژووروی کاک زیــا ئەوجــی‌دا لاپەڕە ٣٠٧ تــا ٣١٤ی داگرتووە، کە دەبێتە بەندی سێهەم لە بەشی دووهەم لە ڕووپەڕی سێهەمی شەرەفنامە.

### سەرچاوەکان:

١. شرفنامە تاریخ مفصل کردستان، تألیف امیر شرف‌خان بدلیسی، با مقدمە و تعلیقات و فهارس بقلم محمد عباسی، چاپ سوم، نشر حدیث، تهران ١٣٧٣ (١٩٩٤)

٢. شەرەفنامەی شەرەف‌خانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٣.

٣. شــەرەفنامە، شــەرەف‌خان بدلیســی، بەرگی یەکــەم (ژیان و بەســەرهاتی میرانی کوردستان)، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٧.

4. Sharfname ـ Tarixa Kurdištane ya kevn، Sharefxanê Bedlisî، Wergera Kurmanji ZIYA Auci، APec Förlage Chap yekem Sweden 1998. ISBN:91-89014-29-4.

## کوردانی ئێران

ئەم کتێبە کۆمەڵەی هەندێک وێنەی فۆتۆگرافیی شـاز و نایابە، نەسروڵڵا کەسرائیان لە شوێن و شار و گوندی جیاجیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشاونی، هەر لە ماکۆوە تا مەهاباد و سنە و کرماشان و باوەیادگار. وێنەکان لەوپەڕی ڕازاوەییدان و لەژێر هەرکامێکیان بە فارسی و ئینگلیزی شەرحێکی ڕوون نووسراوە.

بەشی بۆکان لەم کتێبەدا زۆر نییە و تەنیا دوو وێنە دەگرێتەوە (ژمارە ٥٩ ـ ٦٠). یەکەمیان وێنەیەکی شاری بۆکانە کە دوو پیاو بە جلوبەرگی کوردییەوە لە بەرزایی دانیشتوون و بەدەم قسەکردنەوە دەڕواننە مەنزەرەی شار. دووهەمیش وێنەیەکە لە «شەممەبازاڕ»، واتە بازاڕی حەیوانفرۆشیی بۆکان.

جگـە لـەم دوو وێنەیـە، هەندێـک وێنـەی دیکە هەن کـە لە دەوروبەری سـەقز و تیـکاب و ماینبـلاغ و مەهابـاد هەڵگیـراون و بـە شـێوەیەک، هەمـان کولتـوور و جلوبەرگی ناوچەی دەوروبەری بۆکان دەگرنەوە.[1]

١. نصرالله کسرائیان، «کردهای ایران، عکس»، متن و شرح عکسها از: زیبا عەرشی، ترجمە انگلیسـی: مینو علیان، ناشـر: نصرالله کسرائیان، تهران، چاپ اول، تابستان ١٣٧٢ (فارسی)، مجموعەی١٢٧ عکس. فارسی.

## یەکگرتوویی قەومیی کورد و ماد

ئەوە ناوی کتێبێکی بەنرخە مامۆستای بەڕێزم جەنابی حەبیبوڵڵا تابانی نووسیویەتی. گرنگایەتیی کتێبەکە لەوەدایە کە نووسەر کوردستانی وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ سەیر کردووە، نەک بەشێک لەم وڵات و ئەو وڵات، کە زۆربەی مێژوونووسان وایان بینیوە (لاپەڕە۱۳) و چوارچێوەی جوغرافیایی بۆ دابین کردووە (لاپەڕە ۲۱ بەدواوە).

نووسەر، کە پێشتریش چەند کتێبی لەسەر مێژوو و جوغرافیای کوردستان نووسیوە یا تەرجەمەی کردووە، کەڵکی لە گەلێک سەرچاوەی فارسی و کوردی وەرگرتووە بۆ ئەوەی «یەکییەتیی قەومیی کورد و ماد» بە بەڵگە دەربخا، گەرچی لەم بوارەدا جیاوازیی لە نێوان قەوم و نەتەوە دانەناوە و بەداخەوە کوردی لە زۆربەی لاپەڕەکاندا بە «قەوم» ناوبردووە.

نووسین سەبارەت بەنێوەرۆکی کتێبەکە کاری زیاتری پێویستە و لەم وتارەدا گونجاو نابێ، بەڵام ئەم بابەتانەی وا بە شێوەیەک لە شێوەکان «بۆکان و ناوچەکەی» بگرنەوە زۆرن، بۆ نموونە، هەرچییەک لەسەر مانناکان نووسرابێ (فەسڵی ۳، دەوڵەتی ماننا، لاپەڕە ۱۳۷ بەدواوە و زۆر لاپەڕەی تریش)، بۆکان دەگرنەوە. بە هەمان شێوە باس کردن لە مادیش، کە بۆکان بەشێک بووە لە خاکی مادی بچووک، هەر پەیوەندیی بە بۆکان پەیدا دەکا.

لە هەندێ لاپەڕەی دیکەشدا یا ڕاستەوخۆ ناوی بۆکان هاتووە و یا باسی دراوسێکانی، وەک سەقز، میاندواو، زێویە و فەقرەقا کراوە. ئەوەش ژمارەی لاپەڕەکان: ۲۴، ۲۸، ۳۸، ۴۰، ۴۵، ۱۰۰، ۱۲۰، ۱۲۸، ۱۳۱، ۱۳۴، ۱۳۵، ۱۳۷، ۱۳۸، ۱۳۹، ۱۴۴، ۱۴۸، ۱۵۰، ۱۵۸، ۱۶۶، ۱۶۹، ۱۷۰، ۱۷۵، ۲۰۷، ۲۰۸، ۲۱۹، ۲۳۰، ۲۳۲، ۲۴۴ و ۲۴۶.

من ئەم یادداشتە کورتەم لەسەر بنەمای دەقی سەرەکیی فارسی کتێبەکە نووسیوە، بەڵام ڕێزدار جەلیل گادانی کتێبەکەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و هەر ئێستا لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان دەبیندرێ.[1]

---

١. حبیب‌اللـه تابانـی، «وحـدت قومی کرد و ماد، منشـاء نژاد، تاریخ تمدن کردسـتان»، نشـر گسترده، تهران، ۱۳۸۰/ ۲۰۰۱، ۵۳۰ لاپەڕە، فارسی.

## نادرشای ئەفشار لە ناوچەی بۆکان

بەشێک لە شەڕی لەبنەهاتووی نادرشا، لەگەڵ عوسمانییەکان بووە و بەو پێیە دەبێ زۆربەی گۆڕەپانەکانی شەڕیش کوردستان بووبێ.

گەلێک کتێب لەسەر ژیان و شایەتی و شەڕ و گەڕی نادرشا نووسراون کە ئەگەر سەرنجیان بدرێتێ وا هەیە هەواڵی مێژوویی ئەو سەردەمەی بۆکانیش، واتە سەدەی هەژدەهەمیان تێدا ڕوون بکرێتەوە.

من چاوم بە دوو سەرچاوە کەوتووە کە باسی هاتنی نادرشا دەکەن لە شاری سنەوە بەرەو تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب) و ساینقەڵا و مەراغە و میاندواو، بەڵام ناوی بۆکانیان نەبردووە. بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە، نادرشا لە هاوینی ساڵی ١١٤٣ک/ ١٧٣٠ زایینیدا (وێدەچێ لە ژمارەی ساڵەکاندا هەڵە کرابێ، چونکە نادر ساڵی ١١٢٦ کۆچیدوایی کردووە.) گەیشتۆتە ناوچەکە و ٣ هەزار بنەماڵەی ئەفشار یا هەوشاری لە باشووری مەراغە، واتە ساینقەڵاوە کۆچ داوە و ناردوونی بۆ خوراسان. هەوشارییەکان دراوسێی بۆکان بوون و هەن و بەشێکیان کوردن، نادرشاش خۆی هەوشار، واتە ئەفشار بووە، بەڵام کورد نەبووە و هەڵەیە ئەگەر بە کورد دابندرێ.

بۆ نووسینی مێژووی ناوچەی بۆکان پێویست ناکا تەنیا بە شوێن «ناو»ی بۆکاندا بگەڕێین. ڕوونکردنەوەی ڕووداوە مێژوویییەکانی ناوچە بۆ نووسینی مێژووی خەڵک و شارەکە بەسە. دوو سەرچاوەکەی بەردەستی من بریتن لە:

- ڤیلادیمیر مینۆرسکی، «تاریخچە نادرشاە»، ترجمە رشیدیاسمی، کتابهای سیمرغ وابستە بە انتشارات امیرکبیر، چاپ اول ١٣١٣/ ١٩٣٤؛ چاپ دوم ٢٥٣٦/ ١٩٧٧، ١٣٥ صفحە، فارسی. باسی ناوچەکە لە لاپەڕە ٤٤دا کراوە.

- یونس مروارید، «مەراغە (افرازەرود)»، ناشر (؟)، ١٣٦٠/ ١٩٨١، ٧١٥ صفحە، فارسی. ئەم باسە لە بەشی مێژووی مەراغە لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتووە.

## مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبی موکریان، بۆکان

کتێبێکی سەربەخۆ کە تا ئێستا لەسەر مێژووی شاری بۆکان و دەوروبەری نووسرابێ کتێبەکەی نەمر ئیبراهیم ئەفخەمییە. دیارە دواتر کاری دیکەش لەسەر بابەتەکە کراوە کە دوو بەرگ کتێبی «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا»ی نەمر ڕەحمان محەممەدیان یەکیانە.

بنەماڵەی ئەفخەمی لە میرزا مەحموودی ئەفخەمەوە کە کاتبی حەمەحوسێنخانی سەردار بووە تا کۆتاییهاتنی حوکمی سەردارەکانی بۆکان، لە ئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتیی حوکمی ناوچەییدا دەستیان هەبووە و بەو بۆنەیەوە گەلێک بەڵگەنامە و وێنەی بەکەڵکی ئەو ساڵانەیان لای خۆیان پاراستووە.

نەمر ئیبراهیم ئەفخەمی جگە لەوەی کەسێکی شاعیر و تەنزنووس بوو، بە ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەنرخە، گەلێک بەڵگەنامەی لە فەوتان ڕزگار کرد و خستییە بەردەستی نەوەکانی داهاتوو، هەروەها زۆر بیرەوەری و زانیاری وردی تۆمارکرد کە خۆی و بنەماڵەکەیان بەهۆی نزیکایەتی لە حوکمی سەردارەکانەوە هەیانبوو. کتێبی ئەفخەمی گرنگترین سەرچاوەیە کە تا ئەمڕۆ لەسەر بۆکان و ناوچەکانی دەوروبەری نووسرابێ. کتێبەکە، بەرگێکی دووهەمیشی هەیە کە سەبارەت بە مەهاباد، سەردەشت و شنۆ نووسراوە.[1]

١. ابراهیم افخمی، «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، بوکان»، چاپ اول، ناشر: مؤلف، مرکز پخش: انتشارات محمدی سقز، ١٣٦٤/ ١٩٨٥، ٧٩٥ صفحه، فارسی.

## مێژووی فەرهەنگ و ئەدبی موکریان مەهاباد، سەردەشت و شنۆ

ئەم کتێبە نەمر «ئیبراهیم ئەفخەمی» نووسیویەتی و گەرچی لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بۆکاندا نییە، بەڵام وەک لە بەشی پێشوودا گوتم، هەموو ئەو بابەتانەی وا سەبارەت بە شارەکانی دەوروبەر دەنووسرێن بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕوونکەرەوەی لایەنێکی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی بۆکانیشن.

کتێبەکە سەبارەت بە مەهاباد، سەردەشت و شنۆ نووسراوە و بەشی مەهابادەکەی، بەتایبەت بۆ نووسینی مێژووی کامیلی بۆکان لە دواڕۆژدا سوودی هەیە. نووسەر زانیارییەکانی لە کتێبی سەید محەممەدی سەمەدی (ژمارە ٨٣) و حەبیبوڵڵا تابانی (ژمارە ٢۴) وەرگرتووە کە پێشتر باسم کردوون و زۆربەی لاپەڕەکانی تایبەت بە ژیانی کەسایەتییە ناسراوەکانی مەهاباد کراون و وێنەی زۆری خەڵک و شوێنەکانی تێدا چاپ کراون، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە بۆکانیشەوە هەیە. بەشی سەردەشت و تەنانەت شنۆی کتێبەکەش بۆ دەرخستنی لایەنی مێژوویی و عەشیرەیی بۆکان گەلێک بەکەڵکن؛ بۆ نموونە عەشیرەتی گەورک کەوتوونەتە سێگۆشەی سەردەشت و سەقز و بۆکانەوە.

کتێبەکە لە ڕاستیدا بەرگی دووهەمی کتێبەکەی دیکەی نووسەرە لەسەر بۆکان، کە پێشتر باسی کرا.[١]

١. ابراهیم افخمی، «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان»، انتشارات محمدی، سقز ١٣٧٣/ ١٩٩۴، ٢١٢ صفحه، فارسی.

## ڕوانینێک بە مێژووی مەهابادا

کاتێ باسی بۆکان و دەوروبەری دەکرێ، دیارە دیوارێکی کۆنکرێت بە دەوری‌دا نەکشاوە و لە هەموو لایەکەوە پەیوەندیی بە شار و گوند و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە هەیە. بۆیە هەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ـ فەرهەنگی کە لە شار و گوندێکی دراوسێی بۆکان ڕووی دابێ، شوێنی داناوەتە سەر بۆکانیش، چ ڕابردووی دوور بێ، چ مێژووی هاوچەرخ و ئێستا. لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بۆ زۆرێک لە شارەکانی دەوروبەری بۆکان یەک یا چەند کتێب نووسراوە و تێیان‌دا بارودۆخی جوغرافیایی و فەرهەنگی و سیاسیی شار و گوندەکان شی‌کراونەتەوە.

من هەوڵ دەدەم ئەم کتێبانە وەک سەرچاوەی گرنگی مێژوویی بۆ بۆکان بناسێنم. کتێبەکان بریتی دەبن لە نزیکەی ١٠ سەرچاوە و بە کتێبی «نگاهی به تاریخ مهاباد» نووسینی سەید محەممەدی سەمەدی دەست پێدەکەم.

نگاهی به تاریخ مهاباد، ساڵی ١٣٧٣/ ١٩٩٤ لە مەهاباد بڵاوکراوەتەوە. مێژووی حاکمانی موکریی تێدا باس کراوە (ل ١٢) کە وەک دەزانین پاشماوەیان لە مەهاباد و بۆکان هەر ماون. ئینجا هەندێ ڕووداوی مێژوویی وەک شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای نەهری، ڕووداوی هەمزاغای مەنگوڕ و ساڵی شکاک کەوتوونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە (لاپەڕەکانی ٢٩ تا ٩٠)، کە هەمووی ئەم ڕووداوانە باڵیان کێشاوەتە سەر بۆکانیش ـ جا ئەگەر مێژووی نووسراو بۆ بۆکانی ئەو ساڵانە و ئەو ڕووداوانەش نەبێ، دەبێ هەوڵی بەڵگە کۆکردنەوە و نووسینیان بدرێ. بە هەمان شێوە ڕووداوەکانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و کارتێکەرییەکانی لەسەر خەڵکی ناوچە (لاپەڕەی ١٠٨ بەدواوە)؛ بۆ نموونە دەزانین زۆرێک لە خەڵکی بۆکانیش بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک». بە هەمان شێوە باسی کۆماری کوردستان کراوە (لاپەڕەی ١٥١ بەدواوە)، کە بۆکان شاری دووهەمی بووە و باسی عێل و عەشیرەی کورد (لاپەڕەی ١٥١ بەدواوە)؛ هۆزی دێبوکری و فەیزوڵڵابەگی و گەورک (لاپەڕەکانی ١٩٦ تا ٢٠٢)، کە هەرسێکی

ئەوانیـش لە پەیوەندیی بـۆکان‌دان و تەنانەت فەیزوڵڵابەگییـەکان زیاتر کەوتوونەتە بەشی بۆکانەوە.

نوێنەرانـی مەجلیسـی شـووڕای میللیـی ئێـران بـۆ مەهاباد و بـۆکان لە ماوەی سـاڵانێکی زۆردا، هەر یەک کەس بوون (لاپەڕەی ٢١٢ بەدواوە). لاپەڕەیەکی زۆری کتێبەکە تەرخانی ژیانی ناوداران کراوە (لاپەڕەکانی ٢٢٥ تا ٣٩٣) کە لەنێو ئەوانیش‌دا هەندێکیان بۆکانی یا لە پەیوەندیی ناوچەی بۆکان‌دان.

بەگشـتی کتێبەکـە سـەرچاوەیەکی بەنرخـە هەم بـۆ ناوچەی مەهابـاد و هەم بۆ بۆکان.[1]

١. سید محمد صمدی، «نگاهی به تاریخ مهاباد»، انتشارات راهرو، مهاباد ١٣٧٣/ ١٩٩٤، ٥٦٢ صفحه، فارسی.

## مێژوو و فەرهەنگی سەقز

ئـەم کتێبـە سـەبارەت بە شـاری سـەقزە و کاک عومـەری فارووقی نووسـیویەتی. بۆکان و سەقز لە پەیوەندییەکی نەپساوەی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌دان: عەشـیرەتی فەیزوڵڵابەگـی و گـەورک پەیوەندییـان بـە هـەر دوو شـارەکەوە هەیە، زۆر ڕووداوی سیاسـی باس‌کـراو لـە کتێبەکەدا، وەک «فتنه سـالارالدوله»؛ کۆماری کوردسـتان؛ ئیعدامـی شـەهیدانی ڕێـگای ئازادیی کوردسـتان هەروەها کەسـایەتییە ناودارەکانـی ناوچەکە، هونەرمەندان و ئەدیبان و داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی و گەلێک بابەتی تر، پەیوەندی بە بۆکانیشـەوە پەیدا دەکەن.

جیا لەوانە، مێژووی کۆنتری ناوچەی سەقز و ماد و گەنجینەی زێویە، ناوچەی بۆکانیش دەگرنەوە. هونەری مادی، شوێنی هونەری ماننایی لەسەر بووە و دەزانین پێتەختی ماننا‌کان لە دەوروبەری بۆکان بووە (زۆر وا هەیە گوندی قەڵایچی بووبێ).

بەرگـی دووهەمـی کتێبەکـە زانیارییەکـی زیاتـری سـەبارەت بـە بارودۆخـی فەرهەنگیـی شـار و کەسـایەتییە ناودارەکانـی تێـدا کۆکراوەتـەوە و گەلێـک وێنەی مێژوویی گرتۆتەبەر.[1]

١. عمر فاروقی «نظری به تاریخ و فرهنگ سقز، کردستان»، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٦٩/ ١٩٩٠، ٣٥٥ صفحه، فارسی، جلد دوم، ناشر: مؤلف، سقز، ١٣٧۴/ ١٩٩٥، ٢٣٨ صفحه، فارسی.

## بژی مەشرووتە، بمێنێ قانوون!

ئەم کتێبە بچووکە دەتوانێ ڕوخساری مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگۆڕێ. ئەوەی تا ئێستا گوتراوە و لە قەڵەمی نەیار و ناحەزانی کورد داکەوتووە، بریتی بووە لەوەی کورد لە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی ئێراندا نەک هەر بەشداریی نەکردبێ بەڵکوو لە ڕیزی دژبەرانی ئازادی و لایەنگرانی ئیستیبدادا جەنگابێ؛ تەنانەت مێژوونووسێکی ڕووناکبیری وەک «ئەحمەدی کەسرەوی»ش کارێکی جگە لەوەی نەکردووە و لە هەر دوو کتێبە ناسراوەکەی خۆیدا (تاریخ مشروطه و تاریخ هیجده ساله آذربایجان) ئەو بیرۆکەیەی بە مێشکی خوێنەردا بردۆتە خوارێ کە کورد ئاژاوەچییەکی بێهەڵوێستی سیاسی و تێکدەری مەشرووتییەتی ئێرانە.

دیارە بۆچوونی نەیاران زۆریش لە ڕاستی دوور نییە و لەو سەردەمەدا سالارودەولەی برای محەممەدعەلیشا لەنێو عەشایری کورد و لوڕدا خەریکی کۆکردنەوەی سپا بوو و بە شایەدیی ئایەتوڵڵا مەردۆخ (تاریخ مردوخ، ل ٥١١ بەدواوە)، لەم کارەدا سەریش کەوت و هێزێکی زۆری عەشیرەیی کورد و لوڕی وەکۆکرد و بەرەو تارانی ناردن کە شارەکە لە دەست لایەنگرانی مەشرووتە دەربهێنن و بیدەنەوە دەست ئەو و برای تاجداری؛ کارێک کە ئەگەر بگەیشتایەتە ئەنجام، جگە لە کوژرانی کۆمەڵانی خەڵک و وێرانیی ژێرخانی ئابووریی کوردستان هیچ ئەنجامێکی نەدەبوو.

بەڵام ئەوە تەنیا بەشێکە لە ڕاستی و دوژمن و نەیاران چاویان لە بەشەکەی تری ڕووداوەکان پۆشیوە، کوردیش ئەو قەڵەم بەدەست و مێژوونووس و بەڵگە مێژوویییانەی نەبووە بە بەڵگە و شایەد دژ بەو چەواشەکارییە بوەستن، لە ئەنجامدا تا ئەمڕۆکەش لایەنگریی ئیستیبداد و دژایەتیی مەشرووتە لەسەر کورد بووە بەماڵ!

بەڵام ئەوەی پێی دەڵێم «بەشەکەی تر»، چییە و چی بووە و نیازم لەم قسەیە چییە؟ لە

کۆمەڵگای چینایەتی‌دا هەموو دیاردەیەک چینایەتییە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مەشرووتەدا ئێران تازە خەریک بوو پێ لە سیستەمی فیێۆداڵی بترازێنێ و سەرەتاکانی قۆناغی دەسمایەداریی سەری هەڵدابوو. داری دەسمایەداری بازرگانی لە هەندێک لە شارە گەورەکان وەک تاران و تەورێز چەکەرەی کردبوو و شارەکانی تریش چەند هەنگاوێک دوای ئەوان بە شەلەشەل و ئەسپایی بەرەو پەرەسەندنی پەیوەندە دەسمایەدارییەکان دەڕۆیشتن. کوردستان ئەو شارە گەورە و لەباری ئابوورییەوە پێشکەوتووانەی نەبوو و بەهۆی چەوسانەوە و شەڕوشۆڕی زۆری نێوخۆیی و لاوەکییەوە ئەو ڕادە دەسمایەیەش لە کۆمەڵگاکەی‌دا وەکۆ نەکرابوو کە لە ڕیزی ناوچە پێشەنگەکانی ئێران‌دا بێ و ئاشکرایە هێزی نوێخوازیی ئەوتۆشی نەبوو کە لەپێناو ئەمنییەتی ڕێگاوبان و کارهاسانیی بازرگانی‌دا خەبات بکەن یا لە بەرانبەر هێزی چەکدار و دەسەڵاتداریی عەشیرەیی ناوچەکەدا بوەستن.

بۆ نموونە، وەک جیاوازییەکی سەرەکی لە شوێنی وەک تاران عەشیرەتێک نەبوو کە بە هێزی چەکدارەوە بەرانبەر بە بازاڕ و تاجر و پەیوەندە نوێ‌دەسمایەدارییەکان بوەستێ، لە ئازەربایجانیش ئەگەر عەشیرەتی «شاسەیوان» هەبوو، لە باری جوغرافیایی‌یەوە گەلێک لە شاری وەک تەورێز دوور بوون و توانای بەرانبەرییان لەگەڵ «بازاڕ»ێکی بەهێزی دەوڵەمەند نەبوو کە چەند سەدە لە تەمەنی ڕادەبرا و لەنێو کۆمەڵگا خۆجێیی‌یەکەدا ڕەگی قووڵی داکوتابوو؛ ئەم دیاردانە لە کوردستان نەبوون.

چوار دەوری کرماشان بە تەونی هێزی چەکداری سەنجابی و کەلهوڕ و زەنگەنە تەنرابوو و هەرکام هەوڵی دەسەڵاتسەندنی شاریان دەدا؛ لە سنە، بارودۆخەکە لەوەش خراپتر بوو. بازاڕ و بازاڕییەکانی شار بەرگەی هێرشێکی ساکاری سوارەی چەکداری عەشیرەیی و بنەماڵەی گەورەی وەک سەنەندەجی و ئەردەڵان و ئاسەف و وەزیری یا عەشیرەتێکی وەک گەڵواخییان نەدەگرت و لە حاڵەتی بەربەرەکانی‌دا بە ماوەی چەند خولەک تاڵان دەکران و ئاگریش تێبەردەدران.

مەهاباد لەوانیش کۆڵەوارتر بوو و شەڕی لەبنەهاتووی مەنگوڕ و دێبوکری و

مامـەش و گـەورک بـۆ بەدەسـتەوە گرتنـی دەسـەڵاتی شـار کارێکـی وای کردبوو بازرگانی شـار هیچ ڕۆژێک بە تەمای سـبەینێی خۆیان نەبن و لەوە بترسـن کە ئەو چوارقڕانـەش کـە لـە تاجـری تەورێزییـان قەرز کردبوو بە فیشـەکی سـوارەی ئەو مەزن و ئەم سەرەکهۆز ببێتە دووکەڵ و بە حەوادا بچێ.

ئیتر باسی شارەکانی دیکەی کوردستان هەر نەکەین کە بۆ نموونە، شەخسێکی وەک حەمەڕەشیدخان لە ڕقی ئەفسەرانی سپای ئێران سووک و هاسان بازاڕی سەقز و بانـەی ئـاور تێبەردەدا و کەسـیش توانـای بەربەرەکانی کردنی نەبوو، سەردەشـت بەدەست پشدەری و گەورک و شنۆ بەدەست مامەش و زەرزاوە دەیانناڵاند.

بەڵام هەر ئەو نائەمنی و ئاژاوەیەش دژبەری خۆی لەنێو خەڵکی شار و بەگشتی تاجر و دووکاندار و خوێندەوار و ڕووناکبیری سـەردەمدا دروسـتکردبوو و ئێمە لە بیرەوەریی سـاڵانی سـەرەتای سـەدەی بیستەمی هەندێک کەسـی وەک ئایەتوڵڵا مـەردۆخ و خەلیلـی فەتاحـی قازی و حاجـی مسـتەفای تەیمـوورزادەدا دەبینین کە هـاوکات لەگـەڵ شـار و ناوچەکانـی دیکـەی ئێـران، خواسـتی گۆڕانی بـارودۆخ و سـەقامگیربوونی ئاسایشـی بازرگانی لەلای هەندێک کەسـایەتیی کوردستانیشـەوە هاتۆتـە گـۆڕێ و تەنانـەت درەنگتـر لقـی «حیزبی ئازادیسـتان»ی شـێخ محەممەدی خیابانی لە شاری مەهاباد کراوەتەوە.

**

کتێبـی جێبـاس «موجاهید»ێکـی سـەقزیی سـەردەمی مەشـرووتەی ئێـران نووسـیویەتی کە پەسـندێکی بەبەڵگەیە بۆ بەشـداریی خەڵکی کوردسـتان لە خەباتی مەشرووتەخوازی و تێیدا باسی هەوڵ و تێکۆشانی دەستەیەکی ٢٧ کەسیی خەڵکی سـەقز دەکا کە بۆ یارمەتیدانی خەباتکارانی مەشـرووتە چوونەتە شاری تەورێز و لەوێ شانبەشـانی «موجاهیدین»ی ئازەربایجان شـەڕی «شـوجاع نیزام» و سـپای بەهێزی «موسـتەبیددین»یان کردووە و تەنانەت بوونەتە پاسـەوان، واتە حەرەسـی «سـەتارخان» و هـاوڕێ لەگـەڵ ئـەو و باقرخـان لـە شـەڕ و پێکدادانـی نێوشـاری تەورێز و دەوروبەریدا بەشدارییان کردووە، چەند کەسێکیان لێ شەهید و بریندار

بـوون، خەڵکـی تەوریـز نوقڵیان بەسـەردا بڵاوکردوونەتەوە و سـەتارخان میداڵیای شانازیی خەڵات کردوون (ل ١٦ ـ ٥٦).

نووسـەری کتێبەکـە، حاجـی حەکیـم نیلووفـەری (١٢٦١ ـ ١٣٥٣/ ١٨٨٢ ـ ١٩٧٤) چۆنییەتیـی پێکهاتنـی «ئەنجومەنـی نەجات» و پەرەسـەندنی کارەکانـی ئەنجومەن تا چوونی دەستەیەک لە ئەندامەکانی بۆ تەوریز و پاشان چوونی ١٥ کەسیان بۆ تاران و هاوکاریـی مەشـرووتەخوازانی وەک «یەپریمخـان»ی ئەرمەنـی و گەلێـک ڕووداوی دیکەمان بە زمانێکی پاراوی فارسی بۆ دەگێڕێتەوە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا تەنانەت سووکە ئاماژەیەکیشیان پێنەکراوە.

ئـەم کتێبـە پڕبایەخە، کاک عومەری فارووقی ڕێکیخسـتووە و بڵاوی کردۆتەوە، بـەڵام بەداخـەوە ڕوون نییـە دەوری ئێدیتـۆر تا کوێ و تا چەند بـووە و گەلۆ کاک عومەر تەنیا زمانی نووسـینەکەی ڕێکوپێک کردووە یاخود لە کاری ڕێکخسـتنیدا لەوەش چۆتە پێشـەوەتر. ئەوی ڕاسـتی بێ شـێوازی نووسین و کەڵک وەرگرتن لە هەندێک وشـە و زاراوەی ئەمڕۆیی وەک مەیدانی عوقاب و پاسـاژی ئالان و دیلان و... ئەو گومانە لای خوێنەر دروست دەکا کە بڵێی ئەو دێڕانە درەنگتر نەنووسرابن یاخود لە سەردەمێکی نزیک بە ئێستادا ساغ نەکرابێتنەوە؟ هیوادارم کاک عومەر ئەم لایەنە تاریکانە بۆ خوێنەری ئەم کتێبە بەنرخە ڕوون بکاتەوە.

بـەڵام ئـەوەی لـە کتێبەکـەدا «بـۆکان» بگرێتـەوە چەند خاڵێکـن کـە گرنگترینیان هەواڵێکە لەمەڕ «موجاهیدینی بۆکانی» و ئەوەی ویستبێتیان بۆ یارمەتیی خەباتکارانی مەشرووتە بچن بۆ تەوریز:

«هەمـان ڕۆژ هـەواڵ گەیشـت کـە تاقمێکـی دیکـە لە کـوردی ناوچەکانـی بانە و سەردەشت و بۆکان هاتوون بۆ ئەوەی لە تەوریز لەگەڵ هێزی موجاهیدین بکەون و لە شـەڕێکی قورسدا لەگەڵ هێزە دەوڵەتییە دامەزراوەکەی قەراغ شـار[ی تەوریز]، بەتایبەت هێزی تازەنەفەسی «سپەهدار»دا چەند کەس لە سپای دەوڵەتیان کوشتبوو و بە سـەلامەتی ڕزگاریان ببوو. هەمووان لە ئازایەتیی سـپای کورد گەلێک خۆشـحاڵ بـوون. پاشـان هێزێکـی زیاتر لە کوردسـتانەوە هاتن، بەڵام وا دەرکـەوت کە هێزی دەوڵەت لە نزیک میاندواو ڕێگەی پێ گرتبوون و موجاهیدەکان چارناچار بە سواری

دابوویانــە دەشــت، ئینجـا ئـەو ناجوامێرانە ئاویان خســتبووە کێڵگە دەشـتانییەکە و هێزی کوردانیان لە قوڕ و چڵپاودا خستبووە گیر و قەتڵیعامیان کردبوون» (ل ٣٣).

ئاماژەکانی دیکەی نووسەر بە بۆکان بریتین لە هەواڵی شەهیدکرانی نەمر عەلیبەگی شێرزاد (یەکشەوە) لە بۆکان کە دەڵێ لەوێ لە سێدارە دراوە و ڕێکەوتی بۆ دیاری ناکا، بەڵام بۆ ئیعدامەکانی سەقز دەڵی ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ بووە کە دەکاتە ١٩٤٧/٢/١٤ (ل ٢٤ ـ ٢٥) هەروەها هەواڵی ئیعدامی حەمەحوسـێنخانی سـەردار بەدەسـت سپای تورک لە مەراغە ڕادەگەیەنێ کە ئەمیان لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕوویدا (ل ٢٩).[١]

---

١. «زندەبـاد مشـروطە، پایندەبـاد قانـون»، بەروایت مرحوم حاج حکیـم نیلوفەری، بە اهتمام عمر فاروقی، نشر گوتار، سقز، ١٣٨٨/ ٢٠٠٩، ١٧٢ لاپەڕە بەوێنەوە، فارسی.

## ترسی سەقز

ئەوە کتێبێکە بازرگانێکی خەڵکی سەقز نووسیویەتی و ئاوێنەی باڵانوێنی ئاژاوە و شەڕی عەشیرەیی ناوچەی سەقز لەلایەک، قاتوقڕی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەکی تر و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی حکوومەتی ناوەندی، هێرشی ترکی عوسمانی و ڕووسی تزاری و سپای سمکۆی کوردیش بۆ سەر شار و ناوچەکە سەرباری ئەوان! خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم خەڵکە هەژارە چۆنیان بەرگەی ئەو هەموو کوشتوبڕ و بێقانوونی و ڕووتانەوە و پەتا و ئازار و نەخۆشی و بێدەرمانییە گرتووە و نەفەوتاون؟ سەقز بۆ چۆڵ نەکراوە و نەبۆتە وێرانە! ئاشکرایە ئەوەی بەسەر سەقز هاتووە و ئێمە بە هیممەتی دانەری کتێبەکە لێی ئاگادار دەبین، چارەنووسی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بووە و ئەوانی تر ئەگەر لەوەیان خراپتر بەسەر نەهاتبێ، باشتر نەبوون.

کتێبەکە نەمر حاجی مستەفا تەیموورزادە بە شێعری هەورامی هۆندوویەتەوە (بڕواننە لاپەڕە ١١ی کتێبی «زندەباد مشروطە، پایندەباد قانون»ی حاج حەکیم نیلوفەری، بەشی پێشتری ئەم وتارە). ئینجا کاک تۆفیق ئەمینیان کردوویەتە پەخشانی فارسی و لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی (١٩٥٨ی زایینی)دا بۆ یەکەم جار بەناوی «وحشت سقز» بە یارمەتی حەمەدئاغای عەباسی لە تاران بڵاوی کردۆتەوە.

کتێبی «وحشت در سقز» (یا هەمان وحشت سقز) بە بیرەوەریی سەفەرێکی نووسەر دەست پێدەکا لە سەقزەوە بۆ تەورێز و تەنگوچەڵەمەی ڕێگا و ئازار و ئەزیەتی موسافیری کورد لەلایەن منداڵ و لات و شەلاتی تەورێزییەوە؛ ئینجا ژیانی نێو شاری سەقز لەژێر دەسەڵاتی حاکمی هەمەچەشنەی کورد و عەجەم دەگێڕێتەوە کە لە چەوساندنەوەی خەڵکدا گرەویان لە یەکتر بردۆتەوە. نرخی کەلوپەل، گرانی، دواکەوتوویی ئابووریی ناوچەکە لەچاو تەورێز و ئازەربایجان، قاتوقڕی،

باجی جۆربەجۆری حکوومی، هاوکاری کردنی شـێخانی نەقشـبەندی لەگەڵ سـپای عوسـمانی و هاندانی خەڵک بۆ شـەڕی سـەربازی ڕووس، چۆڵکرانی شـار، هاتنی سـپای سـمکۆ و هەڵاتنی مەئموورانی دەوڵەت لە سـەقز، تاڵانوبڕۆی سپای سمکۆ، هێرشـی سوارەی جاف بە سـەرۆکایەتیی نەمر شێخ مەحموودی بەرزنجی بۆ سەر سـەقز و دەیان بابەتی گرنگی دیکەی سـاڵانی نێوان ١٣١١ ـ ١٣٤٢ی مانگی [ ١٨٩٣ ـ ١٩٢٤ی زایینی] لە ١١٨ لاپەڕەی کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

گەرچی بەشـێکی بەرچاوی ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی شـاری سەقز کەموزۆر هاوچەشنی بۆکان بوون، بەڵام بابەتی تایبەتمەند بە بۆکانیش لە کتێبەکەدا کەم نین:

١. سـەفەری تەوریـزی نووسـەر بـە «کاروانی ئاغای سـەرداری بـۆکان» ئەنجام دراوە (ل ١٩)؛

٢. لە بۆکان لە «کاروانسەرای سەردار» دابەزیوە و گوتوویەتی ئەو دەم لە بۆکان تەنیا یەک قاوەخانە، یەک کەبابخانە و یەک قەسـابی هەبووە، کە سـاڵانە بە ١٥ هـەزار تمـەن لە سـەردار بە ئیجارە هەڵگیراون، کەسـیش مافـی ئەوەی نەبووە بەبێ ئیجازەی ئەو دووکانی لەو چەشنە بکاتەوە (ل ٢٠)؛

٣. لەقەبی «سەردار» لەلایەن شاوە درابووە حەمەحوسێنخان و لە بنەماڵەکەیاندا بـە میرات دەمایەوە (ل ٣٧) [بەڵام باوکی حەمەحوسـێنخان و باپیرەشـی هەر ئەو لەقەبەیان بووە]؛

٤. هەواڵی ڕووداوی ئیعدامی سەردار حەمەحوسێنخان لەلایەن ئەرکانی حەربی عوسمانییەوە لە مەراغە (ل ٣٧ ـ ٣٨)؛

٥. زیـاد لـە ٤ هـەزار کـەس لەلایـەن سـەرەکهۆزەکانی ناوچـەی سـابڵاغ وەک «عەلیئاغـای ئەمیـر ئەسـعەد»ەوە کۆکرانـەوە و نێردرانـە میانـدواو و لـەوێ شەڕی ڕووسیان کرد و شارەکەیان لە دەست دەرهێنان. پاشان عوسمانییەکان «مەولانای شەڕەفکەند»یان کردە حاکمی مياندواو (ل٣٩ ـ ٤١)؛

٦. بنەماڵەی سـەرداری بۆکان ٧ هەزار تمەن و بنەماڵەی سـەیفەددینخانی سەقز ٦ هەزار تمەنیان بارکرد و ناردیان بۆ ئەرکانی حەرب و موتەسەرریف پاشای

عوسمانی بۆ ڕزگارکردنی دوو کەسەکە لە بەند، بەڵام ئەوان پارەکەیان هەڵگرت و ئەوانیشیان ئیعدام کرد! (ل ٤٠ ـ ٤١)؛

٧. سپای ڕووس لە تەورێزەوە بەرەو کوردستان هات، خەڵک هەڵاتن و ماڵیان چۆڵ کرد، تەنیا «گەنجاڵیبەگی قاتانقوڕ» هەڵنەهات و ڕەعیەتی دەوروبەریش لەگەڵ ئەوان کەوتن (ل ٤٨)؛

٨. کەرەسەی ماڵی «حاجی ئێلخانی» و دووکاندارانی سابڵاغ و بۆکان لە ماڵی جوولەکەی بانە و گوندەکانی سەرشیو شاردرابۆوە. شێخ مەحموود[ی بەرزنجی] دوای هێرش کردنە سەر ناوچەکە، یەکەم کارێک کە کردی تاڵانی ماڵی جوولەکەکان بوو[!] (ل ٥٣)؛

٩. عەلیخانی سەرداری موکری بوو بە تکاکاری بەگزادەکانی سەقز لای «شریف‌الدولەی کاشی» حاکمی کوردستان و دووجار هات بۆ سەقز و ٤ هەزار تمەنیشی پێشکەشی دایە «شریف‌الدولە»، بەڵام سوودی نەبوو (ل ٦٨ ـ ٦٩)؛

١٠. ڕێکخستنی کاروبار لە سەردەمی سمکۆدا بەو چەشنەبوو: چەهریق پێتەخت و حەمامیان و سنە و سابڵاغیش مەرکەزی هێزی سپایی بوون (ل ٩٨)؛

١١. دووکان لە سەقز داخرا و زیاد لە ٢٠٠ کەس چوون بۆ «دارالامانی حمامیان» بۆ «تحصن و استمداد». ٥٠ کەسیان شەڕەفیابی دیوەخانی «ئەمیر ئەسعەد» بوون و ئەوانی تر لە ژووری چاوەڕوانی و «ئابدارخانە»دا مانەوە، بۆ ئەوەی تکایان لە سەردار نوسرەت (سمکۆ) بۆ بکا بەگزادەی بانە نەکاتە حاکمی سەقز و خەڵکی شار لەوە زیاتر نەچەوسێننەوە، بەڵام پاڕانەوە سوودی نەبوو و سەردار ئەسعەد قبووڵی نەکرد، ناچار چوار کەسیان چوون بۆ سابڵاغ بۆ «حزووری قەرەنیاغای مامەش» (ل٩٩ ـ ١٠١)؛

١٢. سمکۆ، قۆچخانی سەهام و عەلیئاغای ئەمیر ئەسعەدی کردە شەریکە حکوومەتی سەقز (ل ١٠٤)؛

١٣. سپای سەید تەهای شەمزینی لە «تیکانتەپەی قۆچخان» و «کولتەپەی جانگیرخان»ەوە کە لە خاکی موکرین، تا گوندی «چویلی» کە سەرجەم ٤١

ئاوایین، هەمووی تاڵان کردن (ل ١٠٨)؛

١٤. عەلیئاغای ئەمیر ئەسعەد هەمیشە بیری لە عاقیبەتی کار دەکردەوە و خزمەتی نهێنیی بە دەوڵەت دەکرد (ل ١١٠).

ئەمانە و هەندێک هەواڵی دیکەش سەبارەت بە بۆکان.[1]

١. مستەفا تەیموورزادە، وحشت در سقز، نگاهی به تحولات کردستان در فاصله جنگ اول جهانی تا اعاده اقتدار دولت مرکزی، ١٢٩٣ ـ ١٣٠٢ شمسی (١٣٣٤ ـ ١٣٤٢ قمری)، بەکوشش شهباز محسنی، نشر شیرازه و کتاب شهر، ١٣٨٠/ ٢٠٠١، ١٣٥ صفحه، فارسی.

## مێژوو و جوغرافیای دارولسەڵتەنەی تەورێز

نووسەری ئەم کتێبە فارسییە، «نادرمیرزا»یە کە بە چەند پشت دەگاتەوە فەتحعەلیشای قاجار و بەو بۆنەیەوە بە شازادە نادر میرزا ناسراوە. نادر میرزا لە شاری گورگان هاتۆتە دنیا، بەڵام ماوەی ۴۰ ساڵ لە تەورێز ژیاوە، ئەم کتێبەی لە ماوەی ئەو ۴۰ ساڵەدا نووسیوە و لە ساڵی ۱۳۰۰ی کۆچی مانگی (۱۸۸۲ی زایینی) کۆتایی پێهێناوە، ئینجا لە ماوەی دوو ساڵی دواتردا هەندێ بابەتی لێ زیاد کردووە.

لاپەڕە ۳۰۴ تا ۳۵۲ی ئەم کتێبە تەرخانی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای نەهری (۱۸۸۰ی زایینی) کراوە. لەم بەشەدا ناوێکی ڕاستەوخۆ لە بۆکان نەهاتووە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە شۆڕشی شێخ و ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ هەموو ناوچەی موکریانی گرتبۆوە، پێوەندیی بە مێژووی ئەو ساڵانەی بۆکانیشەوە هەیە.

بایەخێکی دیکەی کتێبەکە، تۆماری ژیاننامەی سەدان کەسایەتیی ئێرانیی سەردەمی قاجارە و لەم پێوەندەدا چەند لاپەڕەیەکیشی تەرخانی ژیانی عەزیزخانی سەردار کولل (یەکەم سەرداری بۆکان) کردووە، بڕواننە لاپەڕە ۱۸۵ تا ۱۸۹ و چەندین شوێنی دیکەی کتێبەکەش.[۱]

---

۱. تاریخ و جغرافی دارالسلطنه تبریز، تألیف مرحوم شاهزاده نادرمیرزا، با مقدمه و شرح و تعلیقات و تنظیم فهرست‌های لازم از محمد مشیری، چاپ سوم، انتشارات اقبال، تهران ۱۳۶۰/ ۱۹۸۱، فارسی.

## وێنەی مێژوویی سەردەمی قاجار

دوو بەرگ کتێب بە زمانی فارسی لەلایەن زانستگەی تارانەوە بڵاوبۆتەوە کە پێرستی ٢٠ هەزار وێنەی مێژوویی پارێزراو لە کتێبخانەی ناوەندیی زانستگای تارانە.

وێنـەکان، سـەردەمی قاجـار (١٧٧٩ ـ ١٩٢٥) دەگرنـەوە و ژمارەیەکـی زۆری کەسـایەتی و شـوێنی جۆربەجۆریان گرتۆتەبەر. بەشـێک لە و ێنەکان، کوردسـتان دەگرنـەوە و مـن بابەتێکی سـەربەخۆم لەسـەر ئەو بەشـانە نووسـیوە و بڕیارە لە گۆڤارێکی دەرەوەی وڵاتدا بڵاوبکرێتەوە.

وەک گوتم، کتێبەکان تەنیا پێرسـتی ئەو ٢٠ هەزار وێنەیەیان تێدا چاپ کراوە و من هەوڵم داوە لە نێویاندا وێنەی پێوەندیدار بە کورد یا کوردستان بدۆزمەوە، کە کارێکـی هاسـان نییە و زۆر وا هەیـە گەلێکیانم نەکەوتبێتە بەرچـاو لەبەروەی ٧٣١ لاپەڕە پێرست دۆزین و دیتنەوەی بابەتی دڵخواز سووک و سانا نییە.

وێنـەکان زۆرێـک لە ناوچەی سـابڵاغ هەڵگیـراون کە بۆکانیش بەشـێک بووە لە ناوچەی ئیداریی ئەو شارە. ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەیەکن لە پێرستەکە و ئەگەر کەسـێک بیـەوێ زانیاریـی زیاتـری لێ وەدەسـت بهێنێ، دەبێ ڕاسـتەوخۆ سـەیری کتێبەکە بکا:

وێنەی ژمارە ٢٥٤١ ـ ٢٥٤٢ و ٢٥٥٠ سوارەی کورد لە نزیک سابڵاغ؛
وێنەی ژمارە و ٢٥٣٧ گوندی کوردان؛
وێنەی ژمارە ١٣٧٤ عەزیزخانی سەردار لەگەڵ فەرەجخانی ئەمینوددەولە؛
وێنەی ژمارە ١٣٠٤، ٩٠٨٥، ٩٠٨٨ قەڵای تەختی سولەیمان؛
وێنەی ژمارە ١١٩٤٤ گوڵاویئاغای کوڕی سەیفەددینخان؛
وێنەی ژمارە ٣٩، ١٨٣، ١٩٧ عێل و عەشایری لوڕ و کورد و بەختیاری؛
وێنەی ژمارە ٤٢٤٣ حەسەنئاغا ئامۆزای قادرئاغای سەرەکهۆزی گەورک؛
وێنەی ژمارە ١١٤٨ سەیفەددینخان کوڕی سەرداری موکری.[١]

---

١. فهرسـت عکس‌های تاریخی ایران، جلد اول «دوره قاجار» بررسـی و تدوین قاسـم صافی بر مبنای یادداشـت‌های شـادروان حسـین محبوبی اردکانی، ناشر: دانشگاه تهران، کتابخانه مرکزی و مرکز اسناد، ١٣٦٣/ ١٩٨٤، جلد دوم همان مشخصات، سال ١٣٦٤/ ١٩٨٥، فارسی.

## دوو کتێب

### یەکەم: چپ در ایران/ حزب دمکرات کردستان

### دووهەم: اوضاع سیاسی، اجتماعی، تاریخی ایل بارزان»

لـە سـاڵی ١٩٥٦ەوە کە ئیدارەیەک بەناوی سـاواک[١] دامـەزرا و جێگەی «حکوومەتی نیزامـی»ی تەیمـووری بەختیاری گرتەوە تا سـاڵی ١٩٨٠ و شۆڕشـی گەلانی ئێران، کە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی سیستەمی شایەتی ٢٥٠٠ ساڵە لە ئێران و تێداچوونی سـاواک، شـاری بۆکان هەرگیز لقی سـاواکی نەبوو و بەگشـتی دائیرەی شـارەبانی هەندێ کاروباری ئەوانی ڕادەپەڕاند و ئیش‌وکاری ئاسایشـی شـار بەهۆی ساواکی شاری مەهابادەوە هەڵدەسووڕا.

بەم پێیە، بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە ناوچەی بۆکان دەبێ لە ساواکی مەهاباددا پارێزرابێ و ئێمە دەزانین دوابەدوای سـەرکەوتنی شـۆڕش و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن مەلاکانەوە، هەموو بەڵگە و ئەسنادی ساواکی مەهاباد ڕاگوێزرانە ورمێ و کەوتنە بەردەسـتی حکوومەتی نوێی ئێران و بەو شـێوەیە، سەرچاوەیەکی گرنگـی زانیـاری لەمەڕ بارودۆخی سیاسـیی ناوچەی موکریان لە بەردەسـتی کورد هەڵگیرا و کوردی لێ بێبەش کرا.[٢]

ئێسـتا بـۆ ئـاگادار بـوون لـە چالاکیـی سـاواک و دەزگای ئاسایشـی ئێـران لـە کوردستان (چ ڕۆژهەڵات و چ بەشەکانی تر)، دەبێ چاوەڕوانی دەستی جێگرەکەی،

---

١. سازمان اطلاعات و امنیت کشور (ساواک).

٢. بەڵگەنامەکانـی شـارەبانی و ژاندرمـەری و بەخشـداریی بـۆکان دوابـەدوای شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧ گەیشـتە دەست «شـووڕای ئینقلاب»ی بۆکان. شووڕای ناوبراو ٣ کەسی کردە بەرپرسی ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکان، یەک لەوان من بووم. ئێمە بۆ ماوەی چەند مانگێک بە بەڵگەنامەکاندا چووینەوە و چەند جاریش ڕاپۆرتمان لەسـەر بەڵگەنامەکان دایە شـووڕا و چەند بەڵگەنامەشمان بە دیوارەکانی شارەوە دا بۆ زانیاریی کۆمەڵانی خەڵک، بەڵام بەداخەوە بە دەست پێکرانی شەڕی کوردستان و هێرشی سپای ڕژیم بۆ سەر بۆکان ئێمە هەموومان شـارمان بەجێ‌هێشـت و ئـەو بـرادەرەی کە بەڵگـەکان لای ئەو مابوونەوە لە ترسـی گیانی خۆی هەمووی بردبوونە سـەر ڕێگای بۆکان بۆ گوندی«گۆل» و لەوێ هەڵیڕشـتبوون، ئیتر من هەرگیز نەمزانی چی بەسەر ئەو بەڵگە بەنرخانە هات.

واتە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بین کە هەر ڕەوتی پێشووی تیژتر پێواوە.

لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا دوو بەرگ کتێب بڵاوبوونەتەوە کە هەرکام بەشێک لە بەڵگەنامەکانی ساواکیان سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشوور گرتۆتەبەر.

کتێبەکان لە دەوری تەوەری چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق دەگەڕێن و ئەو هەواڵانەن وا بەگشتی لەسەر هەندێ کەسایەتیی نێو ئەو دوو حیزبە و چالاکانی دیکەی کورد نووسراون و لە کاتی خۆیدا دراون بە ساواک و شارەبانی یاخود ساواک ئاڕاستەی کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو دەمی ئێران وەک شا و وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەتی کردوون و هەر هەموویان لە پێوەندیی کورددان.

بەشێک لە بەڵگەنامەکان پێوەندییان بە شاری بۆکان و دەوروبەرییەوە هەیە و بریتین لە هەواڵ و ڕاپۆرت لەسەر خەڵکانی دانیشتووی شار و گوندەکانی دەوروبەر، لەوانە مامۆستا حەسەن قزڵجی، سەلاح موهتەدی، محەممەد ئێلخانیزادە، حسێن فاتحی و ئاغاواتی شار و گوند و بەو بۆنەیەوە لە پێوەندیی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی بۆکاندا خاوەنی گرنگایەتیی زۆرن.

یەکەم کتێب، وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران دەریکردووە و دووهەمیان مامۆستای زەحمەتکێش کاک محەممەدعەلی سوڵتانی بە هاوکاریی ڕێکخراوی ئەسناد و کتێبخانەی نەتەوایەتیی ئێران بڵاوی کردۆتەوە. بەهۆی هاوبەشبوونی بابەتەوە هەردووکیانم پێکەوە ناساند، سەرچاوەی کارەکەی مامۆستا محەممەدعەلیش هەر هەمان ڕێکخراوەیە.

ئەوەش تایبەتمەندیی کتێبەکان، کە هەردووکیان بە فارسی نووسراون:

ئا. چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک/ حزب دمکرات کردستان، جلد اول، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، ١٣٧٨/ ١٩٩٩)، ٤٩١ لاپەڕە ( لەگەڵ ٤٤ لاپەڕەی پاشکۆ)؛

ب. اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، گردآوری و پژوهش محمدعلی سلطانی، بانضمام اسرار بارزان، دکتر اسماعیل اردلان، ١٣٢٥ شمسی، سازمان اسناد و کتابخانە ملی جمهوری سالامی ایران، تهران ١٣٨٣/ ٢٠٠٣، ٦٧٧ لاپەڕە.

## کتێبی چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بەڵگەنامەکانی نێو ئارشیڤی ساواکی شای کردۆتە چەکێک دژ بە نەیار و ناحەزانی خۆی و لە هەر کوێ ویستبێتی ڕاست و درۆی تێکەڵ کردووە و هاوڕێ لەگەڵ تەفسیر و لێکدانەوەی تایبەت بە خۆی، بۆ چاوبەست کردنی خەڵک کەڵکی لێوەرگرتوون. نموونەی ئەم کتێبانە زۆرن، هەر لە بەڵگەنامەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکاوە تا «اسناد سیاسی ایران و عثمانی» و کتێبی سەبارەت بە حیزبی توودەی ئێران و تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستان.

وا لە ساڵی ١٣٨٧ ـ ١٣٨٨ واتە ٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩دا بەرگێک کتێبی پڕلاپەڕە بەناوی «چریکهای فدائی خلق» بڵاوبۆتەوە کە نووسەرەکەی «مەحموودی نادری»یە، ناوێک کە زۆر وێدەچێ خوازراوە بێ بۆ مەسئولێکی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران.

کتێبەکە بابەتێکی تایبەتی لەسەر بۆکان تێدا نییە و هۆکاری ئەوەی وا من لێرەدا باسی دەکەم ئەوەیە گەلێک کتێب هەن کە هەست دەکرێ بابەتێک یا دووانیان سەبارەت بە بۆکان تێدا بێ و نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی بۆکانیش بەو هەستەوە بچنە سۆراغی. جا من بۆ هاسانکردنەوەی کاریان کورتە باسێکی کتێبەکە لێرەدا دەهێنم:

بابەتی کتێبەکە مێژووی سەرهەڵدانی ڕێکخراوەیەکە بەناوی «چریکهای فدائی خلق»، هەر لە سەرەتای پێکهاتنی تاقمی بچووکی ڕووناکبیرانی شارە سەرەکییەکانی ئێران وەک تاران و تەورێز لە دەیەی چلی ئێران (دەیەی شەستی سەدەی بیستەم)ەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) و ڕووخانی سیستەمی شایەتی لە ئێران.

نووسەر دەیهەوێ بەهۆی ٩٨٤ لاپەڕە نووسراوە و بەڵگە و وێنەوە هەوڵی کەمکردنەوەی نرخی خەباتی چەکداری بدا و ئەوەش بە یارمەتیی هەندێک هەواڵی

ڕاست و درۆ لەمەڕ کەسایەتیی ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و دەرخستنی لاوازییەکانیان لە پەیوەندیی یەکتر و خەڵکدا. چریکی فیدایی لە کتێبی مەحموودی نادریدا نە یەک قارەمانی لەخۆبوردووی فیداکار، بەڵکوو سەرلێشێواوێکی ترسەنۆکی کینە لەدڵە کە نازانێ چی دەکا و بایەخ بە کاروباری کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی نادا؛ لە بنەماڵەکەی و خەڵکی دەوروبەر تەریکە؛ خەڵک نایانەوێ و ڕاپۆرتی لێدەدەن؛ لە کاتی دەست بەسەربوونیشدا خێرایەک خۆی دەدۆڕێنێ و هەرچی هەیە و نییە لای مەئموورانی بەئەدەب و خاوەنبەزەیی ساواک! دەیدرکێنێ، جا ئەگەر وەک بێهرووزی دێهقانی هەموو ئەندامی هەلاهەلا کرابێ و لە پەنجەی پێیەوە تا تەوقی سەری تێکشکاو و بریندار بێ، هەموو ئەمانە بەهەڵکەوت بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بە ئەشکەنجەوە نییە، دەنا ساواکییە میهرەبانەکان لە قوربان و سەدەقە زیاتر هیچیان پێنەگوتووە! (شەرحی برینەکانی سەر ئەندامی بیهرووز دێهقانی لە زمان «پزیشکی قانوونی»یەوە ٢ لاپەڕەی تەواوی کتێبەکەی گرتۆتەبەر (ل ٣٥٥ ـ ٣٥٦).

کتێبەکە ڕوونکەرەوەی بەشێک لە فێڵبازی و مەکری زیرەکانەی دەزگا ئاسایشەکان و یەک لەوان ساواکە بۆ نموونە، دەستبەسەر کردنی ئەندامێکی ڕێکخراوەکە و بەڵێنی هاوکاری لێوەرگرتن و ئازادکردن و خزاندنی بۆ نێو هەمان ڕێکخراوە و زانیاری کۆکردنەوە لەسەر ئەندامان بە یارمەتیی ڕاپۆرتەکانی دواتری هەمان شەخس (ل ٧٥٦، ٧٨٧ و ٨٠٦). فێڵبازییەکی سەمەرەی دیکەی ساواک ئەوە بووە کاتێک لە ڕێگەی «نفووزی»یەکانی خۆیەوە زانیویەتی تاقمێک لە چریکەکان بە شوێن ماڵدا دەگەڕێن، ٣ ماڵی ئامادە کردووە و بە ئاژانسە ملکییەکانی سپاردوون، ئینجا لە ڕێگەی هەمان نفووزییەوە هەواڵی ماڵی بەتاڵی بە چریکەکان ڕاگەیاندووە و ئەوانیش بێئەوەی خۆیان بزانن چوون و ماڵەکانیان بەکرێ گرتووە و سووک و هاسان لەوێ گیراون یا شەهید کراون (ل ٦٨٨).

یا نامیلکەی چاپکراوی ڕێکخراوەکەی داوەتە کەسێکی خۆفرۆش کە بیاندا بە کەسانی تر و خۆیان درەنگتر هەر ئەو هەزارانەیان گرتوون (ل ٧٥٥)!

مەسەلەی ئەم «نفووزی»یانە خۆی جێگەی باسە و وێدەچێ ئیتلاعاتی ئێران لە

داخی هێزە پێشـکەوتنخوازەکانی ئێران و بۆ شـکاندنی ورەی ئەوان، تەنانەت ڕێز لە ساواکی شـاش بگرێ و بە ڕێکخراوەیەکی خاوەن‌دەسـەڵات و لەباری سیاسـییەوە «دروست»ی لە قەڵەم بدا.

کتێبەکە، بەرگی یەکەمە و بەو پێیە دەبێ بەرگی دیکەشـی بەدوادا بێ، بەڵام ئەم بەرگە نەک هەر بۆکان، بەڵکوو لە پەیوەندیی کوردستانیش‌دا هیچی تێدا نییە. هۆکاری مەسەلەکەش ڕوونە: بزووتنەوەی فیدائییان بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیری و چریکیی نێو شار بوو لە شارە گەورەکانی ئێران و ئەو شوێنانەی کە لە باری ئابوورییەوە پێشکەوتوو و خاوەنی کارخانە و کرێکار بوون (تاران، تەورێز، مەشهەد و ئیسفەهان)، هەمووشی لەژێـر کارتێکەریی بزووتنەوە چریکییەکانـی ئەمریکای لاتینی وەک توپامارۆدا بوو. بەم پێیە نەیدەتوانی و نەشیتوانی لە کوردستان پێگەیەکی ئەوتۆ بۆخۆی بکاتەوە و تەنیـا لـە قۆناغـی شۆڕشـی گەلانـی ئێران لـە سـاڵی ١٩٧٩دا بوو کە لە کوردسـتان لایەنگـری پەیـدا کـرد و تەنانەت لەو قۆناغـەش‌دا لقی کوردسـتانیی ڕێکخراوەکە بە شـێوەیەک ڕەنگـی ناوچەیی بەخۆیەوە گرت، بەرەو مەسـەلەی نەتەوایەتیی کوردی کشـا و لـە بەرنامـەی سەرانسـەریی لقەکانی دیکـەی ڕێکخراوەکە لە ئێـران تەریک کەوتەوە.

لە کتێبەکەدا تەنیا باسێک کە لە کوردستان کرابێ بریتین لەوانەی خوارەوە:

علی‌اکبـر رضائـی [صفائـی] فراهانی لە نامیلکەی «آنچه باید یـک انقلابی بداند»دا نووسیویەتی: «لە هەڵسەنگاندنی هێزە شۆڕشگێڕەکان‌دا نابێ لە هێزە عەشایرییەکان، بەتایبـەت لە کوردسـتان و فـارس غافڵ بین...» (ل ٧٣٥) کە کوردی بە عەشـیرەتێک داناوە نەک گەل!

ئەو مارکسیستانەی وا لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک جیا ببوونەوە، خوازیاری پێکهاتنی بەرەیەک لە کۆمەڵانی خەڵک بوون کە تێیدا «هەموو مارکسیست ـ لێنینیستە ڕاسـتەقینەکان، هەمـوو هێـزە خەباتکارە ئایینییـەکان، دێموکراتە شۆڕشـگێڕەکان و نوێنەرانـی بزووتنـەوە چەکـدارە گوندییـەکان ڕێک بخرێـن» (ل ٧٩١)، کە ئاشـکرایە دەبێ بەشێکی ئەو «بزووتنەوە چەکدارە گوندییانە»ی جێ‌باسی ئەوان، بزووتنەوەی

نەتەوایەتیی کورد بووبێ و لێرەشدا کورد نەک گەڵێکی شۆڕشگێڕ، بەڵکوو بە هەندێک چەکداری گوندی ناوبراوە!

تاقە مەسەلەیەکیش کە بۆکان بگرێتەوە کاتێکە کە نووسەر ناوی ئەندامانی تیمی تەداروکاتی لقی تەوریزی ڕێکخراوەکە دەبا و دەڵێ بریتی بوون لە: «... یۆسف کیشیزادە و...». دەزانین کە شەهید یۆسف کیشیزادە بەناوی خوازراوی «ڕەفیق حەسەن»ەوە بەرپرسی دەفتەری تازە دامەزراوی فیدائییانی خەڵق لە بۆکان بوو و چەکدارانە بەرانبەر بە هێرشی حکوومەت بۆ سەر شاری سەقز جەنگی و هاوڕێ لەگەڵ نەمر ئەبووبەکری حەمیدی هەر لەو شارە شەهید کرا و تەرمی هەردووکیان هێنرایەوە بۆکان و لەوێ ئەسپەردە کران (هاوینی ١٣٥٨). یادیان بەخێر بێ.

کتێبەکە بۆ ناسینی ساواکی شا و ئیتلاعاتی ئێران و ڕوانگەیان بە نیسبەت بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانەوە گەلێک بەکەڵکە، بەڵام بۆ ئەو لاوانەی وا شارەزایییەکی ئەوتۆیان لە خەباتی ئەو ساڵانە نییە و هەواڵی ڕووداوەکان تەنیا لە زمان ساواک و بە تەفسیری ئیتلاعاتەوە مەلاکانەوە دەبیسن، دەتوانێ گومڕایی و سەرلێشێواوی پێکبهێنێ. هیچ شوێنێکی کتێبەکە و هیچ ڕستەیەکی بەبێ چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و بێئیجازەی ئەوان و دوور لە بەرژەوەندیی ئەوان نەنووسراوە!

### ئەفسانەی نفوزکردن؛ توێژینەوەیەک لەمەڕ مێژووی فیدائییان

لە بابەتی پێشوودا باسی کتێبێکم کرد کە دەزگا ئیتلاعاتی و جاسووسییەکانی ئێران سەبارەت بە مێژووی ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکانی گەلی ئێرانیان پێکیهێناوە و بۆ بەدناو کردنی ڕیکخراوەکە لەبەرچاوی خەڵک و بەتایبەت لاوانی کەمئەزموون، بڵاویان کردۆتەوە.

زۆربەی زۆری هەواڵەکانی کتێبەکە ساختەن، هەر بۆیەش شایانی وەڵامدانەوە و بەدرۆ خستنەوەن؛ خۆشحاڵم کە باڵە جیاجیاکانی بزووتنەوەی فیدایی ئەم ئەرکە

پێویستەیان ئەنجام داوە و لە کۆتایی ئەم لاپەڕەیەدا لیستەی ئەو وتارانە دەهێنم کە خەڵکانی پەیوەندیدار بە مەسەلەکە نووسیویانن و لە ڕوانگەی خۆیانەوە بابەتەکانیان بە درۆ خستۆتەوە. یەک لە وتارەکان خاتوو فاتمە سەعیدی، دایکی ئەرژەنگ و ناسری شایگان، ئەو دوو منداڵە نووسیویەتی کە کتێبەکەی مەحموود نادری دەڵێ گوایە حەمید ئەشرەف لە کاتی هەڵاتندا بۆ ئەوەی نەکەونە دەست ساواک و زانیارییان لێوەرنەگیرێ، بە گوللە کوشتوونی! ئەو دایکە قارەمانە کە ئێستا بە سەری پیری و بە دڵشکاوی لە دەرەوەی وڵات دەژی، قسەی هەڵبەستراوی ساواک و ساواما بە درۆ دەخاتەوە و ڕێز و ئیحتیرامی خۆی ئاراستەی حەمید ئەشرەف و فیدائییەکانی تر دەکا.

جگە لەوانەی نێو لیستەی خوارەوە، کەسێکی تریش لەم بوارەدا هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و وەڵامی نووسەری کتێبەکەی داوەتەوە، ئەویش «ئەلف. جیلۆ»یە، کە خۆی یەک لە چالاکانی سەرەکی و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکە لە سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ و دوای ئەو بووە.[١]

جیلۆ، کە دوای شۆڕش بۆ ماوەیەکی باش لە کوردستاندا هەڵسووڕاویی نواندووە، ئێستا کتێبێکی ئەلیکترۆنیی لەسەر ماڵپەڕی فارسی «ایران گلوبال» بڵاوکردۆتەوە و تێیدا بەتایبەت لایەنێکی تۆمەت و تاوانەکانی کتێبی مەحموود نادری و ساوامای خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوە، ئەویش ئەو خاڵەیە کە لە کتێبە ساختەکەدا جەختی زۆری لەسەر کراوە و گوتراوە گوایە ساواکی ڕژیمی شا توانیبووی جاسووسانی خۆی بخزێنێتە نێو ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکانەوە و لەم ڕێگەیەوە گەلێک لە هەڵسووڕاوانی گرتبوو یا شەهیدی کردبوون. «جیلۆ» سەرجەم بەو بابەتەوە خەریک بووە و بە بۆچوونی من توانیویەتی وەڵامی بەڕێوجێ بە تۆمەتەکان بداتەوە.

هۆی ئاماژەکردنی من بەو کتێبە و وتارەکانی نێو «کار ئۆن لاین» دەرخستنی ئەم

١. ا. جیلو، «افسانه نفوذ» کنکاشی در تاریخ فدائی»، چاپ الکترونی، سال ٢٠١٠، فارسی.
http://asre nou. net/php/view. php?objnr=8234

ڕاستییەیە کە ڕێکخراوی فیدائییان دوای شۆڕشی ۱۳۵۷ لە شارەکانی کوردستان و یەک لەوان لە بۆکان گەلێکی هەڵسووڕاوی نواند و بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو چالاکییانە بێگومان پێویست بە گەڕانەوە دواوە و زانینی مێژووی سالانی پێش شۆڕشیش دەبێ. ئەم نووسراوانەش دەتوانن ڕوونکەرەوەی گەلێک لایەنی کاری ڕێکخراوەکە بن کە مەحموود نادری و مامۆستاکانی بە دەستەقەسد شێواندوویانە.

بۆ سەرجەمی وتارەکان بڕواننە ئەم سەرچاوەیە، واتە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی «کار ئۆن لاین».[1]

ئەوەش لیستەی وتارەکان:

- بیانیه مشترک دو سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران و فدائیان خلق ایران (اکثریت) پیرامون کتاب «چریک‌های فدایی خلق»؛
- درباره کتاب «چریک‌های فدایی خلق» فرخ نگهدار؛
- برای فرزندان من اشک تمساح نریزید! فاطمه سعیدی (مادر شایگان)؛
- اعلامیه چریک‌های فدائی خلق ایران در افشای تاریخ‌نویسی جلادان علیه چریک‌های فدائی خلق؛
- تلاش‌های مذبوحانه وزارت اطلاعات، سازمان چریک‌های فدایی خلق ایران؛
- درباره تاریخ‌نویسی به شیوه وزارت اطلاعات جمهوری اسلامی، سازمان فدائیان (اقلیت).[2]

1. http://www. kar online. com/ketab/ketab. html

۲. محمود نادری، چریک‌های فدائی خلق ایران، جلد اول: از نخستین کنش‌ها تا بهمن ۱۳۵۷، موسسه مطالعات و پژوهش‌های سیاسی، تهران، چاپ سوم، بهار ۱۳۸۸، ۹۸۴ صفحه، فارسی.

## ژیاننامەی کەسایەتییەکانی ئێران

ئەو ژێدەرە شەش بەرگ کتێبی پڕلاپەڕەی فارسییە، کە ناوە تەواوەکەی بریتییە لە: «شرح حال رجال ایران در قرن ١٢ ـ ١٤» و شێوەی قاموسێکی زانیاریی سەبارەت بە تاکەکەسان (بەگشتی پیاوان)ی سیاسەتی ئێران لەو سێ سەدەیەی دوایی‌دا بەخۆیەوە گرتووە.

لە ڕاستی‌دا من هەموو ئەو بەرگانەم نەخوێندۆتەوە و تەنیا وەک سەرچاوەیەک لە کاتی پێویست و بۆ ناسینی کەسایەتییەک کەڵکم لێ‌وەرگرتوون. بەگشتی، ژیاننامەی زۆربەی زۆری بەڕێوەبەر و حاکم و وەزیر و وەکیل و کاربەدەستی هەمەچەشنەی حکوومی لە ناوچەی جۆربەجۆری ئێران و لەوان، کوردستان، کرماشان و ئازەربایجان؛ یا خەڵکی ئەو ناوچانە کە لە پێتەختی تاران سەرەپەتێکیان بەدەست بووبێ، لە کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە و وێنەی زۆریشیان لەوێ‌دا چاپ کراوە. بۆ نموونە، حەسەن‌عەلی‌خانی ئەمیر نیزامی گەڕووسی (بەرگی ١، لاپەڕە ٣٥٩ ـ ٣٦٧؛ بەرگی ٤، لاپەڕە ١٧٨)؛ شێخ عوبەیدیللای نەهری (ب ٤، ل ١١٥)؛ لوتفعەلی‌میرزا (کێشکچی‌باشی) ناسراو بە شازدە کە لە سەردەمی شۆڕشی شیخ عوبەیدیللادا حاکمی سابڵاغ بوو و ویستی هەمزاغای مەنگوڕ بگرێ (ب ٤، ل ١٣١)؛ میرزا عەلی‌نەقی کوردستانی (آصف اعظم) (ب ٥، ل ١٦٧) و...

ئەو ناوانەی وا ناوچەی بۆکان بگرنەوە لە کتێبەکەدا زۆر نین، بەڵام لە بەرگی یەکەم‌دا باسی هەمزاغای مەنگوڕ دەکا (لاپەڕە ٤٦٠)؛ لە بەرگی ٢، لاپەڕە ٣٢٦ ـ ٣٣٥دا باسی عەزیزخانی سەردار دەکا. بەرگی ٦، (ل ١٩) باسی موکری‌قڕانی ئەحمەدئاغای موقەددەمی مەراغەیی لە «بڵباس و مەنگوڕ»ی تێدایە.

ئەو ناوانەی وا من ئاماژەم پێکردن کەسانێک بوون کە خۆم پێویستم بە ژیاننامەیان بووە و لە کتێبەکەدا دۆزیومنەتەوە، بەڵام دڵنیام گەڕانی ورد دەتوانێ

گەلێک نـاو و ژیاننامەی دیکـەی پەیوەندیدار بە ناوچەکەی تێـدا بدۆزێتەوە. بۆ ئەم کارە ئیندێکســی کۆتایی بەرگەکانیش دەتوانێ بەکەڵک بێ. ناوەکان بەگوێرەی ناوی یەکـەم دەسنیشـانکراون بـۆ نموونـە: موقەددەمـی مەراغەیـی دەبـێ لـە ئەحمـەددا بدۆزرێتەوە و...[1]

١. مهدی بامداد، «شـرح حال رجال ایران در قرن ١٢ ـ ١۴»، کتابفروشــی زوار، تهران، جلد اول، چاپ چهارم ١٣٧١/ ١٩٩٢، ۵٩۵ صفحه، فارسی. جلد ششم، چاپ چهارم، ١٣٧١/ ١٩٩٢، ٢٩۶ صفحه، همراه فهرست و عکس‌ها، فارسی.

## ژەنەڕاڵ حەسەن ئەرفەع و کورد

لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا، حەسەنی ئەرفەع سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران بوو و کاری بەربەرەکانی کردنی سپای ئێران لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کورد و فیدائییانی ئازەربایجانی لەژێر چاوەدێری و فەرمانی ئەودا بەڕێوە دەچوو. ئەرفەع لەلایەن دایکەوە ئینگلیزی و لەلای باوکەوە تورکی ئازەربایجانی بوو، لە ڕاپەڕینی سمکۆ (١٩٢٠) و جوانڕۆییەکان (١٩٣١)دا فەرماندەی هێزی ئێران و لە چەند دەرفەتدا دەستی بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سوور ببوو؛ لە مەسەلەی ئیعدامی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی کوردیشدا هەر لایەنیکی توند و دوور لە ئاشتی بەرانبەر بەوان هەبوو، واتە دوای حەمەڕەزاشا، یەک لەو ئەفسەرە ئێرانییانەیە کە بوون بە هۆکاری ئیعدامیان.

ئەرفەع، دوای خانەنشینی و نیشتەجێبوون لە ئوروووپا، کتێبێکی بە ئینگلیزی نووسیوە و تێیدا بیرەوەری و ڕوانینی خۆی سەبارەت بە کورد و کۆماری کوردستان دەربڕیوە. هەڵوێستی ئەرفەع بەرانبەر بە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و بەتایبەت کۆماری کوردستان گەلێک نەرێنییە و لە کتێبەکەدا داکۆکی لە دەوری سپای ئێران لە تێکشکاندنی هەر دوو حکوومەتەکە کراوە. ئەرفەع لە کتێبەکەدا هەندێک ئاماژەی بە ناوچەی دەوروبەری مەهاباد و لەوانە بۆکان و کەسایەتییەکانی ئەو مەڵبەندە کردووە، کە من لێرەدا دەیانخەمەڕوو. یادداشتەکانی من لەبەر دەقی فارسیی کتێبەکە هەڵگیراون، کە بەداخەوە تەرجەمەیەکی گەلێک ناتەواو و بێسەروبەرەیە و ناوی وەرگێڕ و بنکەی چاپەمەنیشی بە سەرەوە نییە، بەڵام هەوڵ دەدەم دواتر نوسخە ئینگلیزییەکەشی پەیدا بکەم کە دەزانم لە کتێبخانەی «سواس»ی لەندەن هەیە، ئینجا بەراوردکاریی دوو دەقەکە دەکەم.

کتێبی ئەرفەع بەگشتی باسێکی ڕاستەوخۆی لەمەڕ بۆکان تێدا نییە، بەڵام باسی هۆزی موکری و سابڵاغ و سەقزی کردووە کە بۆکانیش دەگرنەوە. ئەوەش

نووسینەکانی:

- لاپەڕە ٢٥: (وەرگێڕاو لە شەرەفنامەی بدلیسی)، زنجیرەی ئەمیرانی کورد بریتی بوون لە ئەمیرانی موکری کە دانیشتووی باشووری گۆلی ورمێ و لە بنەڕەتدا بەشێک بوون لە تایفەی بابان.
- لاپەڕە ٣٠: شێخ عوبەیدوللا[ی نەهری] دوای کۆکردنەوەی چەند هەزار کەس لە شەڕەنگیزانی هۆزە جیاوازەکان و موریدانی خۆی، هاتە سابڵاغ (مەهاباد)ەوە و لێرەدا زۆرێکی تر لە هۆزە کوردەکان وەک... گەورک و مەنگوڕ و... لەگەڵی کەوتن و هێزی شێخ بەرەو میاندواو دەستی کرد بە پێشەوەچوون و لەو شوێنەدا بەربووە شیعە کوشتن [دەزانین کە شێخ خۆی نەهاتە ناوچەکە و شێخ عەبدولقادری کوڕی نارد].
- لاپەڕە ٥٣: هێز و دەسەڵاتی سمکۆ لە باکوورەوە دەگەیشتە شاری «خۆی» و لە باشوورەوە تا دەوروبەری سەقز دەڕۆیی.
- لاپەڕە ٥٨: ستوونێکی هێزی ئاشوورییەکان ئابلۆقەی سپای کورد و تورکیان لە مەهاباد تێکشکاند و بەرەو ساینقەڵا چوونە پێشەوە... لە هاوینی ساڵی ١٩٢٠دا من فەرماندەی یەک لەو «اسکادران»انە بووم کە لە تارانەوە هاتبوون بۆ بەهێزکردنی تەورێز [دژ بە سمکۆ].
- لێرەدا ئەرفەع باسی بەشداریی ڕاستەوخۆی خۆی دەکا لە شەڕی دژ بە سمایلئاغای سمکۆ لە میاندواو و شاری «خۆی» و دەڵێ نزیکەی ٥٠٠ کەسم لەنێو هۆزی ئەفشار کۆکردەوە و هێڵی جیاکەرەوەی زمانی کورد و تورکم لەسەر چۆمی تەتەهوو داگیر کرد. هەروەها دەڵێ لە شەڕی ناوچەی سەلماسدا ئەسپەکەم کوژرا و ناچار بووین پاشەکشە بکەین (لاپەڕە ٦٠ و ٦١).
- لاپەڕە ٧٢: ئەو کەسانەی وا لە ساڵی ١٩٤٥دا بانگهێشتنی باکۆ کران بریتی بوون لە:... ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری و عومەری عەلیاری کوڕی، حاجی بابەشێخ، عەبدوڵڵا ئێلخانیزادەی بۆکان و...
- لاپەڕە ٧٣: ئەمیر ئەسعەدی سەرۆکی هێزی دێبوکری بە ڕەزامەندیی هێزی داگیرکەری سۆڤیەتی کرایە حاکمی مەهاباد.

ـ لاپـه‌ڕه‌ ١٤٢: په‌نابه‌رانـی شـۆڕشـی ئه‌یلـوول [باڵـی ده‌فته‌ری سیاسـی] سـه‌ره‌تا نێردرانه‌ سه‌قز و پاشان هه‌مه‌دان[١٩٦٦].[١]

١. حسـن ارفـع، «کردهـا و یک بررسـی تاریخی و سیاسـی»، ترجمه از متن انگلیسـی لندن، چاپ دانشـگاه آکسـفورد، نیویورک، تورتنو، ١٩٦٦، شـوێنی چاپ (؟)، سـاڵی چاپ (؟)، ١٥۴ لاپه‌ڕه‌، فارسی.

## ژياننامەی مام جەلال تاڵەبانی

کورد لە نووسینی بیۆگرافی، واتە ژیاننامەی کەسایەتییە مێژوویی‌یەکانی خۆی‌دا گەلێک کەمتەرخەمە و ئەوەش وای‌کردووە کە نەیاران لەجیاتی خۆیی ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ و بەرژەوەندیی شەخسی و ڕاسپاردەی دوژمنانیش تێکەڵ کارەکە بکەن.

کتێبی فارسیی «پس از شصت سال» ئامادەکردنی «عیرفان قانعی‌فەرد»ی کوردە کە ساڵی ١٣٣٨/ ٢٠٠٩ لە تاران بڵاوببوویەوە. کتێبەکە کۆمەڵەی سەدان چاوپێکەوتن و وتوویێژی نووسەرەکەیەتی لەگەڵ کەسایەتییە کوردەکانی وەک: «مام جەلال، دوکتۆر کەمال فوئاد، دوکتۆر مەحموود عوسمان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، سارمخانی سادق‌وەزیری»؛ لە غەیرەکوردیش کەسانێکی وەک: «بەنی سەدر، نوام چامسکی، ئەردەشێر زاهیدی، حاج سەیدجەوادی و...» لەم کتێبەدا کەڵک لە گەلێک سەرچاوە بە چەندین زمان وەرگیراوە. بەگوێرەی قسەی نووسەر، کتێبەکە لە سێ بەرگ پێکهاتووە کە سەرجەم بیرەوەری و ڕووداوی ساڵانی نێوان ١٩٢٣ ـ ٢٠٠٥ دەگرنەبەر و ئەوەی وا ئێستا بڵاوکراوەتەوە، تەنیا بەرگی یەکەمییەتی کە کاری نووسینی، سێ ساڵی خایاندووە (لاپەڕە ١١ ـ ١٢).

زمانی نووسینی کتێبەکە زۆر پاراو نییە و مۆرکی کەمئەزموونیی نووسەری لە نووسینی فارسی‌دا بەڕوونی پێوە دیارە. جگە لەوەش، بێ‌دیققەتی و وردنەبوونەوە لە بابەت و باسەکانیش دیاردەی بەرچاوی کارەکەیە و من کەمتر کتێبی لەو چەشنەم دیتووە ئەوەندەی هەڵەوپەڵەی زەق پێوە دیار بێ، کە زۆرێکیانم لە پەڕاوێزی کتێبەکە یادداشت کردووە و بەتەمام لە وتارێکی سەربەخۆدا بڵاویان بکەمەوە.

بابەتەکانی نێو کتێبەکە و هەندێک چاوپێکەوتنی دواتری نووسەر لەگەڵ تەلەفیزیۆن و چاپەمەنییە دەورەیی‌یەکان چەشنە کێشە و هەرایەکی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا ناوەتەوە و بەرەو ئەوە دەڕوا مەترسیی دووبەرەکی و نێوان‌ناخۆشیی کورد و کوردی لێ‌بکەوێتەوە و یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنەرانی کتێبەکەی

پێ بگاتە ئەنجام.

ئـەوەی ڕاسـتی بـێ کتێبەکە ژیاننامـەی تاکەکەس نییە و مێـژووی بزووتنەوەی چەکداریی کوردە لە باشوور لە پشت عەینەکێکی تایبەتەوە کە زۆر لە عەینەکی عیسا پێژمان و ساواک دەچێ و دوور نییە ئەگەر خواستی دەوڵەتی ئێران لە پشت کارەکەوە نەبووبێ، لانیکەم سـەرجەمی بابەت و بەتایبەت بووچـوون و ئاکام وەرگرتنەکانی نووسەر لە ڕاستەی سیاسەتی ئەوان و ڕوانینی ئەواندابێ. بە یەک ڕستە، ئەم کتێبە پیلانێکـی دژ بـە کـوردە بۆ گەورەکردنەوەی کەلەبەری نێـوان حیزب و لایەنەکان و هیچی تر!

مـن لـەم وتـارەدا کارێکم بەو مەسـەلەیە نـەداوە و ئەوەی کە جێگەی باسـم بێ بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکانە و هیچی تر.

سەبارەت بە بۆکان لە لاپەڕە ۷۳دا گوتراوە:

«تاڵەبانییـەکان بنەماڵەیەکـی گـەورەن... کـە هەموویـان نـەوە و نەتیجـەی شـێخ ئەحمـەدی تاڵەبانیـن و ئەویـش خـۆی کـوڕی «مەحمـوودی زەنگەنە»یـە. گـۆڕی باوەگەورەی [جەلال] تاڵەبانی واتە «ئاغاڕۆستەم» (یا ڕۆستەمخان) کەوتۆتە ناوچەی قەرەداغ. لە سەردەمی خۆیدا لە بۆکان، یەک لە شارەکانی کوردستانی ئێران ژیاوە [ڕوون نییـە ئاغاڕۆسـتەم یـا شـێخ ئەحمـەد؟] و لە ئاغـا و خاوەنملکـە گەورەکانی ناوچەکـە بـووە کـە لـە سـەردەمی حوکماتـی شاعەباسـی سـەفەوی لـە دەورەی سـەفەوییەکاندا خسـتوویانەتە بـەر گوشـار بـۆ ئەوەی دەسـت لە ئایینزای سـوننە هەڵبگـرێ و ببێتە شـیعە، ئەویـش ناچار پەنای بردۆتە بەر کوردسـتانی عێراق و لە ناوچەی قەرەداغ نیشتەجێ بووە» (ل ۷۳).

وەک گوتـم، کـەم دیقەتـی بە زۆر شـوێنی کتێبەکـەوە دیارە و یـەک لەوانە لەم بەشـەدا دەردەکـەوێ کـە کاتێ لە لاپـەڕە ۷۳دا مەحموودی زەنگەنە بە کوڕی شـێخ ئەحمـەدی تاڵەبانـی دادەنێ (سـەرەوەتر)، لە لاپەڕە ۷۴دا دەنووسـێ: «شـێخ ئەحمەد خەریکی ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندە بچووکە بوو و کوڕەکەشی مەلا مەحموود، بە دەرسخوێندنەوە خەریک بوو»، واتە مەلا مەحموود جارێک دەکاتە باوکی شێخ ئەحمەد و جارێکـی تـر دەیکاتـە کوڕی! سـەیرتر لە هەمـووان ئەوەیە ڕێـزدار دوکتۆر نووری

تاڵەبانی لە نامیلکەی «شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەو بنەماڵەیە» چاپی ساڵی ٢٠٠٢دا، دەنووسێ: «شێخ مەحموود[ی زەنگەنە] کوڕی ئاغاڕۆستەمی کوڕی ئاغایۆسفە لە نەوەی کاکەسووری ناوچەی بۆکان»! بەو شێوەیە، مەتەڵۆکەی نووسەری ژیاننامە کاتێ تێکەڵاوی بۆچوونی دوکتۆر نووری دەبێ، سێ سەری لێدەبێتەوە کە چارەسەری کۆتایی بۆ خوێنەر لە گونجان نایە!

دوکتۆر نووری لە هەمان شوێندا تاوتوێی کێشەی ناوی ئەو کەسە دەکا کە چۆتە باشووری کوردستان و بۆچوونی خۆی بەو چەشنە دەردەبڕێ: «مەلا مەحموود نزیکەی ٣٠٠ ساڵێک لەمەوبەر بۆ تەواوکردنی خوێندن، بە فەقێیەتی ڕووی کردۆتە باشووری کوردستان»؛ ئەوەش بە هەمان شێوە جیاوازە لە قسەکانی نووسەر هەم سەبارەت بە ناوی ئەو کەسەی وا چۆتە باشوور و هەم سەبارەت بە هۆکاری چوونی. لە پەڕاوێزی ژمارە ١٦٣ی بەشی ١ی کتێبەکەدا هەروەها گوتراوە: «ڕۆستەم کوڕی یۆسف، کوڕی کاکەسووری بۆکان.»

جگە لەم خاڵانە بابەتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا بەرچاو ناکەوێ، بەڵام هەندێک ئاماژە بە بۆکان و ناوچەکەی و کەسانی خەڵکی بۆکانیش هەن کە لێرەدا دەسنیشانیان دەکەم:

١. «دایکی مام جەلال لە هۆزی مەنگوڕە» (ل ٧٥)؛

پەڕاوێزی ژمارە ١٦٤ی هەمان بەش دوو دێڕ و نیو زانیاریی سەبارەت بە ناوچەی بۆکان و شارەکانی دەوروبەری گرتۆتەبەر؛

٢. «چاپخانەیەکیش لە نزیک قوتابخانەکە بوو [لە مەهاباد]، کە حەسەنی قزڵجی وتارنووس لەو چاپخانەیە کاری دەکرد» (ل ١٦٨)؛

٣. لە زمان عیسا پێژمانەوە دەنووسێ: «درەنگتر ئەوانم لە بۆکان چاو پێکەوت (١٩٦٦)، مامە و عومەر دەبابە و [نووری] شاوەیس، کە لەسەر سەفەری بەغدا بوون و پێیان گوتم چاویان بە بارزانی دەکەوێ!» (ل ٨٩٩)؛

٤. نووسەر ئەم دێڕانەشی لە زمان مام جەلالەوە گێڕاوەتەوە:

٥. کاتی پەنابردنمان بۆ ئێران [ساڵی ١٩٦٦]، ... ڕۆژی دواتر لە خەو هەستاین و دیتمان سەرهەنگێکی ئێرانی لە تەنیشت ئێمە خەیمەیەکی لێداوە. ناوی سمکۆ

عەلیار بوو و گوتی «دەورتان گیراوە» (ل ٩٦٠)؛

٦. «عیسا پێژمان (سەرهەنگی ساواک و خەڵکی سنە) ئێمەی خۆش دەویست. ئەو دەم کوردێکی دیکەش لەلایەن سپاوە هەبوو کە ناوی سەرهەنگ سمکۆ عەلیار بوو. ئەوانەیان وەک بەرپرسی ئێمە دیاری کردبوو» (ل ٩٦٣).

لەم چەشنە بۆچوون و قسەوباسانە لە کتێبەکانی پێژماندا زۆرن و قانعیفەرد، بەبێ ئەوەی کەمترین گومان لە ڕاست و دروستییان بکا، هەمووی لەسەر کورد کردوون بە ماڵ و بە جلوبەرگێکی نوێوە دووپاتی کردوونەتەوە و ناوی کورد و بزووتنەوەی کوردی پێ زڕاندوون. من قوتابی نەمر دوکتۆر محەممەدسدیقی موفتیزادە و هاوپۆل و ناسیاو و ئەگەر بتونم بڵێم دۆستی کاک سوارەی ئێلخانیزادە بووم و ڕادەی دڵسۆزی و خەمخۆریی ئەوانم بەرانبەر بە گەل و نیشتمانەکەیان دەزانی. هێنانەوە و نوێکردنەوەی ئەو بوختان و درۆ و دەلەسەیەی وا پێژمان دەیداتە پاڵ ئەوان و دەڵێ بە فەرمانی ساواک چوون بۆ نێو کوردەکانی ئورووپا، دیارە لە بەرژەوەندیی ساواکی ئەو دەم و ئیتلاعاتی سەردەمیشدایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە دەبێ چ سوودێکی بۆ قانعیفەرد هەبێ وا بەبێ سێودوو بە ڕاستیان وەردەگرێ و لەو وتوویژەکانیدا دووپاتیان دەکاتەوە هیچ، پاڵ بە خوێنەریشەوە دەنێ کە قسەی ساواکییەکی بەکرێگیراوی ئێرانی گوتەنی «دایی جان ناپلیۆنی» بە ڕاست وەربگرێ و پەڵەیەکی شەرمەزاری بخاتە سەرشانی کەسایەتیی پاک و خزمەتگوزاری ئەو خەڵکە لەخۆبوردووانە.

با لە کۆتاییدا ئاماژە بەخاڵێک بکەم: من ماوەیەکی باشی دوو ساڵە هاتوچۆی «پۆبلیک ڕیکۆرد ئۆفیس»م کرد لە ناوچەی «کیوو»ی لەندەن کە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیای لێڕاگیراون. ئەو دەم ماڵم لە ناوچەی «فولهام»ی لەندەن بوو کە زۆریش لە «کیوو» دوور نییە. بە گەڕان و دۆزینەوە و خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان لە شوێنەکە و کڕینی کۆپیی هەندێکی تر و پێداچوونەوەیان لە ماڵەوە، لە هەموو ماوەی ئەو دوو ساڵەدا تەنیا توانیم ١٣٠ بەڵگە وەربگێڕمە سەر کوردی و لە کتێبێکدا بڵاویان بکەمەوە بڕواننە کتێبی: «ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا». کاتێ کە قانعیفەرد لە وتوویژی

گۆڤـاری لیڤین‌دا باسـی لە خوێندنەوەی هەشـتهەزار بەڵگەنامـەی ئەمریکاییەکان کردبـوو سـەرم سـوڕما کەسـێک لە تەمەنی ئـەودا و لە مـاوەی ئەو چەنـد مانگەدا کـە هاتوچـۆی ئەمریـکای کردووە، تەنانـەت بە یارمەتیـی ئینتەرنێتیش، چۆن دەبێ توانیبێتـی ئـەو هەشـتهەزار بەڵگەنامەیە لەنێـو دەریای بەڵگەنامـەکان‌دا بدۆزێتەوە یـەک، ئینجـا بیانخوێنێتەوە و تەرجەمەیان بکا و وتوویژیان لەسـەر بکا و بیانکاتە کتێبش! تۆ بڵێی هەندێک «ئیمدادی غەیبی» لە پشت ئەم و کارەکەیەوە نەبووبن؟[١]

---

١. قانعی‌فـرد، عرفـان، «پـس از شـصت سـال، زندگی و خاطـرات جلال طالبانـی»، جلد اول، نشرعلم، تهران ١٣٨٨/ ٢٠٠٩، ١٠٥٦ صفحه، فارسی.

## کتێبی کورد و کوردستان

من ئەم کتێبەی «عیسا پێژمان»م پێشتر خوێندبۆوە و دەمزانی مامۆستای نەمر هەژار سەبارەت بە نووسەرەکەی گوتبووی «گەورەترین جاشی مێژووی کوردە»، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی «در دامگه حادثه»، کە وتوویژی «عیرفان قانعی‌فەرد»ە لەگەڵ پێژمانی هاوبیر و هاوڕێبازی خۆی، بە باشم زانی پێش خوێندنەوەی «در دامگه حادثه»، جارێکی دیکە کتێبەکەی پێژمان بخوێنمەوە. ئەوەی لێرەدا دەیبینن، ئاکامی ئەم پێداچوونەوە تازەیەیە لە کتێبی «کردها و کردستان»ی عیسا پێژمان.

کتێبەکە چوار بەرگە و بە فارسی نووسراوە. بەگوێرەی ڕووبەرگی کتێبەکە، بەرگی یەکەم مێژووی کۆن و جوغرافیای کوردستانە، بەرگی دووهەم لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستانی گرتۆتەوە، بە هەندێک زانیاریی کۆن و دەیان جار دووپاتکراوەی سەرچاوە فارسییەکانەوە. بەرگی سێهەم و چوارەم هەردووکیان لە مەسەلەی سیاسەتی کوردستاندان و من لێرەدا چاوێک بەو دووبەرگەی سێ و چوارەدا دەخشێنم.

پێژمان وەک «سەرۆکی تاقمی ئیتلاعاتیی ساواکی ئێران لە عێراق»، سێ ساڵ لەو وڵاتە ژیاوە. ئەو ساڵانە، هاوکات بووە لەگەڵ کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم و نزیکایەتیی سیاسەتەکەی لە یەکییەتیی سۆڤیەت، کە دژایەتیی ڕۆژاوا و ئیسرائیل و ئێرانی لەگەڵ حکوومەتەکەی بەشوێندا هات. پێژمان لەو برگە مێژوویی‌یەدا لە بەغدا بووە و بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی، لە مەسەلەی نزیکبوونەوەی ساواک و بەگشتی، حکوومەتی ئێران لە کوردی باشووردا دەورێکی زۆری بینیوە. لە ڕاستی‌دا پێژمان ئەسپی تڕۆوای ساواک و ئێران بووە بۆ فەتحی قەڵای شۆڕشی ئەیلوول. پێژمان لە کاری خزمەت بە سیاسەتی ئێران و خەیانەت بە کورددا بە ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، کە ڕاستەخۆ کەوتۆتە پەیوەندی گرتن لەگەڵ شا و ئەگەر قسەکانی درۆ نەبن، چەند جار ڕاپۆرتی بارودۆخی کوردستان و عێراقی ڕاستەوخۆ

بە شا ڕاگەیاندووە و فەرمان و ڕێنومایی لێوەرگرتووە.

پێژمان ئێرانیچییەکی کەموێنەیە و هەموو خولیا و ئاواتەکانی بریتین لە گەڕانەوەی «عظمت»ی ڕابردووی ئێرانی مەزن، واتە بەسترانەوەی سەرلەنوێی بەشە دابڕاوەکانی خاکی هەخامەنشی و ساسانی... بە کلکی ئێرانی ئەمڕۆوە! هەر لەم پەیوەندییەشدا ئەو کوردەی خۆش دەوێ کە بیەوێ لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بێتە ژێر ئاڵای «ئێرانی دایک»!

ئەم هەستە شەخسییە لەو برگە مێژوویی‌یەدا تێکەڵاو دەبێ لەگەڵ ئەرک و بەرپرسایەتیی ئیداری و ڕێکخراوەیی و لە ئەنجامدا نۆکەرێکی لێ دروست دەبێ کە هیچ ئەرکێک ناناسێ جگە لە خزمەتی ساواکی شا و خەیانەت بە شۆڕشی کورد. بەداخەوە هەندێک ڕووناکبیر و نووسەری کورد هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانی پێژمانیان کردۆتە سەرچاوەی نووسینەکانی خۆیان و لەو ڕێگەیەوە بۆچوونی چەوت و دژە کوردی ئەو خۆفرۆشەیان هێناوەتە نێو سیاسەتی کوردەوە، خوا خێریان نەنووسێ!

ئەوەی خوارەوە هەڵبژاردەیەک لەو لاپەڕانەی کتێبەکەی پێژمانە، کە تێیدا باسی چوونی خۆی بۆ عێراق و پەیوەندی گرتنی لەگەڵ گەورەپیاوانی کورد دەکا لەپێناو هەڵخەڵەتاندن و هەڵخلاندنیان بەرەو ڕاپەڕین دژ بە عەبدولکەریم قاسمێک کە ئیسرائیل و شا و ڕۆژاوایی‌یەکان بە دۆستی سۆڤیەت و دوژمنی خۆیان دەزانی:

«مانگی جۆزەردانی ١٣٣٨ (١٩٥٩) چوومە مەئمووریيەتی عێراق... وردەوردە پەیوەندیم لەگەڵ سەران و گەورەپیاوانی کورد لە وەزیر و وەکیلەوە تا سەرەکعەشیرە و خان و بەگ و بەگزادە و حیزبی و ناحیزبی بەست... لەوانەی وا پەیوەندیم پێوەکردن، مەحموود بابان وەزیر و وەکیلی ڕژیمی پێشوو بوو کە لە بەیرووت چاوم پێی کەوت و دۆستایەتیمان قایم و قایمتر بوو و گەیشتە هاوکارییەکی شەرەفمەندانە... سەرتیپ فوئاد عارف خەڵکی سلێمانی و کەسایەتییەکی گرنگی سپای عێراقی بوو. لەگەڵ ئەویشدا دۆستایەتیم پێکهێنا و زۆرجار دەچوومە ماڵی... من لەگەڵ زۆربەی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک جەلال تاڵەبانی و

عیسا زەبیحی[١] و ئەوانی تردا ناسیاویم پەیدا کردبوو و پێش مەئموورییەتی عێراقم یەکترمان دەناسی و لە نییەتی یەکتر ئاگادار بووین...» (ل ٩٢ تا ١١٢).

پاشان پێژمان باس لە دوو تەرحی جیاوازی ساواک دەکا بۆ کەڵک وەرگرتن لە کورد و شیعەی عێراق دژ بە قاسم و پەیوەندی گرتنیان لەگەڵ «دژی شۆڕش»ی عێراقی و دەنووسێ کە لە ئەنجامدا بڕیاری ساواک هاتە سەر ئەوەی کە هاوکاری کردنی کوردی باکووری عێراق ببێتە تەوەری سەرەکیی کارەکان [دژ بە حکوومەتی قاسم]:

«... عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری دوو کەس لە خەڵکانی هەڵبژاردە و «ئازادمەرد»ی حیزبی لە پارتی دیموکرات بەگوێرەی عەمەلیاتێکی گەلێک هەستیارانە و بەدزی هەموو ڕێکخراوە ئینتیزامی و ئیتلاعاتییەکانەوە هاتنە تاران... تەرتیباتی هاوکاری، پەیوەندیگرتن، ناردنی یارمەتی و چەک و تەقەمەنی و جلوبەرگ و... درا... مەلا مستەفا بە هیچ شێوەیەک باوەڕی بە کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی نەبوو... شەڕێکی تەواو لە نێوان ڕاپەڕیوانی باکووری عێراق و سپای عێراقی درێژەی کێشا... جەلال تاڵەبانی یەک لە «دوستداران»ی ئێرانزەمین و «علاقمندان»ی میللەتی مەزنی ئێرانە» (ل ١١٢ ـ ١١٦).

پێژمان هەر لێرەوە دژایەتیی خۆی لەگەڵ بارزانی دەست پێدەکا و بە شان و باڵی دەفتەری سیاسیدا هەڵدەڵێ و ئەو هەڵوێست گرتنە تا لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکەی درێژە دەکێشێ، هەڵوێستێک کە بە توندوتیژییەکی زیاترەوە لە نووسین و وتووێژەکانی عیرفان قانعیفەردیشدا دەردەکەوێ. ئەوە یەک لەو خاڵانەیە کە دەبێ لێی بکۆڵدرێتەوە و بزاندرێ ئەم دوو جاشە گەورەیەی ساواک و ساوامای ئێران بۆچی لایەنیان بە نیسبەت دەفتەری سیاسییەوە وەها نەرم و دۆستانە و گەرموگوڕە، لە کاتێکدا بارزانی ئەو دەم و مەسعوود بارزانیی ئێستا بەتوندی دەخەنە بەر هێرش؟ ئایا دەیانەوێ کەلەبەری نێوان ئەو دوو باڵە

١. مامۆستا عەبدوڕڕەحمان زەبیحی ماوەیەک لە باشووری کوردستان بەناوی خوازراوەی عیساوە دەژیا.

سـەرەکییەی شۆڕشـی کـورد لە باشـوور گـەورە بکەنـەوە و کەڵکـی لێوەربگرن؟ ئایـا ڕێبەرانـی کـورد بـەو ئامانجە گڵاوەی دوژمنـان دەزانن؟ ئەگـەر دەزانن بۆچی ئـەو دەمیـش و ئێسـتاش دەرەتـان دەدەنـە ئـەو دوو کەسـە ناسـراوە بـە خەرج و پیتاکـی ئـەوان کتێـب بنووسـن و بـە چەندەهـا زمان بـڵاوی بکەنـەوە؟ بۆچی دەبێ دەرگای ماڵ و ئۆفیس بۆیان کراوە بێ، یەکەمیان لە بارەگای شـۆڕش و ئەویتریان لە ناوچەی سەوزی بەغدا و کاخی سەرۆککۆماردا تەراتێن بکەن؟

هـەر چۆنێـک بـێ، مەسـەلەی پێژمان بـەو دوو لاپەڕەیـە تەواو نابـێ و من لێرە بەدواوە دەچمە سەر بابەتی سەرەکیی پەیوەندیدار بەو وتارانە، واتە باسی ناوچەی بۆکان لە کتێبەکەدا:

لـە کتێبـی «کردها و کردسـتان»ی پێژماندا ئەو بابەتانـەی وا بۆکان و ناوچەکە بگرنـەوە، زۆر نیـن. لێـرەدا دەسنیشـانی چەنـد خاڵێـک دەکـەم کە لـە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی کتێبەکەدا تووشیان هاتووم. بەشی هەرە زۆری بابەتەکانیش ئەوانەن کە پێژمان لە کتێبی بیرەوەریی خەڵکانی هەمەچەشنە بە فارسی و بە دەگمەنیش کتێبی کوردی کۆپی کردوون. زۆرێک لە هەواڵە ڕاگوێزراوەکان شێوێندراون و گۆڕاون و بەگشتی ناتەواو و کەمتر جێگەی بڕوان:

**بەرگی سێهەم**

- «مەحموودخانی کانیسانان» لەلایەن دایکەوە باپیرەگەورەی منە (ل ٢٢٥).
- لاپـەڕە ٢٣٣ ـ ٢٤٣ هەڵبـژاردەی وتارێکـە کە نەمـر عەلی گەلاوێژ لە ژمارە ١٠ی گۆڤـاری «دنیـا»ی حیزبی توودەی ئێران (مانگی دەی ١٩٧٨/١٣٥٦)دا سـەبارەت بە ئێرانی دوای ڕەزاشا و حکوومەتی میلیی کوردستان و ئازەربایجانی ساڵی ١٣٢٤ی نووسیوە. پێژمان لێرەدا، عەلی گەلاوێژ بە کاک عەلی ناودەبا!
- لـە لاپـەڕە ٢٤٣ ـ ٢٤٤دا ژیاننامەیەکـی کورتـی عەلـی گەلاوێـژ نووسـراوە بەبێ ئـەوەی سـەرچاوەکەی ڕابگەیەنـرێ. نووسـەر دەڵـێ «عەلـی گەلاوێـژ خەڵکـی مەهابـاد و وێـژەری ڕادیۆی تەورێز (بەشـی کوردی) بووە... لە نێوان سـاڵانی

قاسملوو ۱۳۴۰ تا ۱۳۵۰دا بە هاوکاریی حەسەن قزڵجی و عەبدوڕڕەحمان بڵاڤۆکی «کوردستان»ی بڵاوکردۆتەوە، ئەندامی حیزبی توودە بووە، بەڵام لە فیرقەی دێموکراتی کوردستانیشدا هەڵسووڕاو بووە... بۆتە ئەندامی ئەسڵیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە و لە ئەنجامدا، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی حیزب گرتوویەتی و ئیعدامی کردووە» (ل ۲۴۳ ـ ۲۴۴).

ـ لە ڕاگوێزراوی بەشێک لە بیرەوەرییەکانی «نصرتالله جهانشاهلوی افشار»یشدا کە لاپەڕە ۲۴۴ ـ ۲۵۴ی کتێبەکەی وەخۆگرتووە، جهانشاهلو، کە خۆی دیاردەیەکی سەمەرە و پەشیمان بووی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی توودەیە، دەڵێ عەلی گەلاوێژ لە هاتنی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەتدا بە جلوبەرگی ئەفسەری ڕووسەوە شەووڕۆژ لەگەڵ بارزانییەکان دەژیا و ئەوانیش کە نەیاندەزانی کوردە، لەلای ئەو هەموو قسەیەکیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، ئەویش هەموو هەواڵەکانی ئەوانی بە شێوەی ڕۆژانە دەگەیاندە ڕێکخراوی ئاسایشی ڕووس؛ کە دەبێ نیازی لە «ک. گ. ب» بێ.

ـ لە لاپەڕە ۲۶۵یشدا بەبێ ڕاگەیاندنی سەرچاوە، هەندێک هەواڵی سەبارەت بە سەفەری دووهەمی ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ لە کتێبەکەی ئیگڵتۆن کۆپی کراوە، کە لەوێدا باسی قاسمئاغای موهتەدی لە سەفەری باکۆدا دێتە گۆڕێ.

ـ لە لاپەڕە ۲۶۶ بەدواوە، بەشێکی بەرچاو لە نامیلکەی «حەمیدڕەزا جەلائیپوور»ی کۆپی کردووە.[1] جەلائیپوور هەمان فەرمانداری مەهاباد و قاتڵی ۵۶ کوڕەلاوی مەهابادییە، کە لەو نامیلکەیەدا کۆماری کوردستان و پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی کورد لە ڕوانگەی خۆیەوە دەناسێنێ و لە «یادداشتەکانی عومەرئاغای عەلیار» سەبارەت بە هەر دوو سەفەری ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ دەدوێ. ئەو دەڵێ نوسخەی دەسنووسی ئەو یادداشتانە لە کتێبخانەی ئوستانداریی کوردستان

---

۱. حەمیدڕەزا جەلائیپوور، قازی محەممەد (کوردستان لە ساڵەکانی ۱۹۴۱ – ۱۹۴۶دا)، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی، بنکەی چاپەمەنی تەوەککولی، تاران، ۱۳۸۳/ ۲۰۰۴، ۱۱۲ لاپەڕە، کوردی.

لە شاری سنە ڕاگیراون (ل ٢٧١ تا ٢٧٢).

- لاپەڕە ٢٨٣ تا کۆتایی بەرگی سێهەم ڕاگوێزراوی بیرەوەرییەکانی «ابوالحسن تفرشیان» بەناوی «قیام افسران خراسان»ە و لەوێشدا ئاماژەیەک بە «توانەوەی گوردانی ئەرتەشی ئێران لە بۆکان» کراوە.

## بەرگی چوارەم

- لاپەڕە ٢٦ تا ٣١ ڕاگوێزراوی وتارێکی عەلی گەلاوێژە کە لەساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١) لە کتێبی «اسناد و دیدگاەها»ی حیزبی توودەی ئێراندا بڵاوبۆتەوە و تێیدا ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان شیکراونەتەوە.
- لە لاپەڕە ٤٣دا هەواڵێک لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕاگوێزراوە بێئەوەی ژمارە و ڕێکەوتی دەرچوونی ڕۆژنامەکە ڕابگەیەنرێ. بەگوێرەی هەواڵەکە، ١١ قارەمانەکەی سەقز و هەروەها عەلیبەگی شێرزاد لە بۆکان، ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/٢٦، واتە چوار ڕۆژ پێش نەورۆز ئیعدام کراون. پێژمان لەجیاتی عەلیبەگی شێرزاد دەنووسێ: قهرمان شیرزادە فیض‌اللەبیگی. هەر چۆنێک بێ ڕاگەیاندنی ڕاشکاوی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی ئیعدامەکانی سەقز بۆ من گەلێک گرنگە.
- نووسەر لە لاپەڕە ٤٧ ـ ٤٨دا ئاماژەیەک بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی بۆکان لە ساڵی ١٣٣٢ دەکا، بەڵام لەوێشدا وەک شوێنەکانی تر وردبینی و دیقەتی نییە. ئەوە هەواڵەکەیە:
- «لە ماوەی ئەو ساڵەدا [١٣٣٢]، وەرزێر و گوندییەکانی ناوچەی بۆکان بەهۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دژ بە داردەستانی سەرمایەداران و خاوەن زەوی و هەروەها ژاندرمەکانی ناوچە، ڕێبەری و ڕێنومایی کران!» سەبارەت بەو هەواڵەی پێژمان دەبێ بڵێم یەکەم، وەرزێر و ڕەشایی گوندەکان دژ بە ئاغاکان ڕاپەڕیبوون نەک سەرمایەدار و داردەستەکانیان! دووهەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان هاودەنگیی لەگەڵیان هەبوو، بەڵام ڕێبەر و ڕێنوماییکەریان نەبوو! سێهەم، ڕاپەڕینەکە دژ بە ژاندرمە نەبوو، بەڵام لە درێژەی کاردا ژاندرمەری

لایەنی ئاغاکانی گرت و ڕووبەڕووی ڕاپەڕیوەکان ببۆوە. چوارەم، هەر ڕستەکە ناتەواوە و ئەگەر کەسێک بەوردی بیخوێنێتەوە تێدەگا کە هیچ واتایەکی نییە!

ـ «لـە سـاڵانی ۱۳۴۰ ـ ۱۳۵۰دا حیزبـی تـوودە لـە چیکۆسـلۆڤاکی بڵاڤۆکـی «کوردسـتان»ی بەدەسـتی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، عەلی گەلاوێژ و حەسەنی قزڵجی بڵاوکردەوە.» (ل ۲۳۴).[1]

۱. سـرهنگ سـتاد عیسی پژمان، «کردها و کردسـتان»، انتشارات ژن، پاریس ۱۳۷۱/ ۱۹۹۲، جلد ۳ ـ ۴.

## ئیعترافاتی حوسێن برووجێردی

حوسێن برووجێردی مرۆڤێکی شەلات و بێپرەنسیب بوو، کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا ببووە پاسدار و پاسەوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. برووجێردی لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠دا لەگەڵ ئەوان چوو بۆ سنە و پاشان سەقز و مەهاباد و لەوێ لەکاتی هاتنی خەڵخاڵیدا، بەشداریی گرتنی سەقز و دەست بەسەرکردنی لاوانی کوردی کرد و لە ئیعدامەکانیشدا دەستی هەبوو، تەنانەت لە هەندێ شوێندا کرابووە مەئمووری تەقاندنی گوللەی خەلاس لە سەری قوربانییەکان.

ئەم کتێبە لە ڕاستیدا دەقی بیرەوەرییەکانییەتی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران تا ئەو دەمەی بەگوێرەی قسەی خۆی، قینی لە دڵڕەقی و کوشت و کوشتاری کاربەدەستانی ئێران دەبێتەوە و پشتیان تێدەکا، دەکەوێتە زیندان، ئینجا لە وڵات دێتەدەرێ و لە ئورووپا دەبێتە پەنابەر.

لە کتێبەکەدا برووجێردی ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەردەخا. گەرچی برووجێردی ڕاستەوخۆ باسی بۆکان ناکا، بەڵام سەردەمی بوونی ئەو لە سەقز و مەهاباد، هەمان سەردەمە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بۆکانیشیان گرتەوە و چەند کەسی وەک شەهید ئەبووبەکری حەمیدی و یۆسف کیشیزادە و... کە لە بۆکانەوە چووبوونە سەقز، گیران، خەڵخاڵی حوکمی دان و ئەوانیش ئیعدامیان کردن. ئەم کتێبە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە سەبارەت بە کار و کردەوەی حاکمانی ئێران لە ناوچەکە و بۆ مێژووی ئەو ساڵانەی بۆکان گەلێک بە کەڵکە. گەرچی لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا ئاماژە بە کوردستان کراوە، بەڵام لاپەڕە ٢٥٣ ـ ٢٦٧ بەتایبەت چالاکییەکانی برووجێردی لە کوردستان دەگرێتەوە.[١]

---

١. «پشت پردەهای انقلاب اسلامی، اعترافات حسین بروجردی، بەکوشش و ویرایش بهرام چوبینه، نشر نیما، ٢٠٠٢، ٣١ + ٥١٤ صفحه، فارسی.

## بۆکان لە ڕێڕەوی مێژوودا

ئەوە عینوانی وتارێکی فارسـیی ڕێزدار «سـەلاح ئیسماعیل‌سـورخ»ە کە لە ماڵپەڕی سیروانی هەفتانەدا بڵاوکراوەتەوە و من لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان‌دا چاوم پێی کـەوت. کەم‌وکووڕییەکـی گـەورەی کاری ژورنالیسـمی کوردی ئەوەیـە ئێمە کەمتر هـەوڵ دەدەیـن خۆمان بە بێگانە بناسـێنین، جا بێگانـەی ئورووپایی و ڕۆژاوایی بێ یاخـود دراوسـێی بن‌گـوێ و گەلانی داگیرکـەری خاکەکەمان. ئێرانییەکان ئێسـتاش وەک عەشـیرەت و تایفـە و هـۆز دەڕواننە کورد و هیچ شـارەزایی‌یەکیان لە ڕەوتی ئەدەب و شێعر و فەرهەنگمان نییە. بە هەمان شێوەیە عەرەب و ترکیش هەروان.

نووسینی وتاری بەپێز و خاوەن بەڵگە سەبارەت بە کوردستان بە زمانی بێگانە، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە و هیوادارم لەوە زیاتر لێی غافڵ نەبین.

وتاری کاک سـەلاح بۆ ناسـاندنی بـۆکان و مێژوو و جوغرافیا و شـوێنەوار و ئەشکەوت و چیا و ڕووبارەکانی چ بە کورد و چ بۆ ئاخێوەرانی زمانی فارسی گەلێک بەسوودە و جێگەی خۆیەتی بکرێتە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئاڵمانی، بۆ ئەوەی شار و ناوچەکە بە ئورووپایی‌یەکانیش بناسـێندرێ. من لێرەدا دەقی وتارەکە دەهێنمەوە و هیـوادارم کاک سـەلاح لـە درێـژەی کاردا زیاتـر بچێتـە قووڵایی ئـەم بابەتانەوە کە لێرەدا باسی کردوون. دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە و ناساندنی بەڵگە و سەرچاوەکان دەتوانـێ دواتـر ببێتـە نێوەرۆکـی کتێبێکـی سـەربەخۆ و لـە شـوێنێکی وەک تـاران بڵاوببێتەوە.

وتارەکـە دوورودرێـژە و لـە تاقەتـی ئـەم کتێبـەدا نییـە کـە تەنیـا ئاماژەیەک بە دیـاردەکان دەکا و لێکۆڵینـەوەی زیاتریـان بـۆ کەسـانێک دادەنـێ وا لـە دواڕۆژدا مێژووی ناوچەی بۆکان دەنووسـنەوە، بەڵام بەهۆی زانیارییەکی زۆر کە نووسـەر داویەتە خوێنەر، لێرەدا بەشی هەرە زۆری دەهێنمەوە:

# بوکان در گذر تاریخ

سلام اسماعیل سرخ

«... یکی از شهرهای کردنشین استان آذربایجان غربی بوکان یا شهر عروس‌ها می‌باشد که در دشت‌های حاصلخیز (مکریان) آنجا که دروازه‌های ورود مغها برای زیارت آتشکده‌های آذرگشسب به تخت سلیمان تکاب ( مغریان) یعنی راه مغها می‌گفتند که به مرور ( مکریان) نام گرفته است.

بوکان در ۴۶ درجه و ۱۳ دقیقه طول جغرافیایی و ۳۶ درجه و ۳۲ دقیقه عرض جغرافیایی با ارتفاع ۱۳۷۰ متر از دریای آزاد قرار دارد.

در ۶۵ کیلومتری جنوب خاوری مهاباد و از جنوب به شهرستان سقز از خاور به شهرستان شاهین‌دژ همسایه است. آب و هوای معتدل با میانگین ۵۰۰ میلی متر بارندگی در سال. منطقه بوکان در میان دو رودخانه بزرگ سیمینه‌رود در اصطلاح کردی (تاتاهو) و زرینه‌رود (جغتو) که حاصلخیزی و برکت خود را از وجود این دو رودخانه می‌گیرد؛ واقع شده است. جغتو از کوهستان‌های «چهل‌چشمه» و دیگری از کوه‌های زاگرس سرچشمه می‌گیرد که شاخه‌ای هم از کوهستان‌های (ماین‌بلاغ) افشار بنام (ساروخ) بدان اضافه می‌گردد که در مصب رودخانه جغتو در ۲۵ کیلومتری شرق بوکان سد شهید کاظمی (کوروش کبیر) به‌وسیله یک شرکت اطرایشی در سال ۴۷ ـ ۵۰ احداث گردیده است. جمعیت بۆکان در زمان ناصرالدین شاه قاجار هنگام تملک سردار «عزیزخان مکری» داماد امیر کبیر بخش کوچکی بوده و بیشتر از صد خانوار در آن نبوده اند. در سال ۱۳۶۵ حدود ۱۰۰ هزار نفر جمعیت و حالا جمعیت آن به ۲۰۰ هزار نفر می‌رسد؛ که شامل سه دهستان بنام (آختاچی، بهی، ترجان) که مجموعا شامل ۱۵۰ روستا می‌باشد. اولین مدرسه ابتدایی به شیوه‌ی نوین در سال ۱۳۰۷ دایر گردید.

نخستین درمانگاه بوکان در سال ۱۳۲۶ با پزشکی دکتر «فریدریش آلمانی» جراح و دستیاری همسرش آغاز به کار کرد.

اولین روزنامه هم بنام «هلاله» در اسفند ماه ۱۳۲۴ از چاپخانه بوکان منتشر

شـد و اولیـن گروه‌هـای کوهنـوردی بـه شـیوه نوین در سـال‌های ۴۷ ـ ۵۰ توسـط دبیرانی که از مرکز و شهرستان‌ها به این شهرستان آمده بودند برپا شد.

... بۆکان هویت تاریخی خود را از «قلعه باستانی قلایچی» در مجاورت روستای قلایچی در هشت کیلومتری شمال شرقی بوکان می‌گیرد؛ که بازمانده یکی از مراکز بسیار مهم تمدن ( ماناها) در هزاره اول پیش از میلاد مسیح در حوزه شمال غرب ایران که برخوردار از تمدن و قانون بودند، است.

حاکمان قلعه تاریخی قلایچی معبد این قوم متمدن بودند که نزدیک به سـه‌هزار سـال پیش مدت زمانی در این ناحیه سـکونت و حکمرانی کرده‌اند و آنچه از اجزای معماری این تمدن کهن در این قلعه باستانی به‌دست آمده با تمدن‌های مشابه و هم زمان خود از جمله «حسنلو» در نقده و «زیویه» در سقز، که از نظر جغرافیایی با قلعه «قلایچی» هم حوزه اسـت، قابل مقایسـه و برابر دانسـت به گونه‌ای که آثار معماری مکشوفه از نظر مشخصات و نقشه بیش از هر چیز بیانگر یک معبد بزرگ است.

معماری مکشـوفه شـامل تالار بزرگی اسـت از شـرق تا غرب به قلعه، این تالار در جبهه غربی به دو اتاق و در جبهه شـرقی به برج هایی ختم می‌شـود. در بخش مرکزی تالار بازمانده‌ی چند ستون سنگی بر کف معبد به‌دست آمده روی دیوارهای درونـی تـالار را نقاشـی دیـواری «دیوارنگاری» به گونه‌ای بسـیار کامل و اسـتادانه که در نوع خود منحصر به‌فرد می‌باشـند، تزیین می‌کرده اسـت. نقاشـی‌ها عمدتا به رنگ‌های قرمز، آبی و سفید است و نقوش هندسی و تزیینی را القاء می‌کند.

جزو دیواره‌نگاره‌ها، آجرهای لعابدار منقوش در این قلعه باستانی است که جز در شوش به این میزان آجر لعابدار از هزاره اول به‌دست نیامده است که با کنار هم قرار دادن آجرهای لعابدار نقوش زیبای متشکل از مثلث ها، دوایر متداخل، خطوط شکسته و نقوش انسانی و گیاهی حاصل می‌گردد که مفاهیم و معانی خاص را در بر دارد. از عمده‌ترین این نقوش نقش گل نیلوفر آبی «لوتوس»، سـتاره ایشـتار، نیم‌رخ مردان و زنـان و ردیـف موجودات افسـانه‌ای را می‌توان نام بـرد. ارزنده‌ترین مدرک بی‌نظیر سنگ‌نبشـته‌ای که ازآن به مترل یادبود «اسـتل» اسـتفاده می‌شـده است که ۱۳ سطر

که به خط آرامی کهن بوده، که هم اکنون در دست مطالعه زبان‌شناسان است که متأسفانه در این بازار فتنه و آشوب بیشتر آجرهای لعابدار منقوش معبد باستانی قلایچی بوکان غارت و به یغما رفت و برگ سیاه دیگر بر دوران بی‌خبری ما افزوده گردید.

علاوه بر آن دهها اثر باستانی دیگر به‌دست آمده که گویای قدمت بوکان و منطقه است که گذشته به نسبت میراث فرهنگی رسیده است از جمله: تپه آسیاب کهنه واقع در قریه احمدآباد محال فیض‌الله‌بیگی مربوط به اقوام هزاره [؟] قبل از میلاد.

تپه سیخان بزرگ واقع در قریه باغچه بهی محال فیض‌الله‌بیگی مربوط به اقوام هزاره قبل ازمیلاد. تپه کلتپه در قریه کلتپه بوکان به اقوام هزاره اول قبل از میلاد. تپه قره کند در قریه قره کند محال آختاچی مربوط به اقوام هزاره اول قبل از میلاد. گردی خلیسکه واقع در قریه سراب محال بهی مربوط به دوران پالئولتیک. تپه روژبیانی در قریه عزیزکند مربوط به دوره برنز قبل از میلاد. تپه گردەشین در قریه رحیم‌خان محال بهی مربوط به دوره برنز قبل از میلاد؛ و دیگر تپه‌ها و آثار باستانی...

## واژه‌ی بوکان و نظریه‌های مختلف

عده‌ای معتقدند واژه‌ی بوکان مخفف ( بووکەکان) به‌معنی عروسان آمده درست است و مراسم عروسی و چوپی را در کردستان روی چشمه‌سارها برپا کرده‌اند و بوکان روی استخر و حوض بزرگ برپا بوده است به نام (کانی بووکان) چشمه عروسان، بعدها کانی حذف و نام شهر بوکان باقی مانده است.

اما عده‌ای معتقد بوده‌اند «بوو» به معنی سرزمین و «کان» را نیز معدن آب گفته‌اند، یعنی جایی که مرکز آب و آبادانی بوده که این نظریه از استوره‌ی بیشتر علمی برخوردار است. اما آنچه مهم بوده است و در این شکی نیست منطقه بوکان به علت آب زیاد و چشمه‌سارهای فراوان که مایه‌ی تجمع انسان‌ها بوده است از قدیم پادگان

اشکانیان و ساسانیان بوده است. شاید بیشتر از هر چیز بوکان و نام بوکان با قلعه تاریخی سردار و استخر زیبای بزرگ مشهور به (حەوزەگەورە) آمیخته باشد. این قلعه در وسط شهر و بر روی تپه مرتفعی بنا شده که ارتفاع آن در حدود ۵۰ متر و جمعا مساحت نزدیک به یک هکتار را اشغال کرده بود، جنس مصالح آن سنگ و آجر و در قسمت شرقی و غربی آن دو برج مشنورنما وجود داشت و بر سر هر برج آن کنگره‌های از فلز مخصوص براق که درخشش آن در روزهای آفتابی از نقاط بسیار دور به چشم می‌خورد و در سایر قسمت‌های دیگر ساباط، سایبان، حمام و فراشخانه و غیره داشت که بنایی به‌غایت قدیمی بود و در دوران قاجار مرکز حکومت سرداران مکری بود و در حیاط آن فواره خودکاری به قلعه روان بود و تا سال ۱۳۲۵ باقی بود که در زمان سیف‌الدین‌خان توسط مهندسین روسی و استادکار آهنگر بوکانی به نام حاج محمد مشهور به (حمەکلە) اقدام به نصب وسایل پمپاژ تلمبه از استخر به قلعه می‌کرد که حدود ۱۰۰ سال قبل آب به قلعه می‌آورد. در قلعه سنگ‌های منقوش بسیار زیبا وجود داشت که متأسفانه همگی مورد دستبرد قرار گرفت. بعدها این قلعه به اداره فرهنگ واگذار گردید که متأسفانه به‌علت بی‌کفایتی متولیانش این قلعه زیبا و بی‌نظیر در سال ۵۷ ـ ۵۸ ویران شد و شاید بهتر است که گفت شهری ویران گشت و آثارش مورد دستبرد قرار گرفت.

### بوکان در نوشته‌ها و خاطرات جهانگردان

ژاک دو مورگان در جغرافیای غرب ایران جلد ۲، صفحه ۲۱، حدود ۱۱۰ سال قبل که از بوکان دیدن کرده است از آرامش و میهمان‌نوازی سیف‌الدین‌خان، حاکم بوکان یاد می‌کند که همین باعث ماندن و تحقیق در «غار سهولان» گردید و بعدها به «دخمه فرورتیش» در مهاباد و «کتیبه کیله‌شین» در کوه «درو» در شهرستان اشنویه برود.

حاج سیاح هم در سال ۱۲۶۱ شمسی به هنگام بازدید از مکریان از استخر زیبای بوکان و جاری شدن آب زلال در قنات‌ها و میهمان‌نوازی حاکم و مردمان این دیار یاد می‌کند.

در سفرنامه لرد کرزن، ریاست محافظه‌کار انگلیس در سال ۱۸۹۲ میلادی ترجمه وحید مازندرانی کتاب (ایران و قضیه ایران) از آرامش مکریان یاد می‌کند و از حاکم بانزاکت منطقه بوکان (سیف‌الدین‌خان) مکری که تربیت یافته و مسلط به زبان فرانسه بود، یاد می‌کند.

## غارهای بوکان

۱. غارهای کونه‌پیست: آبادی سردارآباد.

۲. غار سهولان: واقع در جاده برهان بین بوکان و مهاباد که به علت جاذبه‌های فراوان و آسفالت راه امروز به یک قطب جهانگردی در کردستان تبدیل شده است برق‌کشی داخل غار و قایق‌های تفریحی دورن دریاچه غار و راهنمایان خوب، غارنوردی را در سهولان لذت‌بخش کرده است.

۳. غار مکری‌قران: واقع در روستای خراسانه که در زمان شاه عباس صفوی مردمان منطقه مکریان را در این غار جمع‌آوری کردند و با دود خفه کرده‌اند، که همواره در حافظه تاریخی مردمان این منطقه به یادگار مانده است. که اولین بار (شیخ‌الاسلام) روستای آجیکند در آن کندوکاو کرد؛ بعدها سپاهیان دانش روستاهای خراسانه، عزیزکند و آجیکند در این غار کند و کاو را ادامه دادند.

۴. غار کونه‌کوتر: روستای ینگیجه بوکان.

۵. غار کونه‌کوتر: روستای قلایچی، که این غار هنوز بازگشایی نشده است، اما در سال‌های ۸۳ ـ ۸۴ توسط سنگ‌نوردان و غارنوردان بوکان ازجمله ناصر فیض‌الله‌بیگی و فتاح کارگر و فرامرزی این غار نسبتا سخت که با دهانه‌های عمومی نسبتا طولانی راه خود را به درون دالان‌ها و دهلیزهای خطرناک می‌گشاید گشایش شده است.

۶. غار سیا: غار سیا واقع در کوه «وستا مصطفی» که به علت مخوف بودن هیچ کاری درآن صورت نگرفته است و همچنان ناشناخته است.

۷. غار کول‌آباد: در مسیر ۴۰ کیلومتری جاده آسفالته بوکان ـ میاندوآب در دامنه

کوه کول‌آباد واقع اســت که غار طبیعی و آهکی اســت که مردمان روســتاهای اطراف از قدیم آن را می‌شناختند و از روی کنجکاوی بدان روی می‌نهادند.

۸. غار مصنوعی ســماقان یا بی‌بی‌کند: این غار در وســط کوه مرتفع فرهادتراش در کنــار روســتای ســماقان که مشــرف به رودخانــه زرینه‌رود می‌باشــد، واقع است.

این غار مصنوعی حالت قلعه دارد که دارای هفت باب اطاق کوچک ســنگی کنده شــده با دســت که مربع شــکل است که هر یک گنجایش ۶ نفر را دارد. اطاق‌ها دارای پنجره‌های ســنگی مشــرف به جاده فرعی اســت. شاید هم زمان خود حالت یک معبد را داشت است و در دامنه کوه که درخت سماق زیاد دارد که به مصرف روستاییان می‌رسد. وجه‌تسمیه غار سماقان از وجود همین درخت‌های سماق است.

**کوه‌های منطقه شهرستان بوکان**

کوه‌های منطقه بوکان که به حافظه تاریخی این ملت پیوند ابدی خورده است عبارتند از: نالشکینه، برده زرد، کلتگه، مجموعه قله‌های اوستا مصطفی و کوه ترغه که در این میان کوه اوستا مصطفی به علت امتداد آن از جنوب شرقی بوکان تا گردنه خان و کوه وزنه بانه به درازای ۱۰۰ کیلومتر که سرچشمه ده‌ها رود و جاری شدن چشمه‌های بی‌مانند است و مرکز انواع گونه‌های بی‌نظیر گیاهی از اهمیت زیادی برخوردار است. کوه ترغه در ۲۵ کیلومتری غرب بوکان با داشتن انواع دیواره‌های بی‌نظیر سنگ‌نوردی و ســنگرهای به‌جــا مانده ســنگی بی‌نظیــر از جنگ روس تزاری و عثمانی اســت. کتیبه قدیمی در قله آن توسط غارتگران به یغما رفته و دو جان‌پناه کوهنوردی همواره آمال کوهنوردان و ســنگ‌نوردان بوکان بوده اســت و در فرهنگ مردم مکریان کوه ترغه از قداســت و جایگاه ویژه‌ای برخوردار است. متعالی‌ترین باورها و اسطوره‌ای‌ترین شعرها از کوه ترغه الهام گرفته‌اند و در جای خود زاینده‌ترین نوع نظام ارزشی را در کردستان به‌وجود آورده است.

کــوه اوســتا مصطفــی: در جنوب شــرقی آبادی ترجان و شــمال آبــادی کوندلان

بـا ۲۷۰۰ متـر ارتفـاع در میـان آبادی‌هـای بوبکتـان و باغ شـیخان متصل اسـت به کـوه ۲۰۴۶ متـری قلعـه قوزلوه و از طرف روسـتای کانی‌دریژ متصل اسـت به کوه ۲۱۹۸ متـر قره‌قایـه و ادامه آن به کوه ۲۲۴۰ متری هواره‌برزه در میان روسـتاهای یاغیان، سارده‌کوهسـتان، شـیخ چوپان و میرگه‌نخشـینه متصل است و ادامه رشته کـوه اوسـتا مصطفـی تـا کوه بلند ۲۷۰۰ متـری پیربوداغ و کوه غـزب که ۲۱۶۰ متر ارتفـاع دارد. چگونگـی نامگـذاری این کوه به‌نام غزب مشـخص نیسـت و بزرگترین غار ناشـناخته بنام غارسـیاه در کوه غزب واقع گردیده اسـت، که کوهنوردان هنوز نام و شناسـنامه‌ای از آن تهیه نکرده‌اند. کوهنوردان بوکان با قله اوسـتا مصطفی و چشـمه‌های آن آشـنا هسـتند، امیدوارم روزی شناسـنامه این رشـته‌کوه که تا وزنه شهرستان بانه ادامه دارند تهیه کنیم که شرافتی است بر شرافت زاگرس.»

## کتێب بە زمانانی دیکە

### مەئموورییەتی زانستی و ژاک دو مۆرگان

سەرچاوەیەکی ئورووپیی سەدەی نۆزدەهەم کە باسی بۆکان و ناوچەی موکریانی کردبێ، کتێبێکە بەناوی «مەئموورییەتی زانستی لە ئێران» کە «ژاک دو مۆرگان»ی فەرەنسی نووسیویەتی و لە ساڵی ١٨٩٥دا لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە. ژاک دو مۆرگان و هاوسەرەکەی وەک زانا و پسپۆڕی بواری زەویناسی لە کۆتایییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی بەشێکی زۆری ئێرانیان کردووە و لە ئازەربایجانەوە گەیشتوونەتە موکریان، ئینجا بەرەو سنە و کرماشان ڕۆیشتوون و سەریان لە خوزستان دەرهێناوە. بە درێژایی ڕێگاش وێنە و نەقشەی چیا و ڕووبار و شوێنەوارە سروشتییەکانیان کێشاوە، بوو نموونە، کێوی تەرەغە و ئەشکەوتی سەهۆڵانی نێوان بۆکان و مەهاباد. ئامانجی سەرەکیی مەئموورییەتی مۆرگان و وەفدی هاوڕێی، وێدەچێ دۆزینەوەی نەوت و مەعدەنی ژێرزەوی بووبێ، بەڵام پێش ئەوەی فەرەنسە دەستی بەو گەنجەبەنرخەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕابگا، بریتانیا بوو بە خاوەنی.

ژاک دو مۆرگان لە ماوەی مانەوە لە موکریان، سەردانی مەهاباد و ناوچەی مەنگوڕایەتیی کردووە، پاشان بە ڕێگای بورهاندا گەیشتۆتە گوندی سەدرابادی بۆکان و لەوێ بووە کە هەواڵی مردنی سەردار سەیفەددینخانی پێگەیشتووە. دواتریش چووە بۆ بۆکان و لەوێوە بەرەو باشوور، واتە کوردستانی ئەردەڵان و کرماشان و ئیلام بۆتەوە.

کتێبی ژاک دو مۆرگان سەرچاوەیەکی باشی زانستییە بۆ توێژینەوە لە مێژووی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ زەویناسیی ئەو سەردەمەی بۆکان، کتێبەکە بە فەرەنسی نووسراوە و ئەوەش تایبەتمەندییەکانییەتی:

MISSION SCIENTIFIQUE
EN PERSIE

PAR J. DE MORGAN
ETUDES GEOGRAPHIQUES
Paris, Ernest Leroux Editeur 1895.

کتیبەکە، سـەرجەم پێنج بەرگە و بابەتی لەمەڕ موکریان و بۆکان لە لاپەڕە ١ تا ٤٥ی بەرگی دووهەمدا ڕەنگی داوەتەوە:

TOME SECOND
Kurdistan de Moukri
PP. 1-45.

بەداخەوە ئەم سەرچاوە گرنگە زانستییە تا ئێستا نەکراوەتە کوردی، لە کاتێکدا دەیتوانـی لـە بـواری جیاجیـادا کەڵکـی زۆری هەبـێ. مـن زمانـی فەرەنسـی نازانم، بـەڵام هیـوادارم ئـەو دێڕانە ببنە هۆی ئـەوەی خەمخۆرێکی وڵاتەکەمـان ئەو ئەرکە بگرێتـە ئەسـتۆی. نوسـخەی کتێبـە فەرەنسـییەکە دەبێ لـە فەرەنسـا زۆر بێ و من ئامـادەم کۆپیـی بۆ هەر کەس بیەوێ خۆ بـە تەرجەمەیەوە خەریک بکا ئامادە بکەم. نوسخەیەکیشـی لە کتێبخانـەی قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتـی و ئەفریقییەکانی سـەر بە زانسـتگەی لەندەن پاریزراوە، کە لە خوارەوە تایبەتمەندییەکانی بۆ ئەوانە ڕادەگەیەنم کە لە بریتانیا دەژین و دەیانەوێ وەریگێڕن:

The Library,
School of Oriental and African Studies (SOAS), London
Reference number:
L. N. T
910, 3
23, 174
Stack 114
Floor E.

شـایانی باسـە کە بەرگی دووهەمی کتیبەکە پیشـتر کراوەتە فارسـی و بەناوی «جوغرافیـای ڕۆژاوای ئێـران»ەوە لـە تەورێز بڵاوکراوەتەوە. ئـەوەش تایبەتمەندیی تەرجەمە فارسییەکە:

ژاک دو مـورگان، جغرافیـای غـرب ایـران، ترجمە دکتر کاظم ودیعی، انتشـارات چهر، تبریز.

بەداخەوە ئێستا نوسخەی تەرجەمە فارسییەکەم لە بەردەستدا نییە و ناتوانم تایبەتمەندیی لەوە وردتری ڕابگەیەنم، بەڵام دەزانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوسخەی هەیە و منیش کاتی خۆی لە بۆکان هەمبوو.

## فتوح سوادالعراق

ئەم کتێبە وا هەیە یەک لە کۆنترین سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلام بێ و بێگومان کۆنترین سەرچاوەی مێژوویی بەشێکی کوردستانە لە سەرەتای هاتنی ئیسلام و هێرشی عەرەب بۆ سەر خاکەکەمان.

نووسەری کتێبەکە «محمد بن عمر واقدی»، ساڵی ١٣٠ی کۆچی لە شاری مەدینە لەدایکبووە و یەک لە «محدثین» بووە و ئەم کتێبەی تایبەت بە «فتوحات»ی عەرەب لە وڵاتانی ناوچەکە کردووە، کە کوردستانیش دەگرێتەوە. پێویستە بگوترێ کە هەواڵ و ڕیوایەتەکانی کتێبەکە هی واقدین، بەڵام کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هی کەسێکی نەناسراوە (١٣٧ لاپەڕە).

گەرچی کتێبەکە زۆر «مستند»، واتە پشتئەستوور بە بەڵگە نییە، بەڵام باسی هێرشکەری و داگیرکردنی عەرەبی کردووە لە زۆر شوێن و لەوانەش کوردستان. کتێبەکە ناوێکی لە بۆکان نەهێناوە، بەڵام لە چەندین شوێندا باسی سەقز و بەتایبەت ساباڵغی تێدا کراوە و لەوانە بەشی تایبەت بە «ذکر فتوحات آذربایجان»ە. لەوێدا باسی هاتنی «خالید بن ولید» دەکا بۆ ناوچەکە و کوشتوبڕی خەڵک و دەنووسێ: «دوای فەتح کردنی ساباڵخ، خەڵکی گوند و شارە دوور و نزیکەکانی دەوروبەری هاتن، بەشێکیان موسوڵمان بوون و هەندێکیشیان مەجبوور کران «جزیە» بدەن (١٩٦)، کە دیارە ئەو خەڵکی گوند و شارانەی دەوروبەری مەهاباد، بۆکانیش دەگرێتەوە و ئەوە کۆنترین سەرچاوەیەکی دوای ئیسلامە باسی ناوچەکەی کردبێ.[١]

١. «فتوح سوادالعراق (نخستین تاریخ فتوحات اسلامی در کردستان)، بەروایت محمد بن عمر واقدی»، ترجمە و تحشیە استاد عبدالعزیز واعظی سردشتی، مقدمە و تصحیح و تعلیقات نادر کریمیان، ناشر: م. واعظی، تهران ١٣٧٤/ ١٩٩٥، ٣٨١ صفحە، فارسی.

## مینۆرسکی لە بۆکان

پرۆفیسـۆر ڤیلادیمیـر مینۆرسـکی توێـژەری ناسـراوی ڕووس کـە چەندین وتاری لەسـەر کورد نووسـیوە، لە سـاڵی ١٨٧٧ لە ڕۆژاوای شـاری مۆسکۆ لەدایکبووە و لـە سـاڵی ١٩٦٦دا لـە لەنـدەن کۆچیدوایـی کـردووە. مینۆرسـکی لە سـاڵی ١٩١۵دا لـە پێترۆگـراد وتارێکـی بە زمانی ڕووسـی بەنـاوی «کورد، تێبینـی و وردبوونەوە» بڵاوکردۆتەوە، کە دوکتۆر مارف خەزنەدار لە سـاڵی ١٩٦٨دا کردوویەتە عەرەبی و پاشان کاک حەمەسەعید حەمەکەریم فەرەج لە ساڵی ١٩٨۴دا لەبەر دەقی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر کـوردی. ئینجـا کاک حەبیبوڵـڵا تابانی لە سـاڵی ٢٠٠٠دا دەقی کوردیی بە یارمەتیی وەرگێڕاوە عەرەبی و فەرانسییەکەی کردۆتە فارسی.

ئەم هەڵبژاردەیەی ئێستا، لە بەشی «ڕەوشتی کورد»ی دەقە کوردییەکە وەرگیراوە، کە تێیدا باسی سەفەرێکی مینۆرسکی و هاوڕێکانی بۆ بۆکان دەکرێ. سەفەرەکە لە ساڵی ١٩١١ و لە سەردەمێکدا بەڕێوەچووە، کە مینۆرسکی کاربەدەست و جێگری کۆنسـوولی ڕووسـیای قەیسـەری بوو لە شـاری ورمێ و درەنگتر، لە چەند مانگ پێش سـەرهەڵدانی شـەڕی یەکەمـی جیهانـی (١٩١۴ ـ ١٨)دا وەک ئەندامی لێژنەیەک بـۆ دیاریکردنـی سـنووری تـورک و ئێرانـی، سـەردانی ناوچـە کوردنشـینەکانی سەرسنووری دەکرد. لێژنەی ناوبراو لە چوار نوێنەری ڕووسی، ئینگلیزی، ئێرانی و تورک پێکهاتبوو، بەڵام ڕووداوەکانی شەڕ ئیشوکاری توێژینەوەی پێ وەستاندن.

«... لە کوردستاندا گەلێ لایەنی زۆرتری ژیان هەیە، وەکوو خۆشی و فراوانی و کامەرانـی لـە قـەڵای سـەرۆکەکانیاندا. لێـرەدا هـەوڵ دەدەم باسـی ژیانـی هاوڕێی بەدبەختـم «سـەرداری موکـری»[1] بکـەم کـە تورکـەکان لـە کانوونی یەکەمی سـاڵی ١٩١۴ و لە ڕۆژانی داگیرکردنی تەورێزدا کوشتیان.

لە سـاڵی ١٩١١دا «سـەردار» دەعوەتی کردین بۆ دیوەخانەکەی خۆی لە شـاری

١. حەمەحوسێنخانی سەردار، کوڕی سەردار سەیفەددینخانی بابامیری، کە گۆڕەکەی(قسنی سەردار) لە شاری بۆکانە.

بـۆکان. جـا هەر لەگەڵ ئەوەی نزیک شـوێنەکە بووینەوە، ئیتر هەر پێنج دەقیقەیەک، کۆمەڵێ سوار پێشوازیی ئەکردین. دوای ئەوە، کوڕەکەی سەردار هات و پێشوازیی لێکردین. خزمەتکار و جووتیارەکان خواردەمەنیی جۆراوجۆریان هەڵگرت و هێنایان بـۆ نـاو باخچەکەیان کە بە دەوروپشـتی حەوزێـکدا[1] چەند خێوەتێـک هەڵدرابوون. نانـی نیوەڕۆمـان خـوارد و دوای ئەوە چایـی و جارێکی تر خواردن و هەمووشـی لەگەڵ ئاوازی گۆرانی و مۆسیقادا بوو. ئەم دەعوەتەش تەنها بۆ ئێمە نەبوو، بەڵکوو قازانێکی گەورەی برینجیشـیان ئامادە کردبوو بۆ خزمەتکارەکان. هەرگیز ئەو دوو ماسیە قەڵەوەم لە بیر ناچێتەوە کە بەتایبەتی بەو بۆنەیەوە ڕاویان کردبوون و...

سـەخاوەتی سـەرداری موکری وای لە دراوسـێکانی کردبوو لە هەمووڵایەکەوە ڕووی تێبکـەن و بـە کۆمەڵـی گەورەگـەورە ئەهاتـن بـۆ لای و ئەویـش ماوەیەکی دوورودرێـژ میوانداریـی ئەکـردن و ئەوانیـش ئەیانزانـی کـە چوونـە لای، ڕێزیـان لێئەگرێ و خۆشی ئەوین...» (لاپەڕە ١٣٤ ـ ١٣٦)[2]

---

١. زۆر وا هەیە حەوزەگەورەی ئێستا بێ، گەرچی سەردار باغی دیکەشی بۆ ئیستراحەت و ڕابواردن هەبوو.

٢. مینۆرسکی، کورد، تێبینی و وردبوونەوە، د. مارف خەزنەدار لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە عەرەبی، حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویەتی بە کوردی، چاپی بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆی سەلاحەددین، سلێمانی١٩٨٣.

## ناوی موغولیی «شوێن» لە کوردستانی موکریان

ڤیلادیمیر مینۆرسکی زیاد لە هەموو توێژەرێکی ئورووپی لەگەڵ بۆکاندا پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەبووە و بۆکان و ناوچەی دەوروبەری لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. هۆی ڕاستییەکەش وا هەیە ئەوە بێ کە:

- مینۆرسکی لە ساڵانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی تا شۆڕشی ئوکتۆبری ١٩١٧ یاریدەدەری کۆنسوولی ڕووسیای قەیسەری بووە لە ورمێ؛
- لەو ماوەیەدا پێوەندی زۆری لەگەڵ کوردان بەتایبەت سەرەکهۆزەکاندا هەبووە؛
- دۆستی سەردار حەمەحوسێنخانی بۆکان بووە؛
- سەردانی بۆکانی کردووە؛
- کوردیی زانیوە و کەموزۆر قسەی پێکردووە یا خود لێی تێگەیشتووە؛
- لە پێش هەمووی ئەوانەشەوە، لێکۆڵەرەوەیەکی ڕاستەقینە بووە، دیاردەی سەرنجڕاکێشی بە چاوی وردبین بینیوە و بڵاوی کردۆتەوە.

بابەتی ئەم وتارەی مینۆرسکی ناوی موغولی و هەندێ جاریش تورکیی چیا و ڕووبار و گوند و شار و ناوچە لە کوردستانی موکریانە کە بەشێکی بەرچاوی، بۆکان و دەوروبەری دەگرێتەوە.

جگە لە ڕوونکردنەوەی دەراوی تاریکی مێژوویی، وا هەیە سوودی بەرچاوی وتارەکە، لایەنی تۆپۆنێمی، واتە «وجە تسمیە»ی شوێنەکان بێ. بەگشتی، مەسەلەی تۆپۆنێمی لە کوردستان گەلێک شێواو و لە شێوازی زانستییانە بە دوورە. هۆی سەرەکیشی وا هەیە ئەو ڕاستییە بێ کە نووسەر و مێژوونووسی خۆیی کەمتر خۆ بەوەوە ماندوو دەکەن کە لە ڕیشە و بنەمای ناوەکان بکۆڵنەوە، کە نەفەسی درێژ و ماندووبوونی زۆری دەوێ. بەپێچەوانەوە، هاسانترین ڕێگا هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان واتایەکی نزیکی ناوەکان بدۆزنەوە و دەرخواردی خەڵکیشی

بدەن. بۆ نموونە، کۆماسی بە کۆگای ماست دادەنێن و ناوی تیرەی قاڵقاڵی لە «قال»ی عەرەبان وەردەگرن و دەڵێن گوایە خەڵکەکەی زۆر قسە دەکەن! یا گەڵباخی بەسەر «گەل»ی ترکی و «باخ»ی کوردیدا دابەش دەکەن و بۆ ئەم بۆچوونە هەڵەیە حیکایەت و نەقڵیش دەخولقێنن، کە ئاغای تورکیان هەبووە چۆتە نێو باخێکی گوند و بە خەڵکەکەی گوتووە: «گل باخە»، واتە وەرنە نێو باخ! ئەم کوێرەڕێیانە جگە لە چەواشە کردنی خەڵک، بەرەو هیچ کوێیەک ناچێ و ناگاتە هیچ شوێنێک.

شوێنی ژیانی ئەمڕۆی کورد لە ڕابردوودا شوێنی ژیانی گەلان و لانکەی کولتوورێکی هەمەچەشنە بووە. گرد و تەپەی توبرەڕێژی ئێستامان، ئەگەر قاچاخچیی ئێرانی و ملەی نێوخۆیی لێبگەڕێن و نەیانشێوێنن، یەک لەبان یەک شوێنەواری سێ یا چوار کولتووریان لەخۆگرتووە و مۆرکی ئاشووری و سەکایی و ماننایی و یۆنانی و ڕۆم و تورک و موغول و عەرەب و عەجەمیان بەسەرەوەیە کە هەرکام، مینۆرسکی گوتەنی، کارتی ویزیتی خۆیان لێ بەجێهێشتووە و ڕۆیشتوون.

ناسینەوەی بنەمای ناوەکان لە شوێنێکی وا کەونارا و پڕ ڕووداوی مێژوویی‌دا، شارەزا بوون لە مێژوو و زمانە کۆنەکانی پێویستە. ڕووناکبیری کورد ئەگەر شتێک بەباشی نازانێ، نابێ خۆی لە خەڵک بکاتە پسپۆڕ و چەواشەیان بکا. تۆپۆنێمی، واتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بنەمای ناو، کاریکی پسپۆڕانەیە و ناکرێ هەموو کەس خۆی لە قەرە بدا، مەگەر لێی مامۆستا بێ. با لە مینۆرسکی فێر بین کە بۆ ڕوونکردنەوەی بنەمای ناوێک یارمەتی لە زمان، مێژوو، زمانەوانی، جوغرافیا و کەوناراناسی وەردەگرێ، هەموو سەرچاوەیەکی گونجاو دەپشکنێ و دوای هەموو ئەوانەش، ئەگەر لە شتێک دڵنیا نەبوو، پەنا دەباتە بەر شارەزایی پسپۆڕانی بوارەکە و یارمەتی لەوان دەخوازێ.[١]

---

١. ئەم وتارە سەرەتا لە ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٩٤ و ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٥ی گۆڤاری گزینگ، چاپی سویددا بڵاوبۆتەوە و پاشان وەک بەشێک لە کتێبی «مینۆرسکی و کورد، کۆمەڵەی شەش وتار»، چاپی دەزگای موکریانی، لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە هەولێر چاپ کراوە. ئێنجا بنکەی مانگ لە بانە جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠١٩دا چاپی کردۆتەوە.

**لەشکرکێشانی ڕۆم و بیزانس بۆ سەر ئاترۆپاتێن**

ئەم وتارەی مینۆرسـکی سـەبارەت بە دوو لەشکرکێشیی سەردەمی کۆنی مێژوویی بـۆ سـەر ناوچـەی تەختی سـولەیمانی بـەری ڕۆژهەڵاتی بـۆکان و ئاورگەی شـێز نووسراوە.

بابەتەکە گەلێک زانیاریی لەمەڕ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان بەدەستەوە داوە و لە ڕاسـتیدا سـەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ تاوتوێ کردنی مێژووی بۆکان و موکریان. مینۆرسکی لە هەندێ شوێنی وتارەکەدا سەرەتای پرسیار و باس و لێکۆڵینەوەیەکی بەربـڵاوی دامەزرانـدووە و ئەرکـی ڕۆڵـەی بەرپرسـی کـوردە سـەرەهەودای بۆچوونەکانی ئەو هەڵبگرن و دەسکەوت و دۆزینەوەکانی ئەو شارەزایەی مێژووی کوردستان و موکریان بەرەوپێش بەرن.

من وتارەکەم چەند ساڵێک پێش ئێستا لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لەگـەڵ پێنـج وتـاری دیکـەی هەمان نووسـەر، لە کتێبێـکدا بە ناوی «مینۆرسـکی و کورد» بڵاوکرایەوە و دواتر چاپی دووهەمیش کرا. هەروەها بنکەی چاپەمەنیی مانگ لـە شـاری بانـەش لـە سـاڵی ٢٠١٩دا چاپێکـی دیکەی کتێبەکەی خسـتە بەردەسـتی خوێنەرانی کورد.

کتێبەکـە پـازدە سـاڵێک دوای چاپـی یەکەمـی وەرگێـڕاوە کوردییەکـەی مـن بە زمانـی فارسـی لە تاران بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نازانم ئایـا لەبەر دەقە ئینگلیزییەکەی تەرجەمە کراوە یان نا. وەرگێڕەکەی خاتوو «رقیه بهزادی»یە؛ سپاس بۆ ئەو برادەرە خۆشەویستەی وا دەقی کتێبەکەی بۆ ناردم.[١]

١. لەشکرکێشانی ڕۆم و بیزانس بۆ سەر «ئاترۆپاتێن»، بەشێک لە کتێبی مینۆرسکی و کورد (کۆمەڵەی شەش وتار) نووسینی ڤیلادیمیر مینۆرسکی، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، چاپی دووهەم، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦، کوردی.

## بنچینەکانی کورد

بێگومـان هەتـا ئەمـڕۆش هیـچ مێژوونووسـێکی ڕۆژاوایـی ئەوەندەی مینۆرسـکی سەبارەت بە مێژووی کورد توێژینەوەی نەکردووە و بەرهەمی چاپکراوی نەبووە.

من پێشـتر باسـی بەرهەمەکانی مینۆرسـکیم کردووە، کە هەندێکیانم هەر خۆم لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە وەرگێڕاونەتـە سـەر کوردی وا لێـرەدا باسـی پەڕتووکێک دەکەم کە کاک دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا لە ١٩ وتاری کورت و درێژی مینۆرسـکی پێکیهێناون و هەموویانی لە فەرەنسییەوە تەرجەمەی کوردی کردوون.

لەنێو وتارەکاندا بەتایبەت ئەو وتارەی وا مینۆرسکی سەبارەت بە «ساوجبولاق»، واتە شاری سابڵاغ (مەهاباد)ی نووسیوە و لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا چاپی کردووە، زیاد لە هەمووان ناوچەی بۆکان دەگرێتەوە، بەڵام وتاری سەقز و هەروەها وتاری سـەرەکی بەناوی «بنچینەکانی کورد»یش لە پەیوەندیی بۆکاندا گرنگن. لەم وتارەی دواییدا مینۆرسـکی باسـی ماناکان دەکا و پێتەختیان کە «ئیزیرتوو» بووە و دوای مینۆرسـکی، گومانی ئەوە دەکرێ کە گوندی قەڵایچی بۆکان بگرێتەوە. مینۆرسـکی هەروەها لە باسـی فەقرەقای مەهابادا دەڵێ «دیاکۆ»ی دامەزرێنەری زنجیرەی ماد، خۆی ماننایی بووە (لاپەڕە ٣٧).

وتاری سـاوج بولاق (لاپەڕە ٨٧ تا ١٠٩) باسـی دیاردە سروشتییەکانی ناوچەی مەهاباد و بۆکان دەکا بە ڕووبار و چیاوە و دەڵێ لە دەوروبەری سابڵاغ ئەم ناوچە و گوندانە هەن:

بێهی، لەسـەر ڕووباری تەتەهوو و لەسـەر چوارڕێیانی سـاوجبولاق ـ سەقز ـ و مەراغە ـ سەقز، ٦٥ ئاوایی دەگرێتەوە لە گرنگترینیان ئاوایی بۆکانە (لاپەڕە ٩٣).

لە لاپەڕە ١٠٢شدا دەنووسێ: «دێبوکری وەچەی هەرە کۆنی موکرییەکانن.»

هەروەها لە لاپەڕە ١٠٧دا دەنووسـێ: «زاراوەی دێبوکری لە شـەرەفنامەدا ناوی نەهاتووە و [بەم پێیە] نابێ کۆن بێ.»

بەگشتی وتاری ساوجبلاق و سەرجەمی کتێبەکە جێگەی کەڵک وەرگرتنی زۆرن.

## ڤاسیلی نیکیتین و کورد[١]

نەمر مامۆستا تەها فەیزیزادە نامیلکەیەکی فارسیی بەناوی «کرد و کردستان در آثار واسیلی نیکیتین» بڵاوکردۆتەوە و تێیدا ژیان و بەرهەمەکانی نیکیتینی، بەتایبەت سەبارەت بە کورد و کوردستان ناساندووە. من بەبێ ئەوەی کاری مامۆستا هەڵسەنگێنم کە هەندێک هەڵەوپەڵەشی تێکەوتوون، لێرەدا ئاماژەیەک بەو بەشانەی کتێبەکە و کاری نیکیتین دەکەم کە بۆکان دەگرنەوە.

- لاپەڕە ١٥: مامۆستا دەنووسێ: نیکیتین وەک قۆنسوولی ڕووسیا لە ورمێ (سالانی ١٩١٥ تا ١٩١٨) لە سابلاغ و شەمزینان و بانە و بۆکان و ئورامار و هەکاری و... ناسیاوی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان بووە. واتە نیکیتینیش وەک مینۆرسکی دەبێ لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەردانی بۆکانی کردبێ. دەزانین مینۆرسکی جێگری قۆنسوولی ڕووس بووە لە ورمێ.
- لاپەڕە ۴٨: مامۆستا فەیزیزادە دەنووسێ: نیکیتین لە باسی سەردار عەزیزخاندا لە مەئمووریيەتی «عەزیزمان» [واتە عەزیزی ڕووسەکان] لە شیراز دەدوێ. واتە نیکیتین سەردار عەزیزخانی بە «عەزیزی خۆی» یا «عەزیزی خۆیان» ناوبردووە.
- دیارە سەردار عەزیزخان سەرداری سەردەمی ناسرەددینشا بووە نەک محەممەدشا و ئەوەی دەڵێ سەردەمی محەممەدشا، هەڵەیە. هەروەها دەنووسێ لەباتی شیراز دەبێ ئیسفەهان بێ، لە کاتێکدا مەئمووریيەتی شیراز ڕاستە و هەڵە نییە.
- لاپەڕە ٦٣: مامۆستا دوو لاپەڕەی کتێبەکەی تایبەت بە «تکنگاری شهر سابلاغ» کردووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە باسی نیکیتینەوە نەداوە (لاپەڕە ٦٣ ـ ٦۴).
- لە باسی باغەکانی مەهابادیشدا ئاماژە بە باغی سەیفەددینخان دەکا کە دیارە دەبێ لە پەیوەندیی سەیفەددینخانی سەرداردا بێ و ئەوە مێژووی بۆکان

١. طه فیضیزاده. «کرد و کردستان در آثار واسیلی نیکیتین، شرح احوال، افکار و نقد آثار واسیلی نیکیتین»، ناشر: مؤلف، ١٣٦٧/ ١٩٨٨، تبریز (؟)، ١٠١ صفحه، فارسی.

دەگرێتــەوە. جــێ و شــوێنی باغەکە لــە نامیلکەکەدا ڕانەگەیەندراوە و پێویســتە دواتر دیاری بکرێ.

ـ لاپەڕە ٦٩: باســی شـێخبابا سەعید و شەهید بوونییەتی لە کەریزەی گڵی، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیان و سەردەمی شێخبابا جێگەی کەڵک لێوەرگرتنە.[1]

١. ڤیلادمیـر مینۆرسـکی، «بنچینەکانـی کـورد و چەنـد وتارێکی کوردناسـی»، وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ینک)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ٢٧٨ لاپەڕە، کوردی.

## ئێران و بیزانس لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی زایینیدا

کۆتاییەکانی سەدەی شەشەم و سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی زایینی لە پێوەندیی ئێران و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی (بیزانس)دا ساڵانێکی گرنگ و دیاریکەری چارەنووسن. لە ئەنجامی شەڕ و گەڕی بێپسانەوەی شاهانی ساسانی و ئیمپراتۆرانی ڕۆمدا، بە هەزاران کەس لە هەر دوو بەری سنوور کوژران، سەدان قەڵا و گوند و شار کاول کران، ئابووریی هەر دوو وڵات نشوستی هێنا و خەڵک و سپای هەر دوو لا ماندوو و بێهێز بوون، لە ئەنجامی ئەو لاوازبوونەشدا، هێزی تازە سەرهەڵداوی عەرەب بە دروشمی ئیسلامەتییەوە توانییان کەڵک لەو بۆشاییەیە وەربگرن، بەسەر سپای لەکارکەوتووی هەر دوو ئیمپراتۆرییەتدا سەرکەون و دەسەڵاتێکی نوێ لە ناوچەکەدا بنیات بنێن کە مێژوویەکی لە پشت نەبوو، دواتریش ئەسپی داگیرکردنی خاک تا سنوورەکانی چین لە ڕۆژهەڵات و ئیسپانیا لە ڕۆژاوا تاو بدەن.

ئەو سەردەمە بۆ مێژووی کوردیش گرنگە لەبەروەی زۆربەی هەرە زۆری و ئەو شەڕ و پێکدادانەی ئێران و ڕۆم(ی ڕۆژهەڵاتی) لە ڕووبەری ناوچەیەکدا دەکرا، کە شوێنی ژیانی کورد بوو. بۆکانیش وەک بەشێک لەو خاکە، لەسەر ڕێگەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی ئاورگەی ئازەرگوشنەسب (لە نزیک تەختی سولەیمان) و ڕووباری زێی گەورە و بچووک، وەک سنووری جیاکەرەوەی دوو ئەرتەش و دوو وڵات، هەڵکەوتبوو کە هێرشکەرانی هەر دوو لا بەوێدا تێپەڕ دەبوون و شاهانی ساسانی گەنج و خەزێنەی لە ڕۆمەوە هێنراویان لە نزیک ئاورگەکە دەشاردەوە و ڕۆمییەکانیش لە یەکەم دەرفەتدا ناوچەی موکریانیان بە بۆکانەوە پێشێل دەکرد و تا ئازەرگوشنەسب ڕانەدەوەستان. ئیتر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا چی بەسەر ئەو خاک و خەڵکە هاتووە مەگەر هەر خودا و پیگۆلسکایا، کە ئەم کتێبەی نووسیوە، بزانن!

خاتوو پیگۆلسکایا (١٨٩۴ ـ ١٩٧٠)، پرۆفیسۆری زانکۆکانی سۆڤیەت و پسپۆڕی مێژووی ڕۆمە، ئەم کتێبەشی هەر لە پێوەندیی کارەکانی خۆی سەبارەت بە

ڕۆمدا نووسـیوە. وەرگێڕی فارسـیی کتێبەکەش «کامبیز میربەها»یە کە بە قەڵەمێکی بێگرێوگۆڵ لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوە و لە تاران بڵاوی کردۆتەوە.

نووسـەر کـە شـارەزای چەندیـن زمانـی کـۆن و نوێیـە، بـۆ نووسـینی کتێبەکە کەڵکـی لـە دەیان سـەرچاوەی گرنگ وەرگرتـووە و هەڵسـەنگاندن و بۆچوونەکانی خـۆی لەسـەر بنەمایەکـی مارکسیسـتی داناوە؛ هەر لەسـەر ئـەو بنەمایەش دەوری شـاهانی ساسـانی و ئیمپراتۆرانی ڕۆم و سـەردارەکانیان، هەروەها خەڵکی ئاسایی لە شەڕەکان و ئاکامەکانی شەڕدا، شیکردۆتەوە:

«شـی کردنـەوەی پێوەند و شـەڕەکانی ئـەو دوو لایەنە [بیزانـس و ئێران] بەبێ سـەرنجدانە سـەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گونجاو نییە. خێرایی خەباتی چینایەتی لە ڕۆژهەڵات و ئاڵۆزبوونی کێشـە ئایینی و قەومییەکان تا ڕادەیەکی سـەرنجڕاکیش چارەنووسـی ئیمپراتۆرییەتی بیزانسیان دیاری کرد و لە عەینی کاتدا چارەنووسی ئەویان دایە دەست ئێران و پاشانیش خەلیفە زاڵبووە [عەرەبە]کان» (ل ٧٤).

دیـارە خوێنـەر دەبـێ چاوەڕوانـی ئەوە بـێ کە هەڵسـەنگاندنەکانی نووسـەر لە چوارچێوەی هەمان ئەو کلێشانەدا بن کە لە سۆڤیەتی ماوەی ژیانی ئەودا چەسپابوون و چوونە دەر لە جوغزە دیاریکراوەکانی سیستەمی سۆڤیەتی، بەتایبەت لە سەردەمی سـتالیندا، کـە بەشـێک لـە ژیانی نووسـەر ڕاسـت لـەو سـاڵانەدا بووە، لـە گونجان نەهاتووە. ئیتر دەمێنێتەوە ئەوەی خوێنەر چۆن بۆ هەڵوێستەکانی نووسەر دەچێ.

ناوی بۆکان ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەدا نەهاتووە، بەڵام ئەو شوێن و شار و قەڵایانەی دوو بەری ڕووباری زێی گەورە و بچووک کە موکریان و بەگشتی کوردستان بەشی گرنگـی پێکدێنـن، سـەدان جار لـە کتێبەکەدا ناوبـراون. هەروەهـا بەگوێرەی هەل و هەڵکەوتی ناوچەوە دەزانین کە هاتوچۆی نێوان ئاورگەی ئازەرگوشنەسب (شیز) و سنووری ڕۆمی ڕۆژهەڵات یان بیزانس (تورکیای ئێستا) بەسەر ناوچەی موکریان و بۆکاندا کراوە و ناوچەکە نەک جار و دوو جار، بەڵکوو بە درێژایی ساڵانی جێگەی باسی کتێبەکە (دەیەی نۆهەمی سەدەی شەشەم و دەیەی یەکەمی سەدەی حەوتەم) (ل ٩)، شوێنی تەراتێنی سپای هەر دوو لا بووە: «سپای بیزانس ماوەیەکی دوورودرێژ لە نێوخۆی سنوورەکانی ئێران مایەوە» (هەمان لاپەڕە).

ئـەوەی مـن لـە کاتـی خوێندنـەوەی کتێبەکـەدا بـە دووی‌دا گـەڕام و بەتایبـەت یادداشتم لەبەر هەڵگرتەوە، ناوی شوێنەکان بوو (بەگشتی ناوی کەسان و هەروەها شـار و قەڵا لەمێژینەکان). گەلێک لەو شـوێنانە هاوشـێوەی ناوێکن کە ئێستا لەسەر شـار و گوندەکانـی کوردسـتان ماونەتـەوە و کارێکی مـەزن دەبێ ئەگـەر خەڵکانی شارەزای جوغرافیای کوردستان بتوانن لە ڕێگەی بەراوردکاریی ناو و جوغرافیای ناوچەکەوە، شوێنەکانیان بەوردی دەسنیشان بکەن. ئەوانەی خوارەوە هەندێک لەو ناوانەن:

- مارگا، کە کلیسـە (صومعە)یەکی تێدا بووە و کەوتۆتە «نێوەڕاسـتەکانی هەرێمی زێـی گـەورەوە. قەشـەیەک بەنـاوی تومای مارگایـی مێژوویەکی ۳۰۰ سـاڵەی کلیسەی نەستووریی نووسیوە (ل ۴۸)؛ ئەگەر ئەوە «مەرگە»ی لای سەردەشتش نەبێ شوێنێکی دیکەی کوردستانی ئێستایە؛
- کلیسـەی زوقنیـن لـە ئامێد یـا دیاربەکـری ئێسـتادا هەڵکەوتووە و قەشـەیەکی نەناسراوی ئەو کلیسەیە کتێبی گەلێک گرنگی «نامەی ڕووداوەکان»ی نووسیوە (هەمان لاپەڕە)؛
- شار و قەڵای کیفاریز و ئامێد و ڕەشعەینە لەکوێن؟ (۶۷)؛
- قەڵای ئافومون، نیمفوس و ئەکباس، کە کەوتوونەتە بەشی سەرەوەی ڕووباری دیجلە، کوێ دەگرنەوە؟ (۷۷)؛
- ئیمپراتۆرییەتـی ساسـانی دەیەویسـت لـە ڕێگـەی سیاسـییەوە لەگـەڵ «لاز» و «زان»ەکان لـە لێـواری دەریـای ڕەش پێوەندی ببەسـتێ (ل ۶۳). ناوی «لاس»ی کوردی بڵێی بێ‌پێوەند لەگەڵ ناوی «لاز»ەکان بێ؟
- «فیلیپکـوس» لـە ۵۸۳/۸/۱۴ی زایینییـەوە کرابـووە فەرماندەی سـپای ڕۆژهەڵات [لە بیزانس]. تۆبڵێی هەمان ئەو «فەیلەقووس»ە نەبێ کە هاتۆتە مێژووی زارەکیی کوردییەوە و دەڵێن شاری زرێباری لە نزیک مەریوانی وێران کردووە؟
- خوسـرەو حەرەمسـەرای خۆی ناردە قەڵای قایمی سینگارا (شنگال) لە ناوچەی بیت عەربای (۱۰۸)؛
- هێزەکانی خوسـرەو بە لێواری ڕووباری زێ‌دا چوونە پێشـەوە و بەشی زۆری

هێزەکەیان... گەیشتنە شوێنێک بەناوی «کنایتاس» (١٠٩)؛ تۆ بڵێی ئەم ناوە هیچ پێوەندێکی بەناوی «قۆیتاس»ەوە نەبێ؟

- ئەوەش ناوی هەندێک کەسایەتی و شوێنی دیکە، کە دەکرێ لێیان ورد بینەوە: بیت گرما، زونامروزان، ئەرزمون، زونگویە، دارا، طورعابدین، حصنکیف، سیاروز، ماردە، مهر نرسی کوڕی بورازە و...

ئەوەش چەند ئاماژەیەکی کتێبەکە بە ناوچەی بۆکان:

- بەگوێرەی گێڕانەوەی تێئوفیلاکتوس، سپای سەرکەوتووی بەهرامی چووبین (سەرداری ئێرانی)... لە قەفقاز ڕووبەڕووی سپای ڕۆم دەبێتەوە کە گوایە تا «گەنزەک» [تەختی سولەیمان] چووبوونە پێشەوە (٨٩)؛
- هورموزد یا خوسرەوی دووهەم (خوسرەوپەرویز) «شەهربەراز»ی کردە فەرمانەدەی گشتیی سپا و سپاکەی [بۆ شەڕی بەهرامی چووبین کە دژ بەو ڕاپەڕیبوو]، بەرەو ڕووباری دیجلە و زێی گەورە چوونە پێشەوە (٩٤) ... بەهرام لە دەوروبەری زێی گەورە هوردووی لێدابوو (٩٩)... دوای لێدرانێکی قورس پەنای بردە بەر کوێستانە دوورەدەستەکانی دەوروبەری گەنزەک (١١١)؛ گوشاری ئێرانییەکان بەهرامیان بەرەوباڵی ڕاستی هێزە هاوبەشەکان ڕاونا (هەمان)... زۆربەی هێزەکانی بیزانس و ئێران و [دوای زاڵبوونی هاوبەشیان بەسەر سپای بەهرامدا] چوون بۆ گەنزەک و خوسرەو لەو شارەدا، بە شانازیی سەردارانی ڕۆم، جەژنی سەرکەوتنی بەڕێوەبرد (١١٢) ... خوسرەو «ڕومیزان» یا «ڕوسمیوزان»ی ئازا و بەجەرگ و فەرمانەدەی گشتیی سپای ناو نا «شەهربەراز» (١١٢ تا ١١٣)... ناوی «شەهربەراز» لە لاپەڕە ١٣٢، ١٣٣ و ١٤٢ شدا وەک فەرمانەدەی سپای ئێران هاتووە. تۆ بڵێی هیچ پێوەندێک لە نێوان ئەم ناوە و ناوی گوندی «قوڕەبەراز»ی ڕۆژهەڵاتی بۆکاندا نەبێ؟ ئایا گوندی «جامەرد»ی[1] بن دەستی قوڕەبەراز هیچی بەسەر ناوی «زامەرد» سەردارێکی دیکەی ئێرانییەوە نەداوە کە دژ بە بەهرامی چووبین ڕاپەڕی؟ (١٠٤)؛ تۆ بڵێی

١. حکوومەت ئەم ناوەیان لێکردووین بە «جەوانمەرد»!

«کوێسـتانە دوورەدەسـتەکانی دەوروبـەری گەنـزەک»، بۆکانیـش نەگرنـەوە و ئەو باڵی ڕاستەی هێزەکان» نەکاتە باشووری گەنزەک و ناوچەی بۆکانیش؟

کتێبەکە زانیارییەکی زۆری سـەبارەت بە ناوچەکە و ڕووداوەکانی تێدایە، بەڵام نووسـەر تەنیا ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نەگرتۆتە ئەسـتۆ و لە زۆر شوێندا شـیکردنەوەی خـۆی لـە بارودۆخە مێژووییەکانیش خسـتۆتە نووسـینەکانییەوە. ئەوەش یەکیانە کە لە باسی هێرشی عەرەبان بۆ سەر ڕۆمدا دەڵێ:

«لە ئەنجامدا ئەوەی وا مەسیحییەت چاندبووی، ئیسلام دروویەوە!» (١١٩).[١]

١. نینـا پیگولفسـکایا، «ایران و بیزانس در سـدەهای ششـم و هفتم میـلادی»، ترجمە کامبیز میربهاء، انتشارات قفنوس، تهران ١٣٩١/ ٢٠١٢، ١٩٩ صفحە، فارسی.

## کوردستان میشنێری (١)

«کوردستان میشنێری» گۆڤارێکی ئینگلیزییە لە ماوەی ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩٢٨ لە شاری «میناپۆلیس»ی ئەمریکا دەرچووە و پاشان ناوەکەی گۆڕاوە. بڵاوکەرەوەی گۆڤارەکە میسیۆنێکی مەسیحی لۆتری بوو کە لە ساڵی ١٩١٠ هەتا ١٩٣٨ لە شاری سابڵاغ (مەهاباد) نەخۆشخانەیەکی دامەزراندبوو و هەوڵی پەرەپێدانی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکە دەدا. هەر ئەو مەسیحییە لۆترییانە لە شاری تەورێز و ورمێش لقی ڕێکخراوەکەی خۆیان دامەزراندبوو و ناوی میسیۆنەکەیان بەو شێوەیە بوو:

The Inter Synodical
EV. Lutheran Orient Mission. Society

بەڵام ئەو لقەی شاری سابڵاغیان ناوی «کوردستان میشنێری» بوو، کە دوای دەسەڵاتسەندنی ڕەزاشای پەهلەوی گوشاریان خستنە سەریان بۆ ئەوەی ناوەکەی بگۆڕن و وشەی کوردستانی لەسەر لابەرن! بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون و تەنانەت ویستیان بە هەمان ناوەوە بنکەکەیان ڕابگوێزنە بەشی باشووری کوردستان.

گۆڤارەکە زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە ژیانی خەڵکی سابڵاغ و موکریان تێدایە. ئەو دێڕانەی سەرەوەم لە سەرەتای وتارێک وەرگرتووە کە بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور بۆ لێکۆڵینەوەی هاوبەشی خۆی و بەڕێز حەسەنی قازی لە گۆڤاری گزینگدا بەناوی «بەسەرهاتی دوکتۆر مستەفای قازی»یەوە نووسیویەتی.[١]

سەبارەت بەو گۆڤارە، پێشتر لە ساڵی ١٩٨٧دا کاک ئەمیر وتارێکی دیکەشی بە زمانی سویدی نووسیوە کە من چاوم پێی نەکەوتووە، بەڵام کتێبی «کوردستان لە سێبەری مێژوودا» ئامادەکردنی خاتوو سوزان مێیزەلاس، پێنج لاپەڕەی تەرخانی وێنە و هەواڵی ئەو گۆڤارە کردووە (لاپەڕەی ١١٤ تا ١١٧) و تێیدا ئاماژەی بەو وتارەی کاک ئەمیریش کردووە.[٢]

ئەم گۆڤارە، گەنجینەیەکی بەنرخی هەواڵ و توێژینەوەیە لەمەڕ خەڵکی مەهاباد و موکریان و دەبێ گەلێک بابەتی سەبارەت بە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری تێدا

کۆکرابێتەوە. بەداخەوە، ئەو سەرچاوە بایەخدارە لە هیچ سەرچاوەیەکی کوردیدا باسی نەکراوە و کەڵکی لێنەبینراوە. هیوادارم توێژەرانی گەنجمان لێی غافڵ نەبن و شوێنی بگرن. کاک ئەمیر ئەگەر داوای لێ بکرێ، وا هەیە بتوانێ بەباشی یارمەتی دۆزینەوەی ژمارەکانی بۆ بدا، کە بەگوێرەی نووسینی خۆی، چەندین ژمارەی گۆڤارەکە (یا کۆپیی ئەوان)ی لە بەردەستدایە.

تێبینی: دواتر، کاک حەسەنی قازی چەند فیلم و بەرنامەی تێروتەسەلی سەبارەت بە کاروباری میسیۆنەکە و کەسایەتییەکانی بڵاوکردەوە و بەوەش، ناسین و ناساندنی میسیۆن و ئەندامە لەخۆبوردووەکانی چەند هەنگاو چووە پێشەوە.[1]

## سەرچاوەکان:

١) ئەمیری حەسەنپوور و حەسەنی قازی، بەسەرهاتی دوکتۆر مستەفای قازی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧، چاپی سوید، لاپەڕەی ٤١ ـ ٤٦.

2. Susan Meiselas,
Kurdistan in the Shadow of History,
Randon House, New York, 1996,
PP. 114 – 117.

تایبەتمەندیی وتارەکەی د. ئەمیر بە زمانی سویدی:

Amir Hassanpour، «Kurdistan Missionary unikt historist dokument، Svensk Kurdisk
Journal، Nr. 8، 1987، 16 ـ 17.

1. The Kurdistan Missionary.

## کوردستان میشنێری (٢)

وا ماوەیەکی باشە ڕێزدار حەسەنی قازی قۆڵی لێهەڵماڵیوە و بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەکەی «کوردستان میشنێری» وەردەگێڕێتە سەر کوردی و لە وێبلاگەکەی خۆی (ڕوانگە)دا بڵاویان دەکاتەوە، کە هیوادارم لە دواڕۆژدا ببنە کتێبێک. هەروەها کاک حەسەن بە هاوقۆڵی لەگەڵ کاک گۆران مامەخەلانی چەند ئەڵقەیەک فیلمی لە کارەکەی خۆی چێ کردەوە، کە ئێستا لە بەردەستدایە و دەتوانرێ سەیر بکرێ.[1]

ڕۆژنامەی «کوردستان میشنێری» زانیارییەکی زۆر لەمەڕ ژیانی خەڵکی مەهاباد دەوروبەری دەداتە ئێمە. هەژاری و نەداری، ئاسەوارەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر خەڵکی شار و گوند بە هەژار و دەوڵەمەند و ڕەعیەت و ئاغاوە، کار و ژیانی کاربەدەستان و فەرمانبەرانی خۆجێیی، باری ئابووری و باوەڕی ئایینیی خەڵک، ڕێگەوبان و کەرەستەی گواستنەوە، خواردەمەنی، خوێندەواری و نەخوێندەواری، هێرشی سمایلئاغای سمکۆ بۆ سەر مەهاباد، تاڵانوبڕۆ و کوشتار، بێسەرەوبەرەیی، زوڵم و زۆر، بێدەسەڵاتیی حکوومەتی ناوەندی، هێز و گوڕی عەشیرەت و گەلێک لایەنی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مەهاباد و ناوچەکە لە نامە و هەواڵی ئەندامانی میسۆنێرەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

بۆکان لە هەندێک نامە و هەواڵی میسۆنێرەکاندا ئاماژەی پێکراوە. دوای کوژرانی یەک لە ئەندامانی میسیۆن و هەڵاتنی ئەوانی تر لە دەست سپای سمکۆ، هەموویان بە ڕووتی و برسییەتی بەرەو تەورێز دەڕۆن و لەسەر ڕێگا دەگەنە بۆکان و لەوێ جلوبەرگ و خواردنیان دەدرێتێ و پێشوازییان لێدەکرێ. جگە لەمە، چەندەها جار ناوی بۆکان لە ڕاپۆرتەکاندا دێ یا ئەندامانی میسیۆن بە میوانی دەچنە گوندەکانی نێوان مەهاباد و بۆکان.

حاکمی مەهاباد لەو سەردەمانەدا دەبێ عەلیخانی سەردار بووبێ، گەرچی

1. www.ruange.com.

بەناو، ناویم لە ڕاپۆرتەکاندا چاوپێنەکەوتووە، بەڵام بە حیسابی ساڵ و مانگ دەبێ ئـەو بووبـێ. هـەر ئەویـش پارچەیەک زەویـی خۆی بە میسـیۆنەکە فرۆشـتووە کە کردوویانە بە بنکە و ماڵ و نەخۆشخانەی خۆیان.

ئێستا کە ئەم یادداشتانە دەنووسم، هێشتا کاری تەرجەمەی کاک حەسەن کۆتایی نەهاتـووە و وا هەیـە لە بەشـەکانی تری کارەکەیدا دیسـان ناوی بـۆکان بێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لایەنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی ژیانی خەڵک لە مەهاباد هەر چۆنێک بووبێ، لە بۆکانیش کەموزۆر هەر ئەوە بووە و نووسەرانی مێژووی بۆکان بۆ ئەو سەردەمەی ژیانی خەڵک دەتوانن کەڵکی زۆر لەو یادداشت و هەواڵانە وەربگرن کە دوکتۆر و نەخۆشەوانی ئەمریکی و ئورووپایی نێو میسیۆنەکە بەوردی و بێلایەنی نووسـیویانن، ئەوە سەرچاوەیەکی بەنرخی باوەڕپێکراوە بۆ ژیانی خەڵکی ناوچەکە لە ساڵانی دوای شەڕی یەکەمدا.

## کورد و کوردستان بەقەڵەمی درێک کینان

تایبەتمەندیی زۆریەک لەو کتێب و وتارانەی وا نووسەرە ڕۆژاواییەکان لەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیان نووسیوە، ناتەواویی زانیارییەکانیانە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە زەینێکی ڕەخنەگریان هەبووە و شێوازی توێژینەوەی ئەمڕۆییان زانیوە، هەر چۆنێک بێ لە بەرانبەر ئەو ئوسلووبە کۆن و بێسەرەوبەرەیەی وا لە ناوچەکە و لەنێو ئێمەدا باو بووە و بەداخەوە ئێستاش تا ڕادەیەک هەر هەیە و بە یەکلابینی و لایەنگری، یاخود دوژمنایەتیی کوێرانەوە دەناسرێ، سەرنجی زیاتری خوێنەر بەرەو خۆیان ڕادەکێشن. ئەوان لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا بە شێوازێکی دێموکراتتر و بێلایەنتر لە ئێمە دەجووڵێنەوە، باوەکوو زۆربەی کات هەڵوێستێکی دیاریکراویان سەبارەت بە مەسەلەکە هەبێ.

کتێبی «درێک کینان» کە ڕێزدار برایم یۆنسی وەریگێڕاوەتە سەر فارسی و لە ساڵی ١٩٩٣دا لە تاران بڵاوی کردۆتەوە، لە باری قەوارەوە بچووک و لە عەینی کاتدا بەنێوەرۆکە. کتێبەکە لە ڕاستیدا چاوخشاندنێکە بەسەر دیاردەکاندا، هەر لە مێژووی کۆنی کوردەوە تا بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و سۆڤیەتی پێشووش. دیاردەی سەرنجڕاکێشی کتێبەکە کە ئاماژە کردنە بە زۆرێک لە ڕووداوەکان و ناساندنی ساڵ و ڕۆژ و مانگی ڕوودانیان، لەم بارەیەوە لە کرۆنۆلۆجیایەک دەچێ.

ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە، سێ بەشن: یەکەم، سەرەتای وەرگێڕ؛ دووهەم، بەشی هەشتەمی کتێبەکە (ئێران لە سەدەی بیستەمدا) و سێهەم، وتاری نووسەرێکی تری ئەمریکی (ئارچیباڵد ڕووزڤێلت)، کە لەبەر هۆیەکی ڕانەگەیەندراو دراوەتە دەم ئەم کتێبەی «کینان».

سەبارەت بە سەرەتای وەرگێڕ دەبێ بڵێم لەوپەڕی بێئینسافیدا نووسراوە و گەرچی کتێبەکە باسی مێژوو و سیاسەتی کورد بەگشتی لە هەموو پارچەکانی

کوردســتان دەکا، وەرگێڕ بەبێ پەیوەندییەکی مەنتیقی و بە شـێوەیەکی کوێرانە، ٢٥ لاپەڕە جنێو و سووکایەتیی بۆ نەمر مستەفا بارزانی نووسیوە و ناوی ناوە سەرەتا بـۆ کتێبەکـە. مامۆسـتا برایـم وەک ڕق لەدڵێکـی بێپارێـز شـەلم، کوێـرم، ناپارێزم، بارزانی هیچ، شێخ مەحموود و ئیحسان نووری و بەگشتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی داوەتە بەر پلارێکی بێمەنتیق، کە من ئێستاش لە واتا و هۆکارەکەی ناگەم، مەگەر بگەڕێتەوە سەر هەڵوێستی حیزبێکی دیاریکراوی سیاسیی ئێران.

هەر چۆنێک بێ، بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە دوو بەشەکەی دیکەدا بریتین لە:

هێڵی جیاکەرەوەی دەسەڵاتی ڕووس و ئینگلیز لە ئێران کە نووسەر گوتوویەتی لە نێوان سـەقز و سەردەشـتدا بووە و وەرگێڕ بۆی ڕاسـت کردۆتەوە گوتوویەتی نێوان سەقز و سنە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچکامیان نییە و نێوان سەقز و بۆکان لە گوندی سەرا بووە کە زیاتر سەردەشت دەگرێتەوە (لاپەڕە ١١٨).

باسـی بانگهێشـتنی هەندێک «فیئۆداڵ» بۆ باکۆ لە سـاڵی ١٩٤٢دا، کە دیارە وەک کەسێکی خەڵکی ناوچەی بۆکان، عەلیئاغای عەلیاریشیان لەگەڵ بووە (لاپەڕە ١١٩).

لـە لاپـەڕە ١٢٦دا باسـی نێردرانـی ٦٠ لاوی کـورد بۆ خوێندن لە باکـۆ دەکا، کە نەمـر عەلـی گەلاوێـژ یەکیان بووە. جگـە لەوانە، گەلێک لە بابەتـەکان وەک تەحویلی چەک لەلایەن ڕووسەکانەوە بە کۆماری کوردستان و هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد، لە پەیوەندیی بۆکانیشدا هەن.

لـە بەشـی کۆتایـی کتێبەکـەدا وتـاری ئارچیباڵـد ڕووزڤێڵـت(ی کـوڕ) دانـدراوە بەناوی «کۆماری مەهاباد»، کە من پێشتر ناساندوومە و لێرەدا پێویست بە دووپات کردنـەوەی نـاکا. هـۆکاری زیـاد کردنی ئەو کتێبە سـەربەخۆیە لـە کتێبەکەی درێک کینان، هەرچییەک بێ، وەرگێڕ کارێکی باشی کردووە لەبەروەی گونجاوە یەک کتێب یان وتار چەند جار لەلایەن چەند وەرگێڕەوە تەرجەمە بکرێ.[1]

---

١. درک کینان، «کردها و کردستان»، ترجمە ابراهیم یونسی، انتشارات نگاه، تهران، چاپ اول ١٣٧٢/ ١٩٩٣، ٢١٢ صفحه، فارسی.

## ئێرانی ئەمڕۆ ١٩٠٦ – ١٩٠٧، ئێران و میزۆپۆتامیا

کتێبەکە ئۆژێن ئۆبین (Eugene Aubin) باڵوێزی فەرەنسە لە ئێران (١٩٠٥ ـ ٧) نووسیویەتی. ناوی ئەسڵیی کتێبەکە بریتی بووە لە «مانگی شەوی چاردە»، بەڵام لە تەرجەمەی فارسی‌دا ئەو ناوەی سەرەوەی پێدراوە. کتێبەکە، لە ڕاستی‌دا بیرەوەریی سەفەرێکی باڵوێزە لە تارانەوە بۆ تەورێز و ورمێ و ئیسفەهان و کرمانشان و خانەقین و بەغدا.

فەسڵی چوارەمی کتێبەکە (لاپەڕە ١٠٦ ـ ١٣١) ناوی «لە خاکی کوردان‌دا»ی لەسەر داندراوە و بیرەوەریی سەفەری ورمێ، نەغەدە، مەهاباد، میاندواو و مەراغەیەتی کە ڕاستەوخۆ بۆکان ناگرێتەوە، بەڵام یادداشتەکانی مەهاباد و میاندواوی باڵوێز زۆر خاڵی ئەوتۆیان گرتۆتەوە کە پێوەندیی بە بۆکان و دەوروبەریشی پەیدا دەکەن:

کەریم‌ئاغای شاروێران، عەزیزئاغای کۆسەکەرێز و زۆرێکی تر لە ئاغاواتی دێبوکری لە یادداشتەکان‌دا ناویان هاتووە و شەڕی شاعەباسی سەفەوی لەگەڵ موکرییەکان ئاماژەی پێکراوە. ژمارەی بنەماڵەکانی موکریان بە ٥٠ هەزار و دێبوکرییەکان ١٠ هەزار قەبڵاوە و دەڵێ دێبوکرییەکان باشترین یارمەتیدەری حکوومەتی ئێرانن... «موفتی» موکرییەکان «مەلا محەممەد»ە، ژمارەی لایەنگرانی تەریقەتی نەقشی لەنێو خەڵک‌دا زیاترە، هەر بۆیەش دەوڵەت لایەنی قادرییەکانی گرتووە و ئەوان بە هێز دەکا! دوو کەسایەتیی گەورەی ناوچەکە، «شێخ شەمسەددینی شەریفکندی» [شەرەفکەندی] و حاج سەید عەبدولکەریمی زەمبیلن. قادرئاغای ئاگریقاش [ئیندرقاش] سەرۆکی دێبوکرییەکانە. چۆمی تەتەهوو و جەغەتوو دەگەنە میاندواو، گوندی کەلبەڕەزاخان و بازاڕی قەباغکەندی، «چارداوەڕوو»، واتە چواردۆڵییەکانی ساین‌قەڵا و تیکاب لە هۆزی «لەک»ن کە ئاغا محەممەدخانی قاجار (لە ١١٦١ تا ١١٧٦ی مانگی شای ئێران بووە) ڕایگوێستوونەتە ئەو شوێنە و... زۆر بابەتی دیکەی لەم چەشنە. بەداخەوە تەرجەمەی فارسیی کتێبەکە زۆر لاوازە.[1]

---

١. اورژن اوبن، «ایران امروز ١٩٠٧ ـ ١٩٠٦، ایران و بین‌النهرین، سفرنامه و بررسی‌های سفیر فرانسه در ایران»، ترجمه و حواشی و توضیحات از علی‌اصغر سعیدی، چاپ اول، کتابفروشی زوار، تهران ١٣٦٢/ ١٩٨٣، ٥١٩ صفحه، فارسی.

## کوردستان لە سێبەری مێژوودا

ئـەم کتێبـە لـە ڕاسـتیدا کۆمەڵـەی هەنـدێ وێنـەی مێژوویـی کوردسـتانە هـاوڕێ لەگـەڵ شـەرح و ڕوونکردنەوە و هەڵسـەنگاندنیان بە زمانی ئینگلیزی. نووسـەر و ئامادەکاری کتێبەکە، خاتوو «سـووزان مەیزەلس» سـەردانی کوردستانی کردووە و لـە سـەردانیدا بەشـوێن وێنـەی کۆنی کورددا گـەڕاوە. لاپـەڕە ۹۶ ـ ۱۱۷ی کتێبەکە تەرخانـی بەربەرەکانیـی کـوردی ڕۆژهەڵات کراوە لەگەڵ سیاسـەتی بـە مەرکەزی کردنی ڕەزاشای پەهلەوی.

لەو بەشـە و لە شـوێنەکانی دیکەی کتێبەکەشدا بۆکان شـوێنێکی دیاری نییە و لە ڕاستیدا وێنەیەکی تایبەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا چاپ نەکراوە، بەڵام وێنەی لاپەڕە ۱۰۶ ـ ۱۰۷ لـە سـەرەکهۆزانی بەگـزادە، دێبوکری، مەنگوڕ و مامەش، نیشـاندەری هەندێک ئاغا و سەرەکهۆزی ناوچەی بۆکانە و لەوانە، عەلیئاغای سەردار ئەسعەد (عەلیـار)، حاجـی کاکەڵڵاغـای گـەورک، مۆمنبەگـی یەکشـەوە (فەیزوڵڵابەگـی) و ئەحمەدئاغای ئێلخانیزادە (باوکی نەمر سوارەی ئێلخانیزادە).

بەشـی تایبـەت بـە کۆمـاری کوردسـتان (دەوڵەتـی کـوردی)ش (لاپـەڕە ۱۷۹ تا ۱۸۹)، وێنـەی پێشـەوا و بارزانـی و هێمن و هەژار و کابینەی پێشـەوای گرتۆتەبەر کـە کەسـایەتیی بۆکانیـش وەک نەمـران حاجـی بابەشـێخ و حاجـی ڕەحماناغـای ئێلخانیزادەی تێدایە.[1]

1. Random House Publication ,New York ,1997 ,pp .388.

## مێژووی ماد، نووسینی دیاکۆنۆف

بۆکان بەشێک بووە لە مادی بچووک و هەر باس و لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ حکوومەتی ماد، لە هەر کتێب و سەرچاوەیەکدا بێ، بە شێوەیەک بۆکانیش دەگرێتەوە. کتێبی دیاکۆنۆف، وەک سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخ بۆ مێژووی مادەکان، گەرچی بەتایبەت ناوێکی لە بۆکان نەهێناوە، بەڵام لە گەلێک شوێندا لە ناوچەیەک دەدوێ کە بۆکانیشی تێکەوتووە. بەگشتی باس کردن لە بەشی باکووری ئیمپراتۆرییەتی ماد و سنووری شارستانییەتی سەکاکان و حوکمی ئەو سەردەمەی ماننـاکان کە پێش هاتنی مادەکان دەسەڵاتێکی بەهێزیان پێکهێنابوو، هەروەها ئەیالەتی زاموا یا خود لووللوو (لە گۆلی ورمێوە تا بەشی سەرووی چۆمی دیالە)، هەموو هەر ناوچەی بۆکان دەگرنەبەر.

باس کردنی مێژووی دیاکۆنۆف بەو چەند دێڕە گونجاو نییە و خوێنەری کورد لە هیچ بەشێکی مێژووی ماد بێنیاز نییە و نابێ. لە پەیوەندیی ناوچەی بۆکانیشدا دەبێ شوێنی زۆر بابەتی نێو کتێبەکە هەڵبگیرێ، بۆ نموونە باسیماننا و سەکا، شەڕی ئاشوور لەگەڵ ماننا و باسی ڕووبار و چیاکانی ناوچە، وەک جەغەتوو، تەتەهوو و زاب و لووتکەکانی چیای زاگرۆس، هەمووی ئاماژەیان بە شوێنی ئێستای بۆکان تێدایە.

پێوەندە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتووانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە، باسێکی شیرینە و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی، کێشەی کۆیلەتی، نیشتەجێیی و کشتوکاڵ و... ئەو بابەتانەن وا لە مێژووی ماددا کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە.

کتێبەکە لە بنەڕەتدا بە ڕووسی نووسراوە و من وەرگێڕاوە فارسییەکەیم لە بەردەستدایە. کتێبەکە، بەگوێرەی هەواڵ، لەلایەن کاک مەریوان وریا قانعەوە کراوەتە کوردی (لە فارسییەوە)، بەڵام چاوم پێی نەکەوتووە بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی بنووسم.[1]

---

١. ا. م. دیاکونوف، «تاریخ ماد»، ترجمە کریم کشاورز، چاپ اول (١٣٤٥)، چاپ دوم، انتشارات پیام، تهران ١٣٥٧/ ١٩٧٨، ٦٦٤ صفحە، فارسی.

## پاشایەتیی ماد، ئیقرار عەلییێف

کتێبێکی سەرنجڕاکێشە سەبارەت بە مێژووی ماد. کتێبی بایەخداری «ئا. م. دیاکۆنۆف»ی ڕووس لەمەڕ مێژووی ماد لە ساڵی ١٩٥٧دا لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە، «کەریم کەشاوەرز» لە ساڵی ١٩٦٦ وەریگێڕایە سەر زمانی فارسی و لەژێر سەدێڕی «تاریخ ماد»دا لە تاران چاپی کرد،[١] کە لەو ساڵانەدا دەنگی زۆری دایەوە و ماوەیەک درەنگتر لە فارسییەوە وەرگەڕایە سەر زمانی کوردی.

ئیقرار عەلییێف نووسەری ئازەربایجانی هاوکات لەگەڵ دیاکۆنۆف، لە هەمان بواری مێژووی ماددا کاری دەکرد و خەریکی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەو گەلە لەمێژینەی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو. عەلییێف هەر لەو ساڵانەدا کتێبێکی لەسەر مێژووی ماد نووسی ناوی «پاشایەتیی ماد»ی لەسەر دانا. کتێبی عەلییێف لە ساڵی ١٩٥٦، واتە ساڵێک پێش کتێبەکەی دیاکۆنۆف نێردرایە چاپخانە، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی، ساڵێک دوای ئەم لە ١٩٥٨دا چاپ کرا (ل ٦١). هەر بۆیەش، لە نێوخۆی سۆڤیەت و دەرەوە، ڕوانگەی هاوبەشی ئەو دوو مێژوونووسە زیاتر بەناوی دیاکۆنۆفەوە ناسراوە و لە ئێران و ناوچەکەش، کە وەرگێڕاوی کتێبی عەلییێف بەدەست خەڵکەوە نەبووە، پێشڕەوی و ڕچەشکێنیی بواری مێژووی ماد بە بەژنی داکۆنۆف بڕاوە و عەلییێف پەڕاوێز کراوە.

وا ٤٣ ساڵ دوای چاپی وەرگێڕاوی فارسیی مێژووی مادی دیاکۆنۆف، کتێبەکەی «ئیقرارعەلییێف»یش بە هیممەتی وەرگێڕێکی زانا و شارەزا لە زمانی ڕووسییەوە کراوەتە فارسی و لە تاران بڵاوبۆتەوە. ناوی فارسیی کتێبەکە «پادشاهی ماد»ە.

هێڵی فکریی عەلییێف هاوچەشن یا لانیکەم هاوتەریبی بۆچوونی دیاکۆنۆفە و هەر بۆیەش دەکرێ لە هەندێک خاڵدا لەگەڵ ئەو بە چاوێک سەیر بکرێ و لە زۆر بابەتەوە بە هاوشانی ئەو دابندرێ، بەتایبەت ڕوانگە و چوارچێوەی فکری و

١. ا. م دیاکونوف، «تاریخ ماد»، ترجمە کریم کشاورز، چاپ اول، تهران ١٣٤٥ بنگاه ترجمە و نشر کتاب، چاپ دوم انتشارات پیام، تهران ٢٥٣٧/ ١٣٥٧.

کەرەسەی هەڵسەنگاندنەکانی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ دیاکۆنۆف نییە و لایەنی بەهێز و لاوازی کارەکەی ئەو، لەمیشدا دەدۆزرێتەوە.

ئەو خاڵە هاوبەشانە، پێش هەموو شت، ڕوانگەی چینایەتیی هەر دوو مێژوونووس دەگرنە بەر و پاشان شێوازی دابەشکردنی میکانیکیی مێژووی کۆمەڵگای ماد کە هەر دوو لا دەیخەنە چوارچێوەی فەرمیی مۆڵەت پێدراو لە سیستەمی سیاسیی سۆڤیەتی ستالینیدا بەگوێرەی ئەم ڕوانگەیە، هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی لە هەموو قوژبنێکی جیهان بە چەند قۆناغی دیاریکراودا تێپەڕیوە و لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە گەیشتوونەتە کۆیلایەتی، ئینجا فیئۆدالی و دەسمایەداری. هەر کاتێکیش جیاوازیی زەق لەنێوان کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتییەکاندا هەست کرابێ، کەڵک لە «کاتالیزۆر»ی تیۆریی مارکسیستی «شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی» وەرگیراوە و لەم ڕێگەیەوە مێژووی ڕاستەقینەی گەل یا وڵات و خەڵکێک کە زۆر وا هەیە بە یەک لەو قۆناغانەدا تێپەڕ نەبووبێتن، پێی لەبار چووە. ئەوە شێوازی زاڵی هەموو توێژینەوەیەکی مێژوویی لە سۆڤیەتی سەردەمی ستالینە و هیچ لێکۆڵەرێک، بە عەلییێف و دیاکۆنۆفەوە، بۆیان نەبووە لە دەرەوەی ئەم قاڵبە بەرتەنگەدا بابەتێک بڵاوبکەنەوە و ئەگەر بۆ نموونە، لە مێژووی کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەلاتیدا سیستەمی زاڵی ئابووری «کۆیلەداری» نەبووبێ، ئەوان بۆیان داتاشیوە، تەنیا بۆ ئەوەی فۆرمووڵە ئەزەلی و ئەبەدییەکانیان تێکنەچن و تەنانەت سووکە هەلاواردنێکیشیان تێدا نەبێ.

لەو سیستەمە توێژینەوەیەدا، نە جێ و شوێنی کۆمەڵگا و نە سەردەم گرنگایەتییان نییە، بڕیاری کۆتایی گرنگە، بڕیارێک کە پێش دەسپێکی کارەکە دەدرێ و دەچەسپێندرێ. کەم نەبوون ئەوانەی هەوڵی هاتنەدەر لەو جوغزەیان داوە و تڕۆ کراون یا سەریان بە فەتەرات چووە. نە دیاکۆنۆف و نە عەلییێفیش لەو کەسانە نەبوون کە دژ بەو ئیرادەگەراییە نازانستییە بوەستن، هەر بۆیەش سەرەڕای ئەرک و کارێکی زۆر و توێژینەوەیەکی پسپۆڕانە و هەندێک جار سەرسوڕهێنەرانەیان، ناتوانین ئاکامی کاریان بە دڵنیاییەوە وەربگرین و بە چاوی

ڕەخنەگرانە سەیری نەکەین.

هەر چۆنێک بێ، لێکۆڵینەوەی مێژووی ماد کارێکی نەفەسبڕە، بەتایبەت کاتێ ئەو ڕاستییە دەگیرێتە بەرچاو کە دەگوترێ تا ئەمڕۆ هیچ بەڵگەیەکی نووسراو بە زمانی مادی دەست نەکەوتووە و زانیاری سەبارەت بەو زمانە، ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سەرچاوە دەستی دووهەمەکانەوە گەیشتۆتە ئێمە. هەر بۆیەش کاتێ کە توێژەرانی کورد تیۆریی یەکبوونی زمانی کوردی و مادی دەهێننە گۆڕێ، کەسێکی وەک دوکتۆر دانیەل مەکەنزی لێیان وەرناگرێ و دژیان دەوەستێ، تەنیا لەبەروەی بەڵگەیەکی سەلماو لە زمانی مادییان بەدەستەوە نییە کە پشتی پێ ببەستن.

لایەنگرانی «زمانی خۆر» لە تورکیای ئاتاتورکیش لە نەبوونی بەردەنووس و دەقی نووسراوی مادی کەڵک وەردەگرن و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بۆچوونێکەوە کە دەڵێ زمانی بەشێک لە شەش هۆزی سەرەکیی ماد «پەیوەندی» یا «التصاقی» بووە نەک «تەصریفی»، تورک بە دانیشتووانی کۆنی ناوچەکە لەقەڵەم دەدەن و نەک هەر مێژووی خۆیان بە مادەکانەوە دەبەستن، بەڵکوو سەرجەمی مێژووی ماد دەکەنە مێژووی تورک، ڕوانگەیەک کە بەڵگەی زانستی پشتڕاستی ناکاتەوە و هیچکام لە دیاکۆنۆف و عەلییێفیش پەسندی ناکەن. عەلییێف لە گەلێک شوێنی کتێبەکەدا دژ بە بۆچوونی پان تورکیستەکان سەبارەت بە یەکبوونی زمانی تورکی و سوومێری دەوەستێ (بۆ نموونە، لە فەسڵی ٤، لاپەڕە ٨٤ی وەرگێڕاوی فارسی بەدواوە)، پان تورکیستەکان لە ڕێگەی ئەو پەیوەندە و پەیوەندییەکی هاوچەشن لەگەڵ زمانی عیلامیدا، بۆ بنەما مێژوویییەکانی زمانی «التصاقی» لە ناوچەی ڕۆژاوای بانووی ئێران دەگەڕێن و لەوێوە زمانی تورکی بە هەندێک هۆزی مادەوە دەبەستنەوە بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا مێژوویەک بۆخۆیان بئافرێنن. عەلییێف لە کتێبەکەدا، بوونی هەندێک «عونسور»ی ئۆرال و ئاڵتایی لە زمانی سوومێری و عیلامیدا پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام دەڵێ ئەو نزیکییەی نێوان زمانی عیلامی و ئۆرال و ئاڵتایی نابێ بەیەکبوونی ئەو دووانە بزاندرێ (ل١١٠).

کتێبی ئیقرار عەلییێف لە ڕوانگەی کوردەوە دوو لایەنی سەرنجڕاکێشی هەیە:

یەکـەم، کۆمەڵـە زانیارییەکی وردی سـەبارەت بە ژیانی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگیـی مـاد تێدایە کە بـۆ کوردی خۆ بە تۆرەمەی ماد زان، بەنرخە و دووهەم، ئـەوەی کـە نووسـەر ئازەربایجانییـە و تەنیـا یـەک لـە سـەرجەمی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە مێژووی ئازەربایجان، ٩ بەرگ کتێبن؛ هەر بۆیەش بە شێوەیەکی ئاسایی باسـەکانی نێو کتێبەکەی بەرەو ئازەربایجان کێشـاوە (بۆ نموونە لە باسی ئەو یەکە سیاسـی یـا وڵاتانەی وا لە هـەزارەی یەکەمی پێش‌زایین لە ناوچـەی ماددا پێکهاتن، جگـە لـە زاموا، ناوی ١٠ وڵات دەبا کە دەڵێ هەموویان کەوتوونەتە ئازەربایجانەوە، (ل ٦٧). نووسەر لە هەندێک بۆچوون و ئاکام وەرگرتنی خۆی‌دا، بە شێوەیەکی زەق، مەسەلەی ئازەربایجان لە پەیوەندیی مادەکان‌دا گەورە دەکاتەوە و ناوچەکانی دیکە پەراوێز دەخا یا بەگشتی لە بیریان دەباتەوە؛ بۆ نموونە بڕواننە ئەم بۆچوونە:

«[لـە سـەدەی چوارەمـی پێش‌زایین بـەدواوە]، مادی گەورە بۆ هەمیشـە بایەخی قەومی و فەرهەنگیی خۆی لە دەسـت دا و لە ڕیزی یەکە سیاسـییە سـەربەخۆکان چووە دەرێ، بەڵام مادی بچووک ـ ئاترۆپاتێن یا ئازەربایجانی باشووری ـ لەگەڵ ئەم هەمووە بەرز و نزمییەی چارەنووسـەکەی، وا موقەدەر کرابوو کە وەک یەکەیەکی دیاری‌کراوی فەرهەنگی، ئابووری، سیاسـی و جوغرافیایی، درێژە بە ژیان بدا و لە سـەرەتای لەدایک‌بوونی مەسـیح‌دا ببێتە نیشـتمانی میللەتی ئازەریی ئێرانی‌زمان» (ل ٦٦).

ئەو چەشنە بۆچوونە و بەڵگە سازکردنە بۆ مێژووی ئازەربایجان و پەیوەندیدانی بـە مادەکانـەوە، لە گەلێک شـوێنی دیکەی کتێبەکەدا دەبیندرێ و لە هەندێک شـوێن دەگاتـە لووتکەیەکی بەئاشـکرا زێدەڕۆیانە، بـۆ نموونە لە لاپەڕە ١٣٩دا لە «پێکهاتنی ملیللییـەت مـاد ـ ئاترۆپاتێن ـ ئازەری» دەدوێ کـە واتای دووری دەبێتە ئەوەی هیچ گەل یا قەومێکی دیکەی ناوچە، جگە لە ئازەرییەکان، لەو پێکهاتە سەیروسەمەرەیەی ئەودا جێگەیان نەبووبێتەوە. لاپەڕەیەک پێشتریش کاتێ دەڵێ «زمانی مادی لە زمانی پارسی نزیک نەبووە» (ل ١٣٨)، بە ئەسپایی بەرەو ئەو بۆچوونە دەڕوا کە ئێستا لە تورکیا باوە و دەگوترێ کە زمانی مادەکان ئیلتیساقی بووە و بەو پێیە لە بنەچەکی

زمانە ئێرانییەکان سەری هەڵنەداوە، کە ئەوەش ڕێگاخۆشکەرییەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ سەپاندنی ڕوانگەی نازانستییانەی «زمانی خۆر»ی ئاتاتورکی لە ڕێگەی زمانی ئازەربایجانییەوە. دیارە زمانی ئێستای ئازەربایجان هیچ نییە جگە لە تورکی، بەڵام عەلییێف نیازی لە زمانی ئازەربایجان «تورکی» نییە، بەڵکوو ئەو زمانەیە کە چوار سەدەیەک پێش ئێستا زمانی هەمەگیری ناوچەکە بوو و بە «ئازەریی کۆن» دەناسرێ. ئەو زمانە، بنەمای هیندوئێرانی هەیە، لە کوردی گەلێک نزیکە و پەیوەندیی بە زمانی تورکی و لقەکانییەوە نییە. ١

نووسەر کە هەوڵێکی زۆر بۆ چەسپاندنی پەیوەندیی ماد و ئازەربایجان دەدا، لە مەسەلەی تورکیای کەمالی و «زمانی خۆر»ی ئەواندا، هەڵوێستی دژبەرانە دەگرێ و ئەوەش بۆ زەینی زانستییانەی خۆی و هەروەها بۆ سۆڤیەتی ئەو سەردەمە دیاردەیەکی چاوەڕوانکراوە. عەلییێف و هیچ کەسێکی دیکە، تەنانەت ئەگەر باوەڕیشیان بەو تیۆرە دەسکردەی تورکیای کەمالی بووبێ، کە ئەو نییەتی، لەو سەردەمەدا نەیانتوانیوە پشتگیری لە بۆچوونێکی نازانستییانە و دەمارگیرانەی ئەوتۆ بکەن لەبەروەی سیاسەتی باوی سۆڤیەتی دەرفەتی دەربڕینی پێنەدەدان. عەلییێف بۆ بەرپەرچدانەوەی «زمانی خۆر»ی کەمالییەکان، بۆ نموونە، دەڵێ: «بەتوندی دژی ئەوەم کە زمانی سوومێری بە بەشێک لە تاقمی زمانە تورکییەکان بناسرێ... هۆکارێک بەدەستەوە نییە کە سوومێرییەکان بە تورکزمان بزانین... بەهیچ شێوەیەک ناتوانین دیعایەی ئەوە بکەین کە میراتگری زمانی سوومێری «بێگومان» زمانی دایکی ئاتاتورکییەکانە... هیچکام لەم قسە بۆش و بەتاڵانە بنەمایەکی زانستییان نییە و بۆ ئەوە نابنگوێیان بدرێتێ» (ل ٨٥ ـ ٨٦).

جگە لە مەسەلەی زمانی خۆر و تورکی و ئازەربایجانی، وەک لە سەرەوەتر گوترا، کێشەی سەرەکی کتێبەکە ڕوانگەی نووسەرە لەمەڕ قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای ماد. عەلییێف نەیتوانیوە لە جوغزی شیکردنەوەی مۆڵەت پێدراوی

---

١. بڕوانە کتێبی ئەحمەدی کەسرەوی بەناوی «آذری یا زبان باستان آذربایجان» و کارەکانی عبدالعلی کارنگ و یحیی ذکاء لەم بارەیەوە.

سۆڤیەتی بچێتە دەرەوە و لە ئەنجامدا ئەوەی لە لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە بریتییە لە سەپاندنی بەزۆرەملێی هەندێ بۆچوونی زاڵی کۆمەڵگای سۆڤیەتی، وەک قۆناغە لەگۆڕیننەهاتووەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگا بەسەر هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا هەتا دەگاتە کۆمەڵگای مادیش.

نووسەر سەبارەت بە دەوڵەتی «ماننا» کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆهەمی پێشزایین لە ناوچەکانی باشووری گۆلی ورمێ پێکهات،[1] دەنووسێ «ڕەوتی پێکهاتنی کۆمەڵگای چینایەتیی ماننا لە نێوەڕاستەکان یا خود نیوەی دووهەمی هەزارەی دووهەمی پێشزایین دەستی پێکردبوو، ئەو ڕوانگەیە، پیشاندەری بوونی دەورەیەکی کەموزۆر دوورودرێژی ناتەباییە کۆمەڵایەتییەکانە» (ل ٢٩١). سەبارەت بە بەشی ڕۆژاوای ناوچەی مادیش، کە بە بۆچوونی ئەو «لەباری ئابوورییەوە لە بەشە ڕۆژهەڵاتییەکانی پێشکەوتووتر بوون»، دەنووسێ: «ڕەوتی پێکهاتنی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوروبەری کۆتاییەکانی هەزارەی دووهەم و سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی پێشزایینەوە دەستی پێکردبوو (ل ٣٢٣)... بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وا لە سەرچاوە ئاشوورییەکانەوە دەردەکەوێ، پێکهاتەی بەشی زۆری کۆمەڵگاکانی مادی ڕۆژاوا لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. زدا، وێنەیەک لە کۆمەڵگا چینایەتییەکانی کۆیلەداریی سەرەتایی دەخەنە بەرچاو» (ل ٣٢٤).

من هیچ دژایەتییەکم لەگەڵ بیرۆکەی چینایەتی بوونی کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمانە نییە، بەڵام سەپاندنی حوکم و قەراری لەگۆڕاننەهاتووی لەپێشەوە ئامادەکراو بەسەر کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە پانتایی جیهاندا بە ڕاست نازانم. کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ڕەوتی پێشکەوت و پەرەسەندنی تایبەت بە خۆیان بووە کە زۆرجار لەگەڵ کلێشە ناسراوە ڕۆژاواییەکانی یۆنان و ڕۆمدا یەکی نەگرتۆتەوە، بەڵام زاڵ بوونی سیاسەت بەسەر توێژینەوە زانستییەکاندا[2] کارێکی وای کردووە

١. دوای دەسکەوتە کەونارایییەکانی ئەم داوییانە، دەگوترێ پێتەختی ماننا کان لە شوێنی ئێستای گوندی قەڵایچی بووبێ لە ٨ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی بۆکان.
٢. لێکۆڵینەوەکانی عەلییێف و دیاکۆنۆف، وەک کارەکانی «سترۆووە» لە سەردەمی دەسەڵاتی ستالیندا بەڕێوە چوون. ئەم کتێبەی عەلییێف لە ساڵی ١٩٥٦دا دراوەتە چاپخانە و لە ١٩٥٨دا

کە کەسانی وەک عەلییێف نەتوانن لە چوارچێوەی بۆچوونە فەرمییەکانی سۆڤیەت و ئەوەی وا بە «وتووێژەکانی ساڵی ١٩٣١ی لێنینگراد» ناسراوە و نوێنەری ناوداریان لـە پەیوەندیـی مێژووی ماددا، ئاکادیمیسـیەن «سـترۆوە»یە،[١] دەربچن؛[٢] کەسـێک کە دیاکۆنۆفیش لە «مێژووی ماد»ی خۆیدا، بۆ نموونە لە لاپەڕە ٤٨ و ٧٨(ی وەرگێڕاوی فارسیدا) پشت بە بۆچوونەکانی دەبەستێت.[٣]

دوکتۆر محەممەدعەلی خونجی لە نامیلکەیەک بەناوی «توێژینەوە لەسەر مێژووی مـاد»[٤] لـە پەیوەندیـی هەر ئـەم خاڵە تایبەتـەدا، ڕەخنە لـە بۆچوونەکانـی دیاکۆنۆف دەگـرێ و دەڵـێ: «دیاکۆنـۆف چـۆن و بـە چ پێوانەیـەک لـە لاپـەڕە ١٧٨ی مێژووی مـاد [وەرگێـڕاوی فارسـی]دا گوتوویەتی کۆمەڵگای ناوبراو (واتە ماد) لە سـەرەتای هـەزارەی یەکەمـی پ. زایینەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و سـەردەمی دەرکەوتنی چینـەکان و کۆمەڵـگای کۆیلـەداری لەوێـوە دەسـتی پێکـردووە؟» (ل ٣٥). بەشـی زۆری ڕەخنەکانـی خونجـی لە کتێبی دیاکۆنـۆف، کارەکەی عەلییێفیش دەگرێتەوە کە دیاردەکان بە هەمان گەز و ڕبەی ئەو دەپێوێ.

وا هەیـە بەگوێـرەی ئـەو قسـانەی مـن، بـۆ هەندێک کـەس وا بنوێنێ کـە کتێبی عەلییێف کارێکی کلێشـەیی و تا ڕادەیەک ڕەگەزپەرسـتانەیە؛ ئەوە بە هیچ شێوەیەک

---

چاپ بووە، کارەکەی دیاکۆنۆفیش لە ١٩٥٧دا لە چاپ هاتۆتە دەرێ. دەزانین کە سـتالین لە مانگی ٣ی ١٩٥٣دا مردووە و سێبەری سیاسەتەکانی لەو ساڵانەی جێگەی باسی ئێمەدا هەر بە ژوور سەری کۆمەڵگای سۆڤیەتەوە مابوو تا کاتێ کە خرۆشۆف دەرەتانی ڕەخنەگرتن لە کارەکانی ستالینی پێکنەهێنابوو، کەس نەیدەوێرا بچێتە شەڕەجەنگی دوگمە دامەزراوەکانی سەردەمی ئەو.

1. V. V. Struve.

٢. دەسـتێوەردانی سیاسـەت لـە زانسـت و بەتایبـەت زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان لـە وڵاتـە ڕۆژاواییەکان هیچ کەمتر نییە لەوەی وا لە سـۆڤیەت دەکرا. ئەوەی وەک وانەی مێژووی شـەڕی دووهەمی جیهانی، دەوری سـۆڤیەت لە شەڕەکەدا و کەسایەتیی ستالین بۆ نموونە لە قوتابخانەکانی بریتانیادا بە قوتابییان دەگوترێتەوە، پڕە لە هەڵە و هیچ نییە جگە لە خۆڵ کردنە چاوی قوتابییەکان.

٣. ا. م. دیاکونوف، «تاریخ ماد»، ترجمە فارسـی کریم کشـاورز، چاپ دوم، انتشـارات پیام، تهران ٢٥٣٧ شاهنشاهی/ ١٣٥٧ خورشیدی/ ١٩٧٨ میلادی، ص ٤٨ و ٧٨.

٤. دکتر محمدعلی خنجی، «بررسـی تاریخ ماد و منشـأ نظریە دیاکونوف»، انتشارات حکمت، شمارە ثبت ٨١١، ٨/٥/ ١٣٣٥، شوێن و ڕێکەوت ڕانەگەیەندراوە.

وا نییە! نە بۆچوونی ئەوتۆ ڕاستە و نە ئەو دوو دیاردەیە تایبەتمەندیی سەرەکیی کتێبەکەن. کتێبی عەلییێف بەوپەڕی پسپۆڕایەتی و زانایی و وردبینییەوە نووسراوە و مووقەڵێشییەکی لە ڕادەبەدەری سەبارەت بە جێگومانەکان کردووە، کە خوێنەر تا نەیخوێنێتەوە پێیان نازانێ و ئەگەر خوێندییەوە سەری لەو هەموو مامۆستایی و زانستە سوڕ دەمێنێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، وەک چۆن مێژوونووسانی کورد مادەکان بە باووباپیر و تەنانەت بە «ملک و ماڵ»ی خۆیان دەزانن و لە کەم سەرچاوەی کوردیدا بینراوە باس لە پەیوەندیی گەلانی دیکەی ناوچەکە لەگەڵ ماد بکرێ، عەلییێفیش زیاتر لە گەلانی دیکە، گەلی ئازەربایجانی لەبەرچاو بووە و ئەوانی زەق کردۆتەوە، دەنا نە مافی گەلێکی پێشێل کردووە و نە کوردی بەتەواوەتی وەلا ناوە. عەلییێف گەلێک زیاتر لە دیاکۆنۆف باسی کوردستان و ناوچە کوردییەکانی وەک سەقز و کرماشانی کردووە.

بابەتی جێگەی سەرنج لە کتێبی عەلییێفدا زۆرن. نووسەر سەرنجی تایبەتی داوەتە شارستانییەتیماننا، کە ئێستا دەگوترێ شاری «نسە» یا «نسا»ی پێتەختی لە شوێنی ئەمڕۆی گوندی «قەڵایچی»ی نزیک بۆکان هەڵکەوتبێ. لە فەسڵی تایبەت بە ماننا‌کاندا، عەلییێف هەندێک زانیاریی نەبیستراو سەبارەت بە ماننا و مادمان دەداتێ. بۆ نموونە، دەڵێ ڕەوە ئەسپی دەشتی نسا ژمارەیان دەگەیشتە ١٦٠ هەزار سەر (ل ٦٥).[١] لە باسی سەرچاوە ژێرخاکییەکانیشدا دەنووسێ، گرنگترین سامانی وڵاتی ماد، نەوت بووە (ل ٦٥) و وشەی نەوت یا نەفتیش لە «نەپتۆ»ی ئاکەدی وەرگیراوە (پەڕاوێزی ژمارە ٩، ل ٦٩) و گوایە لە ناوچەی ماد «نەفتا»یان پێگوتووە و بەگشتی لە سەردەمی کۆندا مادەیەک هەبووە کە پێی گوتراوە «ڕۆنی مادی»، کە نەوت لەو مادەیە گیراوە (ل ٦٦).

بەشی «زمان»، فەسڵی ٤، وا هەیە شیرینترین بەشی کتێبەکە بێ. لەوێدا تیۆریی

---

١. هەر ئێستاش پێدەشتەکانی ناوچەی نێوان بۆکان، مەهاباد، میاندواو، مەراغە و ساینقەڵا شوێنێکی گرنگی ڕاگرتن و پەروەردەکردنی ئەسپن.

«زمانی خۆر»ی کەمالییەکان دراوەتە دواوە و بۆچوونی نووسەرێکی تورک، کە تورکان بە دانەر و بڵاوکەرەوەی فەرهەنگ لە جیهان دادەنێن بە «کۆنەپەرستانە و بێواتا و بێبنەمای زانستی» داندراوە (ل ٨٤)، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی نووسەر لەمەڕ بنەمای زمانە سوومێرییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ زمانی گۆتی، ئۆتی، هوریایی، ئوورارتوویی و گورجی و ئەرمەنی لەوپەڕی لێزانیدان و هەندێک جار وردەکارییەکانی نووسەر لەو بوارانەدا دەگاتە ڕادەیەکی گەلێک پسپۆڕانە و داهێنەرانە. لەم فەسڵەدا «هوریایی»یەکان بە «دانیشتووانی ناوچەی وان و کوردستانی چیایی و زاگرۆس» و «گۆتی»یەکان بە خەڵکی چیاکانی کوردستان و ئازەربایجانی باشوور دادەندرێن (ل ٩٠)، واتە عەلییێف مەسەلەی کوردستان ناخاتە پشتگوێ، کارێک کە زۆربەی مێژوونووسانی تورک بە دەستەقەسد دەیکەن.

لەم فەسڵەدا هەواڵێکی گرنگ ڕادەگەیەندرێ، کە پێشتر لە کەم سەرچاوەدا ئاماژەی پێکراوە و وا هەیە بەشی زۆری کۆمەڵانی گەلی کوردیش لێی بێئاگابن. ئەوەی تا ئێستا گوترابێ و نووسرابێ ئەوە بووە کە هیچ ئاسەوارێک لە زمانی مادی نەگەیشتۆتە سەردەمی ئێمە و هیچ بەردەنووسێکی مادی نەدۆزراوەتەوە کە بەگوێرەی ئەو بڕیار لەسەر چۆنایەتیی زمانی مادی بدرێ. ئێستا با پێکەوە بە دوو لاپەڕە لە فەسڵی چوارەمی کتێبەکەی عەلییێفدا بچینەوە:

«لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا زمانی بەشی دووهەمی بەردەنووسی بێستوون بە مادی دەزانرا (ژ. سێنت مارتین و ئێی. یورنۆف)، بەڵام ماوەیەک دواتر بە لوتف و هەوڵی وێسترگارد، ڕاولینسۆن، دی سولسی، نوریس و ئەوانی تر، تا ڕادەیەک ڕەمزەکانی بەردەنووسەکە کرانەوە و ئیتر پەیوەندداني بە «زمانی مادی»، وەستێنرا... زمانی بەشی دووهەمی بەردەنووسەکە، سەرەڕای ناحەزی نواندن[ی هەندێک لایەن]، لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمیشدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بە مادی یا پرۆتۆ مادی دەزانرا... بەڵام ناوی مادی لەسەر بەردەنووسی بیستوون دانان زۆر بەردەوام نەمایەوە... و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زیاتر و زیاتر بە تاقمی زمانە قەوقازییەکانیان بەستەوە... ن. مارر لە دوایین شوێنەوارەکانی

خۆی‌دا، پێی لەسەر مادی بوونی بەردەنووسەکە داگرتووە...» (ل ١١٨ ـ ١١٩).

وەک دەبینـدرێ سـەبارەت بەخوێندنەوەکانـی بەردەنووسـی بێسـتوون شـک و گومانی بەهێز هەیە و تەنانەت بەشی دووهەمی نووسراوەکانی بۆ ماوەی سەدەیەک بـە شـوێنەواری «مادی» زانـراوە، بەڵام بەداخەوە ئەو سـەرچاوە گرنگەی کە دەکرا بنەمایـەک بـۆ ناسـینی زمانـی مادی بێ، ئێسـتا بەهۆی نەزانی یا قەسـدی تایبەت یا شوێن‌دانانی سیاسەت لەسەر توێژینەوەی زانستی، کوێر بۆتەوە و ناسنامەی مادی بوونـی سـڕدراوەتەوە؛ لـە ئەنجامدا دەگوترێ هیچ نووسـراوەیەکی سـەردەمی ماد نەگەیشتۆتە سەردەمی ئێمە، بۆچوونێک کە لەگەڵ «مەنتیق»ی سالمدا یەک ناگرێتەوە.

ئاشـوورییەکانی باشـووری خاکـی ماد لـە چەند سـەدە پێشـترەوە کتێبخانەیان هەبـووە، پارسـییەکانی باکـووری مـاد لە جەرگـەی خاکی ماد، واتە لە کرماشـان و پەنای هەمەدان‌دا بەردەنووسـی بێسـتوونیان هەبووە، بەڵام لە نێوان ئەم دووانە و تەنانەت لە ناوچەیەکدا کە سـەکایی و عیلامی و ئەنزابی و شووشـی و ئەوانی تر، شـوێنەواری نووسـراویان لێ‌بەجێماوە، چۆنە تەنیا مادەکانن کە لە ماوەی ١٦٥ ساڵ حوکمڕانی‌دا تاقە دێڕێکی نووسراویان لە لاپاڵی چیایەک هەڵنەکەندووە؟ ئەو نەریتی بەردەنووسـینەی وا لەنێـو هەمـوو گەلانی ناوچەی دووچۆمـان‌دا باو بووە، چۆن لە ئاشـوورەوە بازی داوە و تەنانەت دوای ١٥٠ ساڵ حکوومەتی مادەکان پەڕیوەتەوە نێـو وڵاتـی پـارس و هەخامەنشـی، بەڵام مـادەکان چاویـان لێ قووچانـدووە؟ گەلۆ هەر ئەو نەبوونی سەرچاوەیە نەبۆتە هۆکار بۆ ڕەگەزپەرستە تورکەکان کە زمانی تورکی بە زمانی «جندۆکەیی» و نەزانراو و نەبینراوی مادەوە بچەسپێنن؟

خاڵێکـی دیکـەی جێگـە باسـی کتێبـی عەلییێـف ئەوەیـە گەلـۆ مـادەکان بنەچەکی ئارییایی‌یـان بـووە یـا حکوومەتـی مـاد لـە خەڵکانی خۆجێیـی دانیشـتووی ناوچەکە پێکهاتـووە کـە بەرلـە هاتنـی ئارییەکان لـەوێ دەژیان یا خـود «مـاد» تێکەڵاوێکە لە عونسوری خۆجێیی و کۆچبەرانی تازەهاتووی ئاریایی؟

لـەم بـوارەدا عەلییێـف هێـرش دەکاتـە سـەر «توێژەرانـی بورژوایـی»ی ڕۆژاوا وەک «پراشـک»، کـە ویسـتوویانە بنەمـای ئاری بـۆ مادەکان دابتاشـن و ڕەچەڵەکی

خەڵکانی خۆجێیی مادەکان بخەنە پشتگوێ، واتە لەو خۆجێیییانەی کە پێیان دەڵێ «ئەقوامی کاسی»، جیایان بکەنەوە و بە وتەی ئەو: «مێژووی ئەو قەومە وەحشییە ئێرانیزمانانەی وا لە دەوروبەری سەدەی نۆهەم و هەشتەمی پێشزاییندا هێرشیان کردە سەر ماد [ئارییاییەکان]، بکەنە جێگری مێژووی ماد» (ل ١٢٢)؛ بەو شێوەیەش ئاکام لە قسەکانی خۆی وەردەگرێ: «بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە هیچ چەشنە زانیاری یا بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە تا دەریبخا قەومەکانی ماد خۆجێیی نەبوون... بێگومان لە مێژووی مادا دەبێ دوو عونسوری قەومی لە یەکتر جیا بکەینەوە: یەکەم، عونسوری قەومیی خۆجێیی، واتە مادەکان خۆیان (کە بەناوی ماتای، مادای یا ئامادایەوە دەناسرێن) لەگەڵ تاقمە قەومییە خزمەکانیان؛ دووهەمیش، قەومە کۆچبەرە ئێرانیزمانەکان» (هەمان لاپەڕە). نووسەر دەڵێ تەنانەت وشەی «ماد»یش پەیوەند بە زمانە ئێرانییەکانەوە پەیدا ناکا و بەڕواڵەت ناوێکی خۆجێییە؛ بۆ نموونە، «لە دەقە عیلامییەکاندا لەفزی «مەکتە» بینراوە» (ل ١٢٣) و «ناوی چوار قەوم لە شەش قەومی ماد کە هێرۆدۆت نەقڵی کردوون، ڕیشەیەکی جێگەی پەسندی ئێرانییان نییە» (ل ١٢٩). بەکورتی، لە ڕوانگەی عەلییێفەوە، دەوڵەتی ماد لە بنەمایەکی سەرەکی کە بریتی بووە لە قەومە غەیرە ئارییەکانی نیشتەجێی ناوچەکە و هەندێک کۆچەری هێرشکەری ئاری پێکهاتووە و تەواو.

ئەم هەڵوێستەی نووسەر، لاپەڕەیەک دواتر لە باسی «موغ»ەکاندا شێوازێکی هەندێک گوماناوی بەخۆیەوە دەگرێ. لە مەسەلەی بنەمای «موغان»دا دەڵێ «قەوم» بوون نەک «صنف» و گرووپی پەیوەندیدار بە ئیشەکەیانەوە. ئینجا دەنووسێ: «هەندێک کەس بنەمای «ئێرانی»یان بۆ دەدۆزنەوە و هەندێکی دیکە بە «تووڕانی» [تورک]یان دادەنێن... من نامەوێ پەسندی «تووڕانی» بوونەکەیان بکەم، بەڵام تەبلیغ کردنیان بۆ ئایینێک کە ئێرانی بووە ناتوانێ هۆکار بێ بۆ ئێرانی بوونی خۆشیان» (ل ١٣٠).

ئێستا پرسیاری من وەک خوێنەری کتێبەکە ئەوەیە: گەلۆ ئەو بۆچوونە پەسندی

ناڕاستەوخۆی بە توورانی دانانی موغان لەلایەن عەلییفەوە نییە؟ گەلۆ نووسەر لە درێژەی باسی موغەکان و سەرجەمی کتێبەکەدا بەرەو کام ئەنجام وەرگرتن دەڕوا؟ کاتێ مادەکان بنەمای خۆجێییان بووە نەک ئارییایی، چوار قەوم لە شەش قەومی مادیش غەیرە ئارییایی بوون، ناوەکەشیان ئێرانی نەبووە، زمانی زۆربەیان «تەسریفی» نەبووە (کە زمانی ئارییەکان بە تەسریفی دەزانرێ) و بەپێچەوانە، وەک زمانی عیلامی «التصاقی» بووە (کە زمانی تورک و توورانییەکانیش وەهایە)، کەوابوو چی دەمێنێتەوە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕایبگەیەنێ «مادەکان توورانی بوون»؟ من نامەوێ قسە بنێمە زاری نووسەر، بەڵام شێوازی سوغرا و کوبرا دانان و ئاکام وەرگرتنەکانی نووسەر بە شێوەیەکن کە زەینی خوێنەری شارەزای تیۆریی «زمانی خۆر» بەرەو گومانێکی ئەوتۆ دەبەن و ئەم پرسیارانەی لە بەردەم قوت دەکەنەوە کە گەلۆ ئەوە هەمان هەڵوێستی خاوەنبیرانی زمانی خۆری ئاتاتورکی نییە؟ نووسەر چەند لاپەڕە دواتر، بەڕوونییەکی زیاترەوە لە مەسەلەکە دەدوێ، کاتێ کە نزیکایەتیی زمانی عیلامی لەگەڵ زمانە ئۆراڵ و ئاڵتاییەکان دەخاتە پێش چاو و دەڵێ: «ئەگەر ئەو بۆچوونە وەربگرین کە زمانە مادییەکان لە زمانی عیلامی نزیکن، دەبێ ئەوەش قبووڵ بکەین کە زمانی عیلامی لە چەند لایەنی ڕێزمانی وشەییەوە وێچووی زمانە ئوراڵ و ئاڵتاییەکانە» (ل ١٤٠). دیارە ئەنجامێکی ئەم بۆچوونە ئەوە دەبێ کە زمانە ئۆڕال و ئاڵتاییەکان هاوڕیشەی زمانی تورکین و بەو پێیە و بەکورتی، مادی لە زمانی عیلامی نزیکە، ئەویش وێچووی زمانە ئۆڕاڵ و ئاڵتاییەکانە، ئەوانیش هاوڕەگەز و هاوڕیشەی زمانی تورکین، ئیتر ئەنجام ئاشکرایە دەبێ ببێتە هاوڕیشەیی زمانی تورکی و مادی! ئیتر ئاو بێنە و دەستان بشۆ!

بەڵام لە کۆتایی فەسڵی ٤دا، خوێنەر تووشی گێژ و گۆمی دێ کاتێ کە دەبینێ نووسەر مەسەلەی نەتەوایەتیی مادی ئاترۆپاتێن دادەمەزرێنێ و دەڵێ: «مادەکان لەگەڵ قەومەکانی دیکەدا، دانیشتووی ئاترۆپاتێن، واتە ئازەربایجان بوون» و لە درێژەیدا دەنووسێ: «ئێمە زانیارییەکی تەواومان لە چۆنییەتیی زمانی ئاترۆپاتێنی

بەدەستەوە نییە، بەڵام وای دادەنێین کە بنەماکانی لە زمانی ئێستای ئازەربایجاندا پارێزراوە، لە عەینی کاتدا هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی زمانی ئازەربایجانیی کۆن بە زمانی تورکی بزانین» (ل ١٤١ ـ ١٤٢). ئەگەر زمانی ئاترۆپاتێنی جێگەی باسی نووسەر، تورکی نەبێ و هەمان «ئازەری کۆن» وەک لقێکی زمانە ئێرانییەکان بێ، ئەوا ناتەبایی‌یەکی جیددی لە نێوان ئەم بۆچوونە و بۆچوونی دوو لاپەڕە پێشتری کتێبەکەدا سەرهەڵدەدا (کە من لە پاراگرافی سەرەوەتردا دەسنیشانم کردووە). زمانی «ئازەریی باستان» یەک لە زمانە ئێرانییەکانە و هاوڕیشەی زمانی کوردی و فارسییە، کەوابوو هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی عیلامی و ئۆڕال و ئاڵتایی‌یەوە نییە و ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، ئەوا نووسەر بە شێوەیەکی دوور لە باوەڕ، بەرپەرچی بۆچوونەکانی خۆی لە دوو لاپەڕە پێشتری کتێبەکەی‌دا داوەتەوە، کە ئاکامی بە خزم و نزیک و هاوڕیشە بوونی زمانی مادی و تورکی لێ‌وەردەگیرا.

تۆبڵێی یەکەمیان هەڵوێستی خۆی نەبێ و دووهەمیان لەژێر کارتێکەری یا گوشاری ڕاستەوخۆی سیاسەتی سۆڤیەتدا نەنووسرابێ، کە دەرەتانی بە بڵاوکردنەوەی تیۆرییە کەمالیستییەکانی نەدەدا؟ تۆبڵێی هۆکاری دوو ساڵ مانەوەی کتێبەکە لە چاپخانە و بڵاونەبوونەوەی (کە لە سەرەتای وتارەکەدا دەسنیشانم کرد)، هەر ئەم ڕوانگەیە نەبووبێ؟ بڵێی ئەم بەشەی دوایی لەژێر هەمان گوشار و بۆ وەرگرتنی ئیجازەی چاپ لە کتێبەکە زیاد نەکرابێ؟ ئەمانە بیرێکن کە لە بەراوردکردنی هەڵوێستە ناتەباکانی نووسەر سەرهەڵدەدەن و سەرەڕای پلەی زانستیی عەلییێف و ڕادەی بەرزی توێژینەوەکانی، گەرای گومانێک لەمەڕ زانستییانە بوون و سەداقەتی عیلمیی نووسەر لە مێشکدا دەچێنن.

سەرەڕای ئەو چەشنە گومانە، کە هەڵوێست و ئاکام وەرگرتنەکانی نووسەر دەگرێتەوە، کتێبی «پادشاهی ماد» پڕە لە هەواڵ و زانیاریی نەبینراو و نەبیسراو، کە دەتوانن یاریدەدەری خوێنەر بن لە بواری زانستی مادناسی‌دا. لێرە بەدواوە هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی عەلییێف دەهێنمەوە کە بە شێوەیەک سەرنجیان ڕاکێشاوم و وا هەیە خوێنەری وتارەکەش بۆی گرنگ بن، بەڵام پێشتر دەبێ

ئاماژەیەک بە تەرجەمەی فارسیی کتێبەکە بکەم.

من شانازی ئەوەم هەیە وەرگێڕی بەڕێزی کتێبەکە بناسم و ئاگاداری پلەی زانست و تێگەیشتنی بم. ئەوەی ئەو لەگەڵ تەرجەمەی کتێبی ئیقرار عەلییێفی کردووە، نەک کەمتر نییە، بەڵکوو سەروگەردنێک بالاترە لە کاری کەریم کەشاوەرز بۆ تەرجەمەی کتێبی دیاکۆنۆف. کارەکە بە دیققەتی زانستی و لەوپەڕی ئەمانەتداریدا تەرجەمە کراوە، زمانی تەرجەمە ڕێک و ڕەوان و بێگرێوگۆڵە. سەرەڕای ئەستەم بوونی دەقەکە، هیچ هەڵەوپەڵەیەک بەسەر دەقی فارسییەوە نییە و تەنانەت تا لاپەڕەی کۆتاییش تاقە یەک هەڵەی چاپیی تێدا نابیندرێ، کە ئەوە هیممەتی بنکەی چاپەمەنییەکەیەتی. وەرگێڕ لە بەری باوکەوە ئازەربایجانییە، بەلام هیچ هەڵوێستێکی ڕەگەزپەرستانەی نییە و هاندەری ئەرک و زەحمەتەکانی لەپێناو وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەستەمەدا تەنیا خزمەتی زانست بووە و بەس.

گەلێک هیوادارم وەرگێڕی بەڕێز بتوانێ لە داهاتوودا ئاوڕێک لە کارەکانی «ئەکادیمیسیەن سترۆوە»ش سەبارەت بە مێژووی ماد بداتەوە و بواری خزمەتەکانی خۆی بە مێژووی ناوچەکە، فراوان بکاتەوە.

هەروەها و هیوادارم کەسایەتییەکی شارەزا و وردبینی کورد سەرجەمی کتێبەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بۆچوونەکانی نووسەر هەبوو بیخاتە پەراوێزی لاپەڕەکانەوە.

**

ئەوەش هەڵبژاردەیەکی پچرپچڕ و بێپەیوەند لەگەڵ یەکتر لە خاڵە سەرەکییەکانی کتێبەکە. ئەم هەڵبژاردەیە گەلێک ناتەواوە و من خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی کتێبەکە بۆ هەموو ئەویندارانی مێژووی کۆنی ولاتەکەمان بە پێویست دەزانم:

- ڕەوتی پێکهاتنی زمان بێگومان ئالۆز، درێژخایەن و بەپێچوپەنا بووە. نابێ بینای زمان بە بەرهەمی سەردەمێک یا دەورەیەکی تایبەت بزاندرێ. زمان بەرهەمی سەردەمانێکی دوورودرێژە (ل ١١٦).

- نـاوی گۆلـی ورمێ لـه ڕۆژگارانی کۆنـدا «ماتینا» یا «مانتینا» بووه. ئەم ناوه وا هەیـه لـه پەیوەندیی ناوی هورپایی «میتانی»دا بـێ... لەم پەیوەندییەدا نابێ حونجەی دیکەی وشەکه، واته «مانتی» له بیر بکەین... وا هەیه له ڕێگەی ئەم شێوه وشەیەوه پردێک بەرەو ئەو وڵاته لێ بدەین که له دەوروبەری گۆلی ورمێ بوو، ئەویش وڵاتی منناکانه (ل ٩٩).

- شارستانییەتی گۆتی کەمخایەن بوو، بەڵام شارستانییەتی لوولووبی بۆ ماوەی ١٥ سەدە بەردەوام مایەوه (ل ١١٥).

- ڕەوتی لەبەریەکچوونی ماد [لەسەدەی شەشەمی پ. ز. دا] دەستی پێکردبوو... بارودۆخێکی لەبـار بـۆ لێدانـی مـادەکان [لەلایـەن ئاشـوورەوه] پێکهاتبـوو... لـەم پەیوەندییەدا، مەیلی مادەکان به ژیان لەژێر سێبەری بێگانەشدا خاوەنی گرنگایەتیی زۆره (ل ٢٩٧).

- ئاشوورییەکان لەم سەردەمەشدا، دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر، به هەمان دروشـمی «مـاد دژی مـاد»ەوه حکوومەتیـان دەکـرد [واتـه له گیانی یەکتـر بەردانی دوژمن] (ل ٢٩٠).

- ئوورارتوو چەند جار لەشکری کێشایه سەر منناکان (ل ٢٩٤).

- لەبەریەکچوونی یەکییەتیی وڵاتانی مننا، که ٢٥ ساڵ پێشـتر وەدیهاتبوو، له دەیەی بیستەمی سەدەی ٨ی پێشزایینیدا دەستی پێکرد (ل ٣٠٠).

- لەشکرکێشـانی نـاوداری سـارگۆنی دووهـەم دژ بـه مـاد و ئوورارتـوو (لەشکرکێشانی هەشتەم) له ساڵی ٧١٤ پ. ز بەڕێوەچوو (ل ٣٠٤).

- گ. ئـا. ملیکشـویلی یەکەمیـن و کامڵتریـن مێـژووی دەوڵەتی منناى خسـتۆته ئەدەبیاتی سۆڤیەتییەوه (پەراوێزی ٨٠، ل ٣١٠).

- نابـێ پێمـان وابـێ که هووەخشـەترەی یەکـەم، دامەزرێنەر و «یەکەم پادشـای مادی» بووه. ئەویش وەک «دیۆک» (دیاکۆ) نابێ به بنیاتنەری دەوڵەتی ماد بزاندرێ لەبەروەی لەو سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێکی تاک له خاکی مادا نەبوو (ل ٣٢٢).

- شـتومەکی زێڕین، زێوین و له ئێسـقان دروسـتکراوی سەقز له کوردستانی

ئێـران (لـە چوارچێوەی ماننای کۆندا)، بە ئەگـەری زۆرەوە هی چارەکی دووهەمی سەدەی حەوتەمی پێش‌زایینە (ل ٣٢٦).

- شـاری ئیزیرتوو (زیرتا) لە ماوەی چەند سـەدەدا پێتەختی دەوڵەتی ماننا بووە (ل ٣٢٦).

- لـەو بابەتانەی وا سـەبارەت بە کۆمەڵگاکانـی مادی ڕۆژاوا گوترا، پێش هەموو شـت ئەوە دەردەکەوێ کە ئەرک و کاری کۆیلایەتی لەو ناوچانەدا برەوێکی زۆری هەبووە (ل ٣٣٠).

- سـەکاکان دوای زاڵ بـوون بەسـەر مـادەکان‌دا، ماوەی ٢٨ سـاڵ حکوومەتیان بەسەردا کردن (پەڕاوێزی ٧، ل ٣٤٩).

- سەدەی حەوتەمی پێش‌زایین یەک لە سەرنج‌ڕاکێشترین سەردەمەکانی مێژووی ئاسـیای بەرایـی کۆنـە... ئەوە سـەدەی ڕووداوە مەزنەکانە... هۆکاری سـەرهەڵدانی ئەو گۆڕانکارییانە لە بارودۆخی سیاسـیی ڕۆژهەڵاتی کۆن، پەرەسـەندنی وڵاتانێکی بچووک بوو کە شەڕێکی چارەنووس‌سازیان دژ بە ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی ئاشوور دەست پێکردبوو (ل ٣٥٩).

- دەوڵەتـی مـاد لـە دەیەی حەفتای سـەدەی حەوتەمی پێش‌زاییـن و لە ئەنجامی بزووتنەوەی بەکۆمەڵی گەل دژ بە ئاشوور، بنیات‌نرا (ل ٣٧٣).

- بەڕواڵەت، بەهێزبوونی زۆری هێزی پادشایی ماد و خواستی بۆ دەسەڵات‌سەندن لـەلای ڕۆژاواوە، مانناییەکانـی هاوپەیمانـی پێشـووی خۆیانـی کـردە دوژمنیـان. ماننـاکان تا لێکەوتنی ئاشـوور، لایەکەم تا شـکانی سـاڵی ٦١٥ی سـپاکەیان [لەلایەن مادەوە]، بە لایەنگری لە ئاشوورییەکان شەڕ[ی ماد]یان دەکرد (ل ٣٧٥).

- یەکەمین سپای ڕێکوپێکی مێژووی ماد لە سەردەمی هووەخشەترەدا بنیات‌نرا (ل ٣٨٧).

- مـادەکان بەبـێ یارمەتی بابل، ئاشـووریان داگیر کرد (ژووئیە ـ ئووتی ٦١٤ پ. ز.) (ل ٣٨٩).

- سـێ یـا چـوار دەیـە لە کۆتاییەکانی سـەدەی حەوتەم و سـەرەتای سـەدەی

شەشـەمی پ. ز، خاڵێکـی وەرچەرخانـی گرنگـە لـە مێـژووی مـاددا... لە سـەرەتای ئـەو سـەردەمەدا ماد هیچ تایبەتمەندییەکـی بەرچاوی نەبوو و وڵاتێکی بچووک بوو (بەڕواڵەت لە نێوان هەمەدان و کرماشان و چۆمی سیروان)، بەڵام دوای تێپەڕکردنی ئـەو دەورەیـە... توانی لە ماوەیەکی کەمدا خۆی دەربخا و ببێتە هۆکارێکی گرنگ لە پەیوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئەو سەردەمانەدا (ل ٣٩٦).

ـ سـاڵی ٥٥٠ پ. ز، لە شـوێنێکی نزیک پاسـارگاد [لە باشـووری ئێران]، شەڕێکی بێ‌فەڕ قەوما... دەوڵەتی ماد بە سەرکردایەتیی ئیشتۆویگۆ تێکشکا و حکوومەتەکەیان بەدەست کۆرش، شایەکی تیرەی هەخامەنشیی‌یەکان تێداچوو (ل ٤١٥).[١]

١. اقرار علی‌یف، «پادشاهی ماد»، ترجمه از زبان روسی: کامبیز میربهاء، انتشارات ققنوس، تهران ٢٠١٠، ٦٩٩ صفحه، فارسی.

## وێنەی دوایین یاری

«وێنــەی دوایین یاریــی، ئێـران لە ڕێگــەی کامێرایەکـی ڕووسـییەوە ١٩٠١ ـ ١٩٠٤» ناوی کتێبێکە «جۆن چالنکۆ» بە زمانی ئینگلیزی نووسـیویە و باسـی ژیان و کار و مەئموورییەتەکانی «ئەلیکساندر ئەیاس»، یەکەم کۆنسوولی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیای قەیسەریی کردووە لە مەهاباد.

ئەیـاس بە بــەر کاروباری ئیدارییەوە وێنەی فۆتۆگرافیی هەڵگرتووە و لە ماوەی مانەوەی لە ناوچەکەدا گەلێک وێنەی شــازی لە خەڵک و شــوێنەکان تۆمار کردووە کــە ئێســتا دوای ٩٢ ســاڵ ڕووی ڕووناکی دەبینن. کتێبەکە وێنــە و زانیاریی زۆری لەمــەڕ ســەرەکهۆزەکانی ناوچــە وەک مەنگوڕ و مامەش و دێبوکری و... خســتۆتە بەرچاو. ئەم وێنانە و هەروەها وێنەی گەلێک خەڵکی ئاســایی و گوند و شــارەکانی ناوچە، لەباری مێژوویی و بەڵگەنامەیی‌یەوە گرنگ و سەرنجڕاکێشــن و نیشاندەری جلوبەرگ، شـێوەی بیناســازی، ئاژەڵداری، ڕاو، کەرەســەی شــەڕ، کۆچ و هەوار و بەگشتی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ناوچەی موکریانن.

لــە پەیوەندیــی بــۆکاندا، کتێبەکە بابەتی تایبەتی نەگرتۆتەبەر، جیا لەوەی باســی عەشــایر و هەروەهــا ســەرداری موکری، واتە حەمەحوســێنخانی ســەردار دەکا و حکوومەتەکەی لە مەهاباد. وێنەی ژمارە ٣٧ لە لاپەڕەی ١٢٦ی کتێبەکەدا، نیشاندەری ڕوخساری سێ کەسە و لەژێری نووسراوە:

«پیاوماقووڵانی خۆجێیی لە ئیدارەی ئێراندا،ساڵی ١٩١٢ ـ ١٤».

کەسی یەکەم لەلای چەپەوە بە جلوبەرگی سپاییەوە، سەردار حەمەحوسێنخانە، کە کتێبەکە دەسنیشانی ناوی نەکردووە.

بەداخــەوە بەهــۆی «مافی کۆپیڕایتس»ەوە ناکرێ لێـرەدا ئەو وێنە مێژوویی‌یەی سەردار حەمەحوسێنخان بڵاوبکەینەوە، بەڵام لە دوو سەرچاوەی جیاوازدا هەوڵی تەرجەمەی بابەتەکانی کتێبی چالنکۆ و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی دراوە:

ڕێزدار حەسەنی قازی لە سایتی ڕێنسانس‌دا[1] تا ئێستا بەشێکی زۆری کتێبەکەی، واتە ئەو شــوێنانەی وا لە پەیوەندیی کوردســتان‌دا بوون تەرجەمە و بڵاوکردۆتەوە. بڕواننە بەشی دۆسیەی تایبەت، «وێنەکانی گەمەی دوایی...» لە سایتی ڕێنسانس‌دا.

گیانــی شــاد بێ عەبدولکەریم خەشــایار لــە ژمارە ٦٩ ـ ٧٠ی گۆڤـاری مەهاباددا وەرگێڕاوی کوردیی بەشێک لە کتێبەکەی هاوڕێ لەگەڵ چەند وێنەدا بڵاوکردۆتەوە. بڕواننە گۆڤاری مەهاباد، چاپی مەهاباد، ژمارە ٦٩ ـ ٧٠ (دیسامبری ٢٠٠٦ و ژانویەی ٢٠٠٧).

لە ژمارە ٦٩ی هەمان گۆڤاردا، ڕێزدار عەبدوڵڵا سەمەدی وتارێکی سەبارەت بە «کوژرانی ئەلیکســاندر ئەیاس و کوشــتاری خەڵکی سابڵاغ بەدەستی سپای ڕووس» نووسیوە. بڕواننە هەمان شوێن.

John Tchalenko, «Images From the Endgame», – Persia through a Russian Lens 1901 – 1914 Saghi Publications, London 2006, 264 pp., English, ISBN: 0 – 86356 – 072 – 5.

1. www.renesans.info.

## ڕاولینسۆن

سێر هێنری ڕاولینسۆن ئەفسەری سپای بریتانیا یەکەم ئوروپایی بووە لە سەدەی نۆزدەهەمدا توێژینەوەی مێژوویی و شوێنەوارناسیی لەسەر ئاورگەی شیز لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان کردووە. ڕاولینسۆن بیرێکی تیژ و شارەزایییەکی باشی لە مێژووی ناوچەکە هەبووە و تەختی سولەیمانی بە هەگمەتانەی پێتەختی مادەکان زانیوە و گەرچی دواتر لەو بۆچوونە پاشگەز بۆتەوە، بەڵام لە سەردەمی ئەودا هێشتا کێشەی پێتەختی ماد یەکلایی نەببۆوە و تەنانەت ئێستاش بابەتەکە هەر جێگەی باسی شوێنەوارناسانە و چەند ساڵ پێش ئێستاش کە شوێنەوارە مانناییەکانی قەڵایچی دۆزرایەوە، بۆچوونێک ئەوە بوو ئیزیرتووی پێتەختی مانناکان بێ و بۆچوونێکی لاوازتریش، بە هەگمەتانەی دەزانی.

ڕاولینسۆن، کە بۆچوونەکانی جێگەی پەسندی مینۆرسکی بوون و لە نووسینەکانی ئەودا ڕەنگیان داوەتەوە چەندین وتاری سەبارەت بە ناوچەی دەوروبەری بۆکان نووسیوە و لە گۆڤارێکی ئاکادێمیکی ئەو ساڵانەی بریتانیادا بڵاوی کردوونەتەوە. وەرگێڕانی ئەو وتارانە بۆ سەر زمانی کوردی ئەرکی هەرە گرنگی لاوەکانمانە و ئەگەر تەمەن ئیجازە بدا منیش سەریان لێ‌هەڵدێنمەوە. ڕاولینسۆن ئەفسەرێکی لێهاتوو و زانایەکی کەموێنە بووە و بۆچوونەکانی دەبێ بە هەند وەربگیرێن. ڕاولینسۆن (١٨١٠ ـ ١٨٩٥) هەروەها بە باوکی زانستی ئاشوورناسی ناسراوە و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئاشوورییەکان کردووە، زمانی فارسیشی زانیوە. ناوی ڕاولینسۆن هەمیشە لەگەڵ ناوی بەردەنووسی بەهستان یا بەغستان (بێستوون) دێ، ئەو یەکەم کەس بوو هەوڵی خوێندنەوەی ئەو بەردەنووسەی کرماشانی دا.

هەڵسەنگاندنەکانی ڕاولینسۆن لەسەر شوێنی هەگمەتانە و پەیوەنددانیان بە ناوچەی تەختی سولەیمان و دەوروبەری بۆکان، گرنگایەتیی ئاگاداربوونەوە لە نووسراوەکانی بۆ ناسینی مێژووی کۆن و شوێنەوارە مێژووییەکانی بۆکان دەردەخا. ئەوە نووسراوەیەکی ڕاولینسۆنە کە باس لە تەختی سولەیمان دەکا:

Sir Henry Rawlinson, «Notes on a Journy from Tabriz in 1838», Journal of Royal Asiatic society

## جوولەکەی بۆکان

کتێبی پڕ بایەخی خاتوو «ئۆراشوارتز بیعری» بە زمانی ئینگلیزی سەبارەت بە مووسایییەکانی کوردستان، کە مۆزەخانەی ئیسرائیل لە شاری ئوورشەلیم بڵاوی کردۆتەوە، بەڵگەنامەیەکی بایەخدارە بۆ مێژووی ژیانی گەلی بەنی ئیسرائیل لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان.

گەرچی کتێبەکە زیاتر شێوازی ئالبۆمی وێنەی هەیە تا کتێبی نووسراو، بەڵام وێنەکانیش شیکراونەتەوە و لە هەمووان گرنگتر شوێنی جوغرافیایییان ڕاگەیەندراوە. شوێنەکان بریتین لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە ڕۆژهەڵاتەوە.

وا هەیە ناوی کتێبەکە، ڕوونکەرەوەی باشتری نێوەرۆکەکەی بێ: «جوولەکەکانی کوردستان: ژیانی ڕۆژانە، جلوبەرگ، هونەر و دەسکردیان.»، واتە کتێبەکە ژمارەیەکی زۆری وێنەی ژیانی ڕۆژانەی جوولەکە (نەک هەر ئەوان، بەڵکوو بەگشتی خەڵکی دیکەشی) گرتۆتەبەر و لە وێنەکاندا، چۆنییەتیی جلوبەرگ، دابونەریت، خشڵی ژنان، جلوبەرگی ژن و پیاو و منداڵ، تەشی ڕستن، جۆلایی، کڵاودروون، جاجم و بەڕە و لباد، دیزە و گۆزە و جگە لەوانەش، کتێبی ئایینی و دەسنووس و وێنەی کەنیسە (سینێگۆک)ی جوولەکەکانی لە بەشی جیاجیای کوردستان ئاڕاستە کردووە. خاتوو بیعری لە ساڵانی دەیەی ١٩٧٠دا سەردانی بەشەکانی کوردستانی کردووە و لەگەڵ مووسایییە کوردەکانی ئیسرائیلیش وتوویژی کردووە و کتێبەکەی بە ئەرک و کارێکی زۆر پێکهێناوە.

بەشێکی زۆر لە وێنەکان هی ناوچەی دهۆک و زاخۆ و هەروەها کرماشان و بەتایبەت کامیارانن، بەڵام هی شارەکانی دیکەش، بۆ نموونە بۆکانیان تێدا دەبیندرێ. یەک لە وێنەکان کە بە قەبارەی گەورە چاپ کراوە، جۆگەلەئاوێکە لە شاری بۆکان، کە لە ساڵی ١٩٧٧دا هەڵگیراوە و بە بۆچوونی من هی گەڕەکی ماڵی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمییە، ئەو شوێنەی وا ئاوی حەوزەگەورە دوای ئەوەی بە ماڵی

قزڵجییەکاندا تێپەڕ بوو، دەگاتە نێو کۆڵانەکە و بۆ قاپ و کەوچک و جلوبەرگ شتن کەڵکی لێوەردەگیرێ. من نامەیەک بۆ مۆزەخانەکە دەنووسم و ئیجازە دەخوازم ئەم وێنەیە لە ماڵپەڕەکەدا بڵاوبکەینەوە و ئەگەر ڕازی بن دواتر دەیخەینە شوێن ئەم وتارە. وێنەکە نیشاندەری ژمارەیەکی زۆری کچ و ژنی بۆکانییە کە لەسەر ئەو جۆگەیە خەریکی جلشۆردنن و گەلێک ڕازاوە و ڕەنگاوڕەنگە.

جگە لەمە، زانیاریی دیکەش سەبارەت بە جوولەکەی بۆکان لە کتێبەکەدا هەیە، کە بەداخەوە چیتر لەوێ نەماون و هەموویان دوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسڕائیل کۆچیان کردۆتە ئەوێ.

کتێبەکە نرخی ۴۵ دۆلارە و لە ڕێگەی مۆزەخانەکە، هەروەها دوور نییە لە ڕێگەی «ئامازۆن»ەوە دەست بکەوێ. من لە کتێبفرۆشییەکی ئێرانی لە ناوچەی Westwoodی شاری لوس ئانجلێسی ئەمریکا چاوم پێی کەوت. ئەوەش تایبەتمەندیی کتێبەکە:

Ora Shwartz – Beeri, «The Jews of Kurdistan – Daily Life, Customs, Arts and Crafts»,
The Israel Museum, Jerusalem, 2000, Jerusalem, 275 PP. ISBN: 965 278 238 6.

## ئیتالیایی‌یەکان لە کوردستان

کوردناسی ئیتالیایی خاتوو میرێلا گەلێتی وتارێکی بەکەڵکی سەبارەت بە پەیوەندیی گەڕۆک و میسیۆنێر و زانا ئیتالیایی‌یەکان لەگەڵ کوردستان (بەگشتی) نووسیوە، کە کاک جاسم تۆفیق وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و وێڕای پەڕاوێزێکی زۆر لە شێوەی کتێبێکدا بڵاوی کردۆتەوە.

من ئەم کتێبەم بۆیە هەڵبژارد کە تێیدا زانیارییەکی زۆر لەسەر نووسراوە و پەڕتووکی ٣٨ کەس بڵاوکراوەتەوە، کە هەندێکیان سەفەری ئێران و ئەرمەنستانیان کردووە و گەرچی ڕاستەوخۆ بۆم دەرنەکەوت هیچکامیان سەردانی بۆکانیان کردبێ، بەڵام کتێبەکە بۆ زانیاریی گشتی سەبارەت بە ناوچەکە لە نێوان سەدەی ١٣ ـ ١٩ی زایینی سەرچاوەیەکی پڕبایەخە و نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری سەرجەمی ناوچەکە (بۆکانیش وەک بەشێک لەو) دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن.

بەداخەوە کتێبەکە هەندێک بابەتی تێدا ڕوون نەکراوەتەوە، بۆ نموونە لەم لاپەڕانەدا کاتێ باسی گەڕۆکەکان کراوە، دەسنیشانی شوێنی سەردانەکەیان نەکراوە و نازاندرێ ئەو کەسە تایبەتە بە کام شوێنی کوردستاندا تێپەڕ بووە یاخود ئەگەر نووسەرێکە و لە نووسینەکەیدا باسی کوردستانی کردووە، نیازی کام بەشی کوردستان و کامە ناوچە بووە: لاپەڕەکانی ٣٢، ٥٠، ۶۶، ۶٧ و ٧٢.

لەم لاپەڕانەی خوارەوەشدا باسی ئێران و ئەرمەنستان کراوە، کە دوور نییە زانیاریی سەبارەت بە ناوچەی بۆکان یاخود دەوروبەری ئەویشیان تێدابێ: ٣٧، ۴۶، ۶۴، ۶۶، ۶٩ و ٨٢.[١]

١. میرێلا گەلێتی، «کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیدا لە سەدەی سیزدەم ـ نۆزدەم»، وەرگێڕانی جاسم تۆفیق، پێداچوونەوەی سەلاح ڕێبوار، بنکەی هەنگاو، ١٩٨٧، ستۆکهۆڵم، ١١٩ لاپەڕە، کوردی.

## مێژووی کوردستان

وا هەیە لە ماوەی زیاد لە دە ساڵی ڕابردوودا هیچ کتێبێکم لە هیچ نووسەرێکی بیانی سەبارەت بە مێژووی کوردستان نەخوێندبێتەوە کە ئەوەندەی ئەم کتێبە بەکاکڵ و زانستییانە و بێلایەن نووسرابێ.

کتێبەکە ناوی «مێژووی کوردستان»ە، سێ ئاکادیمیسیەنی ڕووس هاوڕێ لەگەڵ دوو مێژوونووسی ئەرمەنی و کورد نووسیویانە و دوو دڵسۆزی گەلەکەمان کاک مەنسوور سدقی و دوکتۆر کامران ئەمین‌ئاوە کردوویانەتە فارسی و لە ئاڵمانیا بڵاوکراوەتەوە.

بەهۆی پەیوەندی‌دانی مێژووی کورد بە مادەکانەوە کە بوارێکی گشتیی مێژوونووسیی کوردییە، بەداخەوە مێژووی ڕاستەقینەی گەلی کورد و وڵاتەکەی شێوێندراوە و نەک هەر تێکەڵ بە مێژووی ئێران بووە، بەڵکوو کراوەتە کلکی مێژووی ئێران و سەربەخۆیی بۆ نەماوە، ئەوەش لە کاتێکدا کە دەزانین هیچ بەردەنووس و نووسراوەیەکی مادی تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و ئەو خاکەی کە ئێستا پێی دەگوترێ کوردستان پێش هاتنی مادەکانیش خەڵکی تێدا نیشتەجێ بوون و حکوومەتیان هەبووە و شوێنەواریان لێ‌بەجێماوە.

مێژووی ڕاستەقینە و سەربەخۆی کورد پێش هێرشی عەرەب پێویستی بە نووسینەوەی دووبارە و ئامێتەکردنییەتی لەگەڵ گەلانی وەک ماننا و گۆتی و لوولووبی و... بەڵام مێژووی دوای ئیسلامی کوردستان گەلێک ڕوونتر و بەبەڵگەترە. ئەم کتێبەش لە قۆناغی «فتوحات»ی عەرەبەوە دەستی پێکردووە و تا سالانی کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم هاتووە. من خوێندنەوەی کتێبەکە و لەوەش زیاتر وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی بە «ئەرک»ێکی گرنگ دەزانم و هیوادارم هیممەتدارێک ئەرکی وەرگێڕانەکە بخاتە سەر شانی.

ئەوەی بۆکان و ناوچەکەی بگرێتەوە لە کتێبەکەدا کەم نین:

لە ساڵی ۱۹۲۲دا سمکۆ خۆی بە «شای کوردستانی سەربەخۆ» ناساند و گۆڤاری «کوردستان» ئۆرگانی ڕەسمیی خۆی بڵاوکردەوە (لاپەڕە ۱۹۱)؛ کە ئەگەر نیاز لەوە ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد بێ، سەرنووسەرەکەی مەلا محەممەد تورجانیزادە بووە و بەو پێیە کوردێکی بۆکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

ڕێکخراوەی ژ. ک. لە ساڵی ۱۹۳۹دا دامەزرا (لاپەڕە ۲۰۹)؛ دیارە بەشێک لە چالاکانی «ژ. ک»، بۆکانی بوون.

فەهیمی، نوێنەری ساعید سەرۆکوەزیرانی ئێران لە ساڵی ۱۹۴۴دا سەردانی هەندێک شاری وەک میاندواو، مەهاباد و بۆکانی کردووە (لاپەڕە ۲۱۱).

عەزیزئاغا عەباسی و قاسمئاغا ئێلخانیزادە (لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، کە لە سەرەتاکانی سێپتامبری ۱۹۴۶دا نێردرابوونە باکۆ، نەیانتوانی هیچ دەسکەوتێکیان لە ئازەربایجانییەکان هەبێ (لاپەڕە ۲۲۶). ئەوە یەکەم جارە دەبیسین عەزیزئاغای عەباسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چالاک بووبێ یاخود ئەو دوو کەسە ئەندامی ناوەندیی حیزب بووبێتن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاپەڕینی وەرزێرانی لە مەهاباد و بۆکان دژ بە باج و خەراجی لە ڕادەبەدەر و چەوسانەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندی ڕێبەرایەتی کرد. بزووتنەوەی وەرزێری وردەوردە بوو بە ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی کورد و شار و گوندەکانی گرتەوە. پادگانی مەهاباد بە یارمەتیی تاقمی چەکداری هەندێک خاوەن زەوی گەورە [کە دەبێ نیازی لە ئاغاواتی بۆکان بێ]، دژ بە ڕاپەڕینەکە هاتنە کایەوە و لە ئەنجامی کاری داپڵۆساندندا، چەند ئەندامی حیزب تیرەباران کران و زۆرێک لە بەشداربووانی ڕاپەڕین خرانە زیندانەوە (لاپەڕە ۲۲۲).[۱]

---

۱. م. س. لازاریف، ش. خ. محوی، ی. ای. واسیلییەوا، م. ا. حسرتیان، اد. ای. ژیگالینا: «تاریخ کردستان»، ترجمە منصور صدقی، کامران امینآوە، انتشارات فروغ، آلمان، ۲۰۰۷، ۳۴۲ لاپەڕە، ڕووسی: ساڵی ۱۹۹۹، فارسی: ۲۰۰۷.

## شۆڕشی نەتەوایەتیی کورد

کتێبی «بزاڤی نەتەوایەتیی کورد» نووسینی کریس کۆچێرا ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی لە پەیوەندی کۆتاییی‌یەکانی سەدەی نۆزدە و ساڵانی سەدەی بیستەمی مێژووی کورد، بەتایبەت لە باشوور و باکووری کوردستان خاوەنی گرنگایەتیی تایبەتە.

بەشی پەیوەندیدار بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر لە بەشەکانی دیکەن، بەڵام چەشنە ئاوڕێک لەویش دراوەتەوە. ئەم کتێبە جارێک لەلایەن کاک ئیبراهیمی یۆنسییەوە کراوەتە فارسی و ناوی «جنبش ملی کرد»ی لێ‌نراوە، جارێکیش لەلایەن کاک محەممەدی ڕەیانییەوە کراوەتە کوردی و بەناوی «مێژووی کورد لە سەردەمی ١٩ ـ٢٠دا» بڵاوبۆتەوە. وەرگێڕاوە فارسییەکەی کاک برایم وا هەیە زیاتر جێگەی پشت‌پێ‌بەستن بێ، گەرچی لێرەش‌دا ئاغای یۆنسی جارێکی تر بەربۆتە سەروگوێلاکی کورد و لە سەرەتایەکدا کە بۆی نووسیوە، شرت‌وشوێی ڕێبەرانی کوردی دەرهێناوە، بەڵام تەرجەمەکەی بەگشتی بەمتمانەیە. منیش ئەم یادداشتەم لەبەر دەقی فارسیی کتێبەکە دەنووسم:

بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا بریتین لەوانەی خوارەوە:

- لاپەڕە ١٩٥: ئەندامی بنەماڵەی قازی محەممەد، کە خوێندەوار و ئایینی و نەتەوەپەرست بوون، خاوەن‌ملکی گەورەش بوون و چەند پارچە ملکیان لە ناوچەی بۆکان هەبوو؛
- لاپەڕە ١٩٧: بەگوێرەی هەندێک ڕیوایەت، ڕووسەکان دوای ئەوەی زانییان کە ئینگلیزەکان لە بۆکان دانیشتنیان لەگەڵ ئەعیان و گەورەپیاوانی کورددا هەبووە، کەوتنە خۆ و دوو ئەفسەری سۆڤیەتی لە ڕاستی‌دا هەندێک لە ئەعیانە کوردەکانیان دزی، خستنیاننە نێو ترۆمبیلەوە... لەوێوە بردیانن بۆ باکۆ... ئەمیر ئەسعەد و حاجی بابەشێخ لە بۆکانەوە...
- لاپەڕە ١٩٨: بەگوێرەی یەک لە بانگهێشت‌کراوەکان، واتە ئەمیر ئەسعەد

[عەلیئاغای عەلیار]، باقرۆف پێی گوتن کە یەکییەتیی سۆڤیەتی «بە چاوی ئەرێنی دەڕوانێتە سەربەخۆیی گەلانی بچووک»، بەڵام «هێشتا کات بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە... و کورد دەبێ دەست ڕابگرن»؛

- لاپەڕە ٢٠٠: لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا دانیشتووانی مەهاباد لە ململانی نێوان قازی محەممەد و ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری ڕەنجیان دەکێشا... لە مانگی فێوریەی ١٩٤٢دا ئەمیر ئەسعەد و هەندێک لە پیاوانی مەهاباد... پەیوەندییان بە سپەهبود شابەختییەوە گرت لە سەقز و ئامادەیی خۆیان بۆ دابین کردنی نەزم بەناوی دەوڵەتی ئێرانەوە دەربڕی... قازی محەممەد بۆ نارەزایی دەربڕین لە داندرانی ئەمیر ئەسعەد بۆ فەرمانداری مەهاباد، چوو بۆ تاران. ئەمیر ئەسعەد نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی لە مەهاباد سەقامگیر بکا و لە مانگی ئووتی ١٩٤٢دا مەجبوور بوو خۆی لە کارەکە بکشێنێتەوە؛
- لاپەڕە ٢٠٣: ململانی و بشێوی و ناکۆکی لە نێوان سەرۆکانی کورددا هەرگیز تا ئەو ڕادەیە توندوتیژ نەببوو. لە نێو سەرۆکهۆزەکاندا، سێ کەس ڕووبەڕوی یەکتر وەستابوون: ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری، عەبدوڵڵا بایەزیدی مەنگوڕ و قەرەنیئاغای مامەش؛
- لاپەڕە ٢٠٦، کۆمەڵە کە لە بنەڕەتدا ڕێکخراوێکی نێو شار و لە چوارچێوەی مەهاباددا بوو، لە نێو سەرۆکهۆزەکان، هەر لە «خۆی»ەوە لە باکوور، تا بۆکان و سەقز لە باشوور، ئەندامی وەردەگرت؛
- لاپەڕە ٢١٢: ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارەی ١١ فێوریەی ١٩٤٥) ناوی وەزیرانی «دەوڵەتی میللیی کوردستان»ی بەو شێوەیە ڕاگەیاند: سەرۆکوەزیر: حاجی بابەشێخ، وەزیری ڕاوێژکار: عەبدوڕڕەحمان ئێلخانیزادە (خاوەنملک)، وەزیری ڕێگاوبان: سمایل ئێلخانیزادە (خاوەنملک)؛
- لاپەڕە ٢١٧: شەڕی قاراوا؛
- لاپەڕە ٢٢٤: ڕۆژی ١٦ دیسامبر قازی محەممەد و سەیفی قازی و حاجی بابەشێخ و چەند کەسی تر لە سەرۆکانی مەهاباد چوون بۆ میاندواو تا خۆیان

تەسلیمی سەرلەشکر هومایوونی بکەن؛

ـ لاپەڕە ٢٢٥: بارزانی لە بۆکان لە ١١ دیسامبری ١٩٤٦دا ڕایگەیاند: «ئەوە کورد نەبوو کە لە سپای ئێران تووشی شکست هات، حکوومەتی سۆڤیەتی بوو لە ئاست ئەمریکا و بریتانیادا شکا»؛

ـ لاپەڕە ٢٣٠: لە هەمان ساڵی ١٩٥٣دا ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێک ناوچەی مەهاباد دەگرێتە خۆ و لە ناوچەی بۆکان وەرزێران دژ بە خاوەنملکە فیئۆداڵەکان ڕادەپەڕن.

ئەو بابەتانەی سەرەوە، لە دەقی کوردیدا کەوتوونەتە ئەم لاپەڕانەوە: ٢٤٦، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٩، ٢٦٣، ٢٧٠، ٢٧٦، ٢٨٥، ٢٨٧ و ٣٠١.[١]

1. Chris Kutschera، «Le Mouvement National Kurd»، 1979; Flammarrian، Paris.

کریس کوچرا، «جنبش ملی کرد»، ترجمە ابراهیم یونسی، چاپ دوم ١٣٧٧/ ١٩٩٨، انتشارات نگاه، تهران، فارسی.

کریس کۆچێرا، «مێژووی کورد لە سەدەی ١٩ ـ ٢٠دا»، وەرگێڕانی محەممەد ڕەیانی، ناشر: وەرگێڕ (؟)، چاپی دووهەم، ٢٠٦٣ی کوردی، ١٣٦٩/ ١٩٩٠، ٥٩٥ لاپەڕە، کوردی.

## کریس کۆچێرا و ناسیۆنالیزمی کورد

کریس کۆچێرا ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییە کە لە ساڵی ١٩٧٩دا کتێبێکی سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد نووسی. کتێبەکە دوای ماوەیەک وەرگەڕایە سەر زمانی کوردی و فارسی.

ئەم کتێبەی جێباسی ئێستا، دووهەم بەرهەمی نووسەرە لەسەر پرسی کورد و بە ماوەیەکی کەم دوای بڵاوبوونەوە لەلایەن ڕێزدار «عەزیزی ماملێ»وە وەرگەڕاوەتە سەر فارسی و لە باشووری کوردستان بڵاوکراوەتەوە. وەگێڕانی هەموو کتێبێکی سەبارەت بە دۆزی کورد، بۆ سەر زمانی داگیرکەرانی خاکی کوردستان کارێکی جێپەسندە، بە مەرجێک کتێبەکە بە کوردیش تەرجەمە بکرێ، دەنا کورد بۆ هەمیشە دەبێ چاولەدەستی زمانی داگیرکەران بمێنێتەوە و مێژووی خۆشی بە یارمەتیی ئەو زمانانە بخوێنێ و بخوێنێتەوە! هیوادارم کاک عەزیز یا کەسێکی دیکە ئەم ئەرکە گرنگە بەڕێوە ببەن و بیکەنە کوردیش.

کتێبەکە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، کە هەرکام سەبارەت بە دۆخی کورد لە عێراق، ئێران و تورکیایە. ئەوەی بۆکان بگرێتەوە دیارە دەبێ لە بەشی دووهەمدا چاوی بۆ بگێڕدرێ. ئەم بەشە، لە چاپی بەردەستی مندا سەرجەم ١٠٦ لاپەڕەی گرتۆتەبەر (ل ١٧٧ ـ ٢٨٣)، کە زۆربەی هەرە زۆری لە پەیوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نووسراوە و ژیان و کەسایەتیی دوکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو و چۆنییەتیی وتووێژ کردنی لەگەڵ پاسدارە مرۆڤکوژەکانی ئێران کە گەیشتە ئەنجامی شەهید بوونی لە ڤیەن (سەعات دەوروبەری ٨ی ئێوارە، ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣)، نێوەرۆکی سەرەکیی ئەم بەشە پێکدێنن.

بەم پێیە، کتێبەکە سەرچاوەیەکی باشە بۆ چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات و بەتایبەت هەڵسووڕاوییەکانی نەمر دوکتۆر قاسملوو، بەڵام لە باسی حیزب و ڕێکخراوە و

لایەنەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان»دا، کورتێ دێنێ.

سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا چەند ئاماژەیەک هەن کە لێرەدا دەسنیشانیان دەکەم:

١. «ئەگەر مەهاباد پێتەختی مێژوویی کوردستانی ئێران [بێ]، سەردەشت و بۆکان و شنۆ شاری دیکەی کوردان دێنە هەژمار، ...» (ل ١٨٨)؛

٢. «لە ماوەی مانگەکانی کۆتایی هەرا و هەنگامەی شۆڕش[ی ساڵی ١٩٧٩]دا، ڕێکخراوی تریش [جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان] پەرە دەستێنن، کە لە نێویاندا کۆمەڵە، حیزبی مارکسیست ـ لێنینیستە بە بیرۆکەی مائۆئیستییەوە، کە لە ساڵی ١٩٨٠دا مەزراوە و بە ڕێکوپێکی لە هەندێک شوێنی کوردستان، بەتایبەت بۆکان، خۆ دەردەخەن» (ل ١٨٩)؛

٣. «لەگەڵ ئەوەشدا، گەرچی حیزبی [دێموکراتی] کوردستانی ئێران لە ڕەزائیە و کرماشان لەگەڵ کومیتە ئیسلامییەکان تووشی گیروگرفت دێ، لە بۆکان، سەقز، سنە، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار و لە کۆتاییدا مەهاباد (١ی مارسی ١٩٧٩) دەفتەری خۆی دەکاتەوە» (ل ١٩٧)؛

٤. «سپای ئێران کورد مەجبوور بەوە دەکا هێزەکانیان لێکبڵاو بکەن. لەشکری ٢٧ هاوتەریب لەگەڵ بۆکان، هێرش دەکاتە سەر پیرانشار و ئەم دوو شارە بە تەرتیب لە ڕۆژانی یەکەم و دووهەمی مانگی سێپتامبردا دەگیرێنەوە.» (ل ٢٠٩)

٥. «کۆمەڵە پەرە دەدا بە شەڕی خۆی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت. ئەو شەڕانە بەتایبەت لە بۆکان (٢٨ی ئۆکتۆبر) ڕوو دەدەن» (ل ٢١٦)؛

٦. «کوردستان تووشی شەڕ دەبێ. دوکتۆری نەخۆشخانەی بۆکان تەنیا فریای دەرمانکردنی بریندار، منداڵ، ژنان و گەورەساڵانی شاری سەقز دەکەون کە شەڕی توندی تێدا ڕوویداوە» (ل ٢٢٩)؛

٧. «یەک لەو ناوەندانەی بەربەرەکانی بریتییە لە سێگۆشەی مەهاباد، سەردەشت، بۆکان کە مەقەڕ و ناوەندی ڕادیۆیی و نەخۆشخانەی حیزبی دێموکراتی

کوردستان و کۆمەڵەی تێدا دادەمەزرێ» (ل٢٣٣)؛

٨. «بێگومان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا لە نێوان میاندواو و بۆکان سەرکەوتنێکی گرنگی بە دەست هێنا». (٢٤٤)؛

٨. «هاوکات، سپای ئێران لە ڕۆژانی ١٥ ـ ١٦ی سێپتامبردا هێرش دەکاتە سەر سێ گۆشەی مەهاباد ـ میاندواو ـ بۆکان، کە «ناوەندی دیفاعی موکریان» پێکدەهێنێ. ناوەندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە و شێخ عیززەددین و نەخۆشخانەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەو سێگۆشەیەدان، کە لایەنەکانی ٥٠ تا ٦٠ کیلۆمیترن و لە [گوندی] قالوێ دامەزراون» (ل ٢٤٧)؛

٩. «دەفتەری سیاسی تازە بریتین لە: حەسەنی شەڕەفی، خەڵکی مەهاباد، باباعەلی میهرپەروەر، خەڵکی مەریوان و سەلامی عەزیزی خەڵکی بۆکان» (ل ٢٧٧).

جگە لەوانە، گەلێک باس و هەواڵی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە، وەک وتوویژی «هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد» لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت ـ کە تێیدا چوار کەسی خەڵکی بۆکان (٢ لە کۆمەڵە و ٢ لە فیدائییان) بەشدار بوون؛ هەواڵی شەڕەکان؛ داخرانی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان و کەموزۆر هەموو باسەکانی تر، بۆکانیش دەگرنەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم تەرجەمەی فارسیی کتێبەکە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، هەر لە هەڵەی ڕستە و نووسینەوە تا هەڵەی چاپ و هیوادارم ڕێزدار عەزیزی ماملێ ئەو ئەرکەش بەڕێوە بەرێ.[١]

---

١. کریس کوچرا، «چالش جنبش ملت کرد یا رویای شیفتەی استقلال»، ترجمه عزیز ماملی، چاپ دوم، کردستان، سلیمانیه ٢٠٠٨، ٣٩٠ صفحه، فارسی.

## جاناتان ڕاندڵ و کۆماری کوردستان

راندڵ، وەک ڕۆژنامەنووسـێکی شـارەزای کێشـەی کورد، کتێبێکی تازەی نووسیوە کە مامۆسـتا ئیبراهیم یۆنسـی وەریگێڕاوەتەوە سـەر فارسـی و بەختەوەرانە، وەک تەرجەمەکانـی تـری، هیچ سـەرەتایەکی بۆ نەنووسـیوە کە تێیدا هێرش بکاتە سـەر بزووتنـەوەی نەتەوایەتیـی کـورد و ڕێبەرەکانـی! نـاوی کتێبەکـە بـە ئینگلیـزی بەو شێوەیەیە:

After Such Knowledge What Forgiveness?

کە لە فارسیدا بۆتە «با این رسوائی، چە بخشایشی؟» و کوردییەکەی دەبێتە «بە زانیارییەکی ئەوتۆوە، لێبووردنی چی؟» کتێبەکە بەگشـتی سـەبارەت بە باشـووری کوردسـتانە لـە سـاڵانی سـەدەی بیسـتەمدا، بەتایبەت شۆڕشـی ئەیلـوول، بەڵام لە پەیوەندیـی کاروبـاری باشـووردا جاروبـارە ئاوڕێکیـش لە ڕۆژهـەڵات و باکووری کوردستان دراوەتەوە.

هیـچ ناوێـک لـە بـۆکان لـە کتێبەکـەدا نەهاتـووە، بـەڵام لـە هەندێـک ئامـاژە بە ڕووداوەکانـی سـەردەمی کۆمـار و دوای ئەودا دەسنیشـانی کاروبارێـک کراوە کە ناوچـەی موکریـان دەگرێتەوە و بەو واتایە، دەکرێ بۆ نووسـینی مێژووی ناوچەی بۆکانیش کەڵکیان لێوەربگیرێ.

- لاپەڕە ١٦٧: دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد؛
- لاپـەڕە ١٦٨: چوونـی میوانانـی کورد بۆ باکۆ و ئاماژە بـە دامەزرانی کۆمەڵەی «ژ. ک»؛
- لاپەڕە ١٦٩: بڵاوبوونەوەی دوو گۆڤاری کوردی لە سـەردەمی کۆماردا [کە وا هەیە یەکیان هەڵاڵەی چاپی بۆکان بێ]؛
- لاپەڕە ١٧٠: جگە لە بارزانییەکان تەنیا یەک عەشـیرەت و نیوەی عەشـیرەتێکی تر پشتگیریی کۆماریان دەکرد... بارزانی باوەڕێکی ئەوتۆی بە قازی محەممەد

نەبوو و چەند ساڵ دواتر بە خراپە باسی دەکرد [نووسەر سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی خۆی ڕانەگەیاندووە]؛

- لاپەڕە ١٧١: ئیعدامی ڕێبەرانی کورد لە مەهاباد و شارەکانی تری کوردستان [کە دەبێ نیاز لە بۆکانیش بووبێ وا شەهید عەلیبەگی یەکشەوەی تێدا ئیعدام کرا].
- لاپەڕە ١٧٢: شەڕی باڵی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕژیمی شا و کوژرانی ٤٣ کەس... بە قسەی بارزانی، سپای ئێرانی کوردی نەشکاند، بەڵکوو ئەوە یەکییەتیی سۆڤیەت بوو لە ئاست ئەمریکا شکا؛
- لاپەڕە ١٧٣: سپای ئێرانی بە یارمەتیی عەناسری عەشیرەیی کە تا ئەو دەم هاوپەیمانی مەلا مستەفا بوون... کەوتنە ڕاونانی بارزانییەکان [کە ئەوەش ئاغاواتی دێبوکریی بۆکان دەگرێتەوە].

کتێبەکە ڕوانینێکی ژورنالیستییە بە کێشەی کورددا و بێلایەنانە نووسراوە. گەرچی لە سەرجەمی خۆیدا لایەنگری کورد و کێشەکەیەتی، بەڵام هەندێک جار هێرش دەکاتە سەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و بە ساویلکە و کەمفامیان دادەنێ، سەرچاوەی هەندێک لە زانیارییەکانیشی تێدا ڕانەگەیەندراوە.[١]

---

١. جاناتان راندل، «با این رسوایی، چه بخشایشی؟ تحلیل مسائل سیاسی کردستان»، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات پانیذ، تهران، ١٣٧٩/ ٢٠٠٠.

## بەشی سێیەم

# کەسایەتییەکان

## پێشەکی

لـەم بەشــەدا دەمــەوێ ئەگــەر بتوانــم هــاوڕێ لەگــەڵ خەڵکانــی نــاوداری ناوچە، لە کەسانێکی دیکەش بدوێم کە لە سەرچاوەکان‌دا ناویان نەهاتووە و ئەگەر بە هەموو لایــەک هەوڵیــان لەپێناودا نەدەین وا هەیە نەوەکانی دواتر نەیانناســن و بەتەواوەتی لە تەمتومانی مێژوودا ون بن.

دیــارە تەنانەت لیســتەکردنی ناوی ئەو کەســایەتییانە هەوڵ و خەباتی گشــتی و کاری هەرەوەزیــی دەوێ، بەتایبــەت بــۆ مــن، کــە لــە دەرەوەی وڵات دەژیم و تەنیا پاڵپشــتم بیرەوەرییەکانــی خۆمــە کارێکــی تــەواو ئەســتەمە. هیوایــە نووســەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان کەمایەسـیی کارەکەی من تەواو بکەن و شــوێنە بەتاڵ و نەنووسراوەکان پڕبکەنەوە و بیاننووسن. دەزانم نووسینی مێژووی کەسایەتییەکانی نێــو شــار و ناوچەیــەک و پێکهێنانــی ژیاننامــە بۆ هەرکامیــان کتێبێکی پــڕ لاپەڕەی پێویســتە، خۆ ئەگەر نەڵێین دەیان بەرگ کتیب وەک ئەوەی مامۆســتا محەممەدعەلی ســوڵتانی بۆ شــاری کرماشــانی کرد، بەڵام ئەو لەکوێ و کاری کەســێکی وەک من لەکوێ!

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک هێڵی گشتی بۆ کارەکە دەکەم کە نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان بیانەوێ و نەیانەوێ ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ئینجا بەشی خۆشم تێکەڵاو

کارەکە دەکەم و ئەوەندەی زانیاریم لەســەر کەس و کەسـانێک هەبێ دەیخەمە ڕوو. دیارە کارێکی ئەوتۆ مەترسیی ئەوەی لەسەر دەبێ کە خوێنەر بە دیتنی هەندێک ناو و نەدیتنی هەندێکی تر هەسـت بکا لایەنگرییەک لەکاردا بووە و کاتێ باسـی/ئا/ کراوە، بۆچی/ب/ و/پ/ ناو نەبراون؟ من لەگەڵ ئەو هەستە هیچم پێناکرێ جگە لەوەی بڵێم منیش مرۆڤێکم وەک هەموو تاکێک و سـەدان ناتەواوی لە کەسـایەتیمدا هەیە، هەر بۆیەش نابێ چاوەڕوانی کاری بێعەیبم لێبکرێ. دوای ئەوەش، من جگە لە سەردەمی منداڵی و قوتابخانەم، لە تەمەنی ٢٠ ساڵانەوە لە بۆکان نەژیاوم و ماوە ماوە نەبێ تا ئەمڕۆ هەرگیز دوو ساڵی ڕەبەق نیشتەجێی بۆکان و دەوروبەری نەبووم، هەر بۆیەش وا هەیە خەڵکی سـەقز و مەهاباد و سەردەشـت و سنە لە بۆکانییەکان زیاتر بناسم. هـەر کەسـێکی دیکـەش بـێ دیـارە هـەر ئەوانـەی وا لـە دەوروبـەری خـۆی بوون دەناسێ و نابێ ئەم مەسەلەیە گەورە بکرێتەوە.

هەر چۆنێک بێ، ئەو کەسـایەتییانەی وا دەبێ لە مێژووی سـەرجەمی بۆکان لە دوارۆژدا ئاوڕیان لێ بدرێتەوە بریتی دەبن لە:

١. کەسایەتییە مێژووییەکانی پێش سەردەمی قاجار، واتە مێژووی چەند هەزار ساڵەی ناوچەکە، کە بەداخەوە لە تەمتومانی مێژوودا ون بوون و وا هەیە بە یارمەتیی هەندێـک مەزندە و گومانیش ئەسـتەم بێ لە توێی هـەزارلای مێژوو دەربهێنرێن. بۆ نموونە، بەپێی مێژووی پێش هاتنی ئارییاییەکان،ماننا و ئوورارتوو و سەکاییەکان لـە ناوچـەی موکریـان حاکـم بـوون. کوڕی یـەک لە شـاهانیماننـا ناوی «ئـازا» یا «ئـازاد» بـووە، ئـەم نـاوە دەبـێ سـەرنجی مێژوونووس بـۆ لای خۆێ ڕابکێشـێ و بچێتـە پێوشـوێنی ژیانی کەسـەکە یا لە شـەڕی نێـوان ڕۆم و ئێران لە سـەردەمی ئەشکانییەکاندا «بەراز»ناوێک سەرداری ئێرانییەکان بووە و گوندی «قوڕەبەراز» لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان دوور نییە نیشـانەیەکی ئەم ناوەی بەسـەرەوە بێ. ناوی گوندی جامەردی ڕۆژهەڵاتی بۆکانیش بێپەیوەند نییە بەو سەردەمەوە. بەو شێوەیە برۆ و لاپەڕەی ئەم مێژووە تاریک و نادیارە هەڵدەوە و بەشوێن سەرەهەودادا بگەڕێ!

٢. سیاسەتمەداران، چ ئەوانەی لەگەڵ خەڵکدا بوون و چ ئەوانەی لەگەڵ حکوومەت:

وەک حاجی بابەشێخی سەیادەت، عەلیئاغای عەلیار، حاجی ڕەحمانئاغا و قاسمئاغای موهتەدی، مەحموودئاغا و عەبدوڵڵائاغا و حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادە، حاجی قاسمی کەریمی، عەبدوڵڵا ئێرانی، میرزا حەمەڕەئووفی خەیات، عەلی میرەبەگ، مەلا ئەمجەدی عوسمانی، عەزیزئاغای عەباسی، حەمەدئاغای عەباسی، عەلی گەلاوێژ، حەمەسالحی کەریمی، حسێنی تەهایی، حسێنی فاتحی، محەممەدی نووری، محەممەد و ئیبراهیمی ئەفخەمی، عومەری سوڵتانی، مەحموودی ڕەزایی، ئیبراهیمی حەریری، ئەحمەدی تەها، ئەنوەری حەبیبزادە، عوسمانی قەسیمی و...

٣. کەسایەتیی زانستی و خوێندەوار، وەک مەلا و فەقێ، پێشنوێژ، ئیمام جومعە، دەرسبێژی حوجرە یا ئەوانەی لە حوجرەکاندا دەرسیان خوێندووە، مەلایەتییان کردبێ یان نا، بانگدەر و مجێوری مزگەوتەکان، هەروەها مامۆستا، خوێندکار، دەرچووی قوتابخانەی کۆن، چ ئەوانەی وا نوێخواز و دژی خورافات بوون، چ ئەوانەی وا نەبوون وەک بنەماڵەی تورجانیزادە و قزڵجی و شەفیعی و ئەفخەمی و...

٤. شاعیران، نووسەران، چیرۆکنووسان، ڕۆژنامەنووسان، وێبلاگنووس، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ئینترنێتی، وتەبێژ، هەڵسووڕاوی بواری میدیا، شانۆگەر، شانۆنامەنووس، تەنزنووس، شێوەکار، وێنەگر، کاریکاتیریست و پاشماوەی هونەرمەندانی بوارەکانی تر...

٥. دەرچووانی زانستگەکان، دوکتۆر و ئەندازیار و پارێزەر و پسپۆڕانی بابەتە جیاوازەکانی زانست و زانستی کۆمەڵایەتی و خوێندکارەکان، بە پێگەیشتووانی دەرەوەی وڵاتەوە.

٦. سەنعەتکار و پسپۆڕ و لێزانی بواری جیاجیای ژیان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، واتە ئەوانەی وا لە کاری سەنعەت و تەکنیک و کاری دەسکرد و ماشێنیدا پێشقەدەم یا سەرکەوتوو و ناودار بوون، هەر لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بگرە تا دارتاشی، ئاسنگەری، بەرگدروویی، کەوشدروویی، تەنەکەسازی، تفەنگسازی، میعماری، بەننایی، شۆفیری، موسافیرکێشی،

چاککردنەوەی ماشێن و...

٧. شێخانی تەریقەت، خەلیفە، سۆفی و دەروێشی شێخەکان (نەقشی و قادری)، چ ئەوانەی وا سەر بە خانەقای نەهری یا دۆزەخدەرەی سەقز و بیارەی هەورامان بوون و چ خۆجێیی‌یەکان واتە شێخانی زەمبیل بە خزمەکانیانەوە لە تورجان و جەمیان و گەردیگلان، کە بریتی بن لە بنەماڵەی نوورانی و سەیادەت و ئیمامی و...

٨. سەرۆکهۆز، مەزن و ئاغا و خاوەنملکەکانی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر، واتە هەر چوار سەردارەکان، پەناهی تەورێزی و ئاغاواتی ئێلخانی‌زادە و موهتەدی و عەلیار؛ چۆنییەتیی سەرهەڵدان و پەیدابوونیان لە ناوچەکە و دەسەڵاتسەندن و پاشان کڕینی شار و گوندی دەوروبەر، هەروەها سیاسەت و هەڵوێستیان بەرانبەر بە خەڵک و حکوومەتی ناوەندی و... جگە لە ئاغاواتی شار، دەبێ خاوەنملک و ئاغاواتی گوندەکانی دەوروبەر بە بەگزادەی فەیزوڵلابەگی و دێبوکری و گەورکەوە، لە بیر نەکرێن.

٩. دووکاندار و کاسب؛ لەم بوارەدا گرنگە هەوڵ بدرێ ئەو یەکەم کەسانە ناو ببرێن کە پێشڕەوی کارەکان یا سەرکەوتووترینیان بوون، بۆ نموونە یەکەم دووکانی ئاسنگەری، قەسابی، دارتاشی، زین‌دروون، کورتاندروون، ناڵبەندی، پینەچییەتی، قاوەچییەتی، دەللاکی و سەرتاشی، حەمامچییەتی، بەستەنی‌فرۆشی، قەپانداری، کاروانچییەتی، عارەقفرۆشی، دەرمانفرۆشی، تەبابەت، جەڕاحی، قەننادی، شۆفیریی ترۆمبیل، تراکتۆر، کۆمباین، گاراژداری، فۆتۆکپی، عەینەکسازی، یەخچاڵ و تەلەفیزیۆنفرۆشی، مۆبایلفرۆشی و چاککردنەوەیان، سینەما، تراکتۆر و کۆمباین، کاروانسەرا و خان، میهمانخانە، لێفەدروویی و... جا لە بۆکان بێ یا فڵانە گوندی دەوروبەر، یاخود باشترین دارتاش و بەننا و ئاسنگەر و بەرگدرووی فڵانە سەردەم...

١٠. مەئموورانی ئیدارات؛ خۆجێیی، کوردی شارەکانی تر وەک مەهاباد و سنە و سەقز و کرماشان، عەجەمی ئازەری یا فارس؛ ئەوەی گوتم «مەئمووری ئیدارات» دیارە هەر لە دەزگای حکوومیی سەردارەکانەوە تا ئێستا دەبێ هەمووی بگرێتەبەر:

کوێخاسجیل، دێهبان، حاکم، بەخشدار، فەرماندار و کارمەندی بەخشداری و فەرمانداری، شارەداری، شارەبانی، ژاندرمەری، دارایی، سەبتی ئەحواڵ، سەبتی ئەسناد، دوخانیات و... ناوی فەرمانبەرەکان، لە سەرەوە تا خوار، بۆ نموونە هەر ئەوەندە بەس نییە کە ناوی بەخشدار و فەرماندار و شارەدار ببرێن، دەبێ ناوی «سپوور» و خاوێنکەرەوەی ڕێگاوبانیشیان لەگەڵ بێ بە مەئمووری بەرق و ئاو و گاز و تەلەفۆنەوە...

١١. فەرهەنگ و ئەوقاف، ئامووزش و پەروەرش، سەرۆکان و بەرپرسانی پەیوەندیدار هەر لە ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦)ەوە کە یەکەم قوتابخانەی دەوڵەتی لە بۆکان کرایەوە و ئاغای «شەیبانی» بوو بە سەرۆکی ئیدارەکە؛ مودیری قوتابخانەکان، مامۆستاکان (خۆجێیی و کورد و غەیرەکورد)، پێشخزمەت، دەرکەوان و کرێکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئامووزش و پەروەرش و ئەوقاف و... هەروەها لەم پەیوەندییەدا دەبێ ئەو قوتابخانە غەیرەفەرمییانە و مامۆستاکانی لە بیر نەچن کە پێش ساڵی ١٣٠٧ و تەنانەت دوای ئەویش بەتایبەت لە هاویناندا هەبوون و ئەوەندەی لە بیرەوەریی مندا بێ، نەمر مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی و سەیزادە تووبای کچی لەپێش هەمووانەوەن. مامۆستا شێخ حەسەن ئاڵقەی پەیوەندیی قوتابخانەی فەرمی و غەیرەفەرمی بوو لە شاری بۆکان و لە هەر دوو بواردا کار و خزمەتی بەرچاوی هەبوو.

١٢. هونەرمەندانی مۆسیقار و گۆرانیبێژ، لە شار و گوندەکانی دەوروبەر، بە خەڵکانی خۆجێیی و ئەوانەوە کە لە شوێنەکانی دیکەوە هاتوون و لەوێ گیرساونەتەوە؛لەم پەیوەندییەدا بەتایبەت دەبێ ناوچەی هەوشار لە بیر نەکرێ.

١٣. خەڵکانی قسەخۆش و نموونەی قسەکانیان. بۆ نموونە، نەمر عەلی خەندانی گۆرانیبێژ و برایمئاغای ئێلخانیزادە و مەلا عومەری عەسری و مام حەمەکەریمی باوکی و...

لە هەموو ئەم بوارانە و گەلێک بواری دیکەدا کە من ناوم نەبردوون، گرنگە شاری بۆکان مافی گوندەکانی دەوروبەری نەخوا و ئەگەر بۆ نموونە هەواڵێک لە

فڵانە گوندی گەورکایەتی هەبێ بە حیسابی بۆکان لە بیر نەکرێ و لە قەڵەم نەکەوێ. لە زۆر گوندی ناوچەدا بەتایبەت دارتاشی چاک هەبوون و دەبێ ناویان تۆمار بکرێ یا قسەخۆش و گۆرانیبێژ و شمشاڵژەن و ئاشەوان و خاوەن پیشە و هونەری تر...

# کەسایەتییە فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و...

## فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد

کتێبێکی پڕ بایەخ و ڕێکوپێکە، تێیدا ناوی ٧١٧ نووسەر، شاعیر و ئەدیبی کورد و بەرهەمەکانیان بە ساڵی چاپ و ژمارەی لاپەڕەوە ڕاگەیەندراوە و بەو پێیە، کتێبێکی سەرچاوەییە.

ناوەکان بە تەرتیبی ئەلفوبێ ڕێکخراون و لە ناویاندا هەندێکیان پەیوەند بە بۆکانەوە پەیدا دەکەن. لە ڕێگەی هەر ئەوانەوە دەزانین بۆ نموونە نەمر حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی دوو جار دیوانی میسباحیان چاپ کردووە یا ئەندامێکی بنەماڵەی قزڵجی لە بەغدا دوو ڕیسالەی خۆی چاپ کردوون.

ئەوانەی خوارەوە ئەو بابەتانەن وا بۆکان یا خەڵکی بۆکان دەگرنەوە. من لەو کاتانەدا مامۆستا هەژار وەک بەشێک لە بۆکان چاو لێدەکەم، گەرچی دەزانم لە مەهاباد لەدایکبووە و لەوێش نێژراوە و هەمیشەش هەر خۆی بە خەڵکی مەهاباد زانیوە و دیارە منیش هەر بە مەهابادیی دەناسم. هۆی ئەم کارەشم ئەوەیە هەڕەتی لاوی و ژیانی سیاسیی مامۆستا لە بۆکان تێپەڕ بووە و هەر لە بۆکانیشەوە ڕووی لە گەرمێن کردووە. دوکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازیش هەر مەهابادییە لەبەروەی لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهابادە، بەڵام بە حیسابی ژیان لە گوێگجەلی نێوان میاندواو و بۆکان وا هەیە پێویست بێ لە سەرچاوە بۆکانییەکانیشدا ناوی ببرێ.

گرنگ ئەوەیە ئەو کەسایەتییانە ئاوڕیان لێبدرێتەوە و لە بیر نەکرێن، دەنا چ گرنگ نییە کامیان لە کامە گوند ژیاون و ئەو گوندە چەند کیلۆمیتر لەم شار نزیکە و چەند لەوی دیکە دوورە. ئەم بابەتانە جێگەی بەرچاوتەنگی و دەمارگیری نین و من ئەم ماندووبوونە بۆ کارێکی چەپەڵی ئەوتۆ ناکەم کە ئاگری جیاوازی و تەفرەقە

خۆش بکا.

ئەوە بابەتەکانی سەبارەت بە بۆکان:

٤٢. ئەحمەدی کۆر، موکریان ( ١٨٥٦):

ـ دیوانی ئەحمەدی کۆر، پاکستان ١٩٦٣، ٤٨ لاپەڕە (ل ١٣)؛

٥٢. ئەدەب (عەبدوڵڵابەگی میسباحوددیوان ١٨١٢ ـ ١٨٦٠):

ـ دیوانی ئەدەب، ڕەواندز، زاری کرمانجی، ١٩٣٦، ٥٢ لاپەڕە. دیوانی ئەدەب، هەولێر، کوردستان، ١٩٦٦، ١٢٠ لاپەڕە. مصباح‌الدیوان، بەغدا، ١٩٣٩، ١٣٠ لاپەڕە (ل ١٥)؛

٧٨. ئیبراهیم ئەفخەمی: دیوانی ئەفخەمی، مەهاباد، ١٩٧١، ١٩٢ لاپەڕە (ل ١٩)؛

١٨٥. حەسەن زیرەک: چریکەی کوردستان، تاران، ڕەنگین، ١٩٦٦، ٥٠ لاپەڕە (ل ٤٥)؛

١٨٦. حەسەن سەلاح (سۆران):

ـ دیوانی سۆران، تەوریز، قامیش [دەبێ «تابش» بێ]، ١٩٦٦، ١٥٠ لاپەڕە؛ کتێبخانەی سۆران، لەندەن، ڕۆنیۆ، ١٩٧٩، ٤٥٠ لاپەڕە (ل ٤٥)؛

١٨٩. حەسەن قزڵجی ( ١٩١٣ ـ ١٩٨٤): پەیمانی دوولایی (ج)، ١٩٥٩، ٣٨ لاپەڕە. پێکەنینی گەدا، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٢، ١٤٩ لاپەڕە (ل ٤٦).

٢٤٢. ڕەحیمی قازی:

ـ پێشمەرگە (ج)، بەغدا، وەفا، ١٩٦١، ١٦٠ لاپەڕە (ل ٥٤).

٣٧٨. عەبدوڕڕەحمان هەژار (عبدالرحمن مصطفی موکریان[ی] ١٩٢٠):

ـ بۆ کوردستان (د)، بەیروت، عیتانی، ١٩٦٥، ٢٠٠ لاپەڕە؛ بەیتی سەرەمەڕ (د)، شام، ١٩٥٧، ١٦ لاپەڕە؛ خەیام، وەرگێڕان لە فارسییەوە، بەیرووت، عیتانی، ١٩٦٨، ١٠٢ لاپەڕە؛ شەرەفنامە، وەرگێڕان لە فارسییەوە، نەجەف، نەعمان، ١٩٧٢، ١٠١٦ لاپەڕە؛ هۆزی لە بیرکراوی گاوان، وەرگێڕاو لە عەرەبییەوە، بەغدا، کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٣، ١٠٨ لاپەڕە (ل ٨٠ و ٨١).

٤٠٩. عبدالهادی افخم‌زادە:

ـ مولودنامەی حضرت رسول‌الله، مهاباد، ١٩٥٠، ٣٢ صفحە (ل ٨٨).

٥٩٩. محەممەد قزڵجی (سابڵاخ ١٨٩٥ ـ بەغدا ١٩٥٩):

ـ چل فەرموودەی پێغەمبەر، بەغدا، نەجاح، ١٩٣٥، ٤٤ لاپەڕە؛ التعریف بمساجد السلیمانیە و مدارسها الدینیە، بەغدا، ١٩٣٨، ٥٣ لاپەڕە (ل ١٣١).[١]

١. مستەفا نەریمان، «فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد»، چاپی ئەمینداریەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا، ١٩٨٦، ١٥٤ لاپەڕە، کوردی.

## ئافرەتە ناودارەکانی کورد

ئەم کتێبە بە کوردی نووسراوە و پاشان وەرگەڕاوەتەوە سەر فارسی. نووسەر «عەبدالجبار محمد جباری» ژیاننامەیەکی کورتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ناوداری کورد نووسیوە و وەرگێڕیش هەندێکی دیکەی داوەتە دەم، بەڵام بەداخەوە شێوازی کارەکەی زۆر ڕێکوپێک نییە و ڕوون نابێتەوە ئایا کام بەشی هی نووسەرە و کام بەشی لەلایەن وەرگێڕەوە زیادکراوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە ژنانی ناودار لە نێو کورددا زۆرن و بەو چەند لاپەڕەیە ناکرێ و نابێ کۆتایی بە کاری توێژینەوە لە ژیانیان بهێنین.

هەر چۆنێک بێ، کتێبەکە باسی دوو شێرەژنی کردووە کە ناوچەی بۆکان دەگرنەوە و هۆی دامەزراندنی باسەکەش لێرەدا هەر ئەم دوو کەسەن.

- عایشە تورجانی - کچی عەللامەی قزڵجی، کە خوێندەوار و زانایەکی ئایینی بەناوودەنگ بووە لە ناوچەکەدا (لاپەڕە ٦٣)؛ بۆ زانیاریی زیاتر دەکرێ خوێنەر یادداشتەکانی کاک جەعفەری قزڵجی بخوێنێتەوە لەسەر سایتی ڕۆژهەڵات/بۆکان، کە بەگوێرەی ئەو، «مەلا ئایشێ»ی قزڵجی دایکی خوالێخۆشبوو قازی موکری بووە.
- زرافشانخانم (زێڕوەشانخانم)ی موکری، کە لە هۆزی فەیزوڵڵابەگی و دایکی سێ شەهیدی گەورەی کوردستان عەبدوڵڵاخانی مەتین، ئەحمەدخانی فارووقی و محەممەدخانی دانیشوەر بوو، کە هەرسێکیان دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە سەقز لە داری بێداد دران.[١]

١. عبدالجبار محمد جباری، «گزیدەای از زنان نامدار کرد»، ترجمە احمد محمدی، ناشر: مترجم، سنندج، ١٣٨٠/ ٢٠٠١، ١٠٢ صفحە، فارسی.

## ناودارانی کورد و کوردستان

ئـەوەی لـە ڕابـردوودا پێـی دەگوترا «اعلام» یـا «رجال» یا «علم الرجال» و ئێسـتا بە «مێژووی ناوداران» دەناسرێ، بۆ شارەزایی لە کورتەی ژیانی کەسایەتیی مێژوویی گەلان بەسوودە و دەیان چەشن و شێواز بۆ نووسینی هەیە. ئەم بابەتە لە ڕابردوودا بۆ کورد نەبووە و وا هەیە بتوانین بڵێن نەمر ئەمین زەکیبەگ یەک لە پێشـڕەوانی کارەکە بووە کە کتێبی بەنرخی «مشاهیر الکرد و الکردستان»ی بە عەرەبی نووسی و بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٤٥ و بەرگی دووهەمی لە ساڵی ١٩٤٧دا بڵاوکردەوە.

لـە کتێبەکـەدا زانیاریـی ڕاسـتەوخۆ لەمەڕ بۆکان کـەم دەکەوێتـە بەرچاو، بەڵام سـەبارەت بە هەندێ کەسـایەتیی مێژوویی، سیاسـی، زانسـتی و هونەری موکریان زانیاری دواوە، کە ئاشکرایە بۆکانیش دەگرنەوە، واتە نابێ چاوەڕوان بین کەسانێک کـە لـە ناوچەکـەدا دەوری مێژوویییان بینیـوە، حەتمەن ناوی بۆکانیان بەسـەرەوە بێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم سـەرچاوەیە کەمتر باسـی بۆکانی تێدایە، بەڵام گەڕانی مـن بەنێـو لاپەڕەکانـیدا لایکـەم ئـەم سـوودەی دەبـێ کـە نووسـەرانی دواڕۆژی مێژووی بۆکان پێویسـت نەکا سـەرلەنوێ بەو هەمووە لاپەڕەیەدا بچنەوە و بتوانن بە ئیعتیباری ڕاگەیاندنەکەی من، ڕاستەوخۆ بچنە سۆراغی لاپەڕەی دیاریکراو.

کتێبەکـە لـە دوو بـەرگ پێکهاتـووە و ناوی کەسـان، بەگوێرەی پیتـی ئەلفوبێ بەدوای یەکدا هاتوون. بەرگی یەکەم پیتی ئەلف تا ظ و بەرگی دووهەم، پیتی ع تا یاء دەگرێتەبەر.

لە بەرگی یەکەمدا ناوی گەلێک لە ئەمیرانی موکری وەک ئەمیرەبەگ، ئەمیرەپاشا، بوداقخان، بوداقسوڵتان، دووشێخحەیدەر، ئەمیرسلێمان، ئەمیرسەیفەددین، شێربەگو سـارمبەگی موکـری هاتـووە و ژیاننامەیەکـی کورتـی چەنـد دێڕیی بـۆ هەرکامیان نووسراوە.

لە بەرگی دووهەمدا ناوی ئەم کەسایەتییانە هاتووە کە هەندێکیان خەڵکی بۆکان

یـا دەوروبــەری بۆکانن. من ناوەکان بەگوێرەی ژمارەی پێدراوی ئەمین زەکی و بە دیاری کردنی پیت ڕادەگەیەنم:

٧٢ ع. عەبدوڵڵابەگی میسباحوددیوانی ئەدەب؛

٨١ ع. مەلا عەبدوڵڵا پیرەباب؛

١٥٩ ع. [عەللامە] مەلا عەلی قزڵجی؛

١٣ ق. قوبادبەگی موکری؛

٢٠ م. حەمەحوسێنخانی سەردار؛

٣٩ م. مەلا محەممەد الکلولانی؛

١٤٠ م. مەنسووربەگی موکری؛

سەبارەت بە مەلا محەممەد «الکلولانی» دەبێ بڵێم دەبێ گڵۆڵانی بێ کە «گڵۆڵان»یش گوندێکی گەورکایەتییە پێشتر سەر بە بۆکان بووە و ئێستا بەشێکە لە سەقز.

نووســەر لــە باســی حەمەحوســێنخانی ســەرداردا دوو فــەرد شــێعری «سالارســەعید»ی هێنــاوە کــە ئاماژەیە بــە ئیعدامی ئــەو کەســایەتییە مەزنەی کورد لەلایەن تورکی عوسمانییەوە لە سەرەتاکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و تاڵانوبڕۆی ماڵ و مڵکەکەی. ئاشکرایە سالارسەعید ناسناوی «عەلیبەگی حەیدەری» خاوەنمڵکی گوندی «ســەراو» لە باشــووری شــاری میانــدواو و نوێنەری مەهاباد لــە پەرلەمانی ئێرانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییە:

**«حــەشر و واوەیلایە ئەمــڕۆ، کەربەلایە شــارمان**
**کوشــتن و تاڵان و یەخســیرە کەوا دێــن و دەبەن**
**ئەی خودا! ئەکراد یەخسیری هەموو میللەت بوون**
**دەی «عەلی»، تاچاک نەفەوتاون، بڵێ فکرێ بکەن!»**[1]

**(ل ١٣٠، بەرگی ٢)**

---

١. محمدامیــن ذکــی، «مشــاهیر الکرد و الکردســتان فی الدورالاســلامی»، الجــزءالاول، مطبعة التفیـض الاهلیـە، بغـداد ١٩٤٥، الجزء الثانی، راجعە و نقحە و اضاف الیە الاسـتاذ محمد علی عونی، مطبعة السـعادە بجواز محافظة مصر، ١٩٤٧، (عەرەبی)، بەرگی یەکەم ٢٨٩ و بەرگی دووهەم ٢٦٨ لاپەڕە، عەرەبی.

## مێژووی ناودارانی کورد

لەباری گرنگایەتییەوە، پێویستە دەسبەجێ دوای «مشاهیر الکرد و الکردستان»ی ئەمین زەکیبەگ باس لە سێ بەرگ کتێبی بەنرخی بابامردوخ ڕۆحانی (شیوا) بکەین کە بە فارسی نووسیویەتی. بەداخەوە هیچکام لەو کتێبانە بە زمانی نەتەوایەتیمان نین و ئەوەش جێگەی دەرسوەرگرتنە. لە کاتێکدا دەکرێ کتێب بە کوردی بنووسرێن و پاشان وەربگەڕێنە سەر زمانی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان، ئێستاش هەر گرنگایەتی بە زمانی بێگانە دەدەین و ئەوەش جێگەی داخە. دیارە ئەم حەسرەتخواردنە کەم تا زۆر لەو نرخە کەم ناکاتەوە کە دەبێ بە ئەرک و زەحمەتی ئەم دوو گەورە پیاوە بدرێ و لەو ڕێزەی کە بۆ ڕچەشکێنیی ئەوانی دادەنێین.

لە کتێبی «بابا مردوخی ڕۆحانی»دا گەلێک ناوی پەیوەندیدار بە ناوچەی موکریان و بۆکان هەیە و من لێرەدا لیستەیەکیان لێ پێکدەهێنم، بەو هیوایەی کە لە دواڕۆژدا ئەو لیستەیە زیاتر و گەورەتر ببێتەوە، بەڵام پێشتر با ئەوە بڵێم گەلێک سەرچاوەی گرنگ هەن کە دەتوانن بابەتی پەیوەندیدار بە کەسایەتیی خەڵکی بۆکانیان تێدابێ و پێویستە ئەوانەش سەیر بکرێن. لەوانە، یەکیان «لغتنامە دهخدا»یە بە فارسی و «قاموس الاعلام» و «اعلام کرد العراق» (بۆ ئەو بۆکانیانەی وا پەڕەوازەی باشوور بوون و لەوێ گیرساونەتەوە) بە عربی و...

بەرگی یەکەم:

١. ملا محمد کلولانی [کە دەبێ «گڵۆڵانی» بێ]، ص ٢٢٤؛

٢. ئەحمەد کور، ص ٢٦٨؛

٣. علامە ملا علی قزلجی تورجانی، ص ٤٤٦.

بەرگی دووهەم:

١. احمد ترجانیزادە، ص ٤٤٢؛

٢. ملا احمد ربانی، ص ٢١٦؛

۳. ادب مکریانی (مصباح)، ص ۲۲۳؛

۴. حافدی قزلجی، محمدسعید، ص ۳۶۵

۵. حزنی مکریانی [بە حیسابی مەوتەنی باووباپیرانی]، ص ۲۸۹؛

۶. حیدری مهابادی [عەلیبەگی سالارسەعید]، ص ۳۲۴؛

۷. سوارە ایلخانیزادە، ص ۴۰۵؛

۸. شفیعی بوکانی، ص ۳۲۷؛

۹. ملا صالح ایوبی مکریانی، ص ۳۳۴؛

۱۰. حاجی عبدالرحمنآقا مهتدی، ص ۳۷۸؛

۱۱. ملا عبدالرحیم هەوشاری، ص ۲۶۳؛

۱۲. ملا محمدحسن ترجانی، ص ۱۱۴؛

۱۳. ملا محمدحسین ترجانی، ص ۱۳۸؛

۱۴. ملا محمد ترجانیزادە، ص ۳۶۳؛

۱۵. ملا معروف کوکەای، ص ۲۷۵.

بەشی دووهەم (بەرگی سێهەم):

۱. شاهانی ماد، ص ۱ ـ ۵؛

۲. حکام مکری و سرداران، ص ۳۷۱ ـ ۳۸۴؛

۳. سیفالدینخان سردار مکری، ص ۳۷۱؛

۴. عباسآقا دهبکری، ص ۵۸۰؛

۵. عزیزخان سردار کل مکری، ص ۳۷۶؛

۶. محمدحسینخان سردار مکری، ص ۳۸۴؛

ڕوانین بە «تاریخ مشاهیر»ی نەمر بابامەردۆخدا دەریدەخا کە پێویستە دواڕۆژ کەسانێکی تر ئەم کارە گەورەیە درێژە پێ بدەن و لە ڕێگەی پشکنینی سەرچاوەکانەوە ناوی گەلێکی تر لە ناودارانی کورد زیندوو بکەنەوە. لەم پەیوەندییەدا زۆر وا هەیە ناوی ناودارانی بۆکانیش بێتە گۆڕێ. بۆ نموونە، هەر لە بەرگی سێهەمدا باسی سێ سەرداری بۆکان کراوە و سەردار عەلیخان کە چوارەمیان بوو، ناوی نەهاتووە،

بە هەمان شـێوە شـاعیرانی وەک: ئاوات، هێدی، نووری، حەقیقی، ئەفخەمی، وەفا و عالمانی ئایینی وەک: مەلا کەریمی شاریکەندی، مەلا هادی ئەفخەمزادە و...[١]

١. بابامـردوخ روحانـی (شـیوا)، «تاریـخ مشـاهیر کـرد: عرفا، علما، ادبا، شـعرا»، انتشـارات سـروش، تهـران، جلـد اول ١٣٦۴/ ١٩٨٥، ۴٧۴ صفحه، فارسـی، جلـد دوم ١٣٦٦/ ١٩٨٧، ۴٨٩ صفحه، فارسـی، بخش دوم (جلد سـوم) امرا و خاندان‌ها، بەکوشـش ماجد مردوخ روحانی، ١٣٧١/ ١٩٩٢، ٦٩١ صفحه، فارسی.
[**تێبینـی**: بەختەوەرانە کاک ماجد مەردۆخ ڕۆحانی ئەم بەرهەمەی باوکی کردۆتە کوردی و سـاڵی ٢٠١١ ـ ٢٠١٢ ئاکادیمیـای کـوردی بەنـاوی «مێـژووی ناودارانـی کـورد»ەوە چاپـی کردووە.]

## زانایانی کورد

کتێبی زانایانی کورد نووسراوی مامۆستا محەممەدساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)، زانیاریی لەمەڕ چەند کەس لە زانایانی بۆکان گرتۆتەبەر. لە کتێبەکەدا سەرجەم ژیاننامەی ٢٩ کەسایەتی و هەروەها لیستەی ناوی ١٥ مۆسیقار و گۆرانیبێژ و بەیتچڕ لە کتێبەکەدا هاتووە، کە هەندێکیان ناوچەی بۆکان دەگرنەوە.

بەداخەوە کتێبەکە شێوازێکی ڕێکوپێکی نییە و گەلێک بابەتی بە تێکەڵاوی و شێواوی تێدا گردوکۆ کراوە، بەڵام هەر چۆنێک بێ ژیاننامەی ئەم کەسایەتییانەی ناوچەی بۆکانی تێدا نووسراوە:

- کامیلشا ئیمامزەمبیلی (ئاوات) لاپەڕە ٥٧ ـ ٧٣؛
- مەلا عەبدولکەریم مستەفاپوور (شاریکەندی) لاپەڕە ١٧٧ ـ ١٨١؛
- مەولانا مەلا مارف کۆکەیی لاپەڕە ١٩٥ ـ ٢١١؛
- خاڵەمینی بەرزنجی (پارچە شێعرێک) لاپەڕە ٢٠٩ ـ ٢١٢؛
- حەسەن زیرەک و چەند گۆرانیبێژی دیکەی موکریان لاپەڕە ٢٦٥ ـ ٢٦٦.

هەروەها لە بەشی تایبەت بە مەلا مارفی کۆکەییدا، پارچە شێعرێکی خاڵەمین بەناوی «کۆکە» چاپ کراوە، کە پێم باش دەبوو لێرەدا بڵاوبکرایەتەوە، بەڵام لەبەر هەڵەوپەڵەی گەلێک زۆر، خۆم لێبوارد. گوندی «کۆکە»ی نێوان مەهاباد و بۆکان، شوێنی لەدایکبوونی مامۆستایان مەلا مارفی کۆکەیی، خاڵەمینی بەرزنجی و عەباسی حەقیقییە و جێگەی خۆیەتی بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەی دوارۆژی لێکۆڵەرانی ناوچەکە.[١]

١. محەممەدساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)، «زانایانی کورد»، چاپی چاپەمەنی محەممەدی، سەقز، ١٣٧٩/ ٢٠٠٠ تاران، ٢٧٥ لاپەڕە، کوردی.

## بلیمەتانی کورد

لە ڕۆژانی ١٤ تا ١٦ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی (١٩٩٦ی زایینی) کۆنگرەی ڕێزگرتن لە زانیارانی کورد لە شاری سنە بەڕێوەبرا. لە کۆنگرەکەدا ڕێز لە هەندێک زانا و ئەدیبی کۆن و نوێی کورد گیرا و وتاریان لەسەر خوێندرایەوە. پاشان کۆمەڵەی وتارەکان لەلایەن ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبییەوە لە ورمێ لە دوو بەرگدا بڵاوکرایەوە (ساڵی ١٣٧٧ هەتاوی/ ١٩٩٩ زایینی).

نێوەرۆکی وتارەکان بەرز و نزمیی زۆریان تێدایە، بەڵام سەرجەمی کارەکە، بەگوێرەی بارودۆخی ئەو ساڵانە و نەبوونی ئازادی و سەربەستی، کارێکی باش و بەڕێوجێ بوو.

لە وتارەکاندا بۆکان شوێنێکی دیاری هەیە. لەو ١٣ کەسەی وا لە کۆنگرەکەدا ڕێزیان لێگیراوە و باسیان لەسەر کراوە ٢ کەسیان بۆکانین (مامۆستا ئەحمەدی تورجانیزادە و نەمر سوارەی ئێلخانیزادە)، هەروەها مامۆستا هەژاری موکریانی کە بەشێکی بە بۆکانەوە هەیە.

لەنێو ئەو کەسانەشدا کە وتاریان پێشکەش کردووە، ١٠ کەسیان بۆکانین. لە خوارەوە لیستەی ناوی ئەو کەسانە و بابەتی وتارەکەیان دیاری دەکەم:

بەرگی یەکەم:

| ناو | بابەت |
|---|---|
| مەلا ڕەحمانی ناسری | مەلا ئەبووبەکری موسەنیف |
| عمر سلطانی (وفا) | دو نسخە خطی از مستورە کردستانی در کتابخانەهای لندن |

بەرگی دووهەم:

| ناو | بابەت |
|---|---|
| محەممەد نووری | شێخ محەممەد مەریوانی (قانع) |
| عباس ایلخانی‌زاده | یادی از استاد احمد ترجانی‌زاده |
| جەلالەددین شافیعی کورد | ئەحمەد تورجانی‌زادە |
| ناسر وەحیدی | مامۆستا هەژار |
| یۆنس ڕەزایی | هێمن، شاعیرێک لە مەیدانی سووتان و هەرماندا |
| عومەر ئێلخانی | سوارە |
| مستەفا ئێلخانی‌زادە | سوارە و شێعری نوێ |
| عومەر حیسامی | سوارە لە پێ ڕاستییەکانی ژیانی |

توێژەری مێژووی ئەو کەسایەتییانە دەتوانێ بچێتە سۆراغی وتارەکان.[١]

١. کنگره بزرگداشـت فرزانگان کرد، انتشـارات صلاح‌الدین ایوبی، چاپ اول، ١٣٧٧/ ١٩٩٩، بەرگی یەکەم ۴۴۶ لاپەڕە، بەرگی دووهەم ٩٧١ لاپەڕە، کوردی و فارسی.

## گوڵزاری شاعیرانی کوردستان

نووسینی مێژووی ئەدەبی بۆکان پێداویستییەکی گرنگە و بۆ ئەم کارە دەبێ بەڵگە و سەرچاوەی باش بدۆزرێتەوە.

کتێبی «گلزار شاعران کردستان» ئامادەکردنی «سید عبدالحمید حیرت سجادی»یە، کە ساڵی ١٣٦۴/ ١٩٨٥ بڵاوکراوەتەوە. لە کتێبەکەدا ناو و نموونەیەکی کورت لە شێعری ٢٥٠ شاعیری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراوە. زۆربەی شاعیرەکان خەڵکی کوردستانی ئەردەڵان و بەتایبەت سنەن، هەندێک شاعیری ناوچەی موکریانیشیان لەگەڵ خراوە و تەنانەت چەند کەسی وەک نالی و مەلای جزیری و شێخ ڕەزاش لە ناویاندا دانراون.

بەڵام ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، ئەم شاعیرانەن:

١. ئەدەب، مەهابادی (عەبدوڵڵا، میسباحوددیوان)، ١٢٢٧-١٣٣١ی کۆچی؛

٢. تورجانی، مەهابادی (مەلا ئەحمەد تورجانیزادە)، ١٣١٩-١٣۶٠ی کۆچی؛

٣. جەوهەری، بۆکانی (مەلا حەسەن) سەرەتای سەدەی چواردەی کۆچی؛

۴. حافیدی، بۆکانی (مەلا محەممەدسەعید حافیدی قزڵجی)، ١٢٩٢-١٣٨٣ی کۆچی؛

٥. حەقیقی، بۆکانی (عەباس)، ١٢٨١-١٣٧٥ی هەتاوی؛

۶. حەیدەری، مەهابادی (عەلیخانی سالارسەعید)، ١٢٩٠ - ١٣٢٨ی هەتاوی؛

٧. سوارە، بۆکانی (ئێلخانیزادە)، ١٣٢١-١٣٥۴ی هەتاوی؛

٨. شەفیعی، بۆکانی (مەلا عیسامەددین)، ١٣٠٠-١٣٧۴ی هەتاوی؛

٩. سیدقی، بۆکانی (مەحموود)؛

١٠. مەلا محەممەدحوسێنی تورجان (کوڕی مەلا عەلی تورجانی)، ١٢٧٨ - ١٣٣٥ی کۆچی؛

١١. مەلا مەعرووف کۆکەیی، ١٢٥٣-١٣٢۴ی هەتاوی؛

١٢. وەجدی، بۆکانی (مەلا محەممەدحەسەن قزڵجی)، ١٢٧٤-١٣٢٧ی کۆچی؛

١٣. وەجدی، بۆکانی (محەممەد)، ١٣٠٧ـ١٣٦٦ی هەتاوی؛

١٤. وەفا، بۆکانی (عومەر سوڵتانی) ١٣١٨ـ١٣٨٤ی هەتاوی؛

ساڵ و مانگەکان هەڵەیان تێکەوتووە و پێویستیان بە پێداچوونەوەیە.[1]

---

١. سید عبدالحمید حیرت‌سجادی، «گلزار شاعران کردستان»، ناشر: مؤلف، سنندج ١٣٦۴.

## چیرۆکنووسانی بۆکان

ژمارەیەک چیرۆکنووس لە بۆکان هەڵکەوتوون کە بەشێک لە مێژووی فەرهەنگی بۆکانن، جا بابەتی نووسراوەکانیان لە بۆکان ڕووی دابێ یان نا.

پێشڕەوانی کاروانی چیرۆکنووسانی بۆکان، بێگومان مامۆستا قزڵجییە و دەسبەجێ دوای ئەو دەبێ باس لە بەڕێز کاک سەلاحوددینی موهتەدی و کاک سوارەی ئێلخانیزادە و کاک حەسەن ئەیووبزادە بکرێ.

چیرۆکی «نان و فیشەک» و چەند چیرۆکی دیکەی کاک سەلاح لە ڕۆژانی ڕەشی ڕژیمی شا و توندوتیژییەکانی ساواک لە کوردستان، بەنهێنی سەریان بە ماڵی هەموو خەباتگێڕان و ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا کرد. هەروەها کارەکانی کاک سوارەی نەمر کە بەختەوەرانە بەشی زۆریان لە ڕادیۆی کوردی تارانەوە بڵاوبوونەتەوە و دواتر لە کتێبی«تاپۆ و بوومەلێڵ»یشدا چاپ بوون، سەرەتایەکی باش بوون بۆ بەرزبوونەوەی دیواری قەڵایەک کە ئێستا چیرۆکنووسیی لاوانی بۆکانە و بەختەوەرانە خەڵکانێکی لێهاتووی زۆر خۆیان تێدا حەشار داوە.

ئەم یادداشتانە دەرەتانی پێڕاگەیشتن بە کاری یەکیەکەی چیرۆکنووسەکانی بۆ نییە، بەڵام لێرەدا لیستەیەک لە ناو و شوێنەواری ئەو کەسانە دەنووسمەوە کە نووسینەکانیانم لە بەردەستدایە.

بۆ کەسانێک کە دەستم بە نووسینەکانیان ڕانەگەیشتووە دەبێ دواتر کاتێ کە شارەزاییەکیان لێ پەیدا بکەم، لیستەیەکی جیاواز ڕێکبخەم.

نەمر حەسەن قزڵجی کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدا

نەمر سوارە ئێلخانیزادە دوا بەرهەمی، واتە کتێبی شەنگەسوار

سەلاحوددینی موهتەدی نان و فیشەک و...

ئەنوەر ئێرانزادە «تاقەدار» و... (لە چیرۆکی تاقەداردا ڕووداوی پێش و دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی باسی کراوە و ناوی زۆر

کەسایەتیی خەڵکی بۆکان هاتووە). هەروەها نووسەری ئەو دوو ڕۆمانەشە بە فارسی: فقرەقا، پرستو.

| | |
|---|---|
| حەسەن ئەیووبزادە | |
| عومەر حەمیدی | |
| فەتاح ئەمیری | هەوارەبەرە، میرزا و زیندەخەو |
| حسێن شێربەگی | شاربەدەر، دۆنادۆن، ئاوازی کریسمەس و... |
| محەممەد ڕەمەزانی | |
| سولەیمان فەڕشی | |
| ناسر وەحیدی | خەوەڕاو |
| بریا کاکەسووری | سیاسووت |
| عەلی غوەلامعەلی | |
| ماپارە ئیبراهیمی | |
| ئەحمەد تاها | گوڵی نیشتمان |
| حەمەدەمین شامحەممەدی | قەڵا |
| مستەفا ئێلخانیزادە | |
| ڕەحمان سۆفی | نۆرماڵ |
| عومەر مەولوودی | هەزار ئەشکەوت |
| سولەیمان عەبدوڕڕەحیمزادە | |
| قادر هیدایەتی | گابۆڕ، تۆقی عەزازیل، دەنگی نوختە، بەردێک لە بەردێک |

## چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دەقی وتووێژێک لەگەڵ ڕێزدار حسێن شێربەگی لە ماڵپەڕی «سیروان»دا بڵاوبۆوە. وتووێژەکە، گەلێک بەنێوەرۆک و ڕوونکەرەویە و لە دوو لایەنەوە پەیوەندیی بە بۆکانەوە پەیدا دەکا. لە وتووێژەکەدا ئاماژە بە هەندێک کاری شانۆیی لە بۆکان و کەسایەتیی وەک سوارەی ئێلخانیزادە و حەسەنی قزڵجی و ڕەحیم سەیفی قازی و سەلاحی موهتەدی و محەممەد ڕەمەزانی کراوە. وەک چیرۆکنووس هەروەها کاک حسێن خۆی بۆکانییە، واتە پەیوەندییەکی دوولایانە، ئەم وتووێژە بەو باسەوەدەبەستێتەوە. ناوی وتارەکەی ماڵپەڕی سیروان بەو چەشنەیە: «ڕەوتی چیرۆکی کوردی لە کوردستانی ئێران»، بەڕێوەبەری وتووێژەکەش هەر ماڵپەڕی سیروانە، کە خۆی سەرچاوەیەکی بەنرخ بوو بۆ هونەر و ئەدەبی کوردی و بەداخەوە وەستاندیان. هیوایە کاری دوایی کاک حوسێن ناساندنی چیرۆکنووسەکانی کورد بێ کە لە نێویاندا لاوی بۆکانی کەم نین.

چیرۆکی هونەری هەتاهەتایە، هەر ماوە و نامرێ

کاک حسێن با باسەکەمان لە دەسپێکی چیرۆکی کوردی کوردستانی ئێرانەوە بێ.

- پێشوازی لە پێشنیازەکەتان دەکەم، چونکە ئەم دەرفەتەم بۆ دەڕەخسێ تا جارێکی دیکەش سپاس و ئەمەگداریی خۆم ئاڕاستەی بناغەدانەری چیرۆکی کوردی لە کوردستانی ئێران بەڕێزی نەمر زیندەیاد مامۆستا حەسەن قزڵجی بکەم و هەروەها سپاس و ئەمەگداری و ڕێز و خۆشەویستی ئاڕاستەی تێکۆشەرانی پێشەنگی ئەم بوارە، زیندەیادانی نەمر مامۆستا سوارە ئێلخانیزادە و دوکتۆر ڕەحیم قازی بکەین.

بەڕاستی بێتوو«گی دۆمۆپاسان» بە ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵگای فەرەنسی و پەرەپێدەری کورتەچیرۆکی ئورووپایی و ڕۆژاوایی لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بناسین یان ئانتوان چیخۆف ویژدانی هۆشیار و بێدار و شێوەکاری

هونەرمەندی کۆمەڵگای ڕووسی بێ لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەوە مامۆستا حەسەن قزڵجی ئەرکی هەردووکی ئەم نووسەرانە و بەردی سەرشان و کۆڵی هەردووکیانی بە تەنهایی وەئەستۆ گرت و سەرکەوتووش بوو.

باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ (ساڵانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٦ زایینی)، یانی سەرەتای ڕۆنیسانسی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران و جموجووڵی کۆمەڵەی «ژ. ک» و کۆماری کوردستان، کە لەو کاتەدا فۆرماسیۆنی ئابووری و ڕامیاریی ئێمە فۆرماسیۆنی فیئۆداڵی بوو و داب‌ونەریتی عەشایەری و خێڵەکی بەسەر خەڵک و کۆمەڵگا و کولتوورمان‌دا زاڵ‌بوو، لە بارودۆخ و بڕگەیەکی ئاوادا کە زۆربەی خەڵک نەخوێندەوارن و ئاگایان لە نووسین و خوێندنەوە و کتێب نییە، تەنانەت خوێندەوارانی پێشەنگیش زۆربەی زۆر و لە سەدای نەوەدیان سەرقاڵی شێعر دەبن (هەڵبەت ئەو خوێندەوارە پێشەنگانەی کە خەریکی خوێندنەوە و نووسینن، نەک خوێندەواری ئاسایی و ڕەشۆکی و دوور لە موتاڵا و خوێندنەوە)، لە بارودۆخێکی ئاوادا مامۆستا قزڵجی دێ و چیرۆک دەنووسێ و ئەویش چیرۆکی سەرکەوتوو، کە ئەوا لەپاش نێزیک شەست ساڵ هێشتا بۆ زۆر کەس سەرمەشق و نموونەی چیرۆکی سەرکەوتوون.

چیرۆکەکانی ئەو بڕگەیەی مامۆستا لە گۆڤاری «هەڵاڵە»دا کە لە بۆکان و لەژێر چاوەدێریی خۆیان‌دا دەردەچوو، هەروەها لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا کە ئۆرگانی کۆمار بوو چاپ دەبوون. ئەم چیرۆکانە و چەند چیرۆکێکی دیکەی مامۆستا پاشان لە کتێبی «پێکەنینی گەدا»دا لە چاپ دران و لە قەوارەی کتێب‌دا بڵاوبوونەوە. کاریگەریی مامۆستا قزڵجی بەسەر چیرۆک و چیرۆکنووسانی ئەم‌دیو و ئەودیوی کوردستان‌دا شتێکی سەلماوی حاشاهەڵنەگرە و هەمووان پێی پێیادەنێن.

وەکوو چۆن هەر هەموو چیرۆکنووسانی ڕووسیە لەژێر «شنیل»ی نیکۆلای گووگووڵ‌دا هاتنەدەر، ئێمەی چیرۆکنووسی کوردیش هەر هەموومان قەرزارباری مامۆستا «حەسەن قزڵجی»ن.

ئا لێرەدا ڕەنگە ئەم پرسیارە بێتە پێشێ و پرسیار بکرێ بۆچی؟ ئەوە پرسیارێکی زۆر جوان و باشی فکرییە لە ئەدەبی کوردی‌دا و مافی هەموومانە بزانین بۆچی...؟

لە وەڵامدا پێم وابێ زۆر باشە ئاماژە بە سێ هۆکاری سەرەکی بکرێ:

١. چونکە مامۆستا قزڵجی بناغەدانەری چیرۆکی کوردی لە کوردستانی ئێرانە و یەکەم کەس بووە کە لەمدیودا کورتەچیرۆکی هونەریی کوردیی نووسیوە.

٢. لەبەروەی وێڕای لەبەرچاوگرتنی بڕگە و خولی خۆی و فۆرم و ئاستی چیرۆک لەو بڕگە زەمانییەدا، چیرۆکی مامۆستا زۆر سەرکەوتوو و پێشکەوتوون. یانێ چیرۆکەکانی کتێبی «پێکەنینی گەدا» لەپاش نووسینیان بەردەوام خوێندراونەتەوە و قسەوباس و مشتومڕیان لێ ساز بووە و بە ئاسەوار و بەرهەمی باش و سەرکەوتوو ناسراون.

٣. مێژوو سەلماندوویەتی کە گەورەپیاوان زۆر جار بەپێچەوانەی ڕۆیشتنی ئاوی ڕووبار مەلە دەکەن و مامۆستاش هەر وای کرد، یانی لەجیاتی ڕوو لە شێعر کردن و شێعر گوتن، وەشوێن چیرۆک کەوت. من لە وتاری «چریکەی چیرۆکی چوارچرا»دا ئاماژەم بە بارودۆخی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی سەردەمی کۆماری کوردستان کردووە و دەسنیشانم کردووە کە لەو خول و بڕگەیەدا و لە فۆرماسیۆنی فیئۆدالیدا زیاتر لە سەدای نەوەدی خەڵک نەخوێندەوار بوون و خوێندەوارانیش لە سەدای نەوەدیان، لە شێعر بەدەر خوێندنەوەیان لەنێودا باو نەبووە. جا لە دۆخێکی ئاوادا مامۆستا وەشوێن شێعر ناکەوێ، چیرۆک دەنووسی و لە نووسینی چیرۆکیشدا بەپێچەوانەی بەستێنی ڕووبار مەلە دەکات، یانێ من پێموایە بەپێچەوانەی زۆر کەس کە وای دادەنێن چیرۆکەکانی «پێکەنینی گەدا» سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ئەدەبی کرێکارین، من دەڵێم نا، چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا، سەر بەو قوتابخانەیە نین و سەر بە شێوازی ڕەخنەی کۆمەڵایەتین، چونکە وەکوو دەزانین لە ئەدەبی کرێکاری و ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا پڕوپاگەندەیەکی دوگم و داخراوی قیرسیچمانە بۆ بیروڕا و ئەندیشەیەکی تایبەت و ئیشک و پارتخوازانە دەکرێ، کە ئێمە ئەم بیروڕا و پڕوپاگەندە حیزبی و دوگم و داخراوانە لە چیرۆکی مامۆستادا نابینین. دەیجا جارێکی دیکەش سپاس و ئەمەگداریمان بۆ بناغەدانەری چیرۆکی کوردستانی

ئێران مامۆستا حەسەن قزڵجی.

لەپاش دارمانی کۆماری کوردستان و سەرکوتکردنی هەموو بزاڤ و جووڵەیەکی پێشکەوتنخوازانە و وێڕای سڕینەوەی هەموو چالاکییە فەرهەنگییەکان کاری مامۆستا و چیرۆکنووسینی کوردی لەم دیو تەنها و تەریک دەمێنێتەوە.

تا ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی (٥٠ی زایینی) یەکەم ڕۆمانی کوردیی سەرتاسەری کوردستان لە ئێرەوان پاتەختی ئەرمەنستانی سەر بە سۆڤیەت چاپ و بڵاو دەبێتەوە، ئەویش ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازییە. من هەر لەسەر ڕۆمانی پێشمەرگەی دوکتۆر ڕەحیم وەکوو یەکەم ڕۆمانی کوردی بە تێروتەسەلی هەر لە وتاری «چریکەی چیرۆکی چوار چرا»دا نووسیمە. لێرەشدا دووپاتی نەکەینەوە و تەنها دەسخۆشانە و ڕێز و ئەمەگداریمان ئاڕاستەی نووسەری ڕۆمانی پێشمەرگە دەکەین و بەداخەوە بزاڤی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لەپاش کۆمار و لەپاش مامۆستایان قزڵجی و قازی بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگی و شەوەزەنگی بەسەردا دێ و سەرنێزەی دیکتاتورییەتی شۆڤینیستیی پالەوی ئیزنی چالاکی و بزاڤی فەرهەنگی و هونەری بە غەیرەفارس و بەتایبەت بە کورد نادا. بەرەبەرە دەگەینە ساڵانی ٤٠ و ٥٠ی هەتاوی (٦٠و ٧٠ کانی زایینی) و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئاڵقەی زیندەیادی نەمر مامۆستا سوارەی ئێلخانیزادە و هەڤاڵانی وەکوو کاک سەلاح و چاوە و برێ جار مامۆستا نووری و ڕۆژبەیانی و... لە سەرەتاوە لە بۆکان و لە پاشان لە تاران...

## ناوی بەشێک لە نووسەران، ئەدیبان و هونەرمەندانی بۆکان

١. ڕەحمان ئازەرگوشەسب: شانۆگەر
٢. عەلی ئازەرگوشەسب: شانۆگەر
٣. ناسر ئەحمەدزادە: هونەرمەندی شێوەکار
٤. محەممەد ئەحمەدی: شاعیر
٥. مەلا هادی ئەفخەمزادە: زانای ئایینی، نووسەر، شاعیر
٦. ئیبراهیم ئەفخەمی: مێژوونووس، شاعیر
٧. کامران ئەمینئاوە: نووسەر، لێکۆڵەر، وەرگێڕ
٨. ئەیووب ئەیووبزادە: لێکۆڵەر، نووسەر
٩. حەسەن ئەیووبزادە: لێکۆڵەر، وەرگێڕ، کەسایەتیی سیاسی
١٠. ماپەرە ئیبراهیمی: نووسەر
١١. فەتاح ئیسماعیلپوور: شانۆگەر
١٢. عەلی ئیسماعیلزادە: مێژوونووس
١٣. چیمەن ئێلخانیزادە: دیزاینەر
١٤. سوارە ئێلخانیزادە: لێکۆڵەر، شاعیر، نووسەر
١٥. عومەر ئێلخانی: نووسەر
١٦. عوسمان ئێلخانیزادە: نووسەر
١٧. محەممەد ئێلخانیزادە: مێژوونووس، کەسایەتیی سیاسی
١٨. مستەفا ئێلخانیزادە: نووسەر
١٩. سەید جەعفەر ئیمامزەنبیلی: لێکۆڵەر، نووسەر
٢٠. سەید کامیل ئیمامزەنبیلی (ئاوات): شاعیر
٢١. ئیسماعیل ئیسماعیلزادە: نووسەر
٢٢. ئاگری ئیسماعیلنەژاد: نووسەر، ڕۆژنامەوان

٢٣. فارووق بابامیری: وەرگێڕ، کەسایەتیی سیاسی
٢٤. شەهین بایەزیدپوور: ڕۆژنامەوان، چالاکی مەدەنی
٢٥. میدیا بایزیدپوور: نووسەر، کەسایەتیی سیاسی
٢٦. عەلی بداغی: نووسەر، ڕۆژنامەوان
٢٧. فاتمە بوداغی: شاعیر
٢٨. ئاوات بۆکانی: دەنگبێژ
٢٩. ڕەحیم بەهرامزادە: وەرگێڕ، کەسایەتیی سیاسی
٣٠. ئەحمەد بەهرامی: نووسەر
٣١. کەمال بەهرامی: گیان بەختکردووی سیاسی، شانۆگەر
٣٢. حاج سەلیمخانی بابامیری: ئەدیب، سەفەرنامەنووس
٣٣. ڕەزا بابامیری: مۆسیقار، دەنگبێژ
٣٤. سۆمانە بۆکانی: نووسەر
٣٥. سمایل جانبلاغی: هونەرمەندی شێوەکار
٣٦. شەنگەجوو: دەنگبێژ
٣٧. متەللیب چابوک: شانۆگەر
٣٨. سمایلئاغا چەوگالی: دەنگبێژ
٣٩. جەعفەر حامیدی: نووسەر، کەسایەتیی سیاسی
٤٠. سەید تاهیر حوسێنی: ئاوازدانەر، دەنگبێژ
٤١. سەعید حەسەنزادە: هونەرمەندی شێوەکار
٤٢. شۆڕش حەسەنزادە: گرافیست
٤٣. برایم حەسەنی: وەرگێڕ
٤٤. سونبول حەقیقی: شاعیر
٤٥. عەباس حەقیقی: شاعیر
٤٦. ئەبووبەکر حەمیدی: نووسەر، کەسایەتیی سیاسیی گیانبەختکردوو
٤٧. عومەر حەمیدی: نووسەر، شانۆنامەنووس، کەسایەتیی سیاسی

٤٨. خالید حیسامی (هێدی): شاعیر، کەسایەتیی سیاسی

٤٩. ناسر حیسامی: شاعیر، نووسەر، کەسایەتیی سیاسی

٥٠. کەریم حیکمەتی: شاعیر

٥١. سەلاح خوسرەوی: هونەرمەندی شێوەکار

٥٢. تاهیر خەلیلی: دەنگبێژ

٥٣. عەلی خەندان: دەنگبێژ

٥٤. حەسەن دەرزی: دەنگبێژ

٥٥. ئەرسەلان ڕۆستەمزادە: هونەرمەندی شێوەکار، گرافیست

٥٦. محەممەد ڕۆستەمزادە (نامۆ): هونەرمەندی شێوەکار

٥٧. جەعفەر ڕۆستەمی: شانۆگەر، کەسایەتیی سیاسی

٥٨. محەممەد ڕەمەزانی: نووسەر، وەرگێڕ

٥٩. بێژەن ڕەحمانی: چیرۆکنووس

٦٠. کەریم ڕەحیمی: نووسەر

٦١. محێدین ڕەزایی: دەنگبێژ

٦٢. یونس ڕەزایی: شاعیر، ڕەخنەگری ئەدەبی

٦٣. کەریم ڕەحیمی: نووسەر

٦٤. هاشم ڕەزایی: نووسەر، کەسایەتیی سیاسی

٦٥. ئومێد ڕەسووڵپوور: دەنگبێژ

٦٦. حەسەن زیرەک: دەنگبێژ

٦٧.ترووسکە سادقی: شاعیر، ڕۆژنامەوان

٦٨. لەیلا ساڵحی: شاعیر، پسپۆری مێژوو

٦٩. فەوزیە سوڵتانبەگی: شاعیر

٧٠. ڕەحمان سۆفی: شاعیر، وەرگێڕ، چیرۆکنووس

٧١. سولەیمان سۆفیساڵحی: شاعیر

٧٢. بەیان سۆفیسوڵتانی: شاعیر

٧٣. ڕەسووڵ سۆفیسوڵتانی: نووسەر، شاعیر
٧٤. لەیلا سۆفیسوڵتانی: شاعیر
٧٥. ڕووناک سوڵتانی: گرافیست
٧٦. ڕەسووڵ سوڵتانی: شاعیر، وەرگێڕ
٧٧. عومەر سوڵتانی (وەفا): شاعیر
٧٨. بەیان سۆهرابی: شاعیر
٧٩. دیمەن سوهرابی: شاعیر
٨٠. هەڵاڵە سۆهرابی: نووسەر، شاعیر
٨١. حوسێن سەعیدی (دیلان): نووسەر، کەسایەتیی سیاسی
٨٢. سەید محەممەد سەفایی: دەنگبێژ
٨٣. سەید ئیبراهیم سەقزی: دەنگبێژ
٨٤. حەسەن سەلاح (سۆران): نووسەر، شاعیر
٨٥. سەید جەلال سەیادت: نووسەر
٨٦. سەید خالید سەیادت: نووسەر
٨٧. سەید قادر سەیادەت: شاعیر
٨٨. محەممەدئەمین شاسەنەم: نووسەر
٨٩. محەممەدئەمین شامحەممەدی: نووسەر
٩٠. حەسەن شوان: نووسەر
٩١. ڕەسووڵ شوان: شاعیر
٩٢. ناسح شەریفیان: وەرگێڕ
٩٣. مەلا عیسامەددین شەفیعی: زانای ئایینی، شاعیر
٩٤. ڕەزا شەمامی: شانۆگەر
٩٥. حسێن شێربەگی: لێکۆڵەر، چیرۆکنووس
٩٦. سۆما عوسمانزادە: شاعیر
٩٧. عەلی عوسمانی: شانۆگەر، کەسایەتیی سیاسی

٩٨. ڕەحیم عەبدوڕڕەحیمزادە: نووسەر
٩٩. سولەیمان عەبدوڕڕەحیمزادە: شاعیر و نووسەر
١٠٠. قادر عەبدوڵڵازادە (قالەمەڕە): هونەرمەندی شمشاڵژەن
١٠١. عومەر عەسری: نووسەر، کەسایەتیی سیاسی
١٠٢. تاهیر عەلیار: مێژوونووس، کەسایەتیی سیاسی
١٠٣. عومەر عەلیار: مێژووزان
١٠٤. ناسر عەلیار: نووسەر
١٠٥. خالید عینایەتی: نووسەر
١٠٦. عومەر عینایەتی: نووسەر
١٠٧. نیگار عینایەتی: نووسەر، کەسایەتیی سیاسی
١٠٨. ڕێبوار غوەڵامعەلی: لێکۆڵەر، ڕەخنەگری فیلم و سینەما
١٠٩. عەلی غوەڵامعەلی: چیرۆکنووس
١١٠. ئەحمەد غوەڵامی: ڕۆژنامەوان
١١١. نادر فەتحی: نووسەر، وەرگێڕ، ڕۆژنامەنووس
١١٢. برایم فەڕشی: لێکۆڵەر، نووسەر، شانۆگەر
١١٣. بەیان فەڕشی: شاعیر
١١٤. سولەیمان فەڕشی: نووسەر، تەنزنووس، شانۆگەر
١١٥. عوسمان فەرامەرزی: نووسەر
١١٦. قادر فەرامەرزی: شاعیر
١١٧. سمایلئاغای فەڕڕوخی: پێشەنگی وێنەگریی فۆتۆگراف
١١٨. مەنسوور فەڕڕوخی: نووسەر، شانۆگەر
١١٩. برایم قادری: دەنگبێژ
١٢٠. سمایل قاسمی: نووسەر
١٢١. جەعفەر قزڵجی: نووسەر
١٢٢. حەسەن قزڵجی: لێکۆڵەر، ڕۆژنامەنووس، چیرۆکنووس، کەسایەتیی سیاسی

١٢٣. محەممەد وەجدی قزڵجی: شاعیر

١٢٤. موحسین قزڵجی: لێکۆڵەر، نووسەر

١٢٥. سەید یاسین قورەیشی: کاریکاتۆریست، تەنزنووس

١٢٦. سەید محەممەدئەمین قورەیشی: کاریکاتۆریست، تەنزنووس

١٢٧. ئەبووبەکر قەرەگوێزی: دەنگبێژ

١٢٨. ئاڵیکەندی: نووسەر

١٢٩. یۆسف گوڵمحەممەدی: وەرگێڕ

١٣٠. عەلی گوڵی: فۆلکلۆرناس

١٣١. عەلی گەلاوێژ (ئاگری): لێکۆڵەر، شاعیر، کەسایەتیی سیاسی

١٣٢. ئەمین گەردیگلانی: شاعیر، وەرگێڕ

١٣٣. عەزیز محەممەدپوور (داشبەندی): نووسەر، وەرگێڕ

١٣٤. عوسمان محەممەدی (عوسمانەسوور): نایەژەن

١٣٥. ڕەحمان محەممەدیان: مێژوونووس

١٣٦. ئازاد محەممەدیانی: نووسەر

١٣٧. ڕەزا کەریم موجاور: وەرگێڕ

١٣٨. حسێن مرادبەگی: وەرگێڕ، کەسایەتی سیاسی

١٣٩. یۆسف مستەفا: دەنگبێژ

١٤٠. سەلاحەددین موهتەدی: نووسەر، چیرۆکنووس، کەسایەتیی سیاسی

١٤١. عەلی مەحموودی: شانۆگەر

١٤٢. جەعفەر مەردانبەگی: نووسەر، شانۆگەر

١٤٣. مەنسوور مەردانبەگی: شانۆگەر

١٤٤. شایستە مەعرووفی: شانۆگەر

١٤٥. ئەحمەد مەولانی: شاعیر، نووسەر

١٤٦. خەبات مەولوودی: دەنگبێژ

١٤٧. عومەر مەولوودی: نووسەر، ڕۆماننووس

١٤٨. حەسەن میراوایی: دەنگبێژ

١٤٩. محەممەد نووری: شاعیر، کەسایەتیی سیاسی

١٥٠. کامیل نەجاری بۆکانی: وەرگێڕ، ڕۆژنامەوان

١٥١. محەممەدسەعید نەجاری (ئاسۆ): شاعیر

١٥٢. سەلاح نیساری: شاعیر، نووسەر

١٥٣. ناسر وەحیدی: لێکۆڵەر، نووسەر

١٥٤. عەبدوڵڵا هۆشمەند (عەبەدەڕژێ): دەنگبێژ

١٥٥. ئەحمەد هەقناس: شاعیر، ڕۆژنامەوان

١٥٦. سەید قادر هیدایەتی: نووسەر

١٥٧. ڕەسووڵ یەکشەوە: دەنگبێژ

١٥٨. لوقمان ڕەحیمی: وێنەگر

ئەم لیستەیە بە یارمەتیی سەرچاوەکانی بەردەست و هەندێک دۆست و برادەری خۆم ئامادە کراوە. بەداخەوە دیققەتی تەواوی نییە و زیاد لەوەش، ناوی زۆر کەسی نەگرتۆتە خۆ.

## تێکۆشەرانی سیاسیی خەڵکی بۆکان و ناوچەکە

کاک تاهیر عەلیار دەقی وتارێکی کورتی لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەلات/ بۆکان بڵاوکردەوە کە بەگوێرەی ئەو دەبێ کاک تاهیر داوخوازی لە مامۆستای بەڕێز جەنابی مەلا حەسەنی شیوەسەڵی کردبێ بیرەوەریی خۆی سەبارەت بەو کەسایەتییە سیاسییانەی وا لە ناوچەی بۆکاندا هەڵسووڕاوییان نواندووە ڕابگەیەنێ.

نەفسی ئاوڕدانەوە لە مامۆستا مەلا حەسەن و داواکاریی ئەو بابەتە، گەلێک گرنگ و کارێکی کەموێنەیە لەبەروەی مامۆستا خاوەنی ئەزموونێکی زۆری خەباتە و خەڵکانێکی زۆر دەناسێ کە لە ماوەی ڕاپەڕینی گەلەکەمان دژ بە هەر دوو حکوومەتی داپڵۆسێنەری شا و مەلا و لەپێناو ئازادی و دێموکراسیدا خەباتیان کردووە. جا ئەگەر کەس تا ئێستا هەنگاوێکی لەم بوارەدا هەڵنەهێناوەتەوە، کەمتەرخەمی بووە و کاک تاهیر بە نوێنەرایەتی لەلایەن هەموومانەوە ئەم واجیبە کیفائیەی بەجێهێناوە.

بەهۆی بارودۆخی تایبەتیی مامۆستا مەلا حەسەن و ئەو ڕاستییەوە کە ئەو هەر دوو چاو و دەستی لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆریستیی حکوومەتی ئێرانەوە لە دەست داوە، ئاشکرایە ئەم کارە بە شێوەی نووسین لە گونجان نەهاتووە و مامۆستا لەجیاتی نووسین، بیرەوەرییەکانی خۆی لەسەر سێ ڤیدیۆ تۆمار کردوون کە ئێستا لەسەر یووتیووب دەست دەکەون. بەداخەوە ڤیدیۆی یەکەم تووشی گرفتی تەکنیکی هاتووە و تا ئەم دەقیقەیەی کە ئەم یادداشتانە دەنووسم ناتوانرێ گوێی بۆ ڕابگیرێ. هیوادارم کاک تاهیر چارەسەرێکی ئەو گرفتە بکا و بە هەر شێوەیەک بۆی بگونجێ بەشی یەکەمیش کە دەبێ بەشی گرنگی کارەکە بێ، بخاتە بەردەستی خوێنەر و بیسەر.

من هیچ شتێکم نییە لەو زانیارییە گرنگانەی مامۆستا و کاری کاک تاهیری زیادی بکەم جگە لەوەی بخوازم کاک تاهیر قسەکانی مامۆستا بهێنێتە سەر کاغەز و بڵاویان

بکاتەوە با ناوی ئەو سەربازە ونانەی خەباتی نەتەوایەتیمان زیندوو ڕابگیرێ و بگاتە نەوەکانی داهاتووش. لە ڕاستیدا من خۆم ناوی زۆرێک لەو مەزنەپیاوانەم نەبیستبوو و دەبێ زۆر خەڵکی دیکەش هەبن کە زانیارییان لەسەر ژیانی ئەو خەباتکارانە نەبێ.

سـەد بریا قەڵەم بەدەستانی وەک مامۆسـتا سەلاحوددینی مەهتەدی و مامۆستا مـەلا عومەری عەسـری بـە دووروودرێژی لەسـەر زیندانی جەڵدیانی ئەو سـاڵانە و زیندانـی و زیندانبـان و سەرلەشـکر ئوەیسـی و ژاندرمەریـی ژێر فەرمانـی ئەویان بنووسیایە. ئەوە بۆشاییەکی گەورەیە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمـاندا و دەیان سـاڵە چاوەڕێـی پڕکردنەوەیە. ئەوەش بابەتەکەی مامۆسـتا مەلا حەسەن و کاک تاهیری عەلیار بە هەمان شێوە کە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان بڵاوبۆتەوە و بە هەمان کێشەی تەکنیکی بەشی یەکەمیەوە لەسەر یوتیووب:

## وتارێک لەسەر تیکۆشەرە سیاسییەکانی خەڵکی بۆکان و ناوچەکە

پرسیاری کاک تاهیر عەلیار و وەڵامی مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی

پارەکە داوام لە ڕێزدار کاک حەسەنی شیوەسەڵی کرد وتارێک لەسەر ئەو تیکۆشەرە سیاسـییانەی خەڵکی بۆکان و ناوچەی بۆکان ئامادە بکا کە لە دەورانی تێکۆشـانی سیاسی خۆیدا ناسیونی و لە نزیکەوە هەڵسوکەوتی دەگەڵیان بووە، ئەویش وەک هەمیشـە بـە لوتفـەوە داواکەی قبووڵ کرد و ئەو کاسـێتەی پڕکردۆتـەوە کە لێرەدا پێشکەش دەکرێ و دارماڵی زانیاری و ئیتلاعاتە. هەروەها هێندێک تێبینیشی هەبوو کە بە نووسراوە ناردوویەتی و ئەوەش دەقی نووسراوەکەیەتی:

لـە کاتـی پڕ کردنەوەی ئەو بابەتەدا باسـی چەند کەسـێکم کردبوو کە بەداخەوە لەسـەر کاسـێتەکە پاک بۆتەوە، بۆیە بە نووسینی ئەو چەند دێڕە ئەوکەمایەسییە پڕ دەکەمەوە.

١. لەگەڵ مامۆستا جەمیلی ئارام کە خەڵکی ناوچەی بۆکانە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی ئاشـنا بووم. کەسێکی تێکۆشــەر، خاوەن شەخسیەت و لە بنەماڵەیەکی موحتەرەمی ناوچەی بۆکان بوو. بەهۆی تێکۆشانی سیاسییەوە قاچاغ ببوو؛ هاتبووە شیوەسەڵێ.

لەوێ دەگەڵی ئاشنا بووم و دوای بەربوونیشم لە زیندان هەر پێوەندی گەرممان هەبوو. برایەکی بە نێوی عەبدوڵڵا ئارام دواتر بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی خەبات و لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئەو ڕێکخراوەیەدا بە دەستی تاوانکارانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو. سەید جەمیلیش لە ڕووداوێکی نەخوازراودا بە هەڵە بە دەستی هێندێک کەسی ناشی و ناشارەزا بریندارکرا، بەڵام بەختەوەرانە برینەکان سارێژ بوونەوە و ئێستا ماوە و وەکوو ئینسانی پاک و ئەویندارى ئازادیی کورد و سەربەستیی کوردستان لە ڕیزی دڵسۆزانی گەلەکەماندایە.

٢. مەلا محەممەد کوڕی مامۆستا مەلا وەهاب کە عالمێکی ناسراوی ناوچەی بۆکان و موکریانە. لەسەر تێکۆشانی سیاسی قاچاغ ببوو. لە کوردستانی گەرمێن لە سونێ دەگەڵی ئاشنا بووم. دەگەڵ مەلا مەحموودی زەنگەنە بوو.

٣. دوکتۆر جەعفەری شەفیعی کە دەگەڵ کاک عومەری ساکار لە تەورێز دەیانخوێند و لەوێ دەگەڵی ئاشنا بووم و دۆستایەتییەکی زۆرمان هەبوو تا ئەو کاتەی کێشەکانی حیزب و کۆمەڵە دەستی پێکرد. کاتی کوژرانی هەر چەند هەردووکمان لە دوو ڕێکخراوی دژ بە یەکدا بووین، بەڵام بۆی بەداخ بووم و بەکوڵ بۆی گریام. ناوبراو خەڵکی شاری بۆکان و کوڕی مەلا ئەبووبەکری شەفیعی و نەوەی مامۆستا مەلا عیسامەددین عالمی گەورە و شاعیری توانای شاری بۆکان و ناوچەی موکریان و گەلی کورد بوو. یەکدوو شێعری مامۆستا مەلا عیسامەددینم لە بیرەکە لێرە پێشکەشی دەکەم:

**لە وەسڵ و فەسڵی من ئیجاز و ئیتنابت مورەتتەب کرد**
**لەفونەشرت موشەوەش بێ، ئەدی کوا مەیلی جارانت؟**

یا دەڵێ:

**لێوی لەعلی جنێوی داوە بە من**
**رقی بنیادەمە، منیش گەستم**

## ناوداران و هۆنەرانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا

ئەم کتێبە ژیاننامەی هەندێ کەسایەتیی ناوداری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوایە لە ئێران. زۆربەی ئەو کەسانەی وا لە کتێبەکەدا باسیان کراوە تورکی ئازەربایجانین، بەڵام کەسایەتیی کوردیش لە ناویاندا کەم نین (لەوانەش هەندێکیان هی ناوچەی بۆکانن).

ئەحمەدی کۆر، ئەحمەد تورجانیزادە، میرزا حەسەن سەیفولقوزات، عەبدوڵڵابەگی میسباحوددیوان، قازی شێخ موحسین، قازی فەتاح، مەلا جامی، مەلا حوسێن تورجانی، مەلا عەبدوڵڵا بەیتووشی، مەلا عەبدوڵڵا پیرەباب، مەلا عەبدوڵڵا مەولەوی، مەلا مارفی کۆکەیی، مەلا محەممەدی یایی و... کە چەند کەسێکیان خەڵکی ناوچەی بۆکانن. کتێبەکە کە بە فارسی نووسراوە و ئێستا گەلێک نایابە.[١]

١. محمود رامیان، محمد تمدن، علاءالدین تکش، «بزرگان و سخن سرایان آذربایجان غربی»، ناشر (؟)، سال: ١٣٥٥/ ١٩٧٦، فارسی.

## ئەحمەدی کۆری موکریانی

«ئەحمەدی کۆری هەژارە، موستەحەققی لوتفی یارە، یاری پێی بکاتن ئیشارە»

ئەحمەدی کۆر ئاڵقەیەکی گرنگی پێوەندی لە نێوان دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی، واتە کرمانجی ژووروو و خواروووە. ئەحمەدی کۆر یا وەک ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ کەس بەناوی شێخ ئەحمەدی کۆرەوە ناوی دەبەن، بە ئەسڵ خەڵکی ناوچەی دهۆکە، لە گوندێکی دەوروبەری شنۆ لەدایکبووە و لە ناوچەی بۆکان گیرساوەتەوە و لە گوندی عەمباری بۆکان کۆچیدوایی کردووە و لەوێ نێژراوە (١٨٤٨ ـ ١٩٠٨). لەسەر شوێنی لەدایکبوونی قسە هەیە و دەگوترێ لە ئاوایی حەمامیانی بۆکان لەدایکبووبێ، بەڵام شوێنی مردن و گڵکۆکەی کە زیارتگەی زۆر کەسانە، جێگەی گومان نییە، من خۆم چەندەها جار بینیومە.

شێعری ئەحمەدی کۆر هەر دوو ڕەگی کرمانجی ژووروو و خوارووی تێدایە و لەژێر کارتێکەریی زۆری ئەدەبی عەرەب و عەجەمدا، دارماڵی وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسییە. ئەحمەدی کۆر نوێنەری سەردەمێک لە ئەدەبی کوردییە کە هێشتا زمانی کوردی سەربەخۆیی تەواوی وەدەست نەهێنابوو:

**مەکەن مەنعی عاشقان، عیشق کارێ دژوارە**
**هەرچی عیشقی لەدڵ بێ، بێ سەبر و بێ قەرارە**
**دائیم لەبەر هیجرانێ ڕەنگ زەرد و لێوبەبارە**
**دە عیشقێ دا سووتاوم، خەمم لە چوار کەنارە**
**لەبەر دەرد و حەسرەتان، گریانم دێن هەزارە**[١]

١. ئەحمەدی کۆر، «دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر (موکریانی)»، عەزیز محەممەدپوور (داشبەندی)، پێداچوونەوەی مامۆستا هەژار، ناشر: محەممەدپوور، ١٣٧٨/ ١٩٩٩، ٣٩٧ لاپەڕە.

## میسباحوددیوانی ئەدەب

عەبدوڵڵابەگی میسباح (ئەدەب) لە شاعیرانی کۆتایی سەردەمی ناسراو بە «دەورەی گەڕانەوەی ئەدەبی» و سەرەتاکانی سەردەمی مەشرووتە و سەرهەڵدانی بیری عیلمانییەت لە ئێرانە. شێعرەکانی لە ناسکی خەیاڵدا وەک شێعری ناڵی و بەهۆی ئینتیزاعی بوونەوە بەتەواوەتی لەسەر ڕێچکەی شێوازی هیندین (کە بەشێک لە شاعیرانی سەردەمی گەڕانەوە ڕوویان لەو شێوازە کردبوو). ئەم شێوازە ئەدەبییانە لە شێعری گەلێک شاعیری کوردیشدا وەک نالی و وەفایی ڕەنگیان داوەتەوە.

میسباح لە بنەماڵەی بابامیرییە، لە گوندی ئەرمەنیبڵاغی سەر چۆمیمەجیدخان لەدایکبووە و دوای ٥٣ ساڵ ژیان لە گوندی باخچەی فەیزوڵڵابەگی کۆچیدوایی کردووە (١٩١٦/٥/٢٢)

سەرجەمی دیوانی ئەدەب لەلایەن بەڕێز محەممەد حەمەباقییەوە لە ساڵی ٢٠٠٥دا بڵاوکراوەتەوە و شێعرەکانی هەڵسەنگێنراون و واتا کراونەتەوە.

ئەدەب، بەبێ هیچ گومانێک بەشێکە لە گەنجینەی هونەریی ناوچەی بۆکان و دەبێ وەک بەشێک لەو مێژووە سەیری بکرێ.[1]

---

١. «دیوانی ئەدەب، عەبدوڵڵابەگی میسباحوددیوان»، کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ: محەممەد حەمەباقی ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردستان، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ٩١٧ لاپەڕە، کوردی.

## میسباح و سالارسەعید

دوو برای شاعیری کورد هەن کە یەکیان خاوەن دیوان و شاعیرێکی ناسراوە، بەڵام ئەویتریان سەرەڕای ڕادەی بەرزیی شاعیرییەکەی زیاتر بە سیاسەتەوە خەریک بووە و بەداخەوە کۆمەڵە یان دیوانی شێعرەکانی تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە:

- عەبدوڵڵابەگی میسباحوددیوان (ئەدەب)
- عەلیبەگی حەیدەری ـ سالارسەعید (حەیدەری)

سەبارەت بە میسباح زانیاریی زیاتر لە بەردەستدایە و من لە باسی پێشوودا دەسنیشانی دیوانی ئەدەب، چاپی کاک محەممەد حەمەباقیم کرد و لە ژمارە ٧٨ی گۆڤاری مەهاباددا ڕەخنەیەکی مامۆستا ئەحمەدی قازیم سەبارەت بە کارەکەی کاک محەممەد خوێندەوە. هەر چۆنێک بێ، میسباح ڕوخسارێکی ناسراوی شێعری کوردییە و لە گەلێک سەرچاوەدا باسی شێعرەکانی کراوە و لێرەدا پێویست بە ناساندنی زیاتری نازانم. ئەدەب هونەرمەندێکی خۆشنووس، وێنەکێش، تەزهیبکار و شاعیر بوو. بەڵام عەلیبەگی حەیدەری:

حەیدەری لە ڕاستیدا کەسایەتییەکی سیاسی بووە تا هونەری و ئەدەبی؛ کەسێکی جێگەی بڕوای ڕەزاشا بووە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ (٦ یا ٧ دەورەی چوار ساڵە) نوێنەری مەهاباد بووە لە مەجلیسی شووڕای ئێران. حەیدەری خاوەنملکی گوندی سەراو بووە لە باشووری شاری میاندواو بەرەو بۆکان و بە شەریکایەتی لەگەڵ نەمر سەیفولقوزاتی قازی چەند گوندێکی دیکەشی لە هەمان ناوچەی سەرچۆمی جەختەتوو هەبووە. من شێعری عەلیبەگم بەدەستەوە نییە، بەڵام دەزانم شێعرێکی بۆ مردنی پەروینی ئیعتیسامی ـ شاعیری تورکی فارسیوێژ گوتووە کە لە دیوانەکەی پەرویندا چاپ کراوە هەروەها دەگوترێ ئەم دوو دێڕ شێعرەش هی ئەو بێ کە بەهۆی کێشەی ملکداری لە زمان گوندییەکانی سەراوەوە سەبارەت بە نەمر سەیفولقوزاتی قازی گوتووە:

**ما اینهمه اهل سراب خون می خوریم از جای آب**
**سیف‌القضات قاطع آب، شاها برس به داد ما!**

دەڵێن حەیدەری لە مەجلیسی شووڕای تاران بەزللە لە «فرخی یزدی»ی شاعیری ناوداری ئێرانی داوە کە دژ بە ڕەزاشا دەجووڵایەوە.

ناسین و ناساندنی عەلی‌بەگی حەیدەری بۆ مێژووی سیاسی و هەروەها شێعری بۆکان و دەوروبەری، کارێکی پێویستە و هیوادارم لاوەکانمان پێوەی خەریک بن.

ئەوە نموونەیەکە لە شێعری کوردی و فارسیی حەیدەری کە من لە زمان ڕێزدار «عەبدوڕڕەحمان مودەرریسی»م بیستووە:

**یـاری وەکوو تـۆم بێ مـن، پیری وەکوو شەمسـەددین**
**دنیاشـم ئەگـەر دژ بـێ، کاکیلـە! چ دەربەنـدم؟-**

نەمزانـی ئـەو «یـار» یان دۆسـتەی شـاعیر کـێ بووە، بەڵام شـەمسـەدین، شـێخ یۆسـفی شـەمسـی بورهانە. ئەم شێعرە فارسییەی خوارەوەشی بۆ مردنی «پەروینی ئیعتسـامی» گوتـووە و میسـراعی دووهەمی دوایین فەردی، مـادە تەئریخی مردنی پەروینە.

**در ماتـم عزایـت صـد نوحـه می‌سرودنـد**
**بودنـد زنـده امـروز گـر سـعدی و نظامی**
**تاریخ فوت و هجرت جستم ز «حیدری»، گفت:**
**مـرده ادیبـه دهـر، پرویـن اعتصامـی**

کە دەکاتە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی/ ١٩٤١ زایینی.

لە بەرگی دووهەمی کتێبی «مشـاهیر الکرد و الکردسـتان»ی ئەمین زەکی‌بەگ، لە بەشـی ژمارە ٢٠ی پیتی میمدا، کاتێ نووسـەر باسـی سـەردار حەمە حوسـێن‌خانی سـەرداری موکری و ئیعدامەکەی لەلایەن ترکی عوسـمانییەوە لە مەراغە دەکا، ئەم دوو فەرد شێعرەی «سالارسەعید»یشی هێناوە، کە ئاشکرایە مەرحوومی عەلی‌بەگی

حەیدەرییە کە ئەم ناسناوەی هەبوو و تەنانەت لە کۆتایی شێعرەکەش‌دا ناوی«عەلی» هاتووە. من نازانم ئایا ئەمە، قەسیدە یا غەزەلێک بووە بە چەند فەردی دیکەوە، بەڵام ئەم دوو فەردە لەوپەڕی شاعیری و لێزانی‌دا گوتراون. گوایە شاعیر، هەم ناسناوی «حەیدەری» و هەم «عەلی»ی لە شێعرەکانی‌دا هێناوە:

**حـــەشر و واوەیلایە ئەمڕۆ، کەربەلایە شـــارمان**
**کوشتن و تاڵان و یەخســـیرە کەوا دێن و دەبەن**
**ئەی خودا! ئەکرادیەخسیری هەموو میللەت بوون**
**دەی «عەلی»! تاچاک نەفەوتاون، بڵێ فکرێ بکەن**

**(لاپەڕە ١٣٠، بەرگی ٢)**

## مێژووی کۆچیدوایی میسباحوددیوانی ئەدەب

وتـاری ڕێزدار محەممەدی حەمەباقی بەناوی «مزگێنی دۆزینەوەی مێژووی مەرگی شاعیری ناودار عەبدوڵڵابەگی میسباح دیوان (ئەدەب)»م خوێندەوە. کاک محەممەد پێشتر چاپێکی تازەی لە دیوانی ئەدەب بڵاوکردبۆوە و لە سەرەتاکەیدا هەوڵی باشی دابوو بۆ دیاری کردنی ڕێکەوتی مردنی ئەو شاعیرەی ناوچەی بۆکان، لە ئەنجامدا هاتبووە سەر ئەوەی کە میسباح دەڵێ لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ و ١٩١٧دا کۆچیدوایی کردبێ. بەگوێرەی وتاری تازەی نووسەر، دوو بەڵگەی سەلماوی بە متمانە دەریدەخەن کە:

«میسـباحوددیوانی ئـەدەب لـە ڕۆژی شـەممە ١٩ی جەمـادی دووهەمی ١٣٣٤ی کۆچـی مانگـی بەرانبـەر لەگـەڵ ١٩١٦/٤/٢٣ی زایینـی و ١٢٩٥/٢/٢ی هەتـاویدا کۆچیدوایی کردووە.»

ئـەم ڕوونکردنـەوە و دۆزینەوەیـە لەلایـەن کاک محەممـەدی حەمەباقی و ئەو بەڕێزانەی کە بەڵگەکانیان خستۆتە بەردەستی، جێگەی پێزانین و سپاسە.

بـەڵام دوای بڵاوبوونـەوەی وتـاری سـەبارەت بـە میسـباح، بـرای بەڕێزم کاک ڕەحیم بەهرامزادە ئەم یادداشـتەی خوارەوەی بۆ ناردم، کە بەوپەڕی سپاسـەوە لە کۆتایی وتارەکەی کاک محەممەد حەمەباقیدا دەیهێنم:

«ئـەو «ئەحمـەد ڕابی»یـەی وا ئـاوی جەخەتـووی بۆ میسـباح دەهێنا، لـە کۆتایی تەمەنـیدا لـە گوندی کڕکڕە لە ناوچـەی فەیزوڵڵابەگی دەژیا و کوڕەکەی ناوی مینە بوو. کڕکڕە هێندە لە باخچە دوور نییە، کە ئەدەب لە کۆتایی تەمەنیدا لەوێ دەژیا. ئەحمەد ڕابێ ژنێکی هەبوو کە بە ئەسڵ خەڵکی هەوشار بوو و لێی تۆرابوو و قەت نەهاتـەوە بـۆ لای. ئەحمەد ڕابی پیاوێکی دەنگخۆش بوو سـەرەڕای تەمەنی زۆری، گۆرانـی دەگـوت. مـن خـۆم لە بیرمـە لە مزگەوتـی گوند بە هـەوای خاڵـەی ڕێبوار دەیگوت:

## شــەرتە تەرکی کەم سێو و گردەکان
## تا خــاوەر دێتــۆ لەنێو کــوردەکان[1]

ئەحمەد ڕابی بینایی لە دەســتچوو و گیانیشــی بە دوایدا و چاوی بە خاوەری خۆشەویســتی نەکەتــەوە. ئــەو جارەش وا فێڵی لە ئــەدەب کردبوو، ئاوی لە کانییەک بۆ بردبوو کە لە گوندی باخچە پێیان دەگوت «ئەستێر سۆفی».

گۆرانیوێــژی دەنگخۆشــی ناوچــەی فەیزوڵڵابەگــی بەنــاوی محەممەدڕەســووڵ قارەمــان خەڵکــی باخچــە بــوو لەگــەڵ ئەحمــەد ڕابی لە تایفــەی باوکــەوە خزمایەتی هەبوو.»

---

١. لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بە هەوشارییەکانیان دەگوت کورد.

## حاجی بابەشێخ

نەبوونی ژیاننامەی کەسایەتییەکانمان، چ سیاسی و چ هونەری و ئەدەبی...، کەمایەسییەکی گەورە و گرانی کتێبخانەی کوردییە. ئێمە بۆ هیچکام لە ڕێبەرانی ڕێبازی کوردایەتی ژیاننامەیەکمان نییە هەر ئەوەش دەبێتە هۆکار کە نەیاران خۆ بخزێننە نێو کارەکەوە و بۆ نموونە، ژیاننامە بۆ ڕێزدار مام جەلال بنووسن یا بۆ پێشەوا قازی، محەممەد و هەمووشی بە دڵخوازی خۆیان و ویستی داگیرکەرانی خاکەکەمان.

سەبارەت بە کەسایەتییەکی مەزنی گەلەکەمان وەک نەمر حاجی بابە شێخ ـ کە گەلێک زۆر و پێش دامەزرانی کۆماری کوردستانیش لە چالاکی سیاسی و ڕێبەرایەتی‌دا بووە و بۆ یەکەم مەجلیسی ئێران دوای ڕاپەڕینی مەشرووتە (١٩٠٦) لە موکریانەوە کاندید کراوە ـ ئێمە لە ڕاستی‌دا شتێکی ئەوتۆ نازانین. تەنانەت بۆ من ڕوون نییە حاجی بابەشێخ سەرۆکوەزیرانی کۆماری کوردستان بووە، یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) وەک شەبستەری لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان؟ هەروەها ڕوون نییە بۆچی حاجی بابەشێخ دوابەدوای هەرەسی کۆمار تەنیا چەند مانگێک لە زیندان ماوە لە کاتێکدا کەسانی ئەوتۆ لەلایەن ڕژیمی شاوە لە دار دران، کە پلەوپایەیان لە کۆماری کوردستان گەلێک لەو نەزمتر بوو.

وا ڕێزدار عومەری فارووقی کتێبێکی لەسەر ژیانی حاجی بابەشێخ نووسیوە و تێیدا هەوڵی داوە بە یارمەتیی چەندەها بەڵگەنامەی دەستکەوتوو کە لەلایەن بنەماڵەی حاجی بابەشێخەوە پێی گەیشتوون، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری دیکەی لەمەڕ ژیانی ئەم کەسایەتییە مەزنەی داوە. کتێبەکە بۆ ئەو هەموو ڕووداوانەی ژیانێکی ٨٦ ساڵەی ناوبراو، بچووک و کەم لاپەڕەیە، بەڵام بەپێی ئاگاداریی نووسەر، پێشتر، واتە پێش چاپ، قەبارەیەکی گەورەتری هەبووە. هیوادارم کاک عومەر درێژە بە کارکردن لەسەر بابەتەکە بدا و لە پەیوەندیی نەمر

حاجی بابەشێخدا ڕووناکی بخاتە سەر ڕووداوە زۆر و زەوەندەکانی ناوچەکە، وەک: شـەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی؛ هاتنی سـپای ڕووس و عوسـمانی بۆ ناوچەکە؛ مەسەلەی چالاکییەکانی حیزبی ئیتیحاد و تەڕەقی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەیان بابەتی هاوچەشنی سەردەمی ژیانی ئەو نەمرە.

کتێبەکە سـەرتاپا سـەبارەت بە ناوچەی بۆکانە و هەر بۆیەش من دەسنیشـانی لاپەڕەیەکـی تایبـەت ناکـەم و سـەرنجی خوێنـەران بـەرەو سـەرجەمی کتێبەکـە ڕادەکێشم.[1]

١. عومـەر فارووقـی، «حاجی بابەشـێخ سـەرۆک‌وەزیرانی حکوومەتی میللیی کوردسـتان»، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ١٠٨ لاپەڕە، کوردی.

## دیسان سەبارەت بە حاجی بابەشێخ

حاجی بابەشێخی جەمیان (سەیادەت) کەسایەتییەکی ناسراوی موکریانە. من لە نێوان ئـەو و نەمـران سـەیفولقوزاتی قازی و ئایەتوڵـڵا مەردۆخی کوردسـتانی‌دا هەندێک هاوشێوەیی دەبینم: هەرسێکیان شێخ و عالمێکی ڕۆحانیی تێکەڵاوی سیاسەت بوون، هەرسـێکیان جێگـەی پەنـا و هـاواری خەڵکـی لێقەومـاوی ناوچەی خۆیـان بوون و هەرسـێکیان قسـەڕەوا و ڕێزلێگیـراوی لای باڵێندپایەتریـن مەئموورانی حکوومەتی پەهلەوییـەکان لـە ناوچەکە بـوون و تەنانەت ڕەزاشـا و محەممەدڕەزاشـای کوڕی خاتریان ڕاگرتوون و خەڵاتیان کردوون و تکایان لێ قبووڵ کردوون.

دیـارە ئـەم هاوشـێوەیی‌یە، بەواتـای هاوشـانی و هاوبیـری یا تەنانـەت ڕێبازی هاوبەشـی هیچـکام لەم سـێ کەسـە نییە و مـن نامـەوێ تایبەتمەندیی تاکەکەسـیی هیچکامیـان بـە قازانجـی ئـەم بۆچوونـە بکەم بەژێر لچـەوە، بەڵام هـەر دوو لایەنی باسـەکە، واتـە سـەرهەڵدانی ئـەم کەسـایەتییانە لـە ناوچـەی خۆیـان و خـۆ نزیـک کردنەوەی کەموزۆر هاوکاتی ڕێژیمی ئێران لێیان، وەک بابەتێکی جێگەی لێکۆڵینەوە دەبینم، کە هیوادارم لە دواڕۆژدا کاری لەسەر بکەم.

## دیسان سەبارەت بە حاجی بابەشێخ

لـەم دواییـیـەدا دوو کتێبی گرنگ بڵاوبۆتەوە. یەکەمیان ناوی «حاجی بابەشـێخ»ە و کاک عومەری فارووقی نووسیویەتی، دووهەمیان کتێبێکە بەناوی «بۆکان لە سەدەی بیسـتەمدا»، کـە نووسـەرەکەی کاک ڕەحمـان محەممەدیانە و فەسـڵێکی سـەرەکیی تایبەت بە حاجی بابەشێخ کراوە.

جگە لەو دوو سـەرچاوە بەڵگەنامەیی‌یە بۆ ناسـینی کەسـایەتیی حاجی بابەشێخ، پێشـتر گەلێک بابەتی دیکەش لێرەولەوێ‌دا نووسـراوە، بەڵام بابەتی جێگەی باسـی ئەمجـارەی مـن، وتارێکـە کە ڕێزدار «ناسـر عەلیار» لەم دواییەدا نووسـیویە و لە ژمـارە ١٦٤ی گۆڤـاری ڕامـان چاپـی ٢٠١١/١/٥ی هەولێردا بڵاوبۆتەوە و پاشـان لە وێبلاگی «خەونباز»ی[1] کاک عەلی غوەڵامعەلی‌دا ڕاگوێزراوە.

بابەتی سـەرەکیی وتارەکەی کاک ناسـر «دانیشـتنی حەمامیان»ە. نووسـەر وەک ئەندامێکـی بنەماڵـەی عەلیـاری ئامـۆزای ئێلخانی‌زادەکانـی بـۆکان، کـە بە شـێوەی ئاسایی ئاگادارییەکی باشیان لەو دانیشتنە هەبووە وا لە گوندی حەمامیانی ڕۆژاوای بـۆکان، موڵکـی مەحموودئاغای حاجـی ئێلخانی لە نێوان پێشـەوا قازی محەممەد و حاجـی بابەشـێخ لەلایـەک و سەرلەشـکر هومایوونـی، فەرماندەی سـپای ئێرانی لە ناوچەکە لەلایەکی ترەوە، بەسترا و تێیدا بڕیاری کۆتایی هاتن بە حکوومەتی میللیی کوردسـتان و گەڕانـەوەی سـپای ئێرانـی بۆ مەهابـاد درا. دانیشـتنەکەی حەمامیان دوابـەدوای چوونـی هەر دوو کەسـایەتیی کورد بۆ میاندواو پێکهـات و لە میاندواو سەرلەشـکر هومایوونـی فەرمانـدەی سـپای ئێرانی لـە ناوچەکە پێشـنیاری چوونی حەمامیانی پێکردن و پێشەواش پەسندی پێکەوەچوونی ئەوێی کرد.[2]

هەڵبژاردنی حەمامیان لەلایەن هومایوونییەوە بەهەڵکەوت نەبووە. ناوبراو ئاگاداری هەڵوێسـتی بنەماڵەی ئێلخانی و عەلی‌ئاغای عەلیار و قاسمئاغای موهتەدی بەرانبەر

---

1. http://www. raman media. net/164/r24. pdf.

٢. کۆبوونـەوەی حەمامیـان لـە ڕۆژی ٢٥ی سـەرماوەزی ١٣٢٥ (١٦ی دیسـامبری ١٩٤٦)دا بەسـتراوە. بڕواننە: نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین، «حکوومەتی کوردسـتان ـ کورد لە گەمەی سۆڤیەتی‌دا»، ناشر (؟)، شوێن (؟)، ١٩٩٣، ل ٢٦٥.

بە پێشەوا و کۆماری کوردستان بوو. نەفسی ئامادەبوونی ئەوڕۆژەی شێخ ڕەحیمی کوڕی شێخی بورهان لە حەمامیان و لە دیوەخانی مەحموودئاغا، جێگەی سەرنجە و چەشنە ئامادەکارییەک لەلایەن سپای ئێران و شەخسی سەرلەشکر هومایوونییەوە دەگەیەنێ. شێخ ڕەحیم وەک ناحەز و دژبەری کۆمار دەناسرا و دەگوترێ دوای گیرانی قازییەکان، نامەی سکالا و گازندە لەوانی بەنێو خەڵکدا گێڕاوە و پێی ئیمزا کردوون و تێیدا داوای ئیعدامی پێشەوای کردووە. دەگوترێ گوایە شێخ نامەکەی بردبێ بۆ عەلیاغای عەلیار، بەڵام جوامێریی شەخسی و ڕەگی عەشیرەیی ئیجازەی مۆرکردنی نامەکەی بە عەلیاغا نەدابێ و داواکاریی شێخ ڕەحیمی دابێتە دواوە.

دیارە ئەو بۆچوونەی من لەمەڕ ئامادەکاریی پێشتر بۆ کۆبوونەوەکە، تەنیا بۆچوونێکە و هیچ فەکتێکی لە پشت نییە، جیاوازیشە لەو هەواڵەی وا کاک ناسری عەلیار لە وتارەکەیدا دەمانداتێ. بەگوێرەی ئەو، مەحموودئاغا و کوڕەکانی نەیاندەزانی میوانەکانیان کێن و کێ لە ترۆمبیلەکە دێتە خوارەوە (ل ١٣٠).

هەڵسەنگاندنی نووسەر لە ڕووداوەکە و کەسایەتییەکان، گەلێک مەنتیقی و بێلایەنانەن و گەرچی هەستیارییەکی شاعیرانە و لایەنگریی ڕێبەرانی کوردی بەڕوونی تێدا دەبیندرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش دەکرێ وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و هەواڵێکی ڕاست باوەڕی پێ بکرێ و پشتی پێ ببەسترێ، لەبەروەی نووسەر لە بنەماڵەی عەلیاری ئامۆزای ئێلخانیزادەکانە و دەکرێ ئەم هەواڵانەی لە کەسوکاری خۆی بیستبێ. سەد بریا کاک ناسر ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە سەرچاوەی هەواڵەکانیش بکردایە و بایەخی کارەکەی خۆی پێ ببردایەتە سەرێ.

بەهۆی کورت بوونی وتارەکەوە، پێویست بە ناساندنی زیاتری نابینم و خوێنەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ بچێتە سۆراغی هەواڵەکان و بیانخوێنێتەوە.

**تێبینی**: لە ساڵی ٢٠١٩دا بە ڕێگەی برادەرێکی خۆشەویستمەوە چاوم بە دەقی چاپنەکراوی لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ژیانی حاجی بابەشێخ کەوت کە یەک لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆی نووسیبووی. لام وایە ئەم کارە هەنگاوێکە بۆ پێشەوە لە بواری ناسینی کەسایەتیی ئەو گەورەپیاوەدا و هیوادارم دەقی چاپکراوەکەشی بە چاو ببینین.

## شێخ ڕەزا و شێخانی تاڵەبانی بۆکانین

«شـێخانی ئیرشـادی تاڵەبانـی و چەنـد ناودارێکـی تـری ئـەم بنەماڵەیـە» نـاوی نامیلکەیەکـە دوکتـۆر نـووری تاڵەبانـی نووسـیویەتی. ڕێـزدار دوکتـۆر نـووری سـەبارەت بـە بنەچەکـی بنەماڵەکـەی خۆیان ـ واتە شـێخانی تاڵەبانـی ـ بۆچوونێک دەردەبـڕێ کـە ڕاسـتەوخۆ دوو جـار لـە زمانـی خۆشـیم بیسـتووە. بەگوێـرەی بۆچوونەکـەی ئـەو، باپیرانـی ئـەو بنەماڵەیـە و یـەک لـەوان شـێخ ڕەزای شـاعیر، دەچنەوە سـەر «کاکەسـوورییەکانی بۆکان» [کە ئێسـتا بە «سـورخی» دەناسـرێن]. ئەوانـەی خوارەوە دەقی نووسـینی دوکتۆر نوورین لـە لاپەڕە ١٢ تا ١٤ی نامیلکەی سەرەوەدا:

«... کاک چـالاک تاڵەبانـی لە زمانی شـێخ محەممەدی قەرەداغییـەوە دەگێڕێتەوە کـە لە سـاڵی ١٩٨٤دا پێی گوتووە: گـۆڕی باپیرەگەورەی بنەماڵەی تاڵەبانی کە «ئاغا ڕۆسـتەم»ە، لـە قەرەداغـە. ئەم پیـاوە لە کاتی خۆیدا لە کوردسـتانی ئێـران ئاغا و خـاوەن موڵکێکـی دەوڵەمەنـد بووە. لـە زەمانی سـەفەوییەکاندا زۆریـان بۆ هێناوە لە سـوننیەوە ببێ بە شـیعە، لەبەرئەوە ناچار باری کردووە بۆ کوردسـتانی عێراق [عوسـمانیی ئـەو دەم] و لـە ناوچـەی قـەرەداغ نیشـتەجێ بـووە. ئـەم بۆچوونـەی شـێخ محەممـەد قەرداغـی تـا ڕادەیەکی زۆر لەگـەڵ بۆچوونەکانی تـر دەگونجێ کە باپیرانـی ئـەم بنەماڵەیـە دەبەنەوە سـەر نەوەی «کاکەسـوور»ی ناوچـەی بۆکان لە کوردسـتانی ئێران. جیاوازییەکیش هەبێ لەوەدایە ئایا باپیرەگەورەیان لە سەردەمی ئاغا ڕۆستەمەوە هاتۆتە ئەم دیوی کوردستان یان لە سەردەمی مەلا مەحموودەوە. لەبەروەی من خۆم لەنێو سەرچاوەی بنەماڵەی تاڵەبانیدا چاوم هەڵێناوە کە تەکیەی تاڵەبانییە لە کەرکووک و هەر لەوێدا گەورە بووم و لە منالییەوە حەزم لە دانیشتنی نـاو کـۆڕی پیاوی گـەورە و پیرانی ئـەم بنەماڵەیە کـردووە، دەتوانم بە پشـتیوانیی هەندێ دۆکومێنت و قسەی ئەوان بڵێم مەلا مەحموود کوڕی ئاغا ڕۆستەمی کوڕی

ئاغـا یۆسـفە لـە نەوەی کاکەسـووریی ناوچـەی بۆکان لە کوردسـتانی ئێـران. مەلا مەحمـوود نزیکـەی ٣٠٠ سـاڵێک لەمەوبـەر بۆ تـەواو کردنی خوێندنی بـە فەقێیەتی ڕووی کردۆتە باشووری کوردستان...

شـێخ ڕەزای شـاعیریش لە پارچە شـێعرێکدا بە زمانی فارسی کە باسی باب و باپیرانی تێدا دەکا، ئەوەی بۆ ڕوونکردووینەتەوە و وتوویەتی:

مشـــهور جهـــان به «غــوث ثانی»
عبـــدالرحمـــــان طالبانـــــــی
محمــودش جــد و احمدش باب
هرســه ولی‌انــد و قطــب اقطاب
محمــود، مریــد پیــر لاهــور
هرچنــد به زنگنه اســت مشــهور
در اصل و نسب گلی‌ست سوری
از گلبـــــــن بـــــاغ کاکه‌سوری[١]

١. دوکتـۆر نـووری تاڵەبانـی، «شـێخانی ئیرشـادی تاڵەبانـی و چەنـد ناودارێکـی تـری ئەم بنەماڵەیە»، ناشر (؟)، سلیمانی ٢٠٠٢، ٨١ لاپەڕە، کوردی.

## حوزنی و گیوی موکریانی

لە باسی کەسایەتییەکان و ژیاننامەیاندا، گەلێک جار پەیوەندەکان ڕوون و ئاشکرا نین یا خود بەهۆی هاتوچۆ و کۆچبەرییەوە تووشی ئاڵۆزی دەبن. لەم پەیوەندییەدا هەوڵ دەدەم نەبمە هۆی ئاڵۆزکاوی و بشێوی و پاشاگەردانی لەلایەک و شەڕی شار و گوند و ناوچە لەلایەکی ترەوە. هەر چەشنە بۆچوونێکی ئەوتۆ دژ بە ئامانجی ئەم نووسینانەیە. کاتێ کە لێرەشدا باسی نەمران حوسێن حوزنی و گیوی موکریانی دەکەم ئاگاداری ئەوە هەم کە خۆیان بە مەهابادی ناساندووە و نامەوێ بەرپەرچی شتێک بدەمەوە کە خۆیان گوتوویانە. ئەوان لە باشووری کوردستان ژیاون و بوونەتە خزمەتکاری بێدرێغی فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی کوردی؛ چاپخانەیان لە حەڵەبەوە بردۆتە ڕەواندز و پاشان هەولێر، ڕۆژنامەیان دەرکردووە و گەلێک کتێبی باشی مێژوویی و زمانەوانییان هەم نووسیوە و هەم هی خەڵکی دیکەیان چاپ کردووە. ئەم دوو کەسە نموونەی هەرە بەرزی کاری فەرهەنگین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی کوردستاندا و ژیانیان هەڵگری ئەوەیە چەند کتێبی قەبارە گەورەیان لەسەر بنووسرێ. هۆکاری ناوهێنانیانیشیان لە «بۆکان لە مێژوودا» ئەم ڕاستییەیە کە بنەماڵەی حوزنی بە بنەچەک خەڵکی دەوروبەری بۆکانن و بۆ نووسینی سەرجەمی مێژووی بۆکان دەبێ ئاماژە بە هەموو زانیارییەکی بەردەست لەمەڕ کەسایەتی و شوێن و ڕووداوەکان بکرێ.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی مامۆستا هەژار (سەرەتای شەرەفنامە) و چەند سەرچاوەی تر وەک گۆڤاری «مەهاباد»، ژمارە ٩)، بنەماڵەی حوزنی خەڵکی گوندی «ئینچکە» بوون. من خۆم لە ساڵانی ١٩٦٢ و ٦٣دا، کاتێ مامۆستای قوتابخانەکانی گوندی باغڵووجە و بوغدەکەندی بووم، لە نزیک گوندی «شقۆیف»ی ئێستادا چاوم بە کەلەوای گوندە ڕووخاوێک کەوتووە کە دەیانگوت پێشتر گوندێکی ئاوەدان و ناوی ئینچکە بووە. ئینچکە لە باشووری گوندی «کۆچکی سەروو» و ڕۆژهەڵاتی باغڵووجە هەڵکەوتووە و

لـە جـادەی بۆکان بۆ سـەقزەوە دوور نییە. ئـەو گوندانە دوای سـاڵی ١٩٦٢ کەوتنە سەر سەقز، بەڵام پێشتر وەک هەموو گوندەکانی دێهستانی تورجان، سەر بە بۆکان بوون و بەو پێیە، حوزنی موکریانی بە بنەچەک بۆکانییە.

ئەو حیسابەی بۆ حوزنیمان کرد، بۆ گیوی موکریانیش زۆر جیاواز نییە. خۆی لە گوندی بوغدەکەندی لەدایکبووە کە دوور نییە لە ئینچکەوە و من شانازیم بووە لـە سـاڵی ١٣٤٣ و ٤٤ [١٩٦٥]دا لـەوێ مامۆسـتای قوتابخانـە بم، بـەڵام لاوییەتی و بێعەقڵی! کەی دەمزانی نیشـتەجێی گوندی گەورەپیاوێکی ئەوتۆم! کەسـیش باسـی ئـەوەی بـۆ نەکـردم. گیـو دایکبـرای حوزنییـە و خـات «سـەلما»ی دایکیـان خەڵکی «سـورنجداغ»ی لای خورخـوڕەی سـەقز بووە کـە ئەویش لەو ناوچەیـە دوور نییە. باوکی گیو ناوی ئەحمەد ئومەربل بووە، بەڵام نازانم خەڵکی کام ناوچەی کوردستان بـووە. هـەر چۆنێـک بێ، ڕەچەڵەکـی بنەماڵەی حوزنیـش و گیویـش دەگەڕێتەوە بۆ گوندی ئینچکەی ئەو دەم هی بۆکان و ئێستا هی سەقز.

ئەوە ژیاننامەیەکی کورتی گیوی نەمرە کە قاموسـە کوردییەکانی بۆ هەمیشـە جێـگای کەڵـک لێوەرگرتـن دەبـن لەبـەرەوەی هەندێـک وشـە و زاراوەی بـۆ تۆمار کردوویـن کـە لە ژیانی شارسـتانیی ئەمـڕۆدا نەماون و یارمەتیدانی ئـەو نەبوایە وەک هەزاران وشـەی دیکەی زمانەکەمان دەفەوتان. وێنەیەکی جوانی گیویشـی تێدا دەبیندرێ. دەزانین گیو وێنەکێشی فۆتۆگرافی بووە و لە مەهاباد دووکانی وێنەکێشیی کردۆتـەوە. بابەتەکـەم لە سـایتی «جام کـوردی» هەڵگرتووە، بـەڵام بەداخەوە ناوی نووسەری بەسەرەوە نییە.[1]

1.https://jamekurdi. com/

## میسریخانم

هەموومان ناوی چوار ئەفسەرە شەهیدە کوردەکەی باشووری کوردستانمان بیستووە کە بۆ یارمەتی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا هاتنە مەهاباد و بۆکان و پاش گەڕانەوەیان بۆ عێراق، بەدەست حکوومەتی پادشاهی عێراق ئیعدام کران: محەممەد مەحموود قودسی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو و عیززەت عەبدولعزیز، یادیان بەخێر بێ!

بەڵام وا هەیە کەم لە ئێمە بزانین کە هاوسەری یەک لەو چوار ئەفسەرە قارەمانە، خانمێکە بەناوی میسریخانم کە یەکەمین ژنە مامۆستای قوتابخانە بووە لە بۆکان! بەگوێرەی وتوویژێک کە لە گۆڤاری «مەهاباد»دا بڵاوبۆتەوە، میسریخانم دەڵێ خەڵکی مەهاباد بووە و پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمی کۆماردا ناردوویەتە بۆکان و لەوێ بۆتە مامۆستای قوتابخانە. ناوی تەواوی «میسری حەسەنزادە» بووە و پاشان لە بۆکان شووی بە «محەممەد مەحموود قودسی» ئەفسەری کوردی خەڵکی سلێمانی کردووە و چۆتە سلێمانی. دوای شەهید بوونی قودسیش گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵات و لە بۆکان شووی کردۆتەوە.

لە وتوویژەکەدا، میسریخانم کە بەختەوەرانە ئێستا لە حەیات دایە و لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا لە بۆکان دەژی، باسی ئەو سەردەمەی بۆکان، مەدرەسەی تێکەڵاوی کچ و کوڕ، مامۆستاکان و گەلێک مەسەلەی دیکە دەکا کە جێگەی سەرنجن و بەشێکن لە مێژووی بۆکان. ئەوەی من دەتوانم لە وتوویژەکەی زیاد بکەم ئەوەیە، بەڕێز میسریخانم لە بۆکان مێردی بە کاک حوسێن ئازەری (حوسێنەکۆڵ) کردووە و ئێستاش لەو مێردەی منداڵی هەن.[١]

---

١. گۆڤاری «مەهاباد»، چاپی مەهاباد، ژمارە ٥٦، خەزەڵوەری ١٣٨٤ (نوامبری ٢٠٠٥)، لاپەڕە ٨ ـ ١٠.

## سەعیدی همایوون و پێشەوا

کتێبی بیرەوەرییەکانی نەمر سەعیدی هومایوون لەمەڕ ژیان و کار و خەبات و مەرگی پێشەوا قازی محەممەد کە بە فارسی نووسراوە، وەرگەڕاوەتە سەر کوردی و بەناوی «پێشەوای ڕابوون» لە هەولێر بڵاوبۆتەوە. کتێبەکە لەلایەن کاک «هاشم سەلیمی»یەوە ئامادە کراوە و کاک ڕەسووڵ سوڵتانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. دەقی سەرەکیی (فارسی) کتێبەکە پێشتر بڵاوکرابۆوە.

سەعیدخان خوشکەزای پێشەوا و کەسێکی بڕواپێکراوی ئەو بووە و لەلایەن ئەوەوە بۆ چەند مەئمووریيەت نێردراوە یاخود لەگەڵی بووە و هەر بۆیەش بیرەوەرییەکانی لەمەڕ پێشەوا جێگەی باوەڕ و متمانەیە. بەداخەوە من دەقی فارسیی کتێبەکەم نەبینیوە، بەڵام لە تەرجەمە کوردییەکەی‌دا چۆنییەتیی نووسران یا تۆمارکرانی ئەم یادداشتانە و چۆنییەتیی ڕێکخرانیان لەلایەن ئێدیتۆرەکەی، واتە کاک «هاشمی سەلیمی»یەوە ڕانەگەیەندراوە.

هەرچۆنێک بووبێ، کتێبەکە بریتییە لە بیرەوەریی نووسەر لەمەڕ ژیانی پێشەوا قازی محەممەد (کە خاڵی خۆیەتی). من ناچمە هیچ باسێکی گشتی سەبارەت بە کتێبەکەوە و ڕاستەوخۆ ئەو خاڵانە باس دەکەم کە بۆکان یا بۆکانی دەگرنەوە بەڵام بە پێویستی دەزانم بڵێم کتێبەکە هەڵەی چاپی گەلێک زۆرن و نازانم ئەم پەتا پیسەیە کەی بەرۆکی چاپەمەنیی کوردی لە باشووری کوردستان بەردەدا؟ ئەم هەموو زەحمەتەی نووسەر و وەرگێڕ و ئامادەکار و بنکەی چاپەمەنی بۆ ئامادە کردن و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەیکێشن بۆچی بەو شێوە ناحەزە بە فیڕۆ دەدرێ و کەسیش گوێی نابزوێ و لە بیری چارەسەرێک‌دا نابێ بۆی؟ مرۆڤ لە داخ و دەردی ئەم دیاردە نگریسە لەوانەیە هەر بەگشتی خوێندنەوەی کتێبی چاپی باشوور بنێتە لاوە و ئیتر وازی لێ‌بهێنێ.

ئەو بەشانەی کتێبەکە وا لە پەیوەندی بۆکان و خەڵکی بۆکان‌دان زۆرن و من لە خوارەوە ژمارەی لاپەڕەکانیان ڕادەگەیەنم:

لاپەڕە ١ تا ٤، ١٠، ٢٢، ٢٨، ٣٥، ٤٣ و ٤٤، ٥٠، ٥٨، ٦٢، ٧١، ٧٥، ٧٨ تا ٨٠، ٨٢، ٨٣، ٨٨، ٩٩، ١٠٢، ١١٧، ١١٨، ١٢٠، ١٢١، ١٢٩، ١٣٤، ١٣٥، ١٤٨، ١٨٠ و ١٨١.

نووسەر جگە لەو باس‌وخواسانەی وا هەمووان پێی دەزانین، هەندێ بابەتی مێژوویی خستۆتە بەرچاو، کە ئەگەر ئەو بۆی تۆمار نەکردایەین وا هەبوو تێدا بچوایەن و کەس بە هەواڵی نەزانیایەن. بۆ نموونە، دەنووسێ:

«پاییزی ساڵی ١٣٢٠/ ١٩٤١ بەریتانییەکان ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی بۆکان، مەهاباد، سەقز و بانەیان بانگهێشت کردبوو کە لە بۆکان بۆ وتوویژ لەسەر کاروباری ناوچەکە [کۆ ببنەوە]. هێشتا بانگهێشتکراوەکان بەتەواوی لە شوێنی دیاری‌کراو (میوانخانەی کۆنی بۆکان) کۆ نەببوونەوە و بەریتانییەکانیش دیار نەبوون لەناکاو هەواڵ هات ئەوە دوو ماشێن لە بەردەرکی میوانخانە وەستاوە و چەند ئەفسەری ڕووسی لێ‌دابەزیون... ئەفسەرە ڕووسەکان هاتنە سەرێ بە ڕووگەشی و میهرەبانییەوە سڵاویان لە میوانەکان کرد. ئەفسەری پایەبەرزی سۆڤیەت کە ناوی سەلیم ئاتاکیشی ئۆف بوو لەگەڵ هاوڕێ چەکدارەکەی کە کوردێک بوو بەناوی جەعفەرۆف... گوتیان ئێمە هاتووین برایانی کوردمان بۆ باکۆ و دیتنی سۆڤیەت بانگێشتن بکەین... لەو سەفەرەدا سێ کەس لە پیاوماقووڵان و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵ قازی محەممەد چوونە باکۆ...» (لاپەڕە ٤٣ ـ ٤٤).

یا لە لاپەڕە ١١٥دا باسی دانیشتنی هاوبەشی کورد و ئازەربایجانی دەکا لە مەراغە بۆ ئامادەیی بەرانبەر بە هێرشی سپای ئێرانی (١٩ی سەرماوەزی ١٣٢٥/ ١٩٤٦).

لە لاپەڕە ١١٧دا باسی چوونی پێشەوا و حاجی بابەشێخ دەکا بۆ حەمامیان و چاوپێکەوتنی سەرتیپ هومایوونی.

لە لاپەڕە ١٣٤دا باسی ئاگرتێبەردانی پردی بۆکان لەلایەن «دەستەیەک لە ئاغاکانی دێبوکری»ییەوە دەکا و لە لاپەڕە ١٨١دا دەنووسێ:

«هەر کاتێک پێشەوا لە بەدقەولی و پەیمان‌شکێنیی دۆستێک یا بەڵێنیی دەوڵەتی

ئێـران ناڕەحـەت بووایـە زۆر لەسـەرخۆ دەیگـوت: ئـەی کوردەکـەی بێچارەکـەی بێپارەکەی بێیارەکەی بێکارەکە!»

ئەم یادداشتانە بە یارمەتیی وەرگێڕاوی کوردیی کتێبەکە نووسراون.[١]

١. سەعید هومایوون، «پێشەوای رابوون ـ بیرەوەرییەکانی سەعید هومایوون»، کۆکردنەوە و ئامادەکردنـی هاشـم سـەلیمی، وەرگێـڕان [لـە فارسـییەوە] ڕەسـووڵ سـوڵتانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧، ٢١٠ لاپەڕە، کوردی.
سعید همایون، «پیشوای بیداری، خاطرات سعید همایون» چاپەمەنی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤. فارسی..

## ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق

لە چەند بەشی ئەم وتارانەدا باسم لە بیرەوەری ژمارەیەک لە ڕێبەران و ئەندامانی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە، کە بەگشتی هەموویان دوابەدوای کۆنگرەی دووهەمی حیزب (۱۹۶۴/۱۱/۱۹) لە بەرەی دژبەری نەمر عەبدوڵڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیقدا بوون و بەڕاشکاوی دژ بە هێڵی فکری و ڕێبازی سیاسیی ئەو وەستاون.

کارەکەم ناتەواو و یەک لایەنە دەبوو ئەگەر دیوی ئەودیوی سکەی پەیوەندییەکانم نەدیتبایە و ڕوانگەیەکی ئەرێنیشم لەمەڕ نەمر ئەحمەد تۆفیق وەک کەسایەتییەکی هەڵسووڕاوی گۆڕەپانی سیاسەت و حیزبایەتی و کوردایەتی نەخستبایەتە بەرچاوی خوێنەر. ئەم کارە نابێ بە لایەنگری یا دژایەتیی کەسێک و لایەنێک دابندرێ. من کەسی ئەم کارە نیم و ئەو شارەزایییەشم نییە، بەڵام لە ڕەوتی مێژوویی کارەکان و خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانەوە، گەیشتوومەتە ئاکامێکی «مەنتیقی» کە تاکەکەسییە و وا هەیە زۆر کەس لەباری سیاسییەوە بە ناتەواوی بزانن، بەڵام من کێشەی ساڵانی پێش کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات و دووفاقە بوونی ئەندامان دوابەدوای کۆنگرە، لە پەیوندیی مەسەلەیەکدا دەبینم، ئەویش خۆبەستنەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتە بە پارتی دێموکرات و شۆڕشی ئەیلوولەوە، کارێک کە خۆی لە خۆیدا ڕاستە و هەر تاکەکەسێکی کورد، بە بیری کوردایەتییەوە دەبووایە بیکا، بەڵام با بزانین کاتێ کار دەگاتە حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسیش، ئەم کارە بە هەمان شێوە ڕاستە؟

ڕاستەقینە ئەوەیە هەرکات حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان بە حیزبە سیاسییەکانی باشوور و باکوورەوە بەستبێ، لە ئامانجە عەینییەکانی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە. ئەگەر دووفاقە بوون و کێشەی نێوخۆی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ڕێبەران و کاربەدەستانی دیکەی حیزب نەگەیشتایەتە ئەو ئەنجامەی کە باڵی

ئەحمەد تۆفیق خەباتی نێو حیزبەکە بەجێبهێڵێ و بە بۆ درێژەی خەبات بچێتە نێو شۆڕشی ئەیلوولەوە؛ ئەگەر بەشێک لەلایەنەکەی دیکەش بە هاندانی مەکتەبی سیاسیی ئەو دەمی پارتی، کۆمەڵەی ڕزگاری دروست نەکردبایە و پاشماوەیان لە نێو مەودای ئەو دووبەرەکییەدا هەوڵی نزیک بوونەوە لەلایەنێکیان نەدایە، وا هەبوو ساواک بەو هاسانیانەی بۆی لوا، نەیتوانیایە لە عەمەلیاتی خۆی دژ بەوان‌دا سەربکەوێ و ئەحمەد تۆفیقیش مەجبوور نەبووایە سەر لە بەغدای بەر چنگوڕی بەعس دەربهێنێ.

لە ڕوانگەی منەوە، ئەم بۆچوونە بۆ بارودۆخی ئێستای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە باشووریش ڕاستە. خۆبەستنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە یەکییەتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتەوە، جگە لە «بێعەمەلی» و بێحەرەکەتییەکی بیست ساڵە کە هەمووی لە بەرژەوەندیی ڕژیمی ئێران‌دا بووە، ئەوەی لێکەوتۆتەوە کە بە بەرچاوی هەمووانەوە نزیکەی ٧٠٠ کەس لە پێشمەرگە و هەڵسووڕاوانی هەر دوو ڕێکخراوەکە بەدەستی پاسدار و بەسیج و بە یارمەتی جاش و خۆفرۆشی کورد لە هەولێر و بەتایبەت لە سلێمانی تیرۆر بکرێن و کەس مەتەقی لێوە نەیە. ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە چەکداربوون و کاری چەکدارانەیان دژ بە ڕژیمی ئێران دەکرد، ئاشکرایە بەبێ گوشار و پەیمانبەستنی حیزبەکانی باشوور لەگەڵ سپای پاسداران و ئیتلاعاتی ئێران، لە بەرانبەر پیلانێکی ئەوتۆدا کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، بێدەنگ دانەدەنیشتن و ڕەنگدانەوەیەکیان هەر دەبوو. خەباتی چەکدارانە مەنتیق و ڕێباز و شوێن و کاتی خۆی هەیە و نوێنەرانی سیاسیی هەموو گەلێکی شۆڕشگێڕ وا هەیە لە برگەی پێویستی زەمانی‌دا دەست بۆ چەک بەرن، بەڵام ئەم حاڵەتە نەخوازراوەی ئێستای ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور تێیکەوتوون و بریتییە لە چەکدار بوون و لە عەینی کات‌دا چەکدارنەبوونیش! ئاکامی خۆ بەستنەوەیانە بە حیزبەکانی باشوورەوە، کارێک کە هیچ سەلاح و مەسڵەحەتێکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات تێدا نییە.

ئەگەر ئەمڕۆ پژاک خۆی بە سیاسەتەکانی «پ. ک. ک»وە نەبەستێتەوە، وا

هەیـە پێـش بە گەلێـک خوێنڕژانی ناپێویسـت و ئیعدامـی ڕۆڵەکانی گـەل بگیرێ و گورگەبۆرەکانـی تورکیـاش لەنێـو ئازەربایجانییـەکاندا نەتوانن پێگەیـەک بۆخۆیان بکەنـەوە و بانگـی «مـرگ بـر کرد» لـە گەرووی هەشـتا هـەزار بینەری سـتادیۆمی فوتباڵی تەوریز بەرز نەبێتەوە. ئەگەر حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە خۆیان لە کێشەی پارتـی و یەکیەتـی لەگـەڵ «گـۆڕان» و دوو حیزبـە ئیسـلامییەکان دوور ڕانەگـرن، مەترسـیی ئـەوە دێتـە پێشـەوە کە بـە قەڵەم یا قەدەم لە سـەنگەری مـەلا کرێکار و عەلی باپیری ئەندامی بەقسـە ئۆپۆزیسـیۆنی هەرێمدا بیاندۆزینەوە کە شانبەشـانی «برادەرانی پاسدار» دژ بەحکوومەتی هەرێم دەجەنگن!

وا هەیـە ئـەم بۆچوونە، بـە دژایەتی لەگەڵ بیری «کوردسـتانی» و «پان کوردی» لە قەڵەم بدرێ. من هەر لێرەدا ڕایدەگەیەنم کە هەتا مۆخی ئێسقان خۆم بە کورد و لایەنگـری یەکگرتوویی خاک و گەلەکەم دەزانم، بەڵام چەواشـەکاری و تێگەیشـتنی بەرئاوەژوولەچەمکی «یەکگرتوویی» و «یەکییەتی» و «کوردستانیبوون»دەدەمەدواوەو دژی خوێنڕژانـی بێئاکامـی ڕۆڵەکانـی گەلـی کوردم بەنـاوی خەباتێکـی چەکدارانە کـە زیـاد لە بیسـت سـاڵە وەک عەنقا و کیمیا تەنیـا ناوی هەیە، بەڵام لەسـەر کورد کەوتـووە و لـە کۆمەڵـگای جیهانـیدا گەلێک زیانـی لێداوین و ئیعتیبار و سـومعەی شـکاندووین. ئـەوە چ خەباتێکـی چەکدارانەیـە کە ٧٠٠ کەس لـە ئەندامانت بکوژن و تۆ متەقت لێنەیەت؟ چ خەباتێکی چەکدارانەیە کە بە ڕۆژی ڕۆشـن بۆمبا لە بنکە و مەنزڵگا تەریککەوتووەکەت دابنێن و بتکوژن، بەڵام هیچ ڕەنگدانەوەیەکت نەبێ؟

من هاندەری کەس نیم بەرەو چەک هەڵگرتن و توندوتیژی، بەڵام ئەم ئەلفوبێیەی کارەکەش دەزانم کە ئەگەر ڕێکخراوەیەک چەکی هەڵگرت و بە چەکدار ناسرا، دەبێ کردەوەی چەکدارانەشی هەبێ. چەک «سیربەترش» نییە دایبنێی و بڵێی دوای حەوت سـاڵی دیکـە کەڵکـی لێوەردەگرم! ئەگەر ئەمڕۆ کاری چەکـداری ناکەین با ئازایەتی ئەوەشمان بێ بە خەڵکی بڵێین لەم قۆناغەی کارماندا شێوازی چەکداری بەجێدەهێڵین و کاری سیاسـی دەکەیـن، هـەر کاتێکیـش پێویسـتی بـە چەکهەڵگرتنـەوە کـرد و گەلەکەمان بە سەلاحی زانی، سەرلەنوێ چەکی شەڕەف هەڵدەگرینەوە و دەچینەوە

شەڕەجەنگی دوژمنان.

**

بۆنەی ئەم قسانە، دەرچوونی کتێبێکە بەناوی ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی)، کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی نووسیویەتی و لە سلێمانی بڵاوی کردۆتەوە. نووسەر ژیاننامەیەکی تێروتەسەل، بەڵام لایەنگرانەی بۆ نەمر ئەحمەد تۆفیق پێکهێناوە، کە ڕەنگە لە باری سیاسی و بۆچوونی شەخسییەوە تەواو بێ، بەڵام لە باری «لێکۆڵینەوەی بێلایەن» و ئەمڕۆییەوە هەندێک دەلەنگێ. لایەنداربوونەکە هەر لە یەکەم لاپەڕەی پێشەکی کتێبەکەدا خۆدەنوێنێ:

«ئەحمەد تۆفیق یەکێکە لە گەورەترین غەدرلێکراوانی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردمان. مێژووی پڕشنگدار و خەباتی سیاسیی ئەم کەسایەتییە بە دەستی نەیارانی تووشی شێواندن هاتووە...» (ل ٧).

خوێنەر هەر لێرەوە دەتوانێ بزانێ کە نووسەر لە لاپەڕەکانی کتێبی خۆیدا بەشوێن «سەلماندن» و «ئیسبات»ی بڕیار و بۆچوونێکی لە پێشەوە دانراودا دەگەڕێ نەک توێژینەوە لە بابەتێکی جێگەی مشتومڕ. ئەم چەشنە هەڵوێستگرتنە، وا هەیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا دیاردەیەکی ئاسایی بێ، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان و بەتایبەت لە ڕۆژاوا کەمایەسییەکی گەورەی کاری توێژینەوەیە، کارێک کە دەبێ لە «پێشداوەری» و بڕیاردان بەدوور بێ.

هەر چۆنێک بێ، کتێبەکە گەلێک بەکاکڵە و بۆ ناسینی کەسایەتی و چالاکییەکانی ئەحمەد تۆفیق و ئیعتیباربەخشین بە کەسایەتییە بەرهێرشەکەی، زۆر بەکەڵکە: لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی (١٩٣١ی زایینی) لە مەهاباد لەدایکبووە، ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی «ژ. ک» و پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە؛ لە مەهاباد و پاشان لە تاران دەرسی خوێندووە و چۆتە ڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە تاران؛ بۆ درێژەی کار و خەبات چۆتە باشووری کوردستان، لەوێ وەک پاشماوەی خەباتکارانی ڕۆژهەڵات بۆ ماوەیەک

لـەم گونـد و ئـەو گونـد ماوەتـەوە و لـە نامـەی ڕۆژی ١٩٦٠/٥/٢٦ی خـۆیدا بـۆ نەمـر بارزانـی ئامـاژە بـە بارودۆخـی خەباتکارانـی ڕۆژهـەڵات لە باشـوور دەکا و دەنووسێ: ٨ ساڵە لێرە ئاوارەین (ل ٩٦). دوابەدوای بەسترانی کۆنگرەی دووهەمی حیـزب لـە گونـدی سـونێ (ل ١٢٦)، دووبەرەکیـی نێـوان ئەندامانـی ڕێبەرایەتیـی حیـزب زەق بۆتـەوە و ئەحمـەد تۆفیـق بەیەکجـاری هاڤاڵەکانـی ڕۆژهەڵاتیـی خۆی بەجێهێشـتووە و لە ڕیزەکانی شۆڕشـی ئەیلوولدا درێژەی بـە خەبات داوە؛ ئینجا لەژێر گوشاری ساواکی ئێراندا بە خواستی ڕێبەرانی پارتی دێموکرات، لە ناوچەکە دوور خراوەتەوە و درەنگتر بە شێوازێکی هەندێک نادیار و ناڕوون، گەیوەتە بەغدا کـە گیـران و شـەهید بوونی بەدەسـت بەعسـەوەی لـە دەوروبەری مانگـی چواری ١٩٧٣ی بە شوێندا هاتووە. یادی بەخێر بێ.

لێرەدا ئاماژە بەخاڵێکی گرنگی ژیانی ئەحمەد تۆفیق دەکەم. زۆرێک لە ناحەزانی ئەحمەد تۆفیق، ئەو کەسایەتییە هەڵسووڕاوەی خەباتی کوردایەتی بە نۆکەری ئەمریکا و ئەمپریالیزم و دژبەری بیری پێشکەوتنخوازی چەپ دەزانن و «بەیاننامەی کومیتەی سـاغکەرەوەی حیـزب لەمـەڕ ئاکارە گڵاوەکانـی ئەحمەد تۆفیـق» (٢٧ی جۆزەردانی ١٣٤٣) ئـەوە و گەلێـک تۆمەتـی سیاسـیی دیکـەی داوەتـە پاڵـی (ل ١٧٣). یـەک لەو تۆمەتانـە پەیوەندییەتـی بـە سیاسـەتی حکوومەتـی ئەمریـکاوە، بـەڵام نووسـەری کتێبەکـە لەگـەڵ ئەو تۆمەتانـەدا نییە و بـۆ بەرپەرچدانەوەیـان، بۆچوونێکی ڕێزدار سەلاحوددینی موهتەدی ڕادەگوێزێ کە تێیدا دەڵێ:

«مەڕحومـی مـەلا مسـتەفا نامـەی بۆ هـەر پێنج دەوڵەتـی گەورە نووسـیبوو [و دابـووی بـە ئەحمـەد تۆفیـق بیانبا لە تـاران بیانگەیەنـێ]... ئەحمەد تۆفیـق گوتی بۆ دەوڵەتەکانـی دیکـە، خـۆم خەڵکـم هەیە، بـەڵام هی ئەمریـکا و ئینگلیزم نییـە. ئەگەر ئێـوە وەک خوێنـدکاری کـورد کارهاسـانیمان بۆ بکـەن و ئەو نامانـە بگەیەنن زۆر باش دەبێ. ئێمە چووینە لای دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان و من خۆم نامەکانم پێدا [دیارە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە دەست باڵوێزخانەکانی ئەو دوو وڵاتە]». واتە بەگوێرەی ئـەو بۆچوونـە، ئەحمـەد تۆفیق وەک دەگوتـرێ، پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ ئەمریکادا نەبووە و تەنانەت نەیتوانیوە نامەیەکیشیان بگەیەنێتە دەست (ل ١٥٩).

گەلێـک خاڵـی گرنگی دیکەی ژیانی ئەحمەد تۆفیق وەک تاوانی کوژرانی هەندێک

لە هاوسەنگەرەکانی بەدەست ئەو یا بە پیلان و فەرمانی ئەو، لە کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە کە ئەم وتارە شوێنی پێداچوونەوەی بابەتی وای نییە و خوێنەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ بچێتە سۆراغی کتێبەکە.

بەڵام بابەتی پەیوندیدار بە بۆکان لە کتێبەکەدا:

١. باسی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووفی مەلا حەسەن) وەک یەک لە یارانی وەفاداری ئەحمەد تۆفیق و بۆچوونەکانی لەمەڕ ئەو و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمانە، ل ٩، ١٠٥، ١٠٦، ١٣٩و ١٥٢؛

٢. باسی کاک سەلاحی موهتەدی، وەک یەک لە بنیاتنەرانی کۆمەڵەی خوێندارانی کورد لە تاران (ل ١٦)؛ وەک ئەندامی نوێی کومیتەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ل ١٣١)؛ بەگوێرەی بەڵگەیەکی ساواکیش، وەک لایەنگری مەکتەبی سیاسی و دژی بۆچوونی ئەحمەد تۆفیق بۆ ئەنجامدانی کاری چەکداری (ل ١٣٢)؛ وەک دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕزگاری، (ل ١٣٣)؛ لە مەسەلەی پەیوەندیگرتنەکانی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ باڵوێزخانەی وڵاتانی گەورەشدا، کە لە سەرەوەتر باسم کرد، وەک یاریدەدەری ئەحمەد تۆفیق (ل ١٥٩)؛

٣. نەمر محەممەدی ئێلخانیزادە، وەک ئەندامی نوێی کومیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، (ل ١٣١)؛

٤. ئیبراهیم ئاغای عەلیار (کە بەگوێرەی بەڵگەیەکی ساواک، لەگەڵ بیرۆکەی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە).

٥. حیزبی ڕزگاری، (ل ١٣٣ ـ ١٣٤، ١٣٨)؛

٦. دامەزرانی حیزبی موسلیمین لە مەهاباد و بۆکان، (ل ٣٤)؛

٧. چاپخانەی بۆکان، (ل ٦٩)؛

٨. جەغەتوو و تەتەهوو، (ل ١١٢).

هەروەها لەم لاپەڕانەی کتێبەکەشدا ئاماژە بە بۆکان کراوە، بەڵام بابەتێکی گرنگیان تێدا نییە: ١٩، ٣٦، ٤١، ١٢٩ و ١٣٠.[1]

---

١. د. یاسین سەردەشتی، «ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق «عەبدوڵڵا ئیسحاقی» (١٩٣٧ ـ ١٩٧٣)، بنکەی بڵاوکەرەوە (؟)، سلێمانی ٢٠٠٧، ٢٥٢ لاپەڕە، کوردی.

## حەمەڕەشیدخانی بانە

باس لە کتێبی «حەمەڕەشیدخانی بانە»یە کە کاک کەیوان ئازاد ئەنوەر نووسیویەتی و تێیدا ژیانی حەمەڕەشیدخانی لە منداڵییەوە تا کۆچیدوایی بۆ گێڕاوینەتەوە. بەشێکی بەرچاو لە کتێبەکە پشتئەستوورە بە کتێبی جمهووری کوردستانی کاک مەحموودی مەلا عیززەت، بەڵام ژمارەیەک بەڵگەنامەشی تێدایە کە لەودا بەرچاو ناکەون.

بەگوێرەی ئەو ڕاستییەی کە حەمەڕەشیدخان لە ماوەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا بەرپرس و فەرماندەی هێزی ٣٥٠٠ کەسیی بۆکان و ناوەندی فەرماندەیەتیشی گوندی سەرا بووە، کتێبەکە پڕە لە باس و بابەتی سەبارەت بە شاری بۆکان و دەوروبەری. بۆ نموونە، حەمەڕەشیدخان لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە گوندی یەکشەوە بەشداری کردووە؛ حەمەدئاغای سەرای لە گوندەکەی دەرکردووە کە ئامادە نەبووە ئالای کوردستان لە سەرا هەڵبکا و سەرپەرشتی کاری سپای ناوچەکە و پارێزگاریی سنووری باشووری کۆماری کردووە دژ بە هێزی سپای ئێران لە سەقز. بەڵگەنامەی لاپەڕەی ١٤٤ی کتێبەکە، گەلێک بەنرخە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دارایی کۆمار و نەبوونی سەرچاوەی داهات بۆ ئەو هەموو سپایەی وا حەمەڕەشیدخان کۆی کردۆتەوە، بۆ نموونە، تەنیا گوندی ١٠ ماڵیی «ئاڵتوونی سەروو» دەبووایە بژیوی ١٢٠ سوارەی سپای کۆمار دابین بکا، کە دیارە گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر دانیشتووانی گوندەکان.[1]

---

١. کەیوان ئازاد ئەنوەر، «حەمەڕەشیدخانی بانە»، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠١، ٣٣٠ لاپەڕە، کوردی.

## مامۆستا سەید سەلام عەزیزی

من «مامۆستا سەید سەلام عەزیزی»م لە ساڵی یەکەمی شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا ناسی، گەرچی دۆستایەتی و هاتوچۆم لەگەڵیدا نەبوو. ئەو سەرۆکی دادگای بۆکان بوو و منیش تازە گەڕابوومەوە سەر ئیشوکاری مامۆستاییم لە بۆکان.

دوای گیرانی شارەکانی کوردستان و هاتنەوەی پاسدار و بەسیجی، کە ناوچەی بۆکان بۆ ماوەیەک لە ئازادیدا ژیا و سێبەری قورسی مەلاکان بەسەر خەڵکەکەیەوە نەبوو. کاروباری ئیدارات بەدەست خەڵکی خۆیی بەڕێوە دەچوو و بێگانە پێیان ڕانەگەیشت. دیارە ژیانی ئابووریی خەڵک باش نەبوو و گەمارۆی مەلاکان کە نەیاندەهێشت قەند و شەکر و بەنزین و گازۆڵ و بەگشتی هیچ شتێک لە میاندواو تێپەڕ بێ و بگاتە کوردستان، بڕستی لە خەڵک بڕیبوو. ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردیش بۆ ئەم مەسەلەیە و گەلێک مەسەلەی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی کارێکی ئەوتۆیان لە دەست نەدەهات.

من ئەو دەم لەگەڵ ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق کەوتبووم، کە دواتر بوو بە دووبەشی «ئەکسەرییەت» و «ئەقەلییەت»ەوە. لەو قۆناغەدا من لەگەڵ ئەکسەرییەت کەوتم. ئەگەر هەڵە نەکەم، لە ساڵی ١٣٥٩دا بوو کە ڕێبازی سیاسیی ڕێکخراوی فیدائییانی ئەکسەرییەت تووشی گۆڕان هات و کاری چەکدارانە وەلانرا، دەفتەری ڕێکخراوەکە لە بۆکانیش لەقوتەق بوو و گەیشتبووە ئەوەی ئەمڕۆ یا سبەی دەرگای دابخرێ.

ڕۆژێکیان دەستەیەک خەڵکی ئاسایی شاری بۆکان وەک خۆ پیشاندان لەنێو شارەوە وەڕێکەوتن و هاتنە بەردەمی دەفتەری ڕێکخراوەکە لە ساختمانی دوخانیات. مستیان بەرز دەکردەوە و دژ بە هەڵوێستی نابەجێی ئەکسەرییەت لەمەڕ چەکدانان، دروشمیان دەدا.

مـن لـە دەفتەر بـووم، لە پەنجەرەکەوە خەڵکم دەدیت و گوێم لە دروشـمەکانیان دەبـوو. «بەرپرسـی نیزامـی»ی دەفتـەر هاوڕێیەکـی ئازەربایجانیـی خەڵکـی شـاری خـۆی بـوو بەنـاوی لوتفوڵـڵازادە، کـە ئێمە بـە «ڕەفیق سـەعید» دەمانناسـی و هەر بـەو نـاوەش بانگمان دەکرد. سـەعید لە هاوڕێیانی فەلەسـتین، واتە ئـەو ئەندامانەی ڕێکخـراوی فیدائییـان بـوو، کە لـە فەلەسـتین دەورەی چریکیی دیتبوو و کەسـێکی لێهاتـوو و بـە پێوانەی ئەو ڕۆژانە، شـارەزای کاروباری سـپایی بـوو. چەکەکانمان ماوەیـەک بوو شـاردبۆوە، بـەڵام تاکوتەرایەک چەکمان بۆ پاسـەوانیی بەردەرگا و دەفتـەری ڕێکخراوەکـە، هەر مابوو. سـەعید، کە بەداخەوە دواتر کۆماری ئیسـلامی لەگەڵ هاوڕێ جەواد و کاک مینەی شێرخانیدا ئیعدامی کرد، بەگوێرەی ئەرکەکەی خـۆی، کەوتـە جووڵە و پاسـەوان دامەزراندن لە چەند شـوێنی دەفتەرەکە و ئامادە بوو ئەگەر خەڵکەکە هێرش بکەنە نێو ساختمانی دەفتەر، داکۆکی بکا و نەیەڵێ.

من کەوتبوومە بارودۆخێکی خراپەوە، بەرپرسی دەفتەر و لە ئەنجامدا بەرپرسی هـەر کارەسـاتێکی ناحەز و ناخۆش بووم کە بهاتبایەتـە ئاراوە. لایەک خەڵکەکە، کە نەمدەزانی دەیانەوێ چی بکەن و ئایا بەتەمان بێنە نێو بینایەی دەفتەوەرەوە یان نا؟ لایەکیش ئەرک و وەزیفەی پاراسـتنی گیانی ئەو ئەندام و پێشـمەرگانەمان وا لەنێو بینایەکەدا بوون.

تەلەفۆنـم بۆ دەفتـەری حیزبی دێموکرات کرد و لەگەڵ بەرپرسـی دەفتەر قسـەم کـرد، بـەڵام وەڵامەکەیانـم بەدڵ نەبوو، واتە هەسـتم کرد نایانەوێ خۆ بە سـاحێبی خۆپیشـاندانەکە بکەن. دەمزانی کاک سـەید سـەلام عەزیزی، کە سـەرۆکی دادگای شـارەکە بوو، لە پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانیشدایە. تەلەفۆنم بۆ کـرد و تـکام لێکرد بارودۆخەکـە کۆنترۆڵ بکا و گوتم ئەگـەر ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووبدا هەموو لایەکمان بەرپرسی دەبین و لە سەرمان دەکەوێ. گوتم چەکدار لەنێو بینایەکەدایە و دەست دەکەنەوە. خۆپیشاندان باشە، بەڵام هێرش بۆ نێو ساختمانەکە شتێکی مەترسیدارە و دەبێ بەری بگیرێ. چی کرد و چۆن جووڵایەوە، نازانم، بەڵام وەڵامدانەوەی بە تەلەفۆنەکەی من، بەرپرسـانە بوو و بەشـوێنیدا هیچیش نەقەوما.

ئـەوە تاقـە بیـرەوەری شـەخسـیی خۆمە لە نەمر سـەید سـەلام. دەزانـم دواتر وەک پێشـمەرگە کەوتە چیا و تا پلـەی ئەندامییەتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەرز بۆوە.

## مامۆستا هێمن (هەواری خاڵی)

ئـەم کتێبـە لە ڕاسـتی‌دا گەنجینەیەکی بەنرخی هونەرە و هەر کوێیەکی سـەیر بکەی زانسـت و زانیاریـی لەمـەڕ مێـژوو و هونـەری کوردیی تێـدا دەبینی، لـە چیرۆک و شێعر و زمانەوانییەوە تا ڕۆژنامەگەری و بیرەوەری.

مـن بـۆ جـاری دووهـەم خوێندمەوە و ئـەو بابەتانەی وا سـەبارەت بـە بۆکان بـوون هەڵمبـژاردن بـۆ ئەم بەشـەی «بۆکان لە مێـژوودا». جگە لە بـاس و هەواڵ و قسەی ئێرەوئەوێ سەبارەت بە بۆکان و ناوچە و خەڵکەکەی، دوو بەشی سەرەکیی کتێبەکە ڕاستەوخۆ بۆکان دەگرنەوە:

وتاری دووهەم و سـێهەم کە بابەتێکی پێکەوە لکاون و باسـی بڵاڤۆکی «ڕۆژی کـورد»ی سـەردەمی سـمکۆ لە ورمـێ، وەک یەکەم ڕۆژنامـەی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دەکەن و مامۆسـتا هێمن لەو ڕۆژنامەیەوە هەواڵی چۆنییەتیی کوژرانی خاڵۆ قوربان ڕادەگوێزێ (لاپەڕە ١٣ تا ١٩)؛

وتاری شـازدەهەم، پێشـەکییەک بۆ «پێکەنینی گەدا»ی مامۆستا حەسەنی قزڵجی (لاپەڕە ١٠٠ تا ١٠٥)؛ مامۆستا هێمن لە سەرەتاکەی‌دا دەنووسێ: «لە موکریان باوە دەڵێن بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچووە مراوی وان، هەر لە هێلکە هاتنەدەر، مەلەوانن!» واتە زانا و خوێندەوارن.

بەڵام وتاری دووهەم و سـێهەم بابەتێکی مێژوویی گرنگی سـەرەتاکانی سەدەی بیستەمیان لەخۆگرتووە، کە مامۆستا هێمن لە کتێبی محەممەدی تەمەددون بەناوی «اوضـاع ایـران در جنـگ اول یـا تاریـخ رضائیـه»ی ڕاگواسـتووە و لە فارسـییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر کـوردی. مـن لێرەدا هەڵبژێـرراوی ئەو شـوێنانەی وتارەکە کە بۆکان دەگرنەوە دەهێنمەوە. شـایانی باسـە نوسـخەی ڕۆژنامەی جێگەی باس، واتە «ڕۆژی کورد» یا «ڕۆژی کورد، شەوی عەجەم» لەم ساڵانەی دوایی‌دا دۆزراوەتەوە و من نوسـخەیم لەلایەن برادەرێکی خۆشەویسـتەوە گەیشـتۆتە دەسـت. پێشـتر تەنیا

سەرچاوەیەک باسی کردبێ، محەممەدی تەمەددون، ئازەربایجانییەکی دژی کورد بوو، کە خاوەنی چاپخانەکە بووە و لەلایەن کوردانەوە مەجبوور کراوە ڕۆژنامە کوردییەکەیان بۆ چاپ بکا. دیارە دەزانین سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، نەمر مەلا محەممەدی تورجانیزادە، برای ئەحمەدی تورجانیزادەی بە ئەسڵ تورجانی بووە.

ئەوە گوڵبژێری نێوەرۆکی وتارێکی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردە کە بە کوردی نووسراوە، محەممەدی تەمەددون تەرجەمە فارسییەکەی لە کتێبی خۆیدا هێناوە و مامۆستا هێمنیش لە فارسییەوە کرووییەتەوە کوردی؛ شیردا بۆ داپیر دا! بەڵام باسی شەڕی کورد لەگەڵ سپای عەجەم بە سەرکردایەتیی خالۆ قوربانی هەرسینی:

«لەشکری کورد بە فەرماندەیی «سەید تەها ئەفەندی» لە گوندی «قۆزلوو»ی هەوشار بوون و خۆیان بۆ هێرش بردنە سەر ساینقەڵا ئامادە دەکرد، کە خەبەری دەسدرێژیی خالۆ قوربان لە میاندواوەوە بۆ شارویران و سابڵاغ، بەهۆی دوو سواری [عەلیخانی] سەرداری موکرییەوە گەیشت.

[سوپای سەید تەها] دەسبەجێ بەرەو سابڵاغ گەڕایەوە. شەوی ٢٩ی ڕەمەزان[ی ساڵی ١٣٤٠][1] لە بۆکان مانەوە و بەیانی زوو ڕۆیشتن... وایان دانا: جانگیربەگ لە عێلی هەرکی، ئەسکەندەرخان خەڵکی برادۆست، هەمزاغا لە عێلی مامەش، ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری و سالارسەعید لە خەتی لاچینەوە بچن... ئەمیرولعەشایر و ئەمیر ئەسعەد و سالارسەعید سەرلەبەیانی لەسەر کێوی «زاوا و بووک»ڕا کە لێی دامەزرابوون، لەشکری خالۆ قوربانیان لەسەر «داشامەجید» دایە بەر دەسڕێژ... سوارەکانی ئەمیر ئەسعەد و سالارسەعید هەرکام مەترەلیۆزێکیان دەست کەوت... لەو شەڕەدا خالۆقوربان و چەند ئەفسەر و سەرباز کوژران. هێندێک دەڵێن سوارەی ئەحمەدی گوڵاویئاغای مەنگوڕ و هێندێکیش دەڵێن ئەحمەدخانی هەرکی خالۆ قوربانیان کوشتووە.

کۆلۆنێل نەسروڵلاخان زۆر بە فیزەوە لە ساینقەڵاوە بەرەو بۆکان هات... ئەمیر

---

١. ٢٩ی ڕەمەزانی ١٣٤٠ی مانگی، بەرانبەرە لەگەڵ ١٩٢٢/٠٥/٢٦ی زایینی.

ئەسـعەد ئەو خەبەرەی بیسـت و زۆر بەپەلە خۆی گەیاندە میراوای تەنیشت بۆکان. کۆلۆنێل کە دەگاتە بۆکانێ و خەبەری خاڵۆ قوربان دەزانێ، فیزماڵکی دەداتێ و بۆکان بەجێدێڵێ و بەرەو سائینقەڵا دەگەڕێتەوە. سوارەکانی بەگزادە و سەرداری موکری ڕەدوویـان دەکەون. ئەمیر ئەسـعەد و ئاغاکانی دیکـەی دێبوکری بە ڕکێفکوت خۆ دەگەیەننە [یاریدەی] سوارەکانی موکری و بەگزادە. ئۆردووی ژاندرمەری لە کێوی پشت ئالبڵاغ گەمارۆ دەدەن، زۆرێک دەکوژن و بەدیل دەگرن، دەسکەوتیش گەلێکە. لەو پەلامارەدا «سوڵتان عەبدولحەمیدخان» ئەفسەری ژاندرمەری کوژراوە. کۆلۆنێل دەگەڵ پاشـماوەی لەشـکرەکەی شـەوانە لە کێـو دێتە خواری و بـە لاڕێدا هەڵدێ. ئاغایانی بەگزادەی فەیزوڵڵابەگی تۆپێکی گەورەیان گرت و ناردیان بۆ چەهریق...»

لـە درێـژەی هەواڵەکە و لە پەراوێـزی کۆتایی وتارەکـەشدا وردەزانیاریی دیکە سـەبارەت بە بۆکان هەن، بۆ نموونە نووسـیویەتی: «سـەرداری موکری، عەلیخانی کوڕی حەمەحوسـێنخانی شـەهیدە، سالارسەعید هەمان عەلیبەگی حەیدەری برای میسـباحوددیوانی شاعیرە، ئەمیر ئەسـعەد، عەلیئاغای عەلیار سەرۆکی عەشیرەتی دێبوکرییـە و فەیزوڵڵابەگـی عەشـیرەتێکی بەناوبانگـن کەوتوونەتـە نێوان سـەقز و بۆکان.»[١]

١. هێمن موکریانی، «هەواری خاڵی، سـەرجەمی نووسـینی هێمن»، بە سەرپەرشـتی بەدران ئەحمـەد و عوسـمان دەشـتی، چاپـی یەکـەم، دەزگای ئـاراس، هەولێـر ٢٠٠٣، ٣٠٤ لاپـەڕە، کوردی.

## مامۆستا حەسەن قزڵجی (ژیان و بەرهەمەکانی)

بابەتی ئەم کتێبە بریتییە لە ژیاننامەیەکی کورتی مامۆستای نەمر حەسەنی قزڵجی بە پێنووسی کاک موحسینی قزڵجیی خوارزای نووسەر، سەرجەمی چیرۆک و وتارەکان و پارچەیەک شێعر، ئینجا چەند وتار و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و چەند وتاری زمانەوانی و ژمارەیەک بابەت و چیرۆکی وەرگێڕاو لە زمانەکانی دیکەوە؛ پاشان وتارێک سەبارەت بە زانستی مارکسی ـ لێنینی، کە هەموویان مامۆستای کۆچکردوو نووسیونی. پێش بەشی کۆتایی کتێبەکە چەند نووسراوی سەبارەت بە ژیان و ئاسەوارەکانی قزڵجی و لە کۆتاییشدا دەقی هەر ٣ ژمارە ناسراوەکەی گۆڤاری هەڵاڵەی چاپی بۆکان، چەند ژمارە ڕۆژنامەی «مەردوم»ی کوردی و ڕۆژنامەی «ڕێگا» لە کتێبەکەدا جارێکی دیکە چاپ کراونەتەوە.

پەیوەندیی کتێبەکە بە بۆکانەوە گەلێک زۆرە. نووسەر و هەروەها ئامادەکاری کتێبەکە هەردووکیان بۆکانین، گۆڤاری هەڵاڵە لە بۆکان دەرچووە، هەندێک لە چیرۆکەکان لە ناوچەی بۆکان ڕوویان داوە و لایەنی زمانەوانیی نووسینەکانی قزڵجیش کە بنزاراوەی ناوچەی بۆکان بێ، لایەنێکی دیکەی ئەو پەیوەندییانەیە. بۆ نووسینی مێژووی سیاسەت و ئەدەب و زمانەوانیی بۆکان، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی سەرەکی دەبێ.

کتێبەکە کاک موحسین قزڵجی ئامادەی کردووە و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوی کردۆتەوە.[١]

---

١. حەسەن قزڵجی، «سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی»، ئامادەکردنی موحسین قزڵجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ٥٤٠ لاپەڕەی قەبارە A4، کوردی.

## حەسەنی قزڵجی (پێکەنینی گەدا)

مامۆستای نەمر حەسەنی قزڵجی نەک هەر خۆی خەڵکی بۆکان بوو، بەڵکوو وەک مێژوولکەیەکی چڕوپڕی شارەکە،زمانی خەڵکەکە و ڕووداو و کەسایەتییەکانی بۆکان و دەوروبەری چاوی لێدەکرێ. قزڵجی وەک بەرپرسی یەکەم چاپخانەی بۆکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)، چەندین ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵەی چاپ و بڵاوکردەوە.

توێژینەوە لە مێژووی بیر و زانست لە بۆکان بەبێ ئاوڕدانەوە لە حەسەنی قزڵجی و بەگشتی لە بنەماڵەی قزڵجی نەگونجاو و ناتەواو دەبێ. من لێرەدا باسی کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»ی مامۆستا دەکەم و ئاوڕدانەوە لە کارەکانی دیکەی و هەروەها وتارەکانی ڕادیۆی «پەیکی ئێران» و «ڕۆژنامەی مەردوم» بە زمانی کوردی دادەنێم بۆ مەجالێکی تر، ئەگەر تەمەن ئیجازەی دا! هیوادارم لاوانی کورد بەتایبەت خەڵکی موکریان و بۆکان بە جیددی بچنە سۆراغی ئەم بلیمەتە هەڵکەوتووەی شاری بۆکان و بە چاپکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئاسەوارەکانی گەنجینەی ئەدەب و مێژووی کوردی دەوڵەمەند بکەن.

سەبارەت بە کتێبی پێکەنینی گەدا دەبێ بڵێم کۆمەڵەی ١٤ وردەچیرۆکە، کە تێیدا بە زمانێکی پاراو باسی ڕووداوەکانی گوند و شار و ناوچەی جۆربەجۆری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و بەغدا دەکرێ. بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری وەک زەمبیل، نۆبار، قاجر، سەرکەل، کانی تۆمار، کانی پانکە و ئاجیکەند، هەروەها مەلا و شێخ و ڕەعیەتی دانیشتووی شار و گوندەکانی بۆکان شوێن یان پاڵەوانی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکانن. زوڵم و زۆری ئاغا و ژاندرمە لە خەڵکی هەژار و بێدیفاع نێوەرۆکی سەرەکیی بابەتەکان و لە قاودانی هەندێ نەریتی کۆنی وەک دۆعا و نوشتەنووسی و شتی دیکەی هاوچەشن گەوهەری نووسینەکانی پێکەنینی گەدان. کتێبەکە مامۆستا هێمن سەرەتای بۆ نووسیوە و چاپی دووهەمی کە لە بەردەستی مندایە،

ســەرەتایەک و فەرهەنگۆگێکــی لەلایەن بەڕێز محەممەدی مــەلا کەریمەوە بۆ ئامادە کراوە.[١]

١. حەسەنی قزڵجی، «پێکەنینی گەدا، کورتەچیرۆک» چاپی دووهەم، بەغدا (چاپخانەی علاء) ١٩٨٥، ١٦٠ لاپەڕە.

## شێخ شەمسەدینی بورهان

گونـدی بورهـان لـە نیوەڕێـی بـۆکان و مەهابـاد هەڵکەوتـووە و لـە دەوروبـەری نێوەڕاسـتەکانی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە تـا سـێ چارەکی سـەدەی بیسـتەم بەهۆی خانەقایەکی تەریقەتی نەقشـبەندییەوە کە جەنابی شـێخ یۆسف و دوای ئەو «مەولانا محەممەدسـادق» و کەسـانی تـر بەڕێوەیـان بـردووە نـاوی دەرکـردووە و زۆرێک لـە کەسـایەتییە سیاسـی ـ کۆمەڵایەتـی ـ هونەرییەکانـی ناوچـەی موکریـان وەک سەیفولقوزاتی قازی و عەلیبەگی حەیدەری و عەزیزئاغای عەباسی موریدی شێخی بورهان بوون.

بەڕێـز «ابوبەکـر خوانچەسـپهرالدین» کتێبێکـی لەمـەڕ ژیانـی شـێخی بورهـان نووسیوە و دوای ١٥٠ لاپەڕەی سەرەتا، کە باسی گشتییە سەبارەت بە سوفیایەتی، پاشـماوەی لاپەڕەکانـی تەرخانـی ژیانـی شـێخ و موریـدان و خەڵکانـی نـاوداری دەوروبـەری خانەقـا کـردووە، کـە زۆرێکیـان بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان، بۆکان دەگرنەوە هەر لە شـێخی بورهان خۆیەوە هەتا مامۆسـتا هەژار و سـەیفولقوزات و ساداتی کولیجـە و مـەلا «عصامالدینـی شـەفیعی» و «مصباحالدیـوان»ی ئـەدەب و براکەی واتە عەلیبەگی حەیدەری و زۆری تر.

بـە پێویسـتی دەزانـم بڵێـم زۆرێـک لـەو کەسـایەتییانە لـە پێوەندیـی شـاری مەهابادیـشدا بـوون، بـۆ نموونـە عەلیبەگی سالارسـەعید (حەیدەری) لـە ئاغاواتی گوندەکانـی باکـووری بـۆکان و باشـووری میاندواو بـووە، بەڵام بۆ ٦ یـا ٧ دەورە نوێنەری شـاری بۆکان بووە لە پەرلەمانی ئێران کە ئەو سـەردەمە بەشـێک بووە لە شارستانی مەهاباد.[1]

١. ابوبکـر خوانچـە سـپهرالدین، «زندگینامـە عـارف ربانـی حضرت شـیخ یوسـف ملقب بە شمسالدین برهانی، قدس سره»، انتشارات صلاحالدین ایوبی، ارومیە، ١٣٦٨/ ١٩٨٩، فارسی، ٤٥٢ صفحە.

## مەلا عصام‌الدین شەفیعی

لـە درێـژەی ناوی شـاعیرانی ناوچـەی بۆکان‌دا، بێ‌گومان گەلێک نـاو هەن کە دەبێ باسیان بکرێ و هەواڵیان ڕابگەیەنرێ. بەداخەوە دوورەوڵاتی و دەست ڕانەگەیشتن بـە سـەرچاوەی گرنگی ئـەم کارانە، واتـە کۆمەڵانی خەڵک، دەرەتانی ئـەوەم پێ‌نادا شوێنی شاعیرانی تر بەباشی هەڵبگرم.

ئـەوەی ئاشـکرا بێ و بزانـدرێ ئەوەیە کە مەلا عیسـامەددینی شـەفیعی یەک لە کەڵەشاعیرانی ناوچەکە بووە. مەلا عیسامەددین کوڕی «مەلا شەفیع»ە کە لە گوندی عەمباری نزیک بۆکان دەرسی بە فەقێیان گوتۆتەوە و بۆ نموونە، نەمر سەیفولقوزاتی قـازی فەقێـی ئەو بووە. بنەماڵەی «سـیدقی»یەکانی مەهاباد و سـەلامییەکانی بانە لە برای مەلا شەفیع کەوتوونەتەوە و دەگەنەوە هەمان بنەماڵە. بۆ نموونە، مەرحوومی مەحمـوودی سـیدقی (١٣٠٦ ـ ١٣٥٥) کـە ماوەیەکیش سـەرۆکی ئیـدارەی فەرهەنگی بۆکان بوو، هەروەها دوکتۆر عەبدولکەریم سەلامیی بانە، کە لە ماوەی خوێندکاریی زانکـۆی پزیشـکی تەورێز و پاشـان لـە بانە و مەهابـاد خزمەتێکی لـە ڕادەبەدەری خەڵکی کردووە، لەو بنەماڵەیەن.[١] ناوی مەلا عیسـامەددین لە «سـاڵنامەی مەهاباد» چاپـی سـاڵی ١٣٣٥ی کۆچـی و هەروەهـا لـە کتێبـی «تاریـخ مشـاهیر کـرد»ی نەمر بابامـەردۆخ ڕۆحانـی (بەرگـی ٢ لاپـەڕە ٣٢٧) و کتێبی «گلزار شـاعران کردسـتان» ئامادە کردنی «سید عبدالحمید حیرت سجادی»دا ئاماژەی پێکراوە.

مـەلا عیسـامەددین، باوکـی خوالێخۆشـبوو مـەلا ئەبووبەکـری شـەفیعی ئیمـام جومعـەی پێشـووی بـۆکان و باپیری شـەهید دوکتۆر جەعفەر شـەفیعییە، لە ١٣٠٠ کۆچـی مانگـی لـە گونـدی عەمبـار لەدایکبـووە و لـە ١٣٧٤/ ١٩٥٤ ـ ٥٥ لـە بـۆکان کۆچی‌دوایی کردووە. شـێعری کوردی و فارسـیی شـاعیر هێشـتا گردوکۆ نەکراون و لـە توێـی کتێبدا بڵاونەکراونەتەوە، کارێک کە پێویسـتە لـە داهاتوودا بکرێ. مەلا

١. سپاسی ڕێزدار مەنسوور سیدقی دەکەم بۆ ئەم زانیارییانە.

عیسامەددین لەو شێعرە کەمانەی‌دا کە دەست دەکەون، وەک شاعیرێکی خۆش‌مرخ و توانا خۆ دەنوێنێ و بیروردی و ناسک‌خەیاڵی لە تایبەتمەندییەکانین.

ئەوەش هۆنراوەیەکی سەنگین لەو شاعیرە بۆکانییە:

**ڕوح وا لە سـەری لێومە بۆ ماچی دەمی تۆ**
**ناڵێم ئەوە سەودایە، کەمی من، کەرەمی تۆ**
**باڵات وەکوو ئاڵایە لەژێر پەرچەمی زولفت**
**کێ بێ کە بەپێی خۆی نەیەتە ژێر عەلەمی تۆ**
**من کوردم و خزمەت دەکەم و تۆش لە جەزادا**
**خوێنم دەڕژێنـی، بە نیشـانە عەجەمی تۆ**

کاک برایمی فەڕشی لە کتێبی ئینترنێتی «سەفەری خەیاڵی بۆ بۆکان»دا ئەم دێرانەی سەبارەت بە مەلا عیسامەددین نووسیوە:

مەولەوی فارس دەڵێ:

**بشنو از نی چون حکایت می کند**
**وز جدائی‌ها شـکایت می کند**

مەلا عیسامەددین دەڵێ:

**مشنو از نی، ناله‌اش از بی دلی است**
**بیدلان را عاقبت، بی حاصلی است**
**بشنو از من شور عشقم در سر است**
**ناله عاشـق نـوای دیگر اسـت**

[مەلا عیسامەددین] لەگەڵ سەماوەریش‌دا ئاوا دەدوێ:

**مرا با سـماور از آن سر خوش است**
**که چون من درونش پر از آتش اسـت**
**دو همدرد و هم‌صحبت و هم‌نشـین،**
**بنالیـم از سـینه‌ی آتشـین**

هەروەها سەبارەت بە چایی دەڵێ:

**بهار اســت و شــادی لــب جویبار**
**اگر مــی حرام اســت، چایــی بیار!**

## میرزا عەلی سەمیمی (خێروێژ)

یەک لە ئەرکەکانی نووسەرانی مێژووی بۆکان لە دوارۆژدا ئەوە دەبێ کەسایەتییە گرنگ، بەڵام کەمتر ناسراوەکان بدۆزنەوە، پەیوەندییان بە مێژووی شارەکەوە دیاری بکەن و ژیاننامەیان بۆ پێکبێنن. وا هەیە ئەو کەسایەتییانە لەدایکبوو یا خەڵکی شار و ناوچەکە بن و وا هەشە لە شار و ناوچەی دیکەوە هاتبنە ئەوێ، بەڵام دەورێکیان لە ژیانی ئابووری، سیاسی یا فەرهەنگی و هونەری ناوچەکەدا بینیبێ، جا کورد بووبێتن یا نا گرنگ نییە؛ گرنگ دەوربینیانە. بۆ نموونە، یەکەم سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ (پاشان ئامووزش و پەروەرش)ی بۆکان مرۆڤێکی بەڕێزی تورکی ئازەربایجانی بوو بەناوی «شەیبانی»، کە من ساڵانێکی درەنگ دوای ئەوەی لە بۆکان ڕۆیشتبوو و لە تاران گیرسابۆوە، واتە چەند ساڵێک پێش کۆچیدوایی کردنی، لەگەڵ خوالێخۆشبووی خاڵم (حاجی محەممەدڕەشیدی محەممەدیان)دا چەندین جار چوومە ماڵی و تەنانەت بەشداریی سەرەخۆشییەکەشیم کرد. ئەگەر بۆم بلوێ زۆرم پێ خۆشە ژیان و بەسەرهاتی بنووسمەوە و سەبارەت بەو، پرسیار لەو کەسانە بکەم کە ئەو دەم لە بۆکان دیتوویانە و ناسیویانە. لەو نموونانە یەکجار زۆرن و نووسەر یا نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان نابی لێیان غافڵ بن. لە گۆڤاری «مەهاباد»ی ژمارە ٨٠دا وتارێکی کورت، بەڵام سەرنجڕاکێشم لە کاک عومەری فارووقی خوێندەوە کە باسی یەک لەو ڕوخسارە گرنگ، بەڵام کەمتر ناسراوانەی سەردەمی سەردارەکانی بۆکانی کردبوو و من لێرەدا هەڵبژاردەیەکی وتارەکە دەهێنمەوە:

میرزا عەلی سەمیمی خەڵکی سنە و نووسەری حەمەحوسێنخانی سەردار، حاکمی ئەو دەمی موکریان بوو. دوای ئیعدامی سەردار لەلایەن عوسمانییەکانەوە [ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی]، میرزا عەلی وەک مامۆستایەک چوو بۆ گوندی «قەڵەندەر» و لەوێ قوتابخانەی کردەوە و هەر لەوێ لە ڕۆژی ١٣٣٢/١/١٧

[١٩٥٣/٤/٦] کۆچی‌دوایی کرد. میرزا عەلی شاعیر و نووسەرێکی قەڵەمڕەوان بوو و لە شاعیری‌دا ناسناوی «خێرویژ»ی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. لە شێعرەکانی‌دا دژ بە ملهوڕی شەڕی دەکرد. مامۆستا خالید حیسامی (هێدی) لە کتێبی «ئاوێنەشکاو»ی خۆی‌دا هەڵبەستێکی دوورودرێژی خێرویژی چاپ کردووە. ئەوەش نموونەیەک لە شێعری ئەو نەمرە:

**خزمینە! وەرن با لە غەرەز سەرفەنەزەر کەین**
**ڕیشەی حەسەد و کینە لە دڵ زیر و زەبەر کەین**
**تا بوو، بەشی مە ناحەقی و قوربەسەری بوو**
**تا کەنگێ دەبێ ئەم قور و ئەم خاکە بەسەرکەین؟**

کاک عومەری فاروقی هەروەها لە کتێبی «نظری بە تاریخ و فەرهەنگ سقز کردستان» بەرگی یەکەم‌دا ئەم شێعرەی خێرویژی هێناوە، کە بەگوێرەی نووسینی ئەو، بارودۆخی کوردی ڕۆژهەڵات لەژێر حوکمی ڕەزاشا دەردەخا، بەڵام من دووری نازانم لەدوای شەهریوەری ١٣٢٠ و سەرەتاکانی حوکمی محەممەدڕەزاشا، واتە سەروحەدی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا گوترابێ. خێرویژ لەم شێعرەدا وەک لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان خۆی دەردەخا:

**بە شەکر و پارچە و چایی فریو مەخۆن ئەی خزمان!**
**نەوەک دیسان پەیدا بێ نافەکبڕین و لێدان**
**زوڵم و زۆر و جەریمە، لەگەڵ زنجیر و زیندان**
**شەق و شەپ و پەتپەتی بۆمان دێتەوە مەیدان**
**لە ئەفرادی نیزامی تا سەرجۆخە و گرووبان**
**لە وەکیل و داباشی، تا ئیستوار و ستوان**
**لە ڕوئەسای دەوائیر، تا بە سپوور و ئاژان**
**دەمێکە گوێقوڵاخن بۆ ماڵ و مڵکی کوردان**
**ئێوە قەت مەبن ئەمین لە فێڵ و فەننی مشکان**

**چارەی ئا ئەو دەعبایە، هەر مەرگەمووشە و دەرمان!**

لـە ژمـارە ٥ی ڕۆژنامـەی کوردسـتان (٢٩/ ٢/ ١٣٢٤ = ٢٠/ ١/ ١٩٤٦ ) لاپـەڕە ٤یش‌دا، ئەم ئاگادارییە بڵاوکراوەتەوە:

«بۆ زانین، دەستەشێعرێک بەناوی «خێرویژ» بە ئێمە گەیشتووە. لەبەر وەی کە نێو و جێگای خێرویژ نەنووسرابوو چاپمان نەکرد. تکامان وایە نێونیشانی خۆی بنووسێ تا چاپی بکەین.»[1]

١. عومەر فارووقی، «نظری به تاریخ و فرهنگ سقز، کردستان»، انتشارات مهری، سقز، سال ١٣٦٩/ ١٩٩٠، لاپەڕەی ٨٩ ـ ٩١.
عومـەر فارووقـی، «خێرویژ کێ بـوو؟»، گۆڤاری «مەهاباد»، ژمـارە ٨٠، مهاباد، خەزەڵوەری ١٣٨٦/ نوامبری ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٩.

## ژیاننامەی نەمر عەلی گەلاوێژ

**نووسینی دوکتۆر کامران ئەمین‌ئاوە**

نەمر دوکتۆر عەلی گەلاوێژ لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ١٣٠١ (١٩٢٣/٢/٢٠) لە گوندی ساروەقامیشی سەر چۆمی جەغەتووی ڕۆژهەڵاتی بۆکان لە بنەماڵەیەکی ئازادیخوازی ئەویندری فەرهەنگ هاتۆتە جیهان. نەمر ئیبراهیم سەلاح فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و لە بنەماڵەی بوداق سوڵتانی حاکمی موکریان بوو. ئامینەخانمی دایکی گەلاوێژ کچی فەیزوڵڵابەگ سەرۆکهۆزی فەیزوڵڵابەگییەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان و سەقز و خوشکەزای سەردار سەیفەددین‌خانی ئەردەڵان حاکمی سەقز بوو، کە تورکی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٤دا هاوڕێ لەگەڵ سەردار حەمەحوسێن‌خانی بۆکان لە مەراغە ئیعدامیان کرد.

گەلاوێژ خوێندنی ناوەندیی لە شاری تەورێز کۆتایی پێ‌هێنا و ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦) هاوڕێ لەگەڵ ٦٠ لاوی دیکەی کورد بۆ درێژەی خوێندن نێردرایە باکۆ پێتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی، بەڵام بەهۆی هەرەس‌هێنانی کۆمار و ئیعدامی ڕێبەرانییەوە هاوڕێ لەگەڵ زۆر کەسی دیکەی وەک ڕەحیمی سەیفی قازی، عەزیزی شەمزینی، حەسەنی حیسامی، حەسەنی گەرمیانی و کەریمی ئەیووبی لەوێ مایەوە و درێژەی بە خوێندن دا، وەک ئەوانی دیکەش تا وەرگرتنی شەهادەی دوکتۆرا لە خوێندن نەوەستا. بواری خوێندنی گەلاوێژ ئابووری بوو و نامەی دوکتۆراکەی بەناوی «پەیوەندە ئەرزییەکان لە کوردستان، هەرەس‌هێنانی نیزامی عەشیرەتی»،[1] درەنگتر وەرگەڕایە سەر زمانی فارسی و لە تاران چاپ کرا، بەڵام کۆماری مەلاکان بەرگر بوون لە بڵاوبوونەوەی و ئێستا ژمارەیەکی کەم لە کتێبەکە لەسەر ئینترنێت دەستاودەست دەگەڕێ، بەگوێرەی هەواڵێکیش، برادەرێکی کورد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە.

---

1.https://www. kurdipedia. org/files/books/2016/95032. PDF?ver=131074537611563960.

مامۆستا گەلاوێژ ئەندامێکی هەڵسووڕاوی لقی «پێشکەوتی گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوین» لە باکۆ بوو و لە پێگەیاندنی کادرە لاوەکانی ئەواندا چالاکانە بەشداریی دەکرد. هەروەها لە ماوەی هەڵسووڕانەکەی لە ئەکادیمیای زانستیی کۆماری سۆڤیەتیی ئازەربایجاندا وتارێکی زۆری لە پەیوەندیی کێشە ئابوورییەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم نووسیوە. ناوبراو نووسەر و وەرگێڕ و وێژەری ڕادیۆ پەیکی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودەی ئێران بوو، زمانی کوردی، ئازەری، ڕووسی، فەرەنسی و ئاڵمانیی بەباشی دەزانی.

دوکتۆر عەلی گەلاوێژ دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، یەک لە ڕێبەرانی کۆچکردووی حیزبی توودەی ئێران بوو کە ساڵی ١٣٥٧ لەسەر خواستی خۆی گەڕایەوە ئێران و بوو بە بەرپرسی کومیتەی ئەیالەتیی کوردستانی حیزب، لە هێرشی دووهەمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی توودەی ئێران لە بەهاری ١٣٦٢دا، لە تاران گیرا و لە کارەساتی ئیعدامەکانی گەلاوێژی ١٣٦٧دا هاوڕێ لەگەڵ گەلێک ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی وڵاتەکە، لە زیندانی ئێڤینی تاران ئیعدام کرا و چووە ڕیزی شەهیدانی ڕێگای ئازادییەوە.

مامۆستای نەمر هەژار، کە لە سەفەری خۆیدا بۆ باکۆ، چاوی بە گەلاوێژ کەوتبوو، لە بیرەوەرییەکانیدا وەک «مەولانای ڕۆمیی سەردەمی شەمسی تەبرێزی» یادی دەکا. هەروەها نووسەر و وەرگێڕی ناوداری ئێرانی «محمود اعتمادزاده م. به آذین» کە ماوەیەک لە زینداندا لەگەڵ مامۆستا گەلاوێژ پێکەوە بوون، سەبارەت بەو دەنووسێ: «عەلی گەلاوێژ... من لێرە، زیاتر لەگەڵ ئەو هاودەمیم هەیە. حیکایەتێکی زۆری سەردەمی منداڵی و لاوییەتیی خۆی لە مەهاباد و تەورێز دەگێڕێتەوە، هەر لە یاریکردنی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیەوە تا ڕاوە کەو، سوارچاکی و بەشداری کردن لە دەستەی تفەنگچییانی قازی محەممەد و ناسیاویی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، حیکایەتی ڕەنگاوڕەنگ و بەسوودی، بەنێوەرۆکی خۆشەویستیی کورد و کوردستانەوە هەیە.»

**

لـە وێبلاگـی «ڕوانگە»، مامۆسـتا حەسـەنی قازی لـە کۆتاییەکانی سـاڵی ٢٠٠٧ەوە دەسـتی بـە بڵاوکردنەوەی هەندێ بەڵگەنامە کردووە کـە بریتین لە نامەگۆڕینەوە و نامە نووسـینی هەندێ کەسـایەتیی کوردی دانیشـتووی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵانی ١٩٥٠دا.[1] ئەو دەم نەمر مەلا مستەفای بارزانی لە سوڤیەت بوو و هێشتا نەگەڕابۆوە بۆ عێراق.

لـە نامـەکاندا هەندێ ئامـاژە بە ژیانی نەمر دوکتۆر عەلی گەلاوێژ کراوە کە ئەو دەم لە ئازەربایجانی باکوور (سۆڤیەتی) دەژیا. نەمر دوکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازیش ئەو دەم لە هەمان شوێن دەژیا و پێکەوە ڕۆژنامەی «کوردستان»یان بڵاوکردەوە کە لاپەڕەیەک بوو لە چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی تورکیی ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی ئێران.

نیاز لە کردنەوەی ئەم باسە، ڕووناکی خستنە سەر ژیان و چالاکییەکانی گەلاوێژ و پێداویسـت بوونی دەسـت ڕاگەیشـتن، شـیکردنەوە و ئەگەر بکرێ لەچاپدانەوەی هەمـوو ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردسـتان»ی چاپی باکۆیە، کە بەداخەوە کەسـێکی ئەوتـۆ لـە دەرەوەی سـۆڤیەت چاوی پێـی نەکەوتووە. بەگوێـرەی زانیارییەک کە لە کاک حەسـەنی قازیم وەرگرتووە، دوکتۆر «توورەج ئەتابەکی» مامۆسـتای زانسـتگە لە هولەند هەموو ژمارەکانی لە لایە و دوکتۆر ئەمیری حەسـەنپووریش لە کەنەدا، کۆپیی ٥٠ ژمارەیەکی لە بەردەستدایە. ئەم ڕۆژنامەیە، ڕوونکەرەوەی هێڵی فکریی گەلاوێژ و دوکتۆر ڕەحیم و بەگشتی، باڵێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانن (گەرچی لـە بارودۆخـی ئەو دەمی سـۆڤیەتدا، کەس خـۆی نەبـوو و نەیدەتوانی لە جوغزی دەسنیشانکراوی دەزگای پاراستن و ئاسایش لا بدا!)

هەروەها ئەو نامە و وەڵامانەی وا لە نێوان نەمران بارزانی و مستەفا شەڵماشی و ئەوانی تری دانیشـتووی سـۆڤیەتدا ئاڵوگۆڕ کراون و ئێسـتا لە وێبلاگی ڕوانگەدا بڵاو دەبنەوە، تیشـکێکی باش دەخەنە سـەر ژیانی ئەو کەسـانە و هەموو پەنابەرانی کورد لە سۆفیەتی ئەو دەم.

---

1. http://ruwange. blogspot. com/2008/02/9. html
http://ruwange. blogspot. com/2008/01/

## مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک)

مـەلا محەممـەد ئەمجـەد کوڕی خەلیفـە مـەلا محەممەدحەسـەن و فاتمەخانم بووە، سـاڵی ١٢٧٢ی هەتـاوی (١٨٩٣ی زایینـی) لـە گوندی قەڵای ڕەسووڵەسـیت لەسـەر چۆمی مەجیدخان و سـەر ڕێگای بۆکان بۆ میاندواو لەدایکبووە. دەگوترێ حەوت پشت پێشتری بنەماڵەکە لە ناوچەی شنۆوە هاتبنە شوێنەکە. ژیانی لە قەڵایە بردۆتە سـەر و هـەر لەوێـش لـە مانگـی بەهمەنـی ١٣٤٥/ ١٩٦٧ کۆچیدوایی کـردووە و لە گۆڕستانی ساربابا لەلای باوکی خۆی نێژراوە.

مـەلا ئەمجـەد ئەندامـی کۆمەڵـەی «ژ. ک»، هەڵسـووڕاوێکی سـەردەمی حیزبـی دێموکرات، شـاعیر، خۆشـخەت و حەکاک بووە و مۆری جوانی هەڵکەندووە. چەند کێلی قەبری گۆڕستانی حەمامیان ئەو نووسیونی و هەڵیکەندوون. مەلا ئەمجەد هەتا مابـوو، بـە ئاواتی سـەربەخۆیی کوردسـتان و ڕەنج و ئازاری هەرەسـی کۆمارەوە سووتا و ناڵاندی:

**خۆشەویسـتی کوردەکان، جۆشی داوە هەناوم**
**دنیـای سـاڵی نەهاتوو، وەها دێتـە بەر چاوم:**
**سوڵحی دەوڵەتان دەکرێ لە پاتەختی لەهستان**
**بە کوێری چاوی دوژمن، سەربەخۆ دەبن کوردان**

مەلا ئەمجەد لە سەردەمی کۆماردا چالاک و پێشتریش وەک سوێندخۆری کۆمەڵەی «ژ.ک»، ناوی نهێنیی «کاک»ی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. مامۆستا هەژار لە «بەرەوموکریان» و یـادی بۆکاندا حەسـرەتی سـەردەمی کۆمـار و هاوڕێیانی ئەو سـاڵانەی خۆی ئاوا دەخوا:

**«ئەمجەد» و «قازی»، «مەلاڕیشی حەسار»**
**کێ بەداخ و کۆڵە بۆ ڕەنجی خەسـار؟**

ناسین و ناساندنی نەمر مەلا ئەمجەد کاری زۆری دەوێ و هیوادارم کەسانێک ئـەم ئەرکـە ڕاپەڕێنن. ئێسـتاش لە هەندێ ماڵـە بۆکانیدا دەبێ تابلۆی «بسـم الله...» مابێ کە مەلا ئەمجەد لە بیچمی باڵندەیەکدا دەیکێشانەوە و من زۆریانم لە بۆکان و یەکیانـم لـە ماڵـی خۆماندا دیتبـوو. دووری نازانـم باوکم، کە بە قسـەی مامەقالەی دەبباغـی سـوێندخۆری کۆمەڵە بوو، دۆسـتایەتی لەگەڵ مەلا ئەمجـەد بووبێ. دەبێ مـۆری هەڵکەنراویشـی لێرەولـەوێ لای خەڵکـی ناوچەکـە مابێتن. لـەم پەیوەندییەدا ئەرکی بنەماڵەی بەڕێزی مەلا ئەمجەد قورسـترە و پێویستە نەهێڵن شوێنەوارەکانی ون بن.

من ئەو زانیارییانەی سەرەوەم لە ڕێزدار عەلی عوسمانی وەدەست کەوتووە، کە ئەویش لەسەر بنەمای نووسینەکانی جەنابی مەلا ڕەحمان کوڕە گەورەی مەلا ئەمجەد و برای خۆی ئامادەی کردوون. سپاسیان دەکەم.

**شێعرێکی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک)،** (١٢٧٢ ـ ١٣٤٥ی هەتاوی/ ١٨٩٣ ـ ١٩٦٧ی زایینی)

ئەم پارچە شێعرەم لە کەشکۆڵی مەلا ئوەیسی عوسمانی (١٢٨٢ـ١٣٣٩ی هەتاوی/١٩٠٤ ـ ١٩٦٢ی زایینی)دا[١] دۆزیوەتەوە. شێعرەکە مەلا ئەمجەدی عوسمانی هۆندوویەتەوە، کە مەلا، خۆشخەت، حەکاک، هونەرمەند و سیاسەتکارێکی ساڵانی دەوروبەری کۆمەڵەی «ژ. ک» (١٩٤٢ ـ ١٩٤٥) و کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بوو، لە کۆمەڵەی «ژ. ک»دا بەناوی نهێنیی «کاک»ەوە دەناسرا، ناسناوی شێعریی «ئەمجەد» بوو و لە گوندی قەڵای ڕەسووڵەسیتی سەر چۆمی‌مەجیدخان لە نێوان میاندواو و بۆکان دەژیا.

مەلا ئوەیس ناسراو بە «مەلا بابەوەیسی»، برای مەلا ئەمجەد و مەلایەکی دڵسۆزی گەل و نیشتمان بوو و وێدەچێ ئەویش، وەک مەلا ئەمجەد، ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک» بووبێ.[٢]

کۆپییەکی ناتەواوی کەشکۆڵە شێعرێکی مەلا بابەوەیسی ئێستا لەلای ڕێزدار حەسەنی قازییە و چەند ساڵێک پێش ئێستا کە پێکەوە خەریکی ساغکردنەوەی شێعرەکانی نەمر سەیفولقوزاتی قازی بووین فۆتۆکۆپییەکی کەشکۆڵەکەی پێدام.

---

١. بەگوێرەی زانیارییەک کە لە ڕێزدار عەلی عوسمانی کوڕی نەمر مەلا ئەمجەد و برازای مەلا بابەوەیسیم وەرگرتووە، مەلا بابەوەیسی کوڕی مەلا محەممەدحەسەن لە ٢٤ی زیحەججەی ١٣٢١ی مانگی‌دا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی باخچەی فەیزوڵڵابەگی کۆچی‌دوایی کردووە. من دەبووایە ئەو ساڵە مانگی و هەتاویانەم ڕێک بخستایە و بمکردنایەتە یەک. بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی من، ٢٤ی زیحەججەی ١٣٢١ی مانگی بەرانبەرە لەگەڵ ١٢ی ڕەشەمەی ١٢٨٢ی هەتاوی، گەرچی وا هەیە چەند ڕۆژێک ئەملاوئەولاشی هەبێ.

٢. نەمر کەریمی حیسامی لە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانی‌دا (لاپەڕە ١٥٤)، مەلا ئەمجەد بە «یەکێک لە ئەندامە تێکۆشەرەکانی کۆمەڵە و پاشان حیزبی دێموکرات» ناودەبا و بۆ سەرهەڵدانەوەی خەباتی دوای هەرەسی کۆمار دەوری ئەو بە گرینگ دەنرخێنێ و هەر لە پەیوەندیی ئەودا دەڵێ چووینە ماڵی مەلا بابەوەیسی... دانیشتین و هاتینە سەر باسی کۆمار...» واتە ئەویش لە دڵسۆزانی دۆزی کورد بووە.

سەرجەمی کەشکۆڵەکە ٨٨ پەڕەیە و لەبەروەی ٨٠ پەڕیان لە لاپەڕەی دووانەدا کۆپی کراون، دەقەکەی بەردەستی من سەرجەم بۆتە ٤٨ پەڕەی ئەلفوبێ زۆربەی لاپەڕەکان لە ٣ ستووندا نووسراون و شێعرەکان بەگشتی کوردین... زۆربەی لاپەڕەکان تەرخانی شێعری شاعیرانی هاوچەرخ و هاوسەردەمی خۆی کراوە کە لە ناویاندا سەیفولقوزات، هەژار، هێمن، قازی کاکەحەمەی بۆکان (قزڵجی)، مەلا ئەمجەدی قەڵایە و شەخسی خۆی، بەرچاون. ناسناوی شێعریی مەلا بابەوەیسی بەپێی شێعرەکان، «سابیر» بووە.

ساڵی نووسرانی کەشکۆڵەکە، بەگوێرەی دەربڕینی ڕاشکاوی نووسەر خۆی (لاپەڕە ١٠ و ٤١ی کەشکۆڵەکە)، ١٣٣٩ی هەتاوی واتە ١٩٦٠- ١٩٦١ی زایینییە و لە سەردەمی ئێمە گەلێک نزیکە.

من بابەتێکم لەسەر مەلا بابەوەیسی و کەشکۆڵەکەی نووسی و وێڕای چەند پارچە شێعری خۆی و مەلا ئەمجەدی برای لە سێ ژمارەی گۆڤاری مەهاباددا بڵاوم کردەوە[1] و هەروەها چەند شێعری نەمر قازی کاکەحەمەی قزڵجیشم لەسەر بنەمای کەشکۆڵەکە لە هەمان گۆڤاردا چاپ کرد.[2]

بەداخەوە پارچە شێعرێکی گرنگی مەلا ئەمجەد لە گۆڤارەکەدا بە ناتەواوی چاپ کرا و هەر بۆیەش بە پێویستم زانی لێرەدا بە سەرجەمی بڵاوی بکەمەوە.

شێعرەکە هاوشێوە و هاونێوەرۆکی پارچە شێعرێکی مامۆستا هێمنە و لە هەردووکیاندا دژ بە ئاغاوات و سەرۆکعەشیرە کوردەکانی ناحەزی کۆمار هەڵوێست گیراوە و هێرشیان کراوەتە سەر. هەر دوو شاعیر شانازی بەوە دەکەن کە «بێباک» و «نەترس»ن و دەوێرن قسەکانیان بکەن، جا گرنگە بزاندرێ ئەو نەترسی و بێباکییە بەرانبەر بە کێیە:

دیارە شاعیرەکان لە حکوومەتی ناوەندیی ئێران نەترساون لەبەروەی لە ساڵانی

١. گۆڤاری مەهاباد، چاپی مەهاباد، ژمارە ٦٥ تا ٦٧، پووشپەڕ تا خەزەڵوەری ١٣٨٥ی هەتاوی/ ٢٠٠٦ی زایینی.
٢. هەمان سەرچاوە، ژمارە ٧١ ـ ٧٢، ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٨٥ی هەتاوی/ ٢٠٠٧ی زایینی.

دوای شەهریوەری ٢٠ و ڕووخانی حوکمی ڕەزاشا و هەڵاییسانی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا گوتراون و لەو سەردەمەدا ناوچەکە ئازاد و بێ‌ملۆزم بوو و کەس لە ژاندرمەی ترياكیی ڕژیمی محەممەدڕەزاشایی نەدەترسا. ڕووسەکانیش ڕووسی قەیسەری نەبوون کە قەتڵی‌عامی خەڵک بکەن، عوسمانی و تورکیش تاقەکەسیان لە ناوچەکە نەبوو. ئازەربایجانییەکانیش بە شێوەیەک هاوکار و هاوپشتی کۆمار بوون و دەسەڵاتێکی بەکردەوەی ئیداری و سپاییان لە کوردستان نەبوو. دەمێنێتەوە کۆماری کوردستان خۆی: هەر دوو شاعیرەکان ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک» و پاشان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەربازی گیانفیدای کوردستان و دڵسۆزی خاک و نیشتمانی کوردان بوون و نەک هەر ترسێکیان لە دەسەڵاتدارێتیی کورد نەبوو، بەڵکوو جێگەی متمانەی بەرپرسانی کۆمار و لە ڕاستی‌دا بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕایەتیی کۆماریش بوون.

بەم پێیە، ترسێک ئەگەر بمێنێ دەبێ لە دەسەڵاتدارانی خۆجێیی، واتە ئاغاوات و سەرۆکهۆزەکان بووبێ، بەتایبەت بەشێک لە ئاغاواتی دێبوکری کە هەرکام لە ناوچەی خۆیان‌دا دەسڕۆیشتوو و خاوەن زەبروزەنگ و تفەنگچی و نۆکەر و دەستوپێوەند بوون. بە بۆچوونی من مەلا ئەمجەدیش وەک هێمن شانازی بەوە دەکا کە لە ملۆزمانی کۆمار و سەرۆکهۆز و ئاغاکان ناترسێ و بوێریی ئەوەی هەیە بە قەڵەم هێرش بەرێتە سەر ئەو ئاغاواتەی وا «بە نەسەب کورد»، بەڵام «عەجەمخوا»ن و «لە سوێی قەند شێت بوون» و «کۆیلەی کارخانەی قەند[ی میاندواو]ن»، «دەست لە تورک هەڵناگرن» و «هیچ قسەیەکی خێر بۆ کورد ناکەن».

ئەو ئاکامەش کە شاعیر لە قسەکانی خۆی وەریدەگرێ هەر سەرنجڕاکێشە:

«هەتا سەرگەورەی میللەتی کورد خان و ئاغا بن؛ هەتا کورد لەگەڵ یەک پاک و برای ڕاستەقینە نەبن؛ هەتا لە جوابی خواستی دوژمن و نەیاردا نەڵێن «نا»؛ هەتا تەرکی تورکان نەکەن؛ هەتا سەرۆکهۆزی مەنگوڕ و مامەش و دێبوکری و گەورک و بەگزادە غەیریان لە خۆیی پێ چاکتر بێ؛ هەتا مەلا و شێخ و قازی و ئاغا فریوی تایەک قەند و تۆپێک چیت بخۆن؛ هەتا کورد یەک نەگرن و لەویش گرنگتر

هەتـا «ئاغـا»، واتە سیسـتەمی فێئۆداڵی لەنێو نەبرێ و «هـەژار» و «گوردوون»، واتە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش دەسـەڵات بەدەسـتەوە نەگرن و هەوڵی ئیستیقلال و سەربەسـتیی کـورد نـەدەن، خەباتـی گـەل بەئەنجام نـاگا. بۆ ئەم کارەش پێویسـتە هەڵـەی سـمکۆ دووپات نەکەنـەوە(؟) و کەڵک لە بارودۆخـی نێونەتەوەیی و جیهانی وەربگـرن و بـەو شـێوەیە ببنە خاوەنی «شـا»یەکی کـورد، هەموو ئەو شـتانەش بە یارمەتیی «حق الله» و «رسول‌الله»، واتە ئایین.»

ئـەوە دەقـی تایپ‌کـراوی شـێعرەکەی مـەلا ئەمجـەد، هەروەها کۆپیـی لاپەڕەی پەیوەندیداری کەشکۆڵەکە (٣٠ ب و ٣١ ئەلف):[١]

**کەلامی «کاکە»**[٢]

**قسـێکی دیـم لەبیـر مـاوە بەقـاو دەیڵێـم و ناترسـم**
**لـە بابـەت کـورد و ئاغـاوە بەقـاو دەیڵێـم و ناترسـم**[٣]

---

١. ژمارەی پەڕەکان من دامناون.
٢. لە کەشـکۆڵەکەدا ئەم دوو وشـەیە بە شـێوەی فارسی نووسراون: «کلام کاکە». نووسینە فارسییەکە دەتوانرێ بە دوو شێوە بخوێنرێتەوە:
کەلامی «کاک»ە یان کەلامی «کاکە»یە.
من بە شێوازی یەکەمم خوێندۆتەوە لەبەروەی نەمبیستبوو مەلا ئەمجەد «کاکە»ی پێ‌گوترابێ، گەرچی هەر لەم شێعرەش‌دا جارێ بە «کاکە» بانگی خۆی دەکا.
٣. وەک لـە وتارەکـەی گۆڤـاری مەهابـاددا ئامـاژەم پێکـردووە، ئـەم شـێعرەی نەمـر مـەلا ئەمجـەد هاوشـێوە، هاوواتا و هاوکێش و هاوسـەروای شـێعرێکی نەمر مامۆسـتا هێمنە و لەبـاری واتـا و نێوەرۆکەوە هەردووک سیاسـین و هی سـەردەمی کۆماری کوردسـتان و دژایەتیی بەشێک لە ئاغاوات و سەرۆک‌هۆزەکان لەگەڵ کۆماری کوردستانە. نموونەی ئەو هاوچەشنییە:
هێمن:
خودای ئاغاوەتان قەندە، لەبۆ قەندن هەموو بەندە
بەحاڵی وان دەکەن خەندە، ئەمن دەیڵێم و بێ‌باکم...
کاک:
ئەوی ئاغای موکریانە، لە سوێی قەند بوونە دێوانە
وەکوو عەبدن لە کارخانە، بەقاو دەیڵێم و ناترسم...
بـەڵام بڕیـار لەسـەر ئـەو خاڵەی کە کام شـاعیر پێش ئەویتریان شـێعری خـۆی گوتووە و کامیـان ئیسـتیقباڵی شـێعری ئەویتـری کـردووە، بۆ من لـە گونجان نایە و دەبـێ ڕێکەوتی گوتران یا چاپی هەردووکیان ڕوون ببێتەوە جا بڕیار بدرێ.

زمانـــم ڕووی لـــە ئاغایـــە، ئەڵێـــم بێتـــرس و بێپایـــە،
لەگـــەڵ کرمانـــج قســـەم نایـــە، بەقـــاو دەیڵێـــم و ناترســـم
زمانی کورد دەبێ پاک بێ، برای ڕاســـت و برای چاک بێ،
زمانـــی مـــاری زەححـــاک بـــێ، بەقـــاو دەیڵێم و ناترســـم
ئـــەوی ئاغـــای موکریانـــە، لە ســـوێی قەنـــد بوونـــە دێوانە
وەکوو عەبـــدن لـــە «کارخانە»،[1] بەقـــاو دەیڵێم و ناترســـم
ئەڵێـــن ئاغـــا لـــە خەودایـــە، قســـەی کوردانـــی لا بایـــە
نەســـەب کـــوردە، عەجەمخوایـــە، بەقاو دەیڵێم و ناترســـم
قـــوڕی دنیا بەســـەردا کە، لـــە حەیفی کـــوردەکان «کاکە»!
هەمووی هـــەر غەیری پـــێ چاکە، بەقاو دەیڵێم و ناترســـم
هەتاکـــوو گەورە بێباک بێ، خراپەی پـــاک لەلا چاک بێ،
بچـــووک مەجبوورە غەمنـــاک بێ، بەقاو دەیڵێم و ناترســـم
کە ئاغا و ســـاحێبی ئەملاک، نەیانبیست «اترکوا الاتراک»،
دەبێ کـــورد ڕێککەون ســـەرپاک، بەقاو دەیڵێم و ناترســـم
بە مڵـــک و ماڵ و زێـــو و زێـــڕ، عموومیان بوونـــە ملیۆنێر
نەیانکـــردۆ قســـێکی خێـــر، بەقـــاو دەیڵێـــم و ناترســـم
هەتا سەرگەورەمان خان بێ، دەبێ کورد شوان و گاوان بێ،
ئەســـیری تورکـــی ئێـــران بـــێ، بەقـــاو دەیڵێـــم و ناترســـم
هەموو مامەش لەگەڵ ئاغا، لەســـەر کوردان نەیانکوت «نا»
نەیانکـــرد دوو قســـەی بێجـــا، بەقـــاو دەیڵێـــم و ناترســـم
کە مەنگوڕ بوونە ســـەرکردە، دەڵێن هەر قوڕ بەســـەر کوردە
ئـــەوی بووش چوونـــە ناو پـــەردە، بەقاو دەیڵێم و ناترســـم
هەتا دێبوکری ســـەردار بێ، دەبێ کورد ڕووت و بێکار بێ،

١. کارخانەی قەندیمیاندواو. ئەوەش ئاماژەیەکە بە قاتی و گرانی قەند لەو ساڵانەدا.

ئەسـیری دەسـتی ژانـدار بـێ، بەقـاو دەیڵێم و ناترسـم
گـەورک و ئێلـی بەگـزادە، لـە ترسـا بـەو دڵـی سـادە
گەلـی کوردیـان بەئـاودا دا، بەقـاو دەیڵێـم و ناترسـم
بە شـێخ و قازی و ئاغا، کـە چوون بۆ بادکوبـە و جولفا،
چییـان کرد بـۆ مە؟ ماشـەڵڵا! بەقـاو دەیڵێم و ناترسـم[1]
بـە تۆپێ چیت و بـارێ قەند، لـە ئاغاکانـی دەوڵەتمەند[2]
ڕەشـادەتیان کـڕی و لێسـەند، بەقـاو دەیڵێم و ناترسـم
ئورووپا و ئاسـیا سـووڕا، بۆ کـوردان سـەد وەرەق گۆڕا،
نەیانکـرد «امرهـم شـورا»، بەقـاو دەیڵێـم و ناترسـم
کە ئاغاکان لە نێو لاچن، «هەژار» و «هورمز» و «گوردوون»[3]
لـەوان زۆر چاتـر و وێچـوون، بەقـاو دەیڵێم و ناترسـم
وەرن کوردان بە تەڕدەسـتی، بۆ ئیسـتیقلال و سەربەسـتی
بـە هەوبای کەس مەکەن سسـتی، بەقاو دەیڵێم و ناترسـم
وەرن کوردان وەکوو «سـمکۆ»، مەکـەن، ڕاکەن هەتا ژینۆ[4]
لـەوێ کارتـان بکـەن یەکلـۆ، بەقـاو دەیڵێم و ناترسـم
بـە یاری زاتی «حەقوڵـڵا»، بە هەویا[ی] تۆم ڕەسـوولوڵڵا!
کـە ئەمجـارەش نەبین بێ شـا، بەقـاو دەیڵێم و ناترسـم.

تەواو بوو

---

١. دەسنیشـانکردنی دوو سـەفەری سـاڵی ١٣٢٤ی چەنـد کەس لـە پیاوماقووڵانی ناوچەی موکریان بە نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ باکۆ.
٢. لـە گەڕانـەوەی باکۆدا چەند تا قەنـد و چەند تۆپ کووتاڵیان باربووی نوێنەرەکانی کورد کردبوو.
٣. سێ ناوی ئاسایی کوردی، بە نیشانەی خەڵکانی ڕەش وڕووتی کورد، لە بەرانبەر ئاغا و دەسەڵاتدارانی کورددا.
٤. ژنێڤی پێتەختی سویس.

## مەلا بابەوەیسی

نەمر ئوەیس عوسـمانی، کوڕی مەلا محەممەدحەسەن زانای بەناوبانگی موکریان و بـرای بچووکـی مـەلا ئەمجـەدی عوسـمانی لـە ٢٤ی زیحەججـەی ١٣٢١ی کۆچـی/ ١٩٠٤ی زایینـی لـە گونـدی قـەڵای ڕەسووڵەسـیتی سـەر چۆمیمەجیدخانـی نێـوان بـۆکان و میانـدواو لەدایکبـووە. لـە زۆر گونـدی ناوچەکە مەلایەتی کـردووە و بۆ ماوەیەکیش لە میاندواو دووکانی کردۆتەوە، ئینجا لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی/ ١٩٦٢ لـە گونـدی باغچـەی فەیزوڵڵابەگـی کۆچیدوایـی کـردووە و هەر لەوێـش نێژراوە. من فۆتۆکۆپیی کەشـکۆڵە شـێعرێکم بینیوە کە مەلا بابەوەیسـی ئامادەی کردووە و تێیدا ٧ پارچە شـێعری خۆی هاوڕێ لەگەڵ شـێعری شـاعیرانی دیکەی کورد تۆمار کردووە. شێعرەکان سەبارەت بە ڕووداو و کەسایەتییەکانی ناوچەن و ئێستا لەلای ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی قازی ڕاگیراوە.

سـەبارەت بەو کەشـکۆڵە و مەلا بابەوەیسـی، بابەتێکیشـم لە گۆڤاری مەهاباددا بڵاوکردۆتەوە (ژمارە ٦٥، پووشپەڕی ١٣٨٥/ ٢٠٠٦)

مەلا بابەوەیسـی ناسـناوی شاعیریی «سـابیر»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ئەوەش چەنـد فـەرد لـە شـێعرەکانی، کـە وێدەچـێ مەلایەکی خـاوەن هیممەت، بـەڵام وەک زۆربەی مەلا کوردەکان دەستەنگ بووبێ:

**ئەوەی ماڵــی هەبێ ســاحیب کەماله**
**دراودار خاوەنــی حوســن و جەماڵه**
**لەلای ئاغــاش مەلا وشــک و بەتاڵه**
**لەکــن کرمانجەکانیش ئەهلی ســواڵە**
**ئیــتر بێدەنگ بــە، هیچ تامــی نەماوە**
**لە ئەغڵەب جێ، خلە خۆی تێیڕیاوە!**

هیـوادارم هەتا بیرەوەریی ئەو زاتە ماوە و کەسوکاری زیندوون، ژیاننامەیەکی

باشــی بۆ پێکبێ. مەلا ئوەیس باوکی مەرحوومی مەلا جەســیمی عوســمانی، مەلای گوندی داشــبەندی بۆکان و باپیری ڕێزدار قەســیمی عوســمانی نوێنەری پێشــووی شاری بۆکان لە مەجلیسی شووڕای ئێران بوو.

ئــەم زانیارییانــەم لە ڕێزدار عەلی عوســمانی، برازای مــەلا ئوەیس وەرگرتوون. بە سپاسەوە.

## میرزا ئەسەدوڵڵا غوەڵامعەلی

کەسایەتییەکی ناسراو، شاعیرێکی نەناسراو

لــە وێبلاگــی «خەونبــاز»دا، [1] کاک عەلــی غوەڵامعەلــی ژیاننامەیەکــی کــورت و چەند پارچە شـێعری نەمر میرزا ئەسـەدوڵڵای غوەڵامعەلی، باپیری خۆی بڵاوکردۆتەوە. عەلی کوڕی نەمر میرزا حوسـێنی غوەڵامعەلی و نەوەی میرزا ئەسـەدوڵڵایە و بەو کارە واجبێکـی کەفایـی بەجێهێناوە کە لەمێژسـاڵ بوو دەبوو بکرایە و لە ڕاسـتیدا من یەک لەوانە بووم کە بۆ ئەم وەدرەنگ کەوتنە بەرپرس و تاوانبارم.

کاک حوسـێن چەنـد سـاڵ پێـش ماڵاوایـی لـە جیهـان لەسـەر داخوازیـی مـن ژیاننامەیەکـی کورتـی میرزا ئەسـەدوڵڵا و چەند پارچە شـێعری فارسـیی ئەوی بۆ نـاردم. مـن کەسـایەتیی میرزام دەناسـی، بەتەما بـووم زانیاریی زیاتـر و نموونەی زۆرتـری کارەکانـی کۆبکرێنـەوە و وەک کتێبێـک بڵاویـان بکەینـەوە، هـەر بۆیەش کارم لەسـەر ئـەو چەنـد لاپەڕەیە نەکرد و هـەروا مانەوە تا بەداخەوە نەخۆشـی و کۆچیدوایـی میـرزا حوسـێنی بەشـوێندا هـات و ئیتـر کارەکـە تەگـەرەی تەواوی تێکەوت و بەیەکجاری لە بیری منیش چوویەوە.

خۆشـحاڵم کـە کاک عەلی کارەکەی جووڵاندووە و هیـوادارم بە هیممەتی ئەو و یارمەتیی هەندێک زیادکراوی خۆم، بەشێکی کەم لەو قەرزە فەرهەنگییە بدرێتەوە کە لە ئەستۆی بۆکان و ناوچەی موکریانە، قەرزی میرزا ئەسەدوڵڵای غوەڵامعەلی کە بە ئەسڵ سنەیی و خزمەتگوزاری فەرهەنگ و خوێندەواریی ناوچەی بۆکان بوو. هیوای زۆرم ئەوەیە ڕێزدار سەلاحوددینی موهتەدی وەک پاشماوەی ئاغایانی ئێلخانیزادە و موهتـەدی کە ڕاسـتەوخۆ قوتابیی میرزا بـوون و لە فەیزی وجوودی ئەو بەهرەیان وەرگرتووە، بێتە قسە و میرزای ڕاستەقینەمان پێ بناسێنێ. من کەسی دیکە ناناسم لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی میرزادا بووبێ و بتوانێ وەک ئەو ئەرکەکە بەڕێوە ببات.

---

1. http://xewnbaz. blogfa. com/

ئاشکرایە بۆ ناسینی کەسایەتی و بنەچەک و بنەماڵەی میرزا، جگە لە کاک سەلاح، زانیاریی خەڵکانێکی تریش پێویستن. دەبێ کاک عەلی هەوڵی ئەوە بدا لەگەڵ دوو کوڕی بەڕێزی مام میرزا، واتە میرزا محەممەد و میرزا حەسەن، ماڵی میرزا قادر و میرزا عەبدوڵڵای بەهرامی کە ئامینەخانمی هاوسەری مام میرزا لە بنەماڵەی ئەوان بوو، دایکی خۆی (حەلیمەی خوشکم)، کەسانی هاوتەمەن، دراوسێ ماڵ، دراوسێ دووکان، بەساڵاچووانی گوندی قوڵقوڵە و قەرەگوێز و خوەڵامالی و شاری بۆکان، مەلا و هاوحوجرەیی سەردەمی فەقێیەتی، بنەماڵەی باباعیرفان لە سنە و بەگشتی هەموو ئەو کەسانە کە بەشێوەیەک لە پەیوەندیی میرزادا بوون وتووێژ بکا و زانیارییان لێوەربگرێ. لە ئەنجامدا، بتوانێ ئەم بابەتانە لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی و نموونەی خەت و وێنەکانی خۆی و بنەماڵەکەی، بەسەر یەکەوە بکاتە بەرگێک کتێب و قەرزێک بدرێتەوە کە لە ئەستۆی خۆی و کاک سەلاح و هەموو خەڵکی بۆکانە، بە منی تەمبەڵی تەوەزەلەوە کە تا ئێستا مشووریم نەخواردووە.

با سەرەتا پێکەوە نووسینەکانی کاک عەلی بخوێنینەوە، ئینجا من هەندێک تێبینی و زانیاریی خۆمی لێ زیاد بکەم:

## کەسایەتییەکی ون

### میرزا ئەسەدوڵڵا غوەڵامعەلی (ئەسەد)

خوالێخۆشبوو میرزا ئەسەدوڵڵا عوەڵامعەلی (١٢٦٨ سنە ـ ١٣٤٨ بۆکان) کوڕی مەرحوومی «باباعیرفان» لە ساڵی ١٢٦٨ی هەتاوی لە شاری سنە لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە زادگای خۆی تەواو کردووە، بەڵام لە پۆلی چوار یان پێنجدا دایکی ئەمری خودای بەجێهێناوە و باوەشی پڕ لە میهری دایک بووە بە جەحەندەمێکی سارد و پڕ لە مەینەتی. عەزیەتی زڕدایک وای کردووە وەتەن بەجێبهێڵێ و بێتە بۆکان.

لە قەسەبەیەک نیشتەجێ بووە و وەک مامۆستای تایبەتی منداڵانی یەکێ لە ئاغاکان بەناوی حاجیبایزئاغای ئێلخانیزادە دامەزراوە و پتر لە سێ ساڵ تەمەنی

جوانـی و جحێڵـی خـۆی وەک مامۆسـتا لای ئـەوان تێپەڕکـردووە. چـاوی لـە ماڵی دنیـا هـەر نەبـووە و بە شـوێن ئۆقرەی دڵی پەرێشـانیدا کەوتۆتە بارەگای شـێخی حیسـامەددین (ق) و بۆتـە یەکێـک لـە نزیکانـی بـارەگای ئـەو زاتە پیـرۆزە و چەند سـاڵ لـە نێو کـوڵ و حاڵ و جەزبـەی ئەودا ژیانی بەسـەر بردووە. لە بـۆکان بۆتە زاوای ماڵی بارامئاغا و لەگەڵ ئامینەخانمی خوشکی سۆفی قادر و میرزا عەبدوڵڵای بەهرامپوور زەواجی کردووە.

مـاڵ و سـەروەت بـۆی مانایەکـی نەبـووە و تیشـکی پـڕ تەوژمی جانانـە، چەند جاری بەرەو هەورامان و لای مورشیدی ڕاکێشاوە. وای لێهاتووە هەستی خاوێن و دڵـی عارفانـەی لای هەمـوو کـەس دەرکەوتـووە و چونکە لەو سـەردەمە لە ئاوایی قوڵقوڵە ژیاوە، ناسـناوی شـێخی قوڵقوڵەشی پێدراوە. بەهۆی خۆشەویستیی شێخی حیسـامەددینەوە کـە نـاوی «عەلـی» بـوو، شـۆرەت و سـجیلی «غوەلامعەلـی»ی بۆ وەرگیراوە. لە پاشان لەبەر هۆیەکی نادیار ماڵی هێناوەتە بۆکان و دووکانی داناوە و تاوتاو و بەپێی دەرفەت چۆتە هەورامان و سەری پیری خۆی داوە.

ئێسـتاش بیرەوەریی میرزا لای قەدیمییەکانی بۆکان هەر هەیە و شـتی سـەیر لە ڕاسـتی و پیاوچاکیـی دەگێڕنـەوە. لە کاک «جەعفـەری قزڵجی»م بیسـتووە کە کاتێ کەسێک نیسک یان لەپەی لێدەکڕی و دەیپرسی چۆنە و بە چەندە؟ دەیکوت: دایکی حسێن دەڵێ ئەوەیان ناکوڵێ هەڵێنەگری باشترە، بەڵام ئەمەیان خۆشکوڵە و قڕانێک گرانتر.

میـرزا دایمـە لـە حـاڵ و جەزبەی خـۆیدا بـووە و تەنیا بـە هێنانی نێوی شـێخ حیسـامەددین جـەزم بـووە. نەیهێشـتووە وێنـەی لێبمێنـێ و تەنیـا بەدزییـەوە و بێئەوەی بزانێ، وێنەیەکی لێگیراوە.

نەک بڵێی شاعیر بووبێ، بەڵام هێندێکی موناجات و چەن غەزەلێکی لێبەجێماوە. بـە نەخۆشـی بڕۆنشـیت دوچـار بـووە و لـە ٢٥ی جۆزەردانـی ١٣٤٨ لـە بۆکان وەفاتی کردووە.

ئەوە نموونەی چەند غەزەلی کوردیی میرزا ئەسەدوڵڵا عوەلامعەلی:

دڵبەر! چ دەبێ ڕەحمێ بە مەی بێسەروپا کەی؟
بەو شەهدی لەبەت دەردی دڵی خەستە دەوا کەی
هەرچەندە کە یەکسانە وەفا و جەوری تۆ بۆ من
چەن خێرە کە تەرکی ستەم و ڕەسمی جەفا کەی
بیســتوومە کە فەرمووتە دەبــێ جەرگی توا کەم
ئەو تالیعە کوا گەر تۆ بە ئەو عەهدە وەفا کەی؟
ئەو گیان و ســەر و ماڵە کەوا مــن هەمە دەیدەم
بەو شــەرتە کە زوڵفت لە دولا هەر دوو بڵاکەی
چەن لوتفە کە جارێ بە کەرەم کەشفی ڕوخت کەی
مســکین و گەدایان، بــە یەکبارە بە شــا کەی
ســووتاوە سەراســەر لە فیراقت «ئەسـەدوڵڵا»
وا چاکــە کە ڕۆحی بــە نیگاهێکــی فەنا کەی

## پرسیار و وەڵام

گوتم: دەفعێک تەکەللووم کە، گوتی: شەککەر بە با نادەم
گوتم: جارێک تەبەسووم کە، گوتی: قەت گوڵ حەوا نادەم
گوتــم: لادە نیقابــی ڕووت، جەماڵت با تەماشــا کەم
گوتی: بەس کە قســەی بێجێ، خەلایق بەرفەنا نادەم
گوتم: پەرچەم پەرێشان کە، ســەبا با عەنبەرئەفشان کا
گوتی: چۆن ئەژدیها بەردەم؟ هەموو کەس بەربەڵا نادەم!
گوتم: چــۆن بچمە مەیخانــە، لەبەر ئــەو چاوەکاڵانە
گوتــی: بــۆ مەســتی؟ بڕوانە، لــەوە زیاتــر ڕەزا نادەم
گوتم: چەن چاوەچاو کەم تا هیلالی نەو تەماشــا کەم؟
گوتی: هەرچەن تەماشا کەی، سەری زولفم وەلا نادەم

گوتم: ئـەو نازی چاوانــە، بە مەی بفرۆشــە بەو جانە
گوتــی: مەجنوونــی دێوانــە! نیــگا وا بێبەهــا نادەم
گوتم: ڕۆح هاتە سەر لێوم، گوتی: چارەی بە چی دەکرێ؟
گوتم: قەندی لەبی لەعلت، گوتی: بەخودا دەنا نادەم!
گوتــم: قوربان کەرەم کــە پێم، لە باخی ســینە لیمۆیە
گوتی: لیمۆیــی تازەڕەس، بە ســەد لیرەی تــەڵا نادەم
گوتم: ئیزنە لە باخی ڕووت، کە سەیری سێوی سوورت کەم
گوتی: گەر مــاری ڕەش بێڵێ، ئەمن لێت لە هەرا نادەم
گوتــم: بینایــی چاوانــم، وەرە بینــا کــە چاوانــم
گوتی: بە نەشــتەری موژگان، لە دۆســتی باوەفا نادەم
گوتم: با بێمە گوڵزارت، ئەگەر شــەوبۆیی شەو بۆ کەم
گوتی: غەیری ســەحەرگاهان، ئەمن عەتــرم بە با نادەم
گوتم: تۆ هێندە مەحبووبی، بەشــەر نازانێ وەسفت کا
گوتی: زانا بەســە! خۆ من بە کەس مەدح و سەنا نادەم
گوتــم: بێ تۆ دڵــم تاریکــە، ڕازیت بێ چــرا بێ وا؟
گوتی: نووری ســەری کوڵمم بەســە، ئیدی چرا نادەم
گوتم: باڵات ئەگەر ســەروە، تورنجــی بۆچی هێناوە؟
گوتــی: تۆ زۆر دەڵێی، من دەس لە کرداری خودا نادەم
گوتم: ئاخــر عیلاجی کە، بەســە، کاریگــەرە دەردم!
گوتی: ئەمری خودا وایە، «ئەســەد» بمری شەفا نادەم!

## هیلالی ئەبرووان

هیلالــی ئەبروانــت پێــم دەدەن ماهانــە، ماهانــە
دە ئــەو مانگە بــە قوربانم کە قوربــان، جەژنی قوربانە

پیاڵــەی چاوەکانــی تــۆ ئەڕێــژن مــەی بەســەر دڵما
دڵــم هێنــد مەســتە نازانــێ بــە مــوژگان تیرەبارانــە
وەرەخواهیش دەکەم ڕووحم! قبووڵ کەلێم سەر وڕووحم
بەهای عەتری وەنەوشــە و شــەوبۆیی ئەو وردەخاڵانە
بــەوە مەعلووم بــووە ئاوی حەیاتــە لەعلەکەت، دیدەم
کە نامرێ هەر کە مــاچ کا یەک کەڕەت، ئەو لێوەئاڵانە
دەڵێــن بیمار ســەیری بــاغ و ئەکلی میوە بــۆی چاکە
عەتــا کە ســا لــە باغی ســینە ئــەو دوو لیمــۆ کاڵانە
بە شەوقی نووری سەر کوڵمەت، دڵ ئارامی نییە یەکدەم
وەکوو منداڵ گڕووی گرتۆ، بۆ ئەو دوو سێوەســـوورانە
تەبیب چارەی دڵم چــۆن کا، دڵم لای خۆم نەماوە من
لەمێــژە حەبســە، زنجیــرە، بە تــای ئەو زولفــە خاوانە
جەماڵــت کەعبەیــە قوربــان! مەتافــی عالەمــە، بۆیە
تەماشــای ڕەنگ و ڕوخسارت نیشــانەی دین و ئیمانە
ئەگەر بەو نێرگســە کاڵــە، نیگاهێکی بە مــن کەی تۆ
بــە مەجنوونــی دەبێ ڕوو کــەم لە ئەو چــۆڵ و بیابانە
«ئەسەد» ڕووح و سەروماڵی ئەگەر مەتڵەب بێ، بۆییێتی
نیســاری کا لــە مەیخانــە بــە یــادی چــاوی جانانــە

## سوبحانە!

ســوبحانە چەن غەریبە، ئەو قەدد و شــکڵ و شــێوە
کــێ دیویــە داری عەڕعــەڕ، جووتێ شــەمامە پێوە؟
وامزانــی ڕۆژی حــەشرە، غەوغــا کەوتۆتــە عالــەم
نەمزانــی مانگ دەبینن، شــۆخ دەرکەوتــوە لەو کێوە

**ئەو ڕووحە گەرچی هیچە، تەقدیم دەکەم بە شـــەرتێ**
**عەتــا بە خەســـتەدڵ کات، یەک‌دوو لەو شلکەســێوە**
**دەمێکــە مــن نەخۆشــم، بــە تەشخیســی تەبییــان**
**دەوای دەردم دووانــە: یــەک غەبغەبــە و دوو لێــوە**
**«ئەســـەد» ڕووحـــی هێنـــاوە، قبووڵـــی کـــە عەزیزم!**
**ڕایخــە لە جێگەی کەوشــان، بچنە ســەری بــە پێوە**

ئەوەش یادداشت و پێشنیارەکانی منن:

ئەگەر کاک عەلی بتوانێ، باش وایە بچێتە سەردانی بنەماڵەی نەمر «باوەعیرفان» لە شــاری ســنە و زانیاریی پێویســت ســەبارەت بە ئەندامانی بنەماڵە و بنەچەکیان، دایک و باوک، خوشک و برای مام میرزا گردوکۆ بکا.

دیارە کێشەی نێو بنەماڵە و پەیوەندیی زڕدایک و زڕکوڕ ڕاستەقینەیەکی ژیانە و هۆکاری گەلێک ئاوارەیی کەسانیش هەر ئەو پەیوەندییە نالەبارە بووە و هەیە، بەڵام لە مەســەلەی خوێندن و فەقێیەتی و گەڕانی ئەم شــار و ئەو گونددا تەنیا مەسەلەی زڕدایک دەور نابینــێ و بەگشــتی فەقێ و پاشــان مــەلا هەر لە کۆنەوە شارەوشــار گــەڕاون و لــە هەرکــوێ وەرگیرابێتــن لــەوێ دەرســیان خوێنــدووە یــا مەلایەتــی و پێشــنوێژییان کردووە. ئەو «وەرگیران»ە بۆ فەقێ و «موســتەعید» شــتێک بووە وەک ئەوەی ئێستا لە زانکۆکان‌دا پێی دەگوترێ «پذیرش».

چۆنییەتیی هاتنی مام میرزا بۆ موکریان و قوڵقوڵە و بۆکان دەبێ ڕوون بکرێتەوە و بزانــدرێ پەیوەندیــی میــرزا و بنەماڵــەی ئێلخانــی‌زادە چــۆن و کــەی دامــەزراوە و ئــەو چــۆن ڕێــی کەوتۆتە موکریان. من کە هیچ شــارەزایی‌یەکم لەو مەســەلەیە نییە، بــە حیســابی موریدایەتیــی شــێخی حیســامەددین کــە هــەردووڵا بوویانــە، دووری نازانــم هــەودای ئــەو پەیوەندییە لە خانەقای بیارەوە ســەری هەڵدابــێ کە هەردووڵا هات‌وچۆیــان دەکــرد. هەروەها پێویســتە ڕوون بکرێتەوە گەلۆ موریدایەتیی میرزا و هات‌وچۆی بیارەی پێش ئەو ئاشنایەتییەی بنەماڵەی ئێلخانی‌زادە بووە یا دواتر.

ئەوە ڕاستە کە مام میرزا لەگەڵ ئامینەخانمی بەهرامی کچی بارامئاغا و خوشکی میرزا عەبدوڵڵای بەهرامی، خۆشـخەت و ئەدیب زەواجی کرد، بەڵام باش وایە کاک عەلیساڵی ئەو زەواجە ڕوون بکاتەوە و هەندێک سەبارەت بە منداڵەکانیان بنووسێ. ئەوەنـدەی مـن ئـاگادارم ئامینەخانمی ڕەحمەتی و مام میرزا کچێک و سـێ کوڕیان بوو هەموویان مرۆڤی پاک و چاکی ئەوتۆ کە خەڵک سوێندیان بە سەریان دەخوارد:

میـرزا محەممـەد، کـوڕە گـەورەی مـام میرزایـە و بەختەوەرانـە ئێسـتا لـە حەیاتدایە و لە بۆکان دەژی. مرۆڤێکی هێدی و بێئازار و نموونەی پاکڕەوشتییە. هیوایە کاک عەلی ناوی هاوسەر و منداڵەکانی میرزا محەممەد دیاری بکا و چەشنە شەجەرەنامەیەکیان لێ پێکبێنێ؛

ـ میـرزا حەسـەن، کـوڕی دووهەمـی مام میرزایـە، لە بـۆکان دەژی و لەگەڵ برا گەورەکەی گرەوی پاکی و چاکی لە یەکتر دەبەنەوە. کاک عەلی هیممەت دەکا ئەگەر ناوی هاوسەر و منداڵانی میرزا حەسەنیش دەسنیشان بکا؛

ـ دادە فاتم، منداڵی سێهەمی مام میرزا و ژنێکی خاوەنشەخسیەت و تێگەیشتوو بوو. سەرەتا مێردی بە میرزا عەبدوڵڵای ئیسماعیلزادەی کتێبفرۆشی بۆکانی کرد و دوو منداڵی لێی هەبوو. پاش جیابوونەوە، دادە فاتم مێردی بە کوردێکی دووکانداری خەڵکی میاندواو کرد کە ناوی نازانم و چەند سـاڵێک پێش ئێسـتا ماڵاوایی لە جیهان کرد؛ ڕوون بوونەوەی ژیانی دادەفاتمیش هیممەتی کاک عەلی دەخوازێ؛

ـ میـرزا حسـێن (باوکـی کاک عەلـی)، کـوڕی بچووکـی مـام میـرزا و جێگـەی ڕێـزی کۆمەڵانی خەڵکی بۆکان بوو. وەک مامۆسـتا و مودیـری قوتابخانە لە بۆکان خزمەتێکی زۆری بە خەڵکی شارەکە کرد و لە داوێنپاکی و ئەمانەت و سەداقەتدا نموونە بوو. ماوەیەکیش مودیری قوتابخانەی کچانی بۆکان بوو و متمانە کردن بە میرزا حسێن بووە هۆی ئەوەی گەلێک کەس کچەکانیان بنێرنە بەر خوێندن، کە بەبێ ئەو وا هەبوو ئەو کارە نەکەن. میرزا حسێن مێردی حەلیمەی خوشکم بوو، عەلی و سـیوەیل و سـەرگوڵ و ڕێبوار دوای مەرگی بێوادەی ئەو، لەگەڵ حەلیمە لە بۆکان دەژین. کارێکی باش دەبێ ئەگەر کاک عەلی سـەبارەت بە باوکیشـی ئەوەندەی بۆی

دەکرێ زانیاریمان بداتێ، کە لە ڕاستیدا ئوستوورەیەک بوو و نابێ لە بیر بکرێ. یادی بەخێر بێ!

من لەسەر ئەو بۆچوونەی کاک عەلی قسەم هەیە کە گوتوویەتی میرزا ئەسەدوڵڵا شاعیر نەبووە. ئەم بۆچوونە لە شوێنی خۆیدا نییە لەبەروەی مام میرزا شاعیر بووە و شاعیری چاکیش بووە، مەگەر کەسێک نەزم و شێعر لێک جیاواز دابنێ و شێعری عەرووزی بە شێعر دانەنێ! ئەم نموونە شێعرانەی کە هەر کاک عەلی خۆی بڵاوی کردوونەتەوە و شێعرەکانی دیکەشی کە لەلای منن و هەوڵ دەدەم بڵاویان بکەمەوە، دەریدەخەن کە لە هونەری شاعیریدا دەستێکی بەرزی بووە، جا با بەپێی ڕوونووس کرانەوەش لە جێجێ تووشی «شیرینشەل»ی بووبن؛ لەلایەکی دیکەشەوە هەر بەگشتی دیوەخانی حاجی بایزاغا و بوونی کەسانی وەک حاجی ڕەحمانئاغا و کاک سەعد و دواتر کاک سەلاح و کاک سوارە لە یەک شوێندا، داروبەردیشی کردۆتە شاعیر چ بگا بە مامۆستا و ئەدیب و نوکتەزانێکی وەک میرزا ئەسەدوڵڵا!

ناسناوی شێعریی میرزا هەر ناوی بچووکی خۆی بووە، واتە بەپێی گونجاویی شوێن، «ئەسەد» یا «ئەسەدوڵڵا»ی لە مەقتەعی شێعرەکانیدا هێناون.

ئەوەی کاک عەلی گوتوویەتی مام میرزا لە بۆکان ماڵاوایی لە جیهان کردووە ڕاستە و من تەنیا یەک خاڵی لێ زیاد دەکەم: مام میرزا لە قەبرستانی کۆنی بۆکان، نزیک گومبەزی سەردار نێژرا، شوێنێک کە باوکی منیش میرزا عەبدوڵڵای سوڵتانی لەوێ نێژراوە و گوایە ئێستا بۆتە دارستان و پارک. من هەر جارێک چووبێتمە شوێنەکە، هەمیشە زیارەتی هەر دوو قەبرەکانم پێکەوە کردوون.

با لە کۆتاییدا بیرەوەرییەکی ڕاستەوخۆی خۆشم لە مام میرزا بگێڕمەوە:

ئێمە لە بۆکان و لە گەڕەکی سەر حەوزەگەورە دوای ماڵی ئیسماعیلزادە و نزیک ماڵی حاجی برایمی حەبیبزادە، بۆ ساڵانێکی زۆر دراوسێی دیواربەدیواری ماڵی میرزا ئەسەدوڵڵا بووین. خەڵکی گەڕەک ڕێزێکی تایبەتیان بۆی هەبوو و هەر بە مام میرزا بانگیان دەکرد. خۆی و منداڵەکانی وەک پەپوولە بێئازار بوون و

کەس نە خراپەی لێدیتن نە بیستیان. باوکم ئەخلاقێکی سەیری هەبوو، هاتوچۆی ماڵی خەڵکی کەم دەکرد. بەیانی ڕۆژانی جەژن دوای مزگەوت و قەبران و نانی جەژن پێش ئەوەی خەڵک بێنە ماڵمان زوو دەچوو بۆ ماڵی مام میرزا و ئەوە دابی هەمیشەیی بوو.

مـن منداڵ بووم و تازە چووبوومە قوتابخانەی ناوەندی. بەیانییەکی جەژن بابم لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ماڵی مام میرزا. دانیشتین و چاییان بۆ هێنایـن. ئەو دەم هێشتا ڕەسم نەبوو لە ڕۆژانی جەژندا میوە و شیرنیات بە میوان بدرێ، تەنیا چایی بوو. دوای چایی خواردن، مام میرزا لێی پرسیم پۆلی چەندی قوتابخانەی؟ وەڵامم دایەوە (وا بزانم پۆلی دوو و سێی ناوەندی). ئینجا ئاماژەی بە سێ تابلۆی عەرەبی کرد کە بە دیواری ماڵەکەیانەوە درابوو و گوتی بیانخوێنەوە. خوێندمنەوە! وام لە بیرە شتێک بوون وەک «بلغ العلی بکمالە، کشفت الدجی بجمالە، صلوا علیە و آلە». خێرایەک بانگی میرزا حسێنی کوڕی کرد؛ میرزا حسێن هات. گوتی ئەو تابلۆیانە داگرە. مـن نەمزانی بۆ وای گوت هەتا فەرمووی بیاندە بەو کوڕە چاکە! باوکم زۆری هەوڵ دا مام میرزا ئەو کارە نەکا یا تاقە یەک دانەیانم خەڵات بکا، بەڵام دەستئاواڵەیی مام میرزا سنووری نەدەناسی و هەر باش بوو مافوورەی ژێر پێی خۆی پێنەپێچانەوە بمداتێ! هەر سێ تابلۆ و تمەنێک جەژنانەم هێناوە و گەڕامەوە ماڵێ! ئەو سێ تابلۆیە بە دەسخەتی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی، مەلا ئەمجەدی قەڵا نووسرابوون کە کەس لە خەتخۆشی و تابلۆنووسی و مۆرهەڵکەندندا دەسکی لەدوو نەدەکرد و لە بیرمە لایکەم تا پازدەبیست ساڵ دواتریش هەر لە ماڵماندا مابوون.

مام میرزا مەلایەتی نەدەکرد و دوای ئەوەی لە گوندەوە هاتبووە بۆکان، بۆ ماوەیەک لەلای دووکانی ماڵی ئیسماعیلزادە و قەپانی قاسمئاغا دووکانێکی بەقاڵی هەبوو، بەڵام دووکانەکەی چاکی کار نەدەکرد. یەکەم، دەسمایەیەکی وای نەبوو شتی زۆر بکڕێ و دابنێ، دووهەمیش لەبەر ڕاستگۆیی و بێفێڵییەکەی. کەم کەس هەیە بەبێ فێڵ و فەرەج لە کاسبیدا سەرکەوتوو

بێ. ئـەوەی وا عەلـی لـە زمـان کاک جەعفـەری قزڵجییـەوە گێڕاویەتەوە ڕاسـتە و زۆرێـک لـە خەڵکـی بـۆکان ئەوەیـان بیسـتووە وەک نوکتـەش دەیگێڕنـەوە. دیـارە تـۆ لەپـە و نـۆک بفروشـی و بـە کڕیارەکـەت بڵێی ئـەوە خۆشکـوڵ نییـە مەیکڕە، ئەویـش لێـت ناکـڕێ! بـەڵام مـام میرزا ئەوە بـوو، ئەو لـە جیهانی خـۆیدا دەژیا و بەداخـەوە نـە جیهانەکە و نە زەمانەکە هی ئەو نەبوون و لەگەڵ ئەودا نەدەسـازان، گەرچی ئەو تاسـەر کۆڵی نەدەدا و ئوسـوولی باوەڕەکانی خۆی نەدەکردە قوربانیی لەپە!

زۆرجاران لەسـەر ڕێگای ماڵێ تووشـی دەهاتم و سـڵاوم لێدەکـرد. ئەوەندەی پیـاوان، ژنانـی گەڕەکیـش هەمـوو ڕێزیـان لێدەگـرت و کاتـێ بـەلایدا تێدەپەڕیـن سـەریان دادەخسـت. عابایەکی شـۆڕ و سـوخمەیەکی لەبەر دەکرد و مێزەری سپی لەسـەر دەنـا. باشـم لـە بیـر نییە، بـەڵام ئەگەر هەڵـە نەکـەم هەندێک خەڵـک منداڵی خۆیان دەناردە ماڵێ دەرسـی قورئانی پێدەگوتنەوە. ئاغاکانی بۆکان ڕێزی زۆریان لێدەگـرت، دووکانەکـەی زۆرجـاران پـڕ بوو لە خەڵکانـی ناوبـەدەرەوەی بۆکان و دەوروبەر، دادەنیشـت و قسـەی بۆ دەکردن، هەر بە بۆنەی ئەم قەرەباڵغییەوە بوو کە مشـتەری ئاسـایی و خەڵکی گوندەکان کەمتر دەچوونە ژووری و کەمتریان شت لێدەکڕی، ئەنجامەکەشی بوو بە سەرنەکەوتوویی لە کاسبیدا.

یادی میرزا ئەسەدوڵڵا غوەلامعەلیی سنەیی بە بۆکانی بوو، بەخێر بێ!

## مەلا هادی ئەفخەمزادە

بنەماڵـەی ئەفخەم، لانیکەم لە سـەردەمی سـەردار حەمەحوسـێنخانی سـەرداری موکرییەوە (١٨٨٠-١٩١٤) لە کاری «دیوانی»دا بوون. میرزا مەحموودی ئەفخەم کاتبی سـەردار و جێگـەی بـڕوای ئەو بوو. سـەردار عەلیخانیش زاوای «نەسـیری»یەکان بووە، کە ئەوانیش خزمی تایفەی ئەفخەم بوون.

جگە لە پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵات، کوڕانی ئەفخەم بەگشتی خاوەنفەرهەنگ و خوێنـدەوار بـوون. میـرزا عەبدوڵـڵای ئەفخـەم لە خۆشـخەتیدا کەم کـەس گرەوی لێدەبـردەوە و هەروەها لە کاری لاسـاییکردنەوەی شـێوە خەتـی خەڵکانی دیکە و کۆپی کردنیاندا وەستا بوو. میرزا برایمی ئەفخەمی شاعیر، نوکتەباز و مێژوونووس بوو و شوێنەوارە بەنرخەکەی، واتە «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان» (بەرگی ١ بۆکان، بەرگی ٢ مەهاباد و شنۆ) یەکەم کاری جیددی بوو کە بۆ پاراستن و زیندووڕاگرتنی مێژووی ناوچەکە، بەتایبەت بۆکان بەڕێوە چوو و تێیدا دەیان بەڵگەنامە و وێنەی بەنرخ پارێزرا. میرزا محەممەدی ئەفخەمی خەباتکارێکی ڕێگای مافی وەرزێران لە گوندەکانی دەوروپشتی بۆکان بوو و لە ساڵانی دوای ١٣٤١ و ئیسلاحاتی زەویوزاردا هاوڕێ لەگـەڵ نەمر محەممەدی نووری، سـەفی گوندنشـینانی دژ بـە ئاغاواتی ناوچەکەیان ڕێکدەخست. نەک هەر ئەو، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە دژ بە ئاغا و دەرەبەگ بوون و دوور نییـە ئـەوە ڕەنگدانەوەیەکـی ئاسـایی بارودۆخـی بنەماڵەیەک بـێ کە دوای لە دەسـچوونی دەسـەڵاتی سـەردارەکانی بۆکان، لە دەسـەڵاتدا نەمان و کەوتنە بەر ڕق و غەزەبی خاوەنملکە تازەکان.

نەمـر مـەلا هـادی ئەفخـەمزادەش کـوڕی ئەفخـەم و وا هەیـە خەڵکیتریـن و ناسـراوترین کەسـی بنەماڵەکـە بـێ لەلای نـەوەی تازەتـر. مەلا هـادی دەرسبێژی مەدرەسـەی سـەرا لە نێوان بۆکان و سـەقز و مامۆسـتای ژمارەیەکی زۆر فەقێ و مـەلا بـووە کە هەموویانی بـە وانەی دژایەتیکردنی خورافـات و بۆ خزمەتی خەڵک

پەروەردە کردوون. مامۆستا مەلا هادی خاوەنی چەندین بەرگ کتێبە بە کوردی و فارسی و عەرەبی، کە هەندێکیان لەلایەن خۆی و کوڕە گەورەکەی، مەرحوومی کاک ناسیح ئەفخەمزادە و دووسێ کتێبیشیان درەنگتر لەلایەن د. عەبدوڕڕەحیمی کوڕە چکۆلەکەیەوە بڵاوکراونەتەوە. مامۆستا، هەروەها بە دیاردەی دژایەتیکردنی شێخایەتی و نوشتەنووسین و چاکەپەڕۆ بەناوبانگە و لە ساڵانی دەوروبەری ۱۳۴۰/ ۱۹۶۱دا، بە بڕینی دارێکی چاکی لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان، بەردی خستە حەوزی لیخن و مەندی باوەڕی پڕوپووچ و بەوەش کۆتایی بە مێژوویەکی دوورودرێژی خورافات هێنا کە تانوپۆی وڵاتی داگرتبوو، ئەگەر کۆماری ئیسلامیی مەلاکان سەرلەنوێ زیندووی نەکردایەتەوە!

بە هیوای ئەوەی لە دواڕۆژی نزیکدا سەرجەمی کتێبەکانی مامۆستا بە ژیاننامەی تێروتەسەلی خۆیەوە بڵاوبێتەوە.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان پارچە شێعرێکی کوردیی مامۆستا مەلا هادی بڵاوکردۆتەوە کە ساڵی ۱۳۲۴/ ۱۹۴۵ بۆ پێشەوای نەمر قازی محەممەدی گوتووە و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی بەرانبەر بەو و حکوومەتی میللیی کوردستان دەربڕیوە. بەگوێرەی شێعرەکە، ناسناوی شێعریی مامۆستا، «خێرخوا» بووە.

شێعرەکە ئاوا دەست پێدەکا::

**«موددەتێکە وام تەمایە مەحزی زیارەت واوە بێم**
**دەستی تەقدیر دەمگرێ توند نایەڵێ تاکوو هەڵێم...**
**خۆشەویستیی تۆ بەڕاستی بۆتە ئاڵقە، چۆتە گوێم**
**هەر دۆعایە بۆ وجوودت باسی ڕۆژ و یا شەوم...**
**توورەیی و ترس و درۆ و دەعیە و تەماعت قەت نەبێ**
**موخلیست«خێرخوا»لەبۆتەڕویجی دین زۆر چاوەڕێم**

## محەممەدسەدیق مەحموودی

نەمر مەلا محەممەدسەدیق مەحموودی، مامۆستای ئایینی و مامۆستای قوتابخانەکانی کوردستان، شاعیر بووە و شێعرە فارسی و کوردییەکانی لە گۆڤارە فارسییەکانی تاران و هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تاران (١٣٣٨ ـ ١٣٤٣)دا بڵاوبوونەتەوە (ل ١٤٤). کاک سوارەی ئێلخانیزادە لە یەک لە بەرنامەکانی تاپۆ و بوومەلێڵی سەر ڕادیۆ کوردی تاراندا باسی کردووە و ئەوەندەی لە بیرم بێ وەڵامی پرسیارێکی داوەتەوە یا شێعرێکی لێخوێندۆتەوە.

مەحموودی سەر بە سەردەمێکە کە بیری نوێگەریی شێعر تازە بە ناوچەی موکریان و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەڕابوو و کەسانی وەک ئەو و کاکم (وەفا) لە نێوان شێعری کۆن و نوێدا قەتیس مابوون و شێعرەکانیان شەقڵی هەر دوو شێوازیان پێوە دیار بوو. ئەوە لە «سوارە»دا وا نەبوو و ئەگەر شێعری نوێی دەگوت هەموو تایبەتمەندییەکی نوێگەریی سەردەمی خۆی بەسەر بەرهەمەکەیەوە دیار بوو. لە شێعری مەحموودیدا ئەگەر تەرجیعی عەرووزی عەرەب تێکشکاوە، هێشتا مۆرکی دیاردەیەکی دیکەی عەرووزی عەرەب، واتە سەروا و تەنانەت کێشیش بەسەر شێعرەکەوە ماوەتەوە باوەکوو کێشەکە ئەو نەزمە ستانداردە کۆنەی نەپارێزرابێ. هەروەها شوێنی شێعری بڕگەییش لە کارەکانیدا هەڵدەگیرێ.

شاعیر لە سەرەتای کتێبەکە، بەشی «من کێم» لاپەڕە ١٤١دا دەنووسێ:

«لە ٢٥ی مانگی ڕێبەندانی ١٣١٦ی هەتاوی لە پاشبڵاغ، کە دێیەکە لە نزیک بۆکان، بەڵام لەسەر ناوچەی مەهابادە، لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لەدایکبووم. بابم نێوی مەلا برایم کوڕی مەلا ساڵحی سەرا، لە بنەماڵەی زانستپەروەری مەلایانی شەمۆڵەی ناوچەی سەردەشت بوو... لە سابڵاغ ئیجازە[ی مەلایەتی]م وەرگرت و لە گوندەکانی «جەمۆغە»ی بۆکان و «تاڵەجەڕی»ی سەقز دەستم کرد بە دانەوەی دەرس... ناچار دەستم [لە مەلایەتی] هەڵگرت و بووم بە مامۆستای قوتابخانە دەوڵەتییەکان.»

بەم پێیە، پەیوەندیی مەحموودی لەگەڵ بۆکان دەردەکەوێ و باسی کتێبەکەشی لەم باسەدا جێی خۆیەتی. شێعرەکان ساکار و بێگرێوگۆڵ و نیشاندەری ئەوەن شاعیر بیرێکی ساکار و دوور لە ئاڵۆزیی ژیانی ئەمڕۆی هەبووە. لە سەرەتای چیرۆکەشێعری «مشکی نەترس»دا کە لە فارسییەوە وەریگێڕاوە، دەنووسێ: «بیر کەرەوە بیر، کە بیرکردنەوەیەک چاترە بۆت لە هەزار ساڵ عیبادەت کردن.» ئەمە، تەنانەت ئەگەر وتەی خۆشی نەبێ و لە قسەی زانا و بلیمەتێکی بێگانەشی وەرگرتبێ، کارێکی بوێرانە و ڕووناکبیرانەیە ئەویش بۆ مەلا و کەسایەتییەکی ئایینی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیشدا پەروەردە کرابێ.

کتێبەکە چەند شێعری فارسی و چیرۆک و پەخشانی نووسەر و بۆچوونی چەند شاعیر و نووسەری کوردی سەبارەت بە کارەکانی ئەوی گرتۆتەبەر.

وا هەیە لە باری بەڵگەنامەیی‌یەوە چەند لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە گەلێک گرنگ بن. لەو بەشەدا نموونەی دەسخەت و نامەی چەند مەلا و کەسایەتی ناوداری ناوچەی موکریان تۆمار کراوە: مامۆستایان هێمن، سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)، مەلا خالید دەربەندی، مەلا هادی ئەفخەمزادە، مەلا عەلی ڕەبانی، مەلا عەبدوڵڵا مودەڕریسی، مەلا محەممەد وەلزی، حاجی ڕەحمان‌ئاغای موهتەدی و مەلا برایم مەحموودی. بەڵگەنامەی دیکەی نێو کتێبەکە، چەند نموونە خەتی شاعیرن کە لەوپەڕی جوانی‌دا نووسراون و نموونەیەک لە خەتی «ئازاد»یش خراوەتە دوالاپەڕەوە، کە وێدەچێ هەمان ئازاد مەحموودی کوڕی شاعیر و ئامادەکاری کتێبەکە بێ؛ بێچووە مراوی مەلێی گەلێک باش زانیوە![1]

١. محەممەدسەدیق مەحموودی، «وەنەوشە، سەرجەمی بەرهەمەکانی محەممەدسەدیق مەحموودی، شێعر و پەخشان ١٣٣٧ تا ١٣٥٨ دەگەڵ لێکدانەوە و بیروڕای شاعیران و نووسەران»، ئامادە کردنی ئازاد مەحموودی، چاپی ئیحسان، تاران ١٣٨٨/ ٢٠٠٩.

**یادی کاک ئەنوەر ئێرانزادە بەخێر بێ!**

کاک ئەنوەری ئێرانزادە، پارێزەر و نووسەری کورد، ڕۆژی ٢٠١١/٦/١١ لە شاری تاران کۆچیدوایی کرد و ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٠٦/١٥ لە مەهاباد و گردی شاعیران و نووسەران ئەسپاردەی خاک کرا.

ئەوە بۆ من کە لە نزیکەوە دەمناسی، هەواڵێکی دڵتەزێن بوو. خۆشەویستیی ئەنوەر لای من لە چەند سەرەوە بوو: کەسایەتییەکی هەڵسووڕاوی کورد لە مەهاباد و تاران بوو؛ لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێراندا خۆی وەک کاندیدی پەرلەمانی ئێران پاڵاوتبوو: چەند بەرگ کتێبی بە فارسی نووسیبوو کە هەمووی لە پەیوەندیی کوردستان و کورددا بوون؛ دوای هەموو ئەوانەش، برای کاک ئەسعەدی جێگەی ڕێزم و کوڕی خەباتکار و شۆڕشگێڕێکی ناوداری ناوچەی بۆکان بوو.

نەمر عەبدوڵڵا ئێرانی، باوکی کاک ئەنوەر، لە ڕێبەرانی سەرەکیی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی شاری بۆکان دژ بە زوڵم و زۆری ئاغاکان بوو، کە دوابەدوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ئێران و دەسەڵاتسەندنەوەی شا و ئیرتیجاع، کەوتە بەر هێرشی ڕاستەوخۆی بابنۆکەرانی ئاغاواتی بۆکان و لە ترسی گیان، بۆکانی بەجێهێشت، لە مەهاباد گیرسایەوە و تا کۆتایی ژیانە پڕ لە شانازییەکەی (زستانی ساڵی١٣٥٥ی هەتاوی، ١٩٧٦ی زایینی) نەگەڕایەوە بۆکان.[١] نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووفی مەلا حەسەن)، هاوکار و هاوسەنگەری خەباتی عەبدوڵڵا ئێرانی لە ساڵانی پێش کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، نەمر عەبدوڵڵا ئێرانی وەک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان ناودەبا. لەو ساڵانەدا نەمر حاجی قاسمی کەریمی لە پەیوەندیی «جیبهەی میللی» و حیزبی ئێراندا بوو، بەڵام بەگوێرەی قسەکانی میرزا حەمەڕەئووف، ئەو و کاک عەبدوڵڵا ئێرانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئەو دەم بوون.[٢]

١. ئەم زانیارییانە لە نووسراوەیەکی ڕێزدار ئەسعەدی ئێرانزادە، برای کاک ئەنوەر، وەرگیراوە، کە لە کتێبی «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا»ی کاک ڕەحمانی محەممەدیان، لاپەڕە١٤٧ تا ١٥٤دا چاپ کراوە.

٢. بیرەوەرییەکانی میرزا حەمەڕەئووف، لەلایەن کاک ئیسماعیل ئیسماعیلزادەوە ئامادە کراوە و هیوایە بەو زووانە لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکاندا بڵاوببنەوە.

دایکـی کاک ئەنوەر، تووباخانمی ڕۆسـتەمپوور، هاوسـەری دووهەمی عەبدوڵڵا ئێرانی، لە ساڵانی پێش کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژدا مودیر و مامۆستای یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی کچانی بۆکان بوو. تووباخانم خوشکەزای نەمر عەزیز زەندی خەباتکار و کەسـایەتیی سیاسـی ناوچەی موکریانە، کە بنەماڵەیان لە گوندی «قالویَ زەندان»ی ناوچەی گەورکانی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشتەوە هاتبوونە مەهاباد. عەزیز زەندی هاوڕێ لەگەڵ غەفوور مەحموودیان بە دامەزرێنەری حیزبی «آزادیخواهان» لە مەهاباد (١٩٣٩ ـ ١٩٤١) دەناسـرێ.[١] هەروەها ڕێزدار سـەید محەممەدی سەمەدی لە لاپەڕە ١١٢ی کتێبی «تاریخ مهاباد»دا لە زمان ویلیام ئیگڵتۆنەوە عەزیز زەندی بە یەک لە بناغەدانەرانی کۆمەڵەی «ژ. ک» ناودەبا.[٢]

کاک ئەنـوەری کـوڕی ئـەو دایـک و باوکـە و بـەو خاڵوانـەوە، هـەر دەبووایـە سـەری لەنێـو سـەراندا بووایە، کە بـوو. ئەنوەر جگە لە ئـەرک و کاری پارێزەری، نووسەرێکی خۆشمرخیش بوو و کتێبی «تاقەدار»ەکەی لە ئێراندا ناوبانگێکی باشی دەرکرد. خوێنەر بە خوێندنەوەی کتێبەکە، هەست بە قەڵەمی بەهێز و توانای بەرزی نووسەر و لێهاتوویی سەرنجڕاکێشی بۆ پەروەردەکردنی گەلاڵەی بنەمای سەرەکیی ڕۆماننووسی دەبا. ئەو پێچ و گرێ ئاڵۆزەی وا لە ڕۆمانەکەدا بە ڕووداوەکان دراوە، چـاوی خوێنـەری تامـەزرۆ تـا دوایین لاپـەڕە، بە شـوێن کارەسـاتەکەدا دەگێڕن و دەیخەنـە هەوڵـی دۆزینـەوەی سـەرەهەودای ڕووداوەکان، کارێـک کـە ڕۆمانەکانی ئاگاتا کریستی لەگەڵ خوێنەری دەکەن.

بەداخـەوە مـن بەختی ئەوەم نەبووە ڕۆمانەکانی دیکە و ئەو چیرۆکی منداڵانەیە ببینـم کە کاک ئەنوەر نووسـیونی و بەگوێرەی هەواڵـی کاک مەنووچێهر جیهانی لە ماڵپەڕی «پەیامنێر»دا، لە ئێران چاپ کراون.[٣]

هیوایە کەسوکاری نەمر کاک ئەنوەر دەسنووس و بەتایبەت کارە بڵاونەکراوەکانی بپارێزن و هەوڵی چاپ و بڵاوکردنیان بدەن.

یادی نەمر ئەنوەر ئێرانزادە بەخێر بێ!

---

١. بڕوانە: فریدون حکیمزاده، «ساوجبلاغ مکری (مهاباد) تاریخ تحولات سیاسی، فرهنگی و اقتصادی مهاباد به روایت اسناد»، انتشارات رهرو، مهاباد ١٣٨٩/ ٢٠١٠، ص ٥٦ و ٨١.
٢. بڕوانە: سید محمد صمدی، «تاریخ مهاباد»، انتشارات رهرو، مهاباد ١٣٧٧/ ١٩٩٨، فارسی.
3.http://www. peyamner. com/details. aspx?l=1&id=236853.

### ئەم کەسایەتییانەی بۆکانم چۆن دیون؟

«ئەوە ڕوانینی تاکەکەسیی خۆمە. هەوڵ دەدەم بیرەوەریی ڕاستەوخۆی خۆم لە هەندێک کەسایەتی ناسراوی سەردەمی ژیانم لە بۆکان و دواتریش لێرەدا بنووسمەوە. زانیارییەکانی من لەچاو ژیاننامەیەکی بەرێوجێ گەلێک ناتەواوە و لێم ڕوونە خەڵکانی نزیک بەو کەسایەتییانە، زانیارییان دەیان قات زیاتر لە من هەیە. جا ئەگەر ئەو چەند دێڕانەی من ببنە هۆی ئەوەی کەسانی شارەزا دەست بدەنە قەڵەم و ژیاننامەی ئەو خەڵکانە بە تێروتەسەلی بنووسن ئەوا کارێکی مەزن کراوە و ئاواتی منیش هاتۆتە جێ. بەداخەوە من هەر ئەوەندەم پێیە کە دەینووسم!»

### ١ - ٣. قازی کاکەحەمەی بۆکان (قزڵجی)، سەیزادەی گەورە و مەلا سەدیقی قزڵجی

منداڵ بووم و هەمیشە لە گەڕەکی ماڵی خاڵم لەسەر «گۆلی مەردانبەگ»ی بۆکان لەگەڵ خاڵۆزاکانم دەخولامەوە و یاریم دەکرد. بۆ یاری کردن لەگەڵ ئەوان و منداڵانی دیکەی گەڕەک، زۆرجار دەچووینە حەوشی گەورەی ماڵی «مامەقازی». ئێمەش وەک خەڵکی دیکەی بۆکان، «قازی کاکەحەمەی قزڵجی»مان هەر بە «مامەقازی» بانگ دەکرد وەک چۆن «سەیزادەی گەورە»ی دایکی مامەقازیمان بە «دایەسەیزادە» ناودەبرد.

سەیزادەی گەورە لە سەیدەکانی زەمبیل، هاوسەری مەلا محەممەدحەسەنی قزڵجی و خوشکی حاجی بابەشێخی سەیادەت بوو، ئەرکێکی زۆری بۆ کچان و ژنانی بۆکان دەکێشا هەر لە وەعز و نەسیحەتەوە تا دەرسگوتنەوە و خوێندەوارکردنیان، ئەویش لە سەردەمێکدا کە هێشتا قوتابخانەی فەرمی بۆ کچان لە شاردا نەبوو. دایکم لای سەیزادەی گەورە ئەلفوبێ و دەرسی قورئانی خوێندبوو و گەرچی دواتر لە بیری چووبوونەوە، بەڵام هەمیشە باسی ئەو خوێندنەی لای سەیزادەی گەورەی دەکرد و وەک ئەولیا و ڕێبەرانی ئایینی ناوی دەبرد و ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگرت. دیار بوو سەیزادەخانم هەروا لەخۆوە نەببووە «گەورە»ی لای خەڵک و ئەم ناسناوە بنەمای عەینی هەبوو. دایکم باسی میهرەبانی و دڵسۆزی و زمانخۆشیی سەیزادەی

گەورەی لەگەڵ خۆی و کچانی دیکەی شار دەکرد و هەر لەو دەمانەوە سەیزادەی گەورە بۆ منیش کەسایەتییەکی مەزن بوو و ناوی تا ئەمڕۆش لە زەینمدا ماوە.

مامەقازی کە لە ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی (١٩٠٠ی زایینی) لە بۆکان لەدایک ببوو؛ شاعیر، ئیمامی جەماعەتی مزگەوتی بۆکان، سەردەفتەری دەفتەری ئەسنادی ڕەسمی شارەکە، ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک» و پاشان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بەرپرسی لقی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان بوو. دوو شێعری شینگێڕیی بۆ کۆچیدوایی نەمر سەیفولقوزاتی قازی گوتبوو، کە یەکیان کاک جەعفەری قزڵجی لە گۆڤاری «سروە»ی چاپی ورمێدا بڵاوی کردەوە و ئەویتریشیان من لە کەشکۆڵی مەلا بابەوەیسیدا دۆزیمەوە و سێچوار ساڵێک پێش ئێستا لە گۆڤاری «مەهاباد»دا بڵاوم کردەوە.

دوای هەرەسی کۆماری کوردستان، مامەقازی لەگەڵ مەلا سەدیقی کوڕیدا (مەلا سەدیقەگڕوێ) چووبوونە باشووری کوردستان و ماوەی ٩ ساڵ لە ماڵی نەمر شێخ مەحموودی مەلیک و شێخ لەتیفی کوڕی مابوونەوە.

مەلا سەدیقی قزڵجی کوڕی مامەقازی بوو و لە باشووری کوردستان ناوی خوازراوەی «مەلا شەریف»ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو،[١] بەڵام نازانم ناوی مامەقازی لەوێ چی بووە، گوایە شیخی بەردەقارەمان مامەقازیی بە «مامۆستا» بانگ کردووە.

دیارە من ئەمانەم هەر بیستبوو و هیچم بەچاوی خۆم نەدیبوو لەبەروەی لە سەردەمی کۆماردا دوو ساڵم زیاتر تەمەن نەبوو، بەڵام گەڕانەوەی هەردووکیانم باش لە بیرە، بە کۆڵانەکەدا ڕاماندەکرد و دەمانگوت مامەقازی هاتەوە، مامەقازی هاتەوە!

دیارە هەمووومان دەزانین کاتێ مامۆستا هەژار لە بەرەو موکریاندا دەنووسێ:

---

١. ئەم مەلا سەدیقە جیاوازە لە مەلا سەدیقێکی دیکە کە ئەویش هەر قزڵجی و لە هەمان بنەماڵە بوو. ئەمیان زاوای مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی و لێخوڕی ئامبولانسی نەخۆشخانەی شێروخورشیدی بۆکان بوو و لە شەڕەکانی نێو شاری بۆکان و لە کاتی ڕاگواستنی بریندارادا، بەبێ تاوانی شەهید کرا. مەلا سەدیق خۆشەویستی هەموو خەڵکی شار بوو و هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ لایەنێکی ئەو شەڕانەوە نەبوو، هەر بۆیەش کوژرانی خەسارێکی گەورە بوو. یادی بەخێر بێ!

«ئەمجەد» و «قازی»، «مەلا ڕیشی حەسار»
کێ بەداخ و کوڵە بۆ ڕەنجی خەسار؟،
نیازی لە «قازی»، هەر قازی کاکەحەمەیە.

ئەوەشم لە بیرە چەند ساڵ دواتر کاتێ کە مامەقازی کۆچی‌دوایی کرد (١٣٣٨/٦/١٧ ١٩٥٩/٩/٨)، قوتابخانەکانی بۆکان بۆ ماوەی ڕۆژێک داخران، بەڵام ئاگام لە ئیداراتی دەوڵەتی نییە داخران یان نا.[١]

١. بەشێک لەو زانیارییانەم لە وتارێکی ڕێزدار جەعفەری قزڵجی وەرگرت کە چەند ساڵ پێش ئێستا لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکاندا بڵاوبۆوە و بەشێکی دیکەشیم لە ڕێزدار موحسین قزڵجی پرسی، بەڵام بابەتی سەرەکی و هەواڵی سەبارەت بە مەلا سدیق لە پەراوێزی سەرەوەدا، هەر بیرەوەریی و بۆچوونی خۆمن. سپاسی مامۆستا جەعفەر و کاک موحسینی بەڕێز دەکەم.

## ٤. مامۆستا حەسەنی قزڵجی

من مامۆستا مەلا حەسەنم دوای گەڕانەوە لە هەندەران لە ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩)دا لە بۆکان بینی. هیچ زانیارییەکم سەبارەت بە ژیانی سەردەمی پێشتر، واتە ساڵانی پێش کۆماری کوردستانی مامۆستا نییە ئەوەندە نەبێ کە وەک هەموو کەسی دیکە دەزانم لە ماوەی تەمەنی کۆمار و ساڵانی پێش ئەودا، ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک» و پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرپەرشتی چاپخانەی بۆکان و سەرنووسەری گۆڤاری هەڵاڵەی چاپی بۆکان بووە،[١] دوای هەرەسی کۆمار پەڕیوەی باشوور بووە و ساڵانێک لە ماڵی شێخ لەتیفی شیخ مەحموود ژیاوە و ساڵانێکی دیکەش لە کوردستان و بەغدا لەگەڵ مامۆستایان هەژار و زەبیحی پێکەوە ژیاون و درەنگتر چۆتە ئورووپای ڕۆژهەڵات و لە بولغاریا ئەرکی نووسەری، وەرگێڕی و وێژەریی ڕادیۆی کوردی «پیک ایران»ی حیزبی توودەی ئێرانی لەسەر شان بووە؛ ئینجا دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا گەڕاوەتەوە بۆکان و دوای چەند مانگێک چۆتە تاران و هەر لەوێش گیراوە و لە زیندانی ئێڤین شەهید کراوە.

کاتێ مامۆستا دوای ٣٣ ساڵ ئاوارەیی وڵاتان، لە بولغاریاوە گەڕایەوە بۆکان، لە ماڵی یەک لە ئامۆزاکانی خۆی دادەنیشت و هەر لەوێش پێشوازیی لە میوانان دەکرد. ئەو ڕۆژەی وا بۆ بەخێرهێنانەوەی چوومە خزمەتی، قاوەڵتوونێک بوو. بەختی من، لەو سەعاتەدا میوان کەم بوو و گەلێکی قسە بۆ کردم و وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە. پاشان فەرمووی مەڕۆ، بۆ نانی نیوەڕۆ بمێنەوە میوانم دێ، گوتم بەسەر چاوان. زۆری پێنەچوو کاک سەلاحوددینی موهتەدی و کاک محەممەدی برای و

١. دەفتەری چاپخانە و گۆڤارەکە لەسەر حەوزەگەورە و ڕووبەڕووی خورێنک بووە. بە تەنیشت چاپخانەکەوە چایخانەی حەمەحوسێنی خاتسافیە (ڕەوشەنفکر) بووە. دواتر لەو شوێنەدا کارگەی قەندی حاجی قاسمی کەریمی دانرا کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا ئاغاکانی بۆکان بەستیان و حاجی قاسمیش پەڕەوازەی باشووری کوردستان بوو. دواتر بینایەی تازەی لێ دروستکرا و دەرمانخانەی مورادی و دووکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنفرۆشی عەلی حەڵەبی لە قاتی سەر زەوی و مەیخانە سەید حەمەدەمینی کەریمیش لە ژێرخانەکەی داندرا.

چەند کەسی دیکەی ماڵی ئاغاکان هاتن، وا بزانم نەمر محەممەدی ئێلخانیزادەشیان لەگەڵ بوو.

مامۆستا لە نێو قسەکانیدا فەرمووی بۆ سبەی بانگ کراوم بچم بۆ مەهاباد بڕیارە «کۆڕی زانیاریی کوردی» لە مەهاباد بکرێتەوە. کۆڕی زانیاری خەریک بوو بە دەستپێشخەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بەکار بێ. دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، کاتێ لە خزمەت مامۆستاوە چوومەوە ماڵێ، دەعوەتنامەی کۆڕ گەیشتە دەستی منیش و ڕۆژی دوایی چووم بۆ مەهاباد بۆ بەشداری کردن. کەسی دیکەم نەدیت لە بۆکانەوە هاتبێتن، جا دەعوەت نەکرابوون یا کرابوون و نەهاتبوون، نازانم.

پاشان کۆڕی زانیاری، سیمینارێکی بۆ دانانی کتێبی پۆلی یەکەمی قوتابخانە بە زمانی کوردی بەڕێوەبرد. لە بۆکانەوە چوار کەس تێیدا بەشدار بوون کە یەکیان من بووم. هەر چوار کەس چەند ڕۆژێک کارمان لەسەر کرد و لە ڕۆژی سیمینارەکەدا من پێشنیارەکانی بۆکانم خوێندەوە. دواتر لە دانانی کتێبەکەشدا بەشداریم کرد کە تا هەڵگیرسانی شەڕ لە سنە و پاوە درێژەی کێشا و پاشان وەستێنرا. دەزانم دواتریش شوێنی کارەکە گیرا و کتێبیش چاپ کرا، بەڵام ئیتر من لەو قۆناغەدا لەگەڵ نەبووم.

جارێکی دیکە لە تاران و لە دەفتەری حیزبی توودەی ئێران چاوم بە مامۆستا کەوت. چوونم بۆ دەفتەری حیزب کارێکی نابەجێ و بیر لێنەکراوە بوو. لەگەڵ دوو کەسی کوردی ئەندامی فیدائییانی ئەکسەرییەت بووم، گوتیان با بچین بۆ دەفتەری حیزب و سڵاوێک لە مامۆستا قزڵجی بکەین. من لە چاوپێکەوتن و سەردانی کەسان زۆر چێ نیم و ئەگەر مەجبوور نەبم ناچمە ماڵ یا شوێنی کاری خەڵک. ئەو ڕۆژە بێعەقڵیم کرد و چووم. مامۆستا دیار بوو کاری هەبوو و هەندێک درەنگ هاتە لامان. نە قسەیەکی حیسابیمان بوو لەگەڵیدا بکەین و نە کارێک و نە بەرنامەیەک، هەر بۆیەش هەستمان کرد خەریکین بەردەستی دەگرین و کاروبارەکەی دەفەوتێنین، ئیتر کاتێ برادەرێکی کوردی توودەیی دەرگای کردەوە و لە کەلەبەری دەرگاکەوە سەیرێکی کردین و ڕۆیی، زانیمان دەبێ بڕۆین! ماڵاواییمان لە مامۆستا کرد و ڕۆیشتین. بارانی گلەیی و گازندەی منیش بەسەر دوو برادەرەکەمدا باری، کە بۆچی

کاری وا ناپێویست و ناسیاسیمان کرد، بەڵام کارلەکار ترازابوو و ئەوانیش لە کارەکە خۆشحاڵ نەبوون. پاشانیش ئیدی تازە بە خزمەت مامۆستا نەگەیشتمەوە و سەرەنجام لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید کرا.

بەگوێرەی زانیاریی من، مامۆستا لە زیندانی ئێڤینی تاران کۆچیدوایی دەکا و لە شوێنێکی نادیار کە دوور نییە گۆڕستانی خاوەران لای مەیدانی خوراسانی تاران بێ دەنێژرێ، بەڵام گۆڕەکەی وەک هەزاران شەهیدی دیکەی دەستی کۆماری ئیسلامی، نادیارە و نازاندرێ کامەیە. بۆ ئەو شەهیدانە، کە ناحەزانی سیاسیی ڕژیمی ئێران بوون، نە کێل و بەردێک هەیە و نە نیشانەیەک. تەنانەت ئەوانەش کە پێشتر لەو شوێنە نێژرابوون و بنەماڵەکانیان کێلیان بۆ دانابوون، دێو و جرجی حکوومەت کێلەکانیان شکاندن و بەردەکانیشیان بردن!

یادی مامۆستامان وەک ئەو هەموو شەهیدانەی دیکەی ڕێگای ڕزگاری، بەخێر بێ!

### ٥. مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە و یەکەم بانگ‌کرانم بۆ ساواک

پێشـتر باسـم لـە مـەلا هـادی ئەفخـەمزادە کـردووە و هـۆکاری هێنانـەوەی لێرەدا ڕووداوێکـە کە لە پەیوەندیی ئەودایە و گەیشـتە ئەنجامی بانگکرانی هەردوو لامان بۆ ساواکی شاری سەقز.

مامۆسـتا مـەلا هـادی کوڕی میـرزا مەحمـوودی ئەفخەمە کە کاتب (مونشـی)ی سـەردار حەمەحوسـێن‌خان و سـەردار عەلی‌خانی سـەردارموکری بوو. مەلا هادی زانایەکی ڕووناکبیر، مەلایەکی دەرس‌بێژ و کەسایەتییەکی دژی خورافات بوو، کە لە کۆمەڵگای ئایینی بۆکان و دەوروبەری‌دا بۆ ڕوونکردنەوەی زەینی خەڵکی سەردەم دەورێکی گرنگی بینی و گەلێک فەقێی تێگەیشتووی پەروەردە کرد.

ئێمـە لەگـەڵ مامۆسـتادا خزمایەتیمان هەبـوو، ڕابیعەخانمی هاوسـەری یەکەمی مامۆستا خوشکی باوکم بوو، بەڵام لە ڕووداوێکدا گیانی لە دەستدابوو و دادە ئامینە و کاکە ناسـیح و دادە زێنەبی لێ بەجێمابوون. منداڵەکان لە گوندی «سـەرا» دەژیان و جاروبارێک هاموشـۆی ماڵی ئێمەیان لە بۆکان دەکرد، بەڵام مامۆسـتا خۆیم نەدی بێ بۆ ماڵمان. دوای مەرگی پوورم ژنی هێنابۆوە و لەویش چەند منداڵی خوێندەوار و زانای هەبوون.

یەکەم جار کە چوومە ماڵی مامۆسـتا سـاڵی ١٣٤١ یا ٤٢ بوو. تازە ئیسـلاحاتی ئـەرزی دەسـتی پێکردبـوو، ڕادیـۆی کـوردی هەبـوو و ڕۆژنامـەی کوردسـتانیش لـە تـاران دەردەچـوو. مـن لـە گونـدی باغڵووجە، کـە ئەو دەم لەسـەر بـۆکان بوو، مامۆسـتاییم دەکـرد و ڕۆژنامـەی کوردسـتانم دەخوێنـدەوە و لـە ڕێگـەی ئەوەوە فێری کوردی‌نووسین ببووم. کە چووم بۆ ماڵی مامۆستا، لەنێو کتێبەکانی‌دا ٤٠ ـ ٥٠ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی «کوهسـتان»ی نەمر دوکتۆر «ئیسـماعیل ئەردەڵان»م بینی کە ١٥ سـاڵێک پێش ئەو کاتە لە تاران دەرچووبوو و پاشـان وەستێنرابوو. تکام لێ‌کرد ئیجازەم بدا بەئەمانەت بیانبەم، فەرمووی باشە. بردم و لە باغڵووجەم دانان.

ع. ق. کە مامۆستا و هاوڕێی خۆم بوو، هاوکاریی ساواکی دەکرد و ڕاپۆرتی لە خەڵک و لە منیش دەدا، بەڵام من نەمدەزانی. جارێک هات بۆلام و ڕۆژنامەکانی بینی،

هەڵەم کرد پێم گوت لە کێم وەرگرتوون. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، مامۆستا بە کاک ناسیحی کوڕیدا گلەیی بۆ ناردبووم و گوتبووی بۆچی ڕۆژنامەکانی پێشانی خەڵکی خراپ داوە و بۆچی گوتوویەتی لە منی وەرگرتوون؟ وا منیان بانگ کردۆتە ساواکی سەقز و پرسیاری مەسەلەکەیان لێکردووم، منیش ناعیلاج گوتوومە بەڵێ هی من بوون و داومەتێ، بەڵام ژمارەکەیانم بە٢۴ ڕاگەیاندووە، جا ئەگەر ئەویان بانگ کرد با ڕاستییەکەی نەڵێ و ئەگەریش داوایان کرد ٢۴ ژمارەیان بداتێ، پاشماوەکەی بنێرێتەوە بۆ خۆم؛ زۆرتریش ئاگای لە خۆی بێ.

گەلێک خەجاڵەتی مامۆستا بوومەوە و ئەو دەم نەمدەزانی کێ ئەم ڕاپۆرتەی لێداوم، بەڵام دواتر بەڵگەی ڕوونم دەست کەوت و پێم زانی جەنابی سەید ع. ق. بووە. چەند ڕۆژێک دواتر کاک عەبدوڵڵای هەمزەیی خەڵکی بۆکان کە لە سەقز مامۆستایی دەکرد گوتی ئەمڕۆ لە ئیدارەی پەروەردەی سەقز بووم، سەرۆکی ئیدارە (ئاغای فەییازی) گوتوویەتی پێت بڵێم سبەی بەیانی بچی بۆ ساواکی سەقز کاریان پێتە. ماڵی وێرانم! سبەینێی ئەو ڕۆژە شاییمان هەبوو و کاکم ژنی دەهێنا!

چ کەردەن؟ نەدەکرا بە باوکم ڕابگەیەنم لەبەروەی پێی ناڕەحەت دەبوو و ڕۆژی شایی براش ناکرێ خۆت بشارییەوە! هەر چۆنێک بێ، حوکمی حاکم و مەرگی موفاجا! مەسەلەکەم بە کاکم ڕاگەیاند، زۆری پێناخۆش بوو و بەیانی ڕۆژی دواتر بەبێ ئاگاداریی دایک و باوک چووم بۆ سەقز و گەیشتمە ساواک. ماوەیەک لە ژوورێکی تەنیا دایاننام. یەکەم جارم بوو دەچوومە ساواک. پاشان بردیانمە لای سەرهەنگ مونشی سەرۆکی ئیدارەکە. ناویم بیستبوو و دەیانگوت سنەیی‌یە و لەگەڵ کوڕانی حەمەدئاغای عەباسی ـ سمایلئاغا و ئەمیرئاغا ـ دۆستە، کە مامۆستا مەلا هادیش مەلای گوندەکەی ئەوان (سەرا) بوو.

سەرهەنگ مونشی گوتی تۆ ڕۆژنامەی چی دەخوێنییەوە، گوتم ئیتلاعات و کەیهان. گوتی هی قەدیمی چی؟ گوتم «کوهستان»م خوێندۆتەوە. گوتی لە کێت وەرگرتووە؟ گوتم لە مامۆستا مەلا هادی! گوتی ئەو شتانە بۆ دەخوێنییەوە و بۆچی خۆت تووشی گرفت دەکەی؟ بڕۆ جارێکی دیکە لەم کارانە مەکە و ڕۆژنامەکانیش بێنە بۆ ئێرە بیاندە بە ئێمە. گوتم باشە دەیانهێنم و مەرەخەس! دووسێ ڕۆژ دواتر

٢٤ ژمارەیانـم بەناتـەواوی برد بۆ ئەوان و پاشـماوەکەیانم بە کۆڵێک خەجاڵەتییەوە ناردەوە خزمەت مامۆستا.

جارێکـی دی برادەرێکـی خـۆم لـە بـۆکان ڕقـی لە هاوسـەرەکەی هەسـتابوو و سـێ‌تەڵاقەی کردبـوو. لەگـەڵ برادەرێکـی هاوبەشـمان‌دا هات و گوتـی قەلی وام لێ هەڵفڕیـوە و گرێـی کارەکـە بە مەلا هادی نەبـێ بە کەس ناکرێتـەوە؛ مەلاکانی دیکە دەڵێن دەبێ بە جاشی بکەی، منیش نایکەم!

بـە سـێ‌قۆڵی چوویـن بـۆ سـەرا و چووینەماڵـی مامۆسـتا. فەرمـووی کارتان؟ برادەرەکەمان نەقڵ و حیکایەتی بۆ گێڕایەوە. لێی پرسی بۆ وات کرد؟ گوتی تووڕە ببـووم. گوتـی بەڵێـن دەدەی جارێکـی دیکـە وا لـە ژنەکەت تووڕە نەبـی و کاری وا دووپات نەکەیتەوە؟ گوتی بەڵی قوربان. گوتی دە بڕۆ ئەوە چاکم کردەوە!

برادەرەکەمـان بـاوەڕی نەدەکرد وا بەهاسـانی ڕزگاریی بووبێ. بە سـەربڵیندی گەڕاینەوە بۆکان!

مامۆستا مەلا هادیم گەلێک جاری دیکە بینی و جارێکیش لە تەورێز بە خزمەتی گەیشـتم لـە ماڵـی وا بزانـم کاک ناسـیحی کـوڕی. دوکتۆر حسـێنی خەلیقیش لەوێ بوو و پێکەوە باس‌وخواسی ئایین و سیاسەتی سەردەمیان دەکرد.

دواجارێک کە بە خزمەت مامۆستا گەیشتم، ماوەیەک پێش کۆچی‌دوایی و کاتێک بـوو کـە لـە جێگەدا کەوتبوو. لەگـەڵ دایکم چووینە خزمەتی، ڕێـزی زۆری لە دایکم گرت و لەبەری هەستا و لە ڕۆیشتنیش‌دا تا بەردەرگای ژوورەکە لەگەڵمان هات.

سـەرجەم ئـەوەی وا لە مامۆسـتا مـەلا هادیم لە بیـرە، دژایەتی‌کردنییەتی لەگەڵ خورافـات و بڕینـی داری چاکـی لە گوندێکـی ناوچەی فەیزوڵڵابەگـی و چاپی چەند نامیلکـەی ڕوونکەرەوە. کاک ناسـیحی کوڕی مامۆسـتا و پـوورزای من، لە تەورێز نەخۆش بوو تەلەفۆنی ئەحواڵپرسیم بۆ کرد و تکام لێ‌کرد یەک‌دوو کتێب و نامیلکەی مامۆستام بۆ بنێرێتە لەندەن، بەڵێنیشی پێدام، بەڵام بەشوێنی‌دا ئەویش کۆچی‌دوایی کرد. یادی هەردووکیان بەخێر بێ!

### ۶، ۷، ۸. مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی، سەید عەبدوڵڵا کازمی و سەیزادە تووبا کازمی

خەڵکی بۆکان مامۆستا مەلا شێخ حەسەنیان هەر بە «مامۆستا» بانگ دەکرد و منیش لێرەدا وا دەکەم. هۆکاری ئەم ناسناوە ئەم ڕاستییەیە کە مامۆستا بناغەدانەری فەرهەنگی بۆکان و ئاڵقەی پەیوەندیدەری پەروەردەی کۆن و نوێ لە شارەکە بوو. وەک مەلا لە مەکتەب دەرسی بە منداڵانی بۆکان گوتبۆوە و دوای کرانەوەی یەکەم قوتابخانەی ڕەسمیی دەوڵەتیی بۆکان لە ساڵی ۱۳۰۷ (۱۹۲۸)یش وەک «موعەللیم» دەرسی دەگوتەوە.

مامۆستا خاوەنی کەسایەتییەکی چەندلایەنە بوو: مەلا و خوێندەوار، لە بنەماڵەیەکی خۆشناو، خزمی نزیکی بنەماڵەی قزڵجی و تورجانیزادە و سەیادەت بوو کە هەموویان مەلا و عالم و ئەهلی مەعریفەت و تەریقەت و جێگەی ڕێزی خەڵک بوون.

مامۆستا بڕوایەکی لەبننەهاتووی بە پەروەردە و خوێندن هەبوو و هیچ شتێکی لە ژیانی مرۆڤدا لە ژوور ئەوەوە نەدەدی. هەر ئەوەش کردبوویە مرۆڤێکی یەکبوعدی، کە ڕۆحی ناسکی منداڵ و قوتابیی نەناسێ و وەک مەکینەیەک لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکا. لێدان و شووڵکاری و فەلاقەی منداڵان، کاری ڕۆژانەی مامۆستا بوو و بەبێ هیچ گومانێک، نەبوو قوتابییەک کە ڕۆحی لە مامۆستا نەتۆقیبێ و بە بیستنی ناوی ئەو ترسی لە دڵ نەنیشتبێ.

هەندێک کەس لە سەردەمی ئەو و لە ترسی ئەو، قوتابخانەیان بەجێهێشت و چیتر درێژەیان بە خوێندن نەدا، بەڵام ئەوانە لەچاو ئەو سەدان و هەزاران قوتابییەی کە مامۆستا پێی گەیاندن و پەروەردەی کردن قەترە بە دەریا بوون.

ئێستا لە قوتابییەکانی سەردەمی مامۆستا، زۆر کەسمان ماوین و هەندێک کەس هەن کە مامۆستا بە توندوتیژی نواندن تاوانبار دەکەن. بە بۆچوونی من، مامۆستا شێخ حەسەن تاکێک نەبوو، دیاردەیەک بوو، ڕاست وەک هەموو دیاردەیەکی خاوەن یاسای کۆمەڵایەتی. ئەو لە پەروەردەی کۆن و حوجرەی فەقێیەتیدا دەرسی خوێندبوو و لە ماڵی خۆی لەسەر هەمان شێواز وانەی بە منداڵان گوتبۆوە. کاتێکیش

کـە بـۆ یەکـەم جـار قوتابخانـەی دەوڵەتیـی کـوڕان لـە بـۆکان کرایەوە، بەشـێوەی سروشتی، مامۆستا یەکەم کەس بوو بانگ بکرێتە قوتابخانە و بەبێ هیچ ڕاهێنان و کـۆرس و فێرکردنێـک وانـەی پێ بگوترێتـەوە. پەروەردەی ئەو دەمیـش تەنانەت لە قوتابخانـە فەرمییـە حکوومەتییـەکان‌دا بەشـی زۆری بە گوشـار و لێدان و سـزا و ئازاری جەستەیی منداڵ بەڕێوەدەبرا. مامۆستا ئەو پسپۆڕایەتییەی تێدابوو و هەموو ئـەو کارانـەی دەکـرد، بـەڵام هەمووی بـە ئامانجـی پێگەیاندن و خوێنـدەوار کردنی منداڵان کارێک کە بەڕاستی تێیدا سەرکەوتوو بوو.

مـن لـە قوتابخانەی پەهلەوی (یا شـاپوور؟) لە قەڵای سـەردار قوتابی مامۆسـتا بووم و لە پۆلی یەکەم‌دا دەرسـی پێ گوتبوومەوە، تا پۆلی شەشـەمی سـەرەتاییش «ناظـم»ی قوتابخانەکەمـان بوو و لە حەوش و حەسـار و داڵان بە دەورمانەوە بوو؛ هەروەها لە قوتابخانەی هاوینان‌دا لە حەوشـیماڵیان یا لە باغەکەی خۆی لەسـەر ئاشـی خانـم (نزیـک دەبیرسـتانی کەمالـی ئێسـتا) دەرسـم لا خوێندبـوو. مامۆسـتا دۆسـتایەتیی زۆری لەگـەڵ بابـم هەبـوو و ڕۆژانە دوای داخرانی قوتابخانە لەسـەر کورسـییەک لەبەر دەم دووکانەکەی ئەو و چەند کەسـی دیکە دادەنیشـت و سەیری شـەقام و هاتوچۆی منداڵانی دەکرد؛ چەند سـاڵ دواتریش، کە من لە دەبیرسـتان، واتە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەودا دەرسم دەخوێند، ماڵمان چووبووە گەڕەکی ئەوان لە خوار حەمامی کۆن و ببووینە هاوسای دیواربەدیواری ماڵی یەکتر. پەنجەرەیەکی ژووری دانیشتنی ماڵی مامۆستاش ڕاست لە نێو حەوشەکەمان‌دا بوو.


کاتێ کە لە ساڵی ١٣٤١دا لە گوندی باغڵووجە بوومە مامۆستا، چوومە خزمەتی، فەرمووی من لە حوجرەی مزگەوتی باغڵووجە دەرسـم خوێندووە و باسـی ئەوێی بـۆ کـردم. کاتێکیش نەخۆش بوو و لە جێگەدا کەوتبوو، چەند جار بۆ ئەحواڵپرسـی دەچوومە دەست ماچکردنی.

بنەماڵـەی مامۆسـتا هەر لە سـەیزادەخانمی هاوسـەرییەوە تا کـوڕ و کچەکانی، هـەرکام بـە شـێوەیەک لـە خزمەتکردنـی پـەروەردە و ئەخـلاق و دابونەریتـی کۆمەڵـگای بـۆکان‌دا دەوریـان بینیـوە و خەڵکـی شـارەکە قەرزداریانن، بـەڵام دوو کەسیان ڕاستەوخۆ مامۆستایەتییان کردووە و وانەیان بە منداڵان گوتۆتەوە:

یەکـەم، ڕێـزدار سـەید عەبدوڵـڵای کازمـی کوڕی مامۆسـتا شـێخ حەسـەن، کە مامۆسـتایەکی جێگـەی ڕێـز و خزمەتـکاری ڕاسـتەقینەی فەرهەنگ و پـەروەردەی شـارەکە بوو. مەند و لەسـەرخۆ و هێمن و بێفیز، لە دەبیرستان دەرسی بیرکاریی دەگوتەوە. من چەند ساڵێک شانازیی ئەوەم هەبوو خوێندکاری بم. ئاغای کازمی بۆ ماوەیەکیش بوو بە شـارەداری بۆکان. لە ماوەی تەمەنمدا کەم کەسـی دیکەم بینیوە وەک ئەو بەسوود، بێزیان، زەحمەتکێش و بێئیددیعا بێ.

دووهەم، بەڕێز سـەیزادە تووبای کازمی کچی گەورەی مامۆسـتا شێخ حەسەن، وەک دەرسبێـژ و مامۆسـتای منداڵانـی بۆکانـی (کچ و کـوڕ)، خزمەتێکی بەرچاوی بە خەڵکی شـارەکە کرد و جێگەی ڕێزی هەموو خەڵکی شـار بوو. سـەیزادە تووبا سـاڵانێکی زۆر دەرسـی بـە منداڵـە بۆکانـی گوتۆتـەوە و خوێنـدەواری کـردوون. بەختەوەرانـە ئەم کەسـایەتییە جێگەی ڕێزە ئێسـتا ماوە و لە بـۆکان دەژی. تەمەنی درێژ بێ.

ئـەوەش بەڵگەیەکـی کۆنی سـەبارەت بە ژیانی مامۆسـتا شـێخ حەسـەن. نامەی نێوەڕاسـتی مانگـی ٧ی سـاڵی ١٣٢٧ی هەتـاوی/ ١٩٤٨ی مامۆسـتا بـۆ ئیـدارەی فەرهەنگی مەهاباد سـەبارەت بە شـێواوییەک کە لە فایلەکەیدا بووە و بۆتە هۆکار بۆ دواکەوتنی پایە و ڕوتبەکەی:



۱/۷/۲۷

۱۹۴
۲۷/۷/۱۶

اداره محترم فرهنگ بوکان

محترماً بعرض میرساند اینجانب حسن کاظمی بکری همچنانکه خاطر مبارک مستحضر میباشد مدت ۱۹ سال است در اداره فرهنگ مشغول انجام وظایف بوده و میباشم لذا در طی این مدت مدید در تاریخ ۲۶/۳/۴ بابلاغ حکم شماره ۱۷۶۸۲/۵ رتبه یک آموزگاری مفتخر گردیده متأسفانه طبق دستور تلگرافی نمره ۲۱۵۰ ـ ۲۷/۳/۳۰ اداره محترم فرهنگ شهرستان مهاباد حکم فوق را از اینجانب گرفته با اینهمه زحمات بی پایان و سوابق و صداقت چندین ساله آیا سزاوار است که اینجانب فاقد حکم بوده باشم و علاوه بر آن طبق قانون ترفیعات در سال جاری مشمول رتبه ۲ آموزگاری هم هستم با توجه بر اینکه در اثر صدور حکم آن نتیجه که موجب دلگرمی باشد حاصل نگردیده مستدعی است بذل توجه فرموده در برگشت و اعاده آن و رفع مشتبهات کار اینجانب با صدور حکم پایه ۲ آموزگاری که در سال جاری بانضمام آن ذی حق هستم فرمایند چه شاید از اثر توجهات آن اداره محترم بیش از این مظلوم واقع نشوم ـ با احترامات فائقه ـ

آموزگار دبستان شاهپور بوکان حسن کاظمی بکری ـ

[امضا]

۸۹۱
۲۷/۷/۱۶

### ٩. حاجی مەهدی شەیبانی

ئەوەندەی من بزانم «شەیبانی» مامۆستایەکی ئازەربایجانی بوو، کە ساڵی ١٣٠٧ و سەرەتای دامەزرانی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان و کرانەوەی یەکەم قوتابخانەی فەرمیی بۆکان، لە بینایەکی لە نزیک قەپانی قاسمئاغا، وەک سەرۆکی ئیدارەکە نێردرابووە بۆکان و هەر لە بۆکانیش ژنی هێنابوو.

شەیبانی و مامۆستا شێخ حەسەن و چەند کەسێکی دیکەی وەک عەبدوڵڵابەگی ئەیووبزادە و عەبدوڵڵای فەیزی و عەلی حەبیبزادە و عەلی زیایی و حەمەدبەگی ئەیووبزادە و مام میرەی دەربانی و کاک حەمەساڵحی کوڕی، لە بناغەدانەرانی فەرهەنگی ڕەسمی و پەروەردەی دەوڵەتی بوون لە بۆکان.

من باش ئاگاداری ساڵانی ئیشوکاری شەیبانی لە بۆکان نیم و لەوێ نەمبینیوە لەبەروەی لەو ساڵانەدا نەهاتبوومە جیهان! بەڵام دواتر کە ڕۆیشت و ساڵانێکی گەلێک درەنگتر بەسەری پیری و خانەنشینی لە تاران گیرسایەوە، لەوێ بینیم. خاڵم ـ نەمر حاجی حەمەڕەشیدی محەممەدیان ـ قوتابیی شەیبانی ببوو و وەک ئەمەکداری و پێزانی، کاتێ دەهاتە تاران، لەوێ سەری ماڵی شەیبانی دەدا و لە بۆکانەوە دیاریی بۆ دەبرد.

لە ساڵی ١٣٤٢دا هاوڕێ لەگەڵ زۆرێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان، منیش کە ئەو دەم لە قوتابخانەی گوندی بوغدەکەندی، سەر بە شاری سەقز دەرسم دەگوتەوە، شاربەدەر کرام و نێردرامە شاری ئەراک لە ناوەندی ئێران. دوو ساڵ دواتر ڕاگوێزرامە «شەهریڕەی»ی نزیک تاران.

لەو ڕۆژانەدا کە گەیشتمە تاران و شەهریڕەی، خاڵم لە تاران بوو و هەوڵی دا ژوورێکم بۆ بەکرێ بگرێ. پێکەوە چووین بۆ ماڵی شەیبانی لە کۆڵانێکی پشت سینەما «مەیامی» لە مەیدانی فەوزیە (دواتر شەهناز و ئێستا ئیمام حوسێن!) لە تاران. شەیبانی، سەرەڕای پیری و نەخۆشی، زۆر بەتێڕادیوی لەگەڵمان هات سەردانی

چەند ئاژانس (وەکالە)ی ماڵ بەکرێدانمان کرد و چەند ژوورمان پێکەوە بینی، ئینجا لە خوار مەیدانی ناوبراو لە کۆڵانێکدا ژوورێکیان بۆ بەکرێ گرتم.

لەو ماڵەدا ماوەیەک ژیام و جاروبارە سەردانی ماڵی شەیبانیم دەکرد، جاری وا بوو خاڵم لە بۆکانەوە دیاری بۆ دەنارد، منیش بۆم دەبرد. کاتێ کە بابم لە بەهاری ١٣٤٦دا کۆچی‌دوایی کرد، من تەلەفۆنم نەبوو، خاڵم بە تەلەفۆن مەسەلەکەی بە شەیبانی، کە ئەو دەم ببووە حاجی، ڕاگەیاندبوو ئەویش هاتبووە ماڵەکەی من، بەڵام من لە ماڵ نەببووم، جا یادداشتێکی دانابوو کە خێرا تەلەفۆنی بۆ بکەم. کردم؛ گوتی دایکت نەخۆشە و دەسبەجێ بچۆوە بۆکان. زانیم مەسەلەی باوکمە کە شێرپەنجەی گورچیلەی هەبوو و چوومەوە بۆکان. ڕۆژی سێهەمی کۆچی‌دوایی باوکم بوو، لەگەڵ خاڵم و کاکمدا چووینە سەر خاکەکەی لە گۆڕستانی شار لە نزیک گومبەزی سەردار. یادی ئەو باوکە زەحمەتکێشە خێر و خۆشی نەدیتووەم بەخێر بێ!

دواتر هاتوچۆم بۆ ماڵی شەیبانی هەر هەبوو. کوڕێک لە کوڕەکانی شاعیر بوو و شێعری فارسیی دەگوت. کاتێکیش کەوتمە زیندان و لە ئێڤینەوە بردیانم بۆ زیندانی قەسر، دوو کوڕی بچووکتری شەیبانیم لەوێ بینییەوە و لە چوونە دەرێم لە زیندانیش چوومە ماڵیان و هەواڵی کوڕەکانیانم بە شەیبانی و هاوسەرەکەی ڕاگەیاند. کاک عەبدوڵڵای موهتەدیش لە زیندان ئەو دوو برایەی دیتبوو.

لەبیرم نییە چ ساڵێک بوو، بەڵام وا هەیە بە دووسێ ساڵ دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بوو، کە لە تاران لەگەڵ خاڵم چووینە پرسەی مردنی شەیبانی و بۆ نانی شێویش لەوێ ماینەوە. شەیبانی، بەدرێژەی ئەو ساڵانە بۆکانی لە بیر نەچووبۆوە و هەر باسی دەکرد و ناوی خەڵکەکەی دەبرد. جارێکیش کوڕە شاعیرەکەی بە جلوبەرگی کوردییەوە هاتبووە بۆکان و میوانی ماڵی خاڵم ببوو، دیارە دەبێ ناسیاوی کوردی دیکەشی لە سنە و سەقز یا مەهاباد هەبووبێ کە ئەو جلوبەرگەیان پێدابێ. کوڕەکانیشی لە زیندان ناسیاوی ناوی بۆکان بوون، بەڵام نە دیتبوویان نە هەستێکی تایبەتیان بۆی هەبوو. ئەوان هەموویان لە ژنی عەجەمی شەیبانی بوون و ئەوەندەی بزانم لە ژنە بۆکانییەکەی منداڵی نەبوو.

## ١٠. مامۆستا محەممەدی نووری

محەممەدی نووری لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) وەک میرزا و کاتبی ئاغاواتی گەورکایەتی ئیشی دەکرد و بەناوی «عەتری گلۆلانی»یەوە شێعری لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماردا بڵاودەبۆوە. باسی ئەو سەردەمانە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کراوە. دواتر هەواڵێکی ئەوتۆ نە لە عەتری و نە لە نووری نەدەبیسترا تا ئەوەی سەردەمی ئیسلاحاتی ئەرزی سەردەمی شا گەیشت.

لە ساڵانی ١٣٤١ و دواتری ئێراندا، مەسەلەی دابەشکردنی زەویی ئاغاوات بەسەر جووتیاران گۆڕانکارییەکی زۆری لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتدا پێکهێنابوو و باڵانسی هێزە سوننەتییەکانی کۆمەڵگا تێکچووبوو. خەڵک دەیانوێرا قسە بکەن و لە ئاغاوات و زەبروزەنگیان، کە لە ناوچەیەکی وەک بۆکان لە هەڕەشەی گرتن و لێدانی ساواکیش زیاتر بوو، نەترسن.

لەو سەردەمانەدا، دوو کەس لە بۆکان ناویان دەرکرد: نەمران محەممەدی نووری و محەممەدی ئەفخەمی، کە هەردووکیان لە دەوروبەری گوندی وشتەپە و داشبەندی موڵکی ئاغاواتی عەلیار دەژیان. ئەوان بە لەخۆبوردوویی‌یەکی زۆرەوە دژ بە ئاغاکانی بۆکان و ناوچەکە دەوەستان و لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی وەرزێراندا وتاریان دژ بە ئاغاوات دەدا، ئەوەش نە کارێکی هاسان بوو و نە بێ‌مەترسی.

دژایەتیی ئاغاکان لەو بڕگەیەدا سکەیەکی دووڕووو بوو و ڕووەکەی دیکەی لایەنگریی لە شا و ڕژیمی ئێران بوو کە ئاڵای دابەشکردنی زەوی‌وزاری ئاغاواتی هەڵگرتبوو و خەڵکەکە، جیا لە ڕووناکبیرانی چەپ، بەگشتی یا لە بەرەی ئاغاواتدا وەستابوون و داکۆکییان لە ئیرتیجاع و فیئۆداڵیزم دەکرد یا بەرەو حکوومەتی شا کشابوون و بە شان و باڵی ئەوانیاندا هەڵدەگوت.

لە بۆکان، کە شارەکەشی وەک گوندەکان بەدەست ئاغاواتەوە بوو، خوێندەوار و ڕووناکبیر و شاعیر و نووسەرانیش لە دژایەتی‌کردنی ئاغاواتدا بەرەو لایەنگریی

ڕژێم کشابوون و لەچاو شارێکی وەک مەهاباد یا سەقز، شاپەرستی زۆری لێهەڵکەوتبوو. بۆ نموونە کاکم عومەری سوڵتانی (وەفا) کە دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ لەلایەن ئاغاکانی بۆکانەوە گیرابوو و لە سابلاغ خرابووە زیندانی شارەبانییەوە، دوژمنایەتییەکی دوور لە ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ئاغاکان و سیستەمی فێئۆدالیدا هەبوو و هەر لە سەرەتای مەسەلەی ئیسلاحاتی ئەرزییەوە بە شان و باڵی شا و ئیسلاحاتی ئەرزیدا هەڵدەگوت و دژ بە ئاغاکان چووبووە سەنگەری قەڵەمەوە.

کاکم تەنیا نەبوو و مامۆستایان عەباسی حەقیقی، محەممەدی نووری و برایمی ئەفخەمیش کە شاعیر بوون و هاتوچۆی دووکانی کاکمیان دەکرد، هەڵوێستی کەموزۆر هاوشێوەیان هەبوو و لە کۆبوونەوەکاندا شێعریان بەسەر شا و ئیسلاحاتی ئەرزیدا دەگوت.

دوای دەرکەوتنی خەسڵەتی چینایەتیی ڕژیمی شا، هەرکام لەو کەسانە وەک خەڵکانی دیکەی ئێران، لە قۆناغێکدا کشانە دواوە و پشتگیریی ڕژیمیان وەستاند و تەنانەت پشتیان تێکرد، بەڵام نووری لەسەر ئەو ڕێبازە مایەوە و بوو بە نوێنەری بۆکان لە پەرلەمانی ئێران.

من مامۆستا محەممەدی نووریم لە گەلێک دەرفەتدا بینیبوو، بەڵام یەک ڕووداوم هەرگیز لە بیر ناچێ. نووری بە وەفاداریی زۆر بۆ ڕژیمی شا ناسرا بوو و ئێمەی چەپ خۆشمان نەدەویست، بەڵام هەر ئەو کەسە بەڕواڵەت شادۆستە، کاتێ من لە زیندان ئازاد کرام و پێش گەڕانەوەی بۆکانم، لە هوتێلی شەڕافەت لە شەقامی ناسرخوسرەوی خوار تۆپخانەی تاران لە خزمەت خاڵمدا ـ حاجی حەمەڕەشیدی محەممەدیان ـ بووم کە ئەو کاتە لە تاران بوو. شەوی دووهەمی ئازادبوونم مامۆستا هاتە هوتێلەکە. دیارە هاتنەکەی بۆ لای خاڵم بوو، بەڵام دەشیزانی من لەوێم و تازە لە زیندان ئازاد کراوم. گەرچی ئەو شەوە باسێکی جیددیی سیاسی نەهاتە گۆڕێ، بەڵام دەریخست کە لە دڵەوە لەگەڵ ڕژێم نییە و مەترسییەکی وەک بینینی منی بۆخۆی کڕی کە هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد و بۆ پاراستنی ئەو، تا

ڕووخانــی ڕژیمــی شــا، هەرگیز لای هیچ کەســێک جگە لــە هاوڕێیانــی نزیکی خۆم، باسی سەردانەکەیم نەکرد.

بە قەدرایی سێ‌چوار ساڵێک پاش ئەوە بوو، کە ڕژیمی شا لە گرێژەنە چوو و لە پەرلەمانی ئێرانیش هەندێک نوێنەر دژ بەحکوومەت وەستان و هاتنە ڕیزی خەڵکەوە. نــووری، کــە لــە قۆناغەکانی دیکــەی ژیانی‌دا هــەل و دەرفەتەکانی باش ناســیبوو و باشــیش جووڵابۆوە، لەم برگەیەدا تووشــی هەڵە هات، خۆی لەبەرەی شــا و ڕژیمە شڵوشــەوێقەکەدا هێشــتەوە و نامەیەکی نووســی و لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات‌دا چاپی کــرد. لــە نامەکــەدا داوای کردبــوو نوێنەرانــی مەجلیســی شــوورا چەکیــان بدرێتــی بــۆ ئــەوەی دژ بــە ڕاپەڕیــوان داکۆکــی لــە خۆیــان بکــەن. مــن کۆپیی ئــەو نامەیە و نوســخەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەم لەلایە، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە کەســایەتیی مامۆســتا بڵاوی ناکەمەوە. دەزانم بەدەســت خەڵکانی دیکەشــەوە هەیە با ئەوان بیکەن. باســی مەسەلەکەش بۆیە دەکەم کە نووسەرێکی بەڕێز چەند مانگ پێش ئێستا لە وتارێکی سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەلات/ بۆکان ئاماژەی پێکردبوو و لە بنی کوولەکەی دابوو.

هــەر چۆنێــک بێ، نــووری ئەو هەڵەیەی کرد و زیانەکەشــی بینی. هەموو ماوەی ژیانــی دوای ئــەو ڕووداوەشــی لــە بێدەنگــی یــا کــەم دەنگــی‌دا مایــەوە و تووشــی چەرمەســەرییەکی زۆر هات، کە لە بیرەوەرییەکانی‌دا ڕەنگیان داوەتەوە. لە ســاڵانی کۆتایــی ژیانــی‌دا، محەممــەدی نووری گەڕابۆوە ســەر ڕێبازە کۆنەکەی ســەردەمی کۆمار و کوردایەتی دەکرد، واتە ببوویەوە عەتریی گڵۆڵانییەکەی سەردەمی کۆماری کوردستان و هەر ئەوەشی لێ‌دەکاڵایەوە. یادی بەخێر بێ!

### ١١ - ١٢. نەمران حاجی قاسم کەریمی و میرزا حسێنی برای

حاجی قاسم کەریمی قارەمانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی بۆکان دژ بە ئاغاکان یەک لە دەوڵەمەندترین و دەسەڵاتدارترین کەسانی نێو شاری بۆکان بوو. من دژایەتیی ئەو و هەندێک لە بازرگان و دووکاندارانی بۆکان لەگەڵ ئاغاکان، وەک دژایەتیی سەرمایەداریی تازە سەرهەڵداوی شار لەگەڵ فێئۆداڵیزمی ڕەگ و ڕیشە داکوتاوی ناوچەکە دەبینم؛ فێئۆداڵیزمی پشتئەستوور بە هێزی سپایی عەشیرەتەکان. بۆیەش دەڵێم عەشیرەت، کە ئاغاواتی بەری دێبوکری بە کەڵک وەرگرتن لەو هێزە دەستەمۆ و شەڕکەرە دەیانتوانی و توانیشیان بەگژ ڕاپەڕیوانی شاردا بچنەوە لە حاڵێکدا ئاغاواتی بەری ڕۆژهەڵاتی شار، واتە فەیزوڵڵابەگییەکان کە عەشیرەتیان لە پشت نەبوو، نەیانتوانی لە بەرانبەر ڕاپەڕینی گوندنشینەکاندا، کە هاوکات و هاوتەریبی ڕاپەڕینەکەی بۆکان بوو، خۆڕابگرن و لە هەندێک گوندی وەک ئاڵبڵاغ و گۆل و یەکشەوە و جامەرد و تیکانتەپە تووشی شکان و هەڵاتن و چۆڵ کردنی ماڵ هاتن و ئەگەر کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ و گەڕانەوەی حوکمی شایەتی بە هانایانەوە نەهاتایە، وا هەبوو لە گوندەکانی دیکەش مەیدانیان پێ چۆڵ بکرایە.

سەرمایەداریی لاوازی شاری بۆکان کە تازە خەریکی دارەدارە بوو، دەبووایە هەندێک کۆسپ لەسەر ڕێگەی خۆی لابەرێ و هەندێک نەزمی دامەزراوی فێئۆداڵی تێکبدا. گەورەترین گرێپووچکەیەک کە لەو سەردەمانەدا کێشەی ئاغاوات و دووکاندارانی شاری بۆکان چەقی لەسەر بەستبوو، کێشەی مافی خاوەنایەتیی ملک بە ماڵ و دووکان و باغ و زەوییەوە بوو. خاوەنملک، واتە ئاغاکانی بۆکان لە سەردارەکانەوە تا پەناهی و ئێلخانیزادەکان مافی عەرسە، واتە تاپۆی ملکەکانیان لە دەستی خۆیاندا هێشتبۆوە و خەڵکەکە تەنیا خاوەنی ئەعیانی، واتە چوارچێوەی دروستکراوی سەر زەوییەکە بوون. بەو پێیە، ئاغاکان دەیانتوانی لە هەموو قۆناغێکدا داوای خاوەنایەتیی عەرسە بکەنەوە و

خەڵکەکە لەسەر ماڵ و دووکانیان وەدەربنێن.

ئەم بارودۆخە لە هەلومەرجی پەرەئەستێنی سەرمایەدا جێگەی قبووڵ نییە و سەرمایەدار بۆ گەشە پێدان بە کەسبوکار و بازرگانیی خۆی پێویستی بە قایم بوونی زەویی ژێر پێی خۆی هەیە بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە ئەگەر هات و کاسبییەکەی سەرکەوتوو بوو، ئیتر کەس نەبێ لە دەستی دەربهێنێ و لەسەر ملک و ماڵەکەی دەری بکا.

کێشەی عەرسەی ملکەکانی بۆکان کێشەیەکی کۆنی چارەسەرنەکراو بوو کە لە پەناهیی وەک خاوەنی پێشووی بۆکانەوە بۆ خاوەنە تازەکانی، واتە بنەماڵەی ئێلخانیزادە و موهتەدی، مایەوە و لە بڕگەی ساڵی ١٣٣٢ و حکوومەتی میللیی دوکتۆر موسەددیقدا وەک بورکانێک تەقییەوە. خەڵکی شار، کە کێشەیان لەگەڵ ئاغاکان کۆن کەوتبوو، لەژێر کارتێکەریی بەرنامەی چاکسازیی جیبهەی میللی و دوکتۆر موسەددیقدا کە مافی ئاغاوات و خاوەنملکی گوندەکانیان لە چوارچێوەی «دەودوو»دا بەربەست دەکرد و دروشمی داکۆکییەکی ڕێژەیی‌یان لە مافی ڕەعیەت هەڵگرتبوو، دەرەتانێکی زیاتریان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە ئاغاکان بۆ ڕەخسا و بە ڕێبەرایەتیی کەسانی وەک حاجی قاسم کەریمی، عەلی میرەبەگ، عەبدوڵڵا ئێرانی و میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (حافظ القرآن) دژ بە ئاغاکان ڕاپەڕین.

لێرەدا بڕیار نییە مێژووی ئەو ڕووداوانە بنووسم. چۆنییەتیی ڕاپەڕینەکە لە کتێبی بەڵگەنامەیی کاک ڕەحمان محەممەدیان بەناوی «بۆکان لە مێژوودا» ڕەنگی داوەتەوە و خوێنەر دەتوانێ بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەو سەرچاوەیە بکا.[١] ئەوەی جێگەی باسی ئەم وتارانەیە بیرەوەریی شەخسی منە لە کەسایەتییەکان.

من «کارخانەی قەند»، واتە ئەو کارگایەم لە بیرە کە حاجی قاسم خاوەنی بوو و نیوەڕویان و ئێواران بۆ مەرەخەس بوونی کرێکارەکان ئاژیرێکی دووردرێژ لێ‌دەدرا کە تا فاسیلەیەکی زۆر دەبیسترا. نازانم کارگاکە چەند کرێکاری هەبوو،

١. بڕوانە: ڕەحمان محەممەدیان، «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا کۆمەڵەی ٨١ بەڵگەنامە»، پەخشانگای کۆڵەپشتی، تاران ١٣٨٩، ل٨٩ تا ١٦٣.

بەڵام شـوێنەکەی هەر ئەو شـوێنەی سـەر حەوزەگەورە و ڕووبەڕووی «خوڕێنک» بـوو کـە دواتر بوو بە شـوێنی دەرمانخانـەی مورادی و دووکانـی عەلی حەڵەبی و ڕێستوورانی سەید حەمەدەمینی کەریمی.

حاجی قاسـم بە پشـت کارگاکەوە لەسەر کۆڵانی ماڵی مامۆستا شێخ حەسەن و دیواربەدیـواری ماڵـی سـەید عەبدوڵـڵای کازمـی ماڵێکی دووقاتی دروسـتکردبوو، کە لەلای سـەرەوەی بینایەکە سـەعاتێکی گەورە لەنێو دیوارەکەی نەسـب کرابوو و کاری دەکـرد. چەنـد میتـر ئەولاتر، لەوبـەری کۆڵانەکە و نزیک بـە حەمامی کۆنیش دەسـتەیەک خانووبەرەی هەبوو. ئەوانە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە لە کتێبەکەی کاک ڕەحماندا (بڕواننە پەڕاوێزی ئەم وتارە) گوتراوە لەو سـاڵانەدا کە مووسـاییەکان بۆکانیان بەجێهێشت و بەرەو ئیسرائیل وەڕێکەوتن (١٣٢٨ ـ ٢٩ی هـ/ ١٩٤٨ی ز)، باس لە فرۆشـرانی ماڵی جوولەکەیەک بە حاجی قاسـم و حاجی بایزی ئیسـماعیلی کراوە (بە شەریکایەتیی هەردوو لا).

بەو حیسـابانەدا دەزانرێ کە حاجی قاسـم کەسـێکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداری نێوشـار بـووە و ئـەو ئازادییانـەی بازرگانـی و سـەقامگیریی سیاسـی و ئابووریی نێوشاری بۆ گرنگ بووە. ئاغاکانی بۆکان دوای سەرکەوتنی کۆدەتای نگریسی ٢٨ی گەلاوێـژ کاتێـک خانوو و کارگای حاجی قاسـمیان ئاگر تێبـەردا کە ئەو خۆی دوای شـکایەت و سـکاڵاکردن لە ملهوڕیی ئاغاواتی ناوچە لەلای دەوڵەتی موسـەددیق، لە تارانـەوە گەڕابـۆوە تەوریـز و بەرەوە بـۆکان دەهاتـەوە، بەڵام بە بیسـتنی هەواڵی کۆدەتا، ئیتر نەگەڕایەوە بۆکان و لە ڕێگەی ماڵی حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی لە دزەی مەرگەوەڕەوە چوو بۆ باشـووری کوردسـتان و تا ساڵی ٢٠٠١ کە لە هەولێر کۆچیدوایی کرد، هەرگیز نەگەڕایەوە بۆکان.

من هیچ بیرەوەرییەکی شەخسـیم لە حاجی قاسـم نییە و تەنیا وەک تارماییەک لە بەرچاومە کە کەسێکی کورتەباڵا و زیت و زیندوو بوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی جەژنی قوربانـەم بـاش لە بیرە کـە بابنۆکەری ئاغاکان دوو مـاڵ و کارگاکەی ئەو و ماڵی نەمـر عەلـی میرەبەگیـان ئاگـر تێبـەردا. من منـداڵ و لە ماڵـی حاجی حەمەسـاڵحی

محەممــەدی بــووم کــە گڕی ئاگرەکان بــەرز بۆوە و کەموزۆر لە هەموو شــوێنێکی شــارەوە دەبینران، ئێمەی منداڵیش لە ســەربانەوە ســەیرمان دەکردن، پاشــانیش لە نزیکەوە بینیم.

ئەگەر حاجی قاسمم باش لە بیر نییە، بەڵام میرزا حسێنی برا چکۆلەیم بەباشی لە بیرە. میرزا حسێن مامۆستای قوتابخانە بوو لە بۆکان. من لە ساڵی ١٣٢٩دا چوومە قوتابخانە. ئەو دەم پۆلێک هەبوو پێش پۆلی یەکەم، کە منداڵ ساڵێک لەوێدا دەیانخوێند و پاشان دەچوونە پۆلی یەکەم، بەو پۆلەیان دەگوت «تەهییە». پۆلی تەهییە دوای ئێمە هەڵگیرا و نەما، بەڵام لە ســاڵانێکی درەنگتردا ســەرلەنوێ ئەمجار بە ناوێکی تازەوە دامەزرایــەوە؛ وشــەی عەرەبــی «تهیــە» گۆڕا و بوو بــە «ئامادەگی»ی فارســی، بەڵام بیرۆکەکــەی هــەر هەمــان بیرۆکــەی ڕاهێنان و ئامــادە کردنی منداڵ بــوو لە تەمەنی پێش قوتابخانەدا.

میــرزا حســێن لــەو پۆلی تەهییەیەدا مامۆســتام بوو و من بیرەوەریی شــیرین و پــڕ ڕێــز و خۆشەویســتیم لێــی هەیە. دوای کۆدەتــای ٢٨ی گەلاوێژی ســاڵی ١٣٣٢، میرزا حسێنیش بۆکانی بەجێهێشت و ئیتر نەمزانی لەکوێ گیرسایەوە.

## ١٣. کاک سوارەی ئێلخانیزادە

کاک سوارە سێ چوار ساڵێک لە من گەورەتر بوو. کاتێ کە نەخۆش کەوت و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە جێگەدا مایەوە هەموو کەس لە بۆکان باسی نەخۆشییە گرانەکەیان دەکرد، بەڵام من تا کاتێ کە لە نەخۆشییەکە هەڵنەستابۆوە و بۆ درێژەی خوێندن نەگەڕابۆوە دەبیرستانی بۆکان، نەمدەناسی. ئەگەر هەڵە نەکەم، پۆلی یەکەم یا دووهەمی دەبیرستان بووم کە گەڕایەوە سەر دەرس و خوێندنەکەی و بووین بە هاوپۆلی یەکتر. هەموومان لە قوتابخانەدا بە «کاک سوار» بانگمان دەکرد و دواتر لە تارانیش کە دەمدیت هەروام بانگ دەکرد، ئێستاش پێم خۆشە هەر بە کاک سواری ناو بەرم.

هاوپۆلەکانی ئەو دەمی خۆم باش لە بیر نین کێ بوون، بەڵام بێگومان کاک حەسەن ئەیووبزادە، کاک عەزیز محەممەدی، کاک خالید ئێلخانیزادە (موهتەدی)، کاک باقی یا کاک ڕەئووفی زیایی، کاک جەعفەر عەلیار و کاک خدر و کاک تاهیر و کاک نادری ئێلخانیزادە هەبوون. وا بزانم خاڵۆزاکانم کاک متەللیب و کاک ڕەحمان محەممەدیان لە پۆلی ئێمەدا نەبوون و لە دەبیرستانی کەشاوەرزی دەیانخوێند. لە مامۆستاکان، تەنیا نەمر سەید عەبدوڵڵا کازمی و کاک ئەحمەدی قازی و کاک حەبیبوڵڵا تابانیم لە بیرماون.

کاک سوار زۆر لە ئێمە زیاتری دەزانی و بەتایبەت لە دەرسی ئینشادا کەس دەسکی لە دوو نەدەکرد. هەمیشە نمرەی ٢٠ بوو. جارێک کاکم ئینشایەکی بۆ نووسیم کە باسی ماڵێکی هەژار بوو لە زستاندا. ئاغای تابانی ٢٠ی بە منیشدا، نمرەیەک کە هەمیشە هی کاک سوار بوو! دیارە ئەگەر بیانگوتایە دانیشە ئینشایەکی دیکەی وەک ئەوە بنووسەوە، وەها لە قوڕ دەچەقیم بە تراکتۆری فێرگوسنیش نەیەمە دەرەوە!

کاک سوار ئەو دەم دوو دارشەقەی لە بن باغەڵدا بوو؛ هەموو ڕۆژێک بەیانی و

دوای نیوەڕۆ لە ماڵی خۆیانەوە، کە نزیک ماڵی قاسمئاغا و لە دەرەوەی شار بوو، دەهاتە سەر قەڵای سەردار کە دەبیرستانی پەهلەوی لەوێ هەڵکەوتبوو. ئێستاش پێم سەیرە کەسێک دوای سێ ساڵ نەخۆشی چۆن ڕۆژی دوو جار بە دوو دارشەقەی بن باغەڵەوە بەو قەڵا بەرزەدا هەڵدەگەڕا، ئەویش بە زستان و بەفر و بەستەڵەک!

وا بزانم یەکدوو ساڵێک لەگەڵ ئێمە لە بۆکان دەرسی خوێند و ئەمجار چوو بۆ تەورێز، هەر لەوێش دیپلۆمی وەرگرت، پاشان لە زانستگەی تاران لە ڕشتەی حقووق وەرگیرا و چوو بۆ ئەوێ. لەو ماوەیەی وا لە تاران و تەورێز بوو ساڵێ یەکدوو جار دەهاتەوە بۆکان و گەلێک ڕۆژان سەردانی دووکانی کاکمی دەکرد. کاکم کتێبفرۆشیی هەبوو و مامۆستا و قوتابی و خوێندکاری بۆکانی هەموویان سەری دووکانەکەیان دەدا و هەمیشە بازاڕی قسەوباس لەوێ گەرم بوو. باسی سەرەکیش هەر شێعر بوو، ڕەنگە لەبەروەی کاکم خۆی شاعیر بوو و چەمکی شێعری نوێی هێنابووە بۆکان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە چەند ساڵ پێش ئەوەی کاک سوار و کاک فاتح و کاک عەلی حەسەنیانی شێعری نوێ بڵێن، ئەو شێعری نوێی فارسی دەگوت و لە گۆڤارەکانی تاراندا چاپی دەکردن؛ کەموزۆر هاوکات لەگەڵ ئەم سێ کەسەش شێعری نوێی کوردیی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی چاپی تاراندا بڵاو دەکردەوە. ئێستا بەداخەوە هەموو ئەو ڕاستییە بەڵگەدارانە دەکرێن بەژێر لچەوە و لە یادی پێشڕەوانی شێعری نوێی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تەنیا ناوی ئەم سێ کەسە دێنن، وەک ئەوەی وەفایەک هەر نەبووبێ. ئێمە چەند زاڵمین! کاک سوارم لە دەرەوەی بۆکان کاتێک بینی کە لە هاوینی ساڵی ١٣٤٢دا لە بۆکانیان تەبعید کردم و ناردیانمە شاری ئەراک، ئینجا دوای دوو ساڵ لە ١٣٤٤دا ڕاگوێزرامە «شەهریڕەی» لە نزیک تاران، ڕۆژانە لە گوندی دەوڵەتئابادی نێوان ڕەی و تاران کارم دەکرد، بەڵام ماڵم لە تاران بوو.

هەواڵی ماڵی نەمر «حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی»م لە کاکم بیستبوو کە دەیانگوت لاوان و خوێندکارانی کورد ڕۆژانی جومعە لەوێ کۆدەبنەوە، شێعری کوردی دەخوێننەوە و هەڵیدەسەنگێنن. جارێک لەگەڵ خاڵم، نەمر حاجی حەمەڕەشید محەممەدیان چووم

بۆ ماڵی حاجی ڕەحمانئاغا. کاک سەلاحوددینی کوڕی حاجی ڕەحمانئاغا بە میهرەبانی وەریگرتم و ئیجازەی پێدام جاری دیکەش سەردانیان بکەم؛ چیرۆکی «نان و فیشەک» و چیرۆکێکی دیکەشی پێدام بیخوێنمەوە. خوێندمنەوە و بۆیم بردنەوە، بەڵام پێی نەگوتم نووسەرەکەی کێیە، منیش ئەلفوبێی سیاسەت فێر ببووم و پرسیاری وام لێنەدەکرد. درەنگتر زانیم خۆی نووسیبوونی.

وا بزانم هەر ئەو جارە یا جاری دواتر لە ماڵی حاجی ڕەحمانئاغا چاوم بە کاک سوار کەوت. ناسیاوی پێشوو، ئەمجار بووین بە دۆست. کە دەڵێم دۆست وا هەیە ڕاست نەبێ و باشتر بێ بڵێم بووین بە قوتابی و مامۆستا. کاک سوار مامۆستایەکی میهرەبانم بوو کە زۆر شتی لەسەردەست فێر بووم. دەچوومە ماڵیان و بە ڕووخۆشییەوە وەریدەگرتم... زووزوو ماڵی دەگۆڕی وا بزانم سەردانی سێ ماڵیم کرد کە هەموویان لە دەوروبەری خیابانی سەلسەبیل و نەووابی تاران بوون. کتێبێکی پێدام بەناوی «سیر تاریخ» کە لە ئینگلیزییەوە تەرجەمە کرابوو. کتێبەکە گۆردون چایڵد، فەیلەسووف و کەوناراناس و مێژوونووسی ناسراوی ئوسترالیایی نووسیبووی و ئەحمەد بێهمەنیش، کە دواتر لە زانکۆی ئەدەبیاتی تاران بوو بە مامۆستام، وەریگێڕابووە سەر فارسی. کتێبەکە شوێنی زۆری لەسەر بیر و زەینم دانا و بنەمایەکی ماتریالیستیی لە هزرمدا پەروەردە کرد.

کاک سوار، کە خۆی هەڵگری بیری چەپ و پێشکەوتنخواز بوو، هەوڵی دەدا لەگەڵ ئوسوولی بیری ماتریالیستیدا ناسیاوم بکا. کتێبەکەی گۆردون چایڵد لەو دەگمەن کتێبە ماتریالیستییانە بوو کە ئەو دەم دەست دەکەوت و من وەک گەنجینەیەکم دۆزیبێتەوە وا بوو. دەتوانم بڵێم دوای کاکم هیچ کەسێک بە ڕادەی کاک سوار یارمەتی نەداوم لە هەیتوهووتی سیاسەتی بازاڕییانە دوور بکەومەوە و خەریکی خوێندنەوە بم. خوێندنەوەی سیاسیی ئەو دەمیش لە بابەتی تەیاری چەپدا خولاسە دەبۆوە.

ئاگام لە بەرنامەی «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی سەر ڕادیۆی کاک سوار هەبوو؛ بەڵام کەلـلەی گەرمی ئەو دەممان کوا ئیجازەی دەدا گەوهەری بیری سوارە لە کەلەوای

ڕادیـۆ تـاراندا بدۆزینـەوە. هیچکام لە هاوڕێ و دۆسـتەکانم بە لای ڕادیۆی ڕژیمی شادا نە دەڕۆیشتن و گوێیان نەدەدایە و لە ڕاستی‌دا هەندێک شەرم و شوورەیی بوو باسیشـی بکرێ! کاک سـوار یەکدوو جاری پێ گوتم نامە بۆ بەرنامەکە بنووسـم و پرسـیار دامەزرێنـم ئەویش وەڵامم بداتـەوە، بەڵام منی بێ‌عەقڵی کەللەگەرم نەمکرد، لـە کاتێکدا ئێسـتا دەزانم سـوارە چی دەنووسـی و لـەو هەل‌ومەرجـە نالەبارەدا چ گەوهەرێـک لـە قەڵەمـی دەبـاری. جارێک لە خۆیم بیسـت گوتی فڵانە پرسـیارت کە فلانە ڕۆژ لە ماڵی خۆمان لێ‌کردم، لەسەر ڕادیۆ، لە بەرنامەی «تاپۆ و بوومەلێڵ»دا وەڵامـم دایـەوە و ناویشـم هێنای. دیارە ئەو دەم ئـەوەم پێ خۆش نەبوو لەبەرووەی نرخی کارەکەی سەر ڕادیۆیم نەدەزانی و هەر ڕقم لە ڕادیۆکە بوو.

جارێکیـان لـە ماڵـەوە بەرنامەیەکـی تاپـۆ و بوومەلێڵـی بۆ خوێندمـەوە و گوتی ئەگـەر قەڵەمـم ئـازاد بووایە، ئاوام دەنووسـی، پاشـان هەمـان ئـەو بەرنامەیەی بۆ خوێندمـەوە کە بە شـێوەیەکی نووسـیبوو بـۆ ڕادیۆی تۆمار بکا؛ زەوی و ئاسـمان جیاوازییـان هەبـوو! سـوارە گەلێک لەوە زیاتر بوو و لـەوەش زیاتری پێ‌بوو کە لە بەرنامە ڕادیۆیی‌یەکانی‌دا دەردەکەوتن.

لـە سـاڵی ١٣٥٢دا گیـرام و کاتـێ لـە ١٣٥۴دا ئـازاد کـرام، ئیتر چەنـد مانگێک لە بـۆکان بـووم، تا ئەوەی کاک جەلیل گادانی کاری ڕاسـت بـێ، کارێکی لە تەورێز بۆ دۆزیمـەوە و لـە ماوەی نێـوان ١٣٥۴ و ١٣٥٧دا لەوێ کارم دەکرد. لەو ماوەیە، کاک سـوارم نەدیتـەوە و هـەر لەو ماوەیـەش‌دا بوو کە لە تـاران کۆچی‌دوایی کرد و من کاتێک هەواڵی لە دەسـچوونیم بیسـت، کە لە حەمامیانی بۆکان ئەسـپاردەی خاکیان کردبوو.

یادی کاک سوارەی مامۆستام بە خێر بێ!

## ١٤. کاک محەممەدی ئێلخانیزادە (کاوە)

کاک محەممەد لە ئەندامانی کۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو یەکەم کەسانە بوو کە لەگەڵ کاک سەلاحوددینی موهتەدیدا لە ناوچەی بۆکانەوە بە هانای شۆڕشی ئەیلوولەوە چوون. ئەوان لەلایەن «یەکییەتیی خوێندکارانی کوردی زانستگاکانی ئێران» سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چووبوونە باشووری کوردستان؛ بەڵام گیروگرفتی نێوخۆی حیزب و کێشە و دووبەرەکیی سەردەمی کۆنگرەی دووهەم لە نێوان کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی و بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، هەروەها نفووزی ساواک لە باشوور و جیابوونەوەی دەفتەری سیاسی لە پارتی، گەیشتە ئەنجامی ئەوەی ئەو دوو کەسە بەرەو لایەنگری کردنی دەفتەری سیاسی کشان و درەنگتر ڕێکخراوێکی سیاسیی تازەیان بەناوی «حیزبی ڕزگاری» دروستکرد، ئینجا گەڕانەوە ئێران و لە بۆکان و تاران نیشتەجێ بوون.

کاک محەممەد کوڕی حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادە بوو، بەڵام خۆی ئاغایەتی نەدەکرد و لە بۆکان گەلێک خۆشناو بوو. وێدەچێ لە ماوەی ساڵانی ژیان لە باشوور و دوای گەڕانەوەی ئێرانیشدا هەر خەریکی کتێب خوێندنەوە و کتێب نووسین بووبێ، لەبەروەی کاتێ کە من لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا بینیم بەرگێک کتێبی مێژووی کوردستانی نووسیبوو، بەئامادەیی لە ماڵەوە دانابوو و لە بیری چاپ کردنیدا بوو.

نەمر محەممەدی ئێلخانیزادەم تەنیا دوو جار لە بۆکان بینی. یەکەم، لە ماڵی مامۆستا مەلا حەسەنی قزڵجی، کە لەگەڵ چەند کوڕەئاغای دیکە بۆ خواردنی نیوەڕۆ بانگهێشتن کرابوو و منیش بەهەڵکەوت چوومە خزمەت مامۆستا و کەوتمە مەجلیسی ئەوانەوە.

لەو دیدارە ٢ ـ ٣ سەعاتییەی ئەو ڕۆژەدا ماوەیەک بەکورتی لەگەڵ یەکتر دواین و باسی کتێبەکەی بۆ کردم کە گوتی لەسەر مێژووی کوردستان نووسیویەتی. چەند

ڕۆژ دواتریش لە ماڵی خۆی چاومان بە یەکتر کەوتەوە و کتێبەکەی پێ نیشان دام و گوتی لە کەسێک دەگەڕێم بۆم تایپ بکا خەرجەکەشی دەدەم.

ئەو دەم من لە دەبیرستانی کەمالیی بۆکان دەرسم دەگوتەوە و یەکدوو قوتابیم دەناسی کە تایپیان دەزانی. لە پۆلەکاندا باسی مەسەلەکەم کرد و یەک لە قوتابییەکان کە ئێستا ناویم لە بیر نەماوە، ئامادەیی خۆی بۆ کارەکە دەربڕی. هەردووکیانم بە یەکتر ناساند و ئیتر بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، شەڕی داسەپاوی پاسدارانی خومەینی دەستی پێکرد و من لە بیری کتێب و نووسین و تایپ و چاپدا نەمام! دواتریش نەمزانی کارەکە گەیشتە کوێ و گەلۆ کاک محەممەد کتێبەکەی دایە ئەو برادەرە یان نا و ئایا ئەویش تایپی کرد یان نا؟

دوای ئەوەی من کوردستانم بەجێهێشت و لە تاران دەژیام، هەواڵی ئەوەم بیست کە دەستێکی چەپەڵ کۆتایی بە ژیانی ئەو کەسایەتییە خزمەتگوزار و دڵسۆزە هێنابوو. من ئێستاش نەمزانی بۆ و لەسەر چی؟ کاک محەممەد نە ئاغایەکی زاڵم بوو و نە کەسێک بوو ناوی بە خراپە دەرچووبێ؛ بەپێچەوانە هیچی لە خزمەتکردنی گەلەکەی کەم نەبوو.

لەو دوو دیدارە و هەروەها بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی وا سەبارەت بە هەڵسووڕاوییەکانی باشووری کوردستانی لێرەولەوێ بیستوومە و لە بیرەوەریی ئەندامانی ئەو دەمی حیزبی دێموکراتیشدا دەردەکەوێ (بۆ نموونە ئەمیری قازی، مەلا محەممەدی خزری و سەعید کوێستانی)، کاک محەممەدی نەمر لە ماوەی کارکردن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بەرپرسی کاروباری پێشمەرگەیی حیزب بووە و سەرەڕای پێگەی چینایەتی، کەسێکی بێفیز و لەبەردڵان و گەلێک خۆشەویستی ئەندامانیش بووە.

یادی هەمیشە بەخێر.

## ١٥. کاک محەممەد ئەشعەری

کاک محەممەد تەمەنی چەند ساڵێک لە من زیاتر بوو. کوڕە هەژارێک، کە بە هیممەت و زەحمەت دەرسی خوێندبوو و خۆی پێگەیاندبوو. ئەوەندەی لە بیرم بێ ساڵانێکی زۆر لەگەڵ کاک عەلی زیایی و کاک عومەری قزلجی دۆست بوو و پێکەوە دەبینران کە بە شاردا پیاسەیان دەکرد، بەڵام درەنگتر کە بەرەو سیاسەت چووبوو، دۆستی دیکەی گرتبوون و کەمتر لەگەڵ ئەوان دەبینرا. ئەوی ڕاستی بێ، نازانم گۆڕانکاریی ژیان و ئاوێتەبوونی لەگەڵ سیاسەت کەی و چۆن و لەژێر کارتێکەریی چ کەس و کەسانێکدا ڕووی دا، بەڵام بێگومان پێگەی چینایەتییەکەی دەوری لەوەدا بینیبوو. دەزانم قانعی شاعیری لە بیر بوو کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ ماوەیەک لە بۆکان ژیابوو و زۆرجاران باسی دەکرد. ئایا بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمە لەسەر ڕێبازی سیاسەتی ڕاگرتبوو یا چ هاندەرێکی دیکە کاری تێکردبوو، نازانم.

من کاتێک لە نزیکەوە ناسیم کە ساڵی ١٣٤٢/ ١٩٦٣دا لەگەڵ گەلێک مامۆستای قوتابخانەکانی موکریان، بەتایبەت مەهاباد ئێمەش تەبعید کراین. باسی ئەو تەبعید کرانە دواتر دەنووسم. وەک مامۆستای خەڵکی بۆکان، ئێمە سێ کەس بووین کە کەوتبووینە بەر شەپۆلی ڕاگوێزرانەکە: ئەو و کاک عەبدولواحیدی سەعیدی و من. ئەوان لە بۆکان مامۆستا بوون و من لە دەوروبەری سەقز. کاک محەممەد کەوتبووە شارۆچکەی «دلیجان»ی سەر بە شاری «مەحەللات» لەسەر ڕێگای تاران بۆ ئیسفەهان. کاک عەبدولواحید هەڵدێردرابووە قەزوێن و منیش فڕێدرابوومە ئەراک. ئەو، جارێک هات بۆ ئەراک بۆ لام، بەڵام من گەڕاڵ بووم و زیاتر دەچووم بۆ لای ئەو. جارێکیش پێکەوە لەگەڵ ئەو و کاک عەبدولواحید بۆ گەڕان چووینە ئیسفەهان.[١]

---

١. لەو سەفەرەدا بەهەڵکەوت تووشی نەمر «طه اقل‌الطلاب» بووین کە لەوێ، کاری دەکرد یا دەورەی سەربازیی دەبینی. ڕۆژێکی تەواو پێکەوە بووین چ مرۆڤێکی لێهاتوو، چ ڕۆحێکی گەورە. دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ دەسەڵاتدارانی ئێران کاک تەهایان چەند ساڵ لە زیندانی ئێڤین ڕاگرت و پاشان ئیعدامیان کرد، ئەو چەپکەگوڵە، هەروا سووک و هاسان هەڵوەری. هەرگیز لە بیری ناکەم. یادی بەخێر بێ.

کاک محەممەد ئەرکی سەرشانی لە ئێمە قورستر بوو و هەمیشە لە خەمی کەسوکاریدا بوو کە لە بۆکان مابوونەوە، هەر بۆیەش هەوڵی گەڕانەوەی بۆکانی دەدا، بەڵام کێ گوێی بۆ ئەو و ئێمە شل دەکرد! ڕۆژێکیان چووم بۆ لای، گوتی کابرایەکی بازاڕیی خەڵکی دلیجان گوتوویەتی ئەو مامۆستایە سوننییە، بۆ دەبێ لێرە دەرس بە منداڵی ئێمە بڵێتەوە. ئەوە دەرفەتێکی چاکە، ئێستا تۆ شکایەتێک بنووسە و ناوی ١٠ ـ ١٢ کەسیشی لە خۆتەوە لێ زیاد بکە کە گوایە خەڵکی دلیجانن و بڵێ ئەم کابرا سوننییە نابێ لێرە بمێنێ، هەر لە ئەراکیشەوە بینێرە بۆ ئیدارەی فەرهەنگی دلیجان.

کە چوومەوە ئەراک، دانیشتم و دەستم کرد بە عەریزە نووسین! هەر لە شاوە تا وەزیر و وەکیل و وەزارەتی فەرهەنگ و ئیدارەی فەرهەنگی مەحەللات و دلیجان نامەم بۆ ناردن. نووسیبووم ئێوە چۆن وێراوتانە لە بنگوێی حەزرەتی مەعسوومەی قومدا، سوننییەکی لەعینی واوا لێکراو بکەنە مامۆستای منداڵەکانمان کە لە ڕێیان لابدا و کافریان بکا! ئیتر لەو شتانە زۆر. ئینجا نووسیم ئەگەر لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو مەلعوونە ڕانەگوێزن و پاکی نەکەنەوە، دووکان و بازاڕ دادەخەین و چیوچی دەکەین. ئیمزا: «الحقیر» فلان و کەربەلایی فیسار و حاجی کێ و مەشەدی کێ!

ڕۆژی جومعەی دوایی چوومەوە بۆ لای. گوتی هەتیو ئەوە چیت کردووە؟ ڕەئیسی فەرهەنگ بانگی کردووم گوتوویەتی تۆ پێشتر داوات کردبوو لێرە ڕابگوێزرێ، ئێستا وەرە با بتنێرم بۆ هەر شارێک پێت خۆشە جگە لە کوردستان. دەیگوت گوتوومە نەخێر پەشیمان بوومەتەوە ئێستا نامەوێ بڕۆم! دەیگوت ڕەئیسی فەرهەنگ کەوتبووە پاڕانەوە، نەخێر بە کێ و کێ من ڕازیم، تەنانەت ئەگەر بتەوێ دەتنێرمە خودی تارانیش، کە کەسی ئێمەیان نەدەنارد! لە من ئیسرار و لەو پاڕانەوە، بابە وەڵڵا بیللا ناتوانم بتنێرمەوە کوردستان، ئەوە لە دەستی مندا نییە، هەرکوێیەکی دیکەت دەوێ دەتدەمێ، ئاخری بە لالووتێکەوە قبووڵم کرد بچمە تاران کە هەفتەیەک پێشتر دەیگوت مەحاڵە و ناگونجێ! کاک محەممەد لە ماوەی چەند ڕۆژدا بەبێ تەشریفاتی ئیداری، نێردرایە تاران و لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە ناوچەی کۆکاکۆلا دامەزرا! موعجیزەی حەزرەتی مەعسوومە بوو یا قەڵەمی منی نامەعسووم یا بیری

تیژی کاک محەممەد، ئەو ئیعجازەی لێکەوتەوە، ئیتر خوا دەزانێ!

دوای ساڵێک منیش لە ئەراکەوە ڕاگوێزرامە «شەهریڕەی» و ماڵم لە تاران گرت. زۆر هەفتە ڕۆژانی هەینی دەچوومە ماڵیان و سەرودڵم دەگرتن. هاوسەری کاک محەممەد، ملووکخانمی هۆشمەند خەڵکی سەقز و خزمی ئێمە بوو، خانمێکی جێگەی ڕێز. لەو ساڵانەدا زۆری زەحمەت بۆ کێشام. ئەو دەم تاقە یەک منداڵیان بوو. جارێکیان ڕاگەیەندرابوو مامۆستایانی قوتابخانەکانی تاران مان بگرن و لە بەردەمی مەجلیسی شوورا لە مەیدانی بەهارستان کۆببنەوە. من چووم. کاک محەممەدیش کوڕە چکۆلەکەی لە باوەش‌دا، هات. خەڵک کەم بە دەم بانگەوازەکەوە هاتبوون و زیاتر مامۆستایانی کوردی تاران هاتبوون! چووین بۆ بەردەرگای وەزارەتی فەرهەنگ لەو نزیکانە، هەندێک هەراهەراشمان کرد، هیچ نەبوو لەبەروەی خەڵکەکە کەم هاتبوون.

کاک محەممەد لەگەڵ نەمر سەروان عەبدوڵڵا ئەفشین فەرماندەی دواتری «هێزی بەیان»ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا دۆستایەتی و هاتوچۆی هەبوو. ئەویش ئەو کاتە لە تاران دەژیا، گرووبانی ئەرتەش بوو و دەرسی دەخوێند تا دیپلۆمی وەرگرت و لە سەردەمی پەهلەوی‌دا بوو بە ئەفسەر. کاک محەممەد دەوری بینی لە ڕاکێشانی ئەفشینی نەمر بەرەو سیاسەت. وا بزانم ئەو دەم ناسناوی شتێک بوو وەک عەرب‌زادە، کە دواتر گۆڕی کردی بە ئەفشین. منیش چەند جارێکم بینیبوو و سووکە دۆستایەتییەکمان هەبوو، بە کاک محەممەدی گوتبوو ئەوە ئەنوەر نییە بیبارە هێندە توندوتیژە!

دوای ماوەیەک کاک محەممەد گەڕایەوە بۆکان و من هاوینان کە دەچوومەوە بۆکان دەمدیت. هاتوچۆمان گەرموگوڕ بوو. شێعر و چیرۆک و بابەتی کوردیمان دەست بکەوتایە دەماندا بە یەکتر. هاوینی ساڵی ١٣٥٢ چەند نامیلکەیەکی «ستارە سرخ»یان لە تاران پێدام، لە هاوین‌دا بردمنەوە بۆکان و لەوێ دام بە چەند کەس خوێندیاننەوە، یەکیان کاکم بوو و ئەویتر کاک محەممەد، ناوی کەسەکانی دیکە ناهێنم. هەر ئەم نامیلکانە بوونە هۆی گیرانم لە پاییزی ئەو ساڵەدا.

لـە زینـدان نـاوی هیـچ کەسـێکم نەدرکاند و بـەوە بەختەوەرم کە هیـچ کەس بە شـوێن مندا نەگیرا. کاتێ دایکم لە زیندانی قزڵقەڵا لەگەڵ نەمر قادری سـالمی (کە خـۆی لەجیاتـی کاکـم لە قەڵـەم دابوو!) هاتـە چاوپێکەوتنـم، لە کاتی مـاچ کردنی بە بنگوێیـمدا سـرتاند و گوتـم ناوی کەسـم نەبـردووە. ئەو هەواڵە گەیشـتبۆوە گوێی کاک محەممەدیش.

لـە مـاوەی ڕاپەڕینەکانـی سـاڵی ١٣٥٧دا کاک محەممـەد لـە بـۆکان گەلێـک هەڵسـووڕاو بـوو، گەرچـی من لە بۆکان نەبـووم بە چاو ببینم، بەڵام دەمبیسـتەوە لـە خۆپیشـاندان و کۆبوونەوەی مزگەوت و سـاڵۆنی دەبیرسـتاندا چالاکیی زۆری دەنواند. شـەوێکیان سـەعات ٢ی بەیانی تەلەفۆنیان بۆ کردم، لە خەو هەسـتام کاک محەممەد بوو. گوتی من لە «جەمعییەتی زەحمەتکێشان»ەوە تەلەفۆن دەکەم هەندێک کۆرسـمان بۆ لاوەکان داناوە دەمەوێ تۆ دەرسـی مێژووەکەی بڵێیەوە. گوتم باشـە جـا بـۆ بەو بەیانی زووە، گوتی دەبێ بەرنامەکان ئەمشـەو ڕێکبخرێن و تەواو بێ. دواتـر بەشـداریی یەکەم دانیشـتنم کرد و برادەرێکی ئازەریشـم لـە تەورێزەوە هێنا دەرسـی فەلسەفە بڵێتەوە، بەڵام کابرا توودەیی بوو و جەمعییەتی زەحمەتکێشانیش مائۆئیسـت! دانوویان پێکەوە نەدەکوڵا و وا بزانم کۆرسـەکە وەسـتێنرا یا خود ئێمە وەلانراین و کەسانی دیکەیان بۆ کارەکە دۆزییەوە.


لەم یەکدوو سـاڵەی داوییدا بیرەوەریی کەسـێکم لەسـەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان خوێندەوە کە بەداخەوە ناوی نووسەرەکەیم لە بیر نەماوە. نووسەر، قوتابی کاک محەممەد ببوو و باسـی هەڵوێسـت گرتنی سیاسـی و دڵسـۆزیی و پەیوەندیی چاکـی ئـەوی لەگـەڵ قوتابییـەکان کردبـوو. کاتـێ ئەم لایەنـەی ژیانـی دەخەمە پاڵ ناسـیاویی خۆم لە کاک محەممەد، دەگەمە ئەنجامی ئەوەی کە ئەو نەمرە لە عەینی هێمنـی و بێدەنگـیدا بورکانێکـی خەبات و شـۆڕش بوو و ئەوەنـدەی بزانم یەک لە کوڕەکانیشی لە ڕێگەی گەلدا شەهید بوو. یادیان بەخێر بێ!

ئەم بەڵگەیەی خوارەوە، نامەیەکە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ و ئەوقافی مەهاباد بۆ ئیدارەی کوللی فەرهەنگی ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە ورمێ نووسـیوە و

داوای کردووە قەباڵەیەک کە کاک محەممەد لەلای ئەوانی داناوە بنێرنەوە بۆی. من نامەکەم لەمێژسـاڵە لەلایە و وا بزانم کاتێ دەچووم بۆ ورمێ کاک محەممەد پێیدام بیبەم بۆ ئیدارەی کولل بۆ کار و داواکارییەک.

وێدەچێ بۆ وەرگیران لە دانیشسـەرای عەشـایریی شـاری ورمێ کە لە شـوێنی دانیشسـەرای کەشـاوەرزیی ورمێ و بەگشـتی بۆ لاوانی کورد دامەزرابوو، زامنی ملکییان لە کاک محەممەد وەرگرتبێ کە مەجبوور بێ دوای تەواو بوونی خوێندنەکەی لای‌کەم ٣ ساڵ وەک مامۆستای قوتابخانە کار بکا. لە نامەکەدا، ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد (دیارە لەسەر داوخوازیی فەرهەنگی بۆکان) بە ورمێی ڕاگەیاندووە کە ماوەی سێ ساڵەکە کۆتایی هاتووە و پێویستە سەنەدی ماڵەکە ئازاد بکرێ و بنێردرێتەوە بـۆ خاوەنـی، واتـە کاک محەممـەد. بـە حیسـابی ڕێکەوتـی نامەکە، دەبێ لـە پاییزی ساڵی ١٣٣٨ [١٩٥٩]دا خوێندنی دانیشسەرای عەشایەریی ورمێی تەواو کردبێ و بە مامۆسـتایی وەرگیرابێ. وا بزانم ماوەی خوێندن لە دانیشسـەرای عەشایریش وەک دانیشسەرای کەشاوەرزی و موقەددەماتی، دوو ساڵ بوو.

نـاوی بنەماڵەیـی کاک محەممـەد، «ئەشـعەری قورئـان» بـوو. ئـەوە کۆپیـی بەڵگەنامەکەیە:


شماره
تاریخ
پیوست
وزارت فرهنگ
اداره فرهنگ شهرستان مهاباد

ریاست اداره کل فرهنگ آذربایجان غربی رضائیه

محترما باستحضار میرساند آقای محمد اشعری قران ۲۹۸۶ ت آموزگار اینحوزه در تاریخ ۱۱ / ۸ / ۴۱ استخدام و در یازدهم آبانماه ۴۱ تعهد آموزگاری معزالیه خاتمه یافته است خواهشمند است دستور فرمایند سند وثیقه ملکی شماره ۱۲۹۸ که در موقع ورود بتحصیل بدانشسرای عشایری رضائیه تحویل داده است جهت ابطال باین اداره ارسال فرمایند ـ س

رئیس فرهنگ شهرستان مهاباد ـ محسن

## ١٦ - ١٧ بەڕێزان عەبدوڵڵا و ئەحمەد سامبەگی

مـن و ئەحمـەد هاوپۆلـی قوتابخانـە بووین و لە سـاڵانی دەبیرسـتانەوە دەمناسـی، کـە هەردووکمـان «پێشـاهەنگ» بوویـن! کوڕێکی قسـەخۆش بوو و هـەر لەبەر ئەم ڕووخۆشـییەی و ئـەوەی لەگـەڵ هەمـووان گاڵتـەی دەکـرد، دەرگای زۆر ماڵـی دۆست و برادەری خۆی بۆ کرابۆوە. هەر منداڵ بوو لەگەڵ چەند کوڕی مێرمنداڵی هاوتەمەنی، خۆیان بە دوای ماشـێنێکی جادەسـازی‌دا هەڵواسیبوو، کابرای شۆفیری سـەگباب بە عەمد یا بە هەڵە، دەسـتیانی دابووە بەر مقەسـتێ ماشـێنەکە و لە یەک کات‌دا چـوار پێنـج منداڵ قامکیان پەڕیی بوو. یەکیان ئەحمەد بوو و ئەویتریان نەمر حەسـەن حەڵەبـی، کـە دواتر بوو بە حەسـەن دیاکۆ. ئەحمەد یەک و حەسـەن سـێ قامکیان پەڕیبوو.

ئەحمـەد لـە دەورەی دەبیرسـتانەوە خەریکـی وەرزش کـردن بـوو، وا بزانـم ژیمناسـتیکی دەکـرد یـا هەڵدەهـات. دواتریـش هەر لەسـەر ئـەو پێ‌ودانە ڕۆیشـت. کاتێکیـش کـە ڕێکخـراوی «پیش‌آهنگـی» بـۆ یەکـەم جـار دەوروبەری سـاڵی ١٣٣٧ لـە بـۆکان دامـەزرا و کاک عەلـی حەبیـب‌زادە بـوو بـە بەرپرسـی، ئەحمەدیش بوو بـە پێشـاهەنگ. کـە گـەورە بوویـن و ببووینـە مامۆسـتا، زۆر لەگـەڵ کاک ڕەحمان محەممەدیان دۆست بوو و جاروبارە منیش کە هاوینان دەهاتمەوە بۆکان، لەگەڵیان دەکەوتم.

ئەحمەد کوڕی حاجی حەسەن‌بەگ بوو، کە وا بزانم لەگەڵ نەمر عەلی میرەبەگ‌دا بـرا یـان ئامـۆزا بوون. عەلی میرەبەگ یـەک لە قارەمانانی ڕاپەڕینی سـاڵی ١٣٣٢ی بۆکان دژ بە ئاغاکان بوو و دوابەدوای کۆدەتای نگریسی ٢٨ی گەلاوێژ و دەسەڵات پەیداکردنەوەی ئاغا و خاوەن‌ملک، باب‌نۆکەری ئاغاکان ماڵی ئەویشیان لەگەڵ دوو ماڵی نەمر حاجی قاسم کەریمی ئاگر تێبەردا، بەڵام کاک عەلی توانی گیان دەربەرێ و لە بۆکان دەرچێ. وا بزانم دواتر لە سەقز گیرسایەوە و تا کۆتایی تەمەن نەگەڕایەوە

بۆکان. حاجی حەسەن‌بەگیش، کە لەسەر شەقامی سەرەکیی بۆکان و نزیک قەپانی حەمەدەمین‌ئاغا دووکانی کووتاڵ‌فرۆشی هەبوو، لە باری سیاسییەوە خاوەن هەڵوێست و دژبەری ئاغاکان بوو. ئیمزای ئەو لەسەر هەندێک بەڵگەنامەی ئەو ساڵانە دەبیندرێ.[١]

کاک عەبدوڵڵای کوڕی حاجی حەسەن‌بەگ و برا گەورەی ئەحمەدیش ئاوێتەی سیاسەت ببوو و لەو شەپۆلانەی دەسبەسەرکرانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی ئێران لە ساڵانی ١٣٣٨ تا ١٣٤٢دا، ئەویش لەگەڵ حاجی حەمەڕەسووڵ ئیسماعیل‌زادە و میرزا حەمەساڵحی کەریمی کوڕی حاجی بابەخان گیرا و چەند ساڵێک لە زینداندا مایەوە، گەرچی دەگوترا بە هەڵە تووشی گیران هاتوون و بە درۆ ئیعتیرافیان لەسەر کردوون، بەڵام بە دڵنیایی میرزا حەمەساڵە و حاجی بابەخانی باوکی خەڵکانی سیاسی بوون و ئەوەندەی لە بیرم بێ لە بیرەوەرییەکانی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووفی مەلا حەسەن)دا هاتووە کە میرزا حەمەساڵە ئەندام یا لایەنگری حیزبی دێموکرات بووبێ.[٢] جا ئەگەر ئەو هەڵسووڕاوێکی سیاسی بووبێ و کاک عەبدوڵڵاش لە ماڵی حاجی حەسەن بەگدا گەورە بووبێ، ئەگەری چالاک بوونی سیاسیی هەردووکیان بەهێزە، بەتایبەت کە ساڵانی درەنگتر و دوای شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستان (١٩٦١)، کاک عەبدوڵڵا دووکان و کار و کاسبییەکەی بەجێ‌هێشت و گوایە لەگەڵ «قالەتەگەرانی» کەوتبوو و هاوردە و هەناردەی شتومەکی دەکرد لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. یەککەوتنی لەگەڵ قالەتەگەرانی بۆ من جێگەی پرسیارە. قالەتەگەرانی مرۆڤێکی حەوتخەتی جاسووسی سێ‌سەرەی ئێران و عێراق و شۆڕشی ئەیلوول پێکەوە بوو! بەڵام کاک عەبدوڵڵا مرۆڤێکی سەلیم و بێدەنگ و فەقیر. دەبێ هەر لێرەدا ئەوە ڕابگەیەنم کە یەک کەوتنی کاک عەبدوڵڵا لەگەڵ قالەتەگەرانی گەلێک ساڵ دوای ئەوە بوو کە گوایە قالەتەگەرانی نەمر «سولەیمانی موعینی»ی گرتبێ و

---

١. بڕوانە: ڕەحمان محەممەدیان، «بۆکان لە سەدەی بیستەمدا کۆمەڵەی ٨١ بەڵگەنامە»، پەخشانگای کۆڵەپشتی، تاران ١٣٨٩/ ٢٠١٠، ل ٧٦.

٢. ئەم بیرەوەرییانە هێشتا چاپ نەکراون و گەلێک هیوادارم ئەمساڵ بکەونە بەردەستی خوێنەران.

تەحویلی بەرپرسـانی شۆڕشـی دابێ. لەو کاتانەدا کاک عەبدوڵڵا لە بۆکان و لەسەر دووکانەکـەی خـۆی بـوو، بـەڵام درەنگتر، بۆ سـاڵانێکی زۆر لە بـۆکان نەدەبینرا و دەیانگوت لەلای سلێمانییە.

ئەحمەد زۆرجار دەهاتەماڵی ئێمە، بەڵام من تەنیا دوو جار چوومە ماڵی ئەوان. جارێکیان ئێوارە بوو و پێکەوە لەسەر شەقامی بۆکان پیاسەمان دەکرد. زۆری پێداگرت و گوتـی بـا بچینـەوە ماڵی ئێمە. چـووم؛ بە عادەتی خۆی شووشـە عارەقەکەی هێنا و دەسـتمان کرد بە خواردنەوە. یەکدوو ئیسـتیکانمان خواردبۆوە، دەرگای ژوورێک کرایەوە و کاک عەبدوڵڵا هاتە ژووری. زۆرم پێ سەیر بوو و واقم وڕما. نە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد لە بۆکان بێ و نە پێم وابوو خۆی لای من ئاشکرا دەکا. زۆرمان قسە کرد و من کە هەرگیز عارەقخۆرێکی چاک نەبووم، جەووەکە گرتبوومی و زۆرم خواردەوە، حاڵم تێکچوو و بە شوێنیدا گەڕامەوە ماڵێ.

سـاڵی ١٣٥٢ لـە تـاران دەژیـام. ئەحمەد لـە بۆکانەوە هاتبـوو و میوانی من بوو. شەوێک پێش ئەوەی ساواک بمگرێ بڕیار بوو لەگەڵ ئەحمەد بچین بۆ ڕێستوورانێک بـۆ عارەقخواردنـەوە. کاتـێ لـە مەدرەسـە گەڕامەوە، ئەحمـەد لە مـاڵ نەبوو. زۆر چاوەڕوانـی بـووم، هەر نەهاتەوە. شـەو ببووە نزیک سـەعات ٩، برسـییەتی زۆری بۆ هێنام یادداشـتێکی کورتم نووسـی، بۆم دانا و چوومە دەرەوە. لەبەر تووڕەیی و بەهـۆی ئـەوەوە کـە گاڵتەمان لەگـەڵ یەکتـردا هەبـوو، نووسـیبووم «ئەحمەدئاغای واوا لێکـراو!» وا چوومـە دەرەوە، ئەگـەر هاتییـەوە دابنیشـە تا دێمـەوە با بچین بۆ عارەقخواردنەکەمان.»

درەنگتر، ئەحمەد هاتەوە و چووین بۆ ڕێسـتوورانێک لە نزیک مەیدانی ئێسـتای ئینقلاب، دانیشتین و سەیرم کرد نەمر سەعید سوڵتانپوور، شاعیری شۆڕشگێڕیش لەگەڵ هاوڕێیەکیدا هاتن و لەسەر مێزێک دانیشتن. لە کاتی نانخواردنەکەدا سەعید چاوێکـی گێـڕا و منی بینی گوتی وەرن بۆ سـەر مێزەکەی ئێمـە. چووین. گوتی ئەو مێزەی پەنامان دوو ساواکیی لەسەر دانیشتوون، لەکۆڵمان نابنەوە و هەر گوێقوڵاغن بزانـن دەڵێیـن چی. دوو زەلامی پڕووو بوون دەسـتیان هەڵنەدەگرت. سـەعید گوتی

فەرموون لە خواردنەکەی ئێمەش بخۆن! هیچیان نەگوت.

خواردنەوە تەواو بوو و چووینەوە ماڵێ. سبەینێی ئەو ڕۆژە، من چووم بۆ سەر کارەکەم لە دەبیرستانێکی جنووبی تاران و هەر لەوێ گیرام. چوار ساواکی هاتبوون بمگرن، (دەبێ لە شوێنێکی دیکەدا باسی ئەوەش بکەم). بردیانمەوە ماڵێ بۆ پشکنین و پاشان بردیانمە «کمیته ضد خرابکاری» لە حەوشی شارەبانی کولل لە نزیک تۆپخانە. کاتێ کە ماڵەکە دەگەڕان، ئەو یادداشتەیان چاوپێکەوت کە شەوی پێشتر بۆ ئەحمەدم نووسیبوو. گوتیان ئەو «ئەحمەدئاغا واوا لێکراو»ە کێیە؟ جنێوەکەشیان دەدا! گوتم میوانمە و چۆتە دەرێ. ئیتر شوێنیان نەگرت، بەڵام کاغەزەکەیان لەگەڵ هەندێک وردەوپردە تەحویلی کومیتە دا. لەوێش پرسییان ئەحمەدئاغای واوا لێکراو کێیە و گوتم میوانمە. دوای سەد و یەک ڕۆژ لە کومیتەوە بردیانمە زیندانی قزڵقەڵا. لەوێش بە هەمان شێوە کاغەزی گۆرین هاتەوە بەردەست و پرسیاری ئەحمەدئاغای واوا لێکراویان کرد و جنێوەکەشیان دووسێ جار دووپات دەکردەوە! لە کورتی ببڕمەوە، یادداشتی ئەحمەدئاغا لەوێوە تا زیندانی ئێڤین و قەسریش لەگەڵم هات. قەسر ئیدی بازداشتگا نەبوو و زیندان بوو، واتە جلوبەرگ و کەلوپەلی شەخسییان دەداوە بە زیندانی. هەر شتومەکەکەیان پێدامەوە یەکەم کارێ کە کردم ئەوە بوو یادداشتی ئەحمەدئاغام دڕاند و خۆم لەو هەموو ڕوونکردنەوە و سوێند و قورعانە ڕزگار کرد!

دواجارێک کە ئەحمەدم دیتبێ، دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بوو. ئەحمەد بەرپرسی «تربیت بدنی» بۆکان بوو و وا دیار بوو هەندێک تۆپ و جلوبەرگی وەرزشیی بەسەر هەندێک ڕێخکراوەدا دابەشکردبوو، بەشی ڕێکخراوەکەی ئێمەشی ناردبوو. دیتم و سپاسم کرد.

لە ساڵانی دوورەوڵاتیدا جاروبارە لە دایکم و کاکم و دۆست و برادەر هەواڵی ئەحمەدم دەپرسی، گوتیان خانەنشین بووە و بنکەی کڕین و فرۆشتنی ماڵی داناوە.

ئیتر ساڵی ٢٠١١ بوو کە هەواڵی کۆچیدواییم بیست و زۆری پێ تێکچووم. ساڵانێکی پێشتریش کاک عەبدوڵڵای برای کۆچیدوایی کردبوو.

یادیان بەخێر بێ!

## ١٨- ١٩ بەڕێزان عەبدوڵڵا و عەلی شەرەفکەندی

کاک عەبدوڵڵا شەرەفکەندی خزمایەتییەکی لەگەڵ ماڵی مامۆستا هەژاردا هەبوو، بەڵام برایان نەبوو. نە کاک عەبدوڵڵای برای مامۆستا ماوە و نە کاک عەبدوڵڵای جێگەی باسی ئێستای من و هەر دوو کۆچیدوایییان کردووە.

خەڵکی سابڵاغ بوو و لە دەوروبەری ساڵی ١٣٣٥دا هاتبووە بۆکان، سەردەفتەری ئەسنادی ڕەسمی بوو. مرۆڤێکی کورتەباڵا و خوێندەوار و زانا و بڕوامەندی ئایینی بوو. زۆری کتێب خوێندبۆوە و ئەدەبی کۆنی فارسیی باش دەناسی. نەمزانیوە شاعیر بێ، بەڵام شێعرناس بوو و بە دەنگێکی نزم و نەرم و لەسەرخۆ شێعری دەخوێندەوە. لە بۆکان ڕێزی زۆری لێدەگیرا.

لە سەرەتاکانی هاتنی بۆکانیدا، ڕەبەن بوو و ژوورێکی لە ماڵی «کەڕەی خاتوونە کورد» لەسەر تەقتەقە بەردەکانی لای ماڵی حاجی حسێنی قورەیشی بەکرێ گرتبوو، ئێمەش ئەو دەم ماڵەکەی خۆمان لە گەڕەکی ماڵی حەبیبزادە فرۆشتبوو و ماڵێکمان لە حاجی حسێنی قورەیشی بەکرێ گرتبوو، واتە ببووینە دراوسێ.

شەرەفکەندی لەگەڵ بابم و کاکم هەردووکیان دۆست بوو و هاتوچۆی دووکانەکەی دەکردن. لە ڕێگەی بابیشمەوە خوازبێنیی دادە ئامینەی کچی نەمر مەلا هادی ئەفخەمزادەی کرد و لە بیرمە میوانداریی شایییەکەش هەر لە ماڵی ئێمە بەڕێوەچوو. دادە ئامین کچێکی خوێندەواری زانا و خوشکەزای باوکم بوو و پوورە ڕابیعەی پووری من و دایکی ئەو، پێشتر کۆچیدوایی کردبوو، مامۆستا مەلا هادیش ژنێکی دیکەی هێنابوو.

شەرەفکەندی برایەکی هەبوو ناوی محەممەد و لە مەهاباد مامۆستای قوتابخانە بوو. نازانم ئەو بوو یا برایەکی دیکەی، کە کۆچیدوایی کردبوو و چەند منداڵی لەپاش بەجێمابوو. دادە ئامینەی خوێندەواری شێعرناسی عاقڵ و هێمن و لەسەرخۆ، هەموویانی لە ماڵی خۆیاندا بەخێو کرد و پێیگەیاندن.

شــەرەفکەندی و دادە ئامینە خۆشـیان چەند منداڵیان هەبوون، هەمووی عاقڵ و تێگەیشـتوو و خوێنـدەوار. تەربیەتـی نێومالّیـان ئایینـی بـوو لەبـەروەی بنەچەکـی هەردووکیان مەلا بوو. کوڕە گەورەکەیان ناوی عەلی بوو.

مـن کـە دوابەدوای زیندان لەســەر کاری مامۆسـتایی لابرابووم، دوای شـۆڕش بەگوێرەی حوکمی دەوڵەتی بازرگان کە ئیجازەی بە هەموو زیندانییە سیاسـییەکان دەدا بگەڕێنـەوە سـەر ئیشوکاریـان، کاتێ لە سـەرەتای بەهـاری ١٣٥٨دا گەڕامەوە سـەر ئیشوکاری مامۆسـتایەتیم و خۆم ڕاگواستەوە بۆکان، لە دەبیرستانی شەهید کەمـال مـاوەی سـێ مانگێک دەرسـی مێژوو و ئەدەب و فەلسـەفە و شـتی ئەوتۆم دەگوتەوە. عەلی شەرەفکەندی یەک لە قوتابییەکان بوو. لێزانی و خوێندەوارییەکەی لە من زیاتر بوو، بلیمەتێک بوو کەمتر قوتابخانەیەک قوتابیی وا هەڵکەوتەی دەبێ و کەمتر دایکێک کوڕی وا دەبینێ.

شەڕی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا سەپا و ئاداری کاروبار بەسەر پاداریەوە نەما. قوتابخانە و نەخۆشـخانە بەسـتران، مامۆسـتا و دوکتۆر و پەرسـتار لەسـەر کار لابـران؛ ئیعـدام و زیندان و تەبعید و ماڵوێرانی و ئابلۆقە و هەرەسـی ئابووری بوو بە بەشـی کورد لە شـۆڕش. بەگشـتی، ئەوە کرا کە ئەگەر نەوەی دواڕۆژ وەک حیکایەتیـش بـۆی بگێڕییـەوە وا هەیە بـاوەڕ بەو هەمـوو جینایەتانە نـەکا. داخرانی قوتابخانە و تاقە نەخۆشخانەی شار و ناوچەکە یەک لەو جینایەتانە بوو.

خەڵکـی کوردسـتان مەجبوور بوون بـە گەورە و بچووکـەوە داکۆکی لە خۆیان بکـەن. هـەر کـەس بەرەو ڕێکخراوەیەکی سیاسـی چوو. عەلی شــەرەفکەندی لەگەڵ موجاهیدینـی خەڵـق کەوتبوو. موجاهیدین کە بنەمای فکرییان مەزهەبی شـیعەیە، لە ناوچەی ئێمەدا لایەنگریان نەبوو. خەڵکەکە بە شـێوەی سـوننەتی یا نەتەوەیی بوون یـا چـەپ یـا چەپی نەتەوەیی. عەلی لەژێر چ کارتێکەرییـەکدا و لە ڕێگەی کێوە بوو بـە موجاهیـدی خەڵق، نازانـم. گەرچی دڵنیام بنەمای فکریـی ئایینی خۆی و بنەماڵە، هەروەها وردبینییەک کە لەسـەر ئەو ئەساسـە بێ، دەکرێ دەوریان لە مەسـەلەکەدا بینیبێ.

هەر چۆنێک بێ، عەلی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق کەوتبوو و زۆری پێنەچوو هەواڵی جوانەمەرگ بوونی گەیشت و من زۆری پێ تێکچووم. وا بزانم هەر لە تەورێز گیرا و ئیعدام کرا یا لە شوێنێکی دیکە گیرا، بەڵام بیستمەوە دەسەڵاتداران لە تەورێز ئەو دەستەگوڵەیان ئیعدام کرد.

ماڵی کاک عەبدوڵڵای شەرەفکەندیش لەو حەیس‌وبەیسەدا لە بۆکان ڕۆیشت و لە تەورێز گیرسایەوە. جارێک لەگەڵ دایکم و کاکمدا چووین بۆ سەرەخۆشی لە دادە ئامینە لە تەورێز. ئەو هەژارانە لە ترسی چەتەی دەسەڵات نەیاتوانیبوو سەرەخۆشیش بۆ عەزیزەکەیان دابنێن. جا بزانە ئەم خەڵکە هەژارەی ئێمە لە چ بارودۆخێکدا ژیاون و دەژین. چەند ساڵێک دوای عەلی، خودی کاک عەبدوڵڵاش کۆچی‌دوایی کرد.

یادی هەردووکیان بەخێر!

## ٢٠. نەمر حسێن فاتحی

من کاک فەتحوڵڵای باوکیانم لە بیر نییە، بەڵام کاک حسێن خۆی و کاک حەمەساڵحی برای لە خیابانی کۆنەی بۆکان دووکانیان هەبوو، ماوەیەکیش هاوردە و هەناردەی شتومەکی لە باشووری کوردستانەوە دەکرد. بارودۆخی ئابووریی بنەماڵەکەیان باش بوو. من کە دیبێتم وەک دووکاندارێکی ڕووخۆش و دەم بەپێکەنینی ئاساییم دیتووە، بەڵام ئەو بەڕواڵەت دووکاندارە ئاساییە، لە ژیانی خۆیدا ئوستوورەیەکی خەبات و بەرخۆدانی نەتەوایەتی بوو، کە لە منی منداڵ و مێرمنداڵی ئەو دەم ئاشکرا نەبوو.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕە ٤١ی چێشتی مجێوردا باسی شەریکایەتیی خۆی و حسێنی فاتحی و کڕینی تووتن و قازانجی چوار هەزار و پێنسەد تمەنیی هەردووکیان لە بۆکان دەکا. ئەوە هی سەردەمی کۆماری کوردستانە.

لە بیرەوەرییەکانی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیاتدا، کە چاوەڕوانی چاپ و بڵاوبوونەوەیە، چەند جار باسی کاک حسێنی فاتحی کراوە. بەگوێرەی هەواڵی مامۆستا حەمەڕەئووف، لە بڕگەی ساڵی ١٣٣٢ و ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاکاندا، کاک حسێن بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان بووە، واتە یەک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بووە، بەڵام مامۆستا باس لەوە ناکا بۆچی ئەو ئەرکە دواتر بەو واتە بە مامۆستا حەمەڕەئووف سپێردراوە، ئایا کاک حسێن خۆی دەستی لە کار کێشاوەتەوە یان لە ڕێگەی هەڵبژاردن و شتێکی ئەوتۆوە لەسەر ئەرکەکەی لابراوە. ئەوەش هی ساڵی ١٣٣٢یە.

ماوەیەک لەمەو پێش، ڕێزدار تاهیر عەلیار بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی لە بڕگەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران لە ماڵپەڕی ڕۆژهەلات/ بۆکاندا بڵاوکردەوە. لە وتارەکەدا سەبارەت بە نەمر میرزا حسێن نووسراوە:

«... خەڵکی بۆکان و ئەندامی قەدیمیی حیزبی دێموکرات بوو... ساڵها تێکۆشانی

سیاسـی... پوختـە و خارای کردبـوو... تەنیا بۆ کۆبوونـەوەی کومیتەی حیزب یا بۆ کاری گرنگ دەهاتە دەفتەری حیزب و هەوڵی خۆ نیشـاندان و هاتنە پێشـی نەدەدا... قەت پشـتی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد نەکردبوو و هەر لەسـەر بیروباوەڕی خۆی بوو...»[١] ئەوەش هی ساڵی ١٣٥٧ە.

کاتێ ئەو سێ بیرەوەرییانە دەخەینە سەریەک، ڕوخساری مرۆڤێکی خەباتکار و خاوەن هەڵوێسـتمان بۆ دەردەکەوێ کە لە سـەردەمی کۆمار (١٣٢٤ و پێشـتر)ەوە تـا ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٣٣٢ و شۆڕشـی ١٣٥٧ و دوای ئەو، واتە نزیک بە چل سـاڵ، لـە کـۆڕی خەبـاتدا بووە. ئـەوە کارێک نییە هەموو کەس بتوانێ بیـکا، بەتایبەت کە ئەوەنـدەی لـە بیرم بێ و بزانم، سـاڵانێکی زۆریش لە سـەردەمی پەهلەویدا کەوتە زیندانەوە.

مـن لەگـەڵ کاک محەممـەدی کـوڕیدا هاوپۆلـی قوتابخانـە بـووم و بـە منداڵی هاتوچۆی ماڵیشـیانم کردبوو. لە سـاڵی شۆڕشـی ١٣٥٧دا لە بۆکان چەند جارێکم بینی و هەموو جارێک لەگەڵمدا میهرەبان و قسەخۆش بوو، لە کاتێکدا ئەو سەردەمە سەردەمی حیزبحیزبێن و بەربەرەکانی و ڕکەبەرایەتیی ئەم لایەن لەگەڵ لایەنەکەی تر بوو. وا بزانم لەو سـەردەمەدا ئەندامی شـووڕای شۆڕشـی شاری بۆکانیش بوو، کە منیش ئەندامێکی دیکەی بووم.

لـەم سـاڵانەی دوورەوڵاتیدا هەواڵی کۆچیدوایی کاک حسـێنم بیسـتەوە. یادی بەخێر بێ!

١. تاهیر عەلیار، «ئەو ڕۆژانەی پڕڕەنگتر بوون، بەشی ١، پەراوێزی ٢»، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان، بەشی ئەدیبان، نووسەران و وەرگێڕانی بۆکانی.

## ٢١. نەمر حسێن مەجیدی

من زانیارییەکی زۆرم لەسەر ئەو کەسایەتییە مەزنەی شاری بۆکان نییە، بەڵام لە ڕێگەی بیرەوەرییەکانی نەمر «میرزا حەمەڕەئووفی خەیات»ەوە دەزانم لە بڕگەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاکان، گەلێک هەڵسووڕاو بووە، هەڵسووڕاوێکی سیاسی. مامۆستا ڕەئووف بەڕاشکاوی دەڵێ میرزا حسێن ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێ و دۆستی نزیکی ئەو بووە.

ئەوەی من لەو کەسایەتییەم لە بیر بێ ئەوەیە خۆی و کاک سمایلی برای لە «گوزەری خەیاتەکان»ی بۆکان دووکانێکی بەرگدروونیان هەبوو، هێدی و لەسەرەخۆ و دەم بەپێکەنین و لەگەڵ خەڵک گەلێک میهرەبان بوو، لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا وەک زۆربەی بەرگدرووەکانی بۆکان و زیاتر لەوانیش، دەستەنگ بوو.

وا بزانم سەرهەڵدانی جلوبەرگی عەجەمی، واتە کۆتوشەڵوار شوێنێکی گەلێک نەرێنیی دانابووە سەر بارودۆخی کاروکاسبی بەرگدرووەکانی بۆکان و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کاریان بەرەو کەسادی دەچوو. بۆ نموونە باوکم میرزا عەبدوڵڵا، کە خەیاتێکی باشیش بوو و زۆربەی مشتەرییەکانی ئاغاوات بوون، لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا کاری بەرگدروونی وەلا نا و بۆ ماوەیەکی کەم پێش نەخۆشی و کۆچیدوایی کردنی، برنج و ڕۆن و سووکە بابەتی بەقاڵیی دەفرۆشت.

میرزا حسێن کە مرۆڤێکی میهرەبان و خێرخوا بوو، چەند ساڵێک پێش کۆچیدوایی، وەک یارمەتیی خەڵک و وا هەیە خێری ئاییینیش، بەبێ چاوەڕوانیی پووڵ و پارە، ئەرکی شۆردنی مردووی خەڵکی شاری بۆکانی بەڕێوە دەبرد. جا کەسێک یارمەتیی ئەویشی دەدا و پارەیەکی بەسەردا دەبڕی یان نا، نازانم، بەڵام ئەم کارە، ئەوپەڕی لەخۆبوردوویی و فیداکاریی بوو و هەر لە مرۆڤێکی بەرپرس و خەمخۆری گەلی وەک ئەو دەوەشایەوە.

میرزا حسێن لەگەڵ زۆر خەڵکی بۆکان دۆستایەتیی هەبوو؛ هاتوچۆی دووکانی باوکم و کاکمیشی دەکرد و من لە هەرکوێیەک تووشی بووایەم ڕێزم لێدەگرت.

یادی بەخێر بێ!

## ٢٢ - ٢٣. نەمران هەمزاغای حەمیدی و ڕابیعەخانمی هاوسەری

هەمزاغا کوڕی سلێمان ئاغای حەمیدی، لە ئاغاواتی دێبوکری و خاوەنملکی گوندی «تازەقـەڵا» لـە ڕۆژاوای بۆکان بوو. من سـلێمانئاغام گەلێک جـار لە بۆکان بینیبوو، مرۆڤێکی کورتەباڵای هێدی و هێمن و بێدەنگ و کەمقسە. مشتەریی دووکانی باوکم بوو و جلوبەرگەکەی ئەو بۆی دەدروو. ئەوەندەی بزانم تا کۆتایی تەمەن ماڵی هەر لە تازەقەڵا مایەوە و نەهاتە شاری.

سلێمانئاغا شەش کوڕ و کچێکی بوون: هەمزاغا، قادرئاغا. ڕەحیمئاغا، حەسەنئاغا و کاک عوسـمان. بەداخـەوە نـاوی کوڕەکەی دیکە و کچەکەی نازانـم. چوار لەو پێنج کوڕە بە بیرەوەریی من ماڵیان لە بۆکان بوو و حەسەنئاغا، کە دەرەجەداری ئەرتەش بـوو، لـە مەهاباد یا شـارەکانی دیکە دەژیـا. ڕەحیمئاغا فەرمانبەری نەخۆشـخانەی شێروخورشـیدی بـۆکان بـوو. قادرئاغـا و کاک عوسـمانیش مامۆسـتای قوتابخانە بوون. کاک عوسـمان ئێسـتا خانەنشـینە و لە بۆکان دەژی، گەلێکیش قسـەخۆش و لەبەردڵانـە. قادرئاغـا بەداخەوە لـە ڕووداوێکی دڵتەزێندا، هەندێک لە سـەرەوەتری گۆمی سەرسـەکۆی ڕووباری تەتەهوو گیانی ئەسـپارد. لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا من لـە نێـو قۆرغی لای سـەرووی ئاشـی باشـی دەرسـم دەخوێند کاک سـەلاحوددینی موهتەدیـم بینـی بە هەڵاتنێکـی گەلێک خێرا و نائاسـایی بەرەو چۆمـی هەڵدەهات و پاشـان یـەکدوو کەسـی دیکـەش بـە هەمان چەشـن. گوتیـان قادرئاغا لـە چۆمیدا بەردی لە لاقی خۆی بەستووە و خۆی خنکاندووە. یادی بەخێر بێ.

وا بزانم کاک هەمزە برا گەورەی براکان بوو و ئەوەندەی لە بیرم بێ هەر ماڵی لە بۆکان بوو، لایکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەوێ ژیاوە و بەگوێرەی هەواڵێـک «خەزێنـەدار»ی کۆمـار بـووە. مـن لام وایە نیـاز لـەو خەزێنەدارییە دەبێ ئەرکی خەزێنەداریی کۆگا یا لقی کۆمەڵەی «ژ. ک» یا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان بێ نەک لە مەهاباد. مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێوردا کاتێ باسی

هەرەسی کۆمار و چوونی خۆی لە سەقزەوە بۆ بۆکان دەکا، لە مەسەلەی هاتنەوەی هێزی ئێران بە سەرۆکایەتیی سەرتیپ هومایوونی لە سەقزەوە بۆ بۆکان و پاشان مەهاباد، جوامێریی هەمزاغا دەردەخا و دەنووسێ:

«نوێژی شێوان لە بۆکان تووشی سەرتیپ هومایوونی بووینەوە. گوتی با هەژار لە ماڵی قاسمئاغا [ی موهتەدی] بێ، سبەی هەمووومان دەچینە مەهاباد. چوومە مەنزڵی قاسمئاغا کە لە ماڵە عەبدوڵڵای بارامی بوو. کاک هەمزەی [حەمیدی] کۆنەهەواڵم هات. گوتی وەرە لە ماڵی من بخەوە. گوتم وا بزانم قاسمئاغا ڕێ نادا چونکە وا دیارە منی پێ سپێردراوە بە هیچ کوێدا نەچم. هەمزە داوای لە قاسمئاغا کرد کە من بەرێتە ماڵە خۆی. قاسمئاغا گوتی لێرەش نوێن هەیە بۆ بێ؟ هەمزە گوتی من بەڵێن دەدەم کە سبەی بیهێنمەوە لای تۆ و ئەگەر وا نەبوو با من ئیعدام کەن. قاسمئاغا گوتی قەیدی نییە بابێ. هەر چووینەوە، هەمزە هەڵیپێچام کە ڕاکە و خۆت خەلاس کە. زۆری حەول دا. گوتم چونکە تۆ بوویە زامنم هەرگیز ڕاناکەم، با بزانین چۆن دەبێ... بەیانی زوو لەگەڵ هەمزە هاتینەوە لای قاسمئاغا. شەیپووری سەفەر لێدرا. لەشکر[ی ئێران] بەرەو سابلاغ دەچوو، عەشایریشیان لەگەڵ دەچوون. لە قاسمئاغام پرسی کوا کاکە ڕەحمان[ی موهتەدی]؟ گوتی نەخۆشە و لە گوندی شێخلەرە. گوتم ناتوانم بیبینم؟ لەپاش تاوێک بێجواب مانەوە گوتی من وام پێ باشە بچییە لای کاکە ڕەحمان و پێی بڵێی بتنێرێتە [گوندی] قەرەگوێز لای ئەحمەدئاغا[ی ئێلخانیزادە] و هەرگا بە مەسەلەحەتمان زانی دەتوانی بێیە سابلاغ. ئەمڕۆ دەگەڵ لەشکر مەیە... سوار بووم هەر لە کۆڵانی حەمامەوە کردمە غار، لە شار دەرچووم و تەقڵەکوت ڕووم کردە شێخلەر» (لاپەڕ٨٤ ـ ٨٥).

مامۆستا هەژار لە لاپەڕە ١٠٧ی کتێبەکەدا جارێکی دیکەش باسی هەمزاغا دەکا و بیرەوەریی سەردەمی ئاوارە بوون و گیرسانەوەی خۆی لە ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر دەگێڕێتەوە کە خۆی و قازی کاکەحەمەی قزڵجی و مەلا حەسەنی قزڵجی و هەمزاغا لەوێ داڵدەیان گرتبوو:

«قزڵجی و من و لە بیرم نەماوە کێی تریش (پێم وایە هەمزەی سلێمانئاغا) بوو،

ناوی خۆمان گۆڕی.»

واتە هەمزاغاش دوابەدوای هەرەسی کۆماری کوردستان لە گیرانی خۆی ترساوە و هەڵاتۆتە باشوور. ئەو سەفەرەی نازانم چەندی خایاندووە، بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە بۆکان. هەر بەپێی نووسینەکەی مامۆستا هەژاریش من دەمزانی کاک هەمزە دووجار چۆتە باشووری کوردستان. ئەوە جاری یەکەمییەتی و جاری دووهەمیش لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوول، واتە دەوروبەری ١٣٤١ی هەتاوی و ١٩٦٢ی زایینیدا بوو. ئەو ساڵانە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هیوایەکی گەورە بە سەرکەوتنی شۆڕشی کورد خولقابوو و گەلێک کەسانی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی مەسەلەی کورد ڕوویان کردبووە باشوور. هەمزاغا لەگەڵ کاک سەعدی موهتەدی و ژمارەیەکی زۆری لاوان و خوێندکارانی کوردی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چووبوونە نێو شۆڕشەوە.

لە ماوەی دوورکەوتنەوەی کاک هەمزە لە بۆکان، ڕابیعەخانمی هاوسەری ئەوپەڕی ئازایەتی و لەخۆبوردوویی پیشاندا و منداڵەکانی بە دەستەنگی و نەداری بەخێو کرد، نەک هەر بەخێو کردنی ساکار، بەڵکوو بە گیانی کوردایەتی پەروەردەی کردن. منداڵەکان، بریتی بوون لە کاک عومەری حەمیدی، شەهید ئەبووبەکری حەمیدی و خوشکە نەسرین حەمیدی. کاک عومەر و کاک ئەبووبەکر چەند ساڵ لە زیندانی شادا مانەوە ئینجا لە ساڵی ١٣٥٧ [١٩٧٩]دا بە شۆڕشی گەلانی ئێران پەیوەست بوون و ئەبووبەکر بەدەست خەڵخاڵیی جەللاد لە سەقز ئیعدام کرا و هاوسەری نەسرینخانمیش، واتە کاک جەعفەر بەدەست حکوومەت شەهید کرا.

کاک هەمزە مرۆڤێکی سیاسی و خاوەنهەڵوێست و ناسیۆنالیستێکی کوردی بێخەوش بوو. مێژووی کوردستان و ئەدەبی کوردی زۆر باش دەناسی و گەلێک شێعری شاعیرانی کوردی لەبەر بوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا ئیزگەیەکی ڕادیۆ لە تەورێز دامەزرا کە بە تورکی قسەی دەکرد و ڕۆژانە نیوسەعاتیش بەرنامەی کوردی هەبوو؛ وێژەری کوردیی ڕادیۆکە، شەهید عەلی گەلاوێژ بوو. لە ساڵانی دوای هەرەسی هەر دوو کۆمارەکە و هاتنەوەی هێزی ئێرانیشدا ئەو ڕادیۆیە هەر ما، بەڵام حکوومەتی ئێران بەڕێوەی دەبرد و

بەرنامەیەکـی کوردیشــی هــەر هەبــوو، بــەڵام ئەمجـار وێژەرەکەی ئاغـای «تابانی» خەڵکی سابڵاغ بوو.

هەمزاغا،کەگەلێک دەنگخۆش و مۆسیقاناس بوو لەهاتوچۆی تەورێز و میوان بوونی ماڵی کاک سەعدی موهتەدی‌دا کە ئەو دەم ماڵی لە تەورێز بوو، چووبووە سەر ڕادیۆکە و چەنـد گۆرانیـی تۆمار کردبوو. من گۆرانییەک لـەو گۆرانییانەم زۆر پێخۆش بوو و هــەر لـە بیـرم بوو تا ئـەوەی کاک هەمزە و ڕابیعەخانم بۆ ســەردانی کاک عومەری کوڕیـان لـە دەوروبەری ســاڵی ١٩٩١دا هاتنە لەنـدەن و نیوەڕۆیەکیش میوانی ماڵی ئێمـە بـوون. کاک محەممەدی حەمیدیش کە لە ئاڵمانیاوە هاتبووە ســەردانیان، لەوێ بـوو. کامێرایەکـی کۆنـی فیلم هەڵگرتنمـان بەکرێ گرتبوو. ئەو دەم هێشـتا کامێرای دیجیتال باو نەبوو و دەبووایە فیلم، واتە شریت بخەیە سەر کامێراکە. تکام لە کاک هەمـزە کـرد گۆرانییەکەمـان بۆ بڵێ ئێمــەش بە کامێراکە تۆمـاری بکەین. بەداخەوە، دواتـر کـە ســەیری کامێرای گۆرینمـان کرد تەنیـا بەندێکی تۆمارکرابوو و دەسـتی شکاوم فیلمەکە لەوێ‌دا کۆتایی هاتبوو.

هەمزاغای نەمر گوتی ئەمما چ گوتنێک! دەنگێک بوو لە بەهەشتەوە هاتبوو:

«ئەرێ خەجێ خەزێنە/پا بنێ لەسەر گلێنە/زەردە لیمۆت وا بێنە/بەفراوی سەر تەزێنە ئــەرێ دیـدەم نەونەمــام/ ئەی هــاوار دیدەم نەونەمــام/ ئەی خڕێ دیـدەم نەونەمام/ ئەرێ هەتاکوو مردەن/ ئەی خڕێ من هەر بەتەمام/ جوانێ گیان من هەر بەتەمام...»

نازانم شریتی سەر ڕادیۆ تەورێز ماوە یان نا و گەلۆ منداڵەکانیان هیچ دەنگێکی ئەو هونەرمەندە مەزنەیان تۆمار کردووە؟ بەڵام من تووشی ئەو خەسارە گەورەیە هاتم و لەکیسم چوو. گۆرانییەکە بە هەندێک جیاوازییەوە نەمر محەممەدی ماملێش گوتوویەتی و مـن تـکام لـە هونەرمەنـدی خۆشەویسـت کاک حەســەنی دەرزی کـردووە بەڵکـوو جارێکی دیکە بەدەنگی خۆی بیڵێتەوە. کاک حەسەن ڕۆح و گەوهەری گۆرانییەکانی موکریان بە جیاوازیی ناوچەکانەوە باش دەناسێ.

کاک هەمزە ماوەیەک فەرمانبەری نەخۆشخانەی شێروخورشیدی بۆکان بوو و لە بیرمە کاتێ کە باوکم لە نەخۆشخانەی کۆنی شێروخورشید عەمەلیات دەکرا، ئەو

لە ژووری عەمەلیات بوو و هەواڵی تەواو بوونی کارەکەی پێداین. کاک هەمزە دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە هاتەدەرێ لە ماڵی خۆی کە لە شەقامی کەمالی حەمیدی و دراوسێی گەلێک نزیکی ماڵی کاکم بوو، دەرزی لە نەخۆشان دەدا و کاری پانسمان و خزمەتی ئەوتۆی دەکرد. دوای کۆچی‌دوایی ئەویش ڕابیعەخانم درێژەی بە کارەکە دەدا. هەردووکیان لەو بوارەدا خزمەتێکی زۆریان بە خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەری بۆکان کرد.

کاک هەمزەش و ڕابیعەخانمیش کەسانێکی ئازا و بەجەرگ و خۆڕاگر و ئامادەی فیداکاری لە ڕێگای کوردستان‌دا بوون. ئاوارەیی، گیرانی منداڵەکان و تەنانەت شەهیدبوونی کوڕ و زاواکەیان شلوێی نەکردبوون و ورەی خەباتیان تا دواڕۆژی ژیان هەر بەرز بوو. دووسێ ڕۆژ دوای ئیعدامی شەهید ئەبووبەکر بەدەست خەڵخاڵیی جەللاد، لەگەڵ کاک هەمزە و کاک عومەر چووینە زیارەتی گڵکۆکەی لە گۆڕستانی بۆکان. کاک هەمزە و کاک عومەر کێلەکەیان ماچ کرد و منیش ئەم سێ فەرد شێعرەی کاک موسلیح شێخولئیسلامیم خوێندەوە کە لە سەردەمی ژیانی تاران‌دا خوێندبوومنەوە و لە بەرمکردبوو:

**«سوێند بە خوێنی گەش و سووری دڵی تۆ**
**لەجیای دەست و چەکی ژێر گڵی تۆ**
**بە هەزاران و هەزار دەست و تفەنگ**
**هەڵدەگیرسێنینەوە مەشخەڵی جەنگ**
**تا ئەگەینە ئەوی ڕۆژی واڵا**
**شەنگەباڵا بشەکێنن ئاڵا!»**[1]

بەداخەوە کاک هەمزەش، وەک هەزاران خەباتکاری دیکەی کورد، پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە واڵایە بەچاو ببینێ، سەری نایەوە و بەشوێن ئەودا دوای چەند ساڵ ڕابیعەخانمیش کۆچی‌دوایی کرد کە قارەمانێک و خەباتکارێک بوو لە ژوور گەلێک پیاوانەوە. یادی هەردووکیان بەخێر بێ!

١. بەپێی نووسینی کاک موسلیح (ڕێبوار)، بەیتی ئاخریی ئەم هۆنراوەیەی لە هۆنراوەی «بۆ مەهاباد»ی کاک فاتیحی برای خواستۆتەوە.

## ٢٤. میرزا حسێن غوڵامعەلی و کوڕەکانی

میرزا حسێن (١٣١٨ ـ ١٣٨٣ی هـ) کوڕی میرزا ئەسەدوڵڵای بە ئەسڵ سنەیی و ئامینەخانمی بەهرامی، خەڵکی بۆکان و برای بچووکی دوو برا و خوشکێک بوو. پێش ئەوەی ببێ بە هاوسەری حەلیمەی خوشکم، دەمناسی. نموونەی پاکی و چاکی بوو. نە دیتم و نە لە کەسم بیستەوە گلەیی و گازندەیەکی لێی بێ. ماوەیەک مامۆستا و پاشان مودیری قوتابخانەی کچانی بۆکان بوو. مودیر و نازمی مەدرەسەی ڕاهنمایی «ابن سینا» بوو. کچ و کوڕ و دایک و باوکەکان متمانەیان پێدەکرد. بێدەنگ و هێدی و هێمن بوو. باوەڕێکی قورس و قایمی ئایینی هەبوو و منداڵەکانیشی بەو ڕۆحەوە گەورە کرد، بەڵام بە دڵفراوانییەکی زۆرەوە لەگەڵ خەڵکانی غەیری خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد و نموونەکەشی خزمایەتی کردن لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە بوو، بەباشی ئاگاداری هەڵوێست و پێگەی باوەڕی کاکم و من بوو و لە هەموو ماوەی خزمایەتی و هاتوچۆماندا بە دڵفراوانییەوە لەگەڵمان دەکەوتە باسوخواس و هەرگیز تووڕەیی و دڵڕەنجییەکم پێوەنەدیت. منیش کە لەو ساڵانەدا تۆفانێک لە خەیاڵات و ئاواتی لەکردننەهاتوو لە مێشکمدا هەڵیکردبوو، هەرگیز پەرژینم نەشکاند و هەردوولامان توانیمان خۆمان بین و وەک خۆمان بمێنینەوە، بێئەوەی گوشارێکمان لەسەر لایەنەکەی دیکە هەبێ و کاتێکیش کە هەواڵی مەرگی لەناکاویم بیست، وەک برایەکی خۆم پێی خەفەتبار بووم؛ دڵنیاشم من تاکە کەس نەبووم و هەر هەموو قوتابییەکانی پێشووی و دایک و باوکەکانیان و بەشێکی زۆر لە خەڵکی شارەکە هەستێکی هاوشێوەی منیان بووە. یادی بەخێر بێ!

میرزا حسێن و حەلیمەی خوشکم دوو کچ و دوو کوڕیان بوون، ئەوانیش هەرکام لە شوێنی خۆیان و بواری کاری خۆیاندا کەسانێکن.

عەلی بە تەنیشت وەزیفەی ئیدارییەوە، چیرۆکنووسێکی توانایە. من دوو چیرۆکم لێخوێندۆتەوە کە لە بەرگی ١ و ٣/٢ی کۆمەڵە چیرۆکی «خۆر»دا بڵاوبوونەتەوە.

لـەوێدا وەک نووسـەرێکی ناتورالیسـت خـۆی نواندووە. لە چیرۆکـی ١٣٧ چرکە + ١٢٠ هەنگاو = صفردا ڕستەیەکی هەیە هەر دەڵێی بۆ من و نەسلی ئێمە نووسراوە: «بە تەمای گۆڕینی دنیا بووم، خۆم جووڕیام!»

- خـۆر، گەلەچیـرۆک، بەرگـی یەکەم، بە هاریکاریی ١٠ نووسـەر، گردوکۆی بریا کاکەسووری، انتشارات پژوهندە، بۆکان ١٣٨٧، ٨٠ لاپەڕە، کوردی.
- خۆر، گەلەچیرۆک، هەڤپەیڤین، شێعر، وتار، بەرگی دوو و سێ، ناشر انتشارات صلاح‌الدین ایوبی، ارومیە ١٣٨٠، ٢١٥ لاپەڕە، کوردی.

ڕێبـوار (اسـدالله) بـرای بچووکـی عەلییـە و وەک ڕەخنەگـر و توێـژەری فیلم و سینەما، لە زانکۆیەکی تاران مامۆستایە.

من دوو کتێبی فارسییم لەلایە کە کاری هاوبەشی ڕێبوار و هاوکارێکی زانکۆی ئەون، هەر دوو کتێبەکە پسپۆڕانە و لە بابەتی پیشەیی فیلم و سینەمادا نووسراون.

یەکەمیـان، کۆمەڵـەی ٢٤ وتاری هونەرییە سـەبارەت بە فیلمـە ئێرانییەکان و ١٦ وتار سـەبارەت بە سـینەمای وڵاتانی ڕۆژاوایی و ١٠ وتار لەسـەر سیناریۆی فیلمە تەلەفیزیۆنییە ئێرانییەکان:

- اسدالله غلامعلی و سید بدرالدین احمدی، «نقد و تحلیل هنری بر فیلم و فیلمنامە»، نشر مهر نوروز، تهران ١٣٩٠، ٣٨٢ صفحە، فارسی.

دووهەمیان لە پەیوەندیی میعماری و سینەما لە شاری ڕۆمای پێتەختی ئیتالیا و کارتێکەریـی ئـەو دوو دیاردەیە لەسـەر یەکتر نووسـراوە و لە سـەرەتایەک و پێنج فەسڵ پێکهاتووە:

- اسـدالله غلامعلی و سـید بدرالدین احمدی، «شـهر رم پس از جنگ جهانی دوم»، نشر مهرنوروز، تهران ١٣٩٠، ٣٠٢ صفحە، فارسی.

## ٢٥. عەباس‌ئاغای بێهداری

هێدی و هێمن بە خیاباندا دەهات و سەری بە دووکانی دۆستێکیدا دەکرد؛ دادەنیشت و بە هێمنی دەدوا، قسەی هەڵبژاردە. شارەزای سیاسەت و ئاگاداری ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بوو. بێ‌فیز و خاکی، بە جلوبەرگێکی ئاساییەوە، ڕووخۆش لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ نەخۆشی بێهداری. وەک «پزیشکیار» (برینپێچ) لە بێهداریی بۆکان کاری دەکرد و بۆ دەرزی لێدان دەچووە ماڵی خەڵکیش. گەلێک جێگەی متمانەی خەڵکی شارەکە بوو. زۆرێک لە دووکاندارەکانی بۆکان دۆستی بوون و خۆشیان دەویست.

«عباس امین‌آوە» لەدایکبووی شاری «باکۆ»ی ئازەربایجانی باکووری و گەورەبووی شاری تەورێز بوو، ئەو کەسانە لە ئازەربایجان بە «موهاجیر» ناودەبران، کەسانێک کە باوک و باپیریان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە شوێن کار دۆزینەوەدا لە ئازەربایجانی ئێرانەوە چووبوونە ئازەربایجانی ڕووسیا و دوای شۆڕشی ئوکتۆبری ١٩١٧ گەڕابوونەوە ئێران. عەباس‌ئاغا درەنگتر سەری لە بۆکان دەرهێنابوو، کە بەشێک بوو لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا. هەر لە بۆکانیش لەگەڵ سەڵتەنەت‌خانمی وەتەن‌پەرەست (١٣٢٥ ـ ١٣٨٥) زەماوەندی کرد. سەڵتەنەت‌خانم بە ڕەچەڵەک مەهابادی و گەورەبووی بۆکان بوو، لە سەرەتادا وەکوو مامۆستا لە قوتابخانە کاری دەکرد و پاشان بوو بە هاوکاری عەباس‌ئاغا لە بێهداریی شارەکە. منداڵەکانیشیان لە بۆکان گەورە بوون و هەر هەموویان بە کوردی قسەیان دەکرد.

عەباس‌ئاغا جگە لە تورکی، کوردیشی دەزانی، بەڵام زۆر جار بە فارسی لەگەڵ خەڵک دەدوا. دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵ کاکمدا هەبوو، وا بزانم دۆستایەتییەکەیان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمێک کە کاکم دووکانی کتێبفرۆشی و ڕۆژنامەفرۆشیی هەبوو و ئەویش کە سەری لەنێو کتێبدا بوو، زۆرجار دەهات و دادەنیشت و

لەگەڵ مامۆستا و قوتابییانی مشتەریی دووکانەکە دەکەوتە قسەوباس. بەئاشکرا ڕوانگەیەکی چەپی هەبوو و شەیدای یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام بەگوێرەی خووخدە هێمنەکەی لەگەڵ کەس نەدەکەوتە چەلەحانێ و باوەڕ ناکەم کەسیش دیتبێتی قسەیەکی توند یان هێرشێک بکاتە سەر لایەنەکەی دیکەی وتووێژ. دواتر کە کاکم کتێبفرۆشییەکەی بۆ کاک کەریمی سالمی بەجێهێشت، عەباسئاغا کورسیی نێو دووکانەکەی بۆخۆی پاراست و دوای تەواوبوونی ئیشوکاری بێهداری دەهات و لەوێ دادەنیشت.

من زۆرم ڕێز لێدەگرت و ئەویش خۆشیدەویستم. کاتێ خەریکی تەرجەمەی شێعری «حەیدەربابا»ی شەهریار بووم، زۆری یارمەتیی دەدام، لە ڕاستیدا عەباسئاغا وەرگێڕی سەرەکیی شێعرەکان بوو و من تەنیا ڕێکمدەخستن. کاتێ کە تۆفانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران هەڵیکرد و هەرکام لە ئێمەی وەک تووی هەرێز بە لایەکدا برد، من پشت لە دۆست و ڕوو لە دوژمن پەڕیوەی ئەم لایانە بووم، بەڵام ژنەفتم عەباسئاغا و بنەماڵەکەی لە گەورەشاری تەورێز گیرسابوونەوە. تەورێزێک کە ڕەچەڵەکی باووباپیرانی لەوێوە هاتبوو، بۆ ئەو نامۆ بوو و لەوێ هاتوچۆی کەمتر کەسێکی دەکرد و ئەگەر هاتوچۆیەکیشی ببووایە لەگەڵ کورد و بۆکانییەکانی دانیشتووی تەورێز بوو. لە کۆتایی ڕێگای ژیانیشدا، بەداخ و حەسرەتی بە لاڕێدا ڕۆیشتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دووریی منداڵەکانی و خەم و خەفەتی هەڵکەندران لە بۆکان و شێوانی ئەو هێلانە بچووکەی وا لەوێ پێکەوەی نابوو، سەری نایەوە. ئەوە سێ قۆناغی سەرەکی ژیانی عەباسئاغای ئەمینئاوەیە: لە ساڵی ١٣١٠دا لە باکۆ هاتۆتە جیهان، لە ١٣٤٠دا لە بۆکان زەماوەندی کردووە و لە ١٣٨١دا لە تەورێز سەری ناوەتەوە؛ ژیانێکی ٧١ ساڵەی کار و خزمەت لە ڕیزی خەڵک و لە دژایەتیی دوژمنانی خەڵکدا. یادی بەخێر بێ!

## ٢٦. مامۆستا گۆران

حەسەن ئەیووبزادە (مامۆستا گۆران) ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣) لە گوندی کەرێزەی ئەییووبیی نزیک بۆکان لەدایکبووە، لە بۆکان چۆتە خوێندنگە. لە قوتابخانەی قەڵای سەرداری بۆکاندا پێکەوە دەمانخوێند. دوو ساڵێکیش لەگەڵ نەمر سوارە ئێلخانیزادە، کە دوای نەخۆشییەکەی گەڕابۆوە سەر دەرس و خوێندن، هاوپۆل بووین. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی چۆتە دەبیرستانی کەشاوەرزی کە بۆ ماوەی چەند ساڵ لە بۆکان دانرابوو، پاشانیش چۆتە دانیشسەرای کەشاوەرزیی ورمێ، ئینجا بۆتە مامۆستای قوتابخانە لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان و درەنگتر لە زانستگای تاران بەشی ماف و زانستە سیاسی و ئابورییەکاندا، فەوقی لیسانسی لە بواری مافە تایبەتییەکان وەرگرتووە و لە شارەکانی کوردستان و ئێران وەک دادوەر خزمەتی خەڵکی کردووە.

لە ژیانی شەخسیدا لایەنگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بووە و وەک کوردێکی خاوەن بڕوا داکۆکیی لە مافی گەلی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کردووە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا چۆتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و دوای هێرشی کۆنەپەرستانی ئێران بۆ سەر کوردستان، لەگەڵ پێشمەرگەی حیزبدا شاری بەجێهێشتووە و ساڵانێکی زۆر لە بەشی دادوەریی حیزب لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەڵسووڕاو بووە.

دوای هاتنە دەرەوە لە وڵات، کاری حیزبایەتیی وەلا ناوە و بە نووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانەوە خەریک بووە. مامۆستایەکی کەموێنەیە لە نووسینی کوردیی پەتیدا، جگە لە فارسی، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئاڵمانی دەزانێ. سەبارەت بە تیرۆری نەمران دوکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لێکۆڵینەوەی کردووە و کتێبی «ئیسکۆرت بەرەو تاران»ی پیتر پیلچ پەرلەمانتاری ئوتریشی (نەمساوی) لە

ئاڵمانییـەوە وەرگێڕاوەتە سـەر كوردی كە تا ئێسـتا چەندەها جـار چاپ كراوەتەوە. نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ و چیرۆكنووسە. خاوەنی دەیان كورتەچیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، بابەتی سیاسـی و شـێعر بۆ زاخاوی مێشـكە. كتێبی «شـازدە بچكۆلانە»ی سـێنت ئیگزۆپێریی لە فەرەنسـی، «شێعر چیە»ی نزار قەبانی لە عەرەبی، شێعرەكانی هاینریش هاینە، فاوست و بەرهەمەكانی «گۆتە»ی لە زمانی ئاڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سـەر زمانـی نەتەوایەتیمـان و زۆر بەرهەمی دیكەش لە كارنامەكەیدا نووسـراون، بەڵام بەداخەوە بەشێكیان هێشتا لە نێوخۆی وڵات بڵاونەكراونەتەوە

ئەوە نموونەیەک لە قەڵەمی بەپێزی مامۆستایە:

**من و دارەبەن** [١]

كات دەمـەو زەردەپـەرە، دارەبـەن لـە ئامێـزی دۆڵـی چـۆڵ و كـراڵدا بـە شـنەی شـەماڵ، پرچی ئاڵۆزی بەشـانە دەكا و لیزگەلیزگە دەیهۆنێتەوە. لە شـادیی ژوان و شەوڕاموسـانێكی خەیـاڵاوی لەگـەڵ تریفـەی مانگەشـەو، تەزوویەكـی سـارد بـە سـەرتاپای لەشـیدا دێ. شـەو زرینگاوەتەوە، ئارەقی ئەوین دڵۆپدڵۆپ دەتكێتە نێو هەنـاوی دارەبـەن و پەنجەكانـی هێدیهێـدی بە سـرووە دەلەرن و شـەوباش لەگەڵ ئەسـتێرە دەكەن. تریفەی بێئارام تارمایی شـەوەزەنگ وەلادەنێ و ئامێزی فێنكی لە باڵای دارەبەن وەردێنێ و لە نێو یەكتردا دەتوێنەوە.

كات بەرەبەیانـە، گزنگ ئەنگوتووە، دارەبەن سەرمەسـتی ئەو ژوانەیە، كە قەڵتی تەشوێی كاسبكارێک لەو خەوە یەزدانییە ڕایدەپەرێنێ. ئەو خەوپەڕێنە دەستوەشێنە سـەرتاپای دارەبـەن بەبێ بەزەیی زامـدار دەكا و بۆ هەر زامێ گۆمیلكەیەكی قوڕین وەكوو قاپێلكەی چاوی برسی بە لەشییەوە دەلكێنێ. زامەكان دەبن بە چاو و هەموو ئەسرینیان لێدەبارێ. فرمێسک دەڕژێنە نێو گۆمیلكە قوڕینەكەوە و دەبن بە ئاوێنە. لەو ڕۆژەوە كە زامەكانی دارەبەن دەبن بە چاو و چاوەكانیش ڕۆندكیان لێدەبارێ ئاهی سـاردی، لە بەندی هێشـووی قەزوانی شـلک و بۆنخۆشدا دەمێنێتەوە، كە لە

١. كوردستان، ئۆرگانی حدكا، ژمارە ١١٧، وەرگیراو لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆكان.

هــەر دەس‌پێداهێنانێـکدا دەڵێی دایکی ڕۆڵە کوژراوە کە بە ڕانی خۆی‌دا دەکێشــێ و پەکککووپەککوویەتی!

منیـش ئـەو کـوردەم کـە لـە بەرەبەیانـی خەوێکـی یەزدانـی‌دا وەکـوو دارەبەن، زامـداری بێ‌تاوانــی ئەو وڵاتەکاول کراوەم. هەر دوو لەشــمان بە ئاوریشــمی ئەوین چنراوە و پێ‌بەستراوی ئەو لێڕەوار و چۆڵ و چڕەین.

بەندی دڵی دارەبەن بە ناخی زەوی‌دا چووە و من بە پانایی و درێژایی ئەو وڵاتەدا بە تای کەزی و بە تیری مژۆڵی نازداران بە سینگی ئەردەوە هەزارهەزار مێخەکراوم و کێوی یادگاری باووباپیرانیان لەسەر سینگ داناوم.

ئێمە دوو ئەوینداری لەمێژینەین و دوو پێ لە زنجیرکراوی دێرینە. بەســەرهاتی ئێمە لە بلوێری شوانەوێڵە و لە قاسپەی کەو و چریکەی بولبول‌دایە. داخوا کەس هەیە ئەو بەسەرهاتەی ئێمەی بەگوێ نەگەیشتبێ؟ بەشێک لە کارە سیاسی ـ هونەرییەکانی لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان (بەشی نووسەران) دەست دەکەوێ.

## ٢٧. کاک برایم فەڕشی

کاک برایم لەو دەگمەن کەسانەیە بەختی ئەوەی بووبێ دوای هاتن بۆ ئورووپا لەسەر پیشەی هونەریی پێشووی خۆی مابێ و درێژەی بە هەمان ئەو کارانە دابێ کە لە نێوخۆی وڵات پێیانەوە خەریک بووە: شانۆگەری، لێکۆڵینەوە و دەرس گوتنەوە. نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکوو لەم لایانە بابەتەکانی بە دەرس خوێندبێ و ڕادەی زانستی پیشەیی خۆی بردبێتە سەرێ و لەوەش زیاتر، فێرگەی دانابێ و بە زمانی ئاڵمانی بە دەرسیشی گوتبێتنەوە. ئەم بەختە و لە ڕاستیدا ئەم هیممەتە، زۆرێک لە ئێمە نەمانبوو!

خۆی دەڵێ: «لە بۆکان لەدایکبووم و لە کۆڵن سەردەنێمەوە. تەرمەکەم بە گڕی ئاگر دەسووتێنرێ و هەرچێم لێدەمێنێتەوە بە ئاوی چۆمی تەتەهووی بۆکاندا دەدرێ، ئەگەریش نەکرا، خۆ چۆمی ڕاین ئامادەی میوانداریمە!»

لە بۆکان بۆتە فەرمانبەری ئیدارەی «ئامووزش و پەروەرش». دوای هاتنە دەرەوەی، لە بواری جیاجیای وەک دراما، ئەدەبیاتی نوێی ئاڵمان، شانۆپێداگۆگی، کامپیۆتێر، داڕشتنی سیستەمی فێربوون، مێتۆدی نووسیندا دەرسی خوێندووە. جگە لە بەرهەمی شانۆ و فیلم ٢٩ کتێب و هەژمارێکی زۆر وتار و بابەتی شانۆیی، فەرهەنگی بڵاوکردۆتەوە.

ئەندامی شانۆی لاوی بۆکان، شانۆی تەلەویزیۆنی کرماشان، ئەنجومەنی تیاتر، سەندیکای شانۆکاران، کارگەی هونەر، بەرپرسی شیرکەتی فیلم و نمایش لە تاران، دامەزرێنەری شانۆی کۆچەر، ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکاران (KSSE)، ڕێداکسیۆنی «Kurdištan Heute» و ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان، دەزگای شانۆپێداگۆگاکانی ئاڵمان (BUT) و بەرپرسی بەشی شانۆی نێونەتەوەیی و فرەکولتووری بووە.

وەک شانۆگێڕ، دەرهێنەری شانۆ و فیلم، کاری کردووە و ساڵی ٢٠١١ ئەنستیتۆی «Lernhaus»ی بۆ پرۆسەی فێر بوون بەپێی زانستی نۆیرۆلۆژی، پێداگۆگی و

سروشتی تاک دامەزراندووە، کە ساڵانە خوێندکاری فێرگە و زانستگاکان لە ئیتالیا و فەرانسە و ئاڵمانیاوە دەبنە میوانی و مێدیای ئاڵمانیا بە چڕیی ئاوڕی لێیان داوەتەوە.

**بەرهەمەکانی:**

**بابەتی شانۆیی و شانۆنامە:**

- شانۆ (ساڵی ٢٠٠٢، لێکۆڵینەوە)؛
- ماندانا (شانۆنامە١٩٩٦)؛
- زەوی (شانۆنامە، ١٩٩٥)؛
- دایکی نیشتمان و کۆشکی ئاوات (لێکۆڵینەوە/ شانۆنامە ١٩٩٤).

**مۆسیقا:**

- مۆسیقای کوردی لە نێوان هاوار و هیوادا (کۆمەڵەی وتووێژ ٢٠٠٢ کوردی، ئاڵمانیا)؛
- زمانی دوولا (وتووێژ سەبارەت بە زیرەک، محەممەد ڕەمەزانی ٢٠٠٢)؛
- زیرەک هونەرمەندی نەتەوەیەکی بندەست (باس و لێکۆڵینەوە ١٩٩٦).

**دەرسنامە:**

- تەکنیک و هونەری ئاخافتن ( ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧، وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە بۆ سەر زمانی کوردی)؛
- پڕۆژە فرەکولتوورییەکانی شانۆی پێداگۆگی (نامیلکە بە زمانی ئاڵمانی، ٢٠٠٢)؛
- دەرسنامە بۆ مامۆستای باخچەی منداڵان (نامیلکە بە زمانی ئاڵمانی، ساڵی٢٠٠٣، Spielpädagogik)؛
- مێتۆدی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ (نامیلکە بە زمانی ئاڵمانی، ٢٠٠٤، Kommunikation Training)؛
- دەرسنامەی پرۆگرامەکانی (Word, Excel, PowerPoint بە زمانی ئاڵمانی ٢٠٠٢)؛
- وێنە، دەنگی دڵ و بێدەنگی مێشک (کۆمەڵە تێکست بۆ ڕاهێنانی دەنگی شانۆگێڕ،

کوردی و ئاڵمانی، ٢٠٠٢)؛

**کتێب، فیلم:**

- تەلەفیزیۆن لە نێوان دامەزراندن و داڕزاندندا (هەڵسەنگاندنی تەلەفیزیۆنەکانی کورد، ساڵی٢٠٠٦)؛
- کردستان سرزمین رنجها و تجربەها (کۆمەڵەی وتار و ڕاپۆرتی سیاسی بە زمانی فارسی، ١٩٨٩)؛
- سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان (کتێبی دەنگ و چاپ ١٩٨٤ و ٢٠٠٠)؛
- هەڵەبجە و کۆسار، مەهاباد و گوڵەباغ لە وڵاتی چنار و هێمن، ساڵی ١٩٩٤؛
- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی سیاسەت (کۆمەڵە بابەتی سیاسی، ساڵی ٢٠٠٨)؛
- لە خودا و پێغەمبەر و دەوڵەت دەترسم (کۆمەڵە بابەتی تایبەت بە فەرهەنگ و سیاسەت، ساڵی٢٠٠٧)؛
- سەدەی کارەسات (وتوویژ لەگەڵ مامەغەنی بلووریان، ساڵی ١٩٩٦، چاپی ساڵی ٢٠٠٨)؛
- پازڵی کوردبوونی کورد (لێکۆڵینەوە ٢٠١٨ ـ ١٩)؛
- لە نێوان دوو وێنەدا (کوردی/ئاڵمانی ٢٠١٨ ـ ١٩)؛
- فیلمی Die Schule zwischen Hoffnung und Aufbruch ساڵی ٢٠١٨ بە زمانی ئاڵمانی.

## ٢٨. کاک نادر فەتحی (شوانە)

کاک نادر خزمەتکارێکی بێدیعایەی میللەتەکەیەتی. من ئەوە بەگوێرەی ئەزموونی کارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دەڵێم و هیچ زیادەڕۆیی‌یەک نابێ ئەگەر ئەوەی لێ زیاد بکەم کە خەڵکێکی کەمم بینیوە وا پڕ بەدڵ خەریکی کار و خەبات لەپێناو بەختەوەریی گەل و نیشتمانەکەمان بن، بێئەوەی ئارەزووی ناودەرکردن و «بە مامۆستابوون» بکەن! ئەوەی نادر لە ماوەی دەپازدە ساڵی ڕابردوودا کردوویەتی ئەگەر خەڵکانی دیکە بیانکردایە ئێستا دەیان جار بانگ کرابوونە سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە و سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان، بەڵام ئەو بەبێ چاوەڕوانی لە کەس و بێئەوەی بیەوێ ناودەربکا، کار و خزمەتی خۆی درێژە پێداوە و هەتا ئەمڕۆش هەر لەو ڕێگا پیرۆزە لاینەداوە.

کاک نادر وەرگێڕ، نووسەر و بەڕێوەبەری ماڵپەڕێکی پێشکەوتنخوازی وەک «ڕۆژهەلات/ بۆکان»ە و ئەرکی بەڕێوەبردنی سایتەکە خستوویەتە پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و خوێنەرانەوە. سەرەڕای کاروباری ژیانی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەکەش، خەریکی نووسین و وەرگێڕانی چەندەها بابەتی زانستییە، بوارێک کە کەمتر کەسی دیکە خۆی پێوە ماندوو دەکەن. ئەو بە باوەڕێکی پتەوەوە دژ بە خورافات و دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا وەستاوە و ئەوەی نووسیویە و لە ئاڵمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، هەمووی ڕوونکەرەوەی زەین و چرای ڕێگای ژیانی سەربەست و کۆمەڵگای ڕەها لە خوڕافە و نەریتی داڕزیوی کوردەوارییە.

بۆ ناسینی زیاتری ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کۆمەڵگاکەمان، با سەرەتا سەیری لیستەی نووسراوە و وەرگێڕاوەکانی بکەین کە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەلات/ بۆکان بڵاوبوونەتەوە:

١. دیمۆکراسی؛

٢. دیالۆگ؛
٣. مافی مرۆڤ و تولەرانس؛
٤. گەڕان بەدوای ماکەی پێکهێنەری ژیان؛
٥. لە تەقینەوەی مەزنەوە تا گەورەبوونەوەی حەشیمەتی سەر ئەم هەردە؛
٦. مێژووی کورتی کات و گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیاری سەبارەت بە کاکەشان؛
٧. پرسیار و وەڵام لەسەر زانستی گشتی؛
٨. مرۆڤ؛
٩. تیۆریی نیسبییەتی (ڕەوایی) ئەنشتاین؛
١٠. مێشکی مرۆڤ؛
١١. ڕاستییەکانی گەشەسەندن (داروینیزم)؛
١٢. پشتڕاستکردنەوەی تیۆری «گەشەسەندن»ی داروین؛
١٣. کورتە مێژووی مرۆڤ؛
١٤. مێژووی دوارۆژی مرۆڤ؛
١٥. ئەرک و ئەزموونەکانی سەدەی بیست و یەکەم؛
١٦. دیاردەی ئایین؛
١٧. مێژووی درۆیینی ئایین؛
١٨. ئایا مرۆڤ خودای خولّقاندووە؟
١٩. ئیسلامی فاشیستی؛
٢٠. محەممەد و «تۆڵەسەندنەوە»؛
٢١. قورئان، محەممەد و ئیسلامی فاشیستی؛
٢٢. ئایا هومێدی ڕزگارکردنی ئایینی ئیسلام هەر ماوە؟
٢٣. قورئان، پەیامی خۆشەویستی، پەیامی ڕق و کینە؛
٢٤. ئێزدییەکان و ئایینی زەردەشت؛
٣٥. شارستانییەت و ئاکام و ئاسەوارەکانی بۆ جیهان؛
٣٦. فریدریش نیچە و جیاوازیی لەگەڵ فەیلەسووفانی دیکە؛

٢٧. پێکهاتنی زمان لە بنەڕەتەوە و نزیکیی زمانەکانی جیهان لەگەڵ یەکتر؛
٢٨. کرۆنۆلۆژی ئەدەبیی جیهان؛
٢٩. کارتێکەریی کۆمەڵگا و بنەماڵە لەسەر منداڵ؛
٣٠. ئینتیگراسیۆن یان یەکگرتنی مرۆڤی بیانی لەگەڵ کۆمەڵگا ڕۆژاوایی‌یەکان؛
٣١. شەڕی سەیروسەمەرە؛
٣٢. هەڵاتن بۆ لای خودا، نووسراوەیەکی تراژیدییە سەبارەت بە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی «لیۆ نیکۆلاڤیچ تۆلستۆی»؛
٣٣. وتەی ناوداران؛
٣٤. دنیای مودێرنی ئێمە «وزەی ئەتۆمی»؛
٣٥. فێربوونی زمانی ئینگلیسی؛
٣٦. باشترین خواردەمەنییەکانی دژ بە نەخۆشیی شێرپەنجە؛
٣٧. ١٢ هەنگاو بۆ گەیشتن بە لەشێکی سالم و ئیدئال؛
٣٨. شەکر، وزەی وەڕێخستنی مێشکە یا ژارە بۆ لەشی مرۆڤ؛
٣٩. بیرەوەرییەکانی خەزاڵ؛
٤٠. ١٠ نهێنیی گرینگ لە ژیانی مرۆڤدا؛
٤١. وگتاریزم و وگانیزم؛ ژیانی سالم لە لەشی سالمدایە؛
٤٢. وەڵامی هەندێک پرسیار سەبارەت بە دووگیانیی ژنا؛ن

چاوخشاندنێک بە لیستەکەدا هەندێک ڕاستیمان بۆ دەردەخەن:

ئـا. هەڵبژاردنـی ئـەم وتارانە و نووسـین یـان وەرگێڕانیـان بەهەڵکـەوت نەبووە، بەڵکـوو بیرێکـی تیـژ و ڕوانگەیەکـی ڕوونـی سیاسـی ـ کۆمەڵایەتیی لە پشـت هەڵبژاردنی بابەتەکان و تەرکیز لەسەر نێوەرۆکی هاوبەشیان بووە؛

ب. خاوەنـی ئـەم ڕوانگەیـە، بەختەوەریـی مـرۆڤ و سـەرکەوتوویی کۆمەڵـگای بـە ئامانـج گرتووە و هـەر بۆیەش توانیویەتـی لەنێو سـەرقاڵیی ژیان و کاری ڕۆژانەدا کاتی پێویست بۆ خوێندنەوە و وەرگێڕانیان تەرخان بکا؛

پ. خاوەنی ئەم ڕوانگەیە ئاگاداری ئەم ڕاسـتییەش هەیە کە بەربەرەکانی کردنی

ئیرتیجاع لە سەردەمی برەوی ئیسلامی سیاسیدا کارێکی هاسان نییە، بەڵام ئەو بوێرانە بەگژ کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژیانی ئازاددا چووە و نەترسانە زیانەکانی خورافاتی خستۆتە ڕوو، کارێک کە زۆربەی ئێمە دەیزانین، بەڵام چاوی لێدەپۆشین!

هیچکام لە بابەتی نووسراو و تەرجەمەکراوی ئەو قەڵەمە، عەوامپەسند و بازاڕی نین، بەڵکوو لە هەموویاندا بنەما و ماکی باوەڕە ئیرتیجاعییەکان کراوەتە ئامانج و کۆمەڵگای لە مەترسییەکانی ئاگادار کردۆتەوە. باوەڕی قایم بە ڕێبازەکە وای کردووە لە خۆدەرخستن و ناودەرکردن دوور بکەوێتەوە و سەری تەنیا بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەوە گەرم بێ، هەر ئەوەش درێژەدان بە ڕێبازەکەی بۆ گونجاوتر کردووە.

ڕوانین بە نموونەیەکی کەم لە کارەکانی نادردا ڕاست بوونی بۆچوونەکانی سەرەوە دەردەخا.

لە سەرەتای کتێبی «ڕاستییەکانی گەشەسەندن»، نووسینی ئۆلریش کوتچێرادا وەرگێڕ بەرپرسایەتیی خۆی بە نیسبەت خەڵک بەو شێوەیە دەردەبڕێ:

«دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، بە ئەرکێکی گرنگم زانی بۆ زانیاریی لاوانی کورد وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی.» لە درێژەیدا بەرپرسایەتییەکی دیکە لە خۆی پیشاندەدا، ئەویش بە نیسبەت نووسەری کتێبەکە و مافی کۆپیڕایتسی ئەو: «نامەیەکم بۆ نووسەری کتێبەکە لە زانستگەی فرایبۆرگی ئاڵمانیا نووسی و داوای ئیزنی وەرگێڕانی کتێبەکەم لێکرد. ڕێزدار کووتچێرا بە میهرەبانییەوە قبووڵی کرد، منیش لەلایەن خوێنەرانی کورد و خۆمەوە سپاسی دەکەم. هیوادارم نێوەرۆکەکەی شایانی کەڵک لێوەرگرتنی خوێنەران بێ.» ئینجا وەڵامی نووسەر ڕادەگەیەنێ کە بۆی نووسیوە: «... سپاس. ئێوە دەتوانن نووسراوەکەم وەرگێڕن. خۆشحاڵم لەوەی کتێبەکەی منتان پێ باشە، بەهۆی ڕەخنەی توندی من لە هێزی خوڵقێنەر، کتێبەکەم لەلایەن ژمارێک لە خوێنەرانەوە پەسند نەکراوە...»

باوەکوو هەر ئەو چەند وشەیەی نووسەر نێوەرۆکی کتێبەکەمان بۆ دەردەخا،

بەڵام با سەیرێکی کتێبەکەش بکەین و چەند دێڕێکی پێشەکییەکەی بخوێنینەوە بۆ ئەوەی گرنگایەتیی کتێبەکەمان بۆ دەربکەوێ: «لە پەنا کتێبی ئایینیی ئینجیل و لە کولتووری دنیای مەسیحیدا، هیچ پەڕتووکێک بە ڕادەی کتێبی «سەبارەت بە سەرچاوەی چەشنەکان» (On the Origin of Species)ی چارلز داروین (١٨٠٩ - ١٨٨٢) نەیتوانیوە کارتێکەریی لەسەر بۆچوون و تێگەیشتنی مرۆڤ سەبارەت بە سروشت و دنیای دەوروبەری مرۆڤ هەبێ...»

ئەوە ڕاست ئەو شتەیە کە وەرگێڕ بە شوێنیدا دەگەڕێ: کارتێکەریی زانایانە لەسەر مرۆڤ و بەتایبەت مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی لە گێژاوی خورافەی ئایینی بێتە دەر و ڕاستەڕێی زانست و ئەندێشە بگرێتەبەر. بۆ ئەم کارەش کتێبێکی دیکە ئامادە دەکا: «کورتە مێژووی مرۆڤ» و لەوێدا هۆکاری پەرەسەندنی «مرۆڤی ساپیەن» لە نێئاندرتاڵەکانی نێو ئەشکەوت و لە ئەنجامدا باڵاکردن و گەیشتنیان بە پلەی مرۆڤی خاوەن بیری ئەمڕۆیی، بەو شێوەیە دەناسێنێ: «گەورەیی قەبارەی مێشک، خاڵێکە کە مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرەکانی دیکەی ئەم جیهانە جیا دەکاتەوە... تایبەتمەندییەکی تر، لەسەر دوو قاچ ڕاوەستان، ڕاست بەڕێدا ڕۆیشتن و ئازادبوونی دەستەکانییەتی... کە کردوویەتە مرۆڤ»، ئینجا باسەکە دەگەیەنێتە مەسەلەی سەرهەڵدانی ئایین لە کۆمەڵگای مرۆڤی خاوەن بیر (ساپیەن)دا و دەڵێ مەرگ بۆ مرۆڤی ساپیەن دیاردەیەکی نەناسراو بوو و لە ئەنجامدا هێزێکی ئەبەدییان بە ڕۆحی مردووەکان دەبەخشی، ئینجا ئەم ئاکامە لە قسەکانی وەردەگرێ: «ئانیمیزم یان باوەڕ بە ڕۆح لەلایەن مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەرەوە، دەبێ وەک سەرەتایەک بۆ دروستبوونی هەزاران باوەڕ، بۆچوون، فەرهەنگ، دابونەریت و ئایین سەیر بکرێ» (ل ١٤ و ٤٥)، واتە ئایین و کەسایەتییەکی خوڵقێنەر هەردووکیان ئاکامی بیرکردنەوەی ساپیەنە سەبارەت بە قۆناغی دوای مردن کە بەهۆی نەبوونی زانستی ئەمڕۆیییەوە لە مێشکی خۆیاندا جێگریان کردووە و تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

شوێنی ئەم ڕەوتە لە کتێبەکانی دیکەشیدا هەڵدەگیرێ. لە کتێبی «مێژووی دوارۆژی مرۆڤ»دا، پرسی ڕابردووی مرۆڤی خاوەنبیر شوێنی خۆی دەداتە چارەنووسی

دواڕۆژی ئـەو مرۆڤـە و ئەو جیهانەی وا لە بەردەسـتی‌دایە: «ئایا هۆمۆسـاپیەنەکان دەکەونـە چ دۆخێکـەوە ئەگەر لە داهاتوودا بە هێزی تیکنۆلۆژی، بوونەوەرێکی نوێ (هۆمـۆی نـوێ) بخوڵقێ کـە بە ڕادەی جیاوازیـی نێوان هۆمۆسـاپیەن و نێئاندرتاڵ، جیاوازیی ڕوونی لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆیی‌دا هەبێ؟»

بۆ کەسێک کە بەو شێوەیە خەمی مرۆڤایەتی دەخوا و سەیری جیهانی دواڕۆژی بـە تێکنۆلـۆژی ڕێبەرایەتی‌کـراو دەکا، ئاشـکرایە لـە دواکەوتوویـی کۆمەڵگاکـەی خـۆی ڕەنـج بکێشـێ و لـە بیری پێشـکەوتنی‌دا دەبـێ. سـەرەکیترین نیشـانەی ئەو دواکەوتوویی‌یـە، وا هەیـە دوورمانـەوە لـە زانسـتی ڕۆژ، درێـژەی پەیوەنـدە کۆنە عەشـیرەتییەکان و بەهێزبوونی ئایین بێ. مەسـەلەی ئایین و ئەو بەربەسـتانەی وا لەسـەر ڕێگەی بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵگای کوردەواری داناون، گەلێک هەسـتیار و بـۆ هەندێـک کـەس بڤە دەنوێنن، هـەر بۆیەش خۆ لـە قەرەی نادەن. هۆکارەکەشـی ڕوونە: کۆمەڵانی خەڵک بە درێژایی ١٤ سەدە لەگەڵی‌دا ژیاون و خوویان پێگرتووە و بەهۆی بیرکردنەوە لە بەسەرهاتی نادیاری دوای مردن و ئەو ترسەی کە خورافات لە دڵی خستوون و مەترسیی گۆڕەوشار و پردی سیرات و مالیکی دۆزەخ، دەرەتانی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستییانەی دیاردەکەی بەتەواوەتی لێ‌سەندوون.

باشە، لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەبێ چی بکرێ؟ بۆ ڕووناکبیرێکی بێ‌دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتـی، ئەویـش لـە دەرەوەی وڵات، جگـە لـە ئەرکـی ڕوونکردنـەوە و هەوڵ لەپێناو بردنی زانست بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، چی دیکە لە کردن دێ؟

ڕاست لەم بوارە تایبەتەدایە کە کاک نادر ٨ کتێبی لە زمانی ئاڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سـەر کـوردی: «دیـاردەی ئاییـن»، «مێـژووی درۆیینی ئاییـن»، «ئایا مـرۆڤ خودای خوڵقانـدووە؟»، «قورئـان، پەیامی خۆشەویسـتی، پەیامی ڕق و کینـە»، «ئایا هومێدی ڕزگارکردنی ئایینی ئیسلام هەر ماوە؟»، «ئیسلامی فاشیستی»، «قورئان، محەممەد و ئیسـلامی فاشیسـتی» و «محەممەد و تۆڵەسـەندنەوە». ئەو، کە خـۆی و بنەماڵەکەی پێشـینەیەکی ئایینییان هەیە، هیچ کێشـەیەکی تاکەکەسیی لەگەڵ باوەڕی تاکەکەسیی ئیماندارانـ‌دا نییـە و ئـەو کتێبانەش کـە تەرجەمەی کردوون لە ڕاسـتی‌دا بۆچوونی

خەڵکانـی دیکـەن، بەڵام ئایا ئەرکی ڕووناکبیرێک ئەوە نییە کە سـەرچاوەکانی بیر و هـزری پێشـکەوتووی ڕۆژهەڤ بخاتـە بەردەسـتی کۆمەڵـگا و بڕیاردانـی کۆتایـی بسپێرێتە دەستی خەڵکەکە خۆیان؟

ئایـا کەسـانی وەک حاجی قـادری کۆیی، کەمال فەوزی، قانـع، موفتی پێنجوێنی، شێخبابای غەوساباد، جەمیل سیدقی زەهاوی، سەیفولقوزات، لاهووتیی کرماشانی و گۆرانیش کە پێشڕەو بوون بۆ هێنانی خوێنی تازە بۆ نێو دەمارە ویشکهەڵاتووەکانی کۆمەڵگاکەمـان و هەتـا ئێسـتا و بۆ هەمیشـەش کۆمەڵـگای کـوردەواری بە ڕێزەوە سـەیریان دەکا، جگـە لـە بەڕێوەبردنی ئـەو ئەرکە مەزنە کارێکـی دیکەیان کردبوو؟ ئەگەر مەلای گەورەی کۆیە «هەتا مردن بۆ کوردان دەناڵی» و هاواری دەکرد: «هەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ/ ئومێدی زیندەگانیت قەت نەمێنێ» و ئەگەر جەمیل سیدقی زەهاوی خۆی بە فیدای حەکیمی «عەقڵ» دەکرد و دەیگوت: «تەنیا فەرمانی سروشتە مـن دەجووڵێنێتـەوە و هەرگیز لـە تاریکایی ڕێگای جیهاندا جگە لە عەقڵ، پشـت بە هیچ چرایەک نابەستم و فریوی حۆری و مەعادی مەلایانیش ناخۆم»، ئایا هەمان ئەو کارەیان نەکرد کە نادر ئێسـتا دەیکا؟ ئایا وەرگێڕان و نووسینی بێهەستوخوستی ٨ بەرگ کتێبی زانستی لە بواری سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ئاییندا نایسەلمێنێ کە نادریش چۆتە ڕیزی ئەم پێشڕەوانەی کۆمەڵگای کوردەوە؟ ئایا هیچکام لە نووسەران و وەرگێڕانـی کـوردی هاوسـەردەمی ئێمـە ئەوەنـدە بوێـر بـوون بتوانـن لەجیاتـی شـەڕەپەڕۆ و سـووکایەتی کـردن بـە یەکتـر، نـەک هەشـت، بەڵکـوو دوو کتێبـی ڕوونکەرەوە لەو بوارە گرنگەدا تەرجەمە بکەن؟ کێی دیکە تا ئەم ڕادەیە سەرەکیترین ئەرکـی ڕووناکبیریـی کوردی سـەردەمی ئێمـەی بەڕێوەبردووە و پەنجـەی ناوەتە سەر ئەم هۆکارە بنەرەتییەی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەمان؟

سـەرەڕای ئـەم ئامانجە بەرزە، من کـە زۆروکەم، ڕۆژانە یـان هەفتانە لەگەڵیدا پەیوەندیم هەیە، هەرگیز نادرم نەبینیوە بە ڕق و کین و نەفرەتەوە سەیری دیاردەیەک و کەسـایەتییەکی کۆمەڵـگا بکا و لە پشتەسـەر سـەبارەت بە کەسـێک بـدوێ، ئەوەش خاڵێکـی بەهێـزی دیکەی کەسـایەتیی ئەو گەورەپیـاوە هەڵکەوتووەیە. تەنانەت کاتێ

ئەو کتێبانە وەردەگێڕێتە سەر زمانی نەتەوایەتیمان کە بەرپەرچی کۆنەپەرستی و باوەڕی خوڕافیی نێو کۆمەڵ دەدەنەوە، هەرگیز هەڵوێستێکی توندوتیژ بەرانبەر بەو باوەڕانە و بانگەرەکانیان ناگرێ و سووکایەتییان پێناکا؛ بەپێچەوانە کتێبێکی وەک «ئایا هومێدی ڕزگارکردنی ئایینی ئیسلام هەر ماوە؟» تەرجەمە دەکا، کە وتووێژێکی دوو لایەنەی نێوان لایەنگرێک و دژبەرێکی ئایینەکەیە و لەوێدا بایەخ و مافی یەکسان بە مەلای خاوەن ئیمانی موسوڵمان دەدا چی دەیهەوێ بیڵێ، بێئەوەی دوور و نزیک بەرگریی لێبکا. ئەوە ئەو دەرسەیە کە من و زۆر کەسی دیکە دەبێ لە شێوازی کارەکانی نادر فێر بین و لەجیاتی دەمارگیری و لایەنگری کردنی توندوتیژانە، مەنتیق و عەقڵ بکەینە داوەری نێوان خۆمان و ناحەزانی بیروباوەڕمان.

**

من ئەم چەند دێڕە وەک واجبێکی کەفایی سەبارەت بە کەسایەتییەکی خزمەتگوزاری گەل دەنووسم کە ساڵانێکی زۆر، دوور لە هاتوهاواری ڕووناکبیرانە، هێمن و لەسەرەخۆ، خەریکی نووسین و وەرگێڕانی ئەم هەموو کتێب و وتارە گرنگانە بووە و لەسەر ماڵپەڕێکیش بڵاوی کردوونەتەوە کە خۆی کارگێڕ و بەڕێوەبەریەتیی. من ساڵانێکی زۆرە لە پەیوەندیی ڕۆژانە و هەفتانەی کاک نادردام، زۆر وتار و زنجیرەبابەتم سەبارەت بە نووسراوە و کتێبی خەڵکانی جۆربەجۆر لەسەر ماڵپەڕەکەی ئەو بڵاوکردۆتەوە بێئەوەی ئاماژەیەک بە کارەکانی ئەو بکەم و بێئەوەی ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتەیەش لێم بڕەنجێ و جارێک پێم بڵێ ئاخر جەنابی نامامۆستا! تۆ کە پێتوایە عەڕشوقوڕش دەگەڕێی بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی سەبارەت بە بۆکانی تێدا بدۆزیتەوە، بۆچی لە بنگوێی خۆتدا کارەکانی من نابینی!

ئێستا کە تاقەتی نووسینم کەم بووە و بەرەو ئەوە دەچم بەتەواوەتی بیوەستێنم، دەمەوێ بە چەند دێڕێکیش بێ پێ لەو هەڵەیە و ئەو ناتەواوییە گەورەیەی کارەکانم بنێم و لەو و لە خوێنەرانی بابەتەکانم داوای لێبووردن بکەم. نادر شایانی ڕێزلێنانی

زۆر لەلایــەن کۆمەڵگاکەمانەوەیــە و مــن بــەو چەنــد دێڕە بەشــێکی کەم لــەو ئەرکە بەجێدەهێنم، ئیتر دوای من چی دەبێ و چی دەکرێ، دەوەستێتە سەر ڕووناکبیرانی بەرپرسی کورد و ئەوانەی وا چێژیان لە نووسراوە و تەرجەمەکانی ئەو وەرگرتووە، دیارە لە پێش هەمووشــیاندا نووســەران و هاوکارانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان؛ بەڵکوو ئەوان لە من واقیعیتر بڕواننە دەوروبەریان.

## ٢٩. کاک کامران ئەمین‌ئاوە

کامـران و کاک نـادر فەتحـی پێکـەوە، بـەڵام هەرکام لە بـواری خۆیان‌دا، شـێواز و ڕێبازی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکانیان گەیاندۆتە ئاستێک کە جگە لە باری ئەدەبی و هونەری و مێژوویی، سـەرچاوەیەکی باش بێ بۆ بابەتی زانسـتیش. کارەکانی کاک نادرم لە بەشـی پێشـتردا ناسـاند. لێرەدا ئاماژەیەک بە نووسـینەکانی کاک کامران دەکەم.

کامـران دوکتۆری پزیشـکییە و لە سـەردەمی یەکییەتیی سـۆڤیەتی‌دا لە زانکۆی پزیشـکیی شـاری مینسکی بێلاڕووس دەرسـی خوێندووە و شەهادەی دوکتۆراشی هەر لەوێ وەرگرتووە، بەڵام ئێستا لە خەستەخانەکانی ئاڵمانیا کار دەکا.

باوکـی کامـران «عەباس‌ئاغـای بێهـداری»، وەک موهاجیرێکـی ئازەربایجانـی، سـاڵانێکی زۆر بـوو لـە بـۆکان گیرسـابۆوە و لە بێهداریی شـارەکەدا پزیشـکیاریی دەکرد، کەسایەتییەکی هێدی و جێگەی ڕێز و لەباری سیاسییەوە خۆی بە دەروەست دەزانـی، بـە شـێوەیەک کـە هەمـوو خەڵکـی شـارەکە ڕێزیـان دەگـرت و خۆشـیان دەویسـت. سـەڵتەنەت‌خانمی دایکیشـی بە ئەسـڵ مەهابادی بوو کە ماڵە بابی زووتر هاتبوونـە بـۆکان و دوای تەواوکردنـی خوێندنەکـەی لە هەمان بێهداریی شـارەکەدا ئەرکی پەرستاریی بەڕێوە دەبرد. کامرانیش هەر لە بۆکان لەدایک‌بوو و تا سێهەمی دەبیرستان لە بۆکان دەرسی خوێند و دیپلۆمی لە شاری تەورێز وەرگرت.

دوای ئەوەی ئایەتوڵلاکان شۆڕشـی ئێرانیان دزی و هێرشـی پاسـدار و سـپای ئێرانی بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩دا دەستی پێکرد، کامرانیش وەک زۆرێکی دیکە لە هەڵسـووڕاوانی نێو ڕێکخراوە سیاسـییەکان، کوردسـتانی بەجێ‌هێشت و لە کۆتایی ڕێگادا لە شاری باکۆ و درەنگتر لە شاری مینسک گیرسایەوە و ئینجا دوای تەواو بوونی خوێندنەکەی، گەیشتە ئورووپای ڕۆژاوا.

کامـران بـە کوردی و فارسـی دەنووسـێ و بابەتیـش لە چوار زمانی ڕووسـی،

ئینگلیزی، ئاڵمانی و ئازەرییەوە تەرجەمە دەکاتە سەر کوردی و فارسی. نێوەرۆکی بەرهەمەکانی بریتین لە دوو بواری:

- پزیشکی و تەندروستیی گشتی؛
- سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری و ئەدەبی.

ڕەنگە چاوخشاندنێک بە لیستەی کارەکانیدا مەسەلەکە باشتر دەربخا:

**کتێب بە کوردی:**


- بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان، چاپی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢٠؛
- بنەماکانی شێرپەنجەی گەدە، ڕیخۆڵەیی، تیرۆئید، مەمک و پرۆستات [بە هاوقۆڵی لەگەڵ د. حەسەن شەتەوی]، دەزگای غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٨؛
- زانستی پزیشکی بە زمانێکی ساکار، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆک ٢٠٠٧، چاپی دووهەم، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠١٣؛
- نەخۆشییەکانی هەناو، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠١٣؛
- شوانی کورد، عەرەب شامیلۆڤ، تەرجومە لە ڕووسییەوە، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، سۆران، ٢٠٢٠.


**کتێب بە فارسی:**


- واژەنامە پزشکی روسی بە فارسی، نشر انوشە، مینسک، بلاروس ٢٠١٤؛
- فرهنگ پزشکی روسی - لاتین بە فارسی؛ فرهنگ روسی بە فارسی، زیست‌شناسی، نشر انوشە، مینسک، بلاروس، ١٩٩٦؛
- کردستان معاصر، لازاریف، محوی و... ترجمە از روسی، نشر روشنگری، آلمان، ١٣٩٥/ ٢٠١٦؛
- تاریخ کردستان، لازاریف، محوی و دیگران، ترجمە: منصور صدقی، کامران امین‌آوە، نشر فروغ، کلن، آلمان ٢٠٠٧؛
- چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، آلمان ١٣٩٥/ ٢٠١٦؛

- سالم زیستن آموختنی است! چاپ اول ١٣٩٠/ ٢٠١١، انتشارات زانكو، بوكان، چاپ دوم، نشر روشنگری، آلمان ٢٠١٦؛
- افعال و مبانی زبان دستور زبان آلمانی، چارلز جی. جیمس، ترجمه از انگلیسی، نشر روشنگری ١٣٩٥/ ٢٠١٦؛
- پێشەكی و وەرگێڕانی بەشێک لە چیروک و بابەتەكانی مامۆستا حەسەن قزڵجی كە لە كتێبی «مجموعه داستان خندەی گدا»، نشر دوستی، ئاڵمانیا ١٣٩٥/ ٢٠١٦؛[١]

**لێكۆڵینەوە بە كوردی:**

- كوردستان لە سەرەتاكانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا كۆتایی شەڕی یەكەمی جیهانی؛
- بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان؛
- حیزبی توودەی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد لە ئێراندا؛
- دێموكراسی و چەشنەكانی؛
- هەڵسەنگاندنی لیبرالیزم لە ڕوانگەی سوسیالیستییەوە؛
- نیولیبرالیزم لە ئاوێنەی مێژوودا؛
- گەڕانەوەیەک بۆ چەمكی سوسیالیزم؛

**وتاری دیكە بە كوردی:**

(سەبارەت بە كێشەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان)

١. ئەم كتێبە كاری هاوبەشی بەڕێزان تاهیر بەرهون، تاهیر حیكمەت، مەنسوور سدقی، ناسر باباخانی، ناسر ئەمیننژاد، نەمر ناسر ئێرانپوور و كامران ئەمینئاوەیە كە بە بۆنەی سەدەمینساڵی لەدایكبوونی مامۆستا ئامادە كرابوو.
- مقدمه: جان شیفته
- تاج و تخت كدخدا عمر
- قرآنخوانی بەجای رشوه
- احساس داشتن ممنوع است!
- آیا ادبیات كردی عقب مانده است؟
- عبا و روبند لباس زنان كرد نیست!
- جاشنامه

- خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و هۆیەکانی سەرنەکەوتنی؛
- کورتەباسێک لەسەر ڕەمزی سەرکەوتنی بیری سەربەخۆییخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛
- کێشەی کورد و دروشمی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛
- کورد و ناسیۆنالیزم و ئاواتی بەدەوڵەتبوون؛
- بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ ڕزگاریخوازانەی کورد لە ئێران؛
- هەلومەرجی ئێستا و شەڕی چەکداری؛
- کورد لە ئەگەری ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا؛
- خەمۆکیی سیاسیی؛
- بنەواشەی هەڵبژاردنەکان لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا؛
- چل و یەک گەورەتر لە پەنجا و یەکە؛
- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان فیدرالیزم و بنێشتەخۆشەی «عەقلییەتی سیاسی»؛
- دروشمی ڕووخاندنی حکوومەتی تاران و ئێمەی کورد؛

**سەبارەت بە حیزبە کوردستانییەکان و کێشەی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

- گرینگیی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەربەستەکانی پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛
- حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشەی پێکهێنانی بەرە؛
- گرینگیی بەرەی کوردستانی و کاری هاوبەش؛
- ڕەخنەگرتن بۆ کام مەبەست؟
- کورد و ناتەبایی نەتەوەیی؛
- حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بیر و فەرهەنگی خێڵەکی؛
- حیزبە سێکولارەکانی کوردستان و ئایینەکان؛
- لەتبوونی حیزبی دێموکرات و شانتاژە سیاسییەکان؛

- پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و چەند تێبینییەک؛
- چەند سەرنجێک بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانیدا؛
- پێکهێنانی شووڕای دێموکراسیخوازنی ئێران لەپێناوی چیدا؟
- تیرۆری شەوی یەلدا؛

**سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان:**

- تام و چێژی زیندانی کوردان؛
- از ماست کە برماست؛
- میدیای باشووری کوردستان؛
- گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان و ئێمەی ڕۆژهەڵاتی

**سەبارەت بە موجاهیدینی خەڵق و نمایشە تەلەفزیۆنییەکانی ئێران:**

- ئاکامی هێرشی دەوڵەتی ئێراق بۆ بنکەی ئەشرەف؛
- ئاش بە نۆرەیە؛
- ئابڕووبەرەی ئابڕووچوو.

**بابەتی مێژوویی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی:**

- یادگاری شیرین؛
- کورتەیەک بۆ ناساندنی فیلمی«استاد»، ژیان و بەسەرهاتی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد لاهووتیی کرماشانی؛
- ئەفسانەی دەوری یەکییەتیی سۆڤیەت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ. ک؛
- کورتەباسێک لەسەر کەموکورتییەکانی وەرگێڕانی پەڕتووکی مێژووی کوردستان؛
- ژنکوژی، شەرەف و نامووس و یاسا لە باشووری کوردستان؛
- مرۆڤ لە بەرزەکی وتە و کردەوەدا؛
- دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە «حکوومەتی بەڕاست ئیسلامیی

ئێراندا»؛

ـ مادەی سڕکەر و قەیرانی ئینسانی لە ئێران؛

**وەرگێڕان بۆ سەر کوردی:**

ـ زمانی کوردی، گرووپی ئێرانی لە نێوان بنەماڵەی زمانەکانی هیند و ئورووپاییدا (لە ڕووسییەوە)؛

ـ فاتمەڕەش، شێرەژن (لە ئینگلیزییەوە)؛

ـ لە بارەی ڕۆڵەی بەناوبانگی کورد «قاچاغ نەبی» (لە ڕوسییەوە)

**پزیشکی:**

ـ تازەکانی پزیشکی؛

ـ دڵ و چالاکی سێکسی؛

ـ نەخۆشـیی کۆرۆناڤایروسـی ٢٠١٩، پەتایەکـی تـازەی جیهانیـی؟ (تەرجومـە لە ئینگلیزییەوە)؛

**وتار بە فارسی در رابطە با مسالە ملی کرد:**

ـ احزاب کردستانی و کاربست شیوەی مبارزە مسلحانە؛

ـ مذاکرە احزاب کردستانی با حکومت اسلامی ایران؛

ـ مسالەی کرد و شعار اصلی در شرق کردستان؛

ـ کردها، ناسیونالیسم و آرزوی استقلال کردستان؛

ـ آنی کە باد میکارد، طوفان درو میکند؛

ـ زایشی نو؛

ـ پاسخ کوتاە یک ناسیونالیست کرد؛

ـ زایشی پردرد، اما نویدبخش؛

ـ «کوردستان یەک وڵاتە، کۆبانی ڕۆژهەڵاتە»؛

ـ گارد آزادی حکمتیست، توهم یا واقعیت؛

ـ پاسخی کوتاە بە سرمست از فدرالیسم قومی؛

- تخریب شخصیت یا نقد اندیشه؛
- ملی‌گرایی یا دگر ملت‌ستیزی؛
- وقتی که اراذل و اوباش سلحشور خوانده می‌شوند؛
- جنبش رهایی‌بخش کرد، علل ناکامی‌های آن؛
- متن کامل مصاحبه با سایت اتحادیه میهنی کردستان؛
- احزاب شرق کردستان و فکر و فرهنگ عشیره‌ای؛
- احزاب سکولار کردستان و ادیان؛
- تاملی بر نوشته آقای محسن قائم‌مقام در رابطه با تاملی بر بیانیه حزب دمکرات کردستان؛
- نقدی کوتاه بر حملات گلادیوتورها برای تخریب شخصیت ملت کرد؛
- نقدی کوتاه بر ما، ایران ما و ادبیات چند زبانی؛
- کنفرانس پراگ و مساله ملی در کردستان؛
- آلزهایمر سیاسی؛
- ایرانی کمونیست یا کمونیست ایرانی؛
- زنده‌باد کرد تجزیه‌طلب، بخوان استقلال‌طلب.

**یادبودها:**

- مرضیه فریقی بانوی موسیقی کردی درگذشت؛
- قلب شاعر برجسته کرد عمر سلطانی (وفا) از طپش باز ایستاد؛
- نوای سحرآمیز شمشاڵ؛
- قلب استاد حسن صلاح (سوران) از تپش باز ایستاد؛
- سرزمین من کردستان؛
- آسمان غمزده کردستان؛
- من کی‌ام؟!
- مامه غنی هم درگذشت؛

- تیر، ماه خونین؛
- بدرود «نگار»، مبارز کرد؛
- ناصر هم رفت.

**ترجمەها:**

- شرکت کردهای عراق در تشکیل دولت جدید (ترجمه از روسی)؛
- برخی از مسائل کردهای ترکیه و عراق (ترجمه از روسی)؛
- کشتار دهقانان (منطقه بوکان) توسط فئودالها (ترجمه از کردی)؛
- نامەی یک دختر جنگجوی کرد از کوبانی به مادرش (ترجمه از کردی)؛
- لباس سنتی کردهای ایران و عراق (ترجمه از روسی)؛
- زبان کردی، گروه ایرانی در میان خانوادەی زبان‌های هند و اروپایی (ترجمه از روسی)؛
- منظومه کورها (ترجمه از آذری)؛
- من و کلارا و پونی بالدی (ترجمه از آلمانی)؛
- درخت یاسمن (ترجمه از آذری)؛
- سه برادر (ترجمه از آذری)؛
- روباه و بز و چاه (ترجمه از آذری)؛

**نقد کتاب:**

- نگاهی به «مروارید»، اثر جان اشتاین بک؛
- اوژنی گرانده، اثر بالزاک؛
- نظری به اسپارتاکوس، اثر هوارد فاوست.

وەک دەبیندرێ، تەنانەت بەشێکی کەم لەو کار و خزمەتانە بۆ هەموو تەمەنی مرۆڤێک زۆرن، بەڵام مەکینەی بەرهەمهێنانی کامران ئێستاش وەک جاران لە گەڕان و هەڵسووڕاندایە و هیوایە ساڵانێکی زیاتریش هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێ.

ئەزموونی من لە کارکردن لەگەڵ کامران پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە وەک

تاکەکەس، مرۆڤێکی پاک و بێگەرد و خزمەتگوزاری گەلەکەیەتی، بیرێکی مووقەڵێش، چاوێکـی وردبیـن، مەنتیقێکی سـەلامەت و لەخۆبوردوویی‌یەکی بـێ‌ڕادەی بۆ کاری کۆمەڵایەتی هەیە و بەختەوەر ئەو نووسـەرەیە کە نووسـینەکانی پێش بڵاوبوونەوە بخاتە بەرچاوی ئەو![1]

١. من خۆم یەک لەو بەختەوەرانەم!

## ٣٠. خاتوو نیگار عینایەتی، کەسایەتییەکی کورد لە ئورووپا

بە حیسابی ئەو عینوانەی سەرەوە، وا هەیە خوێنەر چاوەڕوان بکا باس لە کەسایەتییەکی بەساڵاچووی خاوەن مێژووی دوورودرێژی خەبات و بەرخۆدان لەگوێن کامران بەدرخان و دوکتۆر عیسمەت شەریف بکەم، بەڵام بەپێچەوانە لە کیژۆڵەیەک دەدوێم کە بەگوێرەی تەمەن، گەنج و بە حیسابی پێشینەی خەبات و باوەڕی بێسنوور بە دواڕۆژی ڕووناکی تێکۆشانی گەلەکەی و ورەی بەرز و فیداکاری و لە ژوور هەمووانەوە کارامەیی سیاسی، وەپێش گەلێک ناوی گەورەی گۆڕەپانی سیاسەتی کورد کەوتووە و ئەوەی ئەو بەتەنیا کردوویەتی وا هەیە بە گرووپ و تەنانەت ڕێکخراوەیەکی سیاسیش نەکرێ. نیازم «نیگار عینایەتی»یە.

من نیگارم جارێک لە لەندەن بینی و جارێکیش بەختی ئەوەم هەبوو کە لە چل و دووهەمین ڕۆژی مانگرتنی ئەو و چواردە کەسی هاوڕێی لە بەردەم دادگای ستراسبورگی فەرانسەدا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەم. لە چاوپێکەوتنی لەندەنمدا سەرم لە ورەی بەرز و ڕادەی دڵسۆزیی ئەو بۆ گەلی کورد، سوڕمابوو.

کاتێکیش مانگرتنەکەی ئەو و هاوڕێکانی لە ستراسبورگ گەیشتە قۆناغێکی مەترسیدار و هەواڵی ئەوە گەیشت کە مۆڵەتی عیلاجی خۆی بە دوکتۆرەکان نەداوە و لە نەخۆشخانەوە گەڕاوەتەوە شوێنی مانگرتنەکە، نیگەرانیم لەمەڕ بارودۆخی تەندروستیی ئەو و هاوڕێکانی زیاتر بوو و ویستم وەک برایەک تکای لێبکەم ژیانی خۆی بپارێزێ؛ هۆکاری ئەم خواستەشم نەک دژایەتیکردنی ئەو و ڕێکخراوەیەک و سیاسەتێک، بەڵکوو هەوڵدان بوو بۆ پاراستنی گیانی ئەو خەباتکارە لەخۆبوردووە. دڵنیا بووم لە داهاتوودا گەلەکەمان پێویستی بە شۆڕشگێڕێکی وەک ئەو زیاتر دەبێ. جا، لە ڕێگەی برادەرێکی خۆشەویستەوە ئیجازەم لێوەرگرت بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەم، دەمویست هانی بدەم ئاگای لە گیانی خۆی بێ و لەوە زیاتر خۆی نەخاتە مەترسیی مان و

نەمانــەوە. ئەوە هەســتێکی ئینســانی بــوو و بە ئەرکی خۆم دەزانــی دەریببڕم، بەڵام کاتــێ قســەکانمان دەســتی پێکرد و هەڵوێســتی قــورس و قایمی ئەوم بینــی کە لەو هەلومەرجــە ناســکەدا باســی خــۆی نــاکا و لــە خەباتــی سیاســی و دواڕۆژی گەل دەدوێ، ئیتــر ئیجــازەم بــە خــۆم نەدا تەنانــەت بابەتەکــەی پێ ڕابگەیەنــم. گەورەیی ڕۆحی هەندێک مرۆڤ دەگاتە بەرزایی ئاسمان و دەستی کەسێکی وەک منی پێناگا.

نیــگار بۆکانییــە و لــە نۆروێــژ دەژی، ئەندامی حیزبێکی سیاســیی ئەو وڵاتەیە و هەمــوو ژیانی خۆی تەرخانی کاری سیاســی کــردووە. هەروەها ئەندام یا لایەنگری «پارتیا کرێکارێن کوردســتان»ە، لــە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا خەبات دەکا و بڕوایەکی لەبننەهاتووی بە دادێی خەباتی کوردی باکووری کوردستان هەیە.

با خەباتی نیگار سەرمەشــقێک بێ بۆ هەموو ئێمەی دانیشــتووی وڵاتانی ڕۆژاوا، کە بە پەنابەری هاتووینەتە ئەم لایانە و منداڵەکانمان کە لە بارودۆخی ئێرەدا گەورە بوون؛ بۆ نەوەی دووهەم و سێهەمی ئێمەش.

## ٣١. هونەرمەندی کورد کاک سولەیمان فەڕشی

تەنزی مامەعەزۆ

مامە عەزۆ ناسناوی هونەرمەندی کورد کاک «سولەیمان فەڕشی»یە. مامەعەزۆ وەک زۆرێک لە ئێمە، دوای ئەوەی مەلاکانی قوم شۆڕشی گەلانی ئێرانیان دزی و کردیانە هی خۆیان، ئێرانی بەجێهێشت و بە پەنابەری هاتە ئاڵمانیا. ئەوەی مامەعەزۆی لە زۆربەی نەسلی یەکەمی کوردی بازرەبووی وڵاتانی ڕۆژاوا جیا کردۆتەوە ئەوەیە زمانی ئەو وڵاتەی وا لێی دەژی (ئاڵمانیا) بەباشی فێر بووە و لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەوان، بۆ نموونە لە تەلەفیزیۆنەکانیان‌دا، دەرکەوتووە و بە قسەی خۆش و بەتام، خەڵکە خانەخوێیەکەی هێناوەتە پێکەنین. مامەعەزۆ هەم وەک تێکست، شێعر، کلیپ و هەمیش وەک شۆمەن و کابارەتیست بە زمانی کوردی و فارسی و ڕووسی و ئاڵمانی و ئازەری و جارجار ئینگلیسی بەرهەمی هەیە و لە کێبەرکێیەکی تەنزی چەند ساڵ پێش ئێستادا لەسەر ئاستی ئاڵمانیا یەک لە چوار کۆمێدینی ساڵ بوو.

زۆرترین نووسینی مامەعەزۆ بە زمانی کوردی بووە و سەردەمێک لە «ناوەندی شانۆ» لە کۆڵن بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیی بەناوی کاناڵی ٢٠٠٠ تۆمار کرد، کە کۆی کۆمەڵێک کاری نوێ لە زمانی کوردی‌دا بوو، ئەم بەرهەمە تۆمار کراوە هێشتا بڵاونەبۆتەوە. ماوەیەک هاوکاری بەرنامەکانی تەنزی تەلەفیزیۆنەکانی ئاڵمانی دەکرد. جگە لە کاری شانۆگێڕی و ئاکتۆریی فیلمی تەلەفیزیۆن، کۆمەڵێکی زۆر شێعر و تێکستی تەنزی هەیە کە بەشی هەرە زۆری بڵاونەکراونەتەوە. بەداخەوە کەسانی وەک ئەو کەوتوونەتە دەرەوەی مێدیای کوردی، کە کەمتر وا هەیە ئاوڕ لە هونەرمەندی ڕاستەقینە بدەنەوە.

تەنز لە ڕوانگەی مامەعەزۆوە:

«قاوغێک بۆ تەنز و تەنزی بێقاوغ: پێم وایە ئەگەر بمانەوێ قاوغێک بۆ تەنز

دابنێین و چوارچێوەی بۆ دروست بکەین، لە ڕاستیدا تەنزمان یەخسیر کردووە و هەڵبەزودابەزەکەیمان لێوەرگرتووە ووەک مریشک زمانیمان لەژێر دندووکی خستووەو چەقۆمان لەسەر ڕاگرتووە و هەر ماوە سەری ببڕین. تەنز ماسییە و دەریای دەوێ نەک قەفەس و چوارچێوە.»

ئەوەش نووسینێکی مامەعەزۆ:

«تەنزی کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیی ئەمڕۆ وا جێگەی خۆی کردۆتەوە، دەتوانین بڵێین بەشێکی ژیانی خەڵکەکەیە و پێداویستییەکی گرنگە و بەبێ ئەوە لەنگەری تەرازووی کۆمەڵگا لاسەنگ دەبێ.

تەنز و کاباریێ و یۆمر (هۆمۆر) بە هەزار جۆر و شێوە خۆی دەنوێنێ و خەڵکەکە لەباری دەروونییەوە ئەهوەن و ئارام دەکاتەوە. لە وڵاتێک کە قسەکردن قەدەغەیە و پێکەنینیش کفر و حەرامە. کۆمەڵگا لەپێشدا دەبێ هێندێک ژیانی ئاسایی هەبێ و هەناسەهەڵکێشان دەبێ ئازاد بێ، تاوەکوو خەڵکەکە بتوانن بە دڵێکی گەورە و هەناسەیەکی دووردرێژ بە ناکۆکییەکان پێبکەنن و کەماسییەکان چارەسەر بکەن.

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەبێ بڵێین کۆمەڵگای ئێمە قەت ژیانی ئاسایی نەبووە هەتا شتە ئاسایییەکان وەکوو خۆیان وەرگرێ و لە باوەشی گەرمی خۆیدا بیخەملێنێ. هەتا ئێستا هەموو شتێک بە شەڕ چارەسەر کراوە (؟؟) بۆیە هەر چارەسەرکردنێکی ئاساییش بە شەڕ ڕەد دەکرێتەوە و بە مۆری شەڕ بەتاڵ دەکرێ.

ئەگەر بەخێرا چاوێکی لێبکەین، دەبینین کۆمەڵگاکەمان تاقەت و حەوسەلەی تەنزی نییە و زوو پشووی سوار دەبێ و وە هەناسەبڕکە دەکەوێ و خەڵکەکە لە ترسی شەڕ و بەبۆنەی ئاشتی دوورەپەرێزی لێدەکەن. ئێمە ئێستا فێر نەبووین بە کەموکووڕییەکان پێبکەنین و بیانخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەموو شتێک و هەموو کەسێک بۆ ئێمە دەبنە متفەڕک و موقەددەس، ناوێرین خۆمانی لێدەین. نەکا قەڵاوباڵەخانەی کۆمەڵگاکەمان تێکبچێ و تێکبقرمێ.

لە بیرمان چۆتەوە هەر شتێک درز و قەڵشتی هەبوو دەبێ کونبڕی بکەین. هەموو دەمەتەقەیەک و پێکداپڕژان و هەڵچوونێک ڕەد دەکەینەوە، چون لە شەڕ

بێزارین. دیارە ئەم باسە بە باسکردنی یەکودوو دوایی نایە و خەلاس نابێ. لێکدانەوەی قووڵ و لەسەرەخۆی دەوێ. بۆ زار و دەم خۆشکردنیش بێ، با ئەوە بڵێم: کۆمەڵگایەک لە تۆقیسەر هەتا بەریپێ خۆی نەداتە بەر باسوخواس و لێکۆڵینەوەی بەمانا، ئەو کۆمەڵگایە قەت سەرناکەوێ و هەر لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە.»

ڕەنگە بپرسی مامەعەزۆ کێیە؟

«مامەعەزۆ کەسێکە وەک خۆت و ڕەنگە خودی خۆت بێ، تەنیا جیاوازیی نێوان تۆ و مامەعەزۆ لەوەدایە کە ئەو داخ و کەسەر و ژان و ئازارەکانی خۆی و خۆت و وڵاتەکەمان لە وشە و دەنگ و وێنەدا نیشان دەدا و دەریدەبڕێ. ئەو کراسە چڵکنەکان ناشارێتەوە، بەڵکوو هەڵیاندەواسێ بۆ ئەوەی خاوێن کرێنەوە؛ ئەو ئاکارە دزێو و ناشیرنەکان پشتگوێ ناخا، بەڵکوو دەیانخاتە بەرچاو و دیدەی هەمووان بۆ ئەوەی دزێوی و ناشیرنی نەمێنێ؛ ئەو سیاسەتە چەپەڵ و چەوت و لاڕێکان کە چەواشەکارانە بە سیاسەتی نەتەوەیی بە خەڵک دەفرۆشرێن لەقاو دەدا، تەنیا بۆ ئەوەی داهاتوومان ڕوون و جوان و شیرین و دوور لە شەڕ و ناکۆکی و چەوسانەوە و داگیرکاری بێ؛ بۆ ئەوەی ئێمەش بە شادی بژین و پێکەنین بەشێک لە ژیانی خورت و جوان و پیروکاڵمان بێ؛ بۆ ئەوەی نیشتمانەکەمان ئازاد و نەتەوەکەمان سەربەست بێ.»

## ٣٢. وتارە بەنرخەکانی مامۆستا جەعفەر قزڵجی

ڕێزدار جەعفەر قزڵجی کوڕی مەلا محەممەدسادق قزڵجییە کە بە قازی کاکەحەمەی بـۆکان ناسـراو بـوو. قـازی، ئەندامێکـی بنەماڵـەی زانسـتپەروەری قزڵجـی و تورجانیزادە بوو کە لە بۆکان و گوندی تورجان دەژیان و دەژین.

مامۆسـتا جەعفەر بە شێوەیەکی سروشـتی لە ڕووباری زانستی بنەماڵەکەیاندا پەروەردە بووە و ئۆگری شێعر و ئەدەب و مێژووە و لە ژوور ئەوانەشەوە، مرۆڤێکی قسەخۆش و خوێنگەرم و لەبەردڵانە، کە زۆر کەم وا هەیە کەسێک لە بۆکان نەیناسێ و قسەی خۆشی لەگەڵدا نەکا.

کاک جەعفـەر کـە مامۆسـتای خانەنشـینی قوتابخانەیـە و منداڵانێکـی زۆری بە چێـژی زانسـت گـۆچ کردووە، لـەم سـاڵانەی دواییدا چەنـد بەرهەمێکـی ئەندامانی بنەماڵـەی خۆیانـی لـە فەوتـان ڕزگار کـردووە و لـە گۆڤـارە کوردییەکانـی چاپـی نێوخـۆدا بـڵاوی کردوونەتـەوە. هەروەهـا زانیاریـی بەنرخـی لەسـەر مێـژووی مزگەوتـی بـۆکان و قـەڵا و گومبـەزی سـەردار خسـتۆتە بەردەسـتی خوێنـەر، کـە وا هەبـوو ئەگـەر ئـەرک و زەحمەتـی ئـەو و خەڵکانـی وەک نەمـران برایمـی ئەفخەمی و ڕەحمانی محەممەدیان نەبوایە، لە پەردەی فەرامۆشـیدا بماینەتەوە و نەوەکانی دوارۆژ بە هەواڵیان نەزانیایەن.

کارە نایابەکانـی کاک جەعفـەر لەمـەڕ مێـژووی بـۆکان بەداخـەوە پچڕپچـڕ و تاکتاکن، هەر بۆیەش من، کە بەختی ئەوەم بووە وێنەی کارەکانیم بۆ بنێرێ، بەهۆی گرنگایەتییانـەوە، سـێودووم لێنەکردووە و هەوڵم داوە گـەورە و بچووکیان بەبێ هەڵاواردن لە چەند وتارێکدا کۆ بکەمەوە و پێشکەشـی خوێنەر و بینەری ماڵپەڕی ڕۆژهـەڵات/ بۆکانـی بکـەم. هەروەهـا ئەگەر بـە فارسـی نووسـرابێتن کردوومنەتە کوردی و هەر وێنەیەکیشـیان لەگەڵدا بووبێ بڵاوی بکەمەوە. تکایە سـەیری بەشی نووسەرانی ماڵپەڕەکە بکەن.

بەهـۆی پێوەندێکی دوور و ناڕاسـتەوخۆ کە لەگـەڵ کاک جەعفەرم هەیە، ڕەنگە نەتوانـم ڕوونکردنـەوە و پەڕاوێزی پێویسـت بـۆ زۆرێک لە بابەتەکان بنووسـم یا سەرچاوەی زانیارییەکان رابگەیەنم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە قۆناغێکی کارەکەدا تکا لە خۆی بکەم زانیاریی زێدە و ڕوونکردنەوەی پێویسـتمان بۆ بخاتە تویێ وتارێکەوە ئەویش لە درێژەی کارەکەدا بڵاوبکەینەوە.

ئەم بابەتانەی وا لە بەردەستی مندان، بریتین لە:

١. ژیاننامەیەکی کورتی سەردار حەمەحوسێنخانی بابامیری؛

٢. ژیاننامەیەکی کورتی سەردار عەلیخانی بابامیری؛

٣. ژیاننامەی خوالێخۆشبوو قازی کاکەحەمەی قزڵجی؛

٤. ژیاننامەی مەولانا مەلا محەممەد حەسەن قزڵجی؛

٥. ژیاننامەی خوالێخۆشبوو سەید محەممەد موحسین قازی موکری؛

٦ ـ ٩. وێنەی بەردەنووسی سەر گڵکۆی چوار کەسی یەکەم؛

١٠. وێنەی بەردەنووسی گڵکۆی خوالێخۆشبوو مەلا عەلی قزڵجی؛

١١. ژیاننامە و پارچە شێعرێکی خوالێخۆشبوو مەلا محەممەدی قزڵجی؛

١٢. پارچـە شـێعرێکی قـازی کاکەحەمـەی بۆکان لـە شـیوەنی کۆچیدوایی نەمر سـەیفولقوزاتدا؛ (پێویسـتە بڵێم ئەم شـێعرەی گەیشـتۆتە دەسـتی من تەنیا ٩ فەردە، بەڵام من سەرجەم ١٦ فەردەکەیم لەلا هەیە).

١٣. پارچە شێعرێکی فارسیی نەمر قازی کاکەحەمە بۆ بەردی گڵکۆی باوکی، واتە مەلا محەممەدحەسەنی قزڵجی؛

١٤. پارچـە شـێعرێکی سـەربازێکی ونـی خەباتـی کوردایەتی، واتە نەمـر «کەریم موکرییار» کە بۆ شـەهادەتی پێشـەوا و سەدر و سەیفی قازی گوتووە و تێیدا هێرشـی کردۆتـە سـەر فەتـوادەران، بەتایبـەت مـەلا خەلیلی گۆڕۆمـەر، کەدوا بەدوای خەباتی دژ بە ڕژیمی ڕەزاشای پەهلەوی بایدابۆوە و لایەنگریی ڕژیمی پەهلەویی دەکرد.

١٥. مێژووی دروست بوونی مزگەوتی جامعی بۆکان؛

١٦. وێنەیەکی تاکەکەسیی خوالێخۆشبوو مەلا محەممەدسادق قزڵجی (قازی کاکەحەمە) بە یادداشتێکی کورتی پشت وێنەکەوە؛

١٧. وێنەیەکی گومبەزی سەردار لە بۆکان.

بە داخ و کەسەری زۆرەوە مامۆستا جەعفەری قزڵجی ماوەیەک دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان، کۆچیدوایی کرد، یادی بەخێر بێ!

## ۳۳. مامۆستا ڕەحمانی محەممەدیان (۱۳۲۲ - ۱۳۹۵)

کەسایەتییەکی گەورە لە توێی چەند لاپەڕەی بچووکدا

دوو مانگێک لە من گەورەتر بوو، بەڵام ئەوەندەی دوو دەیە لەپێش منەوە بوو؛ تێگەیشتووتر، دووربینتر، دەستودڵ پاکتر، هێدی و هێمنتر و لەگەڵ خەڵک میهرەبانتر. ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، خەڵکی خۆش دەویست و ڕق و کینەی کەسی لەدڵدا نەبوو؛ ئەوە دەرسێکی گەورە بوو بۆ من و زۆری دیکەی وەک من: ئەگەر خەڵکت خۆش بوێ ناتوانی تووڕە و تۆسن و ڕقئەستوور بی، ئەم ئاو و ئاگرە پێکەوە ناحاوێنەوە؛ تەنانەت لەگەڵ دوژمنیش ئەگەری پێکهاتن و ئاشتبوونەوە هەیە ئەم وانەیە لە دۆستایەتی ڕەحمانی محەممەدیان فێری بووم، جا ڕەچاوم کرد یان نا، مەسەلەیەکی دیکەیە.

لە بۆکان، ئەو و سەید عەبدوڵڵای کازمی سەرمەشقم بوون. دەمویست وەک ئەوان بم، وەک ئەوان هەڵسوکەوت بکەم و وەک ئەوان هێمن و لەسەرخۆ بم. ئاغای کازمیش هێدیهێدی، جگەرە بەلای لێوەوە دەهات و دەچوو بێئەوەی هەست بە بوونی و ڕابردنی بکەی، بەڵام ئەم بوونە، لە قوتابخانەدا بەباشی هەستی پێدەکرا: مامۆستایەکی دڵسۆز و کەسێکی شوێندانەر؛ ڕەحمانیش وا بوو.

ڕۆژی ۱۳۲۲/۹/۱۱ لە بۆکان لەدایکبوو. لە شەش ساڵیدا چووە قوتابخانە، لە ۱۳۳۴دا چووە دەبیرستانی کەشاوەرزیی بۆکان، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە قەڵای سەردار دامەزرا و دواتر داخرا.

هەر لە مێرمنداڵییەوە سەری لە نێو ڕۆژنامە و کتێبدا بوو، بەڵام خۆی وا پیشان نەدەدا. کتێب لە بنباخەڵ نەدەچووە خیابان و خۆی پێ هەڵنەدەکێشا. کاتێ من لە ساڵی ۱۳۵۱دا هەندێک نامیلکەی چەپیم لە تارانەوە هێنایە بۆکان و دام بە پێنج کەس بیخوێننەوە، یەکیان ئەو بوو. پاشان کە گیرام و لە زیندانی کومیتەی دژی خەرابکاریی تاران شوێنی شاردنەوەی نامیلکەکانم درکاند، زۆر

بـە تەنگـی ئـەوەوە بووم ئەو چەند کەســە تێوە نەتلێن و نەگیرێن، باســم نەکردن و «تاوان!»ەکـەم لـە ئەسـتۆی خـۆم و کاکـمدا هێشـتەوە. لـە یەکـەم چاوپێکەوتنـی حزووریـمدا لەگـەڵ دایکم لە زیندانی قزڵقـەڵا، کاتێ چووم ماچی بکەم لە بنگوێی‌دا بـە ئەسـپایی گوتـم «نـاوی ڕەحمانـم نەبـردووە». هەمـان کارم کاتی خـودا حافزی کرد و گوتم «ناوی ئەشـعەریم نەبردوووە». ڕەحمان و محەممەدی ئەشـعەری دوو لـەو پێنـج کەسـە بـوون وا جوزوەکانـم پێدابـوون؛ یادیـان بەخێـر بێ! یـادی دایکی هەژاریشـم بەخێـر، کـە پەیامەکانـی گەیاندبووە جێ و سـاواکی هـاری پەهلەوی بە مەسـەلەکەی نەزانـی و نەچـووە سـۆراغیان، دەنـا لـە ئازادبوونـمدا شـەرمەزار و سەردانەویوی هەردوو لا و کەس‌وکاریان و خەڵکیش دەبووم.

ڕەحمان مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و خاوەن‌بڕوای سیاسی بوو، بەڵام لایەنگریی لە ڕێکخراوەیەکی تایبەتی سیاسی نەدەکرد. لە ساڵانی دەسەڵاتی حیزبە سیاسییەکان‌دا لـە بۆکانی دوای شـۆڕش، لەگـەڵ هەموویان بە ڕێـزەوە دەجووڵایـەوە و دژایەتیی هیچکامیانـی نەدەکـرد. باوەڕ ناکەم ئەوانیش هەرگیز کێشـەیەکیان لەگەڵی‌دا بووبێ. لـەو سـاڵانەدا هەڵوێسـتێکی ئەوتـۆ بۆ کەسـانی بەرپرس هاسـان نەدەچووە سـەر، کارێک کە ئەو کردی، نیشانەی تێگەیشتوویی و لێزانی لە ڕاستی‌دا هونەرێکی گەورە بـوو کـە نواندی، بـەڵام هونەری گەورەتری ڕەحمان ڕاگرتن و پاراسـتنی پەیوەندی باشی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی شار و دێ بوو:

تازە لە قوتابخانە و دانیشسەرای کەشاوەرزیی ورمێ هاتبووە دەر، کە لە ساڵی ١٣٤١دا بوو بە مامۆسـتای قوتابخانەی گوندی «دونگوز» و سـاڵێک دواتر، بۆ یەکەم جـار قوتابخانـەی لـە گونـدی «کولتەپـەی» بن‌گوێی بـۆکان کردەوە و چەند سـاڵێک دەرسی تێدا گوتەوە. مامۆستایی قوتابخانەی گوند ئەزموونێکی باشی بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەڵس‌وکەوت لەگەڵ منداڵ و گەورە پێدابوو و جگە لە دایک و باوکی قوتابییەکان، لە مزگەوت و ماڵە ئاغادا کەوتبووە پەیوەندیی ڕاسـتەوخۆی کۆمەڵانی خەڵکەوە.

ئـەم پەیوەندییـە کاتـێ بەرفراوانتـر بۆوە، کە لـە دەرس گوتنـەوەی قوتابخانەوە

گەیشتە کارکردن لە ئیدارەی ئامووزش و پەروەرشی بۆکان و لەوێدا بوو کە خونچەی نەریتە ئەخلاقییە باشەکانی کەوتە گوڵگیری. کەسایەتیی شامیلی ئەو بواری فراوانتر لە گوندی دەویست: کار لە نێوشار. سەرەتا وەک «راهنمای تعلیماتی سپاه دانش»، لەگەڵ خەڵکی ناوچە و خەڵکانی غەیرە خۆجێیی کەوتە پەیوەندییەوە و لای سپای دانیشی باکوور و باشووری ئێران کە نێردرابوونە بۆکان و کەسوکاریان کە سەردانیان دەکردن، بوو بە نوێنەری سەلامەتی ئەخلاقی و دەستودڵ پاکی، نەک هەر خۆی، بەڵکوو ئیدارەیەک و بەگشتی خەڵکی کوردستان. کەم نەبوون ئەو بێگانانەی وا ئەو ساڵانە لە هاتنی کوردستان و ژیانی نێو کوردان دڕدۆنگ بوون و تەنانەت لێی دەترسان.

لە سەفەرێکی دوو کەسیماندا بۆ ئیسفەهان و شیراز و ئابادان (نەورۆزی ساڵی ١٣٤٨)، پێش ئەوەی بگەینە ئیسفەهان، ئەندامێکی پێشووی سپای دانیش لە بۆکان کە خەڵکی ئیسفەهان بوو، لە قاوەخانەیەکی سەر ڕێگای هەردوو لامان، بەهەڵکەوت چاوی بە ڕەحمان کەوت و ئیتر دەستی لەکۆڵ نەکردینەوە. نەک هەر لە ئیسفەهان هاتە هوتێلەکەمان و بانگهێشتنی ماڵی خۆیانی کردین، بەڵکوو، سەرەڕای دژایەتیکردنی ڕەحمان، کە لە هەموو ژیانیدا بە تەوازوع و چاوتێری و بێتەوەققوعی ژیا، یەک ڕۆژی تەواو ترۆمبیلێکی خۆیانی بە شۆفیرەوە خستە بەردەستمان بۆ ئەوەی هەموو ئیسفەهانمان بگێڕێ و بمانگەڕێنێتەوە هوتێلەکەمان. کابرای ئیسفەهانی چیتر لە بۆکان نەمابوو و لە بەرانبەر ئەو خزمەتەدا ئەرکێکی لە ڕەحمان نەدەخوازی، تەنیا میهرەبانی و دڵسۆزییەکانی ڕەحمان نمەکگیری کردبوو و خۆی و بنەماڵەکەی دەیانویست بە شێوەیەک پاداشی چاکەکانی بدەنەوە. کەسوکاری کابرا بۆیان دەگێڕاینەوە چۆن پێش هاتنی کوڕەکەیان بۆ کوردستان ترسیان لە دڵ نیشتبوو و تەنانەت لە سەلامەتمانەوەی دڵنیا نەبوون، بەڵام یارمەتی و پشتگیریی ڕەحمان و دڵفراوانیی فەرمانبەرانی ئیدارەی ئامووزش و پەروەرشی بۆکان و میوانداریی خەڵکی گوندەکە، بۆچوونی گۆڕیبوون بە شێوەیەک کە دوای گەڕانەوەی کوڕەکەشیان ڕێزیان لە خەڵکی کوردستان دەگرت و ئەوەیان بە میوانداریکردنی ئێمە پیشان دەدا. من هەروەها شاهیدی میهرەبانییەکی

هاوچەشن بووم کە دایکی سپای دانیشێکی گوندی یەنگیجەی بۆکان دەرحەق بەو و خەڵکی گوندەکە دەریدەبڕی، ئەوان خەڵکی گێڵان بوون.

جگە لە کاری سپای دانیش، کە چوار ساڵی خایاند، خزمەتی سەرەکیی ڕەحمان لە ئیدارەی ئامووزش و پەروەرشدا بە خەڵکی شار و گوندی ناوچەی بۆکان بوو چ وەک بەرپرسی دارایی «کومیتە پیکار با بیسوادی» (١٣٤٨) و چ وەک بەرپرسی «ئیمتیحانات»ی ناوچەی بۆکان ئەرکێک کە تا ساڵی ١٣٧٣ درێژەی کێشا و تێیدا زیاترین خزمەتی بە خەڵک کرد.

لە ماوەی کار لە ئیدارەی ئامووزش و پەروەرشدا بوو کە لەگەڵ خاتوو مریەم ئیسماعیلی پەیمانی هاوسەری بەست (١٣٤٩) و لە ساڵی ١٣٥١ و ٥٥دا بوو بە باوکی دوو کوڕی میهرەبان و دڵپاک (ئازاد و ئەمجەد).

لە بشێوی و ڕەشبگیرییەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا، ڕەحمان گیرا و بەناحەق وەک هەزاران کوردی دیکە، خرایە زیندانەوە. سێ مانگی ساڵی ١٣٦١ی لە زیندانی بۆکان و مەراغە تێپەڕکرد. ڕاست لەو ڕۆژانەدا خەڵخاڵیی جەللاد تەشریفی ناشەریفی هێنایە بۆکان و تەنیا بەخت و ئیقباڵ بەفریایەوە هات کە نەکەوتە بەر تیغی ئەو خوێنمژە ناپاکە. من ئەو ڕۆژە ڕەشانەم لە بیرە کە چۆن هەموو بنەماڵە و دۆستەکانی بە نیگەرانییەوە دەیانڕوانییە چارەنووسە نادیارەکەی و دەیانزانی مەرگ و ژیانی ئەو و زۆرێکی دیکەی دەسبەسەرکراو، بە ئاماژەیەکی ساکاری ئەو نامرۆڤەوە بەستراوە.

قۆناغێکی نوێی ژیانی ڕەحمان ئەو دەمە دەستی پێکرد کە لە کار و خزمەتی فەرهەنگی خانەنشین کرا (١٣٧٣) و لە هەڕەتی کامڵی و توانادا نێردرایەوە ماڵی خۆی. ئەوینی خزمەت و باوەڕ بە خەڵک لەلایەک و ئیعتیمادی مامۆستایان و هاوکارانی لە ئیدارەی ئامووزش و پەروەرشی بۆکان لەلایەکی تر، نەیانهێشت تەسلیمی ئەو خانەنشینییە نەخوازراوە بێ. ئەمجار گۆڕەپانێکی تازەی بۆ کار و خزمەتی خەڵک دۆزییەوە و هەتا دوارۆژەکانی ژیانی وەک بەرپرسی «کانون بازنشستگان آموزش و پرورش بوکان» (١٣٧٨ ـ ١٣٨٤) و «مدیرعامل شرکت تعاونی اعتبارات

فرهنگیان بوکان» (١٣٨٤ ـ ١٣٩٣) بە شێوەی خۆبەخشیانە، کار و خزمەتی بێدرێغی بە فەرمانبەرانی خانەنشینی ئامووزش و پەروەرشی شار و دێ کرد.

لە ساڵانی کۆتایی ژیاندا، ڕەحمان بەرهەمی ئەم هەموو ئەزموونە تاکەکەسییەی کردە کارێکی گشتگیر و هەمەلایەنی. ئەو کە لە ساڵانی سەرەتای کارکردن لە ئامووزش و پەروەرشی بۆکاندا، وتارێکی لەسەر گوندەکانی دەوروبەری بۆکان نووسیبوو و هاوڕێ لەگەڵ نەخشە و ڕێگاوبانی گوندەکان ئاراستەی ئیدارەی ئامووزش و پەروەرشی ورمێ و وەزارەتخانەی تارانی کردبوو، چەند ساڵێک پێش کۆچیدواییەکەی کەوتە بیری بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە ئیداریی و کۆمەڵایەتییەکان و لە ماوەی پێنج ساڵدا دووبەرگ کتێبی بەڵگەنامەیی سەبارەت بە ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگیی شاری بۆکان و ناوچەی دەوروبەری نووسی (بۆکان لە سەدەی بیستەمدا)، چاپی بنکەی بڵاوکردنەوەی کۆڵەپشتی، تاران، بەرگی یەکەم ساڵی ١٣٨٩ و بەرگی دووهەم ساڵی ١٣٩٤.

لە کتێبەکاندا بە چاویلکەی چینایەتی سەیری مێژووی ڕووداوەکانی کردبوو و گەلێک چەواشەکاریی سەبارەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی ساڵانی ١٣٣١ ـ ١٣٣٢ی بۆکانی ڕاست کردبوویەوە. هەر ئەم هەڵوێستگرتنەشی بووە هۆی دژایەتی نواندنی لایەنگرانی سیستەمی کۆنی دەرەبەگایەتی، بەڵام ئەو کۆڵی نەدا و بە شوێن بەرگی یەکەمدا بەرگی دووهەمیشی بڵاوکردەوە.

ڕەحمان گەلێک بەرنامە و پلانی بۆ کارەکانی دواڕۆژ بەتایبەت بەرگی سێهەمی کتێبەکە داڕشتبوو و بە تەما بوو ڕووناکی بخاتە سەر هەندێک لایەنی تاریکی دیکەی مێژووی شارەکە، بەڵام بەداخەوە عیفریتی مەرگ قەڵەمە خزمەتگوزارەکەی شکاند و بە لە دەسچوونی ڕەحمانی محەممەدیان، کوردستان مێژوونووسێکی ڕاستگۆ و کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزی خۆی لە دەست دا. هیوادارم دایکی نیشتمان جێگەی بەتاڵی ئەم بە ڕۆڵەی خزمەتگوزار و دڵسۆزی تر پڕ بکاتەوە.

دوایین کاری فەرهەنگیی مامۆستا ڕەحمان، ئامادە کردنی کتێبی «مشاعرەنامە»ی فەیلەسووفی کورد «شێخ حەسەنی مەولاناوایی» بوو. دەقی شێعرەکان لە دەسنووسی باوکی کاک ڕەحمان، واتە نەمر حاجی محەممەدڕەشـید محەممەدیان وەرگیرابوو و لـە بەرگـی دووهەمـی کتێبـی «بۆکان لە سـەدەی بیسـتەمدا» بەڵێنـی بڵاوکردنەوەی بـە خوێنـەران دابوو. کاک ڕەحمان ئەم کتێبەی لەگەڵ چەند کەسـی شـارەزای دیکە گەیاندبووە قۆناغەکانی کۆتایی و سـەرەتای بۆ نووسـیبوو، کە نەخۆشی شێرپەنجە بەربینگی پێگرت و کاتێ دوایین دەقی ئامادەکراوی لە بەردەستدا بوو، ئیتر هەتاوی ژیانیشـی گەیشـتبووە خـۆراوا و نەیتوانی کتێبەکـە بە چاپکراوی ببینـێ. هیوادارم کـەس‌وکاری کاک ڕەحمان دەرەتانی پێویسـت بۆ چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بەنرخە پێکبێنن کە یادگاری کاری هاوبەشی باوک و باپیرە هونەرمەندەکەی خۆیانە.

من کە ئێستا سی ـ چل ساڵێکە لە بۆکان نەماوم، دووراودوور هەواڵی خزمەتە پاک و بێگەردەکانـی دەبیسـمەوە. لە ماوەی نەخۆشـی تـا کۆچە بێوادەکەشـی‌دا چەندەها نموونـەی باشـی کاری ئـەوم لـە زمانـی خەڵک بیسـتەوە. ئاگاداریش بـووم کە ئەو خەڵکـە بەئەمەکـە چـۆن بـۆ مردنەکـەی بەداخـەوە بوون و فرمێسـکیان بۆ ڕشـت. ڕەحمان بێئیددیعا خزمەتی نیشتمان و خەڵکەکەی دەکرد و پاداشی خۆی لە خەڵک وەرگرتەوە.

**نیشـتمان هــەر کەســێ بــۆی بمــرێ، نەمرد**
**لەشــی ســەر دۆشــەگە کە هیچ بەهری نەبرد**

**(مامۆستا هەژار)**

کۆتایی قسە: لە هەموو ئەو ٧٢ ساڵەدا کە ڕەحمان و من خزم و هاوڕێی گەلێک نزیکی یەکتر بووین، لەگەڵی‌دا نەچوومە شوێنێک کە ڕێزی لێ‌نەگیرێ و بە ئیحترامەوە هەڵس‌وکەوتـی لەگـەڵ نەکـرێ. ئەو بێئـەوەی هەوڵی لەپێناو بدا، ڕێـز و ئیحتیرامی خەڵکـی بەرەوخـۆی ڕادەکێشـا. هـۆکاری ئەم دەسـکەوتە مەزنـە کۆمەڵایەتییە هیچ نەبوو جگە لە دڵسـۆزی و دەسـپاکی و خۆشەویسـتیی خەڵک. ئەو بە تەنگی هەموو

کەسێکەوە بوو و خەمی هەموو کەسی دەخوارد بێئەوەی چاوەڕوانی پاداشێک بێ. خەڵکیش پیشانیان دا کە پێزانییان هەیە و ڕێز لە خزمەتەکانی دەگرن.

لەبیرمە کاتێ لە ساڵی ١٣٤٤دا وێڕای چەند کەس لە مامۆستایانی کوردستان شاربەدەر کرام و نێردرامە ئەراک، هەبوون کەسانێک کە تەنانەت خۆیان لە قەرەم نەدەدا، بەڵام ڕەحمان بە ترۆمبیلی خۆی هاوڕێ لەگەڵ چەند برادەری خۆشەویستی دیکەمان تا شاری تەورێز لەگەڵم هات، شەو پێکەوە چووینە ڕێستوورانێکی خۆش و لە هوتێلێک ماینەوە، ڕۆژی دواتر منیان بەڕێکرد بۆ تاران و خۆیان گەڕانەوە بۆکان. ئەمە و سەدان شتی دیکەی هاوچەشن یادگار و بیرەوەریی بەجێماوی ڕەحمانن لای من. زۆربەی ئەو کتێب و گۆڤارانەی چاپی نێوخۆ کە ئێستا لە ماڵمدان، ئەو لە ئێرانەوە بۆی ناردووم. مەرگی ئەو دوای مەرگی کاکم گەورەترین بۆشایی لە ژیانمدا پێکهێناوە. پێم سەیرە چۆن بەرگەی ئەم دوو خەمەم گرتووە و تا کەنگێ دەتوانم بەو بارە گرانەوە بمێنم و نەکەوم. هیوادارم زۆر نەبێ.

یادی مامۆستا ڕەحمانی محەممەدیان، نووسەر، مێژوونووس و کەسایەتیی گەورەی کۆمەڵایەتی بەخێر بێ!

### ٣٤. نووسەری ئەم دێڕانە، قسەیەک بۆ دز!

بەگوێرەی ناسنامە، ناوم «محمدانور سلطانی بوکانی»یە، بەڵام کورتم کردۆتەوە و بە «ئەنوەری سوڵتانی»یەکی ڕووت قانعم! نازانم کەی لەدایکبووم، بەڵام بەگوێرەی ناسنامە بۆر، دەبێ لە ١٣٢٣/١/٢ (١٩٤٤/٣/٢٢) ساڵێک پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بۆکان کەوتبێتمە جەنگەڵی جەنجاڵی جیهانەوە! دایک و باوکم ئامۆزا و لە بنەماڵەی محەممەد سەقزی بوون، دایکم لەلایەن دایکەوە خەڵکی ئاڵتوونی لای سەقزە کەوابوو بە بنەچەک سەقزیم.

باوکم، میرزا عەبدوڵڵای خەیات، کوڕی حاجی ئەحمەد پیاوێکی هێدی و بێدەنگ بەڵام دژ بە ئاغا و دەرەبەگ! ئەوە چارەنووسێکی سەیرە، میرزا عەبدوڵڵا، بەرگدرووی تایبەتی هەر ئەو ئاغاواتە بوو کە ئاوا خۆشی دەویستن! دایکیشم، ئامینەخانمی محەممەدیان گەرچی لە ماڵە بابێکی دەوڵەمەند بوو، بەڵام هەست و بۆچوونێکی هاوچەشنی هەبوو، وا هەیە شوێنی باوکم و کاکمی لەسەر بووبێ. کاکم عومەری سوڵتانی (وەفا) شاعیرێکی داهێنەر و کەسایەتییکی چەپی دژی دەرەبەگ بوو، بۆکانیش بە دووسێ شت دەناسرا، حەوزەگەورە و حەسەن زیرەک و ئاغاواتی زاڵمی زۆردار و ناڵەشکێنەشیان لەگەڵ!

بنەماڵەکەمان لەوپەڕی هەژاریدا بوو. باوکم بە منداڵی باوکی لە دەست دابوو و ببووە سەرپەرشتی سێ خوشک و گەورەی ماڵ، پاشانیش خاوەنی ژن و منداڵ، ئەویش نەک یەک و دوو، بەڵکوو چوار: کاکم، من، حەلیمە و ڕووناکی خوشکم. ئێستا لەو هەمووە، هەر خوشکێکم بۆ ماوە و دڵم بەو خۆشە گەرچی ٣١ ساڵە لە دەرەوەی وڵاتم و تەنیا چوار ساڵێک پێش ئێستا لە هەولێر چاوم پێی کەوت. لێرە لە لەندن لەگەڵ هاوسەرم (نەسرین بورنا) و دوو منداڵم (ئالان و جوان) دەژیم. نەسرین گەلێک لەگەڵم باشە و جێگەی کەسوکاری لە دەستچووی بۆ گرتوومەتەوە. ئالان ٢٧ ساڵان و جوان ٢۴ ساڵانە. هەر ئەوەندە و ئیتر هیچ!

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە بۆکان بووە و تا پۆلی ١٠م لەوێ خوێندووە، ئەو دەم لە پۆلی ١٠ زیاتر لە بۆکان نەبوو، ئەویش تەنیا بۆ کوڕان. پاشان ساڵی ١٩٦٠/١٣٣٩ چوومە دانیشسەرای موقەددەماتی ورمێ و ساڵی ١٩٦٢/١٣٤١ بووم بە مامۆستای قوتابخانە و نێردرامە گوندی «باغڵووجە»، کە ئەو دەم سەر بە بۆکان بوو، پاشانیش گوندی سەرا و بوغدەکەندی. هاوینی ساڵی ١٣٤٤/ ١٩٦٥ لەگەڵ زۆرێک مامۆستای کوردی بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، بانە و سەقز بە فەرمانی خانم «فرخرو پارسا» جێگری وەزیری پەروەردەی ئێران، لە کوردستان شاربەدەر کرام و بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە وڵات دوور خرامەوە (دوو ساڵ لە ئەراک و ٦ ساڵ لە شەهریڕەی، نزیک تاران). ساڵی ١٣٤٧/ ١٩٦٨ بە بەر دەرسگوتنەوە چوومە زانکۆی ئەدەبیی زانستگەی تاران و لیسانسی مێژووم وەرگرت. لەو ماوەیەدا لە ناحیە ١٣ی پەروەردەی تاران کارم دەکرد و ماڵیشم هەر لە تاران بوو. ساڵێک دوای زانستگە گیرام و لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٣/ ١٩٧٤دا ئازاد کرام. ئەو ماوەیە لە زیندانی «کومیتەی ضد خرابکاری» و «قزڵقەڵا» و «ئێڤین» و «قەسر» بووم، کە هەر چواریان لە تارانن. ئێمە دوایین کەسانێک بووین کە لە قزڵقەڵا زیندانی کرابووین. ڕۆژێک هەموومانیان سواری ئوتوبووس کرد و بردیانین بۆ ئێڤینی تازە کە ئەویش تازە دروستکرابوو، قزڵقەڵای پشت خیابانی ئەمیرئابادیشیان بە قورِ گرت و کردیانە مەیدانی میوە و سەوزەفرۆشتن. لە زیندان گەلێک کەسایەتیی ناسراوی سیاسیی ئێرانم ناسی.

دوای زیندان و مەحکووم بوون لە دادگای نیزامی، نەیاندەهێشت بچمەوە سەر کاری مامۆستایی. چەند مانگێک لە بۆکان و لە دووکانی کاکم کارم دەکرد، پاشان کاک جەلیلی گادانی، کاری ڕاست بێ، کارێکی لە شیرکەتی «انبارهای عمومی ایران»لقی تەورێز بۆ دیتمەوە و لەوێ بووم بە جەنابی مودیری ئیداریی بەشی ئازەربایجانی کۆمپانیاکە وەک کۆنتەراتچیی گوومرگی ئێران، هەتا ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ بەسەردا هات.

هۆی گیرانم برادەرێکی سنەیی بوو پێکەوە لە زانستگە دەرسمان دەخوێند، هەندێک نامیلکەی سیاسیی پێدابووم و منیش بردبوومنەوە بۆکان و دابوومن بە کاکم و چەند کەس بیخوێننەوە، پاشان لەگەڵ کاکم لە ماڵی ئەودا شاردبوومنەوە.

ئـەو بـرادەرە ئیعترافی لەسـەر کردبووم و منیش دوای ١٠ ڕۆژ شـەق و شـەلاق و «دەزگای ئاپۆلۆ»، پێم لێنا و گوتم لە ماڵی کاکم شـاردوومنەتەوە. کاکی هەژاریشـم کـە بـە هەواڵـی گیرانـی منـی زانیبـوو، ڕایگوێسـتبوونە شـوێنێکی تر. بەو شـێوەیە ئەویش کەوتە کێشـەکەوە و سـاواکی سـەگباب لێی بوون بە ملۆزم و تا لە زیندان هاتمـە دەرێ دەرگای دووکانەکەیـان لـە گرێژەنە بردبوو، ئەویـش نەیدەزانی چ بکا، نـە خۆشـی دەویسـتن و نـە دەیوێـرا دەریانبکا، خەڵکیـش بەو گێرە و کێشـەیەیان نەدەزانی و دیارە بەو هاتوچۆیەی سـاواکییەکان بۆ دووکانەکەی ناڕەحەت بوون. هەر چۆنێک بێ، من بۆ ئەم بەلایەی ئاوقای ملیم کرد بۆ هەمیشە شەرمەزاری کاکم مامەوە، گەرچی ئەو بە گەورەیی خۆی گەردنی ئازاد کردم.

دوای ئازاد بوون گەلێک ترسابووم و خۆم لە کاری سیاسی دوور دەخستەوە نەکا بکەومەوە بەر پەلاماری ساواک و سەر لە کومیتەی دژی خەرابکاری و خزمەت ئارەش و ڕەسووڵیی بازجوو دەربێنمەوە، بەلام لە سەروحەدی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ و لەژێر تەوژمی هەستان و ڕاوەستانی کۆمەلانی خەڵک دژ بە ڕژیمی شادا، کەمێک جوولابوومەوە و ورەیەکم هاتبۆوە بەر، دەموێرا لێرەولەوێ قسەیەک بکەم و پەیوەندییەک بە دۆست و هاوبیرانی سیاسـییەوە بگرم. لە تەورێز یارمەتیی بەڕێوەچوونی سـیمینارێکم دا، کە «چریک‌های فدائی خلق» بەناوی «همبستگی با خلق کرد» لە زانستگەی شارەکە بەڕێوەیان بـرد و لـەوێدا وتارم دا. پاشـانیش کە فیدائییـان دەفتەریان لە مەهابـاد و بۆکان و شـارەکانی دیکەی کوردسـتان کردەوە و منیش گەڕامەوە بۆکان، هاوکارییانم کرد، کاک عومـەری حەمیـدی لە نزیـک کردنەوەی من لە فیدائییان دەوری ڕاسـتەوخۆی بینی.

پێشـتر هێشـتا لـە تەورێـز بـووم لـە بۆکانیـش وەک شـارەکانی دیکـەی ئێـران «کومیتەی ئینقلاب» دروسـت ببوو و منیشـیان وەک ئەندامی کومیتەکە هەڵبژاردبوو. کە گەڕامەوە بۆکان، زیاد لە ١٣ ساڵ بوو لە کوردستان دوور بووم و خەڵک و هێڵە سیاسـییەکانیان و حیزبەکانم بەباشـی نەدەناسـی، لەگەڵ فیدائییان کەوتنم جگە لەو ناو و شۆرەتە باشەی وا ئەو دەم لە ئێراندا بوویان، کۆمەڵی چەند هۆکاری دیکەش

بوو: خۆم بە چەپ دەزانی و بەو پێیە وا هەبوو لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکەوم؛ مائۆئیست نەبووم؛ ببڕاببڕا لەگەڵ جەرەیاناتی ئایینیش نەدەکەوتم؛ دەی خۆ کەسێکی وەک من لەو بارودۆخەدا، کە بەرد و داری کوردستانیش ببوونە هەڵسووڕاوی سیاسی، لە ماڵەوە دانەدەنیشت سەیری ڕووداوەکان بکا! ئیتر بە پلتۆکێکی کاک عومەری حەمیدی بەو لایەدا کەوتم و بووم بە فیدایی هەی فیدایی!

لە درێژەی کاردا، لەلایەن ئەوانەوە کرامە کاندیدی مەجلیسی خیبرەگان (دەوری یەکەم) لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و گەرچی ۳۴ هەزار دەنگم هینایەوە، بەڵام لە بەرانبەر گەورەپیاوانی وەک دوکتۆر قاسملوو و مامەغەنی بلووریان کە کەسایەتیی ناسراوی سیاسیی ناوچەکە بوون یا لە بەرانبەر شەلاتێکی وەک «حەسەنی» ئیمام جومعەی ورمێ، من کێ بووم و چیم بۆ دەکرا! دواتر هەر فیدائییان کردیانمە کاندیدی مەجلیسی شوورا لە بۆکان و لەوێشدا لە بەرانبەر کاندیدی حیزبی دێموکرات (شەهید ئەبووبەکری هیدایەتی) و کاندیدی کۆمەڵە (شەهید دوکتۆر جەعفەری شەفیعی) تووشی شکست هاتم، گەرچی لە نێو شاری بۆکان ببووم بە دووهەم کەس، بەڵام نە حیزبەکەم دەرەقەتی حیزبیان دەهات و نە خۆم دەرەقەتی ئەو گەورەپیاوانە! شێعرێکم بە تەنز بۆ بەزم و هەرای ئەو ساڵانە گوتووە، کە لەبەروەی ناوی خەڵکی تێدا هاتووە و وا هەیە «مەلاگیربن»، بۆ بڵاوکردنەوە نابێ.

دوای هەرەسی شۆڕش و دەسەڵاتسەندنی مەلای لابەلا لە ئێران، پشت لە دۆست و ڕوو لە دوژمن، هەڵاتم بۆ شارێکی دیکە و پاشان تاران و چەند ساڵێک لەوێ خۆم شاردەوە. جارێک بەهەڵکەوت لەگەڵ دوو کوڕی خزممان و برادەرێکیاندا لە تاران گیراین، بەڵام ئێمەیان بە «موجاهید» تەشخیس دابوو و گەشتی کومیتە گرتبووینی کە دوای ۱۰ ڕۆژ مەعلووم بوو موجاهید نین، ئیتر بەربووین. ڕێکخراوی فیدائییان لە ئازادبوونەکەمدا دەوری زۆری بینی، بەڵام دوایی هاوکاریم لەگەڵ بڕین. وا بزانم سەرجەم ماوەی دوو ساڵێکیان لەگەڵ بووم و گەیشتبوومە پلەی ئەندامییەتی، بۆ ماوەیەکی کەمیش دوای هەڵاتنمان لە کوردستان، کاتێ لە تاران بووم بوومە بەرپرسی ڕێکخراوی فیدائییانی ئەکسەرییەت لقی کوردستان، بەڵام

زوو خـۆم کێشـایە دواوە لەبـەرەوەی توانـای ڕاپەڕاندنی کارێکـی وا گەورە و گرانم نەبـوو، ئـەوان ئەرکەکەیـان دوای ئەوە بە من سـپارد کە شـەهید مینەی شـێرخانی بەرپرسـایەتییەکی گرنگتریان خسـتبووە ئەسـتۆی. من لەکوێ و جێگرایەتیی ئەو و ئەوانی پێش ئەو لەکوێ!

هەر چۆنێک بێ، نە من و نە هاوڕێیانی کوردستانمان لە وەرچەرخان و گۆڕانی سیاسـەتی ڕێکخراوەکـە و نزیـک بوونەوەیـان لـە کۆمـاری مـەلاکان‌دا دەورێکمان نەبـوو و زۆرێکیشـمان هەبـوون کە کارەکەیان پێ هەڵە بوو و کشـانە دواوە، بەڵام من وەک ئەنوەر نامەوێ ناسپاس بم. ئەوان منیان گەیاندە ئەو پلەیەی ببمە کاندیدی مەجلیسـی خیبـرەگان و مەجلیسـی شـوورا و ئەندامـی هەیئەتـی نمایەندەگیی گەلی کـورد، دەنـا من کێ بووم ئـەم ئەرکانە بەڕێوەبەرم! من ئەگەر ناوێک و شـۆرەتێکم هەبـێ لەوانەوەیـە و زوڵمێکـی گـەورە دەبێ ئەگەر بـۆ ئەو خزمەتانەیان سپاسـیان نەکەم؛ هەروەها یادی ئەو قارەمانانە نەکەم کە بۆ ماوەیەک هاوڕێ و هاوسەنگەریان بـووم و لـە ڕێگـەی باوەڕ بـە ڕێبازەکە و خزمـەت کردنی چەوسـاوەکان‌دا گیانیان بەخت کرد، کەسانی وەک بێهرووز سولەیمانی، یۆسف کیشی‌زادە، مینەی شێرخانی، یەعقـووب تەقدیـری (خـۆی و باوکە خەباتکارەکەی، کە دۆسـتی چاکـی گەلی کورد بـوو)، عەلـی‌ڕەزا ئەکبەری شـاندیز (جەواد)، تەهای پارسـا و ئیبراهیـم لوتفوڵڵازادە (سـەعید). ئـەوە هەڵوێسـتێکی تاکەکەسـی خۆمە و هیـچ پەیوەندیی بـەوەوە نییە کە ئێستا سی و شەش ساڵە لێیان جیا بوومەتەوە و لە ڕێکخراوەکە هاتوومەتە دەر.

پێـش ئـەوەی بێمـە دەرەوەی وڵات بۆ مـاوەی چەند مانگێـک وەک میوان لەلای برادەرانی ئەکسـەرییەت و توودە و کۆنگرەی چوار لەلای حاجی ئۆمەران و لۆلانی باشـووری کوردسـتان مامەوە. ئەوان خۆیان میوانی حیزبی شیووعیی عێراق بوون کە تازە یەک‌دوو مانگ دەبوو کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانی باشوور و یەکییەتیی نیشـتمانی، لـە قەندیـل لێیـان دابـوون و شـەهید و برینـداری زۆریـان هەبـوو و لە بـاری کەرەسـەی ژیان و مەسـرەفی ڕۆژانەوە زۆر دەسـتەنگ بـوون، بەڵام ئەرکی کۆمۆنیسـتییان بەجێ‌دەهێنـا و لـە دەمی خۆیـان دەگێڕاوە و دەیاندایـە ئەم هەموەو

میوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە وا هەیە لە ٢٠٠ کەسیش زیاتر بووین. ئەوەندەی بزانم پارتی دێموکراتی کوردستان لەو تەنگانەیەدا یارمەتیی حیزبی شیووعیی دەدا.

لەوێ، لەو شاخ و کێوە، نە ژیان هەبوو، نە نان و نە بەرنامەیەک بۆ ئەم کۆبوونەوە بێحیسابە کە خەڵکەکە لەژێر گوشاری ڕژیمی مەلاکان و نەبوونی دەرەتاندا خۆیان گەیاندبووە ئەوێ. ناچار گەڕامەوە ئێران و چوومەوە لای دایکم و خوشکم لە تاران. دوای یەکدوو ساڵی تر، کاک عومەری حەمیدی چوو بۆ ئورووپا و بۆی ڕێکخستم منیش بێم بۆ بریتانیا. کاری ڕاست بێ ڕێگا و شوێنی کارەکەی پیشاندام و گەیاندمییە ئێرە، دەنا خۆم وا هەبوو هەرگیز نەمتوانیایە کارەکە ڕاپەڕێنم.

لە بەهاری ١٩٨٦ بەدواوە لە لەندەن دەژیم. لە ١٩٩٠دا زەماوەندم کردووە، پێشتر خەریک بووم بە دووکانداری دەوڵەمەند بم، دوو جار دووکانم کڕی و زەرەرم کرد، لە تاجریی بیلامانێ تایەکەی چوو و ئەویترم بۆ ما! لێرە دەڵێن هەر کەس لە هیچ کوێ ڕێگایان نەدا یا دەبێتە شۆفیری مینیکاب (تاکسی) یا دەبێتە وەرگێڕ. بەندەش بوومەتە وەرگێڕ! بە کوردی و فارسی تەرجەمە دەکەم. بە بەریەوە خەریکی نووسین و تەرجەمەی بێپارە و پووڵیش هەم و لەو چەند ساڵەدا چەند کتێبم نووسیوە یا تەرجەمەم کردوون و زۆریان چاپ کراون، هەروەها بابەتی زۆرم بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن نووسیوە.

ئەوەی لە دەستم هاتووە کردوومە. دەزانم باری کوردکەوتووە و هەڵگرتنەوەی کار و زەحمەتی دەوێ. بەشبەحاڵی خۆم ئەوەی توانیومە کردوومە، بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێمەوە ١٩٨٦ و تازە بگەمە بریتانیا لەجیاتی کوردینووسین و خوێندنەوە ئینگلیزییەکی باش فێر دەبم و لە میدیای ئێرەدا بابەتی سەبارەت بە کورد دەنووسم، بەڵام تازە درەنگە، چوو و ڕابرد، ئەم هەڵەیەش لەپاڵ سەدان هەڵەی دیکەی ژیانم!

وا ئێستا لە لەندەن چاوەڕێی کۆتایی سەفەرێکم کە ٧٣ ساڵی پێچووە و دەڵێی هەر نەبووە! ماوەیەکە تووشی نەخۆشیی دڵ و شەکرە هاتووم و بارودۆخی

تەندروستیم باش نییە، زۆریش خەمی ناخۆم، وەک مرۆڤێکی ئاسایی چەرمەسەریی زۆرم بینیوە و بەگوێرەی توانا خزمەتیشم بە گەلەکەم کردووە. وا هەبوو ئەگەر هەڵەوپەڵە لێم بگەڕایە لەوە بەسوودتر بووایەم بۆ گەلەکەم و بۆ بنەماڵەکەشم، بەڵام چیم پێدەکرێ، من پەروەردەی سەردەمێکی گێژ و گومی و بەرچاوتاریکیم و ئەگەر کوردستان و ئێران لە ماوەی منداڵی و گەنجییەتی من لەژێر دیکتاتۆرییەتدا نەیانناڵاندبایە و تۆزقاڵە ئازادییەک هەبووایە، دوور نەبوو منیش بە ڕێبازێکی باشتر و دەراوێکی ڕوونتردا بڕۆیشتایەم، نە ئەوەندەم چەرمەسەری بدیایە و نە ئەوەندەش بێخێر بووایەم. بەدڵ خزمەتکاری گەلەکەمم، بەڵام بە توانا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ.

ئێستا چەند ساڵە ڕۆژانە ١٦ سەعات دەخوێنمەوە و دەنووسم، بەشێکی زۆریشی بۆ وڵات و گەلەکەم، ئەگەر ڕەنجم کێشاوە، ئەرکم بووە و منەتم لەسەر کەس نییە، ئەگەر بەرهەمم کەم بووە، لەوە زیاترم پێنەکراوە، خۆم خۆم باشتر دەناسم، بەهرە و توانام هەر ئەوەندەیە، هەرگیز خۆم هەڵنەکێشاوە و درۆم بە خەڵک نەگوتووە.

ئێستا لە کۆتایی سەفەرەکەمدا حەسرەت و داخم سەربەخۆ نەبوونی کوردستانە و دڵنیگەرانی دواڕۆژی کوردم بە دەست حوکمی داگیرکەران و بەتایبەت تورکیاوە، کە خەریکە هاوپشتیی مێژوویی کورد وئازەربایجانی تێکدەدا و بەگژیەکیان دادەکا. بەگیان و دڵ پشتگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری وڵات دەکەم و هیوادارم شتێکی بۆ کورد لێ بەرهەم بێ. ئەمشەو کە بە وتارەکەدا دەچمەوە، دوو هەفتە بەسەر گشتپرسییەکەی باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێ و ئێران و حکوومەتە داردەستەکەی لە عێراق بە هاوکاریی گورگە بۆرەکانی تورکیا شەڕیان بەسەردا سەپاندووین. دوێنێ و ئەمڕۆ حەشدی شەعبیی مەلاکانی ئێران هەموو ناوچە جێناکۆکییەکانی گرتۆتەوە و پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە. نازانم ئەنجامی کارەکە دەگاتە کوێ، بەڵام هەر شتێک بێ ئەم قۆناغەمان دۆڕاندووە و دوژمن بەبێ تەقە و زەحمەت بەشێکی گەورەی خاکی کوردی داگیر کردۆتەوە. حیسابی سەرکردایەتیی کورد بە هەڵە دەرچوو، بەتایبەت لەوەدا کە نەیتوانیبوو نێوماڵی کورد یەکبخا، ئینجا بە گژ دوژمندا

بچێ؛ ئەوەش ئەنجامەکەی.

هەروەها شەرمەزاری کەس‌وکارەکەی خۆمم کە هیچ خێرێکم بۆیان نەبووە. باوکم دوای شاربەدەرکرانی من نەخۆش کەوت و هەڵنەستایەوە. دایکم کە لە تەنیایی و بێکەسیدا کۆچی خۆی کرد و دیدارەوئاخری بووم، لەگەڵ خۆی دەرد و خەفەت و ئازاری برد، کاری سیاسی کردنی کاکم و پاشان من، ژیانی لێ تێکدا و هەموو تەمەنی لە دڵەتەپێ و خەفەتی ئێمەدا بردە سەر. کاکم خۆی دەردی کەم بوو، منیش تووشی ئاوارەیی و لە بۆکان ڕۆیشتنم کرد، لە ماوەی نەخۆشییەکەشیدا نەمبینی و تەنانەت نەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم، شەرمەزاری ئەویش مامەوە، وەک شەرمەزاری خوشکەکانیشم هەم، کە بوومە باعیسی بەخت و ژیانی ئاساییان، ئەوانیش بە ئاگری کارەکانی من سووتان و بێئەوەی چاوم پێیان بکەوێ، کۆچی‌دواییان کرد، تەنیا یادی شیرینیان لام ماوە. ئێستا تاکەباڵ کەوتوومەتەوە و چاوەڕوانم درەنگ و زوو بچم بۆ لایان، بەڵام چ بکەم ئەوە چارەنووسی کوردە لە ژێردەستیدا.

من، وەک ملیۆنەها کورد و چەوساوەکانی دیکەی ئەم جیهانە، لە بێعەداڵەتی و نابەرابەریداژیام وواڵەهەمان‌بارودۆخیش‌داسەردەنێمەوە،بەڵام‌ئاواتی‌دادپەروەری‌و بەرانبەری و ماف، ئەمڕۆش وەک دوێنێ هەیە و هیوایە سبەی ڕۆژ بێتە دی. بە دواڕۆژی مرۆڤ و لەنێوچوونی بێداد و جیاوازیی چینایەتی گەلێک هومیدەوارم. بەهیوام گەلەکەم هەورازی بەردەمی ببڕێ و سەربەخۆ بێ، بەڵام هیچ گومانم لەوەدا نییە کە سەربەخۆیی بە تەنیا ناتوانێ وەڵامدەری هەموو شت بێ، ئەگەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەگەڵدا نەبێ، هیوایە ڕێبەرانی کورد لە باشوور ئەو ڕاستییە جیهانییە بناسن و ئیجازە نەدەن ژێرپێیان هڵۆڵ و کۆمەڵگا کلۆڵ بێ و هەر ئەم خەڵکەی کە ئەوانیان گەیاندۆتە پلەوپایە، پشتیان تێبکەن یا لە بەرانبەریاندا بوەستن، کارێکی ئەوتۆ کاخی ئاواتەکانمان دەڕووخێنێ.

خەمی ئەوەشمە کورد لە دەرەوەی وڵات هیچ دامەزراوەیەکی سەربەخۆی نییە. کوردی دەرەوەی وڵات لە مزگەوت دەچنە ژێر باڵی عەرەب و تورک و لە دیسکۆدا بە

مۆسیقای فارسی هەڵدەپەڕن! پەنابەری کورد سەرلێشێواو و بێبەرنامەیە، سەرپێچی و خراپەکارییان زۆرە و ناوی کورد بۆ نموونە لە هەندێک شوێنی بریتانیا بە چاکە نابرێ و تێکەڵاوی قاچاغ و سەرپێچی و قاچاخچییەتی بووە، هەر خۆم لە کەیسی پێنج مرۆڤکوژی کورددا یا ڕاستەوخۆ تەرجەمەم کردووە یان بەڵگەنامەکانی دادگایانم بۆ وەرگێڕاون. کورد پێویستی بە ناوەندێک هەیە سیاسەت و بەرنامەی بۆ ڕێکبخا؛ کورد لە دەرەوەی وڵات بێپشتوپەنایە، لەشێکی بێسەرە و دەبێ کارێک بۆ ئەوە بکرێ. دۆخی بەهاییەکان و ناوەندی «دارالعدل»یان نموونەیەکی باشە بۆ ڕەچاو کردنی ئێمە. ئەوان ڕێبەرانی خۆیان هەر دووسێ ساڵ جارێک هەڵدەبژێرن و ئەگەر لە خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون جارێکی دیکە هەڵیاننابژێرنەوە.

ئێتر با مەوعیزە نەکەم، بەکورتی خەمی دواڕۆژی کورد دەخۆم و دەزانم هەر بەو خەمەوە سەر دەنێمەوە، بەڵام چ کەردن؟ سەری کورد سلامەت! ئەم دوو فەردەی خوارەوە بەشێکن لە شێعرێکی خۆم:

**بەڵام کاکە، سەری کووپە سڵامەت**
**ئەگەر هات و شکابێ ئیستیکانێک**
**گەلە وهەوڵ و خەبات و ئیستیقامەت**
**لە ڕێگە لابدا گەر ڕێنەزانێک!**

**کتێبی چاپکراو:**

- ٢٠١٩، «نزای دەریا»، خالید حوسێنی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپەمەنیی مانگ، بانە؛
- ٢٠١٨، «مەکەنزی و کورد»، کۆمەڵەی چوار وتاری د. ن. مەکەنزی لەسەر کورد، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپەمەنیی مانگ، بانە؛
- ٢٠١٤، «کتاب المعارف»، شەرحی شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی لەسەر سەرەتای مەسنەویی مەولەویی ڕۆمی؛ وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ سەر

کوردی، شــەرحی عیرفانی لەلایەن دوکتۆر محەممەدعەلی ســولْتانییەوە، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر؛

ـ ٢٠١٤، «جذبـە عشـق»، کۆمەڵـەی شـێعرەکانی شـێخ عەبدوڕڕەحمانـی تاڵەبانی، وەرگێڕان لە فارسـی و تورکییەوە بۆ سـەر کوردی، شەرحی عیرفانی لەلایەن دوکتۆر محەممەدعەلی سولْتانییەوە، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر؛

ـ ٢٠١٠، «کوردسـتان ئەی خۆشەویسـتم!»، بیرەوەرییەکانی بەهیەخانم فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپی بنکەی ئاراس، هەولێر؛

ـ ٢٠٠٩، «ژیـان و بەسـەرهاتی نەمـر سـەیفولقوزاتی قـازی»، بـە هاوکاریـی کاک حەسەنی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی؛

ـ ٢٠٠٨، «مێژووی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی (١٨٨٠)» نووسینی میرزا عەلی ئەفشاری ئورومی؛ دەسنووسێکی پارێزراو لە کتێبخانەی سواسی لەندەن؛ کاری هاوبـەش لەگـەڵ کاک سـەلاحەددینی ئاشـتی و دوکتـۆر محەممەدعەلـی سولْتانی، چاپی بنکەی ژین، سلێمانی؛

ـ ٢٠٠٦، «ژیـان و بەسـەرهاتی ئەبولقاسـم لاهووتیـی کرماشـانی، شـاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی؛

ـ ٢٠٠٦، هـۆز و تیـرە و تایفـەی کـورد لە کوردسـتانی ئەردەڵان، دەسنووسـێکی فارسـی، نووسـینی میرزا شـوکروڵڵا سـەنەندەجی (فخرالکتاب)، بە وەرگێڕانی کوردییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی؛

ـ ٢٠٠٦، «سـڵاو لە حەیدەربابا»، وەرگێڕاوی کوردی، شـێعری محەممەدحوسـێن شـەهریار شـاعیری ئازەربایجانـی لە تورکییـەوە، بە هاوکاری کاک حەسـەنی ئەیووبزادە، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید؛

ـ ٢٠٠٦، «مینۆرسـکی و کـورد»، کۆمەڵـەی شـەش وتاری ڤیلادیمیر مینۆرسـکی، وەرگێـڕان لـە ئینگلیزییـەوە، چاپی موکریانـی، هەولێر؛ چاپی تـازەی چاپەمەنی مانگ، بانە ٢٠١٨؛

ـ ٢٠٠٦، ـ «ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا»

وەرگێڕانی ١٣٠ بەڵگەنامە لە ئینگلیزییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی؛

- ٢٠٠٥، «درایڤر و کورد»، کۆمەڵەی پێنج وتاری ج. ر. درایڤر، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی؛ چاپی تازەی چاپەمەنی مانگ، بانە ٢٠١٨؛
- ٢٠٠٥، «دوو ذەیلی شەرەفنامە»، دوو دەسنووسی فارسی و تورکیی شەرەفنامەی بدلیسی، بنکەی ژین، سلێمانی؛
- ١٩٩٨، «کەشکۆڵە شێعرێکی کوردیی گۆرانی» کۆمەڵەی شێعری ٤١ شاعیری هەورامی، (دەسنووس)، ترەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن؛ چاپی دووهەم بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٠
- ١٩٩٧، «مێژووی ئەردەڵان»، دەسنووس، دەقی فارسی بە هاوکاریی نەسرین بورنا، لەگەڵ وەرگێڕانی کوردی، چاپەمەنیی نەورۆز، سوید؛
- ١٩٩٧، «٣٥ دەسنووسی شەرەفنامە لە کتێبخانەکانی جیهان»، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید؛
- ١٩٩٧، «هێلکەی دۆڕاو، لێکۆڵینەوەیەک لە ژیانی ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی»، پاشکۆی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی پەیام، لەندەن؛
- ١٩٩٦، ٢١ دەسنووسی کوردی (یا فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەکانی بریتانیا، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید؛
- ١٩٩٦، «ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی»، کۆمەڵەی سێ وتاری مینۆرسکی و ئیدمۆندز، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید.

جگە لەوانە، چەند کتێبیشم بەناوی خوازراوەوە لە بریتانیا و ئاڵمانیا چاپ کردوون، بەڵام خۆم لەقاو نادەم، با هەروا لێفەیان بەسەرەوە بمێنێ!

### کتێبی دووزمانەی منداڵان

٢٠٠٥ ـ ٢٠٢٠ وەرگێڕانی زیاد لە ٤٥ کتێبی منداڵان لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر کوردی و فارسی، کە هاوڕێ لەگەڵ دەقی ئینگلیزییاندا لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی «مانترا لینگوا»ی لەندەنەوە چاپکراون. ئەوە کارێکی بازرگانی بووە و پارەم لەم

شــەریکەیە وەرگرتــووە و کتێبــم بــۆ تەرجەمە کــردوون، بەڵام لــە ئەنجامی خۆیدا کارێکی فەرهەنگی بووە و ئێستا گەلێک کتێبی کوردی و فارسی منداڵان بە تەرجەمەی مــن لــە لەنــدەن چاپ بوون و کوردییەکانیان بە دەنگی من و فارسـییەکان بە دەنگی هاوســەرەکەم نەســرین بورنا تۆمار کراون، کە لە ئورووپا و ئەمریکا و ئوســترالیا دەفرۆشــرێن. تەکنۆلۆجیــی چــاپ و دەنــگ پێکــەوە لــەو کارانەیــە کە دەبــێ درەنگ یــان زوو لــە کوردســتانیش بێتــە بازاڕەوە. منداڵێک کە هێشــتا نەچۆتــە قوتابخانە و خوێندەواریشــی نییە دەتوانێ لاپەڕەی کتێبەکە هەڵبداتەوە و بەبێ ســی. دی و شتی ئەوتۆ گوێیان لێڕابگرێ.

**وتار**

چاپی سەدان وتار (تەرجەمە یا نووسین) لە چاپەمەنییە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان یــا دەرەوەی وڵات ســەبارەت بــە دەســنووس، ئــەدەب و مێژووی کورد.

**ڕانانی کتێب**

١٩٩٦- ٢٠٠٧، ڕانانی کتێب بۆ دەنگی کوردی ڕادیۆ ئەمریکا، ڕۆژ تی. ڤی، تیشک تی. ڤی و چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی دەرەوەی وڵات.

**کاری چاپ نەکراو**

- «بۆکان شوێنەوارێکی میترایی و یادگارێکی ماخوای ئاناهیتا»؛
- «دیوانی شــرۆڤەکراوی ســەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)، کە پێشتر لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهــەڵات/ بــۆکان بڵاوبۆتەوە، ئێســتا وەک کتێب، لە ١٣٠٠ لاپــەڕەدا ئامادەی چاپە؛
- «وردە فەرمایشــت، کۆمەڵــەی ١٦٥ وتــاری هەفتانــە لەســەر ڕووداوە سیاســی - کۆمەڵایەتــی -فەرهەنگییــەکان»، پێشــتر بــە شــێوەی هەفتانــە لەســەر ماڵپــەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان بڵاوبوونەتەوە؛
- «٢٦ وتاری وەرگێڕاو لە زمانی ئینگلیزی و فارسییەوە» (سەبارەت بە کورد)؛

- «جەیمز جۆیسی شاعیر»، وەرگێڕانی ٥٠ شێعری جەیمز جۆیس؛
- «کاچوو، ما دانی!» کە بریتین لە بیرەوەرییەکانم.

# BOKAN
# IN THE COURSE OF HISTORY

## BY ANWAR SOLTANI

Vol. II

A collection of 481 essays detailing history, literature and life accounts of people o Bokan (Bukan), a Kurdish town in north-west Iran, from the earliest written record to present. The accounts of historic sites around the town give details of continuous story of three thousand years of civilizations in the region, including the time of Mannaean, Medes, Urartian, Scythians, Parthians, Sassanids, Greeks, Romans and Arabs who governed the region at different points in time. Readers will embark on the journey through the historic sites of Zewiyeh, Izirito, Takht-e Soleiman (Shiz) and Faqreqa, the tomb of a Median king in neighbouring towns of Saqiz and Mehabad, while meeting past and present religions such as Mithraism, Zoroastrian and Islam.
Bokan is also a land of great Kurdish poets and authors; important contributions to Kurdish literature are documented in the book through the life and fortunes of H. Qizilji, A.Haqiqi, K. I. Awat, S. Ilkhanizadeh, E. Afkhami, O.S. Wefa and many others.
Two further sections of the book will account for development of economy in Bokan during the time, along with the exciting political memoirs of the author in both prisons of the previous and current Iranian regimes.
Readers can also find detailed history of the region through the time, from Assyrian invasions (first millennium BC) to the first and second world wars, Republic of Kurdistan (1946), Peasants Uprising (1952-3) and Kurds defending harsh aggression of the Islamic republic of Iran in 1979.